# پەیوەندیەکانی کوردستانو ئازەربایجانو

# هەرەسهێنانی هەردوولا  لە ساڵی 1946

## (لە بەڵگە و سەرچاوەکاندا)

ناوی کتێب: پەیوەندیەکانی کوردستان‌و ئازەربایجان‌و هەرەسهێنانی هەردوولا  لە ساڵی 1946
(لە بە لگە و سەرچاوەکاندا)
نووسینی: د. ئافراسیاو هەورامی
بابەت: بەڵگەنامەی مێژوویی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
تایپ: ئاورنگ محەمەدو ئارەزوی ئەمینی
هەڵەچنی: مهاباد  رەحیم
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 5000 دینار
ژمارەی سپاردن: 223ی 2008
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2008
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

# پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان و
# هەرەسهێنانی هەردوولا  لە ساڵی 1946
## ( لە بەڵگە و سەرچاوەکاندا )

د. ئافراسیاو هەورامی


سلێمانی 2008

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (435)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی



**قـازی محەمەد و پیشەوەری**



د. ئافراسیاو هەورامی

## ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 9 |
| تابلۆی مانگەکان بە پێنج زمان | 14 |
| بەڵگەکان | 15 |
| بەیاننامەی وتووێژەکانی دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران | 16 |
| نامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەت لە ماکۆ | 70 |
| لە یاداشتەکانی رۆژانەی کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز | 167 |
| بۆچوونی نووسەرو چەند بەڵگەیەکی تر | 239 |
| روونکردنەوەیەك لەسەر وتووێژەکانی قازی محەمەد لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران | 267 |
| هەڵوێستی رەسمی دەوڵەتی بەریتانیا سەبارەت بە بەستنی پەیمانی نێوان ئازەربایجانیەکانو کوردەکان | 279 |
| وێنەی بەڵگەکان بە فارسی و ڕوسی | 333 |
| چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ گۆڤاری (پەیاما کورد) لە ئەوروپا | 357 |
| وێنەکان | 367 |
| بەرهەمەکانی تری نووسەر/ | 378 |

# پێشەکی

ئەم بەرهەمە یەکێکی تر لەوکۆمەڵە بەرهەمەیە کە نوسەر لە سەر خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە سەردەمی شەری جیهانی دووەمدا دەریکردوە گەرچی دەبوایە پێش دە ساڵ لەمەوبەرکەوتبایە بەردەستی خوێنەران و بۆئەم مەبەستەش چەند پەیوەندییەکم بە هەندێ لایەنەوە کرد وە تەنانەت وێنەی بڕێک لەوبەڵگەو دیکۆمێنتانەم دووجار بۆ ناردن بەو هیوایەی لە چاپەمەنیەکاندا بڵاویان بکەنەوەو بەرەبەرە لە قەوارەی پەرتووکێک دەریان بکەن بەڵام نەتەنیا وەڵامێکم وەرنەگرت بەڵکوو ئاگاداریشیان نەکردمەوە کە پێیان گەیشتووە بەهەرحاڵ خۆیشم توانای لەچاپدان و تایپ کردنیم نەبوو وەزیاتر سەرقاڵی وگەران بەدوای بەڵگە وسەرچاوەی تر لە ئارشیڤەکانی سۆڤیەتی پێشوو بووم.

گەرچی لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بڕێک لەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەم بڵاوکردەوە و لە چەند چاوپێکەوتن و وتاردا ئاماژەم پێ کردوون.جێی داخە کە کەس وە یا هیچ لایەنێکی کوردی بە تایبەتی لایەنی پەیوەندیدار لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاورێکیان لەم بارەوە نەدایەوە کەچی هەندێ ڕوناکبیری ئازەری لە دەرەوە بە هۆی بڵاوکردنەوەی چەند بەڵگە یەک بەزمانی کوردی پەیوەندیان پێوە کردم و داوایان لێکردم کە ئیجازەیان بدەمێ وەریان بگێرین و بە ناوی خۆمەوە بە زمانی فارسی بڵاویان بکەمەوە منیش بەوپەڕی ڕێزو خۆشحاڵیەوە بە هانایانەوە چووم و تەنانەت داوای بەڵگە و نووسراوەی تریان لەم بارەوە لێکردم و بەڵێنم پێدان کە بە دەرچوونی ئەم بەرهەمە بە زمانی کوردی بۆیان ئەنێرم وپێم خۆش بوو یەکەمجار بە کوردی دەربچێت ئینجا بە زمانی تر، مەبەستم ئەوەیە کە خەڵکی تر بایەخی ئەم بەرهەم و لێکۆڵینەوە دەزانێت و پێیان خۆشە هەندێ شت لە سەر کارەساتی هەرەسهێنانی بزووتنەوەکانی ئازەربایجان وکوردستان لە( 1946) بزانن و بابەت و بەڵگەی نوێیان دەست بکەوێت سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە لێکۆڵینەری ئازەری و رووس و هەروەها کوردناس و ڕۆژهەڵاتناس لە سۆڤیەتی جاران هەبوون

و تا ئیستاش نەیانتوانیوە بابەتێکی نوێ یا بەڵگە و دیکۆمێنتێکی نوێ لەم بارەوە ئاراستە بکەن ئایا لە بەرترس و نەوێران یا خود لە بەر ئەوەی کە ئارشیڤەکان نەکراونەتەوە یا هەر هۆیەکی تر بێت من پاش ماندووبوونێکی زۆر و چەند ساڵە ئەو شانازیەم پێ برا. ئەو شانسەم هەبوو کە بتوانم هەندێ ڕاستی و روونکردنەوە لە سەر کارەساتی بێ وێنەی هەرسهێنانی دوو بزوتنەوەی کورد و ئازەری و هتد لەم بارەوە ئاشکرا بکەم.

مەبەستێکی ترم لە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە ئەوە بوو کە کوردی رۆژهەلاتی کوردستان هەڵە و کەمو کوریەکانی رابردوو لە داهاتوودا دووپات نەکاتەوە چ لە گەڵ ڕژێمی ئێران و چ لە گەڵ برایانی ئازەری و ئەو فڕوفێڵانەی کە هەر دوو لا لە کوردیان کردووە ببێتە دەرسێک و وانەیەک بۆداهاتوو بەشی یەکەمی ئەم بەرهەمە بەڵگەو دیکۆمێنت و سەرچاوەکانن وخوێنەرو لێکۆڵینەری کورد دەتوانێت بە خوێندنەوەیان لە ڕەوتی ڕوداوەکان و ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی کاربەدەستانی کورد لەسەردەمی کۆماری کوردستان و هتد تێ بگات و بۆخۆی قەزاوەت بکات یاسەرپشک بێت گەرچی لە بەشی دووەمدا هەندێ بیرو ڕاو بۆچونی خۆم لەو بارەوە (بەپێی بەڵگەکان) ئاراستە کردوە و مەبەستیشم بەد ناو کردن و هێرشبردنە سەری ئەم وئەو نییە یا خۆم وەک نەیار و دوژمنێک یا هەررەخنەگرێک نیشان بدەم و قازانجێکم پێ ناگات و مەبەستم تەنیا خزمەت کردن و ڕوون کرنەوەو وروژاندنی هەندی پرسیار و کێشەیە کە لێکۆڵینەر و مێژوونووسانی دڵسۆز دەتوانن بە گەڕان بە دوای سەرچاوە وبەڵگەی تر بابەتەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەن .

دیارە ئەم بەرهەمە یەکەم نوسراوەیە کە لەم بارەوە بە تایبەتی لەسەر پەیوەندییەکانی کورد و ئازەری لە ساڵی 1946 دەدوێت وبە بەڵگە ڕوناکی ئەخاتە سەرئەم پەیوەندیانە و بابەتەکانی تروەک سیناریۆی هێرشی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان و هتد . کۆنسولی سۆڤیەت و هەواڵدەری ئاژانسی تاسی سۆڤیەتی بە وردی کارەساتی ڕۆژانی هەرەشەکەمان بۆ دەگێرنەوە.

زۆر بابەت و نوسراوە لەم بارەوە هەڵبەستراوەولە پەرتوکێکەوە گواستراونەتەوە بۆ پەرتوکەکانی تر یا لە یادێکا وەک قەوانێکی کۆن ساڵانە لێ دەدرێتەوە و ئامادەنین

ئاڵوگۆڕێک یا پێداچوونەوەیەکیان بە سەردا بکەن و بگەڕێن و بەدوای سەرچاوەو بەڵگەی نوێ لە لەندەن و واشنتۆن و پاریس و هتد کە ئارشیڤ زۆرە کوردو **پیاوو** لایەنگرو ئەندامی خۆیان هەیە و دەتوانن قۆڵی لێ هەڵبکەن وەک لەم بەرهەمە و بەرهەمەکانی تر ناوو چاوپێکەوتنی کۆنسوڵ و کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە گەڵ دیپلۆماس و فەرمانبەرانی ئەمریکایی وئینگلیزیدا هاتوە وەک چۆن کۆنسولیەکانی سۆڤیەتی ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانەیان کردووەتە راپۆرت و لەگەڵ رووداوەکانی تر ناردوویانە بۆ مۆسکۆ ئەوانیش ناردوویانە بۆ لەندەن و واشنتۆن ئاخۆ ئەوان چییان نووسی بێت وپێبێت ؟ لە سەر کورد چۆن دەدوێن؟ و چ پەیوەندیکیان لە گەڵ کورددا هەبووە؟ و گرنگتر لە هەمووی دەوریان لەم رووداوانە و تاوانی هەرەسپێهێنانی تەواوی دەستکەوتەکانی گەلی کورد و ئازەری بە تایبەت و گەلانی تری ئێراندا چ بووە؟ ئیتر باسی ئارشیڤەکانی وڵاتانی داگیرکەر ناکەم کە جارێ دەستیان پێ ناگات و گومان لەوەدا نیە کە سەدان بەڵگەی تر لەم بارەوە هەیە و تەنیا مرۆڤی دڵسۆز و هاندەر و پشتگیری دەوێت کە بەداخەوە لەم بارەوە ئێمەی کورد زۆرکەم تەرخەمین .

زۆرجار بە نامە و پەیام چەند هێزێکی (حیزبی) کوردستانیم لەم بارەوە ئاگادار کردووەتەوە و پێشنیارم پێ کردوون کە مشوری ئەم ئەرکە بخۆن و لە خەمی رێکخستنی ئارشیڤێک لە کوردستان و ناردنی قوتابی و پسپۆر بۆ وڵاتانی تردا بن و کوردناس و خە ڵکی بیانیش بۆ ئەم کارە هانبدەن بۆ ئەوەی گەلێک بابەت و بۆچوونی ناراست و رووت و هەژاری پەرتوکەکانی مێژومان هەر لە قوتابخانەوە بگرە تا زانکۆ پی دەولەمەند یا راست بکرێنەوە کە چی نە خۆیان دەست بە کار دەبن و نە خەلکی تریش هان ئەدەن یا پشتگیری لێ دەکەن کە بەم ئەرکە هەڵسێت. بەرهەمێکیش ئەگەر هەبێت دەبێ بۆ چاپکردنی بە پارانەوە و بە واسیتە بۆی چاپ بکرێت و پاش دواخستنێکی زۆریش ئەگەر چاپ بکرێت منەتباری دەکەن کە پەرتوکیان بۆ چاپ کردووە .

لە وڵاتانی پێشکەوتوو نووسەر بەرهەمێک کە چاپ ئەکات دەولەت یا دەزگایەکی پەیوەندیدار یارمەتیکی ئەدات کە پێی بژێت و یا لانی کەم ببێتە هاندانی زیاتری نووسەر بۆ بەرهەمێکی تر ..

بەرهەمەکەی رێکلامی بۆ دەکرێت یا لە سەری دەنووسرێت یا وتوویژ و چاوپێکەوتنی لە گەڵ دەکەن بە زمانی تر وەری دەگێرن . لای ئێمە باوە دەبێ سەر بە لایەنێک بێت و بە شان و باڵیدا بڵێت تا ئەم شتانەت بۆ بکەن ، بە سەرهاتی ئەم بەرهەمە چەند لاپەرێکی تری دەوێت بەڵام نامەوێ سەری خوێنەر چیتر بئێشێنم. بەو هیوایەی کە ئەم داب و نەریتە خراپانەش لە ناو ئێمە بەرەبەرە کەم ببێتەوە و بەرەو شارستانیەتێکی پێشکەوتوو هەنگاو هەڵگرین.

ژمارەیەك لە نووسەرو لێکۆڵینەری بیانی کە ماوەیەکی کەم پێکەوە لە ئارشیڤەکاندا لە گەڵ من ئیشیان دەکرد بەرهەمەکانیان نەتەنیا بوون بە پەرتووک وەرگێران بۆ سەر زمانی تر بە ڵکوو فیلمی و بەرنامەی دیکۆمێنتیشیان لە سەر درووست کردن رێزو پاداشێکی زۆریان وەرگرت لە بەر ئەوە چەند بەڵگەیەکیان دۆزیبووەوە یا روناکیکیان خستبوە سەر کێشەیەك . کەچی ئەوانەی لای ئێمە بەڵگە یا دیکۆمێنتێک کە بوونی رەخنە و لاوازییەک لە سەرکەسایەتییەک یا حیزبێکی پێوە بێت ئامادەنین نەتەنیا بڵاوی بکەنەوە بەڵکوو کەڵکیشی لێ وەربگرن چونکە وا بیردەکەنەوە ئەمە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانیانە، زیان بە حیزب و کەسایەتیەکانی دەگەیەنێت. پێدا هەڵگوتن وەمەدح و فانتازیای تیا نیە حیزبێک یا دۆستی حیزب نەینووسیوە کوردو کۆنفرانس و یادەوەرییەکیش کە دەکەنەوە خەڵکانی تر کە بۆچوونێکی تریان هەیە یا لێکۆڵینەوەیەکی نوێ یان کردووە بانگهێشت ناکرێن یا لە بەرهەم و بۆچوونەکانی کەڵک وەرناگرن تا خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن کە هەڵەکانی پێشوو دووپات نەکەنەوە نووسراوەکانی خۆیان نە خوێنەر رازی دەکەن نە وەڵامی گەلێک پرسیار کە مرۆڤێکی کورد لە خۆی دەکات نادەنەوە. هێزە سیاسی و کەسایەتیەکانی کورد ڕانەهاتوون و نایانەوێ دان یا رەخنە لە کردەوە چەوت و لاوازیەکانی خۆیان بگرن و وەک هێزە سیاسی و رژیمە دواکەوتوەکانی رۆژهەڵات بە تایبەتی رژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان درێژە بە رەوت و رێبازێ سیاسی خۆیان ئەدەن .ئەوانیش نووسەری دەربارەیان دەوێت هەر ئەوان دەتوانن بریاردەر و خاوەنی کێشەی کورد و وڵات بن و ئەوەی بۆچوونێکی تر یا رێبازێکی تری هەبوبێت یا هەبێت دەکوژرێت یا بە خراپە باسی لێوە دەکەن یا هەر باسی ناکەن .هەر دەبێ ئەدەبیات و نووسراوەو بۆچونی خۆیان دەردخواردی خەڵک

بدەن ئەی ئەگەر سبەینێ گەلێک بەڵگە و بۆچوونی تربە پێچەوانەی ئەدەبیاتی حیزبەکەیان دەرچوو بە درۆی خستنەوە چ لە ئەدەبیاتی خۆیان دەکەن یا نووسراوەکانیان و خەڵک دەپرسێت بۆراستیەکانتان بە ئێمە نەوت. سەرەرای بە سەرچوونی ئەم هەموو ماوەیە کە چەند دە ساڵێکی بە سەردا تێدەپەرێت بوێری ئەوەیان نەبووە وەک پارت و رێکخراوە پێشکەوتووەکانی جیهان پێداچوونەوە یا نوێ سازێک لە خۆیاندا بکەن و بۆ زۆر خەباتگێرونیشتمان پەروەری تر و چ لە ناوو چ لە دەرەوەی حیزبەکان ئیعادەی شەخسیەت (گەرانەوەی کەسایەتی)بکەن و هەتاکوو ئێمرۆیش مێژووی ئەم گەلە بندەست و کەڵۆڵە لە چوارچێوەی حیزب وبە ناوی حیزب بۆیە ئەم و ئەو دەنوسرێتەوە.

کورد باجی هەڵە و هەڵدێرو نەزانی زۆری داوە لە سەری زۆر بە گران تەواو بووە ودیاریش نیە لە داهاتوودا دەتوانێت بە سەریاندا باز بدات زۆر زەحمەتە چوونکە بە چاوپۆشی کردن و باس نەکردن لە سەر هەڵە و هەڵدێرەکان بە بی دەست نیشان نەکردنیان بە بێ پاکانە نەکردن بۆ چاوگ یا هۆکارەکانی ناتوانرێت پێشگیری لە دووپات کردنەوەیان بگرێت، وەک دەڵین بێ رابردوو داهاتوویش نیە یا رابردوو چرای داهاتوویە.

بابەتەکانی ئەم بەرهەمە زۆر گرنگن بەڵام بە گوێرەی پێویست و رەوان بە تایبەت لە باری زمانەوانیەوە مافی خۆم نەداوەتی لە بەرئەوەی نە کوردیم خوێندەوە و لە لایەکی تر ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەم و هەروەها کەسێکی ئەوتۆش نەبوو کە لە مۆسکۆ کوردی بزانێ و پێدابچێتەوە ئینجا داوا لەو بەرێزانە کە پێدا دەچنەوە و پوختەی دەکەن و لە چاپی ئەدەن ئەم ئەرکە قورسە بگرنە ئەستۆ پێشەکیش سوپاس و رێزم هەیە بۆیان.

**د. ئافراسیاو هەورامی**

# ناوی مانگەکانی ساڵ

| کوردی | فارسی | ئینگلیزی | عەرەبی | رووسی |
|---|---|---|---|---|
| ریبەندان | بهمن (ژانویه) | جنوری (ژانوەری) | كانون الثاني | یانوەر |
| ڕەشەمە | اسفند (فوریه) | فیبوری (فبراری) | شباط | فیورال |
| خامە لێوە | فروردین (مارس) | مارچ | مارت | مارت |
| بانەمەر | اردیبهشت (آوریل) | اپریل | نیسان | ئاپریل |
| جوزەردان | خرداد (مە) | مای | مایس | مای |
| | تیر (ژوئن) | جون | حوزیران | ئەیون |
| گەلاوێژ | مرداد (ژوئیه) | جولای | تموز | ئەیول |
| خەرمانان | شهریور (اوت) | ئوگوست | آب | ئاوگوست |
| ڕەزبەر | مهر (سپتامبر) | سبتمبر | ایلول | سنتامبر |
| خەزەلوەر | آبان (اكتبر) | ئوکتوبر | تشرين الاول | ئوکتوبر |
| سەرماوەز | آذار (نوامبر) | نۆڤمبر | تشرين الثاني | تەیابر |
| بەفرانبار | دی (دسامبر) | دیسمبر | كانون الاول | دیکابر |

**ABπP ئارشیفی سیاسەتی (وەزارەتی) کاروباری دەرەوەی کۆماری ڕووسیای فیدراتیڤی**
**Exterr politic archive for ripobliek of Russian federation**

| **بەکوری و بەفارسی** | **بە ئینگلیزی** |
|---|---|
| **ف _ فوند یاسەندوقی فارسی** | **font** |
| **د . دیلا یادوسیه (پرونده، کاربه فارسی)** | **file** |
| **پ . پاپکا، بوکس، پاکەت، کارتون** | **box** |
| **ل . لیست، لاپەڕە، صفحه، لاپەڕە** | **page** |
| **ئو – ئوپیس رونیه، کوپیه، صورت برداری** | |

# بەڵگەکان

## بە یاننامەی وتوویژەکانی دەستەی نوینەرانی ئازەربایجان لە گەڵ دەوڵەتی ئیران 18-4-1946

لــە ســەر داخــواز و بــانگکردنی ســەرۆک وەزیرانــی قــەوام الــسەلتــەنــە 8ی بانــەمــەڕی1325 واتــە 28 ئــەپریـڵ 1946 دەســتەی نوینــەرانــی ئــازەربایجــان بــە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی نیشتمانی ئازەربایجان پیشەوەری بە مەبەستی چارسەر کردنی ئاشتیانە کێشەی ئـازەربایجـان و هەروەها بـە مـەبـەستی پێشگیری لـە خوێن رشتن و براکوژی بەرەو تاران کەوتنە رێ.

ئەم دەستە نوێنەرایەتیە دەبێ لەگەڵ کاربەدەستانی بەرپرسی تـاران بکـەونـە وتـووێژ و پەیمانی پێکهاتن ببەستن. تێکستی ئەم پەیمانە دوای پەسند کردنـی لـە لایـەن مـەجلسی نیشتمانی ئازەربایجانەوە و کابینـەی دەوڵـەتی قـەوام السەڵتـەنـەوە نـاوەرۆکێکـی رەسمی (فەرمی) بە خۆوە دەگرێت یا دەناسرێت.

وتوویژەکان لە 9 بانەمەڕ1325 کـاتژمێری رۆژی دووشـەممە دەستی پێکرد. لـە لایەن دەوڵەتی ئیرانەوە ئەم کەسانە لە وتووێژەکانـدا بـە شدار بـوون . موستەشـارالدولە، فـەرمانفـەرمایـان و ئیبـەکچیـان بـەشـدار بـوون یـەکـەم کۆبوونـەوەی وتـووێژەکـان بـە شیکردنەوەیەک لە سەر هەموو پرسیارەکان بوو. لە کۆبوونەوەی دووهەم کە لە رۆژی دواتـر دەسـتی پێکـرد. نوێنـەرانـی دەوڵـەتی تـاران بڕیـاری چـارسـەر کردنـی کێـشەی ئـازەربایجانیـان لـە لایـەن کابینـەی دەوڵـەتی قـەوامـەوە کـە لـە رۆژی یـەکـی بانـەمـەڕی 1325 ئامادە کرابوو. ئاراستەی دەستەی نوێنـەرایـەتی ئـازەربایجـان دەکـەن ، تێکستی ئەم بریارە بەم چەشنەیە:

## بڕیاری دەوڵەتی ئێران لە سەر ئازەربایجان

هـەر لـە سـەرەتـای پێکهـاتنی دەوڵـەتی ئێستا وە کاروبـاری ئـازەربایجـان بایـەخێکـی تایبەتی پێ درابوو و رێفۆرمەکانی ئەو ناوچەیەی پێ سەرنـج راکێشەر بـوون. دەوڵـەت بڕیاریدا بە وردی لە کێشەکە بکۆڵێتەوە و داخوازی هاونیشتمانانی بەرێزی ئەم ناوچەیـە تا ئەو جێگایەی کە یاسای بنچینەیی و یاساکانی تری ئێران بوار بـدەن دابین بـکـات و بـە

باوەشێکی کراوە بە هانای هاونیشتمانانیەوە بچێت و بۆ یەکیەتی برایەتی بانگ بکرێن بۆ ئەم مەبەستەش بریاری کابینەی دەوڵەت لەم بارەوە دەرچوو و بۆ ئاگاداری گشتی بەم جەشنەی خوارەوە بڵاو دەکرێتەوە .

هەر مافێک کە لە یاسای پەسەند کراون مانگی ربیعو السانی ساڵی 1325 مانگی قەمەری بە پێی بەندەکانی ژمارەی29 و90و93 زیادکراوی یاسای بنچینەیی ئێران سەبارەت بە ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ولایەتی پەسەند کراو و سەبارەت بە ئازەربایجان ئەم یاسایە بەم چەشنەی خوارەوە روون و پەسەند دەکرێت.

1_ بەرێوەبەری دامودەزگاکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و هونەری و ترانسپۆرت تەندروستی و پۆلیس و هەروەها دادگاکان و دادستانەکان و کۆنترۆڵ دارایی لە لایەن ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و وەلایەتیەوە دیاری دەکرێن بەڵام دەستوری دیاری کردن رەسمی ئەوانە لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرێن.

2_ مافی دیاریکردنی ئوستاندار (پارێزگار ) بە پێ پەسەند کردنی ئەنجومەنی ئەیالەتی لە لایەن دەولەتی ئێرانەوە دەبێت ، فەرماندەکانی لەشکەری ژاندارمیریش لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دیاری دەکرێت .

3-زمانی فەرمی ئازەربایجان وەک شوێنەکانی تری ئێران فارسی دەبێت و کاروباری دامودەزگا و بەرێوەبەرایەتیەکانی هەرێم لەگەڵ دەزگاکانی داد پەروەری بەزمانی فارسی و ئازەربایجانی(تورکی) دەبێت بەڵام خوێندن لە پێنج پۆلی سەرەتایی قۆتابخانە بە زمانی ئازەربایجانی دەبێت .

4_ لە کاتی دیاری کردنی داهاتی مالیات بودجەی وڵات ، دەوڵەتی ئێران بۆ باشتر کردنی بارودۆخ و ئاوەدان کردنەوە و گەشەدان بە شارەکان و رێکو پێک کردنی باری کەلتوری لەش ساغی و هتدی ئازەربایجان لە بەر چاو دەگرێت .

5_ چالاکی رێکخراوە دیمۆکراتییەکان لە ئازەربایجان ، سەندیکاکان و هتد وەک شوینەکانی تری ئێران ئازاد دەبن .

6_ هیچ تەنگوچەڵمە (تەنگ پێ هەڵچنین ) بەرامبەر دانیشتوان و فەرمانبەرانی دامودەزگاکان کە لە رابردوو بەشداری بزووتنەوە ی دیمۆکراتیکیان کردبێت بە کار ناهێنرێت .

7_ بە زیاد بوونی ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجان لە مەجلیسی ئێران بە پێ ژمارەی راستەقینەی دانیشتوانی ئەو ئەیالەتە (هەرێمە) رەزامەندی دەدرێت لە سەرەتای کۆبوونەوەی نوێ مەجلیسی نوێ واتە دەورەی(خولی) پانزەهەم پێشنیارێکی پێویست بۆ پەسەند کردنی بریارێکی تایبەت لەم بارەوە بکرێت کە دوای پەسەند کردنی بۆ پر کردنەوەی ئەو بۆشایە واتە کەمی نوێنەرانی ئازەربایجان لە مەجلسی ئێران هەڵبژاردن لەم ئەیالەتە (هەرێمە) دەکرێت.

## سەرۆک وەزیران قەوام السەلتەنە

دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجانیش هەروا بۆچوون و داخوازییەکانی خۆیان لە 33 خاڵدا ئاراستەی نوێنەرانی دەوڵەتی تارانیان کردو بۆ شارەزایی ئەندامانی کابینەی دەوڵەتی قەوام نێردرا .

لەم بەڵگە 33 خاڵیەدا دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان دوای هێشتنەوەی ئەو بارودۆخە دەکەن کە ئێستا لە ئازەربایجاندا هەیە وە دەیانەوێ کە بنەماکانی دیمۆکراتیەت لە سەرانسەری ئێران بڵاو و پتەو بکرێن و خاڵە ئاراستە کراوەکان بەم چەشنەن :

1_ ئەو بزووتنەوەیە کە لە 12 خەرمان(شەهریوەر)1324(1949) لە ئازەربایجانی ئێران پێک هات لەوەلام وئەنجامی ئەو زوڵم و زۆرو چەوسانەوە بوو کە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران و دوژمنانی ئازادی بوو. دەبێ کە وەک بزووتنەوەیەکی پێشرەو و نیشتمانی و دیمۆکراتیک و وەک گەرانتی(زامنی)تەواویەتی خاکی و سەربەخۆیی ئێران بناسرێت[1].

---

**تێبینی**:ئەم بریارەی دەوڵەتی ئێران چەند جار لە لایەن ئەو وڵاتەوە بە سەرۆکایەتی و ئیمزای سەرۆک وەزیران. قەوام السەلتەنە دراوە بە سناد چیکۆف باڵوێزی سۆڤیەت لە تاران و هەروەها بۆ سەرکردایەتی سۆڤیەت نێردراوە(بڕوانە بەڵگەی ئەم نامەیە لە پاشکۆی ئەم بابەتە).

[1] ارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی روسیای فیدراتیڤی فۆندی سکرتاریەتی مۆلەتۆف کۆپییەی 8دۆسییەی544کارتۆنی34 ل،ل3و4

2-ئازەربایجان کە لە ئوستانەکانی 3و4ی پێشوو ناوچەکانی خەمسە پێک هاتبوو وەک ئـەرزێکـی یـەکپارچـە و بـەش نـەکـراوە لـە چوارچێـوەی ئێـران وەک (بەڕێوەبەرایەتیکی سەربەخۆ یا ئۆتۆنۆم ) کە پایتەختەکەی شاری تەورێزە بە فەرمی بناسرێت .

3_ئاڵای نیشتمانی ئازەربایجان ئاڵای دەوڵەتی ئێرانە و پارەکەشی هەر ئەو پارەی ئێران دەبێت. تەواوی یاساکانی ئێران لە ئازەربایجانیش بەڕێوە دەچن بە مەرجێک کە ئەو یاسایانە دژی ئازادی و **مافی** گەلی ئازەربایجان نەبن .

4_ بە لە بەر چاو گرتنی دوو خاڵی دوایی بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ناوخۆو ئامادە کردن و پەسەند کردنی بودجەی ئازەربایجان(کۆمیتەی نیشتمانی ) ئازەربایجان لە سەر بنچینەیەکی دیمۆکراتیک و بە پێی پەیرەوێکی تایبەتی هەڵدەبژێردرێت.

5_(کۆمیتەی نیشتمانی)ئازەربایجان لە لایەن هەڵبژێردراوانی بەڕێوەبەری تەواوی دەوڵەتینیزامیەوە بەڕێوە دەچێت ، ئەگەر فەرمانبەرانی هەڵبژێردراوی باسکراو بۆ کۆمیتەی نیشتمانی و بە دەوڵەتی ناوەندی ناسێندران ئەو کاتە بە پێی یاسای گشتی ئەوانە سەربە دەوڵەتی ناوەندی دەبن بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی نیشتمانی بەرامبەر بە دەوڵەت بەر پرسیار دەبن.

6_(کۆمیتەی نیشتمانی) ئازەربایجان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە تەواوی بەرپرسیارانی دامودەزگاکانی مەدەنی و لەشکەری بگۆڕێت، دیاری بکات و لایانبەرێت و دەبێ دەوڵەتی ناوەندی لەم بارەوە ئاگاداربکاتەوە.

7_لە ئازەربایجان جگە لە (کۆمیتەی نیشتمانی)ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ولایەتی بەشێوەی هەڵبژاردن پێکدێن ولە سەر بنەمای دیمۆکراتیەت واتە بە هەڵبژاردنێکی گشتی و راستەخۆبە نهێنی و ئەنجومەنەکان رێبەرایەتی ئەیالەت و ولایەتەکان لە ئەستۆ دەگرن و بەرپرسیاری کاروباری ناوچەکانی خۆیان دەبن.

8_رێکخراوەکانی فیدایی و لەشکەری گەلی ئازەربایجان بەدەست لێنەدراوی دەمێننەوە، و لە جێ بە جێ کردنی ئەرکی پاراستنی سنوورەکان، پارێزگاری کردن لە ئازادیەکان و دیمۆکراسی ئەوانە سەر بە (کۆمیتەی نیشتمانی)ئازەربایجان دەبن.

9_ تـەواوی ئـەودەرەجـە و پلـە و پایانـەی کـە دەوڵـەتـی نیشتمانی ئـازەربایجـان لـە رابردوو بە فەرمانبەرانی لەشکەری و مەدەنی دراوە دەمێنێتەوە . دەرەجەی ئەفسەرانـی پلەی خوارەوە لە لایەن فەرماندەی هێزەکانی لـەشـکەری ئـازەربایجانـەوە دەدرێت بـەڵام دەرەجەی ئەفسەرانی پایە بەرز ژنراڵەکان لـە لایـەن (کۆمیتـەی نیشتمانی)یـەوە لـە سـەر پێشنیاری فەرماندەری هێزەکانی ئازەربایجان دەدرێت.

10_ بەڕێوە بردنی کاروبار لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی و لـە کۆمیتـەی نیشتمانی بـە زمانی ئازەری دەبێت و لە کوردستانی ئازەربایجان بە زمانی کوردی دەبێت . بـەڵام لـە ئـاڵوگۆری نوسـینەکـانی نیـوان کۆمیتـەی نیشتمانی و دامـودەزگاکـانی ئـازەربایجـان و کوردستان لە گەڵ دەوڵەتـی نـاوەندی بـوار ئـەدرێت کـە بـە زمـانی فارسـی وەک زمـانی فەرمی دەوڵەتی ئێران بێت.

11_ خوێندن و نووسین لە قوتابخانەی سەرەتایی لـە ئـازەربایجـان تـەواوی بـە زمـانی ئـازەری و لـە کوردستان بـە زمـانی کوردی دەبێت . لـە قۆنـاغی قۆتابخانـەی نـاوەندی و خوێندنی باڵا خوێندن بە زمانی ئازەری و فارسی و لە کوردستان بـە کوردی و فارسـی دەبێت .

12_ تـەواوی ئـەو یاسـایانەی کـە لـە لایـەن مـەجلیسی نیـشتمانی **ئازەربایجانـــەوە پەسەند کراون و لە ژیانی رۆژانەی دەوڵـەتی نەتـەوەیی** ئـازەربایجـان دا جـێ بـەجـێ و رەفتاریـان پـێ کـراون لـە جێـی خۆیـان دەمێننـەوە و هێـزی خۆیـان یـا قانونیـەتـی خۆیـان دەپارێزێـت تـا ئـەو کاتـەی کـە کۆمیتـەی نیشتمانی بـە کـەڵـک نـەهـاتن و گۆرینیـان بـە پێویست نەزانێت( ئەمانەش کوردستانی ئازەربایجان دەگرێتەوە).

13_ دابەشـکردنی زەوی دەوڵـەتـی (خـالس)و هـەروەهـا زەوی دۆژمنـانی ئـازادی و دیمۆکرات لە نێوان جوتیارەکان دەبێ شێوەیـەکـی فـەرمـی و یاسـایی بـە خۆوە بگرێت. هێشتنەوەی زەوی بۆ جوتیارەکان هەر لە جێی خۆی دەمێنێتـەوەو بـە هیچ شێوەیـەک لـە لایەن هیچ کەسەوە دەستی بە سەردا ناگیرێت

14_ هەوڵدان بۆ نەهێشتنی تریـاک وئالکاگۆلیزم(مـەشروبات)و بـەرتیل خـواردن ، لەش فرۆشی بە پێی یاسا دەبێ وەک رابردوو بەردەوام بێت.

15_بە بێ ئیجازەدانی تایبەتی کە لە لایەن کۆمیتەی نیشتمانی یەوە پەسەند کرابێت . هەموو شتێکی رازاندنەوە و شتوومەکی تر کە لە ناو خاکی ئازەربایجان دروست نەکرابێت بۆ ئازەربایجان یاساخ دەکرێت.

16_دیاری کردنی ماڵیات بە پێی دەست نیشان کردن و پەسەند کردنی کۆمیتەی نیشتمانی بە مەبەستی زیاد کردنی داهاتی دەوڵەتی و تەواوی یاساکانی ماڵی و ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن مەجلیسی ئازەربایجانەوە پەسەند کراون و جێ بە جێ کراون هەرواخۆیان دەپارێزن.

17_ئازەربایجان و کوردستانی ئازەربایجان ئەو مافەیان بۆ دەمێنێتەوە کە بە پێی ژمارەی دانیشتوانیان (کە نزیکەی 1/3 دانیشتوانی هەموو ئێرانە)نوێنەرانی خۆیان بۆ(ئەنجومەن) مەجلیسی میلی ئێران هەڵبژێرن .

ئەو ناسنامەی کە مەجلیسی ئازەربایجان یا کوردستان دراوە بە نوێنەرانی مەجلیسی و لە لایەن کۆمیتەی نیشتمانی ئازەربایجانەوە پەسەند کراوە و وەرگیرێتەوە.

18_بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی یەکسانی و رێکوپێک لە سەرانسەری ئێران . دەوڵەتی ئێران لە ئەستۆیەتی کە لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسی خولی 15هەم ئەو مافەی کە لەگەڵ ئازەربایجان هەیەتی واتە مافی بەشداری ژنان و لاوان و خزمەتکارانی لەشکەری لە هەڵبژاردن لە تەواوی ناوچەکانی ئێران دابین بکات.

19_هەڵبژاردنی مەجلیسی میللی ئێران دەبێ بە لانی کەمەوە پاش 10 رۆژ لە راگەیاندنی یەکەم راگەیاندنی هەڵبژاردن دەست پێ بکات و بە لانی کەمەوە لە ماوەی یەک حەفتە تەواو بێت.

20_لە سەدا 25 ماڵیاتی(زەریبە)ئازەربایجان و کوردستان ساڵانە دەدرێتە دەوڵەتی ناوەندی (جگە لە مالیاتی ئەمساڵ کە کۆکراوەی گەلی ئازەربایجان لە پێناوی بزووتنەوەی ئازادیخواز و بۆ پتەو کردنی بنچینەی دیمۆکرات تەرخانی کردووە.)

21_دەوڵەتی ئێران دەبێ لە ماوەیەکی کورتدا رێگای شەمەندەفەری تەورێز لە گەڵ رێگای ئاسنی تاران میانە گرێ بدات.

22_دەوڵەتی ناوەندی هیچ مافێکی نیە لە دیاریکردن و لە کار خستن فەرمانبەرانی دەوڵەتی چ مەدەنی و چ لەشکەری دەست تێوەردان بکات.

23_کۆمیتەی نیشتمانی ئازەربایجان و کوردستان لە بەڕێوەبردنی ریفۆرم بۆ باشتر کردنی باری کولتوری و تەندروستی و کشتو کاڵ ئازادە.

24_داهاتی کارکەر و فەرمانبەرانی کانزا و سەرو سامانەکانی سروشتی ئازەربایجان و کۆردستان دەبێ هەمووی تەنیا بۆ دابەش کردنی پێویستیەکانی خودی ئازەربایجان و گەلی کورد خەرج بکرێت بۆ بەڕێوە بردن فابریکە و کارەکان لە لایەن خەڵکەوە بەڕێوە دەبرێت .

25_لە کاتی پێویستدا چاودێری و کۆنترۆڵ لە سەر هەندێ فابریکەی تایبەتی و تەنانەت فابریکەی تایبەتی لە لایەن کۆمیتەی نیشتمانی و دەوڵەتی وئازەربایجان و کوردستانەوە بەڕێوە دەچێت .

26_هەموو چەشنە چاپەمەنی لە ئازەربایجان و کوردستان دەبێ بە دەستووری کۆمیتەی نیشتمانی یەوە لە چاپ بدرێت . رادیۆ و سینەما و شانۆ دەبێ بە زمانی ئازەری و کوردی بێت بەڵام لەم باردۆخەدا هەروەها بواری بە کار هێنانی زمانی تر دەدریت .

27_کۆنترۆل بە سەر تەواوی بانگەکانی ئازەربایجانی کوردستاندا واتە دەوڵەتی، میللی، پیشە سازی، کشتوکاڵە لایەن کۆمیتەی نیشتمانی ئازەربایجان و کوردستانی ئازەربایجانەوە بەڕێوە دەچێت.

28_داهاتەکانی کۆکراویماڵیات هەروەها لە زەوینیش دەبێ لە خەزانەی دەوڵەتی ئازەربایجان کۆبکرێتەوە و راستە وخۆ بۆ کاتی پێویست وەکو کارسات و رووداوی چاوەروان نەکراو تەرخان بکرێت.

29_دەوڵەتی ناوەندی ئێران ئەرکی سەرشانیەتی کە دەستبەجێ تەواوی سپاردەی ئازەربایجانیەکان لە بانگی میللی ئیران بداتەوە و دوبارە سەرمایەی ئەم مانگە کە بردراوە بۆ تاران بگەڕێنێتەوە.

30-دەوڵەتی ناوەندی دەبێ بەشێک لە خاکی ئۆستانەکانی 3و4وناوچەی خەمسە(واتە تیکاب،سەقز،بیجار، سەردەشت و هتد)کە تا ئێستا لە ژێر دەستی دۆژمنانی ئازادی و دیمۆکراتیک بووە ئازاد بکات و ئەم ناوچانە بداتەوە دەستی دەزگاکانی بەرپرسی ئازەربایجان و کوردستان .

31_دەوڵەتی ناوەندی دەبێ تەواوی ڕێکخستنەکانی ژاندارمێری کە لە ماوەیەکی دوور و درێژدا مافی گەلانی ئێرانیان پێشێل کردووە و بەرپرسی زۆر تاوانی خوێناوین هەڵوەشێنێتەوەو لە باتی ئەوانە دەوڵەتی ناوەندی بۆ پاراستنی هێمنایەتی لە تەواوی گوندو ناوچە و شارۆچکەکان ڕێکخستنی (نەزمیە) کە پشتیوانی دەسەڵاتی دادگاکان دەبێت دابمەزرێت.

32_دەوڵەتی ناوەندی لەسەر بنچینەی دیموکراتیک لە سەر سەرانسەری ئێران ئەنجومەنی ئەیالەتی ووەلایەتی بولوک و مەحاڵ وەک ئەوانەی کەئێستا لە ئازەربایجاندا هەیە دروست بکات .

33_دەزگای شارەوانی شارەکان هەروەها دەبێ لە تەواوی ئێران دروست بکرێ(بە دەست تێوەردانی فەرمانبەرانی دەوڵەتی و لە سەر بناغەی دیمۆکراتی پێک بێن ) [1]

لە دووشەمە 10ی بانەمەڕ کاتژمێری 8 دوو نەفەر بە نوێنەرایەتی دەوڵەتی تاران واتە وەزیری پیسەسازی و بازرگانی و ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران لە کاروباری سیاسیدا قەوام السەڵتەنە واتە موزەفەری فەیرۆز بۆ وتووێژ بە دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان ناسێندران و گەڵاڵەی ڕیک کەوتن لەگەڵ دەستەی نوینەرایەتی ئازەربایجانیان پێیدرا. دوا بەدوای ئەم ڕوداوە دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان ئەم گەڵاڵەی خوارەویان ئاراستەی دەوڵەتی قەوام کرد:

لە ئەنجامی نیازپاکی هەردوولا و ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران قەوام السەلتەنە دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان و تاران دوای گۆڕینەوەی بیرورای خۆیان بەو ئەنجامە گەیشتن کە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی گەلی ئازەربایجان هیچ کاتێک هەوڵی جیا بوونەوەی ئازەربایجانی لە ئێران نەداوە بەڵکو بە پێچەوانە مەبەستی پتەوکردنی بناغەی دیمۆکراتیزم و مەشروتیەت لە ئێران بووە.

بۆ خۆ لادان لە هەرچەشنە پێشهات و ڕوداوێکی ناخۆش و خوێنڕێژی هەردوولا بەو ئەنجامە گەیشتن کە جیاوازێکی **نسیپالی** (جیدی) نێوان دەوڵەتی ناوەندی و گەلی

---

1 ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری رووسیای فیدراتیڤی فۆندی094کۆپییەی 34کارتۆنی93دۆسیەی ل(40- 45)

ئازەربایجان نییە. بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان لە تاران کۆمیسیۆنێکی تایبەتی کە لە ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان پێکهاتوە دەمێنێتەوە،ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە کە کێشەکان چارەسەرێکی وا بکەن کە زیان بە ئازادی و مافی گەلانی ئازەربایجان نەگەیەنن. بەڵام بڕیار لە سەر چارەسەر کردنی تەواوی کێشەکان و هەروەها دیاریکردنی شێواز و چۆنیەتی پەیوەندیەکانی دووقۆڵی لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی پێویستی بە پەسەند کردنی دەوڵەتی قەوام و مەجلیسی ئێران لە دەورەی پانزەهەمدایە.

لە کاتی چاو پێکەوتنی سێهەمی پیشەوەری و قەوام بۆ چوونی دژ بە یەک لەسەر مادەکانی دابەشکردن یا جیا کردنەوەی ناوچەکان دروست بوو کە بووبە **هۆی** ڕاوەستانی دوو ڕۆژەی وتوویژەکان . دوای ئەوە دەوڵەتی قەوام بە مەبەستی دەست پێکردنەوەی وتوویژەکان هەندێ پیشنیاری خۆیان بەم چەشنە خوارەوە ئاشکرا کرد :

1_دروستکردنی شورای هەرێمی ئازەربایجان لە باتی مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان .

2_دروستکردنی کۆمیسیۆنی دەوڵەتی لە باتی کابینەی وەزیرانی ئازەربایجان.

دوای چوارەمین چاوپێکەوتنی پیشەوەری و قەوام بە بەشداری فەیروزگەڵاڵەیەکی ڕێکەوتنی 1325/2/19لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ئاراستەی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان کرا.

## بۆ هاوڕێ پیشەوەری

پێم وایە کە ئێوە ڕوداوەکانی ناوخۆی ئێران و هەروەها نێونەتەوایەتیشتان ڕاست هەڵنەسەگاندوە.

**یەکەم** ئێوە ئێستا دەتانەوێ هەموو داخوازە شۆڕشگێڕەکانی ئازەربایجان وەدەست بهێنن. بەڵام هەل و مەرجی ئیمڕۆ بواری گەیشتن بۆ بەدیهێنانی ئەو پرۆگرامە نادات. لینین داخوازە سەرەکیە شۆڕشگێڕەکانی کاتێک هێنایە کایەوە کە لە کردەوەدا بەدی بکرێت دەستنیشان ئەکەمەوە لە کردەوە دا بەدی بکرێن ئەویش کاتێک کە قەیرانێکی بەهێزی شۆڕشگێرانە لە ناوی وڵات و هەروەها سەرنەکەوتنی سوپای لەگەڵ دوژمنی

دەرەوەدا هەبێت. لە ساڵی 1905 کاتێ کە شەڕ لەگەڵ ژاپۆن سەری نەگرت، هەروەهایش بوو لە کاتی شەڕی سەرنەکەوتو لەگەڵ ئالمان لە 1917دا. ئێوە گەرەکتانە لەم بارەوە لاسایی لینین بکەنەوە. ئەمە زۆر باشە و جێی ڕێز لێنانیشە، بەڵام ڕوداوەکانی ئیمڕۆی ئێران جگە لەوەیە. ئێستا لە ئێران قەیرانی قووڵی شۆڕشگێڕانە نییە. جوتیارانی ئێران هەتا ئێستا چالاکیەکی ئەوتۆیان نیشان نەداوە.

ئێران ئێستا خەریکی شەڕ لەگەڵ دوژمنی دەرەوەی نییە کە بتوانێت دارو دەستەی کۆنەپەرستی ئێرانی ئەگەر بێت و لە شەڕ دا سەرنەکەوێت لاواز بکات. دوای ئەمە لە ئێرانەوە هەل و مەرجێکی وا نییە کە بکرێت تاکتیکی لنین لە ساڵی 1905 و 1917 بە کار بهێندرێت.

**دووهەم** بێگومان ئێوە دەتانتوانی بۆ سەرکەوتنی خەباتتان و داخوازە شۆڕشگێڕەکانی گەلی ئازەربایجان هیوادار بوایان کە ئەگەر سوپای سۆڤیەت لە ئێران دا مابایەوە، بەڵام ئێمە نەمانتوانی ئەوانە زیاتر لە ئێران بهێڵینەوە، زیاتر لە بەر ئەوە، مانەوەی سوپای ئێمە لە ئێران بنەڕەتی سیاسەتی ڕزگاریخوازانەی ئێمەی لە ئاسیا و ئوروپادا خەوشدار ئەکرد.

ئەمەریکایەکان و ئینگلیسەکان بە ئێمەیان وت کە ئەگەر سوپای سۆڤیەتی دەتوانێ لە ئێران بمێنێتەوە بۆ دەبی سوپای ئینگلیس نەتوانێت لە میسر و سوریە و ئەندونیزیا و یۆنان و سوپای ئەمەریکایش لە چین و ئیسلەند و دانیمارک دا بمێنێتەوە. لە بەر ئەوە بڕیارمان دا سوپاکەمان لە ئێران و چین بکشێنینەوە، بۆ ئەوەی ئەم بیانویە لە دەستی ئەمەریکا و ئینگلیسەکان نەهێڵین و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کۆلۆنیەکان فراوان بکەین و بەم چەشنە سیاسەتی ڕزگاریخوازانەی خۆمان مەشروع و کاریگەرتر بکەین. ئێوە وەک شۆڕشگێڕێک لە ئێمە تێدەگەن کە نەمانئەتوانی بە چەشنێکی تر هەڵسوکەوت بکەین.[1]

**سێهەم** بە لەبەرچاو گرتنی وتراوەکان دەکرێ بەم ئەنجامانەی خوارەوە سەبارەت بە هەلومەرجی ئێران بگەین. لە ئێران قەیرانی بەهێزی شۆڕشگێڕانە نییە. ئێران لە حاڵەتی شەڕ لەگەڵ دوژمنانی دەرەوە نییە کە لە سەرنەکەوتندا بێتە هۆی لاواز بوونی

---

1 هەمان سەرچاوە، ل 46 و 47

کۆنەپەرستی و قووڵ بوونەوەی قەیران تاکو سوپای سۆڤیەتی لە ئێران بوون ئێوە دەرفەتانی درێژەدان بە خەباتتان لە ئازەربایجان هەبوو دەتانتوانی بزوتنەوەیەکی دیمۆکراتیک کە داخوازێکی دوور و درێژ و فراوانەوە رێکبخەن، بەڵام سوپای ئێمە دەبوایە لە ئێران بکشێتەوە کە کشایەوە. ئێستاش لە ئێران ئێمە بەرەورووی چین؟

ئێمە تێکهەڵچونی دەوڵەتی قەوامان هەیە لەگەڵ لایەنگرانی ئینگلیس کە کۆنەپەرستترین دارو دەستەیە لە ئێران. رابوردوی کۆنەپەرستانەی قەوام هەر چۆنێک بووە، ئێستا ئەو ناچارە بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆی و هەروەها پاراستنی دەوڵەتەکەی خۆی هێندێک ریفۆرمی دیمۆکراتیانە بکات، وە بە دوای پاڵپشت لە ناو هێزە دیمۆکراتیەکانی ئێران دا بگەڕێت.

تاکتیکی ئێمە لەم کەینو و بەینە دا دەبێ چی بێت؟ من وا بیر دەکەمەوە کە ئێمە دەبێ لەم تێکهەڵچوونەوە دا کەلک وەربگرین. بۆ ئەوەی قەوام پاشەگزە نەکات دەبێ پشتیوانی لێ بکرێت تاکو لایەنگرانی ئینگلیس وەلا بخرێن و بەم چەشنە هێندێک پێگە بۆ دیمۆکراتیزە کردنی ئێران پێک بێت. هەموو ئامۆژگارییەکانی ئێمە بۆ ئێوە لەم بناغەوە سەرچاوە ئەگرێت، بەڵام دەکرێ تاکتیکی تر بگرێتە پێش: واز لە هەموو شتێک بهێنرێت. پەیوەندی لەگەڵ قەوام بپچڕێت و بەم چەشنە سەرکەوتنی لایەنگرانی کۆنەپەرستی ئینگلیس مسۆگەر بکرێت. بەڵام ئەمە تاکتیک نی یە بەڵکو حەماقەتە. ئەمە لە راستی دا خیانەت کردن بە گەلی ئازەربایجان و دیمۆکراتیەتی ئێرانە.

**چوارەم** ئێوە لەوانەیە بڵێن کە ئێمە لە سەرەتادا ئێوەمان گەیاندە ئاسمان بەڵام دوایە بەرەڵامان کردن و ریسوامان کردن. ئەگەر وایە جێی سەرسوڕمانە بەڵام لە راستی دا چی روی داوە؟ ئێمە لێرەدا شێوەی دیاری کراوی شۆڕشگێرانەمان بەکار هێناوە کە لای هەموو شۆڕشگێڕێک روون و ئاشکرایە. بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەو هەلومەرجەی وەک ئێران دابین بکەین و داخوازە مینیمومیەکانی (لانی کەم) بزووتنەوە جێبەجێ بکرێت. پێویستە بە داخوازی کەم (مینیمۆم) دەست پێ بکرێت و پێشرەوی بکرێت و بۆ دەوڵەت مەترسی دروست ببێت و پاشەگزە کردنی دەوڵەت بێتە کایەوە، بەڵام راکردنتان بۆ پێشەوە ئێوە نە ئەتانتوانی لە بارودۆخی ئێستای ئێران بەو داخوازانەی کە دەوڵەتی قەوام ئێستا ناچارە جێبەجێ بکات مسۆگەریان بکەن. ئەمە

یاسای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام دوان لە سەر ریسوا کردنی ئێوە هەر نابێ بێتە کایەوە. جێی سەرسوڕمانە ئەگەر ئێوە وا بیر بکەنەوە کە ئێمە ئیتر ئێوەمان ریسوا کردوە، بە پێچەوانە ئەگەر ئێوە ژیرانە بجوڵێنەوە بە پشتیوانی معنوی ئێمە دەگەنە ئەو داخوازیانەی کە ناساندنی زۆربەیان لە هەلومەرجی ئیمرۆی ئازەربایجان دا هەیە. هەم ئازەربایجانیەکان و هەم ئێرانیەکان وەک پێشڕەوانی بزووتنەوەی پێشکەوتوخوازی دیمۆکراتیک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دوعای خێرتان بۆ دەکەن[1]

ئیستالین 8ی مای1946

## لە راپۆرتی جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکو سەلومین و سکرتێری کۆنسولی سۆڤیەت لە ماکو موراديان 30ی یانوری 1946

لە ماوەی ئەم چوار مانگەی دوایی دا لە ناوەندی سەرکردایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە لە مەهاباد هیچ پەیوەندێک لەگەڵ عەشیرەکانی کوردی ئێرە واتە لە ماکو و خۆی جەلالی و ویلان و زیلان نەکراوە. کوردەکانی ئەم عەشیرانە ئاگاداری روداوەکانی کوردستان و کاروباری پارتی دیمۆکراتی کوردستان و دەوڵەتی کوردی نیيە.

لە لایەکی ترەوە پارتی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان و دەوڵەتی ئازەربایجان ئەو کوردە ناوبراوانە بۆ کاروبار راناکێشێت و بانگیان ناکات، نوێنەرانی کورد لە رێخراوەکانی ئەم پارتیە و دەوڵەتەکەیان نیە. بیانوش بو ئەم کردەوەیە ئەوەیە کە کوردەکان بۆخۆیان پارتی و دەوڵەتیان هەیە. بەم چەشنە چالاکی لە ناو کوردەکانی ئەم ناوچەیە دراوەتە دەستی تەقدیر.

گەرچی پێنج نەفەر لە عەشایرەکانی ناوبراو لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانن بەڵام چالاکی ئەوانە لەم ناوچەیە لاوازە بەم جۆرە کوردەکان ئێستا لە بەشداری کردنی کاروباری ژیانی کومەڵایەتی و سیاسی ئەم ناوچەیە دابڕاون یا بێ بەش کراون.

---

1 ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری فیدراتیڤی روسیا فۆندی سکرتاریەتی مۆلەتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کارتۆنی 34 دۆسیەی544 کۆپیەی8ل ،ل 8و9.

بۆیە دڵساردی و نائومێدی و ناڕازی بوونی دانیشتوانی کورد بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی پارتی دیمۆکرات و دەوڵەتەکانی کورد و ئازەربایجان بەرچاو دەکەوێت. لە بەر ئەوەی کە هاتوچۆی کوردەکان نێوان خۆی و مەرەند لە لایەن پارتیزانە ئازەربایجانەوە پێشگیری لێ دەکرێت و داوای دیکۆمێنتی(بەڵگەی) حیزبی یا دەوڵەتییان لێ دەکرێت / کە کوردەکان نییانە/ بۆیە لە ڕۆژی 30 لە سەر 31ی مانگی 12ی ساڵی 1945 سەرکردەی عەشایرەکانی کورد بۆ چارسەر کردنی کێشەکانی خۆیان کۆدەبنەوە. کۆبوونەوەکە لە گوندی بابلول ئاوا لە ناوچەی ماکو دەکرێت و ئەمانەی خوارەوە بەشدار بوون.

1- شیخ عەبدلقادر، شیخ حەسەن حاجی لە ڕێبەرانی عەشیرەی جەلالی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک.

2- عەبدول ئاغاجانی قارەمان ڕێبەری عەشیرەی دیلان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

3- حەیدەر ئاغای حەیدەری ڕێبەری عەشیرەی میلان .

4- عەمو ئاغای عەموی ڕێبەری تایفەی عەموی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک. و ڕێبەری هۆز و خێڵە کوردەکانی تر کە ژمارەیان دەگاتە 50 نەفەر تێدا بەشداری ئەم کۆبونەوەیان کردووە. سەرکردەکانی کورد لەم کۆبونەوە بڕیاریان دا کە نوێنەرانی خۆیان بنێرنە مەهاباد بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم پرسیارانە:

1- پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە گشتی لە چ بارودۆخێکدایە؟

2- چ بڕیارێک بۆ کاروباری ڕێکخرانی ئەم حیزبە لە ناوچەکانی خۆی و ماکو پێشبینی کراوە؟ ئایا ناوەندیک بۆ ڕێکخراوەکانی ئەم حیزبە لە ناوچەکاندا دروست دەکرێت و ئەگەر دەکرێت دەبێ کارتی ئەندامیەتیش بۆ ئەندامانی حیزب دروست بکرێت؟

3- ڕوون بکرێتەوە ئایا دەوڵەتی کوردی ڕێکخراوی پاسدانەر و هێزی لەشکەری بۆ دروست کراوە؟

4- تەواوی شارەکانی ئازەربایجانی ئێران لە لایەن پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجانەوە داگیر کراوە. لە کام شارانە دەوڵەتی کوردی و ڕێکخراوەکانی حیزبی خۆی دادەمەزرێنێت ؟ئایا داوای شارەکانی ماکو، خۆی، ڕەزائییە دەکات.

5- بە چ شێوەیەک و چۆن دامودەزگاکانی دەوڵەتی بۆ کوردان لە شارەکانی خۆی و ماکو دروست دەکرێت چونکە ئەم شارانە کەوتونەتە شوێنێکی دوری وڵات و ئێستا بە کردەوە لە کوردستان جیا کراوەتەوە؟

6- ئایا دەکرێ کوردەکان هەندێ چەک لەو قورخانە (جبەخانە)یەی کە پاش چەک کردنی دامودەزگاکانی پۆلیس و ژاندارمیری و سوپای ئێران کۆکرانەوە وەربگرن. لەم بارەوە دەبێ ئەوەش بزانرێت و لە بەر چاو بگیردرێت کە بەشێک لەو چەکە بە دەستوری دەوڵەتی ئازەربایجان دراوەتە پاسەوانەکانی ئازربایجانی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانیەوە رێکخراون.

بۆ جێبەجێ کردنی بریارەکانی ئەم کۆبونەوە و هەروەها بۆ روونکردنەوەی پرسیارەکانی سەرەوە نوێنەرانی ناوداری کورد وەک سەید عەبدلوەهاب و سەلو ئیسماعیل نێردراون بو مەهاباد کە تا ئێستاش لە مەهابادن و نەگەڕاونەتەوە ماکو.

جگە لەوە ئەو سەرکردە کوردانە هەر لەم کۆبونەوە دا بریاریان داوە کە لە 117 ماڵی دەوڵەمەند لە عەشیرەکانی خۆیان لە هەر ماڵێک هەزار تمەن و بنەماڵەکانی تر بە گوێرەی توانایان پارە کۆبکەنەوە بۆ راگرتن و پێویستی دامودەزگاکانی کوردی لە شارەکانی خۆی و ماکو. وە بەشێک لەم پارەیە بۆ راگرتنی دوسەد سواری چەکداری کورد کە مانگانە 50 تمەن مووچەیان پێی بدرێت، بەڵام تا ئێستا ئەم بریارە جێبەجێ نەکراوە و گوایا چاوەرێی پەسەند کرانی ئەم بریارە لە لایەن ناوەندەوە (مەهاباد_ هەورامی) دەکەن.

هەندێک لە سەرکردەکانی کورد بە کەڵک وەرگرتن لەو بارودۆخەی کە پێش هاتوە پەیوەندییان بە هەندێ کۆنەپەرست و کاربەدەستانی تورکیاوە کردووە کە ئەوانیش لە ناو کوردەکاندا دەستیان داوەتە پروپاگەندە دژی بزوتنەوەی دیمۆکراتیک،وەک سەرکردەی خێڵی "ساکان" لە هۆزی جەلالی کە دووسەد ماڵ دەبن و ئیجازەی بە کەس نەداوە کە خۆیان لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بنوسن ووتویەتی:"کە من کورد نیم وتورکم،نە خۆم و نە خیڵەکم ئامادە نین لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بنوسین ".

وه ك سەركردەی خێڵی"بەلیخكانلی" له هۆزی جەلالی حەسەن عومەر له رێگای پیاوەكانیەوه به خزمەكانی خۆی له توركیا داوای له كاربەدەستانی توركیا كردووه كه ئیجازەی پێبدرێت خۆی و خێڵەكەی له ئێرانەوه برۆنه توركیا .

دووسەد چەكداری خێڵی 'خەلیكانلی و ساكان و حەسۆ خیلانی/ كه رێبەرەكەیان موسا ئیبراهیم و عومەر ئاغای خالدین له 1945/12/4 به نهێنی له ناوچەی تامبار له ماكۆوه هێرشیان كردوته سەر كوردەكانی توركیا(له ناوچەی ئیگدەر)و 2400 مەڕوماڵاتیان لێ دزیون و دوو نەفەریشیان بریندار كردون .

دوای ئەم روداوه كاربەدەستانی تورك له ئیگدەر 150 كوردی توركیا چەكدار دەكەن و دەیانێرنه سەر كورده تالانكەرەكان و ئەوانیش1500 ماڵاتی وردیان لێ دەبەن بەڵام دوایان دەكەون و لێیان دەسێننەوه و3نەفەریان دەكوژن و دوو نەفەریشیان (له كوردەكانی توركیا)بریندار دەكەن.

ئەم هێرشانه به بێ ئاگاداری كاربەدەستانی تورك رێكنەخرابوو مەبەستیان تێكدانی پەیوەندیەكانی نێوان كوردی توركیا و ئێران بوو له لایەكی ترەوه نەهێڵن له باری سیاسیەوه كوردی ئەو دوو وڵاته یەكبگرن و سەرئەنجام كوردەكانی توركیا دژی كوردی ئێران كه بەشداری بزوتنەوەی دیموكراتیكیەكان كردووه به كار بێنن لەم دوایانەدا كاربەدەستانی تورك به نهێنی دەستیان داوەته ناردنی كورده باوەر پێكراوەكانی خۆیان بۆ ناو كوردەكانی ماكۆ بۆ هاندانیان دژی بزووتنەوەی دیموكراتیك و دەنگوباسی پروپاگەندەی دژی یەكیەتی سوڤیەت بڵاو دەكەنەوه. ئەو كوردانەی كه ناردویانن له ناو كوردەكان و ئازەریەكانی ناوچەكه ئەم دەنگوباسانه بڵاودەكەنەوه : [1]

1- هیچ ئۆتۆنۆمیك بۆ كورد و ئازەربایجانیەكان قەت نابێت و ئەمه درۆ و پیلانێكی روسەكانه بۆ گەیشتن به مەبەستەكانی خۆیان. روسەكان مەبەستیان لكاندنی ئازەربایجانی ئێران به ئازەربایجانی سۆڤیەتیەوەیه.

1 ئارشیفی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی كۆماری روسیای فیدراتیڤی فۆندی 4 و 5 كوبیه ی 31 كارتۆنی 359ل ،ل 46-51.

2- ئەگەر ئێوە بە قسەی روسەکان بکەن لە سەر و سامانی خۆتان بێبەش دەکرێن. واتە لە نان و مەڕومالات و جل و بەرگ. ئێوە ئەودەمە دەبێ بۆ روسەکان وەک نۆکەر کار بکەن و بەو پارەیەی کە دەتاندەنێ ناتوانن لە کیلویێک نان زیاتر بکڕن.

3- ئێمەی کوردی تورکیا بە دەوڵەتی خۆ وەفادار دەمێنینەوە چونکە دەمانپارێزێت چەکدارمان دەکات. ئەمەریکا و ئینگلیسەکان لەگەڵ ئێمە ئامادەن وەڵامی روسەکان بدەینەوە.

4- لە پێناوی پاراستنی ئیسلام دەوڵەتی تورکیا ئیجازەی داوە کە تەواوی موسڵمانە سونیەکان /کوردەکان/ و شێخەکانی ناوچە لە ئێرانەوە بێنە تورکیاوە.

5- باوەڕ بە گاورەکان /کافرەکان/ مەکەن، ئیسلامی مەحەمەدی لە بیر نەکەن و ئیسلام نەفروشن. ئێمەی موسڵمان دەبێ دژی دوژمنی گشتی گاورەکان/مەسیحیەکان/ خەبات کەین.

لە نیوەی یەکەمی مانگی یانوری 1946 دەستەیەک لە کوردەکانی تورکیا بە نهێنی هاتونەتە ناو خاکی ئێرانەوە و لە ناوچەی ئاخگەل سەر بە ماکو لای سەرۆک عەشیرەی جەلالی ئەندامی کۆمیسیونی رەزائیە سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێمۆکراتی کوردستان عومەر ئاغای خالیدی دانیشتوون.

بە گوێرەی سەرچاوە باوەڕ پێکراوی کورد ئەوانە بۆ مەبەستێکی تایبەتی لە لایەن کاربەدەستانی تورکیاوە نێردراون و شەش نەفەریش لە کوردەکانی تورکیا لە ناوچەی تامبار / لە ماکۆ لای سەرۆک خێڵی ساکان موسا ئێبراهیم ماونەتەوە.[1]

---

[1] هەمان سەرچاوە لاپەرەی 52

## ڕاپۆرتی جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکو موورادیان سەبارەت بە ڕوداوەکانی سیاسی لە ناو عەشایری کوردی ماکو لە 2/15وە تا 1946/3/15

وەک ڕاگەیەندرا نوێنەرانی عەشایری کورد ماکو و خۆی بە سەرۆکایەتی سەید عەبدلوەهاب و سلو ئیسماعیل بۆ وەرگرتنی دەنگوباس و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و چالاکیان لەم ناوچانە بە تایبەتی کێشەکانی سەبارەت بە ڕێکخراوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دەوڵەتی کوردی چوبونە مەهاباد. دوای گەڕانەوەی ئەم نوێنەرانە بۆ ماکو دەرکەوت کە ئەوانە لە مەهاباد ڕێبەرانی کوردیان لە مەهاباد گومراه و بەهەڵە بردوە و بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری حیزبی و دەوڵەتی کوردەکانی خۆی و ماکو هەندێ کەسیان کاندید کردوە. سەید عەبدلوەهاب و سولیمان پیاوەکانی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پۆستانە پێشنیار کردوون. ئەوانەی کە پیشنیاریان کردوون لەگەڵ کۆنەپەرستانی دەوڵەتی ئێران و هەروەها لەگەڵ تورکیا پەیوەندییان هەیە. سەیر ئەوەیە کە ناوەند (مەهاباد) لەم بارەوە بەڵێنی داوە و پێشنیارەکانی ئەوانی پەسەند کردوە و دەستوری بە تەواوی عەشایرەکان داوە کە کۆمیتە و دامودەزگاکانی دەوڵەتی وەک بەخشدار، ژاندارمری، دارایی و دادگا وهتد/ دابمەزرێنن و سەربەخۆ بن و جیا لە یەکتر بن.

ئەم دامودەزگا حیزبیەو دەوڵەتیانە دەبێ لە ماکو بۆ عەشایرەکانی جەلالی و ویلان و زیلان و لە شاری خۆی بۆ عەشایرەکانی کۆرسینی هەر کام بە جیا و سەربەخۆ پێک بهێنرێن. جێبەجێ کردنی ئەم دەستورە بێگومان ئەبێتە هۆی تێکچونی یەکێتی نێوان عەشایرەکانی کورد و بەهێز بوونی دوژمنایەتی نێوان ئەو عەشایرانە و هەروەها دژی دانیشتوانی ئازەری ناوچەکە و تێکچوونی بارودۆخەکە دەبێت. لە پەیوەندی لەگەڵ دەستوری ناوبراو لە لایەن ڕێبەرایەتی کورد لە مەهابادەوە بۆ کوردەکانی ئێرە سەرکردەی کوردەکانی جەلالی شیخ عەبدلقادر لە 1946/2/16 نامەیەکی بۆ کۆنسوڵی ئێمە نوسی و تێیدا داوای موافقەی ئێمەی کردوە کە لە شاری ماکو دامودەزگاکانی دەوڵەتی کوردان پێک بێنن. بەڵام ئەم نامەیەی شێخمان بێ وەڵام

هێشتەوە. هاوکات نوێنەرانی شێخ داوایان لە رێبەرانی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان لە ماکو کردوە کە موافقە بکەن کوردەکان دامودەزگای بەرێوەبردنی خۆیان دروست بکەن، بەڵام بەرپرسیارانی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان لە ماکو دەیانزانی کە هەبوونی دامودەزگاکانی حیزبی و دەوڵەتی کوردی لە ناوچەکەدا دەبێتە هۆی پەیدا بوونی دو دەسەڵات لە ناوچەکەدا. هەر بۆیە ئەم پرسیارەیان بە بروسکە گەیاندە رێبەرانی دەوڵەتی ئازەربایجان لە تەورێز. دەوڵەتی ئازەربایجانیش لەم بارەوە ئەندامی سەرکردایەتی شورای مەجلیسی ئازەربایجانی بە ناوی موراد عەلی خان تەیموری کوری خانی ماکوی لە تەورێزەوە نارده ماکو تا لەگەڵ کوردەکان وتووێژ بکات. مەبەست لە هاتنەکەیشیان ئەوە بو کە لەگەڵ سەرکردەکانی کورد قسە بکەن بۆ ئەوەی واز لە رێکخستنی ئەو دامودەزگا دەوڵەتیانە لە ماکو بێنن تا دەستورێکی تایبەتی لەم بارەوە بدرێت. چاو پێکەوتنی موراد عەلی خانی تەیموری لەگەڵ سەرکردەکانی کورد ئەنجامێکی پۆزتیڤیانەی باشی نەبوو و کوردەکان بە بێ گوێدان بە موراد عەلی خان لە سەر رێکخستنی دامودەزگاکان خۆیان لە ماکو بەردەوام بوون، سەید عەبدلوەهاب لەم بارەوە دەورێکی تایبەتی بینی کە ناوبراو رایگەیاند کە رێبەرانی کورد داوا لە دەوڵەتی ئازەربایجان دەکەن کە ناوچەکانی ماکو و جولفا و ماکو و خۆی و رەزائیە سەر بە کوردستان بن و لەم بارەوە سەید وەهاب کە بە ئێمەی راگەیاند کە کاتی ئەوە هاتوە و پێویستە ئێمە بناغەی دامودەزگاکانی خۆمان لەم ناوچانە دروست بکەین و ئەم شوێنانە بگرینە دەستی خۆمان. لە ژێر کاریگەریەتی ئەم چالاکیە پرواکاسیونانە سەید وەهاب و لە ژێر رێبەرایەتی ئەودا لە 1946/2/22 40 نەفەر لە سەرکردەکانی هۆز و خێڵ و تایفەکانی کوردی عەشیرەی جەلالی ناوچە لە ماکو کۆبوونەوە دەکەن بۆ ئەوەی دامودەزگاکانی خۆیان لە شار پێکبێنن. ئەوانە تا 1946/3/2 لە شار دەمێننەوە، لەم کۆبوونەوەدا تەنیا شێخ عەبدلقادر و پیاوەکانی بەشداری ناکەن. بەشداری نەکردنی ناوبراو لەم کۆبوونەوەدا لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و گێرە و کێشەیەکی کە لەگەڵ سەید وەهاب هەیە بوو. سەید عەبدلقادر دژی کاروباری ئەم کۆبوونەوە راوەستا.

لـە مـاوەی 10 رۆژ هـاتنی ئـەم سـەرکـردە کوردانـە بـۆ شـاری مـاکو کـە نـاوی هەندێکیان زانراوە، وەک: سەید وەهاب، عومەر ئاغای خالید، عەبدلرەزاق عومەر، جەعفەر ئاغا، عەبدوڵلاّ ئاغا، 0سولیمان ئاغا ئیسماعیل و --- ئەمانە چەند جار هاتونە کۆنسوڵخانەی ئێمە و لە وتووێژدا لەگەڵ من هەوڵیان ئەدا هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بە رێکخستنی دامودەزگاکانی پارتی و دەوڵەتیەکانی کورد لـە ماکو بزانن بەڵام ئێمە هیچ وەڵامێکی پۆزەتیڤانـە و باشـمان پێـی نـەدان و هـەمیـشە ئاموژگاریمـان کـردوون کـە کێشەکانی خۆیـان لـەگـەڵ دامودەزگاکـانی دەوڵـەتـی ئـازەربایجـان چـارەسـەر بکـەن. بـەم چەشنە سەید عەبدلوەهاب و سەرکردەکانی تری کورد کە هیچ شتێکیان وەگیر نەکەوت گـەرانـەوە بۆ گونـدەکـانی خۆیـان، دوای ئـەمـە سـەید عـەبدلوەهاب خـۆی بـە نوێنـەری بـەرپرسیاری کۆمیتـەی نـاوەندی حیزبـی دیمـۆکراتی کوردستان راگـەیانـد بـە کـەڵـک وەرگرتن لـە سومعەی سـەرکردایـەتـی کـورد لـە مـەهابـاد کـە خـۆی بـە نوێنـەری ئـەوان دانـاوە دەستی داوەتـە پراواکاسیون و ئـاژاوە نانـەوە لـە نـاو کـوردەکـان و هاندانیان دژی دەوڵەتی دیمۆکراتیکی ئازەربایجان ناوبراو هەروەها دژی شێخ عەبدلقادر کە لایەنگری چارەسەر کردنی کێشەی کوردەکان لەگەڵ کاربەدەستانی ئازەری بە شێوەیەکی دۆستانە بوو پروپاگەندەی زۆری کرد.

لـەم پروپاگـەنـدە پراواکاسیونە ئـەوانـەی خـوارەوە چالاکانـە پیشتیوانـیـان لـە سـەید عـەبـدلوەهـاب کرد،بـاقو عـەلـی رێبـەری خێڵـی جنینکـانلی، حـەسـەن ئاغـا عومـەر سـەرکردەی خێڵـی بـەلیخکانلی، عومـەر ئاغـای خالیدی سـەرکردەی هۆزی جـەلالـی، سـولیمان ئیسماعیل نـاودار و دەوڵـەمـەنـدی هـۆزی میلان . پاشـان لـە ئـەنجـامی ئـەم هەڵسوکەوتەی سەید و لایەنگرەکـانی دوبـەرەکی نێوان هۆزەکـانی جـەلالـی و میلان و زیلان بە هێزتر بوو و سەرئەنجام:

1- هەردوو سەرکردەی هۆزی جەلالی عومەر ئاغای و شێخ عەبدلقادر دەستیاندایە کۆکردنـەوەی لایـەنگری خۆیـان و هـەر کـام لـەمانـە داوای سـەرکردایـەتـی رێکخـراوی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیان لـە نـاو کـوردەکـانی خۆیـان دەرکـرد. عومـەر ئاغا دوای گەرانەوەی لە ماکو لە گوندی ئادەگـان/30 کیلۆمـەتری مـاکو/ 15 نـەفـەر لـە سەرکردەکانی کورد کۆدەکاتەوە بەشێک لەو کوردانەی هۆزی جـەلالـی رادەگـەینن کـە

ئەوان دامودەزگاکانی حیزبی و دەوڵەتی کوردییان بۆ هۆزی جەلالی دامەزراندوە. هاوکات عومەر ئاغا نوێنەری خۆی واتە سەید عەبدولوەهاب دەنێرێت بۆ مەهاباد و داوا لە ناوەند دەکات کە شێخ عەبدلقادر سزا بدەن و عومەر ئاغا وەک بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکرات بهێڵێتەوە.

2-خێڵەکانی ئەموی ،دودکانلی، دالای هۆزەکانی میلان لەگەڵ دانانی عەبدوڵلا ئاغا وەک سەرۆکی عەشیرەی دیلان بۆ سەرکردانەی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە ناوچەکە رازی نین و ئەوە بوو کە 18 نەفەر لە سەرکردەکانی ئەو هۆزو خێڵانە بۆ شکات کردن لەم بارەوە دژی دانانی عەبدوللا ئاغا و چەند نەفەری تر لە رێکخراوی حیزبی دیمۆکرات و دامودەزگاکانی دەوڵەتی کوردی بۆ شکات کردن چونەتە مەهاباد.

3- کوردەکانی هۆزی بروکانلی و خێڵی میلان دژی دانانی حەیدەر ئاغا /کە سەرۆکی هۆزی عەشیرەی میلانە/ وەک سەرۆکی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتن و ئەوانە داوای کۆمیتەیەکی سەربەخۆ بۆ کوردەکانی بروکانلی دەکەن.

ئەو بارودۆخەی کە دروست بووە پەیوەندی نێوان هۆز و خێڵە کوردەکان تێکچووە و لە ماوەی ئەم چەند مانگە چەند روداوی کوشتن لە سەر دوژمنایەتی کۆن لە ناو کوردەکانی جەلالی رویداوە. بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی سەرەوە چاوەڕێی دەستوری نوی لە لایەن رێبەرانی کورد لە مەهابادەوە دەکرێت.[1]

## لە راپۆرتی جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکو موورادیان 20ی مارتی 1946

1946/3/19 نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە مەهاباد حاجی سەعید موحەمەد سەعید و مەلا موحەمەد ئەمین عەبدی هاتنە کونسولخانەی ئێمە. ئەوانە بەمنیان وت کە لە مەهابادەوە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک بۆ چارەسەرکردن و رێکخستنی دامودەزگاکانی حیزبی و دەوڵەتی لە ناوچەی ماکو و خوی هاتوون.

[1] هەمان سەرچاوە ل 80-85 .

حاجی سەعید رایگەیاند:

قازی موحەمەد سەرۆکی ح.د.ک لە مەهاباد پێی راسپاردوین کە بۆ چارسەرکردنی بارودۆخی کوردەکانی ناوچەی ماکو و هەروەها بۆ نەهێشتنی دووبەرەکی لە ناویاندا بێن بۆ ئێرە و من هەمووو هەوڵی خۆم بۆ جێبەجێ کردنی دەستوری ناوبراو بەکار دەبەم.

لە وەڵامی پرسیاری من کە لە کوێ ئەوانە دەیانەوێ ناوچەیەک بۆ دامودەزگاکانی خۆیان هەڵبژێرن. حاجی سەعید وتی:

من جارێ تەنیا دەستوری ناوەندم پێیە کە دامودەزگاکانی حیزبی و دەوڵەتی بۆ کوردەکانی ماکو لەو گوندانەی کە کوردی تیا دەژین رێکبخەم. لە شاری ماکو و گوندە ئازەریەکان ئێمە دامودەزگاکانی کوردی تا دەستورێکی تایبەتی لە لایەن رێبەرایەتی کوردەوە لەم بارەوە نەدرێت دانامەزرێنین. ئێمەی کورد داوا دەکەین کە ماکو و خوی و رەزائیە سەر بە کوردستان بن و بەڵام ئەم پرسیارە هێشتا چارسەر نەکراوە و قازی موحەمەد دەگەڵ سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی ئازەربایجان پێشەوەری لەم بارەوە لەو وتووێژ دان تا چارسەر کردنی ئەم کێشەیە ئێمە دەبێ ئەو دامودەزگایانەمان لە گوندە کوردنشینەکاندا هەبێت کە تەواوی کوردەکانی ناوچەی ماکو سەربە ئەم داموودەزگایانە دا دەبن. من بە حاجی سەعیدم وت کە چەند شکات لە لایەن جوتیارە گوندنشینەکانی ناوچەی (شوت) موە لە دەست کوردەکانەوە بە ئێمە گەیشتوە کە لە سەر گیا و زەویوزار کوردەکان دەستەرێژییان لێ دەکەن و داوام لێ کرد کە دژی ئەو کوردانە هەنگاوی کۆنکریتی هەڵبگرێت. ئەویش بەڵێنیدا کە نەهێڵێت شتی وا دوپات بکرێتەوە، پاشان حاجی سەعید وتی کە ئەو لەمێژە بۆ ئازادی کورد لە دەست رژێمەکانی ئێران و تورکیاوە خەبات دەکات و لەم بارەیەشەوە بۆ گەیشتنی بەو ئامانجە چەند ساڵێک خەباتی نهێنی لە ناو کوردەکانی موسڵ و عێراق و دیاربکر و شارەکانی تری تورکیا کردوە. لە وەڵامیدا من هیچم نەوت.

مورادیان لە راپورتێکی تردا سەبارەت بە باروۆخەکە دەنوسێت کە عەلی قولی خان لە لایەن دەوڵەتی تەورێزەوە کراوەتە فەرمانداری ماکو. کوردەکانی هۆزی شکاک هەڕەشە لە ئازەریەکان دەکەن. عومەر خانی شەریفی رێبەری شکاکەکان دەستی داوەتە کرین و کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی.[1]

---

1 - هەمان سەرچاوە ل 86، 87 ، 94.

## لە وتوویژەکانی سکرتێری کۆنسوڵخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە ماکو ئەڵڵەوەردیف 25ی مارتی 1946

14ی مارتی ئێمساڵ لە شاری خوی چاوم بە دانیشتوانی گوندی کیلدور سەربە ناوچەی خۆی فەرجزادە هەروەها فەرهاد پورئیسماعیل، فەیزولازادە و دانیشتوی گوندی کەینار (چینار) فەرمان سولیمان و عەبدولا ئوغلی کەوت. ئەوانە هەموویان شکاتیان لە کوردەکانی ئەم گوندانە دەکرد کە تەنگیان بە جوتیارە ئازەربایجانەکانەوە هەڵچنیوە و دەڵێن کە سولیمان بەگ لە ناوەندی فیورالی ئەم ساڵ لە مەهاباد گەراوەتەوە خوی بە فەرماندەی ژاندرمە کوردکانی تەواوی ناوچەی خوی راگەیاندوە و دەستی بە زۆر و زۆرداری دژی ئەندامانی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان کردوە لە دانیشتوانی ئازەری گوندەکانی کێلە و کینار بە زۆر هەرەشەی لێ کردون کە ببنە ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ناوی خۆیان لەم پارتیە بنوسن. بە تەواوی ئەو کەسانە کە ناوی خۆیان دەنوسن سولیمان بەڵێنی داوە کە لە دانی ماڵیات و خزمەتی سەربازی و هەروەها تالأن کردن لە لایەن کوردەکانەوە ئازاد دەکرێن و جوتیارانی گوندەکانی کێڵدر وەک عەلی ئەشرەف، ئیسماعیل مەحەمەد کەریم و ژمارەیەکی تر کە ئامادە نەبوون ناوی خۆیان بنوسن بچنە ژێر ئەم بارەوە لە لایەن کوردەکانی سولیمانەوە بەشێوەیەکی بێبەزەیانە لێ دەدرێن.

سولیمان باندێکی چەکداری لە ئازەربایجانیەکان بە سەرۆکایەتی مەمەد جەعفەر قولی ئوغلی پێکهێناوە کە بەروچەکی نوێنەرانی دیمۆکراتە ئازەربایجانیەکانی لە گوندی قار سەر بە ناوچەی خوی دەرئەکات و سوکایەتی بە جوتیارەکان دەکات. جوتیارانی گوندەکانی کێلەوەر و کینار کە توانای بەرەنگاری ئەم کردەوەیەی سولیمان نایەن لە گوندی رادەکەن. فەرەحزادە عەشق عەلی ووتویەتی کە کۆمیتەی خوی پارتی دێمۆکراتی ئازەربایجان و فەرمانداری خوی چەند جار شکایەتی جوتیارە ئازەربایجانیەکانیان پێ گەیشتوە بەڵام بە بێ وەڵام ئەم شکاتانەیان هێشتوەتەوە. لە بەر ئەوە چەند جار سولیمانیان بانگ کردوتە شاری خوی بەڵام نەهاتوە.

وەتویەتی تەنیا کاتێک ئامادە دەبێت کە فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت داوای لێ بکات. جوتیارەکان داوایان کردوە کە دەستدرێژی سولیمان و پیاوەکانی پارێزگارییان

لێ بکرێت لە چاو پێکەوتنمان لە گەڵ جوتیارانی دوو گەلی ناوبراو پێمراگەیاندن کە سەبارەت بە کێشەی نێوان ئازەربایجان و کورد ئەوانە دەبێ بڕۆنە لای دەسەڵاتدارانی خۆجێیی و فەرماندەی هێزەکانی ئێمە دەسەڵاتی چارسەر کردنی کێشەی ئەوتۆی نیە.

تێبینی: رووداوی ئەوتۆ کاتێک کە نوێنەرانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە رێگای بەڵێن و گوشار و زوڵم و زۆر هەوڵ ئەدەن کە ئازەربایجانیەکان بکەنە ئەندامی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە گوندەکانی ناوچەی خوی و ماکو زۆر بیندراوە و هیچ وەڵامیکیان یا چارسەرێکیان لە لایەن ناوەندی خۆیانەوە پێی نەگەیوە و لەم بارەوە هیچ چالاکێکیان بۆ چارسەری پەیوەندی نێوان ئازەربایجان و کوردەکاندا نەکردوە و هیوادارن کە فەرمانبەرانی ئێمە پێشی پراواکاسیون و رێگری کوردەکان بگرن.

## لە وتوویژی سکرتێری کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت لە ماکو ئەڵڵەوەردی یڤ.ت.ئا 28ی ئاپریلی 1946

لە کاتی سەردانەکەم بۆ شاری خوی لە نێوان 17-14 ئاپریلی ئەم ساڵە دوو وتوویژم لەگەڵ کوردەکانی قوتور(نوێنەری پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە قوتور سەعید سولتانە) هەبووە.

سەعید سولتان وتی کە کوردەکان بە دەرچونی هێزەکانی سوپای سور لە ئێران زۆر پەرۆشن لە بەر ئەوە کوردەکان لە سایەی سەری سوپای سورەوە ئازادییان دەستکەوتوە و خۆیان بە ئەمەککباری دەزانن. بۆیە بە دەرچونی سوپای سور ناوبراو وتی کە مەترسێکی گەورە لە سەر ئەو ئازادیەو ئەو دەسکەوتانەی کە گەلی کورد بە دەستیهێناوە لێ دەکرێت و لە لایەن رژێمی ئێرانەوە هەرەشەی لێ دەکرێت و هەروەها لە لایەن دەوڵەتی تورکیاشەوە بە رێگای باندە کوردەکانەوە ئاژاوە دروست دەکرێت.

سەعید سوڵتان هەروەها باسی ئەو هەنگاوانەی کرد کە بە دەستوری ناوەندی کوردستان لە مەهاباد بەتایبەتی کۆکردنەوەی هێزە کوردەکان بۆ پاراستنی سنوری ئێران – تورکیە ئامادە کراون کرد. بە گوێرەی قسەکانی ئەو سنوری نێوان تورکیا – ئێران لە ناوچەی قوتور لە لایەن هێزە کوردکانەوە دەپارێزرێن و هێزی کورد جێگای ئەو پیگەیانەیان گرتوەتەوە کە لە لایەن سوپای سورەوە چۆڵ کراون. سەبارەت بە

پەیوەندیەکانی دوو لایەنەی کورد لەگەڵ دانیشتوانی ئازەری سەعید سولتان وتی کە بە دەستوری قازی محەممەد ئەوانە لە کاروباری ئازەربایجانیەکان دەست تێوەردان ناکەن بەڵام لەم دوایانەدا ژمارەیەکی زۆر لە جوتیارەکانی ئازەری داوایان لە کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە قوتور کردوە کە ئامادەن ناوی خۆیان لەم حیزبە بنوسن. لە وەڵامی پرسیاری من کە بۆچی ئازەریەکان دەیانەوێ ناوی خۆیان لە پارتی کوردی بنوسن و ژمارەیان چەندە؟ ناوبراو بەنارەزایەتیەوە وەلامی دایەوە کە نزیکەی دەهەزار نەفەر داواکاریان لەم بارەوە نوسیوە بەڵام تەنیا 124 نەفەر کارتی حیزبی یان پێدراوە. هۆی سەرەکی کە ئازەربایجانیەکانی پاڵپێوە ناوە بینە ریزی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە بە وتەی سەعید سوڵتان ئەوەیە کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان پرۆگرامی پارتیەکەی خۆیان زیاتر جێبەجێ دەکەن و یەکێتی لە ناو ریزەکانی زیاترە تا کۆ پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان و باوەر و هیوایان زیاتر بە یەک ئەگەربێتو و شەری چەکداری دەستی پێ بکرێت. کوردەکان کە خاوەن چەکدار و ورەی جەنگاوەرین تا سەرکەوتن خەبات دەکەن.

وتەکانی سەعید سوڵتان لەگەڵ دەستورەکانی قازی موحەمەد بەتایبەتی سەبارەت بە راکێشانی ئازەریەکان بۆ ناو پارتی کوردی یەکناگرێتەوە کە لەراستیدا ئەم کردوەیە دەست تێوەردانی کورد لە کاروباری ئازەریەکانە و ئەم کردوەی کوردەکان بۆبە بیانوی بلاوکردنەوەی ئەو دەنگوباسە کە کوردەکان دەیانەوێ چەند گوند و شاری ئازەری داگیر بکەن و دەسەلاتی خۆیان لەوێ بچەسپێنن. سەعید سوڵتان لە وەڵامی ئەم وتانەی من وتی: ئێمە هیچ کاتێک بیرمان لە داگیر کردنی شار و گوندی ئازەریەکان نەکردوتەوە و بە سەریاندا دەسەلات بەرێوە بەرین. بە پێی پرۆگرامی ئێمە ئازەری و کورد برای یەکن و ئەم دەنگوباسانە لە لایەن ئەو کەسانەوە بڵاو دەکرێنەوە کە نایانەوێ کورد و ئازەری دۆستی یەک بن بەڵام ئەگەر قازی موحەمەد لەم بارەوە دەستورمان پێی بدات ئامادەی جێبەجێ کردنی دەبین. لەبەر ئەوە درەنگە ئیتر دەبێ کوردەکانیش ترتیوریای (خاکی) خۆیان هەبێت و بۆ ئەوەی بتوانین تا لە کاتی پێویست لەو پەری توانا و هێزەوە بەرگری لێ بکەین. هەست دەکرێت کە سەعید سولتان نارازی ئەوەیە کە هێشتا کێشەی ترتیوریای (چوارچێوەی) کوردستان دیاری نەکراوە

و ئەو لایەنگری ئەوەیە کە لە چوارچێوەی کوردستان ئەم شارانەی خوارەوە بن: رەزائیە، شاپور، خوی و ماکو.

بەڵام سەعید سوڵتان وتی کە تا وەرگرتنی دەستوری قازی موحەمەد بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ئاژاوە و قسە هەڵبەستن بۆ کوردەکان ئێمە وازمان لە ناو نوسینی ئازەربایجانیەکان بۆ ناو حیزبی دیمۆکراتی کوردستان خۆ بپارێزین و کۆتایی پێی بێنین و من لەم رۆژەوە بەولاوە دەستور دەدەم کە پارتی دێمۆکراتی ئازەربایجان و رێکخراوەکانی تر بگەرێنەوە. لەم بارەوە منیش داوام لێکرد کە بۆ خوی /سەعید سوڵتان/ بۆ وتووێژ لەگەڵ بەرپرسی کۆمیتەی فیرقەی ئازەربایجان و هەروەها لەگەڵ فەرمانداری شاری خوی سەردانی ئەم شارە بکات. سەعید سولتان داوای کرد کە بواری بدەن بە دەستوری کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە شاری خوی بە بۆنەی دەرچونی سوپای سور میواندارێک بە ناوی شامی مالئاوایی( ئێوارە خوان) لە ئەفسەرانی سوپای سوری پادگانی خوی بکرێت و لە رۆژی دەرچونی سوپای سور دووسەد سوارەی کورد تا سەر سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵیان بچن و گوایا لە بەر گێرە و کێشە کە لەوانەیە لە رێگا دا توش ببن وەک خواردن و تفاق بۆ هێزی سوپای سور و بەخێو کردنی ئەسپەکان. منیش پێشنیارم پێکرد کە سوپای سور تا سەر سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەت بەرێ نەکەن، بەڵام رێکخستنی شامی ماڵئاوایی بەسە و تەنیا بەرێ کردنەکەیش لە شار بێت. لە کۆتایی وتووێژەکەدا سەعید سولتان داوای کرد کە ئاگامان لە کوردەکان بێت و یارمەتی بدرێت کە ئەو دەنگوباس و ئاژاوانە کە گوایا کوردە چەکدارەکان پاش دەرچونی سوپای سور خۆیان بۆ هێرشهێنان بۆ سەر شاری خوی و داگیر کردنی ئامادە کردوە نەهێڵێت.

تێبینی: لە شاری خوی 12 ئاپریل پرافاکاسیونێکی بڵاو کرایەوە کە دوای بەجێهێشتنی شاری قوتور لە لایەن سوپای سورەوە کوردەکان داگیری دەکەن. مەبەست لەم پرافاکاسیونە و پەروش کردنی دانیشتوان و ئاژاوەنانەوە و تێکهەڵچون نێوان کورد و ئازەری لە دوایین رۆژەکانی مانەوەی سوپای سور لە شاری خوی دایە. لەم ئاژاوەنانە فەرمانداری خوی دەستی هەبوە /هەروەها ئێرانیەکانیش بەشدار بوونە/ فەرمانداری خوی کە نەیتوانیوە بەرنگاری ئەو بارودۆخە بێت بۆ راپۆرتدان بە

دەوڵەتی ئازەربایجان و هەروەها وەرگرتنی یارمەتی و هێزی چەکدار چوەتە تەورێز بەڵام بەو هەنگاوانەی کە ئێمە هەڵمان گرت ترس و پەرۆشی خەڵکی شار نەما. لەکاتی گەرانەوەی فەرماندار لە تەورێز جێگری وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی ئازەربایجان نوراسە خانی ئیکانی لە 18ی ئاپریلدا لە شار هێمنایەتی تەواو چەسپا.[1]

## سەبارەت بە چەکدارانی کورد و عەشیرەتە کوردکانی ماکو 11ی مارتی 1946

کوردەکانی ئێرە بە سێ عەشیرەی بچوک دابەش دەکرێن. عەشیرەی جەلالی دووهەزار بنەماڵەن میلان هەزاروهەشتسەد و زیلان چوارسەد بنەماڵەن، بۆ وێنە عەشیرەی جەلالی بە 7 قەبیلە و هەر قەبیلەیەکیش 15-16 تایفە و عەشیرەی میلان بە 13 قەبیلە و هەر قەبیلە بە 10-12 تایفە و زیلان بە دو قەبیلە و هەرکام لەوانە بە 5 تایفە دابەش دەکرێن./هەرکام لەم عەشیرانە بە قەبیلە و هەر قەبیلە بە تایفە و هەر تایفە بە ژێرتایفە دابەش دەکرێن/.

1ھ .س.ل116 - 117

| ژمارەی فیشەک | چۆنیەتی چەک | چۆنیەتی چەک | تایفە | تایفە | عەشیرەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی بنەماڵە ناو | ژمارەی بنەماڵە ناو | ژمارەی بنماڵە ناو |
| 11000 | 85 | تفەنگ | | 350 خەلیکانلو | 2000 جەلالی |
| 11000 | 95 | رەشاش | | 200 قیزلباش | |
| 13200 | 100 | رەشاش | | 350 سەکان | |
| 13000 | 45 | رەشاش | | 200 جینیکانلی | |
| 3000 | 90 | رەشاش | | 100 کاندیکانلی | |
| 8000 | 95 | رەشاش | | 350 بەلیخکانلی | |
| 10000 | | رەشاش | | 350 وسیرکانلی | |
| 7000 | 100 | رەشاش | | 100 عەلیمەعولی | |
| 4000 | 70 | رەشاش | 50 حەسو | | |
| 3000 | 50 | رەشاش | خەلیف | | |
| 4000 | | رەشاش | 40 عەتائیلی | 200 شیخکانلی | 1800 میلان |
| 3000 | 60 | رەشاش | | 100 کوردوی | |
| 3000 | 35 | رەشاش | | 100 کاچالانی | |
| 2500 | 30 | رەشاش | | 100 مینەالەکی | |
| 3000 | 40 | رەشاش | | 150 عەموی | |
| 2250 | 25 | رەشاش | | عەموی | |
| 1000 | 20 | رەشاش | 60 کولیکانلو | عەموی | |
| 2000 | 45 | رەشاش | 40 دەلایی | عەموی | |
| 10000 | 120 | رەشاش | 70 دولوکانلو | 200 بروکی | 400 زیلان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 10000 | 100 | رەشاش | 200 حەیدەرانلو |
| 124000 فیشەک | 1350 تفەنگ | ([1]) | |

## بیۆگرافی عومەر خانی شەریفی یا عومەر ئاغای شۆکاک

تەمەنی نزیکەی 55 ساڵە، سەرۆکی عەشیرەی شۆکاکە و لە گوندی زەندەشت سەر بە بەخشی (ناحیەی) شاپور سەر بە شاری ماکو دەژێت. لە سەردەمی رەزاشا بە تاوانی بەشداری کردن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێران و تورکیا کە لە لایەن پارتی خۆی بونەوە رێکخرا بوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی رژێمی ئێرانەوە بەند دەکرێت کە چەند ساڵێک لە گرتوخانەکانی ئێران ژیانی بردوەتە سەر.

بە گوێرەی چەند کوردێکی ناسراو عومەر خان لە ماوەیەکی زۆر پەیوەندی بە دەسەلاتدارانی ئێران و ئینگلیسەوە هەبوە. دوو ئالیزم (سەر بە دوو لایەن بون)ی عومەر خان لە بەشداری چالاکانەی حیزبی کوردی سەر بە ئینگلیزی کۆمەلە (ژێکاف) لە 1945 دەردەکەوێت، کە ئەم پارتیە بە نهێنی و بە چاوپۆشی کاربەدەستانی ئێرانی پێکهاتوە.

عومەر خان وەک مرۆڤ فێڵباز، تەردەستێکی باشە لە تەواوی روداوەکانی ئێران و جیهان ئاگادارە. لە قسە کردن دا حەز ئەکات قسە فری بدات بۆ وێنە باسی (بەیانیەی ئاتلەنتیک) وەتە دەکات. توانیویەتی زۆربەی پیاوەکانی عەشیرەی خۆی چەکدار بکات /واتە عەشیرەی شۆکاک/ کە هەشت سە د بنەماڵەی لە ژێر دەستە کە لە سەدا پەنجای نێرینە و پیاون، چەکدارن و حەز لە چەک ئەکەن بەتایبەت بۆ تالآن و رێگری و پەلاماری شەوانە بۆ سەر دانیشتوانی ئازەری پێویستیانە. عومەر خان هەمیشە لایەنگری یا حەزی لە میتۆدی ئەوتۆ بۆ دەولەمەند بونی خۆی بووە و لە هەموو بارێکەوە لەم بارەوە پشتیوانی لە برا کوردکانی خوی دەکات. عومەر خانی شەریفی بە یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی عەشیرەی خوی دەژمێردرێت واتە ملیۆنێرە.

ناوبراو تجارەتی گەورەی مەرومالآت دەکات، چەکێکی زۆری هەیە و سەروسامانی خۆ و خزمەکانی زۆرە، دەورورێزێکی زۆری لە ناو خێڵی شۆکاک دا هەیە و تەنانەت لە ناو خێڵەکانی جەلالی و میلان و زیلان لە ناوچەی ماکو.

---

[1]- ه .س.ل 69-71

لەم کاتەدا عومەر خانی شەریفی بە یەکێک لە دەستپێشخەرانی دروستکردنی پارتی دیمۆکراتی کوردی دادەنرێت.

سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکو سەلومین 1946 ([1])

## رۆژژمێری روداوە سیاسیەکانی ناوچەی ماکو لە مانگی مای 1946

نوسینی جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکو سەلومین و سکرتێری کۆنسولخانە ئەشومردییێف لە سەر داخوازی ناوەندی کوردی لە مەهاباد لە نێوان 5 تا 10ی مانگی مای ئیمساڵ هەزاروپێنجسەد چەکداری و ناوچەی ماکووە بەرەو مەهاباد بەرێ کەوتوون، لەگەڵ ئەم چەکدارانە تەواوی سەرکردە و رێبەری خێڵ و هۆزەکانی کورد رۆیشتوون بۆ مەهاباد. تا ئێستا هیچ هەواڵێک لە سەر گەرانەوەی ئەم چەکدارانە و هەروەها ئەنجامی ئەم رۆیشتنەیان بۆ مەهاباد نەزانراوە.

لە 7-23 مای لە گوندی مەرگین (مەرگیان) کۆلاکی(زەویندار) گەورە و کۆنەپەرست مەشهەدی حەسەن قولی گەنجێکی 16 ساڵەی لە خێڵی میلان کوشتوە و بە وتەی مەشهەدی حەسەن قولی هۆی کوشتنی ئەو کوردەی لە بەر ئەوە بوو کە گوایا مەروماڵاتی لە سەر زەوی و زاری وی لەوەراندوە، وا پێیدەچێت کە کوشتنی ئەو لاوە کوردە بۆ ئاژاوە نانەوە و هەڵگیرساندنی شەڕ نێوان کورد و ئازەربایجانیەکانە. لە وەلامی ئەم کوشتنەدا کوردەکان هێرش ئەکەنە سەر گوندەکە و بەشێک لە مەروماڵاتی ئەو گوندە تاڵان دەکەن و جگە لەوەش لە سەر رێگای گوندی مەرگین بۆ خۆی چەند ماڵە جوتیاریکیش تالان دەکەن. دەسەڵاتدارانی خۆجێیی بکوژ و چەند کەس لە بەشدارانی ئەو تاوانەیان گرتوون و بریارە لە ماکو بە هاتنی نوێنەری تەورێز دادگایی بکرێن. کوردەکانی خێڵی ئەو کوژراوە رایانگەیاندوە کە ئەگەر بێتو سزای توندی ئەو بکوژە نەدرێت بۆ خۆیان بە پێی داب و نەرێتی کوردەواری مەشهەدی قولی بە سزا ئەگەینن.[1]

[1] ھ .س.ل 73

[1] ھ .س.ل 123

## راپۆرتی سکرتێری کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت لە ماکو ئەلله وەردییڤ

7ی مانگی مای 1946 کۆنسوڵی ئینگلیس لە تەورێز هاتە خوی و لەگەڵ فەرمانداری ئەم شارە دیداری کرد و مەبەستی وی لەم گەشتە روون کردنەوە ئەم پرسیارانە بوو:

1- ئازەربایجانیەکان چییان لە دەوڵەتی ناوەندی دەوێت.

2- ئەگەر بێتو نێوان ئازەربایجان و دەوڵەتی تاران شەڕ دەست پێ بکات ئایا ئازەرییەکان دەتوانن بەرەنگاری بکەن.

3- پەیوەندییەکانی کورد و ئازەری چۆنە؟

4- ئایا ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی هێرش بکاتە سەر ئازەربایجان کوردەکان پشتیوانی لە ئازەرییەکان دەکەن.

5- سنورەکانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان لە چ شوێنێکا دیاریکراون و بۆچونی رێبەرانی کورد لەم بارەوە چییە؟

6- بارودۆخی شار دوای دەرچونی سوپای سور چونە؟

بۆ وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانە لە لایەن ئەحمەدییەوە درایەوە و تێدا داخوازە رەواکانی گەلی ئازەری و توانای گەلی ئازەری بۆ وەستان تا گەیشتن بەم مافەدا رون کردوەوە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کورد و ئازەری ئەحمەدی وتی برایانەیە و خەباتی هاوبەشی ئەوانیش بۆ گەیشتن بە دیموکراسی و ئازادی لە سەرانسەری ئێرانە.[1]

### کورتە نێوەرۆکی راپۆرتی ساڵانەی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکو لە ساڵی 1945 لە لایەن سیمانینکەوە نوسراوە 1946/5/31

چالاکی حیزبی تودەی ئێران و هێزە دیموکراتیەکان و لایەنگری لە سۆڤیەت لە ناوچەکەدا پەرەدەستێنێت، بڵاوکردنەوەی رۆژنامە (وەتەن یولندا) بە زمانی ئازەری لە لایەن سوپای سورەوە لە ناوچەکەدا بەردەوامە و جێی خۆی کردوەتەوە.

---

[1] هـ.س.ل 125 و 126

چالاکی و کاری پروپاگەندەی حیزبی دیمۆکراتی ئازەربایجان بو ماکو و خوی بەهاتنی شەبۆستەری /کە یەکێک لە دەستپێشخەرانی دروستکردنی ئەم حیزبە لە تەوریز بووە و ئێستا سەرۆکی مەجلیسی ئازەربایجانە/ کە ئەگەرێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی 1945 دەستی پێکرد.

لە 15-17ی مانگی دیکابری 1945 کۆمیتەکانی خۆجێیی ناوچە دەستیاندایە چەککردنی هێزەکانی پۆلیس و ژاندارمێری و سوپای ئێران لە شارەکانی خوی و ماکو کە بە چەک کردنی ئەوانە دەسەلآت کەوتە دەستیان. بەرهەمی کشتوکاڵ و دانەوێڵە لە 1945 لە چاوی ساڵی رابوردودا کەمتر بوو لەبەرئەوە باران لە پاییزی 1944 و بەهاری 1945 کەمتر بوو بەڵام سەرەرای ئەوەش 35 هەزار تون بەرهەمی زیا لە پێویستەکانی ناوچەدا هەبوو. ژمارەی مەر و ماڵات لە ناوچەکەدا دەگاتە یەک ملیۆن کە لەم ژمارەیە دا کوردەکان ئەم ژمارەیان هەیە: چلوپێنج هەزار مالاتی شاخدار و پێنجسەدونەوەت هەزار (590000) مەرو مالآتی وردو پانزدە هەزار ئەسپە کە 65 هەزار پەز و مالاتی وردی شاخدار لەگەڵ شەش‌سەد تون خوری و پەشم و سێ‌سەد تون میوەی وشک و سەد تون رۆن نێردراوەتە دەری (بۆ ئێکسپۆرت) لە ناوچەکەدا دو کارخانەی پاک کردنی پەموو هەیە کە شەورۆژ 10-12 تون پەموو پاک دەکەن و هەروەها یەک کارخانەی دروستکردنی خواردنەوەی ئەلکحولی(مەشروب) هەیە کە لە مانگێکا هەزار لیتر ڤۆدکا یا عارەق بەرهەمی هەیە.

دەزگایەکی ئێستگەی کارەبا لە خوی و کارخانەی دروستکردنی سابون لە خوی و کارخانەی خشت دروستکردن/کە رۆژانە هەزار خشت دروست ئەکا/ و یەک چاپخانە و تا 40 دەزگا و کارگەی وستایی وەک پینەچی و دورین (خەیاتی) و چەلەنگەری و هتد هەیە.

## سەبارەت بە تەندروستی:

لە ناوچەی ماکو و خوی تەنیا 3 دوکتۆر و 11 فەرمانبەری تەندروستی هەیە و دوو دەرمانگا و نەخۆشخانە هەیە. بەڵام بە گوێرەی پێویست دەزگا و داوودەرمانیان نیە. جێگری کۆنسولی کۆنسولخانە دەڵێت کە یارمەتی پزیشکی بۆ دانیشتوی گوندنشینەکانی نیە. سوپای سوری ئێمە یارمەتیکی بەرچاوتان لەو بوارەدا داوە. بە

درێژایی ساڵی 1945 یارمەتی دووهەزارو پێنج سەدوچل و حەوت نەخۆشیان داوە کە زۆربەی نەخۆشەکان توشی مالاریا بوونە. دوکتۆرەکانی سوپای سور هەروەها پروپاگەندەیەکی زۆریان بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە ئینفیکسیونەکان لە ناو خەڵکدا کردوە.

## سەبارەت بە پەروەردە:

ئاستی پەروەردەیش وەک تەندروستی زۆر خوارەوەیە: لە راپۆرتەکەدا ژمارەی قوتابخانە و قوتابیان نەهاتوە بەڵام ئەو پارەیەی کە بۆ ئەم بوارە تەرخان کراوە زۆر زۆر کەمە و جگە لەوەش ئەم پارەیەش بە پێی پلان و لەکاتی خۆیدا ناگات و یا نادرێت. لە وەرزی زستاندا وەک باوە لەبەر نەبوونی دار بۆ سوتەمەنی قوتابخانەکان دادەخرێن. دوای هاتنە سەر دەسەلاتی دیمۆکراتەکان بایەخی زۆرتر بە کاروباری پەروەردە دەدرێت و قوتابخانەکان لە باری سوتەمەنی و هەروەها بە قوتابیە هەژار و نەدارەکان جل و بەرگ و خواردەمەنی دەدرێت بڕیارە پەرە بە قوتابخانەکان لە خوی و ماکو بدرێت و لە مانگی دیکابری 1945وە خوێندن لە قوتابخانەکان بە زمانی ئازەریە.

## کوردەکانی سەر بە ناوچەی ماکو و رێکخراوە سیاسیەکانیان:

ژمارەیان 30 هەزار نەفەرە. سەرکردەی هۆزی جەلالی شێخ عەبدلقادر وەی میلان عەبدوڵا ئاغا قەرەمان و هی زیلان حەیدەر حەیدەری و هی شۆکاک عومەر خانی شەریفی و هی کوریسانی عەسکەر ماهین و تەنیا لە سەدا دە تا پانزەیان کۆچەرن. کاروباری زۆربەی دانیشتوانی کوردی ناوچە کە ئاژەڵداریە و تەنیا ئەو کوردانەی کە کۆچەر نین خەریکی کشتوکاڵن.

لە مانگی ماری 1945 دا رێبەری هۆزی شۆکاک عومەر خانی شەریفی سەرکردەی تەواوی هۆز و خێڵە کوردەکانی ناوچە کۆدەکاتەوە و لەم کۆبوونەوەدا سەبارەت بە دروستکردنی رێکخراوی پارتی کۆمەڵەی /ژێکاف/ لە ناوچەکەدا قسەیان بۆ دەکات و بەشدارانی کۆبوونەوەکە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەم پارتیە (بە ئاگاداری و بە پشتیوانی دەوڵەتی سۆڤیەت) دروست دەکرێت کە مەبەستی ئەم پارتیەش بۆ

سەربەخۆیی کوردستان یا ئۆتۆنۆمی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەیە کە کوردستانیان بە سەردا بەشکراوە. عومەرخان هەوڵیداوە تەواوی کوردی ناوچەکانی ماکو و خوی بۆ ئەم مەبەستە راکێشێت بەڵام لە ئەنجامی چالاکی کۆنسوڵخانەی ئێمە لەم بارەوە ئەم هەوڵدانەی عومەر خان سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا و نەمانهێشت.

هەروەها پاش ئەوەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی دروست بوو وا بڵاوە کە گوایا بە پشتیوانی دەزگاکانی سۆڤیەتی ئەم پارتیە دروستکراوە. ژمارەی ئەندامانی ئەم پارتیە تا یانوری 1946 لە ناوچەکەدا دەگاتە هەشت هەزار نەفەر.

پەیوەندی نێوان پارتەکانی کوردستان و ئازەربایجان هێشتا چارەسەر نەکراوە. بەرپرسانی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان بەرگری لە هاتوچۆی کوردەکان لە ناوچەکەدا دەکەن و بۆ هاتنیان داوای ئیجازەیان لێ دەکەن کە کوردەکان ئەم ئیجازەیان نیە. هەروەها جیاوازی و گێرە و کێشە لە نێوان کورد و ئازەریەکان لە بواری دەسەڵات و دەوری هەردوولا لە ناوچەکەدا هەیە جگە لەوەش لە باری خزمەتی سەربازی(سەرباز وەرگرتن) و هتد گێرە و کێشەیان هەیە. لە راپۆرتی ساڵانەدا راستی ئەو گێرە و کێشانەی نێوانیان نوسراوە /بروانە لاپەرەکانی 57 و 77/ بەڵام ئێمە لەو باوەرەداین کە پەیوەندییەکانی دوو پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان و کوردستان ئاسایی نیە.[1]

### لە نامەی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکو لە رێکەوتی 11ی ئەیلولی 1946 بۆ: سەرۆکی بەشی کۆنسوڵەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکێتی هاورێ بیلیایڤ

کۆپیە بۆ: بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراستی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت
بەشی کادرەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت
سەفیری یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران هاورێ سادچیکوف
ژەنراڵ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز هاورێ کراسنیخ

---

[1] هـ.س.ل 127-135

من لە راپۆرتەکەی خۆمدا شتێکم لە بیر کردبوو ئەویش ئەوەیە کە دوو سکرتێری نەزان و نەخوێندەوار سەرەرای کاروباری رابوردویان واتە یەکێک لە وانە موراديان ئارام قەرەپێتویچ کە نزیکەی سێ ساڵە لە ماکو ئیش ئەکات و کارێکی گرنگی پێ راسپێردراوە /و کارمەندێکی گەورە ی(ن.ک.و.د. یە) واتە فەرمانبەری وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت و نوێنەری پارلەمانی ئەرمینیا لە پارلەمانی یەکێتی سۆڤیەتە/ و ئەویتریان ئەللوەردییەف توفیق عەلی حەیدەر ئوغلییە کە کۆرسەکانی(خولی) تایبەتی وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەتی خوێندوە لەگەڵ سکرتێری یەکەمی سەفارەتخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران واتە کازانسکی وکۆنسولی یەکێتی سۆڤیەت لە رەشت مالینکوڤ دەرسی خوێندوە و بە وتەی خۆی گوایا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی کومسەمولی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بووە و قسەکەری (وتەبێژی) دووهەمی ئازەری و باشترین لێزانی زمانی روسی لە کۆماری ئازەربایجان بووە و بە قسەی خۆی وا دەرئەخات کە هێندەی نەماوە بڵی یەکەم کەسی باوەر پێکراوی هاورێ باقیروڤ بووە.

هەموو ئەمانە لەو رۆژەوە کە هاتومەتە ماکو وای لێ کردوم کە بڵێم کاروباری ئاسایی ناوچەکە لە لایەن ئەوانەوە باش بەرێوە ناچێت، چەند مانگ هاتتم بۆ ماکو تواینم ئەم راستیە تێبگەم و بیروباوەری خۆم بگۆرم. [2]

## لە یاداشتی رۆژانەی سکرتێری کۆنسولخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە ماکو ئەللەوەردییڤ لە 22ی ئەیولی 1946

لە 27ی ئەیون تا 10ی ئەیولی ئیمساڵ سکرتێری کۆنسولخانەی ماکو چەند چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردەی هۆزە کوردەکان بووە کە لەوانە: لەگەڵ عومەر ئاغا سەرۆکی هۆزی جەلالی و جێگری کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کورد حەسەن ئاغا کوری شێخ عەبدلقادر – شێخ رەسول وهتد بووە.

بیروباوەر و بۆچونی ئەوانە سەبارەت بە هاتنی نوێنەری سەرکردەی کورد لە مەهابادەوە بۆ ئێرە واتە حاجی سەعید موحەمەد بەم جۆرەیە:

---

2 هە.س.ل 147

1- حاجی سەعید موحەمەد لە 8ی ئەیونی ئیمساڵ هاتە ماکو وەک نوێنەری ناوەندی کوردستان لە مەهاباد بۆ یارمەتیدانی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کورد. ناوبراو کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە کار خست و تا دوایین کات وەک دیکتاتۆرێک دەجولایەوە.

2- بە بێ ئاگاداری کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی ناوچەکە بەڵام بە دەستوری حاجی لە شاری ماکو و دانیشتوانی ناوچەکانی تر کە ناوبراو سەری لێداون بەیانی بڵاوکراوەتەوە کە تێدا گەلی کورد و ئازەری بانگ کردوە: بە رێکوپێکی وەسیەتەکانی موحەمەد بەجێ بگەێنن و بەپێی شەریعەت لە پێناوی یەکسانی و یەکێتی برایانەی گەلانی موسڵمان تێبکوشن.

3- بە دەستوری حاجی گەشتی پاسەوانی کوردی لە شار دامەزراوە کە ئەرکیان کۆکردنەوەی ماڵیات لەو کورد و ئازەریانەیە کە ناویان لە پارتی دیمۆکراتی کوردی نوسیوە /واتە لەو کەسانەی کە بەرهەم و ئاژەلی خۆیان لە بازاری ماکو دەفرۆشن/.1

4- لە ماوەی 10 رۆژ مانەوەی حاجی لە ماکو پەیوەندی بەو کەسانەوە کردووە کە هیچ پەیوەندییان بە پارتی دیمۆکراتی کوردییەوە نیە واتە لەگەڵ مەلا میرفەتاح ئاغا، میرمەحموود عیعتیسامی، موحەمەد حوسین خانی بەهلولی، ئانالی خانمی تەیموری و کوری وی والی خانی تەیموری وهتد.

جگە لەوە حاجی ویستبوی لەگەڵ بنەماڵەی خانی ماکو ببێتە خزم بۆیە بڕیاریدا کچی سەفەر عەلی خان بهێنێت بەڵام سەفەر عەلی خان سەرەرای نێوەنجی کردنی مەمەد حوسین خان و مەمەد باقیر خان قازی بەیات ئامادە نەبوو کچەکەی خۆی بداتە حاجی سەعید موحەمەد.

5- بە بیانوی کۆنترۆڵی دابەشکردنی لەوەرگا (ئالفزار) لە ناو کۆچەرە کوردەکان حاجی سەعید موحەمەد پێشنیاری بە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و ئەندامانی پارتی لە هۆزەکانی جەلالی و میلان و زیلان برۆنە گوندی قەرەعەینی سەر بە ناوچەی ماکو.

ناوبراو لەم گوندە لە ماڵی کۆنەپەرستی بەناوبانگ حاجی سوڵتان کە ئێستا لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانی ئێرانەوە گیراوە ماوەتەوە و حاجی ئەکبەر برای حاجی

سوڵتان کردوەتە راوێژکاری نزیکی خۆی. لە قەرەعەینی حاجی سەعید مەحەمەد هەڵوێستی سیاسی خۆی بە رێبەر و سەرکردەکانی کوردی راگەیاندوە و دەیەوێ لە داهاتودا بەم چەشنە بجوڵێتەوە:

1– کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان دەبێ هەمیشە گوێرایەڵی وی بێت و لە داهاتودا بە بێ‌دەستوری حاجی سەعید حوسێنی لێکۆڵینەوەی هیچ پرسیارێک نەکات.

2- تەواوی بڕیارەکانی ئەو دەبێ لە لایەن کۆمیتەی کوردیەوە بە بێ چەندو چون جێ‌بەجێ بکرێن و کۆتایی بە تەواوی ئەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ پارت و دەسەڵاتدارانی ئازەری لە ناوچەکەدا هەیە بهێنرێت.

3_ رێبەر و سەرکردەکانی کوردی ناوچە بە هیچ شێوەیەک نابێ لەگەڵ فەرمانبەرانی کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت پەیوەندییان هەبێت و بەتایبەت بۆ ئامۆژگاری و پرس کردن و هەروەها راپۆرتدان و باسکردنی بارودۆخی کوردەکان بەلایانەوە بکەن.

4– تەواوی جیاوازی و گێرە و کێشەکانی ناوخۆی کوردەکان دەبێ بە پێی شەریعەت چارسەر بکرێت نە بە پێی ترادیسیونی و داب و نەریتی کوردەواری.

5- تەواوی هەوارگە و هۆبەی کۆچەرە کوردەکان حاجی بۆ خۆی دابەشیان دەکات /ئەویش لە سەر حسابی ئازەریەکان واتە ئەو زەوی وزارانەی کە هی ئازەریەکانن بە سەر کوردەکاندا دابەش بکرێن/ وادیارە مەبەستی حاجی لەم بارەوە ئەو زەوی و زارانەیە کە دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانی لە فیئودا لە کۆنەپەرستەکانیان سەندەوە.

6- لە هەر دانە ئاژەڵ دەبێ ساڵانە پێنج قران ماڵیات وەربگیردرێت: ئەگەر بێتوو ماڵیات نەدرێت دەبێ مەر و ماڵاتەکانیان لە بەرژەوەندی دەوڵەتی کوردی دەستی بە سەردا بگیرێت.

7_ تەواوی کوردەکان دەبێ نوێژی رۆژانە بکەن و بە سەری رووت نەگەڕێن و سمێڵ دابنێن و خواردنەوەی ئەلکحولی نەخۆنەوە. لادان لەم یاسایانە بە شێوەیەکی توند سزا بدرێن.

بۆ پاراستنی ژیانی حاجی دەبێ چەکداری سوارە لە هەر عەشیرەتێک 15 نەفەر هێزێک پێک بهێنرێت و لە لایەن کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە ئەم هێزە

چەکدارە رابگیرێت و ژیان و موچەیان دابین بکرێت. هاتنەکەی حاجی سەعید موحەمەد بۆ قەرەعەینی بوو بە هۆی نارەزایەکی زۆری دانیشتوانی کورد و ئازەری ناوچەکە.

1- حاجی سەعید موحەمەد داوای لە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی دارایی قەرەعەینی کردوە کە لیستی ئەو زەوییانەی کە هی دەوڵەتە هەروەها لیستەی ئەو زەوییانەی کە فیئودالە راکردوەکان لە لایەن دەسەلاتدارانی ئازەربایجانیەوە دەستیان بە سەردا گیراوە و لەگەڵ لیستەی ئەو زەوییانەی کە هی ئازەربایجانیەکانە پێ بدات، بەڵام سەرۆکی دارایی لیستەکانی پێ نەداوە و ئەوە بوو کە حاجی بۆ خۆی دەستی داوەتە دابەشکردنی زەوی بۆ سەرۆکی هۆز و خێڵەکانی کورد بۆ وێنە: گوندی خەنداوەری داوەتە سەرۆکی هۆزی میلان عەمو ئاغا ئەموی و گوندی دزەی داوەتە سەرۆکی هۆزی جەلالی عومە ئاغا و هتد ...

2- حاجی سەعید موحەمەد بە پێی شەریعەتی ئیسلام سزای کوردێکی بە ناوی تائار(تاهیر) داوە کە گوایا 7 ساڵ لەمەوبەر کچی سەید عەبدلوەهابی هێناوە بە بێڕازی بوونی باوکی کچەکە و پێنج ساڵ لەمەوبەریش لێی جیابۆتەوە. لە سەرەتادا فەقی تائار دەگرێت و زیندانی ئەکات و تاوانی ناوبراو گوایا ئەوە بووە کە کابرایەکی ئاسایی کورد کچی (سەعید) یا (سەیدی) هێناوە، پاشان فەقی تائار پەتی لەمل دەکەن و بە رەنگی رەش رەنگی دەکەن و بە ناو گوندا ئەیگەرێنن و بینەرانی گوندنشینیش دەبوایا بە لێدان سزای لادەری شەریعەت بدەن.

3- لە کاتی دابەشکردنی هەوارگەکان حاجی سەعید موحەمەد یەکێک لە سەرکردەکانی هۆزی میلانی بە ناوی عەبدولا ئاغا حاجی قەهرەمان و کوری و براکەی گرتوون، بە تاوانی ئەوەی کە گوایا کوردیک لە هۆزەکەی خۆیان بە دەستوری حاجی هەوارگەی خۆی نەداوەتە کوردێکی تر هەر لە خێڵی میلان.

4- بۆ ئەوەی کە جیاوازی و دوژمنی زیاتر لە ناو خێڵە کوردەکان زیاتر بکات و لە بەرژەوەندی خۆی ئەم دوژمنایەتیە بە کار بێنێت حاجی سەعید موحەمەد دەیهەوی لەباتی یەک کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە ناوچەکەدا سێ کۆمیتەی پدک بە پێی بناغەی خێڵایەتی سێ یا چوار کۆمیتە دروست بکات.

5- حاجی سەعید موحەممەد کە هەندی پیاوی نۆکەر و هەڵپەرستی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەوانە لە دەوروبەری خۆیدا بهێڵێتەوە بەڵێنی ئەوەی پێداون کە لە داهاتویەکی نزیکدا پلەوپایەی لەشکەرییان پێی بدات لە دەرەجەی مایورەوە بگرە تا بەرزتریان بداتێ.

ئەو کەسانە کە لە بارودۆخی کوردەکان تێناگەن و تەنیا گوێرایەڵن لە لایەن حاجی سەعیدەوە وەک راوێژکەر و نوێنەر کەڵکیان لێ وەردەگرێت. بۆ وێنە: حەسەنی 19 ساڵە کوری سەرۆکی هۆزی میلان عەمو ئاغای کردۆتە نوێنەری خۆی بۆ وتووێژ کردن لەگەڵ کاربەدەستانی ماکو. حاجی سەعید موحەممەد کە دەیزانی کاربەدەستانی خۆجێیی و بەشێک لە کوردەکانی ناوچە لە کردەوە و هەڵوێستەکانی نارازین. نامەیەک بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان قازی موحەممەد دەنوسێت کە تێدا بە بەرزن و باڵای خۆیدا هەڵوتوە و بە تەواوی پشتیوانی لە کوردەکانی خوی – ماکو دەکات و بۆ ئەوەی کە نامەکەی جێ باوەر و متمانەی زیاتر بێت لە لایەن چەند ناودارێکی کوردەوە ئیمزا دەکرێت. کوردەکانی خێڵی جەلالی لە نامەیکدا شکایەتیان لە هەڵسوکەوتی حاجی سەعید موحەممەد کردوە کە ناوبراویان وەک نوێنەری ناوەندی کوردی قەبول نیە.

تێبینی: ژمارەیەک لە نوێنەرانی هۆز و خێڵی کوردی هاتونەتە کۆنسوڵخانەی ئێمە و داوایان لێ کردوین کە بۆ بانگهێشتن و لابردنی حاجی سەعید موحەممەد لە ماکو و خوی لە لایەن مەهابادەوە یارمەتییان بدەین. بە دەستوری قازی موحەممەد حاجی سەعید موحەممەد 18ی ئەیول بۆ مەهاباد بانگکراوە.[1]

---

[1] هـ .س.ل 152-157

## راپۆرتی سەلومین کۆنسولی سۆڤیەت لە ماکو سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە

3و4ی مانگی ئەیونی 1946 پیشەوەری سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان لەگەڵ ژمارەیەک لە وەزیران سەردانی خوی و شاپوریان کرد.

18ی ئەیونی ئیمساڵ ئەو هەزاروپێنج سەد سوارە چەکدارەی کورد کە رۆیشتبوونە مەهاباد دوای یەک مانگـونیو کە بە راسپێردراوی نیرو دا بوون بۆ ئەوێ گەرانەوە.

19ی ئەیون کاربەدەستانی خۆجێیی ئازەربایجان نامەیەکیان لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە وەرگرتوە کە تێدا بەپێی پەیمانی دووقوڵی نێوان ئازەربایجان و کوردستان لە ماکو و خوی و شاپور کۆمیتەی حیزبی لەو ناوچانە رێکبخرێت. لەم بارەوە کاربەدەستانی ئازەربایجانیش لە ناوچەکەدا پرسیاریان لە تەورێز کردوە و چاوەرێی وەڵامن.

12ی ئەیون وەزیری پۆست و تێلگراف و رێگاوبانی ئازەربایجان ژەنەراڵ کەبیری هاتە ماکو. کەبیری لەم چاوپێکەوتنەیدا بریاری پەسەندکردنی دەوڵەتی ئازەربایجانی سەبارەت بە رێکخستنی کۆمیتەکانی کوردی لەو شارە ناوبراوانەدا دەربری.

داداشزادە سەرۆکی پۆلیسی ماکویە.

تێبینی: بەپێی ئەو زانیاریانەی کە بە دەستمان گەیشتوە حاجی سەعید موحەمەد زیاتر لە 15 ساڵ لە عێراق ژیاوە و لە قوتابخانەی ئینگلیسی دەرسی خوێندوە و زمانی ئینگلیسی و تورکی دەزانێت و تەنیا لەم سێ ساڵەی دوایی لە کوردستان دەژێت.

پێکهاتنی پەیمانی ئازەربایجان و ئێران لە تەورێز لە لایەن دانیشتوانی ئازەریەوە پێشوازی لێکرا. دانیشتوانی کوردی ناوچەی ماکو بە شک و گومانێکی زۆرەوە دەروانن پەیمانی ئازەربایجان و دەوڵەتی ناوەندی لەبەر ئەوە لەم پەیمانە وەڵامی بەرژەوەندی و پرسیاری کوردەکان نەدراوەتەوە واتە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە نیە:

1- کێ یا چ لایەنێک کێشەی بەرێوەبەرایەتی کوردی بە ئەستۆ دەگرێت؟

2- ئایا کوردەکان لە دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکەدا بەشدار دەبن؟
3- دەوری ڕێبەرایەتی کورد لە مەهاباد و هەڵوێستیان لەم بارەوە چۆن دەبێت؟
4- کێ ڕێبەرایەتی کوردەکان بە ئەستو دەگرێت؟ [1]
ڕۆژژمێری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکو سەلومین لە سەر ڕوداوەکانی سیاسی لە مانگی ئەپولی 1946

1- 8ی ئەپولی ئیمساڵ بە دەستوری قازی موحەمەد لە ناوەندی کوردستان لە مەهابادەوە بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کاروباری نوێنەری دەوڵەتی کوردی واتە حاجی سەعید موحەمەد دوو نوێنەری قازی هاتونەتە ماکو لە چاوپێکەوتی لەگەڵ نوێنەری هۆز و خێڵەکانی کورد دەرکەوت کە حاجی سەعید موحەمەد وەکیل یا پارێزەری بەهێزکردنی دۆستایەتی نێوان کورد و ئازەربایجانی نیە و تەواوی کاروباری وی لە ماکو و خوی بۆ هەڵگیرساندنی دوژمنایەتی نێوان خێڵ و هۆزەکانی کورد لە ناوچەکەدایە. دوای چەند ڕۆژ بە هاتنی ئەو دوو نوێنەرە حاجی سەعید موحەمەد بۆ مەهاباد بانگ کرایەوە.

15 تا 18ی ئەپول کۆبوونەوەیەک لە سەرانی خێڵ و هۆزی کوردی ماکو و خوی لە شاری ماکو پێکهات تا بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەم ناوچەیە دا دیاری بکەن و لە ئەنجامدا سەرۆکی کۆمیتەی کوردستان بە ناوی شێخ حەسەن کوری سەرۆکی هۆزی عەشیرەی جەلالی شێخ عەبدلقادر دیاریکرا.[2]

**لە دەفتەری ڕۆژانەی سەلومین کۆنسولی سۆڤیەت لە ماکو سەلومین**

**31ی سێپتامبەری 1946 (بارودۆخی سیاسی ناوچەی ماکو لە ئاگوستی 1946)**

لە نێوان 1-6 ئاگوستی ئیمساڵ سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی کوردستان قازی موحەمەد لەگەڵ حاجی بابا شێخ /پیاوی ئایینی گەورەی مەهاباد/ لەگەڵ ژمارەیەکی تر سەردانی شارەکانی خوی و ماکو و شاپوریان کرد. مەبەستی هاتنی ئەوانە بۆ ئەم شارانە روون کردنەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردەی هۆزو

---

1 هـ.س.ل 163-165
2 هـ.س.ل 172- 173

خێڵە کوردەکان سەبارەت بە دامودەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی کورد لە داهاتودا، قازی موحەمەد پێشنیاری بە سەرکردەکانی کورد کردوە کە هاوکاری خۆیان لەگەڵ کاربەدستانی خۆجێیی بەهێز بکەن و وتویەتی کە کێشەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان جاری لە بەرنامەی ڕۆژانەدا نی‌یە جگە لەوە قازی موحەمەد دستوری بە کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە ناوچەکە داوە کە دست بە کۆکردنەوەیماڵیات لە ناو دانیشتوانی کورد بکەن، بەڵام نەیوتوە کە ئەم ماڵیاتە چی لێ دەکرێت. لە ئەنجامدا ئەندامانی کۆمیتەی خۆجێیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و زۆربەی سەرکردەی هۆز و خێڵەکانی کورد بە تەواوی لە قسەکانی قازی موحەمەد تێنەگەیشتوون و بۆ ڕوونکردنەوەی قسەکانی قازی پەنایان بۆ فەرمانبەرانی کۆنسولخانەی ئێمە هێناوە. ئێمەش بە وانەمان وت کە باشترە خۆتان بچنە لای قازی موحەمەد کە تا ئێستاش لە شاری ماکو ماوەتەوە.

لە 5ی ئاگوستی ئیمساڵ قازی موحەمەد لە شاری خوی چاوی بە سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان پیشەوەری کەوتوە بەڵام ناوەرۆکی وتووێژەکانیان تا ئێستا بۆ ئێمە ڕوون نییە .[1]

## لەدەفتەری ڕۆژانەی سکرتێری کۆنسولی یەکێتی سۆفیەت لە ماکو ئەڵڵەوەردییێف 6ی سێپتامبەری 1946

21ی ئاگوست بە مەبەستی ئاشنا بوون لەگەڵ زارع جەبار کە ماوەیەک لەمەوبەر وەک فەرمانداری ماکو دیاریکراوە سەردانی ناوبراوم کرد.

ناوبراو سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە دوا و بەتایبەتی سەبارەت بە دابەشکردنی ئەو زەوی و زارەی کە هی دەوڵەت و هەروەها هی ئەو فیئودالە کۆنەپەرستانەی کە دەستیان بەسەردا گیراوە وتی دەبێ بدرێتە خەڵکی بێ زەوی و جوتیارانی کەم زەوی، لە ئەنجامدا هەزاروپێنجسەد جوتیار تا ئێستا زەوییان وەرگرتوە کە لە ناوچە و گوندەکانی خوارەوە وەریان گرتوە: ئاقو گلی، دیزا – دیز فالزیان، شوربولاغ وهتد.

---

[1] ه .س.ل 187- 188

هەروەها زارع وتی کە لە گوندی دیزە و گوندی ڤالزیان لە لایەن هەندێ لە جوتیارانی نۆکەر و دەستەمۆ و پیاوەکانی نزیک بە فیئودال ئیبراهیم میرزا بورکی خان هەوڵدراوە کە نەهێڵین زەوی نێوان جوتیارەکان دابەش بکرێت. گوایا بە بیانوی ئەوەی کە ئەم هەنگاوانە یاسایی نین. بەڵام ئەو کۆسپانەیش هەڵگیران. هەروەها زارع وتی کە هەنگاو بۆ چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە خوی و کاربەدەستانی خۆجێیی هەڵگیراوە. زارع هەروەها وتی ئەگەر کۆمیتەی کورد ئەو کەسانەی کە بۆنەتە هۆی تێکدانی بارودۆخی ناوچەکە و لە یاسا لائەدەن سزا بدات، پێویستە داوا لە تەورێز بکرێت کە ئیجازە بدەن ژمارەیەک کورد بۆ کار کردن لە دامودەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیی رابکێشرێن بۆ ئەوەی ئەو قسە و یاسانەی کە پێویست نین نەمێنن و بەم چەشنە کاربەدەستانی ئازەری نیشان ئەدەن کە گوایا کوردەکانیان هەر بۆ سزادان پێویست نیە یا لە کاتی سزادان تەنیا کوردەکان وەبیر دەهێننەوە.

بە وتەی زارع ئەم هەنگاوە وا لە کۆمیتەی پارتی کوردی دەکات کە چیتر نەتوانێت لە کاروباری دەسەلاتدارانی خوجی دەست تێوەردان بکەن و هەروەها بەم چەشنەیش پەیوەندی نێوان کورد و ئازەری باشتر دەبێت. لە کۆتاییدا زارع سەبارەت بەو وتووێژانەی کە ئێستا نێوان دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان و دەوڵەتی ناوەندیدا بەڕێوە دەچێت وتی:

شتێکی بێمانایە ئەگەر تاران وابیر بکاتەوە کە تەواوی یاساکانی دەوڵەتی قەوام لە لایەن خەڵکی ئازەربایجانەوە پەسەند و جێبەجێ دەکرێن ئەگەر ئەو بڕیارەی دوایی قەوام سەبارەت بە یاساخ کردنی دەرەجەدارانی پۆلیس و لەشکەر و ژاندارمێری کە بەشداری پارتی سیاسی نەکەن بە مانای ئەوەیە کە هێزە چەکدارەکانی ئێمە دەبێ بدرێنە دەستی دوژمنی گەلی ئازەربایجان و سەرئەنجام پارێزەرانی دەسکەوتی گەلەکەمان لە دەست ئەچێت و ئەم شتە قەت نابێت.

تێبینی: زارع 50 ساڵیەتی پێشتر لە فەرمانداری زەنجان کاری کردوە، ئەندامی حیزبی تودە بووە و لە سەردەمی رەزا شا بە هۆی چالاکی سیاسی و شۆرشگێرانەوە توشی راونان و گرتن بووە.[1]

---

[1] هـ .س.ل 184-186

## ڕاپۆرتی هاوبەشی موورادیان و ئەللەوەردییڤ
## 1ی ئۆکتوبەری1946 ژمارە 110

لە 19ی سێپتامبەری 1946لەگەڵ بەخشداری(بەڕێوەبەری ناحیە) قەرەعەینی چاوپێکەوتنمان هەبوو جەنابی موحەمەد تەقی کیتابی بەخشداری قەرەعەینی باسی خراپی و هەڵسوکەوتی ناشیرینی کوردەکانی کرد و وتی کوردەکانی هۆزی مەسیرکانلو سەدوشەست مەرومالاتی گوندی ریحانلی‌یان بەتاڵان بردوە و لە گوندی تەخت رەوان و قەرەئوغلی و مەیدان و قەیرون ئاب و ... خەڵە و خەرمانی خەڵکەکەیان تالان کردوە. لە 19 سێپتامبەرلە گوندی قەرەعەینی شوانێکی ئازەری‌یان کوشتوە و باسی وێنەی زۆری لەم بارەوە کرد. کیتابی وتی کە کاربەدەستانی خۆجێیی ناتوانن و نایانەوێ پێشی ئەم تاوانە بگرن و داخوازیەکەی ئەولە کۆمیتەی ناوچەی حیزبی دیمۆکرات بێ وەلام ماوەتەوە. گەرچی بەڵێنیان دابوو کە سەرکردەکانی کورد بەرگری لەم تاوانە بکەن.[1]

## ڕاپۆرتی هاوبەشی سەلومین و ئەللەوەردییڤ
## 11ی ئۆکتوبەری 1946

5ی سپێتامبەر کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکو لەگەڵ نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کازم بەگ /کە لەباتی حاجی سەعید موحەمەد هاتوە/ و شێخ حەسەن سەرۆکی هۆزی جەلالی و حاجی زادە بەرپرسی بەشی بازرگانی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی ئازەربایجان چاوپێکەوتنی هەبوە. ناوبراو وتیان کە کۆمێسیونێک لە مەهابادەوە هاتونەتە ماکو کە بریتین لە عەزیز عەباسزادە، قاسم ئێلخانی زادە کە سەرکردەی عەشیرەی دیبوکریە. مەبەستی هاتنەکەیان لێکۆڵینەوە و چارەسەری کێشەی تالان و هێرشی شەوانەی کوردەکان بۆ سەر گوندە ئازەرنشینەکانی و ئازەریەکانە. هەروەها مەبەستیان ئاشت کردنەوەی ڕێبەری هۆزی شێخکانلی

[1] هـ.س.ل 191

عەبدولا ئاغا لەگەڵ ڕێبەری هۆزی دەلالی حەسەن ئاغا و هەروەها باشتر کردنی پەیوەندییەکانی کوردان لەگەڵ کاربەدەستانی خۆجێیی ناوچەیە.

بە وتەی کازم بەگ و شێخ حەسەن زۆر زەحمەتە بۆیان کە بتوانن ئەو ڕاسپێردراوەی قازی موحەمەد سەبارەت بە چارەسەر کردن و روون کردنەوەی کێشەکان جێبەجێ بکەن.

6ی سێپتامبەر کۆنسولی سۆڤیەت لە ماکو لەگەڵ کەبیری فەرمانداری ماکو چاوپێکەوتنی هەبوو و کەبیریش سەبارەت بە تالان کردنی گوندی ئیمام قولی کەندی کە کەوتوەتە 15 کیلۆمێتری شاوە لە لایەن کوردەکان عەشیرەی مەسیرکانلووە دوا. ناوبراو وتی کە دوسەد تا دوسەدوپەنجاهەزار بنەماڵەی کورد لە هەوارگەیەکی نزیکی گوندی قولی کەندی دەژین و چەکداران و تەواوی هەبوون و نەبوونی ئازەرییەکانیان بەتاڵان بردوە.

7ی سێپتامبەر کۆمسیۆنێک کە لە مەهابادەوە هاتبونە ئێرە بە بێ چارەسەرکردنی کێشەکان و بێ ئەنجام بەرەو تەورێز کەوتونەتە ڕێ. پاش ئەمەش دەسەڵاتدارانی خۆجێیی و کۆمیتەی ناوچەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیش هیچ هەنگاوێکی بۆ پێشگیری کردن لە کرداری کوردەکان هەڵ نە گرتوە.

لە مانگی سێپتامبەردا کوردەکان سێ جار لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی هێرشیان کردۆتە سەر ئازەرییەکان و گوندەکانیان. مەڕ و ماڵاتێکی زۆریان لەگەڵ دانەوێڵە لە گوندەکانی قەرەعەینی و ئوجایی بەتاڵان بردوە.

48 کۆڵەکەی تەلگرافیان نێوان ماکو و بازرگان و ماکو و خوی لە ناو بردوە و 5 نەفەریان کوشتوە.

ڕێکخەری ئەم هەموو تاڵان وخراپەکاریە ڕێبەری هۆزی مەسیرکانلو عەلی مەغۆلی جینیکانلی و ئەوانەی ترن.

16ی سێپتامبەر 1946 نوێنەری کۆنسولخانەکانی ئینگلیس و ئەمەریکا سەردانی چەند عەشیرەی کورد بەتایبەت سەردانی عومەر خانی شەریفی لە هۆزی شکاکیان کردوە. دوای هاتنی ئەوانە عومەر خان لە گوندی خۆی لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێبەران

و کەسایەتی کورد کۆبوونەوەیەک رێکدەخات. تەنانەت کۆنەپەرستانی ئازەریش لەم کۆبوونەوەدا بەشدار دەبن.

20ی سێپتامبەری بەرەبەیانی هاتنی دەستە چەکدارەکانی کورد بۆ شاپور دەستی پێکرد و وا بڵاو بووە کە گوایا کوردەکان دەیانەوێ دەسەلآتی شار بەدەستەوە بگرن. لە هەمان کاتدا کوردەکانی قوتاس ئاغا و تاهیر خانی سمکۆ لە چەند گوندی شاپور ئەمبارەکانی دانەویلەیان لاکەومور کردوە و وتویانە کە ئەمە هی کوردەکانە.

دەسەلآتدارانی ئازەری لە شار لەم روداوانە زۆر ترسا بوون و پەرۆش بوون دەسبەجێ تەورێز ئاگادار ئەکەنەوە و ئەوە بوو کە چەند ماشێنی لەشکەری فیدایی ئازەری بە سەرۆکایەتی ژێنراڵ دانشیان لە تەورێز دێنە شاپور و کوردەکانیش لە یەکیک لە گوندە کوردنشینەکان تەقە لەو هێزە دەکەن. یەکیک دەکوژن و یەکێکیان بریندار دەکەن. دوای هاتنی ئەو هێزە بۆ شاپور کوردە چەکدارەکان شار بەجێ دێڵن.

کاربەدەستانی خۆجێیی ئازەری دەستیان دا بە گرتنی هەندێ لە کۆنەپەرستانی ئازەری کردوە کە لە کۆبوونەوەی عومەر خان بەشدارییان کردبوو. بەڵام هیچ هەنگاوێک دژی رێکخەرانی کوردی ئەو ئاژاوەیە هەڵنەگیرا.[1]

[1] هەمان سەرچاوە لاپەڕەی 194-197

## تاڵانکاری کوردەکان لە ناوچەی ماکو

7ی ئاگوست لە گوندی موحەممەد سەلاحلو کوردەکان هەشت پەزی موستەفا عەسکەریان دزیوە.

13ی ئاگوست لە گوندی ریحانلو کوردەکانی خێڵی میرکانلی سەدوشەست پەزیان دزیوە.

15ی ئاگوست لە گوندی قەرەعەینی کورد بەهلول لە خێڵی مەسیرکانلی هەشتا پەزی حەیدر عیسی ئوغلی گیابر (مسموم) کردوون.

20ی ئاگوست کوردەکان لە گوندی قەرەعەینی 7 بەرانی عیسا مەشەهەدی ئوغلی‌یان بردوە.

21ی ئاگوست لە گوندی قەرەئوغلی کوردەکانی خێڵی مەسیرکانلی زەوی و زاری جوتیارەکانیان مەسموم کردوە.

22ی ئاگوست لە گوندی تەختەوان کوردەکانی خەلیل ئیسماعیل، حەیدەر موحەممەد حوسێنی و تاهیر لە زەوی و زاری خەڵک رەشمالیان هەڵداوە و کشتوکاڵەکانیان لە ناو بردوە.

24ی ئاگوست لە گوندی ئینجە سەلیم خان و کوردەکانی کەتودالانی کشتوکاڵی جوتیارەکانیان مەسموم کردوە.

25ی ئاگوست لە گوندی مەیدان خەلیل و ئیسماعیل و خەدو و عوسمان لە عەشیرەی مەسیرکانلی لە دەوروبەری گوندێک وەک قەرەج خێمەیان هەڵداوە و پەیتا پەیتا گەنمی درو کراوی جوتیارەکان دەدزن و هەر لەوێش لە خەرمان پاکی دەکەن.

25ی ئاگوست لە گوندی فیشال کوردەکانی ئەحمەد میرزا و حەسەن لە خێڵی ئاموی شەو پێنج گاوی ئیسماعیل زینەلی ئوغلی دەبەن.

25ی ئاگوست لە گوندی باخچاژیک ئیبراهیمی کورد 7 بەرانی عەلی ئەکبەر دەبات.

27ی ئاگوست لە گوندی باخچاژیک ئیبراهیمی کورد 3 بەران و دوو کەر لە خانمە سونا عەلی قیزی دەدزێت.

27ی ئاگوست لە گوندی قیرقیزی داش کوردەکانی خێڵی مەسیرکانلی دووسەدوشەست مەرومالات تالان دەکەن.

28ی ئاگوست لە گوندی قەرە ئوغلی کوردەکانی مەسیرکانلی زەوی و زاری جوتیارەکان مەسموم دەکەن.

30ی ئاگوست لە گوندی کیفیل 14 بەرانیان لە عەلی ناوێک دزیوە عەلی رەخنەیان لێ ئەگرێت و ئەوانیش باش عەلی دەکوتن.

1ی سیپتامبر لە گوندی گریخ بولاغ کوردەکانی خێڵی دالانی خەلەو دانەوێلەی جوتیاران لە سەر خەرمان دەدزن.

2ی سێپتامبەر لە گوندی یوزگاما کوردەکانی مەغولی حەفتا چوارپێ بچوک دەدزن.

2ی سێپتامبەر لە گوندی کشمیش تەپە کوردەکانی مەسیرکانلی ئەسپێکی عیزەت الله تەموریسیان دزیوە.

2ی سێپتامبەر لە گوندی دیلا کومری کوردەکانی حەسو خەلافی 12 بەرانی مەسیب خانیان بردوە.

4ی سێپتامبەر لە گوندی شابولاغ کوردەکانی حەسو خەلافی 39 بەران بەتالان دەبەن.

7ی سێپتامبەر لە گوندی شاگولان کوردەکانی عەلی مەغولی 9 بەرانیان دزیوە.

7ی سێپتامبەر لە گوندی عەرەب لەر کوردی مەسیرکانلی عەلی شیر تالان دەکەن.

7ی سێپتامبەر لە گوندی قیزل داغ پێنج کوردی چەکدار هێرش دەکەنە سەر حوسێنی جوتیار و گاومێشیکی لی دەبەن لەگەڵ پێنج تمەن و جلەکانی بەریشی دەبەن.

8ی سێپتامبەر لە گوندی قەلاجیک کوردەکان مەجید موسی ئوغلی و ئیسماعیل و موحەمەد عارف ئوغلی نزیکەی هەزار باقە گیای جوتیارەکانیان تالان کردوە.

8ی سێپتامبەر لە گوندی گوروتاب کوردەکانی خێڵی شێخکانلی و کوردوی دانەوێلەی (گەنم و جۆی) خەڵکەکەیان تالان کردوە.

8ی سێپتامبەر لە گوندی کیرنی سەرو کوردەکان هێرش ئەبەنە سەر ئاشی گوند و 3 فەردە ئارد دەدزن.

9ی سێپتامبەر لە گوندی مەیدان کوردەکانی مەسیرکانلی نزیکی گوندەکە خەیمەیان هەڵداوە و بەشێکی زۆر گەنمی جوتیارەکانیان درو کردوە.

9ی سێپتامبەر لە گوندی باش کارێزکوردەکانی شیخکانلو گاوێکی قوربانعەلی‌یان دزیوە.

9ی سێپتامبەر لە گوندی موخور کوردەکانی خێڵی دالای زۆربەی گەنم زاری جوتیارەکانیان مەسموم کردوە.

9ی سێپتامبەر لە گوندی شاگولان کوردەکان عەلی مەغولی دانیشتوانی دوو ماڵیان وەدەر ناوە و مەروماڵاتەکەیان دەدزن.

10ی سێپتامبەر لە گوندی هەلاج کوردەکان هێرش ئەکەنە سەر جوتیارێک بە ناوی عەباس قولی کە لەگەڵ کچەکەی و خزمەتکارەکەی دەبیەن. ئەسپێک و جل و بەرگی سەرەومیان لێ دەکەنەوە و دەبیەن.

10ی سێپتامبەر لە گوندی باش کاریز شەش کوردی چەکدار هێرش ئەکەنە سەر عەزیز میرئوغلی و شتوومەکی لێ بە تالان ئەبەن.

10ی سێپتامبەر لە گوندی گورون ئاب کوردەکانی شیخکانلو گەنم و تفاقی دانیشتوان بە تالان ئەبەن.

11ی سێپتامبەر لە گوندی عەنتەر کوردەکانی عەشیرەی بورکانلی گای عەلی مەشهەدی ئەکبەریان بردوە.

11ی سێپتامبەر لە گوندی یوخاری گوروناب کوردەکانی شەموبەکر لە خێڵی دالای کیگەی جوتیارەکانیان مەسموم کردوە.

12ی سێپتامبەر لە گوندی دیار کینە کوردەکانی خێڵی شیخکانلو و مەسیرکانلو و کوردوی کیگەی جوتیارەکانیان مەسموم کردوە.

12ی سێپتامبەر لە گوندی گوراخ ئاچ کوردەکان بەرانیک و مانگایەکی قوربانعەلی دەدزن.

12ی سێپتامبەر لە گوندی ناسک کوردەکانی خێڵی دالای هێرش ئەکەنە سەر ئەم جوتیارانە: موحەمەد عەلی مەهدی، یوسف عەلی قاسم و گەنمەکانیان بەتالان دەبەن.

13ی سێپتامبەر لە گوندی سونابولاغ و داش‌بولاغ کوردەکانی شیخکانلی گەنمی دانیشتوان بەتالان ئەبەن.

15ی سێپتامبەر لە گوندی مەیدان خەڵکەکە لە ترسی چەکدارەکانی کورد شەوانە دەچنە قەرەعەینی و رۆژانە دەگەڕێنەوە مەیدان.

16ی سێپتامبەر لە گوندی قەرەعەینی چوار چەکداری کورد هێرش ئەکەنە سەر ئاشی گوند و 4 فەردە ئارد دەدزن.

17ی سێپتامبەر کوردەکانی دانیشتوی فەرمەن ئەری 19 کولەکەی تیلیفونی ماکو – بازرگانیان هەڵکەندوە و دەیانبەن.

17ی سێپتامبەر لە سەر رێگای شابولاغ و مەرگە نامی کوردەکانی دالای 18 بەران لە شوانێک بە ناوی عەبدولاوە دەدزن.

19ی سێپتامبەر لە گوندی فیشال کوردەکانی خێڵی شیخکانلو دەرگای تەویلەی مەشهەدی موحەمەد دەشکێنن و دەیانەوێ مەرومالاتەکەیان بدزن کە خەڵکی گوند دزەکان دەگرن و تەسلیمی پۆلیسی ماکویان دەکەن.

19ی سێپتامبەر لە گوندی بابالو کوردەکانی ساڵح ئیسماعیل لە خێڵی بورکانل مانگای کابرایەکی جوتیار بە ناوی عەبدولا دەدزن.

20ی سێپتامبەر لە گوندی تازەکەند پۆلیس کوردێک بە ناوی رۆستەم لە کاتی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتێک دەگرێت.

21ی سێپتامبەر لە شوێنێک بە ناوی گلیچ نومیش لە نزیک ماکو کوردەکانی خێڵی سەکان ئەسپێکیان لە ئیسماعیل ناوێک بردوە.[1]

---

[1] هەمان سەرچاوە .... ل (213_219)

## گۆڕینەوەی نامەکانی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە خوی بۆ کاربەدەستانی خوی/ وەرگێراو لە کوردیە بۆ روسی بە ساڵی ئێرانی/ ژمارە 123 فەرمانداری خوی

لە بەر ئەوەی کە مەشهەدی فەتحولا خەڵکی گوندی شابولاغ هاتوتە ریزی پارتی کوردیەوە و بلیتی حیزبی هەیە بە قانون ناوبراو دەبێ حەقی ئەندامیەتی بە پارتی کوردی بدات بەڵام سەرۆکی دارایی ماکو داوای ماڵیاتی لە ناوبراو کردوە. داواتان لێ دەکەین کە بە گوێرەی پێویست لەم بارەوە بەڕێوەبەرایەتی دارایی ئاگادار بکەنەوە.

## نوێنەری کوردستان لە خوی حەسەن ماخودی [1]

## بەڕێز فەرمانداری خوی

بەڕێزەوە ئاگادارتان دەکەین کە لە 1325/5/23 پۆلیس فیداییەکی (پێشمەرگە) ئێمەی بە ناوی باقیر گرتوە و لەم بارەوە ئێمە پۆلیسمان لە نامەی ژمارە 1098 رێکەوتی 1325/5/24 ئاگادار کردوە و داوامان لێ کرد کە ناوبراومان بۆ لێکۆڵینەوە و سزادانی وی کە ئەگەر تاوانبار بێت /پێکەوە لەگەڵ ئێوە سزای بدەین/ داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین کە گیراوە کە لە لایەن پۆلیسەوە تەسلیمی ئێمە بکەنەوە و هەروەها داوا دەکەین کە ئەگەر لەمەولا ئەندامی پارتی ئێمە گیرا ئاگادارمان بکەنەوە. بۆ ئەوەی لە کاروباری یەکتر دەست تێوەردان نەکەین. لە بەر ئەوە ئێمە دەبێ لە دۆخێکی دۆستانە و هاورێیانە بژین. سەرۆکی پۆلیس مافی ئەوەی نیە بە بێ هۆ و ئاگادار کردنەوە یا رازی بوونی و دەستوری ئێمە فیدایی ئێمە لە سەر خەیابان بگرێت. هەروەها پێویستە ئەو یاسایانەمان بۆ بنێرن کە ئێوە رەفتاری پێ دەکەن تائێمەش ئەو یاسایە پەسەند و جێبەجێ دەکەین. داواتان لێ دەکەین کە دەستور بدەن کە لەو کارانە نەکرێت تا لە داهاتو دوپات نەبێتەوە بۆ ئەوەی برایەتی و دوستی ئێمە خەوشدار نەبێت. "سەعید سولتان"[2]

---

[1] هەمان سەرچاوە .... ل 220

**بەڕێزانی بەرپرسی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە خوی ژمارە 530 ڕێکەوتی 1325/5/27**

لە وەڵامی نامەی ژمارە 1098 ڕادەگەیێنین کە باقیر زینالپور بە دزی تاوانبار کراوە واتە دزینی تفەنگێک. داواتان لێ دەکەین کە بەشدارانی تری ئەم دزیە واتە ئاجار میرمەجید و ڕەمەزان نەعمانپور دەسبەجێ تەحویلی پولیس بدەن. ناوبراوان ئەندامی پارتی ئێوەن و دەبێ ناوبراوان بۆ لێکۆڵینەوە و پرسیار بەپەلە تەسلیمی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بکەن.

سەرۆکی پۆلیسی خوی کاپیتان جاویدان [1]

**بۆ بەرێزان کۆمیتەی پارتی کوردی لە خوی ژمارە 3690 ریکەوتی 1325/5/27**

بۆ ئاگاداریتان ڕائەگەیێنین کە ئەندامی پارتی ئێوە باقیر لە سەر دزینی تفەنگی عەلی زەینەلپور خەڵکی گوندی پیرە شک و گومانی لێ دەکرێت باقیرلە پۆلیسە و لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە و پۆلیس داوای بەشدارانی تری ئەم دزیە کردوە. بە کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوە کە کاروباریان دەدرێتە دادگا و ئەنجامەکانتان پێ ڕادەگەیێنین.

**فەرمانداری خوی زارع[1]**

بەرێزان ئەندامانی کۆمیتەی پارتی کوردی ژمارە 3698 رێکەوتی 1325/5/27

لە وەڵامی نامەکانی ژمارە 1102 و 1106 ڕادەگەیەنم کە ئەگەر ئێوە دەتانەوێ چۆنیەتی کاروباری تاوانباران لە نامەی ژمارە 3690 رێکەوتی 1325/5/27 بۆمان نوسیبوون بە زووترین کات کۆتایی پێ بێت داخوازی سەرۆکی پولیس کە لە نامەیەکدا بۆی نوسیون جێبەجێ بکەن واتە نامەی ژمارە 530.

**فەرمانداری خوی زارع[2]**

بۆ بەڕێوەبەرایەتی فەرمانداری خوی 1130 رێکەوتی 1325/5/29

---

[2] هەمان سەرچاوە .... ل 221
[1] هەمان سەرچاوە .... ل 222
[1] هەمان سەرچاوە .... ل 222
[2] هەمان سەرچاوە .... ل 222

لە وەڵامی نامەی ژمارە 3698 ڕێکەوتی 1325/5/25 ئێوە بە ڕەسمی وەڵامی نامەکانی ژمارەی 1102 و 1106 ئێمە نەدراوەتەوە. بەم نامەیش ئێمە بۆ دوایین جار داواتان لێ دەکەین بە ناوی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە خوی کە ئێمە ئاگادار بکەنەوە کە ئایا ئێوە دەستوری ئەوتۆتان پێ دراوە کە بە بێ ئاگادار کردنەوەی کۆمیتەی یەک ئەندامانی پارتی ئێمە بگرن و دادگایی بکەن. ئەگەر ئەم دەستورەتان نیە دەبێ دەسبەجێ ئەو کەسانەی کە گرتوتانن و ئەندامی پارتی ئێمەن ئازادیان بکەن. ڕێکخراوی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە خویە ڕادەگەێنێت کە پێشگیری لەو هەڵسوکەوتەی کار بەدەستانی خۆجێیی کە بە بێ قانون جولاَونەتەوە دەکات لە بەر ئەوە ئەم کردەوانە دەبێتە هۆی ئاڵوز بوون و ڕوداوی چاوەڕواننەکراو نێوان کورد و ئازەری ئەبێت و دوای ئەمە هەر کێشەیەک کە بێتە پێش وەڵامدەری ئێوەن و بەرپرسیاریەتیکە ئەکەوێتە ئەستوی ئێوەوە.

سەرۆکی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان
لە خوی سەعید سوڵتان [3]

## بۆ پارتی کوردی ژمارە 3781ڕێکەوتی 1325/6/2

لە وەڵامی نامەی ئێوە ژمارە 1130 ڕادەگەیەنم کە لە نامەی فەرمانداری ژمارە 3698 کە وەڵامی نامەی ژمارە 1102 بەڕوونی تیا نوسرابوو و تێدا هاتبوو کە تاوانبار گرنگ نیە سەربە پارتی دیمۆکراتی کوردستان یا پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان بێت و لە لایەن کاربەدەستانی خۆجێییەوە بە پێی یاسا بووە لامدانەوە و سزادان بانگ دەکرێت. ئەگەر ئێوە ئەو کەسەکە بە تاوانی دزینی تفەنگ گیراوە و ئێوە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ناوبراو دا لەم دزیە بەشدار بوون تەسلیمی ئێمە ناکەن. بەم کردەوەیە ئەوە ئێوەن کە لە کاروباری دەسەلاتدارانی خۆجێیی دەست تێوەردان دەکەن. بە پێی یاسا تاوانبار دەبێ سزا بدرێت نەوەک ئازاد بکرێت. هەروەک وترا گرنگ نیە سەر بە چ پارتیک بێت. بە پێی یاسای ئێمە جیاوازی نێوان پارتی کوردی و ئازەری نیە.

3 هەمان سەرچاوە .... ل 223

## فەرمانداری خوی زارع[1]

بۆ بەرێز حاجی رەزا بەدال ئابادی ژمارە 4203 رێکەوتی 1325/6/11

بەرێز حەسەن خان وەک نوێنەر بۆ رێکخستنی کۆکردنەوەی گەنمی ئەو دەرەبەگانە بۆ ئەمبارەکانی دەوڵەت دەنێردرێتە گوندی بەدال ئاباد. ئەگەر ئێوە بەرگری لەم کارە بکەن بانگەواز و سزا دەدرێن.[2]

## فەرمانداری خوی زارع(ژمارە 1)

بەرێز فەرمانداری خوی رێکەوتی 1325/6/13

لە وەڵامی نامەی ئێوە ژمارە 4203 رێکەوتی 1325/6/11 بۆ حاجی رەزا سەبارەت بۆ کۆکردنەوەی گەنم بۆ ئەمبارەکانی دەوڵەت ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئەندامانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە هەر کوێ بن ئیجازەی ئەوەیان نیە کە بە بێ دەستوری ناوەند واتە مەهاباد گەنم بدەنە دەوڵەتێکی تر واتە حکومەتی ئازەربایجان. دەستور بە فەرمانبەرانی خۆتان بدەن کە لەمەولا سەبارەت بەم کێشەیە نەچنە لای ئەندامانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان.

سەرۆکی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە خوی

سەعید سوڵتان[3]

## برایانی بەرێزی ئازەربایجانی و کورد

ئێوە دەبێ بزانن کە خوای مەزن چۆن ئێوەی مرۆڤی دروست کردوە، ئەگەر ئەتانەوێ ئەم شتە بزانن:- **یەکەم:** خوای مەزن مرۆڤی لە چوار شت دروست کردوە هەوا، ئاگر، زەوی، ئاو. ئاگر نیشانەی قین و زوڵمە ، هەوا نیشانەی هەوەسە، زەوی نیشانەی سەبرە، ئاو نیشانەی خەیر خوازیە. بۆیە دەبێ مرۆڤ هەمیشە بەرامبەر بە گەلەکەی خۆی دلسوز بێت.

**دووهەم:** ئیسلامیەکان واتە موسڵمانەکان دەبێ چەند ئەرکێک کە لە ئەستویانە بیزانن.

---

1 هە مان سەرچاوە.....ل 224

2 هە مان سەرچاوە.....ل 224

3 هە مان سەرچاوە.....ل 225

1- زانین، ئەگەر مرۆڤیک عەقلی نەبێت، ولاتی خۆی خۆش ناوێت، بە قسە و خزمەتی خوا و گەلەکەی ناکات. ئەم جورە مرۆڤانە ئەحمەقن بە کورتی لە مرۆڤ ناچن بەڵکو وەحشین.

2- راستی، دەبێ هەمیشە راستگۆ و خواپەرست و خوای لە بیر بێت.

3- خواپەرستی بۆ ئەوەیە کە مرۆڤی موسڵمان دەبێ بزانێت چی بکات باشە و چی گوناحە بۆی. مرۆڤی موسلمان دەبێ هەمیشە پاکی و نوێژ و زەکات و سەرفترە /یارمەتیدان بە فەقیر و هەژار و پیاوی ئایینی بدات رەچاو بکات.

4- ئەگەر بۆی بکرێت و توانای هەبێت بچێتە مەکە.

5- ئایینی وەک بناغەی هەبوونی ژیانی مرۆڤ بزانێت.

خوایەکە، مەزن و هەتا هەتایە پێویستی بە کەس نیە و هیچ شتێکی لە کەس ناوێت بەڵام هەموو پێویستیان بە ئەو هەیە. دەبێ هەموو بزانن کە دوو ئاسمان هەیە و پڕ لە فریشتەن.

**سێهەم:** کتێبی ئاسمانی تەورات و ئنجیل و زەبور و قورئان و ئەو پەیغەمبەرانەی کە ئەو کتێبانەیان هێناوە. هەموو راست و پیروزن. ئایینی ئێمە فێرمان ئەکات کە مرۆڤ دوای مردن دەچێتە بەهەشت و جەهەندەم. ئەم دوو جێگایە بۆ هەموو مرۆڤایەتی دروستکراون. خوا بە پێی رەفتار و کرداری هەر مرۆڤیک پاداش و سزای دەدات. ئەگەر مرۆڤ یارمەتی خەڵک بدات خوا رێزی لێ دەگرێت. خوا قازی هەمووانە بۆیە مرۆڤ دەبێ هەتا دەژی کردەوەی باش بێت. هەر کەس باوەری بە خوا هەبێت خوا ئاگای لێیە و دەیپارێزێت.

خوا مرۆڤی ئیشکەر و ئەوانەی کە رێز لە گەورەتر لە خۆی دەگرێت و گوێرایەڵی دەوڵەت بێت و یارمەتی هەژاران بدات و رێز لە دایک و باوکی بگرێت /ئەگەر دایک نەبوایا تۆ رووناکی دونیات نەدەبینی/ خۆشی دەوێت و پاداشی ئەدات. ئێمە دەبێ وەک حاتەمی تایی بین کە ناوی بۆ هەمیشە زیندو ماوەتەوە .... هەرکام لە ئێمە برای یەکترین و ئێمە دەبێ رێز لە یەکتر بگرین و دەستدرێژی نەکەینە سەرماڵی یەکتر و یەکتر ئازار نەدەین و بە رێگای موسڵمانیەتیدا برۆین و ئاموژگاری و فەرمودەکانی پێغەمبەر رەچاو بکەین /حاجی سەعید موحەمەد سەید/.[1]

وەرگێر ئەڵڵەمەردییف

[1] هە مان سەرچاوە.....ل 226- 228

**وەرگیراوی نامەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان**
**پارتی دیمۆکراتی کوردستان – مەهاباد**
**لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی پدک**
**بۆ بەرێزانی دەسەلآتدارانی حکومەت لە ماکو**

بەرێزەوە ئاگادارتان دەکەینەوە کە بە پێی پەیمانی نێوان حکومەتی ئازەربایجان و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی کوردستان دروستکردنی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە شارەکانی ماکو و خوی و شاپور لەم پەیمانەدا رەچاو کراوە. بۆیە سەبارەت بەم کێشەیە نوێنەری حکومەتی کوردستان بەرێز حاجی سەید موحەمەد سەعید دێتە ئەوێ.

تکایە لەم بارەوە یارمەتی و هاوکاری پێویستی بدەن. تکایە بە زووترین کات جێگایەک بۆ بارەگای کۆمیتەکانی پدک دیاری بکەن. بە یارمەتی کۆمیتەکانی پدک لەم شارانەدا ئێمە دەتوانین پێشی ناکۆکی و ئاڵوزی نێوان دوو گەلی کورد و ئازەری بگرین و برایەتی نێوان دوو گەلی کورد و ئازەری بەهێز بکەین.

**کۆمیتەی ناوەندی پدک مەهاباد ژمارە 3175 رێکەوتی 1325/3/11**
**لە کۆمیتەی ناوەندی پدک بۆ بەرێز فەرمانداری ماکو**

بە زیاد کردن لە سەر نامەکەمان لە ژمارە 3117 رێکەوتی 1325/3/9 بۆ ئێوە، ئاگادارتان دەکەینەوە کە: لە کاتێکا کە تەواوی هێزی پارتەکەمان لەگەڵ هێزی لەشکەریمان سنورەکانی ئازەربایجان دەپارێزن جێ سەرسورمانە کە پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان لە باتی سوپاس خەریکی کاری نایاسایییە.

1325/3/11 ئەندامی پارتی ئێمە بە ناوی عەبدوڵا ئەمنی کە ژمارەی بلیتی حیزبی 202یە لە سەر رێگا کوشتوویانە ئەم کردەوەیە ناوی چی لێ دەنێن؟ ئێمە ئاگادار کراوین کە دوو نەفەر ناوبراویان کوشتووە و نەگیراون و چەکیشیان پێیە. دوای ئەم ئاگاداریەی سەرەوە داواتان لی دەکەین کە دەسبەجێ دەستور بدەن بە پێی یاسا تاوانبارانی ئەم روداوە سزا بدەن و ئەنجامەکەی لەگەڵ چەک و فیشەکی کوژراو

تـەحویلی حـاجی سـەید موحـەمـەد سـەعید بکـەن و لـەم بـارەوە کۆمیتـەی نـاوەندی پدک ئاگادار بکەنەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی پدک مەهاباد ژمارە 3224 ڕێکەوتی 1325/3/14**
**بۆ بەڕێز فەرمانداری ماکو**

باشترین و پاکترین لایەنگری پدک لە شارەکان و کۆمیتەکانی پـارتی ڕادەگـەنین کـە گوایا هەندێ فەرمانبەر و برایانی ئازەری بـەرامبـەر بـە برایـانی کوردیـان موبـالاتن. بـە بیانوی جۆراوجۆر تەنگیان پێ هەڵدەچنن و سوکایەتـیـیـان پـێ دەکـەن. شـک لـەوەدا نیـە کە لەم کردەوانە دا مرۆڤی وا هەن کـە بۆ بـەرژەوەندی خۆیـان ئـەم کـارە دەکـەن. وەک بۆمـان دەرکـەوتـوە کوردیـک بـە نـاوی حـەسـو لـەم ڕۆژانـەدا نـاوی خـۆی لـە پـارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان نوسیوە و لە شاری ماکو ئەم کابرایـە کـوردیکی بـە نـاوی مـسیو کە ئەندامی پارتی دێمۆکراتی کوردستانە کوشتوە. ئایا ئەمە دۆستایەتی و برایەتـیـیە؟

پـەیمـانی نێوانمـان یـەکتـر کوشـتنی تیـا نیـە. بۆیـە لـەم بـارەوە داواتـان لـێ دەکـەین لێکۆڵینەوەی ئەم تاوانە بکەن و سزای ئەو کەسانە بدەن کە بە تاوانی ئەوتۆ هەڵدەستن و دەستور بدەن کە بە هیچ شێوەیەک لەمەولا کوشتار لە یەکتر نەکرێت.

هیـوا داریـن کـە تاوانبـاران دەدرێنـە دادگـا و بـە پێـی یاسـا سـزا دەدرێـن و ئـەنجـامی لێکولینەوەکە دەدەنە پارتی دیمۆکراتی کوردستان.

کۆمیتەی ناوەندی پدک مەهاباد ژمارە 3117 ڕێکەوتی 1325/3/9

کوپیـەی نامـەکـان نێردراوە بـۆ پـارتی دیمـۆکراتی ئـازەربایجـان وەرگێـری نامـەکـان ئەلله‌وەردییێف[1]

---

[1] هەمان سەرچاوە .....ل229- 232

## کورتەی رووداوەکانی سیاسی لە ماکو و دەوروبەری
## لە مانگی ئۆکتوبەری 31/1946ی ئۆکتوبەری 1946 ژمارە 43/

1- ئەوانەی کە لە تورکیاوە لە کۆتایی مانگی سێپتامبەر و بە درێژایی مانگی ئۆکتوبەری ئیمساڵ گەڕاونەتەوە و دانیشتوی گوندە سنورنشینەکانی ناوچەی ماکون و ژمارەیان 61 نەفەر ئەبێت. لای کاربەدەستانی خۆجێیی شایەتی‌یان داوە کە بەم چەشنەیە: لە سەرەتای مانگی مای 1946 بە دەستوری کاربەدەستانی تورکیا بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە و بڵاو کردنەوەی ترس لە ناو دانیشتوانی ناوچەی ماکو و ئاڵوز کردنی بارودۆخی سیاسی لە ناوچەکدا هەندێ کۆنەپەرست و جوتیاری بەکرێگیراو و لایەنگرانی تورکیا لە گوندەکانی بازرگان و گیجوت و ناوچەکانی تری ماکو دەنگو و باسی وا بڵاو کراوەتەوە کە دەوڵەتی تورکیا ئامادەیە ئەو ئازەریانەی کە پێشتر لە ژاندارمیری ئێران خزمەتیان کردوە و هەروەها ئەو ئێرانیانەی کە لە لایەن کاربەدەستانی ئازەربایجانەوە تەنگاو کراون و دەیانەوێ لە دەستیان رزگاریان بێت لە ناو خاکی تورکیا وەریان بگرێت و پەناهەندەیی‌یان بداتی.

جگە لەوە دەوڵەتی تورکیا ئامادەیە ئەوانە لە باری پارە و خواردەمەنی و جل و بەرگەوە لە سەر حسابی دەوڵەتی تاران دابین‌یان بکات. هەندێک لە ئازەربایجانیەکان کە پێشتر لە ژاندارمیری ئێران کاریان کردوە و یا خود سەر بە دەوڵەتی ئێران بوون لەگەڵ ژمارەیەک لە کۆنەپەرستان لەگەڵ خاوخێزانەکانیان لە کۆتایی مانگی مای و ئەیون رۆیشتوون بۆ ناو خاکی تورکیا. تورکەکان ئەوانەیان هەموو لە شاری بازرگان لە ماوەی سێ مانگ کۆدەکەنەوە و دوای ئەمە کاربەدەستانی تورک پێ‌یان دەڵێن کە هەموویان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئێران. سەرەرای داواکاری ئەو راکردوانە کە دەوڵەتی تورکیا ئیجازەیان بداتێ لە ناو خاکی تورکیا بمێننەوە. کاربەدەستانی تورک بەشێک لەو راکردوانە ئەکەنە سێ بەشەوە و لە کاتی جۆراوجۆر دا بە ماشین دەیانبەنەوە ناو خاکی ئێران لە بازرگان.

رێکخەری رۆیشتنی ئەم ئێرانیانە بۆ تورکیا ئەمانە بوون: مەشهەدی غولام خەڵکی گوندی گیجوت و عەلی عەسکەر خەڵکی گوندی نیفتو وهتد ... بوون. بەڵام بەپێی

راگەیاندنی خەڵکی تر تورکەکان هەموو کاروباری ژیانی ئەوانەیان لە ناو خاکی تورکیا دابین کردوە. بەشێک لە وانەی کە نێردراونەتەوە لە لایەن کاربەدەستانی خۆجێیی ئازەربایجانەوە گیراون و لێکوڵینەوە و پرسینەوەیان لێ دەکرێت. کاربەدەستانی خۆجێ ماکو گەراندنەوەی ئەم ژمارەیە بۆ ئێران بە هەنگاوێکی تری تورکیا دادەنین کە دەیەوێ لە رێگای تەسلیم کراوەکانیشدا پروپاگەندەی لایەنگری کردن لە تورکیا لە ناو دانیشتوانی ئازەری بەرێوە ببات.

لە 2 تا 11 ئۆکتوبەر رێبەرانی کورد لە خێڵی دودکانلی بە ناوی سولیمان بە دەستوری کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کوردەکانی قوتوری کە لە شاری خویدان بە پیاوەکانی خوی دەستوری داوە کە دەرگای ئەمبارەکانی گەنم (سیلو) لە ناوچەی زۆرئاوا سەر بە فەرمانداری خوی ببەستن و لاک و موریان بکەن.

لە 12 ئۆکتوبەر فەرمانداری خوی زارع لەم بارەوە ئاگادار کرایەوە و هیچ هەنگاوێکی بۆ چارسەری ئاشتیانەی ئەم تێکهەڵچونە هەڵنەگرت و بە بێئیجازەی تەورێز سەدپاسەوانی چەکداری نارده ناوچەی رۆژئاوا و دەستوری پێدابوون کە ئەو کوردانە کە لەو گوندانە دا ئەمبارەکانی گەنمیان لاک و مور کردوە دەر بکەن. کوردەکانیش کە ئاگاداری ناردنی هێزی چەکدار دژی خۆیان دەبن بۆسەیان (کەمین) بۆ دادەنێنەوە و تەقە لە ماشێنی پاسەوانەکان دەکەن و 3 نەفەریان لێ دەکوژن و 2 نەفەریشیان بریندار دەکەن بەڵام بە یارمەتی کۆمیتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە خۆی کۆتایی بە شەڕ دێت. بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە دەستمان گەیشتوە سولیمان لەم دوایانەدا بە ئاشکرا نارەزایی خۆی بەرامبەر بە ئەو بارودۆخ و دەسەڵاتی دیمۆکراتەکانی قسە دەکات و ئەو کەسانە کە بە ناوبراوە نزیکن پێ وتوون:

"ئەو دامودەزگایە کە لە ئازەربایجان و کوردستان هەیە لە لایەن روسەکانەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دروستکراو کوردەکان هیچ بوارێکیان بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیک بۆ داهاتو پێ نەدراوە بۆیە پێویستە کوردەکان بەرەولای تاران رێبازی خۆیان بگۆرن."

3- کرێنی لە سەدا بیستی /20%/ گەنمی جوتیاران و لە سەدا حەفتا /70%/ لە زەویداران و فیئودالەکان لە لایەن کاربەدەستانی خۆجێییەوە لە مەترسی سەرنەگرتندایە.

لە بەر ئەوەی کە لە کاتی کۆکردنەوەی خەڵەوخەرمان کاربەدەستانی ئێرە هیچ دەستورێکی پیویستیان سەبارەت بە کرێنی گەنم وەرنەگرتوە. فیئودال و زەویندارەکان بە کەڵک وەرگرتن لەم بارودۆخە ئەم هەنگاوانەی خوارەوەیان وەرگرتوە:

1- زەویندارەکان هەندی گوندی خۆیان داوە بە ئیجارە و تا کۆکردنەوەی خەڵەوخەرمانەکان پارەیشیان وەرگرتوە. بۆ ئەوەی زیانیان لێ نەکەوێت و دوای کۆتان و پاک کردنی گەنم واتە خەرمان هەڵگرتن بەشی خۆیان وەرگرتوە و ئەوەش کە ماوەتەوە جوتیارەکان دەڵێن کە بەشی زەویندارەکانە.

2- بەشێک لەو دەرەبەگانە بەنهێنی لەگەڵ جوتیارەکان/ئیجارەکەرەکان/ ڕێکەوتوون و بەرهەمەکەیان لە نێوان خۆیاندا بەش کردوە و بەم چەشنە بە کاربەدەستانی خوجێیی نیشانیان داوە کە بەرهەمی ئیمساڵ کەمە.

3- هەندی لە دەرەبەگەکان زەوینەکانی خۆیان داوەتە ئیجارەی کوردەکان ئەویش بە ئیجارێکی گران و کوردەکان بە بیانوی ئیجارەی زۆرەوە نرخی گەنمەکەیان زۆر کردوە و بە دەوڵەتی نافرۆشن.

بە م چەشنە سەبارەت بەو بارودۆخە پێش هاتوە کە دەکرێ بڵێین:

1- کرێنی گەنم لە لایەن کاربەدەستانی خۆجێییەوە بە باشی رێکنەخراوە و کۆکردنەوەی گەنم بۆ ئەمبارەکانی دەوڵەت زۆر بە یەواشی و کەموکوریەوە بەڕێوە دەچێت.

2- خاوەن گەنمەکان/جوتیار و زەویندارەکان/ لە زۆر جێگادا لە کاتی خۆیدا نرخی فرۆشتنی گەنمیان پێی ناگات و هەر بۆیە نارازین.

3- چەندایەتی ئەو گەنمەی کە دەبێ بکردرێت لە ناوچەی ماکو. بە وتەی کاربەدەستانی دەسەڵاتداری ئێرە لە پێنج سەد تا شەش سەد تۆن تێناپەرێت و لە ناوچەی خوی هەزار تۆنە.

ئـەم چـەندایـەتیـە بـە بـێشـک پێویـستیەکـانی دانیـشتوانی ناوچـە دابـین ناکـات و پێویستیشیان بە نان و دانە بۆ چاندن هەیە.

4- لـە نیـوەی دوو هـەمـی مـانگی ئۆکتوبـەر لـە شـار و ناوچـەکـانی سـەر بـە کۆنسوڵخانەی ئێمە لـە ماکو دەستوری شا سەبارەت بـە هـەڵبژاردنی نوێنـەرایـەتی بۆ مەجلیسی دەورەی 15 ئێران بڵاو کراوەتەوە.

زۆربـەی دانیشتوانی ناوچە لـەم بـارەوە پـێیـان وایـە کـە دەبـێ و پێویـستە نوێنـەری خۆیـان لـەو کـەسـانە هـەڵبژێـرن کـە کۆمیتـەی نـاوەندی پـارتی دیمۆکراتی ئـازەربایجـان پاڵوێراوی /کاندید/ دەکات. بەشێک لە خانەکانی ماکو بەنهێنی هەوڵ ئەدەن زەمینـەیـەکی وا بۆ کاندید کردنی نوێنەری خۆیـان بۆ مـەجلیسی داهـاتوی ئێران ئامـادە بکـەن/ئـەگـەر بێتو ئەو کاندیدانـەی کۆمیتـەی نـاوەندی حیزبـی دیمۆکراتی ئـازەربایجـان بـە دڵ نـەبێت/ ئێستا بەلای ئەوانەوە ئەوە گرنگە کە یەک یا چەند نەفەر خۆیان کاندیدا دەکـەن و ئـەگـەر بێتوو چەند نەفەر خۆیان کاندید بکەن ئەوانیش کاندیدی خۆیـان دیـاری دەکـەن./یـەکێـک لـەم سـێیانـە دەبێت/ حـەمیدولا خـان بـەیـات، ئاتـەش خـانی بـەیـات، عـەبـاس پاشـا خـان تەیموری.

5- کوردەکانی خێڵی جینیکانلی و حەسو خەلافی لە هۆزی جەلالـی لـە تورکیـاوە لـە 28ی ئۆکتوبـەر چـوار سـەد پـەزیـان بـەتـالآن هێنـاوە و بـەرێگاشدا هـەر ئـەوانـە 137 ئـاژەڵـی گـەورە و 297 ئـاژەڵـی بچوکیـان هـی ئـازەریـەکـانی گونـدی بیـدولی سـەر بـە ناوچەی ماکویان دزیوە. لە کاتی تەقە کردن دا بە پێی ئەو هەوالانەی کە پێمان گەیشتوە کـوردەکـانی تورکیـا لـە وەڵامـی هێرشـی کـوردەکـانی ئێـران خۆیـان بـۆ هێـرش بـۆ گونـدەکـانی سـەرسنوری سـەر بـە مـاکو بـە مـەبـەستی رفانـدنی ئـاژەڵ دەکـەن. 28ی ئۆکتوبەری 1946 کوردەکانی خێڵی عەلی مەغولی سەر بە هۆزی جەلالـی سـێ سـەر بەرانی جوتیارانی گوندی بارون سەر بە ماکویان تالآن کردوە. تـالآن و دزی و کوشت و بری کوردەکان لـە ناوچـەکـە دا هـەروا بـەردەوامـە ئـەویش لـە بـەر ئـەوە کـە نـاوەندی کوردی و کاربەدەستانی خۆجێیی هیچ هەنگاوێکی توند و سزاکارانەیـان بـەرامبـەر بـەو سـەرکـردە کوردانـەی کـە بـە دەسـتوری تورکـەکـان و کۆنـەپـەرستان بـەم کـردەوانـە هەڵدەستن هەڵنەگرتوە ئێمە لە سەر ئەو بـاوەرە ماوینـەتـەوە کـە پێویستە رێکخـەری ئـەم

تاڵان ورێگر گرتنەی کوردەکان کە پەیتا پەیتا دەیکەن بە شێوەیەکی زۆر توند هەر لە لایەن خودی کوردەکانەوە سزا بدرێن.

بەڕێوەبەری کۆنسوڵخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە ماکو

مورادیان

سکرتێری کۆنسوڵخانە ئەڵلوەردیێیف[1]

## سەبارەت بەجێبەجێ کردنی یاسای دابەشکردنی زەوی و پەیوەندیەکانی ئابوری نێوان زەویداران و جوتیاران، جێبەجێ کردنی یاسای دابەش کردنی زەوین و ئاوەژو کردنی (تحریف) لە لایەن کاربەدەستانی خۆجێیی حکومەتی ئازەربایجانەوە:

بۆ دابەش کردنی زەوی پێوانەیەکی تایبەتی نیە و 3/1تا 15/1 داهاتی زەوی دەدرێت بە جوتیارەکان، زەویندار و فیئودالەکان تەنانەت جوتیاری بەکرێگیراوی خۆیان هەیە کە لە کاتی پێویستدا دژی جوتیارەکانی تر کەڵکیان لێ وەردەگرن. زەوینداڕەکان بە ئەنقەست و بە مەبەستێکی تایبەتی زەوی و زاری خۆیان ئەدەن بە کوردەکان تا پێش دابەش کردنی بگرن و کوردەکانیش بە نورەی خۆیان 5/1داهاتەکەی ئەدەن بە جوتیارەکان و گەنمیش بە دەوڵەت نافروشن. بۆ وێنە لە گوندی قیزخاچلی کە مولکی حەسەن خانی تەیموریەیە گەنمیان نافروشن بە دەوڵەت.

زەوینەکانی سنەبولاغ کە هی سەفیە خانمی قازی بەیاتە و یا گوندی دیباک و دانالی کە هی موحەمەد باقیر خانە و لە گوندی توکلی و یاسی و گیل ئوشاغ کەندی کە هی حاجی ئەکبەری حەیدەرزادەیە رایانگەیاندوە کە بە دەوڵەت هیچ نافروشن.

لە هەندێ لە ناوچەکان زەوین و جوتیارەکان بەنهێنی نێوان خۆیان پەیمان بەستوە و رێک کەوتوون. هەندێ لە زەویندارا‌ن کە لە ریفۆرمی دابەش کردنی زەوی لە داهاتودا دەترسن دەستیان بەفروشتنی گوندەکانی خۆیان بە ئاغاکانی کورد کردوە کە بۆتە هۆی جێبەجێ نەکردنی ریفۆرمەکە.

[1] هەمان سەرچاوە..........ل 236- 240

بۆ وێنە لە خوی عەلی حوسین خانی بەیات زەوینی دوو گوندی بە رێیەرانی خێڵی شیخکانلو لە عەشیرەی میلان کە ناوی سەدیق ئاغای حاجی قارەمانە بە سەدو هەژدە هەزار تمەن فرۆشتوە.

چەنگیز خانی بەیات زەوینەکانی گوندی شوتیان بە پەنجا هەزار تمەن فرۆشتوە.

وەلی خانی تەیموری داهاتی خۆی بە خێڵی مەسیرکانلو کە سەرکردەکەیان مستویەولە گوندی مەیدان دەژێت بە چوارده هەزار تمەن فروشتوە.

جمال خانی تەیموری زەوینەکانی خۆی بە سەرکردەی خێڵی دلالی حەسەن ئاغا چەخماخی بە هەشت هەزار تمەن فروشتوە وهتد ... زۆربەی ئەو گوندانەی کە بە کوردەکان فروشراوە کوردەکان پێش جێبەجێ کردنی ریفۆرم لە لایەن کاربەدەستانی خۆجێییەوە دەکەن.

دەبێ ئەوەش بوترێت کە زەوی و زاریکی زۆریش بە سەر جوتیاراندا دابەشکراوە. بۆ وێنە لە گوندەکانی خوی واتە ئەویگلی، دیزە دیزو، وەرزیان و تێکالیک و شوربولاغ کە لە رابوردودا هی زەویندارێ کۆنەپەرستی بە ناو بانگ میرزا بزورگ خان و پالکوفنیک جەمالی ئیمامی بووە دابەشکراوە لە گوندەکانی ماکو واتە لە گوندی شوت و خەند ئاوەر، قەلاجیک و قەرە خاچ کە هی فیئودالی کۆنەپەرست بە ناوی عەزیز خان بوو دابەشکراوە هەروەها زەوینی دەوڵەتیش بە سەر جوتیاران و بێزەوینان دابەش کراوە بۆ وێنە لە گوندی جوقەزار.

موراديان و ئەلئومردیيیڤ[1]

[1] هەمان سەرچاوە.........ل 240-244

**لە یادداشتەکانی رۆژانەی سادچیکوڤ.ی.ڤ باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاران**

وتوویژ لەگەڵ موزەفەری فەیروز جێگری سەرۆک وەزیران قەوامالسەلتەنە 9ی ئەیونی 1946

ناوبراو کە بە دەستوری سەرۆک وەزیران بۆ ئیمزا کردنی پەیماننامەی ئازەربایجان لە 11ی ئەیون دەچێتە تەورێز بە پێی دەستوری سەرۆک وەزیران دەیەوێ 3 نەفەر لە ئەفسەرانی ئێران واتە ژێنرال هیدایەت و ژێنرال کوپال و پالکوڤنیک عەلەوی بۆ روونکردنەوەی بارودۆخی کەرتەکانی لەشکەری ، لەگەڵ خۆی بیانبات بۆتەورێز.

من لەگەڵ فەیروز سەبارەت بە چاو پێکەوتنەکەی خۆم لەگەڵ قەوام دوام لە چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ بالوێزی ئینگلیسدا منی ئاگادار کردبووە. منیش جەختم لە سەر ئەوە کرد کە سەبارەت بە سەربەخۆیی ئێران بەرامبەر بە گوشاری دەرەکی سەرۆک وەزیران نابی لە یارمەتیدانی ئێمە شک و گومان بکات. بە فەیروزشم وت کە بۆ سەربەخۆیی ئێران و بەرێوەبردنی ریفۆرمی پێشکەوتخوازانە یەکێتی سۆڤیەت هەموو چەشنە یارمەتیێک لەم بارەوە بە ئێران ئەکات. بۆ ئەم یارمەتیەش یەکێتی سۆڤیەت نەتەنیا لە تەواوی ئاقتەریتەینی نێونەتەوایەتی خۆی کەڵک وەر دەگرێت بەڵکو لە توانای ئابوری و دەوری مەعنوی خۆی لە ناو هێزە پێشکەوتوەکانی ئێرانیش کەڵک وەردەگرێت.

پێموت کە ئێمە ئامادەین بۆ کاروباری عەشایری باشوری ئێران یارمەتی دەوڵەتی ئێران بدەین. ئێمە پەیوەندیکیشمان لەگەڵ عەشایری قەشقایی دا هەیە، موزەفەری فەیروز پاشان وتی کە لە لایەن ژێنرال رەزم ئاراوە تێلگرامی پێی گەیشتوە کە ناوبراو وتویەتی کە لە روانگەی پرستیژی لەشکەریەوە ئەو بارودۆخەی کە لە کوردستان پێکهاتوە چی تر قابلی تەحەمول(تاقەت هێنەر) نیە. ئەو کوردانەی کە لە عێراقەوە هاتوون دەستەکانی نیزامی سوپای ئێران گەمارۆ دەدەن و وایان لێ دەکەن کە نەتوانن بەرەنگاری لە خۆیان بکەن و چەک و تەقەمەنی و تفاقیان پێی بگات.

منیش وتم کە لە رۆژئاوای کوردستان /مەبەست رۆژئاوای کوردستان ئێرانە کە گوایا ناوچەی نفوزی ئینگلیسی/ توانایی ئێمە بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتی ئێران بۆ چارەسەری بارودۆخەکە سنوردارە (محدودە) بەڵام باکوری کوردستان /ناوچەی سەربە نفوزی سۆڤیەت/ خانە کوردەکانی ئەوی پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئێمەدا هەیە، نوێنەرانی ئێمە لە ئازەربایجان دەستوریان پێی دراوە کە ئەم خانانە پێویستە ئەو سیاسەتە بگرنە بەر کە ئازەربایجانیەکان گرتویانە بەر واتە سیاسەتی هەڵوێستی باش بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران رەچاو بکەن.

پەیمانی ئێستای دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ئازەربایجان دەوریکی باش لە سەر کوردەکان دادەنێت و کوردەکان زیاتر وا لێ دەکات کە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هاوکاری بکەن. موزەفەری فەیروز وتی کە لە کاتی رۆیشتنەکەی بۆ ئازەربایجان پێی خۆشە لە تەوریز چاوی بە قازی موحەمەد بکەوێت و لەم بارەوە لەگەڵی قسە بکات. منیش لەم پێشنیارەی ئەو پشتیوانیم کرد و بەڵینم پێ دا کە هاورێیانی تەوریزیان لەم بارەوە ئاگادار بکەمەوە و یارمەتی ئەم چاو پێکەوتنە بدەن. لە کۆتایی دا داوام لە فەیروز کرد کە ئێمە لە بارودۆخی وڵات ئاگادار بکاتەوە. فەیروز وتی کە چارەنوسی ئێران و سۆڤیەت پێکەوە گرێدراوە و لە یەک جیا ناکرێتەوە و ئێران تەنیا بە یارمەتی سۆڤیەت ئەتوانێت پێش بکەوێت و بە ئەرکی سەرشانی خۆشی دەزانێت کە ئێمە لە بارودۆخی ئێران ئاگادار بکاتەوە.[1]

لە 24ی ئەیونی 1946 فەیروز لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ سادچیکوڤ پێشنیار دەکات کە پیشەوەری بکەنە وەزیر لە کابینەی قەوام و ببێتە وەزیری بێ‌پارت فێل /واتە وەزیری بێ‌پۆست یا راوێژکار هەورامی/.[2]

لە چاو پێکەوتن 14ی ئەیولی 1946 فەیروز لەگەڵم (سادچیکوڤ) سەبارەت بە حیزبەکەیان پرسیارم کرا ناوبراو وتی کە ئیش و کارەکانمان لەم بارەوە بە باشی دەچنە پێش. قەشقایەکان هاتونەتە ریزی حیزبەوە و خوسرەوی قەشقایی بەرپرسی حیزبی دیمۆکرات لە ناو قەشقایەکانە جگە لەوە ناوبراو هەروەها کراوە بە بەرپرسی

---

[1] ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری فیدراتیڤی روسیا فۆندی094 کۆپییەی37 دۆسییەی 5کارتۆنی 357ل ،ل 97-100

2 هەمان سەرچاوە ل 131

ڕێکخـراوی حیـزب لـە ناوچـەکـانی فـارس (شـیراز) و بـەنـدەر عـەبـاس و بوشـهر. بـەختیاریـەکـانیش لـە حیزب وەرگیـراون لـەوانـە ئـەبولقاسـمی بـەختیـاری و جـەهانشا و سـەمـسام و ... لـە لایـەکـی تـرەوە ئێمـە نـەمـانتوانیوە کـە لـە نزیکـەوە بـە ئـەبولقاسـمی بەختیاری و قەشقایەکان پەیوەندی ببەستن. ئەگەر بتوانین پەیوەندی نزیکیان پێوە بکەین پێشی چالاکی کۆنەپەرستان و کۆنسوڵی ئینگلیس لە ئەسفەهان دەگرین.[1]

## چاوپێکەوتنی سەرۆک وەزیران قەوام لەگەڵ سەفیری سۆڤیەت لە تاران لە یادداشتەکانی سادچیکوڤ 15ی سێپتامبەر 1946

چووەمە لای قـەوام لـە سـەر ڕوداوەکـانی ئـەم دوایانـەی باشوری ئێران پرسیارم لـێ کرد. ناوبراو وتی کە دەنگوباسی باشور لە لایەن پیاوەکانی خۆیـەوە کـە یـەکێک لـەوانـە خوسرو خـانی قـەشـقائی‌یـە بـە دەستی دەگـات. خوسرو خـان لـەگـەڵ بـەختیاریـەکـان لـە کۆمەڵەی هۆزەکانی (اتحادیه عشایر) باشور کار دەکات. قەوام وتـی کـە بـەڵێن و سوێند خواردنی ئەوانەم وەرگرتوە کە هاوکاریمـان بکـەن. نێوان ناسر خـان و مورتـەزا قولی خان و سەمسام لەم بارەوە ڕێککەوتن هەیە. قەوام وتی کە ئـەبوولقاسم خـانی بـەختیـاریم بانگ کردە لای خۆم و هەڕەشەم لێ کرد، قاسم خانی بەختیاری پێی وتم کـە کۆنسوڵـی ئینگلیس لە ئەهواز تروت چوەتە بروجیرد بۆ لای فەرمانداری ئـەم شـارە هـەروەها تروت هاتوەتە لای ئوستانداری ئـەسفەهان واتـە تروت لـەگـەڵ فەرمانداری بروجیرد ئـەبوولقاسم خـان و ئوسـتانداری ئـەسـفەهـان جـەهـان شـا کۆبوونـەوەی کـردوە و ئـەم پیلانەیان دارشتبوو:

شەوی 16ی سێپتامبەر بەختیاریەکان هێرش ئەکەنە سەر ئەسفەهان و پادگـانی شـار گەمارۆ ئەدەن و سەربازەکانی چەک دەکەن و شـار دەگرن. کۆنسولخانەی سۆڤیەت و ئینگلیس کۆنترۆڵ دەکەن نەوەک کەسێک پەنـا بباتـە ئـەوێ، پاشـان هێزە چەکدارەکـانی بەختیاری بەرەو خوزستان دەکەونە ڕێ و شار دەگرن. قەشقایەکانیش دەبوایـە شیراز و کرمان بگرن. دوای ئەمە بـە پێـی پیلانـەکـە دەبوایـە سـەربـەخۆیی باشوری ئێران وەک ئازەربایجان ڕابگەیێنن و پاشان دژی دەوڵەتی ناوەندی بکەونە شەڕەوە و کودەتا بکەن.

---

[1] هەمان سەرچاوە ل 135

قەوام لە درێژەی قسەکانی وتی کە من ئیجازم دا کە ئەبوولقاسم خان بروات و بەرێگای ئەوەوە نامەیەکم بۆ جەهانشا نوسی کە ئەگەر پێویستی بە چەک هەبێت بۆی دەنێرم مەبەستم ئەوە بوو کە جەهان شا هێمن بکەمەوە. لە هەمان کاتدا دەستورم بە پولیس و لەشکەر و فەرمانداری ئەسفەهان دا کە تەواوی دەستورەکانی موزەفەری فەیروز جێبەجێ بکەن. دیسان نامەیەکی ترم بۆ جەهان شانوسی کە بە رێگای موزەفەری فەیروز دا چەکی بۆ دەنێرم و بۆم نوسیبوو کە هەر کەسێکی پێ باشە بینێرێت بۆ وەرگرتنی چەکەکان. خودی فەیروز دەستوری گرتنی جەهان شا ئەوانی تری دەرکردبوو. جەهان شا بۆ پێشوازی فەیروز دێتە فرۆکەخانە کە هەر لەوێ دەسبەجێ دەیگرن، دوایی براکانی واتە ئەحمەد سەمسام و ئەمیر بەهمەنیش دەگیرێن و باوکیان واتە موزەفەر قولی خان لە کاتی راکردندا بۆ چیاکان لە رێگا دا ئەویش دەگرن. پاش موحاکمەیان لە ئەسفەهان برایانی رەحیمیانی و باوکیان دەگرن و لەگەڵ سەرنوسەری رۆژنامەی "میهن" ئێستا هەموویان لە تاران زیندانین، ئێمە تا ئێستا کاری ئەوانەمان راگرتوە تا تروت بانگ بکەین کە لەم پیلانەدا بەشدار بووە. ئاشکرایە ئێرانیەکان موحاکمە دەکرێن. من (سادچیکوف) سەبارەت بە پەیوەندی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە خوزستان پالکوڤینک حیجازی لەم پیلانە پرسیارم کرد. قەوام وتی ئەویش بەشداری ئەم پیلانە بووە و فەرمانداری نیزامی ئابادانیش لەم بارەوە گیراوە و ئێستا لە تارانە. منیش وتم لە ناو شار دا وابڵاوە کە گوایا رەزمئارا سەرۆکی ستادی لەشکەری ئێران و وەزیری دیفاع ئەحمەدی بە نیشانەی پروتێست سەبارەت بە گرتنی حیجازی دەستیان لە کار کێشاوە. قەوام وتی کە شای ئێرانیش لە گرتنی حیجازی نارازییە و وەزیری دیفاعیش هەر بەم بۆنەوە دەستی لە کار کێشاوە و منیش (قەوام) ئەم دەست لە کار کێشانەوەم پەسەند نەگرتوە، بۆ رەزم ئاراش هەروەها قەوام وتی کە ئەو بۆ خۆی حەزی لە گرتن نیە، پاشان لە سەر هەڵبژاردن پرسیارم لێکرد:

قەوام وتی راستە ئێمە هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێرانمان خستوەتە دواوە تا کێشەی ئازەربایجان چارسەر بکرێت و کەسایەتی باش و بە دڵی خۆیان بهێنە مەجلیسی ئێرانەوە. لە لایەکی ترەوە با دەغڵودانی ئیمساڵ کۆبکرێتەوە ئەگەر بێتو بەم زووانە

هەڵبژاردن دەست پێ بکات لەوانەیە منیش کۆکردنەوەی دەغڵودان بگیردرێت. منیش وتم کە دواخستنی چارەسەری کێشەی ئازەربایجان شتێکی بێمانایە.

ئازەربایجانیەکان گەلاڵەی رێککەوتنی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێرانیان پێ پیشاندام کە بە ئیمزای موزەفەری فەیروز بۆ بەستنی ئەم پەیمانە وا دەردەکەوێت کە تەواوی کێشە سەرەکیەکان چارەسەرکراون. جگە لە هەندێ کێشە کە لە باری گرنگایەتیەوە لایەنی دەرەجە دوو سێ یا لاوەکییان هەیە و نابێت لە بەر ئەوانە وتووێژەکان راگیردریت. پاشان وتم کە دەغڵودانی ئیمساڵ هەموو کۆکراوەتەوە.[1]

## وتووێژی سادچیکوڤ لەگەڵ موزەفەری فەیروز و شەبۆستەری و جاوید لە 3ی سێپتامبەر 1946

ناوبراوان هاتنە لام و لە سەر کێشەی ئازەربایجان قسە و باسمان کرد شەبۆستەری بە باشی لە سەر فەیروز دەدوا. من سەرسورمانی خۆم لە سەر ئەوە دەربری کە پاش ئەو هەموو وتوویژە و دوای بەستنی پەیمان دوبارە گەراونەتەوە بۆ سەرەتا واتە تێكهەڵچونی چەکدارانەی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران دژی ئازەربایجان و زۆربەی هێزەکانی ئێران بەرەو سنورەکانی ئازەربایجان و کوردستان نێردراون و گەمارۆیەکی لەشکەریان دروستکردوە وهتد. من دەستنیشانی ئەو راستیە تاڵەم کە لە ناوچەکانی باشوری ئێران دەتوانین بڵێین کە هیچ هێزێکی ئێرانی لێ نیە و لەشکەری ئەسفەهان لە دەوروبەری سەقز مۆڵگەی داوە. سەرەرای ئەوەی کە لە ناوچەی فارس روداوی جیدی چاوەری دەکات و فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە باشور لەو ئەفسەرانەن کە زیاتر خزمەتی ئینگلیس دەکەن تا دەوڵەتەکەی خۆیان بە تایبەتی ژێنرال حیجازی کە ئێستا لە خوزستانە کە کردەوەکانی بە ئەفسەرێکی ئینگلیسی لە ناو سوپای ئێران دەچێت. هەروەها سەرسورمانی خۆم لە کردەوەی سەرۆک وەزیران قەوام دەربری کە لە کاتی پێک هێنانی کابینەی هاوبەندی ئێران نوێنەری بەهێزترین رێکخراو و پارتی سیاسی ئێرانی واتە پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجانی تیا نیە.

[1] هەمان سەرچاوە ل 201- 205

فەیروز وتی کە بەداخەوە پەیمانی مۆر کراو نێوان هەردوولا جێبەجێ ناکرێت لە بەر ئەوەی کە ئەفسەرانی پایەبەرزی سوپای ئێران کە بیست ساڵە بە رۆخێکی دیکتاتوری پەروەردە کراون هەڵسوکەوتیان لە خزمەتی دەوڵەتدا نییە بۆ وێنە باسی ئەفسەرێکی کرد بە ناوی فاتیحی کە لە ئابادان تەقەی لە خودی فەیروز کردوە و وتی کە ئەفسەری ناوبراو هیچ پەیوەندێکی بە کێشەی ئازەربایجانەوە نیە، سەبارەت بە بەشداری ئازەربایجانیەکان (فیرقەی دیمۆکرات) لە کابینەی قەوام فەیروز وتی کە قەوام وتویەتی تا ئەو کاتەی کە ئازەربایجان دەوڵەتی ئێران بە ناوی دەوڵەتی تارانەوە ناو دەبات بەشداری ئەو کابینە ناکەن.

دوای رۆیشتنی شەبۆستەری ، جاوید, فەیروز لەگەڵیان نەرۆیشت و بە منی وتی کە سەرۆک وەزیران منی ئاگادار کردۆتەوە کە راپەرینی دژی دەوڵەتی دی هاوکات لە ناوەند وناوچەکانی بەختیاری و فارس دەست پێ بکات و لە ناوەند را دەبێ نیزامیەکان کودەتا بکەن و قەوام و فەیروز بگرن. منیش (فەیروز) لەم بارەوە ئەم پێشنیارانەم بە قەوام کرد:

1- ئەبولقاسمی بەختیاری بانگ بکرێتە تاران بۆ ئەوەی زانیاری زیاتری لەم بارەوە وەربگیردرێت.

2- من (فەیروز) بڕۆم بۆ ئەسفەهان و لەوێ بە بیانوی چاوپێکەوتن لەگەڵ مورتەزا قولی خان و جەهان شا خان بیانگرین و بیانێرینە تاران بۆ ئەوەی لەوەش زانیاری زۆرتریان لێ وەربگیردرێت.

3- پروپاگەندەیەکی بەربڵاو و زۆر لەم بارەوە لە چاپەمەنیەکانی ئێران رێکبخرێت و لە ئینگلیسەکان لە شورای ئاسایی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان شکات بکرێت.

4- داوا لە ئینگلیسەکان بکرێت کە تروت لە ئێران بانگەواز بکەنەوە و لاییەرن.

قەوام بە وتەی فەیروز پێشنیارەکانی پەسەند نەکردوە و گوایا لێیان دەکۆلێتەوە و تەنیا بە بانگ کردنی ئەبولقاسمی بەختیاری رازی بوونی خۆی دەربری.

فەیروز وتی کە جیاوازیەکی زۆری لە سەر ئەم کێشەیە لەگەڵ قەوام دا هەیە. فەیروز لایەنگری بەپەلە و یەکجاری بەڵام قەوام بە پێچەوانە لایەنگری قۆناغ بە قۆناغ و بە هێمنایەتی چارەسەری کێشەکەیە. من (فەیروز) وتم کە لەوانەیە هەلەکە لە دەست

بدەین و بانگ‌هێشتنی ئەبولقاسم خانی بەختیاری بۆ تاران ببێتە هۆی شک و دوودلی مورتەزا قولی خان و جەهانشا خان و گرتنی ئەوانە دژوار یاخود ئاگادار بکرین و خۆیان بشارنەوە. منیش (سادچیکوڤ) وتم کە بڕیار بە دەستی خۆتانە و ئەمە شتێکی ناوخوی خۆتانە. [1]

## وتووێژی ئیرەجی ئەسکەندەری وەزیری بازرگانی و پیشەوەری لەگەڵ سادچیکوڤ / 14ی سێپتامبەری 1946

ناوبراو هاتە لام و وتی کە بە پێی ئەو زانیارانەی کە گەیشتوتە دەستی رێبەرانی حیزبی تودە گەڵاڵەی لە ناو بردنی حیزبمان و سەندیکانیان ئامادە کردوە و بۆ ئەم کارەش بڕیارە لە سەرەتادا 3 وەزیری تودەیی و وەزیری داد و رێبەری سەندیکاکان واتە هاوری روستا بگرن.

گوایا فەیروز وتویەتی کە تودەیەکان دەیانەوێ ساڵحی بکەن بە سەرۆک وەزیر و دەبێ وەزیری تودەیی لەگەڵ ساڵحی دەستگیر بکرێن و بەم چەشنە دەست بە نابودی حیزبی تودە بکەن و زەمینەش بۆ بەشداری نەکردنی ئەوانە لە هەڵبژاردن پێکبێنن. تەواوی ئەم هەواڵانە بۆتە هۆی پەرۆشی رێبەرایەتی حیزبی تودە لە رێگای ئەسکەندەریەوە رێبەرایەتی حیزبی تودە داوای کردوە کە لەم بارەوە لەگەڵ من وتووێژ بکات و بۆچونی من لەم بارەوە و هەروەها ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە هەڵبگیردرێن بزانێت، منیش وتم کە قەوام ئێستا دژی حیزبی تودە دەجوڵێتەوە بەڵام زەحمەتە بگاتە دوژمنایەتیکی ئاشکرا و لە ناو بردنی ئەم حیزبە بەڵکو بە مانای دوژمنایەتی نەتەنیا دژایەتی پارتی تودە دەبێت بەڵکو پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئێمەش (سۆڤیەت) تێک ئەدات. هەروەها لەگەڵ هەموو هێز و کەسایەتیە دیموکراتیەکانی ئێرانیش دەبێ بە وردی لەم شتە بکۆلدرێتەوە و تاقی بکرێتەوە و ئایا ئەمە ئەنجامی چالاکی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ حیزبی تودە دژی قەوام هانبدات.

ئەسکەندەری وتی کە فەیروز ئێستا دژی تودە هەڵوێستێکی دوژمنانەی گرتوتە بەر. ئەسکەندەری گلەیی لە قەوام ئەکرد کە گوایا بەبێ ئیجازەی وەزارەتی بازرگانی

---

[1] هە مان سەرچاوە.....ل 207- 213

ئیجازەی بە بازرگانەکان داوە کە کەرەسە و خواردەمەنی لە وانە برنج بنێرنە دەرەوە. ئەسکەندەری هەروەها لە بارەی باشوری ئێرانەوە قسەی کرد و وتی کە بڕیارە 16ی سێپتامبەر سوپای ئێران هێرش بۆ باشوری ئێران بەرێت و ئەسفەهان و خوزستان و فارس و کرمان و یەزد داگیر بکەن. بڕیارە داگیر کردنی یەزد و کرمان لە ژێر سەرکردایەتی ئینگلیسەکان دەبێت و ئەسفەهان و فارسیش لە لایەن هێزەکانی بەختیاریەوە داگیر بکرێت. ئەسکەندەری دەیگوت کە جەهان شا خان و سەمسام لە پرسینەوە وتویانە کە بڕیار بوو لە تاران ژێنراڵ ئەحمەدی و چەند نەفەر کودەتا بکەن. ناوبراو لە سەر راپۆرتی موزەفەری فەیروز لە کۆبوونەوەی گشتی شورای وەزیران کە ئەسکەندەریش تێدا بەشدار بووە لەم بارەوە ئەم قسەیەی کرد. ئەسکەندەری وتی کە تروت و گولد و پالکوفنیک پاییوو راستەوخۆ لە کاروباری ئێراندا دەست وەردان دەکەن. ناوبراو هەروەها وتی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پایەبەرزی سوپای ئێران دژی گرتنی حیجازی راوەستاون.[1]

## وتووێژی ئیوانوف راوێژکاری سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران لەگەڵ وەزیری شەڕ ئەحمەدی 28ی سێپتامبەری 1946

بە دەستوری سادچیکوف چوومە لای ئەحمەدی و نامەی باڵیۆزم، پێدا و سەبارەت بەو نیشان و میدالیایانەی یەکێتی سۆڤیەت کە لە لایەن شورای بەرزی یەکێتی سۆڤیەتەوە لە 20ی سێپتامبەری 1946 بە ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی سوپای ئێران دراوە قسەمان کرد. ئەحمەدی وتی کە ئاواتی ئەوە بوو ئەویش لە ریزی لیستەی ئەو ناوانە بوایە. سەبارەت بە بارودۆخی باشوری ئێران پرسیارم لە ئەحمەدی کرد ناوبراو وتی کە شەوی 28ی سێپتامبەر چەکدارێکی زۆر لە قەشقایەکان هەوڵیاندا کازرون بگرن بەڵام هێزەکانی ئێران بەرەنگاریان بوون و توشی زیانێکی گەورەیان کردن و کۆکردنەوەی لاشەی کوژراوەکانی قەشقایی دوو سەعاتی خایاند. جگە لەوە ئەحمەدی وتی کە دەستورم دا بە فروکە **مۆڵگەی** قەشقایە یاخیبوەکان و لەوەرگای خێڵەکانیان بومباران بکەن. بە وتەی ئەحمەدی سەرۆک وەزیران قەوام لسەڵتەنە ئامادەیە مافی

[1] هەمان سەرچاوە ....ل248_253

هەڵبژاردنی ئەنجومەن بۆ قەشقاییەکانی بدات هەروەها ئامادەیە کە هەندێ پارە بۆ کاروباری تەندروستی و پەروەردە بە دانیشتوانی فارس بدات. بەڵام داخوازەکانی تری قەشقاییەکان بەیەکجاری لە لایەن قەوامەوە رەت کراونەتەوە ئەحمەدی وتی کە دوای روداوەکانی کازرون ناسر خان تلگرافی بۆ قەوام ناردوە کە ئامادەیە کێشەکە بەرێگایەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت.[2]

5ی ئۆکتوبەری 1946 یش دیسان بە دەستوری سادچیکوڤ چوومە (ئیوانوڤ) لای ئەحمەدی وەزیری دیفاع، ناوبراو سەبارەت بە بارودۆخی باشوری ئێران وتی: بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە وەزارەتی دێفاعی ئێران گەیشتوە ئەو بەتالیونەی کە لە پادگانی شاری کازرون بوون و پانزدە رۆژی تەواو بەرامبەر بە هێزیکی دەهەزار نەفەری لە قەشقایە چەکدارەکانی بەرگرییان کردبوو هەموویان لە ناوچوون و شار لە لایەن یاخییوەکانی قەشقایەوە داگیر کراوە. شاری ئەردەکانیش چاوەری روداویکی ئەوتو دەکات و تەنیا 150 نەفەر لە سوپای ئێران بەرگری لەم شارە دەکات و نابی چاوەرێی بکرێت کە ئەوانە بۆ ماوەیەکی زۆر بتوانن بەرگری لە شاری گەمارودراو بکەن.

ئەحمەدی رایگەیاند کە ئەو ستونەی سوپای ئێران کە لە ئابادەوە نێردراوە بۆ شیراز لە نزیک پولخانەوە لە لایەن یاخییووەکانەوە راگیرا بوو و پاش چەند تێکشکانی هێرشی یاخییووەکان دەتوانن خۆیان بگەیەننە شیراز. ئێستا خەریکی دروستکردنی هێڵی دیفاعی لە دەوروبەری شارن، ئەحمەدی وتی کە عەشایرە یاخییووەکان کە کازرون و بوشهریان خستبوە گەمارۆوە پاشان دەست بە سەر ئەو دوو شارە دەگرن و هەندی شوێن و ناوچەی تر دەگرن و هێزەکانیان بۆ داگیر کردنی شیراز یەک دەخەن و بەرەو شیراز دەکەونە رێ. ئەحمەدی وتی کە بۆ بەربەرەکانی ئەم یاخیانە داوا لە شورای وەزیران دەکات کە هێزێکی پەنجاهەزار نەفەر لە سەرباز و ئەفسەرانی زاپاسی(ئیحتیات) سوپای ئێران بۆ ئەم مەبەستە بانگەواز بکرێن لە بەر ئەوە ئێستا ئێران ئەو هێزەی نیە کە بەرەنگاری ئەم راپەرینە بێت و سەرکوتی بکات. گەرچی دەوڵەتی ئێران هێشتا بانگەوازی ئەم زاپاسانەی نەکردوە، جگە لەوە وەزارەتی دیفاعی ئێران ئەوەندە سازوبەرگی نیە کە بتوانێت ئەم زاپاسانەی پێی ئامادە بکات کە ئەمە بۆ

---

[2] هەمان سەرچاوە ل 281

خـۆی گیروگرفتێکـی زۆری بـۆ ئێمـە دروسـت کـردوە و دەبـێ هـەوڵبـدرێت ئـەم سازوبەرگە لە تاران دروست بکرێت و یاخود لە دەرەوە بکردرێت. [1]

## وتووێژی سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران کاسایڤ لەگەڵ موزەفەری فەیروز وەزیر کار و پروپاگەندەی پێشووی ئێران 19ی ئۆکتوبەری 1946

فەیروز گەلاڵەی لەناو بردنی رژێمی پاشایی لە لایەن ئۆپۆزسیونی ئێرانەوە هێنایە پێش. فەیروز وتی کە 10 رۆژ پێش ئەوەی کابینەی قەوام داوای لە کار کێشانەوە بکات بە قەوامی وتوە کە شا و ژێنرال ئەحمەدی و ژێنرال رەزمئارا بگرێت. قەوام وتویەتی کە لە بەر روس و ئینگلیسەکان ناکرێت. فەیروز تا رادەیەک تەنانەت توانیویەتی باوەر بە قەوام بهێنێت بەڵام قەوام لە بەر پیر بوون و بەش نەکردنی بوێری خۆ لە ریسکیکی (مەترسێکی)وا نادات.

ناوبراو تەنانەت ئامادە نەبوو رەزمئارا و ئەحمەدیش بگرێت. فەیروز هەروەها وتی کە گوایا قەوام بە یەکێکی وتوە کە فەیروز لە چارەسەر کردنی کێشەی ئازەربایجان گەورەترین دەوری بینیوە. هەروەها لە بەستنی پەیمانی نەوت نێوان سۆڤیەت و ئێران و لە هێنانی وەزیرانی تودەییش بۆ ناو کابینەی وەزیران دەوری بەرچاوی گێراوە. ناوبراو وتی کە دەرکردنی لە کابینەی وەزیران بە هۆی ئەو بەرتیلەوە بووە کە ئینگلیسەکان بۆ دەرکردنی داویانە لە بەر ئەوە فەیروز گوایا داوای دەرکردنی تروت و ئینگلیسەکانی تری کردبوو. باڵیۆزی ئینگلیس دەچێتە لای قەوام و قەوامیش هەندی بەڵگەی پێ نیشان ئەدا کە تروت گوایا لە پیلانی عەشایرەکانی باشور دەستی هەبوە. باڵیۆزی ئینگلیسی بە دەنگی بەرزەوە هاواری دەکرد ئەم بەڵگانە بۆ تاوانبار کردنی تەواو نین.

فەیروز وتی کە دوای چاوپێکەوتنی قەوام و سادچیکوڤ، قەوام تەلەفون بۆ شا دەکات و پێی دەڵێت کە سادچیکوڤ نارازییە. شاش لە وەڵامدا دەڵێت کە سەرۆک وەزیر (قەوام) نابی هێندە گوێ بداتێ و دەبێ لە سەر هەڵوێستی خۆی راوەستێت.

---

[1] هەمان سەرچاوە ل 294 و 295

فەیروز وتی کە سیاسەتی ئێمە (سۆڤیەت) بۆ ئەو روون نیە. سەبارەت بە لابردنی شا وتی ئەگەر ئێمە ئیمڕۆ بەو قەناعەتە نەگەیشتووین سبەینی دەگەین و ئەگە سبەینێ نەگەین دوسبەی دەگەین. فەیروز هەروەها لە سەر پارتی تودە دوا و وتی کە ئەم پارتیە بە هەڵە دەچێت و پێویستە هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە. [1]

## وتوویژی ئیوانوڤ موشاویری(راوێژکاری) سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران لەگەڵ وەزیری کار و پروپاگەندە فەرمانفەرمایان 22ی ئۆکتوبەری 1946

بە دەستوری سادچیکوڤ چوومە لای و پێم وت کە لەم دوایانە تەواوی چاپەمەنیەکانی ئێران پروپاگەندەی دژی سۆڤیەتی‌یان پەرە پێی‌داوە بە تایبەتی هەڵوێستە دژ بە سۆڤیەتیەکانی ئاژانسی دەنگوباسی رۆیتەر لە چاپەمەنیەکانی ئێران بڵاو دەکرێنەوە. بۆ وێنە باسی هاتنی هاورێ سیچیڤ بەرپرسی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراستی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت بۆ ئێران دەکەن کە گوایە بۆ بەستنی پەیمانی لەشکەری لەگەڵ ئێران هەروەها داوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سەعدئاباد و دەرچونی ئێران لەو پەیمانە لە ئێران کردوە.

منیش وتم ئەو نوسین و پروپاگەندانە راست نین و دەیانەوێ پەیوەندی نێوان دوو وڵات ئاڵوز بکەن تاکومولگەی هێزەکانی ئینگلیسی لە سەر سنوری ئێران و عێراق پێی پینە بکەن. ناوبراو وتی کە ئێمە لە سەر سیاسەتی پێشوی خۆمان بەرامبەر بە سۆڤیەت بەردەوامین گەرچی کابینە گۆراوە بەڵام دۆستایەتی ئێمە وەک پێشوو لە سەر خۆی دەمێنێتەوە و لە سەر بەستنی پەیمانی نەوت نێوان سۆڤیەت و ئێران هەروا وەفادارین. منیش بە فەرمانفەرمایانم وت ئەوەندەی کە ماوەی نزیک بوونەوەی جێبەجێ و پەسەند کردنی پەیمانەکە نزیک ئەبینەوە بەربەرەکانی ناحەزانی ئەم پەیمانە هێندە زیاتر دەبێت، فەرمانفەرمایان وتی کە دژایەتی ناحەزان نەتەنیا دژی قەوامە بەڵکو دژی ئەویشە.

هەر بۆیە لە وانەیە رۆژێک بێت کە تەواوی ئێران راپەرێت و قەوامیش هیچ رێگایەکی بۆ نامێنێتەوە جگە لەوە کە دەست لە کار بکێشێتەوە. فەرمانفەرمایان وتی کە

---

[1] هەمان سەرچاوە ل 308

مەجلیسی دەورەی 14هەم نەیدەتوانی بە هیچ شێوەیەک پەسەند کردنی پەیمانی ئێران – سۆڤیەت لە سەر نەوت بە مەجلیسی ئێران دابین بکات.

هەر بۆیە قەوام ئێستا خەریکی ئەوەیە کە بۆ مەجلیسی دەورەی پانزدەهەم نوێنەری وا هەڵبژێردرێن کە ئەم پەیمانە بە زۆربەی دەنگ پەسەند بکرێت. فەرمانفەرمایان وتی کە بۆ ئەم کارە کات پێویستە و 9 مانگ دەرفەتی دەوێت تەنانەت لەوانەیشە ساڵێک درێژە بکێشێت، منیش وتم کە راستە مەجلیسی دەورەی 14هەم نەیدەتوانی یا نەیدەویست ئەم پەیمانە پەسەند بکات. منیش وتم کە ئیمڕۆ ماوەی ئەو پەیمانەی کە نێوان قەوام و سادچیکوڤ لە مانگی ئاپریل بەستراوە تەواو بووە. فەرمانفەرمایان وتی کە ئەم هەڵبژاردنە نوێیە کۆسپی خستە سەر پەسەند کردنی ئەم پەیمانە، منیش وتم کە کێشەی نەوت و پەسەند کردنی پەیمانی نێو دوو وڵات دۆستی نێوان سۆڤیەت و ئێران مسوگەر ئەکات. [1]

**چاوپێکەوتنی سکرتێری یەکەمی باڵیوزخانەی سۆڤیەت کاسایڤ لەگەڵ وەزیری کار و پروپاگەندەی پێشوی ئێران فەیروز 21ی ئۆکتوبەری 1946**

بە دەستوری هاورێ سادچیکوڤ چوومە لای موزەفەری فەیروز. ناوبراو وتی کە قەوام دەستوری بە من داوە سەفەری مۆسکو بکەم و پەیامی قەوام بگەێنمە هاورێ ستالین. هەروەها وتی کە من لەم سەفەرەدا زۆر هیوادارم کە کارەکان جێبەجێ بکرێن. [2]

**وتووێژی ئیوانوڤ راوێژکاری باڵیوزخانەی سۆڤیەت لە ئێران لەگەڵ سەرۆک وەزیران و لە هەمان کاتیشدا کە وەزیری کاروباری دەرەوەیە قەوام لسەلتەنە 21ی ئاپریلی 1946**

بە دەستوری هاورێ سادچیکوڤ چوومە لای و سەبارەت بە جێبەجێ نەکردنی پەیمانی 25ی ئاپریلی سەبارەت بە دەرهێنانی نەوت نێوان سۆڤیەت و ئێران قسەم کرد و وتم کە یەک مانگ بە سەر تەواو بوونی ماوەی پەیمانەکە تێپەر بووە و لە بەر ئەوەی

---

[1] هەمان سەرچاوە ل 311 - 313

[2] هەمان سەرچاوە ل 316

کە پەیمانەکە جێبەجێ نەکراوە و دواخستنی یەک لایەنەی ئەم پەیمانە دەبێ دوبارە سەر لە نوی و بە نوسین و ئیمزا کردن ببەسترێتەوە. قەوام بە ئاشکرایی پەشۆکاو لە سەرەتا دا هەوڵیدا کە ئەو فاکتە واتە وتووێژی خۆی و سادچیکوف و هەروەها ئەو نامەیەی کە لەم بارەوە ئاراستەی کرابو ئینکاری بکاو رایگەیاند کە ئەو نایەوێ ئەو وتووێژەی کە لەگەڵ باڵیۆزی سۆڤیەت سادچیکوڤ لەم بارەوە کردویەتی ئینکار بکات.

بەڵام ئەو هەر باسی نامەکەی نەکرد و ئاماژەشی پێی نەکرد کە سادچیکوڤ بۆی ناردوە، پاشان قەوام وتی کە زۆر بۆی زەحمەتە کە ماوەی پەسەند کردنی پەیمانەکە یا ماوەی بەسەرداچونی پەیمانەکە تەواو دەبێت لە بەر ئەوە مەجلیسی ئێران هێشتا پێک نەهاتوە و دوای پێک هاتنی دەبێ لە سەرەتا دا رێ و رەسمی سوێندخواردنی نوێنەرانی مەجلیس و چۆنیەتی بەرنامەی کاری مەجلیس خەریک بێت. لە کۆتاییدا قەوام وتی کە دەبێ بەر لە پەسەندکردنی پەیمانەکە لێکۆڵینەوەو بەرپرس و بەڵێنی نوێنەرەکانی مەجلیس وەربگرێت.

قەوام وتی ئەگەر پێویست بێت ئێستا ئامادەیە دیسانەوە ئەم پەیمانە ئیمزا بکاتەوە و ئەگەر پێویستە نامەیەکیش لەم بارەوە دەنوسێت و لەم نامەیەدا ماوەی پەیمانەکە لە مانگی ئاپریلەوە بۆ حەوت مانگی تر درێژ دەکاتەوە کە لەو ماوەیەدا پەیمانەکە لە لایەن مەجلیسەوە پەسەند دەکرێت.[1]

لە 25 نەیابر 1946 چوومە لای (ئیوانوڤ) لای سەرۆک وەزیر و لە هەمان کاتیشدا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران قەوام و پەیامی هاورێ سادچیکوڤم پێی گەیاند کە ئەویش سەبارەت بەو پروپاگەندە ژەهراوییە بوو کە چاپەمەنیە کۆنەپەرستەکانی ئێران دژی سۆڤیەت دەیکەن و بەیانیەی هاورێ سادچیکوڤم لە 14ی نەیابری 1946 وەبیر هێناوە، قەوام دەستوری بە فەرمانفەرمایان دا کە دەستبەجێ بۆ روونکردنەوەی ئەم شتە بێتە لای دوابەدوای ئەم چاوپێکەوتنە یادداشتی دەوڵەتی سۆڤیەتی لە رێگای سادچیکوڤی باڵیۆزەوە دەدرێت بە فەرمانفەرمایان و پاش رەخنە گرتن لە چاپەمەنیەکانی ئێران ناوی چەند رۆژنامەیەکیش وەک (آتش)، (شهریار)،

[1] هەمان سەرچاوە ل 352-353

(تهران مصور)، (مرد امروز) و (سپیده دم) و ... دێنێت کە قولی سیاسەتی دژی سۆڤیەتی‌یان هەڵماڵیوە.[1]

**راپورتی وتوویژی گولیلوڤ لەگەڵ وەزیری دیفاعی ئێران ئەحمەدی بۆ هاوڕێ سادچیکوڤ باڵیوزی سۆڤیەت لە ئێران 1946/11/27 / کۆپیە بۆ هاوڕێ دیکانزوف و هاوڕێ سیچیڤ/**

ئیمڕۆ کاتژمێری 11ی بەیانی بە کاتی تاران سەردانی ژێنراڵ ئەحمەدیم کرد و دوای چۆنی و چاکی ئەحمەدی وتی دەمەوێ لە سەر بارودۆخی ئێران و هەروەها بۆچونی من لە سەر روداوەکانی ئەم دوایەی ئێران بزانێت. 1/5 کاتژمێری وتوویژەکانمان درێژەی کێشا. ناوەرۆکی وتوویژەکانمان بەم چەشنەی خوارەوە بوو:

1- ناوبراو بە پێویستی دەزانێت کە پەیوەندی نێوان ئێران و سۆڤیەت روون و ئاشکرا بکرێتەوە و وتی کە بۆ من و کاربەدەستانی تری ئێران گرنگە کە یەکێتی سۆڤیەت دەیەوێ هێمنایەتی سەر سنورەکانمان دابین بکرێت هەروەها بەرژەوەندی سۆڤیەت لە دەسکەوتی پەیمانی دەرهێنانی نەوتی ئێران هەیە، من پێم وایە کە ئێران دەبێ داواکاری دراوسێ واتە دەوڵەتی سۆڤیەت لەم بارەوە جێبەجێ بکات و ئێمە دەبێ پێکەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاسایی دوولایەنە هەوڵبدەین لە بەر ئەوە تا ئێستا لەم بارەوە ئەم پەیوەندیانە روون و ئاشکرا نین. ماوەی بەستنی پەیمانەکەش تەواو بووە و دەوڵەتی ئێوە مافی ئەوەی هەیە کە بیر لەوە بکاتەوە پاشان دەبێ چی بکرێت. جگە لەوە مەجلیسی نوی هێشتا هەڵنەبژێردراوە. ژێنراڵ وتی کە بەیانیەی سەرۆک وەزیران سەبارەت بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بە بێ‌ئاگاداری و پەسەند کردنی ئەندامانی کابینە بووە بەتایبەتی من کە ئاگاداری ئەم بڕیارە نەبووم و قەوام تەنیا کاتێک هەڵبژاردن بەڕێوە دەبات کە سوپای ئێران بنێرێتە ئازەربایجان و تا ئەو جێگایەی کە من ئاگادارم دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان دژی ئەم بڕیارەی قەوامن کە لە وانەیە ببێتە هۆی تێکهەڵچونی چەکداری لە وڵات کە پێم وایە شتێکی باش و ئاسایی نابێت. بە وتەی ژێنراڵ دەبێ رێگا چارسەرێکی پێکهێنەرانە (کومپرومیس) بدۆزێتەوە و ئیجازە بدرێت کە هێزێکی کەم لە سوپای ئێران بنێردرێتە ئازەربایجان. هێزێک کە بە سەر

[1] هەمان سەرچاوە ل 354- 356

شوێنەکانی هەڵبژاردن دابەش بکرێن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بۆ چاودێری لێ کردن و بەڕێوەبردنی یاساکانی هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی داهاتوی ئێران و بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەوتیش، باشتر وایە کە لەگەڵ خودی ئێرانیەکان قسە بکرێت و پێکبێن تاکو لە رێگای لایەنی سێهەمەوە و شتێکی بێمانایە ئەگەر لە رێگای سێهەمەوە ئەم شتە بکرێت، /ناوبراو ئیشارەی دا کە ئێمە بۆ وەرگرتنی نەوت گوشاریان بۆ دێنین و بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی ئازەربایجان وەک کەرەسە یا ئامێرێکی گوشار بۆ سەر دەوڵەتی ئێران کەڵک وەردەگرین/ بە وتەی ژێنراڵ ئەو پێشنیاری بە سەرۆک وەزیران قەوام کردوە کە جارێکی تر سەردانی مۆسکو بکات.

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات روون و ئاشکرا بکات. ژێنراڵ هەروەها وتی کە ئەگەر بەڵێن دراوە دەبێ تا سەر جێبەجێ بکرێت. ئەگەریش ئازەربایجانی ئێران بۆتە کۆسپ بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە دەبێ روون بکرێتەوە و داوا لە دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت بکرێت کە لەم بارەوە یارمەتی بکات چونکە بەرژەوەندی خودی ئێرانیەکانیش لەم بارەدا هەیە. ژێنراڵ وتی کە ئەگەر ئەو سەرۆک وەزیران بوایە وای دەکرد و راستەوخۆ لەم بارەوە ئەجولایەوە.

2- ناوبراو بەڵێنی بە من دا کە هیچ خۆ ئامادەکردنی لەشکەری لە لایەن وەزیری دیفاعەوە بۆ چالاکی لەشکەری دژی ئازەربایجان رێکنەخستوە. ئەو ستونە لەشکەریە کە بە سەرۆکایەتی پالکوڤنیک هاشمی نێردراوە بۆ زینجان لە قەزوین دەمێنێتەوە. ژێنرال پێی وتم کە لەم بارەوە من تاوانبار دەکەن کە گوایە من سەرۆک وەزیرانم بۆ هێرشکردنە سەر ئازەربایجان هانداوە. بەڵام فری بە سەر راستیەوە نیە. سەرۆک وەزیران هەمووی بۆ خۆی بریار ئەدا و زۆر کەم ئاموژگاریەکانی من گوێ لێ ئەگرێت.

ئەو ئاماژەی بەو فاکتە کرد کە کاتێک کە سەرۆک وەزیران لە رەشت گەرایەوە بانگی کردم و دەستوری پێدام کە دەسبەجێ لەشکەرێ بنێرێتە زینجان کە منیش جێبەجێم کرد. سەرۆک وەزیران بۆ خۆی بە ئێمەی وت کە دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان دژی نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران لە ئازەربایجانن و ویستویانە فەرمانداری نیزامی زەنجان بکوژن. ئەم فەرماندارە لە لایەن قەوامەوە دیاریکرا بوو وەزیری دیفاع

ئەم ئەفسەرە ناناسیت . ناوبراو وتی کە بارودۆخی ئیمڕۆی ئێران زۆر ئاڵوزە و لە پلانی داهاتون قەوام ئاگادار نیە. ژێنرال وتی کە بە پێویستی دەزانێت پێش هەموو شتێک لەم باوەرە ئێران لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دەبێ پێک بێت و دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت لە پلانی داهاتوی دەوڵەتی ئێران ئاگادار بکرێتەوە.

3- پاشان ژێنراڵ لە سەر پەیوەندی خۆی و سەرۆک وەزیران دوا و وتی کە پەیوەندیەکان ئاساییە بەڵام سەرۆک وەزیر قەوام باوەری پێ ناکا و مەترسی تۆڵەسەندنەوە لە قەوام ئەکات. ناوبراو گوایا لەم بارەوە دوو جار لەگەڵ قەوام قسەی کردوە و قەوام پێی وتوە کە پێشنیاری دیاریکردنی ئەحمەدی بۆ پۆستی وەزارەتی دیفاعە لە لایەن شاوە .ئەحمەدی وتی ئەم قسانە راست نین و لەم بارەوە من لەگەڵ شا قسەم نەکردوە. سەبارەت بە دروستکردنی گاردی ناسیۆنالی (هێزی تایبەتی) لە ئەندامانی پارتی دیمۆکرات وەزیری شەر وتی کە ئەم کارە هیچ شتێکی باشی بەدواوە نابێت. لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەماندا ژێنراڵ ئەوەی دوپات کردەوە و وتی: ئەگەر ئەو سەرۆک وەزیران بوایە و ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت ئەم کێشەیەی لە بەرژەوەندی سۆڤیەت چارسەر دەکرد ئەویش بە پێی ئەو ماوەیە کە دیاری دەکرد.[1]

## راپۆرتی پوختە کراوی کۆنسوڵی سۆڤیەتی لە تەورێز لە 1946 روداوە سیاسیە گرنگەکانی ئازەربایجان ئێران

**1-** بارودۆخی ئازەربایجان پاش دەرچونی سوپای ئێمە لە ئێران.

لە مانگەکانی سەرەتای 1946 هیچ مەترسی و هەرەشەیەک لە لایەن کۆنەپەرستانی ئێرانەوە دژی بزووتنەوەی دیمۆکراتی ئازەربایجان بەدی نەدەکرا و لە گەشە کردنی خۆیدا بەردەوام بوو. هەنگاوی دیمۆکراتەکان لە بواری کولتور و کشتوکاڵ و ... لە لایەن چین و توێژێکی بەربڵاوی دانیشتوانی ئازەربایجانەوە پشتیوانی لێ دەکرا. هەبوونی هێزەکانی ئێمە بێگومان یارمەتیدەری هێزە پێشکەوتوەکان لە جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوانە بوون. شتێکی ئاشکرا و ئاسایی بوو کە بە راگەیاندنی دەرچونی هێزەکانی سوپای سور لە ئێران دانیشتوانی ئازەربایجانی ئێرانی پەرۆش کرد

1 هەمان سەرچاوە ل 363-364

و دەترسن کە دەسکەوتەکانی خۆیان لە دەست بدەن. گەرچی دیمۆکراتەکان دەیانزانی کە دەرچونی سوپای ئێران شتێکی حەتمی‌یە. بەڵام ئەوانە پێیان وابوو کە ئەم هەنگاوە (دەرچونی سوپای سور) پێش وەختە لە بەر ئەوە دەوڵەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بەرامبەر بە هێرشی سوپای ئێران و پاراستنی دەسکەوتەکانیان هێشتا بە گوێرەی پێویست ئامادە نین.

مانگی مارت و ئاپریلی 1946 ئەم پەرۆشیە لە ناو دانیشتوانی ئازەربایجاندا بەرچاو دەکەوت. رێبەرانی ئازەربایجانیش جیدیەتی ئەم بارودۆخەیان لە کەس نەدەشاردەوە لە بەر ئەوە ئەوانە هیوایان نەمابوو کە بە رێگایەکی ئاشتیانە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران کێشەی ئازەربایجان چارەسەر بکەن. هەر بۆیە پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان هەنگاوی بو ئامادەکردنی دانیشتوان بۆ بەرەنگاری لە پاراستنی دەسکەوتەکانیان هەڵگرت.

وەک ئاشکرایە قەوام تا هاتنە سەر دەسەڵاتی بۆ خۆی سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی رژێمی پێشوی ئێرانەوە مەحکوم دەکرد و بە باشی بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی ئازەربایجانی هەڵدەسەنگاند. کە بۆ سەرۆک وەزیرانیش ئەم هەڵوێستەی دووپات کردەوە و لە چەند جار دەربڕینی خۆیدا بەڵێنیداو بە ئەرکی سەر شانی خۆی دانا کە کێشەی ئازەربایجان بە رێگایەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات. دیمۆکراتەکانی ئازەربایجانیش پۆزەتیڤانە وتنەکانی قەوامیان وەرگرت بەڵام باوەریان پێ نەکرد.

پیشەوەری و رێبەرانی تری ئازەربایجان گەرچی زۆر جار ئامادەیی خۆیان بۆ چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجانیان دەربریوو بەڵام هیچ کومپرومیسیکیان لە کردەوە بۆ ئەم دەربرینە پێ نەبوو. وتوویژەکانی هەردوولا لە تاران بۆ رژێمی ئێران کەڵک وەرگرتن لە کاتەکە بوو نەوەک ئەرکێکی پێویست لەو قۆناغەدا بوو، هەر بۆیە دیمۆکراتەکان خۆ ئامادە کردن بۆ بەرەنگاری لەم قۆناغەدا بە ئەرکی هەرە گرنگی خۆیان دانا.

29ی مارتی 1946 سەرۆک وەزیر پیشەوەری لە مێتینگی لەشکەریان و فیدایەکاندا بە دووروودرێژی و تاریکی سەبارەت بە پاراستنی سنورەکانی ئازەربایجان و هەروەها بەرز کردنەوەی توانای جەنگاوەری ئاراستەی هێزەکانی ئازەربایجانی کرد.

لە وتارێکی سەرەکی رۆژنامەی ئازەربایجان (ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان) لە 2ی ئاپریلی 1946 سەبارەت بەوەی کە لەوانەیە شەڕ دەست پێ بکات دەنوسێت:

نێوان هێزەکانی ئێران و ئازەربایجان هەر دەبێ (واتە حەتمییە). گەرچی قەوام هەندی پاشەگزە دەکات بەڵام دیمۆکراتەکان باوەری پێ ناکەن. سەبارەت بەو وتووێژانەی کە بڕیارە بەم زووانە دەست پێ بکات پیشەوەری لە 17ی ئاپریلدا رایگەیاند کە:

(من ئامادەی وتووێژم بەڵام هەتا پێم بکرێت تا ئاخر لە سەر هەڵوێستی خۆم رادەوەستم گەرچی پێشەکی دەزانم کە بە رێگای وتووێژدا ئێمە بە هیچ شتێک ناگەین. بارودۆخەکە لە ئێمە دەخوازێت کە پاشەگزە بکەین بەڵام چۆن من ئەم پاشەگزەیە لە خەڵکی تێبگەینم).

سەبارەت بە ئامادە بوونی ئازەربایجان بۆ ئەم وتووێژانە رۆژنامەی ئازەربایجان هەر لەم رۆژە دا دەنوسێت:

(گەلی ئازەربایجان هەموو شارەکان ئەکەن بە قەڵایەکی لە گیران نەهاتوو. گەلەکەمان گەیشتوەتە مەبەستی خۆی و بۆ پارێزگاری لەم دەسکەوتانە ئامادەی هەموو قوربانی دانێکە).

بەم چەشنە دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان هیوایەکی ئەوتۆیان بوو ئەو وتووێژانەی کە لە پێشدا نیە و لە پاکی قەوام شک و گومانیان هەیە بەڵام هەروەک پێشتر وترا ئەوانە بۆیە ئامادەی وتووێژ کردن لەگەڵ قەوام بوون بارودۆخی نێونەتەوەییان لەبەرچاو دەگرن هەروەها نەبوونی هێز و چەک و تەقەمەنی بۆ بەرەنگاری کردنە.

چینی دەرەبەگ و زەویندار و تاجر و هەندێک لە بۆرژوازیەتی ئازەربایجان رەزامەندی خۆیان بەرامبەر بە وتووێژی نێوان تاران و تەورێز دەربری. ئەم دارودەستە پێشتر پەرۆشی ئەوە بوون کە ئازەربایجان لە وانەیە لە ئێران جیا بێتەوە و

هیوادار بوون کە ئازەربایجان بگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی جاران. سەرەرای ئەو هەموو شتانە ئەوانە پەرۆشی شەرێکی چەکدارانە و ناوخۆ بوون و هەردوولا نەگەنە ئەنجام. لەم بارەوە خۆ ئامادە کردنی نیزامی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان پەروشی ئەوانی زیاتر کردوە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم روداوانە هەندێک لە بازرگان و زەویندارەکان دەیانوت:

(سەرەرای ئەوەی کە بە هاتنی سوپای سور بۆ ئێران بارودۆخێکی لە باری بۆ بزووتنەوەی دیمۆکراتیک و سەرکەوتنی بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی ئازەربایجان پێکهێنا بەڵام لە لایەکی ترەوە نەیهێشت کە لە نێوان هێزەکانی ئازەربایجان و ئێران شەڕ ساز بکرێت.

وتووێژی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان و دەوڵەتی ئێران

28ی ئاپریل دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تەورێزی بەرەو تاران جێهێشت.

دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان لەم کەسانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

1-پیشەوەری سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی.
2-پادگان جێگری سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان.
3-جەهانشاهلو جێگری سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان.
4-ذەیلەمقانی بازرگان و نوێنەری مەجلیسی ئازەربایجان.
5-ئیبراهیمی دادیاری (دادستانی) گشتی ئازەربایجان.
6-موحەمەد حوسین خان کورد.

لە سەر ئەو کۆسپ و دژواریانەی کە بۆ ئامادە کردنی ئەم وتووێژانە و هەروەها نێوەنجی کردنی ئێمە دەنگوباسی یەکجار زۆر هەیە و پێویست بەوە ناکات کە لەم راپۆرتە دا ئاماژەیان پێ بکەین.

وەک ئاشکرایە سەرەتای وتووێژەکان هاوکات لەگەڵ دەرچونی سوپای ئێمە لە ئێران بوو. هەر لەم کاتەوە دەنگوباسی ناخۆش سەبارەت بە وتووێژەکان دەستی پێ کرد، ئەم پێشهاتە بوو بە هۆی بۆچونی جیاواز لە سەر کێشەی ئازەربایجان و چارەنوسەکەی.

تاقم و دەستە دیمۆکراتیەکان و کەمە نەتەوەییەکانی (ئاسوری و ئەرمەنی) دانیشتوی ئازەربایجان مەترسی خۆیان لە گەڕانەوەی کۆنەپەرستانی تاران و باروودۆخی جاران دەربری.

تاقمی کۆنەپەرست بە بێقەرارییەوە چاوەڕێی ئەنجامی وتوویژەکانیان دەکرد و بەو هیوایە بوون کە قەوام چیتر پاشەگزە ناکات و کۆنەپەرستانی خۆجێیش دەستیان ئاوالە دەبێتەوە. لە ناو بازرگان و پیشەوەراندا هیوای ئەوتۆ هەیە کە لە سایەی هەوڵدانی روسەکانەوە وتوویژەکانی تاران ئەنجامێکیان هەر دەبێت و روسەکان ناهێڵن لە وڵاتدا ئاژاوە دروست ببێت لە بەر ئەوە ئاژاوە نانەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس کە دەبێ مەجلیسی داهاتو کێشەی ئیمتیازی نەوت چارەسەر بکات.

13ی مانگی مای 1946 دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان گەڕایەوە تەوریز و هیچ رێککەوتنێکیان لە سەر کێشە سەرەکیەکان کە ئاراستەی دەوڵەتی تارانیان کردوە بە دەست نەهێناوە.

14ی مای رۆژنامەی ئازەربایجان لە وتارێکی سەرەکیدا لە ژێر ناونیشانی (گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرانی بۆ تەوریز دەنوسێت:

(گەلی ئازەربایجان بە بێقەرارییەوە چاوەڕێی کۆتایی هاتنی وتوویژەکانیان دەکرد و هیوادار بوون کە ئەنجامی وتوویژەکان دیمۆکراتیزە کردن و ئازادی تەواوی گەلانی ئێرانی بە دواوە دەبێت... بەڵام بەداخەوە لە بەر سیاسەتی کۆنەپەرستەکان وەدورییان لەم بارەوە وتوویژەکان شکستیان هێنا.

گەلی ئازەربایجان ئامادەیی خۆی تا ئەو پەری پاشەکشە کردن بەرامبەر بە دەوڵەتی تاران دەربری بۆ ئەوەی کێشەکە بە رێگایەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت. بەڵام کۆنەپەرستان ئەوپەری هەوڵی خۆیاندا کە ئەم وتوویژانە سەر نەگرێت. لە هەمان رۆژدا پیشەوەری لە کۆنفرانسی پێشرەوانی خەڵکی ئازەربایجان بەوردی باسی وتوویژەکانی کرد و باسی گیروگرفت و جیاوازیەکانی کرد و بە گوێرەی ئەو بۆ وێنە لە سەر دوو کێشەی سەرەکی واتە کێشەی سوپای ئازەربایجان و کێشەی دابەشکردنی زەوین بوو کۆنفرانسەکە کە تەواوی چین و توێژی دانیشتوانی ئازەربایجانی تیا بوو هەڵسوکەوتی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجانیان لاپەسەند بوو. دیمۆکراتەکان لە

تەواوی کۆبونەوەکاندا خەڵکیان لە سەر هۆکانی سەرنەکەوتنی وتووێژەکان و چۆنیەتی وتووێژەکان ئاگادار دەکردەوە.

17ی مانگی مای 1946 رۆژنامەی ئازەربایجان سەبارەت بە وتووێژەکانی تاران و هەروەها چاوپێکەوتنی پیشەوەری و قەوام و ئەو بەیانەی قەوام کە لە 7 خاڵ پێکهاتبوو و هەروەها پێشنیارە 33 خاڵەکەی دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجانی بڵاو کردۆتەوە، بە شیکردنەوەی تەواوی ئەو هۆیانە کە بونەتە بێئەنجامی وتووێژەکان لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە مەترسی و شەڕخوازی لە هەندێ لە دەربڕین و ئەو بەیانەی ئازەربایجانیە دیمۆکراتەکان سەبارەت بە نیازی دەوڵەتی ئێران کە دەیانەوێ بە زۆر کێشەی ئازەربایجان چارەسەر بکات تا رادەیەک ئەو تێکهەڵچونانەی کە لەم ماوەیەدا لە چەند جێگا نێوان هێزەکانی دەوڵەتی و فیدایەکانی ئازەربایجان رویاندا بۆ وێنە لە ساییندقەلا و قەرەسو وهتد پاکانەی بۆ ئەو هەڵوێستە کرد. لە 20ی مای سوپای ئێران دەستیدایە هێرش و چەند ناوچەی گرت. لە سەر ئەم تێکهەڵچونە پیشەوەری بە نامە لە رێگای کۆنسوڵەوە باڵیۆزی ئێمەی ئاگادار کردەوە کە بە قەوامی رابگەینن. هەندەی پێی نەچوو ئەم تێکهەڵچونانە دواییان پێهات و بە پێشنیاری دەوڵەت وتووێژەکان دەستیان پێ کرایەوە. ئێمە لە رێگای سەفارەتەوە تێکستی گەڵاڵەی پەیمانی رێک کەوتن کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پێشنیار کرابوو بە دەستمان گەیشت.

27ی مای ئێمە پێکەوە لەگەڵ راوێژکاری سەفارەت(باڵوێزخانە) هاورێ عەلیێف رێبەرانی ئازەربایجانمان واتە پیشەوەر و شەبۆستەری و پادگان و دوکتور جاویدمان لە سەر پێشنیارەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ بەرێوەچونی وتووێژەکان ئاشنا کرد. تێبینی و پێشنیارەکانی رێبەرانی ئازەربایجانمان نارد بۆ موسکۆ و بۆ سەفارەت.

12ی ئەیون دەستەی نوێنەرایەتی دەوڵەتی ئێران بە سەرۆکایەتی موزەفەری فەیروز بۆ بەستنی پەیمان لەگەڵ دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان هاتە تەورێز. لەگەڵ موزەفەری فەیروز ئێمە سێ چاوپێکەوتنمان هەبوە، دوو چاوپێکەوتنی یەکەم لایەنی تەشریفاتیەیان هەبوو و دوایین چاوپێکەوتن لە بارودۆخێکی تر و بۆ کارێکی تر بوو کە لەم چاوپێکەوتنەدا فەیروز داوای لە ئێمە کرد کە لە بانگ کردنی قازی موحەمەد بۆ

تاران بۆ چارسەر کردنی ئەو کێشانەی کە پەیوەندی‌یان بە کوردستانەوە هەیە یارمەتی بدەین. هەروەها سەبارەت بە پەسەند کردنی ئەو پەیمانەی لە لایەن مەجلیسی ئازەربایجانەوە کە نێوان تاران و تەورێز بەستراوە، پاڵێوراو کردنی دیمۆکراتیک بۆ پۆستی ئوستانداری ئازەربایجان و بەڕێوەبەرانی دامودەزگاکانی تری ئازەربایجان و هەروەها پەسەند کردنی پالکوڤنیک عەلەوی کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بە فەرماندەی لەشکەری ئازەربایجان دیاریکراوە قسەی کرد. فەیروز هەروەها داوای هەڵوێستی ئێمەی سەبارەت بە پاڵێوراوی (کاندید کردن) خۆی بۆ نوێنەرایەتی مەجلیس لە مەراغە قسەی کرد.

13ی ئەیون پەیمانی نێوان نوێنەرایەتی دەوڵەتی ئێران و ئازەربایجان بە ئیمزای فەیروز و پیشەوەری بەسترا تەواوی پێشنیارەکانی ئازەربایجان پەسەند کران جگە لەوە فەیروز سەبارەت بەو پرسیارانەی کە پەیوەندی‌یان بە زەنجانەوە هەیە بە نوسین بەڵێنی بە پیشەوەری دا.

دوای ئیمزا کردنی پەیمانەکە فەیروز و پیشەوەری هەردووک پێکەوە لە رادیۆ رەزامەندی خۆیان لە پەیمانەکە دەربڕی کە سەرکەوتوانە بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارسەری کێشەی ئازەربایجان کراوە. 14ی ئەیون پەیمانەکە لە لایەن مەجلیسی ئازەربایجانەوە پەسەند کرا (مەجلیسی ئازەربایجان بە پێی پەیمانەکە کراوە بە ئەنجومەنی ئەیالەتی).

دانیشتوانی ئازەربایجان بە رەزامەندییەوە پێشوازییان لە ئەنجامی وتووێژەکان کرد. جگە لە دانیشتوانی شاری زینجان کە دژی جیا کردنەوەی ئەم ناوچەیە لە ئازەربایجان بوون (بە پێی پەیماننامەکە ئازەربایجان جیا دەکرێتەوە). هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان هەندی کەسی تایبەتی لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی بۆ روونکردنەوەی ئەم کێشەیە نارده لای دانیشتوانی زینجان.

بە دوای ئیمزا کردنی پەیمانەکە (15ی ئەیون) کۆمسیۆنێکی تێکەڵاو یا هاوبەش(بە پێی پەیمانەکە) سەبارەت بە کاروباری نیزامی دەستیدایە کار. ئەم کۆمسیۆنە هاوبەشە یا تێکەڵاوە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ژێنراڵ هیدایەت و پالکوڤنیک عەلەوی و لە لایەن ئازەربایجانەوە کاویان و میلانیان و پناهیان بوون. لە کاتی وتووێژەکان بریار لە سەر ئەم کێشە سەرەکیانە درا:

1- ئەو لەشكەرەی كە لە ئازەربایجان موڵگەی داوە ناوی لێ دەنرێت (لەشكەری ئازەربایجان) 2- فێر كردن و مەشق و راهێنانی سەبازەكان بە زمانی ئازەربایجانی دەبێت.

3- ئەو ئەفسەرانەی كە بەشداربیان لە بزووتنەوەی دیمۆكراتی ئازەربایجان كردوە و هەروەها ئەوانەش كە لە شوێنەكانی تری ئێرانەوە هاتوون و یارمەتی یا هاتونەتە ریزی بزووتنەوەی دیمۆكراتیكیان داوە لە سزادان و تەنگ پێ هەڵچنینیان دەپارێزرێن.

4- تەواوی ئەو ئەفسەرانەی كە ئێستا لە لەشكەری ئازەربایجان خزمەت دەكەن دەبێ لە شوێن خۆیان و بە پلەوپایەی خۆیان بمێننەوە. جگە لەوەش ئەو ئەفسەرانەی كە دەرەجەی لەشكەرییان لە دەوڵەتی ئازەربایجان وەرگرتوە دەبێ دەورەی تایبەتی ببێنن و لە سەر ئەو دەرەجەی كە وەریان گرتوە دەبێ تاقی بكرێنەوە.

هاوكات تارانیەكان لە سەر چەند پرسیار و كێشەی گرنگ كە لە لایەن ئازەربایجانیەكانەوە ئاراستە كرابوو پەسەندیان كرد كە بریتین:

1) فەرماندەی لەشكەر و سەرۆكی ستاد و فەرماندەی تیپەكان بە ئاراستەكردن یا ناساندنی ئەنجومەنی ئازەربایجان و لە لایەن دەوڵەتی ناوەندیەوە دیاری دەكرێت.

2) لەشكەری ئازەربایجان ناتوانێت لە شوێنەكانی تری ئێران بە مەبەستی نیزامی بە بێ‌ئیجازەی ئەنجومەنی ئازەربایجان كەڵكیان لێ وەربگیردرێت.

3) ئەو 220 نەفەرەی كە دەوڵەتی ئازەربایجان ناردونی بۆ خوێندن دەبێ بە شێوەیەكی فەرمی یا قانونی بناسرێت و بە گەرانەوەیان بۆ ئێران ئەوانە هەموویان دەبێ لە ناو لەشكەری ئازەربایجان خزمەت بكەن.

4) هێشتنەوەی قوتابخانەی پەروەردەی ئەفسەران كە لە سەردەمی دیمۆكراتەكان دامەزراوە.

لە بەر ئەوەی كە تارانیەكان خۆیان لە چارسەر كردنی كێشەكانی سەرەوە بە خاوەن دەسەلاَت نازانن بۆ چارسەر كردنیان گەلاڵەی ئەو داخوازیانەیان لەگەڵ خۆ بردە تاران بۆ ئەوەی ئاراستەی دەوڵەتی بكەن. ئازەربایجانیەكان ئەم پێشنیارەیان پەسەند كرد. كۆمسیۆنی دەوڵەت لە 18ی ئەیون 1946 گەرایەوە بۆ تاران.

## دژواریە نوێکان لە نێوان ئازەربایجان و تاران

بەم چەشنە کاروباری کۆمسیۆنی هاوبەش سەبارەت بە کێشەکانی سوپایی یا لەشکەری هیچ ئەنجامیکی نەدا هەر بۆیە لەم بارەوە ئاڵوزی نویٚ نێوان ئازەربایجان و تاران دروست بوو. ئازەربایجانیەکان کەوتنە ناو بارودۆخێکی نادیار. راگرتنی لەشکەر و دەستەکانی فیدایی بۆ ئازەربایجان زۆر گران تەواو بوو لە سەر ئابوری ئازەربایجان قورساییکی زۆری دانابوو. هەر بۆیە ئازەربایجانیەکان زۆر پەرۆشی ئەم بارودۆخە بوون.

پیشەوەری لە وتوویٚژ دا لەگەڵ ئێمە وتی کە راگرتنی سوپا بۆ ئازەربایجان مانگانە 2 ملیۆن تمەنە کە بارێکی قورسی خستوتە سەر بوودجەی ئازەربایجان و دوای بەستنی پەیمان ئێمە ناتوانین وەک پێشان بۆ بەخێوکردنی هێزی سوپای ئازەربایجان سەرچاوە بدۆزینەوە. داهاتی ماڵیات کەم بۆتەوە. بۆ زستانی داهاتو دەبیٚ نان و خواردەمەنی وتفاق و سوتەمەنی و ... بۆ سوپا ئامادە بکرێت. بەڵام ئێستا ئەو شتە ناکرێت.

ئێستا ئێمە خەریکی ئەوەین کە نەهێڵین سوپای ئازەربایجان لە یەک بڵاو بێتەوە و هەڵوەشێت لە بەر ئەوە بە خراپ بوونی بارودۆخی ژیانی سوپا لە باری مادییەوە بارودۆخی مەعنەوی و ورەیان خراپ دەبێت.

دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان هەر بەردەوام بوون لە ئیش وکاری خۆیان وەک دابەشکردنی زەوین دەستیاندایە دروستکردنی بینای بانگی ئازەربایجان کە لە 5 کورپوس پێکهاتبوو. دروستکردنی بینای ئەنجومەن و زانکۆ دروستکرا، ئێستگەی رادیۆیی، تیئاتر و فیلارمونی، ئەسفالتکردنی خیابانەکان و ئاوەدان کردنەوەی شارەکان، تاران لە گوشاری ئابوری خۆی بۆ سەر ئازەربایجان بەردەوام بوو جیٚبەجیٚ کردنی خاڵەکانی پەیمانەکە وە دوا دەخرێت و ئەو پرسیارانەش کە گێرەوکێشەیان لە سەرە بە ئاشکرایی و بە شێوەیەکی تایبەت چارسەر ناکرێت. هەندی تاقمی نیزامی دەستیان داوەتە ئاژاوە نانەوە و تێکهەڵچونی چەکدارانە لە سەر سنوری دەسەڵاتداریەتی ئێران لەگەڵ ئازەربایجان و لە کوردستانیش نزیکەی دوو لەشکەر سوپایان مۆڵگە داوە کە زۆر جار ئاژاوە و شەر ئەنێنەوە.

لە ئەردەویل ئێرانیەکان باندەکانیان چەکدار کردوون و دژی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان هانیان داون. تێکهەڵچونی لەشکەری هەروەها لە ناوچەکانی زینجان لەو شوێنانەی کە ژاندارمیری ئێران لە ناوچەی بێلایەن جێگیرکراون تەقەیان لە پێگەی فیدایەکان کردوە. هەموو ئەمانە بوون بە هۆی ناباوەری زیاتری ئازەربایجانیەکان بەرامبەر بە دەوڵەتی ناوەندی سەرەرای ئەوەی کە دەوڵەتی ناوەندی لە سەر ئەو هەموو روداوە ئاگادار کراونەتەوە و لە لایەن ئازەربایجانیەکانەوە هەنگاو بۆ نەهێشتنی ئەو تێكهەڵچون و ناکۆکیانە هەڵگیراوە و نەیویستوە کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تاران لە بەر بەستنی پەیمانەکە تێک بدات.

## سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بۆ تاران

لە نیوەی دووهەمی ئاگوستی 1946 دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی شەبۆستەری (سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان) دوکتۆر جاوید (ئوستانداری ئازەربایجان) پادگان (جێگری سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان) و پەناهیان(سەرۆکی ستاد هێزەکانی ئازەربایجان) بۆ وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی سەبارەت بەو کێشانەی کە لە وتوویژەکانی ئەیون چارسەر نەکرابوون بە تایبەت کێشەی سوپا و ژاندارمیری بەرەو تاران کەوتنە رێ. رۆژنامەی ئازەربایجان 23 ئاگوستی 1946 لەم بارەوە دەنوسێت:

(دوو مانگ زیاتر بە سەر ئیمزا کردنی پەیمانەکەی نێوان تاران و تەورێز تێپەری .... بەڵام تا ئێستا دەوڵەتی تاران هیچ هەنگاوێکی باش و بە کردەوەی بۆ جێبەجێ کردنی پەیمانەکە هەڵنەگرتوە، بەڵکو بە پێچەوانە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندیەوە هەندی کەند و کۆسپ دروست کراوە کە بۆتە هۆی راگرتنی کاروبارەکە. لەمەولا دەوڵەتی ناوەندی دەبێ کۆتایی بە سیاسەتی بیروکراتیانەی خۆی بێنێت. بەڵینەکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئێمە نازانین دەوڵەتی ناوەندی پاش ئیمزا کردنی پەیمانەکە چ شتێکی لە بواری پەروەردە و رێگا و پۆست و تێلگراف و کاروباری لەشکەری وهتد کردوە.

رۆژنامەی ئازەربایجان هەر لەم وتارە دا هیواداری خۆی دەربریوە کە تەواوی کێشەکان لە تاران لە بەرژەوەندی تەواوەتی گەلانی ئێران چارسەر دەکرێن و دەستەی

نوێنەرایەتی ئازەربایجان بە سەرکەوتویی دەگەڕێتەوە تەورێز بەڵام هێندەی پێنەچو لە تارانەوە هەواڵ گەیشت کە بە ئەنجام نەگەیشتوون.

6ی سێپتامبەر 1946 پیشەوەری لە لایەن سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجانەوە واتە شەبۆستەری بروسکەیەکی پێ دەگات کە تێدا دەڵێت قەوام لە وتووێژەکان کەش و هەوایەکی خراپی دروست کردوە و لە هەموو بارێکەوە هەوڵ ئەدات کە وتووێژەکان وەدوا بخات. شەبۆستەری داوا لە پیشەوەری دەکات کە دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان لە تاران بانگ بکاتەوە بۆ تەورێز.

وتووێژەکانی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان لە تاران دوو مانگ زیاتری خایاند و هیچ دەسکەوتێکیان نەبوو. شەبۆستەری و پادگانیش گەڕانەوە بۆ تەورێز. تەنیا جاوید لە تاران دەمێنێتەوە کە ئەویش بۆ وەرگرتنی دەستورەکانی قەوام وجێبەجێ کردنی ئەو پرسیارانەی کە لە کاتی وتووێژەکان باسیان لە سەر کرابوو بڕیاریان لە سەر درابوو. لە نامەی قەوام بۆ ئوستانداری ئازەربایجان دوکتور جاوید:

(لە ئەنجامی ئەو وتووێژانەی کە تا ئێستا لەگەڵ دەوڵەتی ئازەربایجان بە بەشداری ئێوە کراون بە پێی ئەو پێکهاتنانەی کە کراون ئەم کێشانەی خوارەوە بۆ جێبەجێ کردن دەبن:

1- بە پێی ئەو پەیمانەی 1946/6/13 بڕیار درا کە زەنجان بە زووترین کات لە لایەن هێزەکانی فیدایی ئازەربایجان چۆڵ بکرێت و لەم ڕۆژەوە بۆ ماوەی 10 ڕۆژ دەبێ جێبەجێ بکرێت و شار بە تەواوی بدرێتە دەستی هێزەکانی ئێران.

2- سەبارەت بە کێشەی سوپا بڕیار درا کە ژێنراڵ عەلەوی و پەناهیان و پالکوڤنیک هیدایەت بە نۆرە وەک فەرماندەی لەشکەری و جێگری لەشکەر و سەرۆکی ستادی سوپا دیاری کراون و هەرسێکیان دەنێردرێن بۆ تەورێز سەبارەت بە ڕێکخستنی لەشکەری ئازەربایجان و ئەفسەرەکانی کە دەبێ ئەرکی سەرکردایەتی کەرتەکانی سوپای ئەم لەشکەریان پێ بسپێردرێت. پێویستە ئێوە لەم کێشەیە بکۆڵنەوە و لە ماوەی دوو هەفتەدا پێشنیارەکانی خۆتان ئاراستەی وەزیری شەڕ بکەن.

3- سەبارەت بە پاسەوانی (نظمیە) هەروەها بڕیار درا کە بەرپرسی دەزگاکانی پاسەوانی ئازەربایجان و هەروەها فەرماندەی هەنگەکانی پاسەوانی هەرێمی

ئازەربایجان لـە لایـەن نـاوەندەوە دیـاری دەکرێن و جێگرەکانیـان لـە لایـەن ئـەنجومـەنـی هـەرێمـی ئـازەربایجانـەوە پێشنیار و پـالـێوراو دەکـرێن و دوای پـەسـەنـد کردنـی ئێـوە دەستوری کار کردنی ئەوان دەدرێت.

2/3 بودجەی بەڕێوەبەرایەتی ئازەربایجان لە لایەن ناوەندەوە دەدرێت و ئەوی تری لە داهاتەکان خۆجێییەوە دەدرێت.

4- بڕیار درا کە دوای 15رۆژ پاش تەسلیم کردنی زینجان بە هێزەکانی ئێران بۆ پاراستنی هێمنایـەتـی هێزی دەوڵـەتـی لـە ئـازەربایجانـەوە دەنێردرێت بۆ سـەردەشـت و هێزی پۆلیس بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە بە ئەستو دەگرێت.

5- بڕیـار درا کـە دوای بیـست رۆژ دوای تـەسـلیم کردنـی زینجـان بـە هێـزەکـانی دەوڵەتی، شاری تیکاب لە لایەن هێزەکانی ئازەربایجانەوە چۆڵ ئـەکرێت و بـەخشداری ئـەوێ و سـەرۆکـی پـۆلیس و فـەرمـانـدەی هێـزەکـانی پاراسـتنی ئـەم ناوچـەیـە لـە لایـەن وەزارەتی ناوخۆی ئێرانەوە بە پێشنیاری ئوستانداری ئازەربایجان دیاری دەکرێت.

6- بڕیـار درا کـە تـەواوی یاسـاکانی مـەدەنـی لـە ئـازەربایجـان جـێبـەجـێ و بـەڕێوە دەبرێن و تەواوی ئەومافانە کـە بـۆ دانیشتوان لـە چوارچێوەی یاسـای ئێرانـدا دەستنیـشان کراوە لەمەولاش لە تەواوی بوارەکاندا رەچاو دەکرێن.

7- بڕیـاردرا کێشەی ئـەو زەوییانـەی کـە تـا بـەسـتنی پـەیمانـەکـە دابـەشـکراون و بڕیاریان لە سەر دراوە لە لایەن کۆمسیونێکی تایبەتی بە بەشداری نوێنـەری سـەرۆک وەزیران و وەزیری کشتو کـاڵ لـە تـەوریز لیکۆڵینـەوەیـان لـە سـەر بکرێت و کێشەی زیانی زەویدارەکان قەرەبوو بکرێتەوە و ئەگەر بڕیارێکیش دوای بەستنی پـەیمانـەکە لـە سـەر دابـەشـکردنی سـەرو سـامان و زەوی دراوە دەبـێ ئـەم سـەر و سـامان و زەوییانـە بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان.

8- بڕیـاردرا کـە پـاش وەرگرتنـی پێشنیاری ئـەفسەرەکـان سـەبـارەت بـە کاروبـاری لەشکەری ئازەربایجان دەستەیەک بۆ رێکوپێک کردنی بەڕێوەبەرایەتـی ئـەو لـەشـکەرە لە تارانەوە دەنێردرێتە ئازەربایجان. پەسەندکردنی پێشنیارەکان و دیاریکردنی بودجە بۆ ئەم لەشکەرە لە یەکی شەهریوری 1325 (23 ئاگوستی 1946) لـە لایـەن دەوڵـەتـەوە دەدرێت.

9- بە وەزارەتی دارایی هەروەها دەستور دراوە کە تا ئەو کاتەی کە بە تەواوی بودجەی لەشکەری ئازەربایجان دیاری نەکراوە پێویستە بیست ملیۆن ریال ئاوانس یا یارمەتی بدرێتە لەشکەری ئازەربایجان و ئەو پارەیە دەبێ بۆ پێداویستیەکانی لەشکەر تەرخان بکرێت و کۆنترۆڵی خەرج کردنەکەشی ئێوە دەیکەن.

پێویستە کە ئێوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو شتانەی سەرەوە دەسبەجێ هەنگاو هەڵبگرن و ئەو خالانەی سەرەوە جێبەجێ بکەن. بە تایبەتی چۆڵ کردنی زینجان تاکو پێشی هەر چەشنە هۆیەک کە ببێتە هۆی تێکهەڵچون و پێشهاتێکی ناخۆش نەمێنێت.

سەرۆک وەزیران قەوام ئیمزا

*******************

دیارە دامودەزگاکانی سیخوری رژێمی تاران زانیاری تەواویان لە سەر بارودۆخی لەشکەری ئازەربایجاندا هەبوو ، هەر بۆیە قەوامیش بە یەکجاری بریاری داوە کێشەی ئازەربایجان بەرێگای لەشکەری دا چارسەر بکات.

لە کاتی ئامادە بوون دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان لە تاران دەوڵەتی ئێران کەڵکی لە بارودۆخی نادیاری ئازەربایجان وەرگرت و گوشاری ئابوری لە سەر ئازەربایجان بەهێزتر کرد و هەنگاوی بۆ لاواز کردنی هەڵویستی سیاسی ئازەربایجان هەڵگرت. بە درێژایی ئەم ماوەیە تێکهەڵچونی چەکداری سوپای ئێران لەگەڵ هێزەکانی ئازەربایجان و کورد نەتەنیا رانەوەستاون بەڵکو بە پێچەوانە توندتر و پەرەی سەندوە. زۆر جار لە ناوچەکانی زەنجان و ئەردەبیل و لە کوردستان تێکهەڵچونی لەشکەری رویداوە.

لە تارانەوە ژمارەیەکی زۆر دەستەی **خراپکار** نێردراون بۆ ئازەربایجان تا لە پشتی بەرەکانەوە خراپەکاری رێکبخەن و ژمارەیان بە گوێرەی ئازەربایجانیەکان دوو هەزار نەفەرە. ئەم ئەگیتانە دەستیان داوەتە دەنگوباسی پروکاسیونانە سەبارەت بە شەری نێوان ئینگلیس و سۆڤیەت کە لە داهاتوی نزیک کە ئازەربایجان دەبێتە گۆرەپانی ئەم شەرە و هێرشی سوپاهیانی ئێران بۆ سەر ئازەربایجان لە ناو دانیشتواندا بڵاو کردوتەوە وهتد ...

لە ئەنجامی خراپەکاری ئەو تاقمانە و هەندێ هەڵەی سیاسەتی ئابوری دیمۆکراتەکان بە تایبەتی لە بواری ماڵیات وەرگرتن لە لایەن کۆنەپەرستانی تارانەوە کەڵکیان وەرگیرا. ئەوانەی کە لە تارانەوە بۆ خراپەکاری نێردرا بوون هەروەها خۆیان بۆ چالاکی تیرۆریستی دژی رێبەرانی ئازەربایجان ئامادە کردبوو. لەم بارەوە ئەو فاکتە بەدەستەوە هەیە کە بۆمبێکیان لە تیئاتری تەورێز دۆزییەوە کە زۆرجار لەوێ کۆبوونەوە گرنگەکان رێکدەخرێن کە تێیاندا رێبەرانی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان و ئەنجومەنی ئەیالەتی بەشدار دەبوون.

بۆ ئاشکرا کردن و پێشگیری لەو خراپەکاری و پیلانگێرانە دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان دەزگای سیخوری و پاراستنیان نەبوو دوای ئەوەی کە قەوام وەزیرەکانی تودەیی دەرکرد هێرشهێنان بۆ سەر دیمۆکراتەکانی ئێران لای کەس جێ شک و گومانی نەهێشت.

10ی نەیابری 1946 کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان سەبارەت بە ئەنجامی وتوویژەکان بەسترا. لەم پلینومەدا هەروەها فەرماندارانی ئازەربایجان و سکرتێرانی حیزبی ناوچەکان بەشدار بوون و ئوستانداری ئازەربایجانیش واتە جاوید قسەی کرد. کۆبوونەوەکە بە گشتی کاروباری دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجانیان لە وتوویژەکان پەسەند کرد لە هەمان کات دا نارەزایی خۆیان لە سەر ئەم کێشانە دەربری.

دان پێنەنانی دەوڵەتی ناوەندی بەو دەرەجە و پلە و پایانەی کە دراوە بە ئەفسەرانی سوپای ئازەربایجان هەروەها پەسەند نەکردنی ئەو بەرپرس و فەرماندانەی سوپای ئازەربایجان و ژاندارمیری کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بە بێپرسی ئەنجومەنی ئازەربایجان دیاری کراون و دانراون هەروەها لە سەر روون نەبوونی کێشەکانی دارایی نارەزایی خۆیان دەربری. لە هەمان رۆژ دا رێبەرانی ئازەربایجان دەستوری چۆڵکردنی شاری زەنجانیان لە هێزەکانی خۆیان دەرکرد. بە پێی ئەو پەیمانە ئەم شارە دەبێ بدرێتە دەستی دەوڵەتی ئێران. هەندەی پێ نەچو کە ئوستاندار جاوید بۆ رێکخستنی چۆڵ کردنی ئەم شارە لە هێزەکانی ئازەربایجان و تەسلیم کردنی بە دەوڵەت سەردانی زەنجانی کرد.

وا نیشان ئەدرا کە تەواوی کێشەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران چارەسەر کراون و ئازەربایجانیەکان دەستیاندایە خۆئامادە کردن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران. بەڵام دەنگۆکەی هێرش هێنانی سوپای ئێران بە دەستوری قەوام بۆ سەر ئازەربایجان لە ناو دانیشتواندا بڵاوکرایەوە، ئەم دەنگۆکانە لە بەر دواخستنی کێشەکانی لەشکەری لە لایەن دەوڵەتی قەوامەوە بەهێزتر کران. ژێنراڵ عەلەوی کە بە فەرماندەی لەشکەری ئازەربایجان دیاریکرابوو نەهاتە تەورێز و لە کوردستان مابۆوە.

لە باتی ئەوەی کە خۆ بۆ چۆڵکردنی سەقز و سەردەشت لە هێزەکانی ئێران ئامادە بکەن و بە پێی پەیمانەکە تەسلیمی ئازەربایجانیەکانیان بکەن ئێرانیەکان هێزی تریان بۆئەوێ نارد و هەنگێکی تری سوارەی سوپای ئێرانیان بەرەو کوردستان نارد. تەواوی ئەم کردەوانە پەرۆشێکی نوێی لای ئازەربایجانیەکان و کوردەکان دروستکرد و بەم هەنگاوانە دەوڵەتی ئێران دەستیدایە سەرەتای هێرشی لەشکەری خوی.

## بڕیاری دەوڵەتی ئێران لە ناردنی هێزی لەشکەری بۆ ئازەربایجان

21ی نەیابری 1946 دەستورێک لە لایەن دەفتەری سەرۆک وەزیران قەوام بۆ ئوستانداری ئازەربایجان هاتوە کە تیدا بڕیاری دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە ناردنی هێزی لەشکەری بۆ ناوچە لە وانە بۆ ئازەربایجانی تیایە. ناردنی ئەم هێزە لەشکەرییە گوایە بۆ"بەڕێوە بردنی هێمنایەتی "لە کاتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی خولی 15ی ئێرانە.ڕێبەرانی دیمۆکراتی ئازەربایجان ئەم بروسکەیەیان وەک نیازی ئاشکرای دەوڵەتی ئێران بۆ سەقامگیرکردنی دەسەلاتی خۆی لە ئازەربایجان و هەروەها لە ناو بردنی تەواوی دەسکەوتە دیمۆکراتیەکانی گەلی ئازەربایجانی لە قەڵەمداوە.

دیمۆکراتەکانی ئازەربایجانیش بە یەکجاری دژی ناردنی هێزی دەوڵەتی بۆ ئازەربایجان بوون و ئەم هۆیانەی خوارەویان ئاراستە کرد:

1-دەوڵەت هیچ بناغەیەکی یاسایی لە ناردنی سوپا بۆ هەڵبژاردنی مەجلیس نیە. لە بەر ئەوە لە کاتی هەڵبژاردندا پاراستنی بارودۆخەکە دەبێ بە ئەستوی ژاندارمیری و

پۆلیسەوە بێت و هێزی لەشکەری (ئەرتش)مافی دەست تێوەردانی لە کاروباری بەڕێوەبردنی هەڵبژاردندا نیە.

2- ئەگەر دەوڵەت سەرەرای ئەوەی بە یەکجاری دەیەوێ لە کەرتەکانی سوپای بۆ راگرتنی هێمنایەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکە بەکار بێنێت خۆ لەم بارەوە دەتوانێت ئەم ئەرکە بخانە ئەستوی سوپای ئازەربایجان کە لەشکەرێکی تەواوی هەیە و فەرماندەکەشی لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دیاری کراوە.

3- ناردنی سوپای تر بۆ ئازەربایجان بە پێچەوانەی پەیمانی بەستراو نێوان دەوڵەتی ئێران و ئازەربایجانە.

ئوستانداری ئازەربایجانیش دوکتور جاوید لە وەڵامی بروسکەکەی قەوامالسەلتەنە ئەوە دەستنیشان ئەکات کە بڕیاری دەوڵەتی ئێران لە ناردنی سوپا بۆ ئازەربایجان دژی ئەو پەیمانە بەستراوەی نێوان دەوڵەتی ئێران و ئازەربایجانە و دەڵێ کە لە ئازەربایجان روالەتێکی ئەوتۆ نیە کە مەترسی بخاتە سەر بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن و بە تایبەت پێویستی بە هەبوونی سوپای دەوڵەتی هەبێت.

22ی نەیابر شاری زەنجان بە تەواوی لە لایەن هێزی لەشکەری و دەستەکانی فیدایی ئازەربایجانەوە چوڵ کرا. هێزی لەشکەری و ژاندارمیری دەوڵەتی ئێران هاتنە ناو شارەوە و بە هاتنیان سەرکوتکردنی بێبەزەیانەی دیمۆکراتەکان دەستی پێکرد.

بە دەستور و بە هاندانی دەسەڵاتدارانی لەشکەری کۆنەپەرستان هێرش بۆ سەر ماڵی دیمۆکراتەکان و کوشتنی ئەندامانی چالاکی حیزب و مرۆڤی پێشکەوتویان دەست پێکرد. باندەکانی زولفەقاری بە پێچەوانەی بەڵێنی دەوڵەت کە لە نامەکەی فەیروزدا هاتوە گەرانەوە بۆ زینجان. لە ناو کوژراوەکاندا کە سایەی بە ناوبانگی ئایینی شێخ عەلی ئیسحاق دەبیندرێت.

ئەم روداوانە بە یەکجاری نیازی گڵاوی قەوام و شای ئێرانی ئاشکرا کرد و پەردەیان لە سەر فروفێڵی ناوبراوان لادا. ئەو دوا خەیاڵە خاوانەی سەبارەت بە چارسەری ئاشتیانەی کێشەکە نەمان. دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان روداوەکانی ئازەربایجانیان وەک سەرەتای هێرشی خوێناوی دەوڵەتی قەوام بۆ سەر ئازەربایجان هەڵسەنگاند.

چاپەمەنی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان فاکتیکی زۆریان لە سەر سەرکوت کردنی وەحشیانەی دیمۆکراتەکان لە زەنجان بڵاوکردوە و خەڵکیان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان ئاگادار دەکردەوە.

پیشەوەری لە 25ی نەیابری 1946 لە رۆژنامەی ئازەربایجان پاش تاوانبار کردنی سیاسەتی ناجوامێرانەی دەوڵەتی قەوام و تاوانەکانیان لە زەنجان. ، لە کۆتایی وتارەکەیدا دەنوسێت: (ئەگەر قەوام بە پێچەوانەی پەیمانی بەستراو هێرش بکاتە سەر ئازەربایجان هێزەکانی ئەو لێرە توشی بەرەنگارێکی سەخت لە لایەن فیدایی و هێزەکانی لەشکەری سوپای ئازەربایجان دەبێتەوە). لەم ماوەیە دا قەوام هەر لە ناردنی بروسکە بۆ جاوید بەردەوام بوو کە هەموو جارێکیش رایدەگەیاند کە تاقە مەبەستی دەوڵەت لە ناردنی سوپا بۆ ئازەربایجان بۆ پاراستنی هێمنایەتی لە کاتی هەڵبژاردن دایە. وەڵامی ئەم تێلگرامانە لە لایەن ئەنجومەنی هەرێمی ئازەربایجانەوە بۆ قەوام ئەوە بوو: ناردنی سوپا بە پێچەوانەی پەیمانی دوو قۆڵی نێوان تەورێز و تارانە و بە پێی یاسا نیە و قەوامی لە پاشماوەی خراپی بریاری دەوڵەتی ئێرانی ئاگادار دەکردەوە.

سەرەرای ئەمە قەوام لە وەڵامەکانی خۆی دوبارە هەڵویستی دەوڵەتی دوپات دەکردەوە و سور بوونی خۆی لە ناردنی سوپا بۆ ئازەربایجان دەرئەبری و دەستنیشانی ئەوەی دەکرد کە ئەم کێشەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئازەربایجان نیە و داوای لە جاوید دەکرد کە بارودۆخێکی وا بڕەخسێنێت کە بە بێ کەندوکۆسپ پێشڕەوی هێزەکانی تاران دابین بکات.

بەم چەشنە هێرش بۆ سەر ئازەربایجان بوو بە فاکت و راستی: وەک هێرش بۆ زینجان و موڵگەدانی سوپایەکی زۆر پێشڕەویان بەرەو ئازەربایجان چالاکی تاقمی نیزامی تاران لە ناو هۆز و عەشیرەکانی شاهسوەند و کورد بۆ دابرین و جیاوازی خستنە ناویان. هێرشی باندەکانی تالیش لە ناوچەی ئەردەویل وهتد.

## هەنگاوی دیمۆکراتەکان لە بواری لەشکەری و بەربەرەکانیەوە

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە لە ئازەربایجان پێکهاتبوو دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان زیاتر لە رابردو هەوڵی خۆیان بۆ ئامادە کردنی دانیشتوان بەرامبەر بە هێرشی سوپای ئێران رێکدەخست. لە شارو ناوچەکانی ئازەربایجان دەستەی خۆبەختکەر و داوطلب (متطوع) بە ناوی دەستەکانی قارەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان "بابەک" رێکدەخست.

رێبەرانی بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی ئازەربایجان لە وتووێژەکانیاندا لەگەڵ ئێمە سووربونی یەکجاری خۆیان لە بەربەرەکانی چەکدارانە دژی هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ ئازەربایجان دەرئەبرن. ئازەربایجانیەکان لەم بەربەرەکانیانەی خۆیاندا پشتیان زۆرتر لە سەر ئەم هێزانەیە:

1- لەشکەری نەتەوەیی کە ژمارەیان نزیکەی 10000 نەفەرە.

2- دەستەکانی فیدایی کە ژمارەیان نزیکەی 10000 نەفەرە.

3- هێزە چەکدارەکانی کورد کە ژمارەیان نزیکەی 5 تا 6 هەزار نەفەرە.

4- چەند هەزار دەستەی چەکداری نویش لە خەڵکی داوطلب (ئەگەر بێتو چەکدار بکرن) پێک دین.

بەم چەشنە ئازەربایجانیەکان دەیانەوێت بارودۆخەکە بگرنە دەستی خۆ و لە هێرشکردندا دەست پێشخەری بکەن و لە ناکاو دا زەربە لە سوپای ئێران بوەشێنن. (ئەویش لەو شوێنانەی کە سەرکەوتن بە دەست دێنن).

ئەوانە بە پێی پلانەکانی خۆیان زۆرجار هاتوونەتە لامان و و داوایان لە ئێمە کردوە کە ئێمە (سۆڤیەت) بۆ دەست پێکردنی چالاکی دژی سوپای ئێران موافقە بکەین. لە بەر ئەوە بە بۆچونی ئەوان دواخستنی ئەم تاکتیکە لە دەستوەشاندن دژی سوپای ئێران بوار بە قەوام ئەدات کە خۆی بۆ زیاتر هێرشهێنان بۆ سەر ئازەربایجان ئامادە بکات. لە هەمان کاتدا بە پێی لاواز بوونی بارودۆخی ئابوری و دارایی هێزی بەربەرەکانی ئازەربایجانیەکان لاواز دەبوو. ئاشکرایە جێبەجێ کردنی ئەم پلانە لەوانەبوو دوا بخرێت بەڵام لە ناوبردنی هێزی دیمۆکراتەکان کە بە باشی چەکدار نەکرابوون جێبەجێ نەدەکرا.

لە 2ی دیکابری 1946 پیشەوەری لە وتووێژ لەگەڵ ئێمە دا وتی:

"دوایین تیلگرافی قەوام لە وەڵامی نامەی ئەنجومەنی ئازەربایجان ناوەروکێکی هەرەشانەی (ئولتیماتوم) پێوەیە و جێی هیچ شک و گومانی لە بڕیاری یەکجاری بە هێرشهێنان بۆ سەر ئازەربایجان و لەناو بردنی تەواوی دەستکەوتەکانی نەهێشتۆتەوە.

ئێرانەکان نزیکەی 30هەزار هێزی لەشکەرییان لە سەر سنورەکانی ئازەربایجان موڵگە داوە کە 15هەزاریان لە کوردستان و 10هەزار نەفەریان لە ناوچەی قەزوین – زینجان و 5هەزار لە ناوچەی رەشتن. جگە لەوە ئەوانە لە ناو هۆز و خێڵەکانی کورد و شاهسوەند چالاکی دەکەن بۆ ئەوەی ئەوانە پارچە پارچە و لە ئەنجامدا دژی ئازەربایجان بەکاریان بێنن".

پیشەوەری بەبێ لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکە دەڵێت کە بەرامبەر ئەو بارودۆخەی کە هاتۆتە پێش هیچ رێگایەکی تر جگە لە تێکهەڵچون لەگەڵ سوپای ئێران نابینێت و بە تاقە رێگای بەرەو رو بونەوەی بارودۆخەکە دەبینێت.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخە پیشەوەری دەڵێ کە من و هاورێکانم زۆر بە پێویستی دەزانین کە لە یەک یا دووجێگە هێرش دەست پێبکەین و لە هێرشبردندا ئێمە دەستپێشخەری بکەین. بیانوشمان بۆ ئەم هێرشە دەتوانین ئەو تێكهەڵچونانە بێت کە لە کوردستان لە نێوان هێزەکانی ئێران و کوردەکان رویانداوە و تەنیا بەم چەشنە واتە بە لەناو بردنی جیاجیای هێزەکانی ئێران لە کوردستان ئێمە شانسی بردنەوەمان هەیە.

بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکەیان پیشەوەری داوای یارمەتی هەندێ چەکی لە ئێمە کرد.

پێویست بە بیرهێنانەوەیە کە ئەو بیروبۆچونەی پیشەوەری لە لایەن رێبەرانی تری ئازەربایجانەوە وەک شەبۆستەری و پادگان و جاوید وهتد پشتیوانی لێ دەکرێت .......

بەڵام هەموو کاتێک ئەوانە سەرکەوتن و بەرەنگاری چەکدارانەی خۆیان دەبەستەوە بە پرچەک کردن و هەبوونی تەقەمەنی پێویست و دەزانن کە بە بێ چەک و تەقەمەنیش بەرەنگاری بێئەنجامە......

**دەستپێکردنی چالاکی سوپایی:**

4ی دیکابری 1946 سوپای ئێران بە رێگای جادەی میانە پێشڕەوییان دەست پێکرد و دژی هێزەکانی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی ژێنراڵ غولام یەحیایی دانشیان کە جێگری وەزیری هێزی بەرگری میللی دەوڵەتی ئازەربایجان لەم ناوچەیە هێرشیان دەست پێکرد. لە ئەنجامی دەست پێکردنی شەڕ سوپای ئێران ئیستگەی شەمەنەفەری "رێژینی"یان گرت و ئازەربایجانیەکان ناچار کران شوێنەکانی خۆیان لەو ناوچەیە جێ بهێڵن و بەرەو شوێنی ستراتیژی بەربەرەکانی خۆیان واتە لە ناوچەی قافلانکو پاشەگزە بکەن.

ژێنرال دانشیان لە تێلگرافی خۆیدا سەبارەت بە دەست پێکردنی شەرەکە داوای یارمەتی لە پیشەوەری دەکات کە دەسبەجێ چەکی دژی هەوایی و ئەفسەری پسپۆر دەکات. هێزەکانی ئێران لەم شەرەدا تانک و تۆپ و خۆمپارە ئەنداز (هاون) بەکار دێنا. هاوکات لەگەڵ سەرەتای هێرشەکەیان لە ناوچەی میانەوە ئێرانیەکان لە ناوچەی خەلخال دەستیاندابویە خۆئامادە کردنی لەشکەری. لەم ناوچەیەدا هێزێکی زۆر لە سوپای ئێران مۆڵگە درا بوون. لە رۆژی هێرشی هێنانەکەی سوپای ئێران لە ناوچەی میانە دا پیشەوەری لە رادیۆی تەورێز قسە کرد و هەواڵی هێرشی هێزەکانی ئێرانی بڵاو کردوە و داوای لە دانیشتوان کرد کە دژی سوپای ئێران بەربەرەکانی بکەن. ورەی دانیشتوان بە گشتی شۆڕشگێرانەیە. ترس و سەر لێشێواوی لە ناو خەڵکدا هەست پێ ناکرێت. لە تەواوی ناوچەکانی ئازەربایجان جوتیاران داوایان لە کۆمیتەکانی حیزبی کردوە کە چەکیان بدەنێ و بیانێرنە بەرەکانی شەڕ. بەڵام تەواوی ئەم داخوازانە لە بەر نەبوونی چەک و تەقەمەنی جێبەجێ نەکران. هەر لەم رۆژە دا دوای قسەکانی پیشەوەری لە رادیۆی تەورێز تەنیا لە شاری تەورێز شەش سەد نەفەر (داوطلب) ناوی خۆیان بۆ دەستەکانی "بابەک" نوسیوە.

یەکەم هێرش هێزەکانی ئێران لە ناوچەی میانە یەک رۆژ درێژەی کێشا. دەسەلاتدارانی تاران هێزەکانی خۆیان بۆ هێرشهێنان و داگیر کردنی شوێنە ستراتیژییەکان لە ناوچەی قافلانکو رێک دەخست و جێبەجێیان دەکردن. هاوکات لە

لای خەلخال و کوردستانەوە هێزی نوێیان بۆ دەهات. تەواوی ئەم هەنگاوو جموجۆڵانە ئەوە دەگەیەنن کە ئێرانیەکان خۆیان بۆ هێرشێکی بەربڵاو لە تەواوی ناوچەکان ئامادە کردبوو.

لەم رۆژنەدا باروودۆخێکی ئاڵۆز لە تەواوی ئازەربایجاندا پێکهاتبوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی چالاک و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کە لە ناوچەکاندا بوون و دانیشتوانیان بۆ بەربەرەکانی دژی سوپای ئێران ئامادە دەکرد. تێلگرافێکی زۆر لە لایەن دانیشتوان و بەشداری میتینگ و کۆبوونەوەکان بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکرات و بۆ پیشەوەری دەهات کە داوای چەک و رۆیشتنیان بۆ بەرەکانی شەڕ دەکرد.

5ی دیکابر کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان لە بانگەوازێکدا داوای لە دانیشتوانی دەکرد کە لە سەرخۆ بن و خۆیان بۆ شەڕێکی چارەنوسساز بۆ پارێزگاری لە ئازادیەکانی خۆیان ئامادە بکەن.

7ی دیکابر پیشەوەری هاتە کۆنسولخانەی ئێمە و نامەیەکی رەسمی لە لایەن رێبەرانی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجانەوە بۆ دەوڵەتی سۆڤیەت پێداین. نامەکە لە لایەن پیشەوەری، شەبۆستەری جاوید و پادگان و دانشیانەوە ئیمزا کرا بوو. لە نامەکەدا سوور بوونی ئازەربایجانیەکانیان سەبارەت بە بەربەرەکانی چەکدارانە دژی هێرشی هێزەکانی ئێران دەربڕیبوو و داوای چەکیان لە ئێمە کردبوو ئەم نامەیەمان نارد بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە و باڵیۆزخانەی خۆمان. 7ی دیکابر شەڕ لە بەرەی میانە دەستپێکردووە هاوکات هێرشی هێزەکانی ئێران لە لای مەراغەوە دەستی پێکرد. فرۆکە سیخورییەکانی رژێم لە ئاسمانی تەورێز سەریان وەدەرناو بۆ بەیانی 8ی دیکابری فرۆکەکان بەیانیان بە سەر دانیشتوانی تەورێز بڵاو کردوە کە تێدا داوا لە دانیشتوان دەکەن دیمۆکراتەکان هەڵواسن و بکوژن. دیسان پیشەوەری خەڵکی لە نیازی هێرشکەران ئاگادار کردوە و داوای بەربەرەکانی ئەم هێرشانە دەکات. شەڕ لە بەرەکانی میانە و مەراغە و خەلخال بەردەوامە.

بەیانی 10ی دیکابر پیشەوەری و پادگان دیسان سەردانیان کردین و بە دیمەنێکی پەروشەوە هەواڵی شەڕی قورسیان لە بەرەی میانە راگەیاند و ئێرانیەکان لەم شەڕەدا

تانک و توپی قورس و هێزی هەواییان بەکار هێناوە. شەڕەکان لە لای کیوەکانی قافلانکو کە گەورەترین شوێنی بەربەرەکانی ئازەربایجان بوو رویاندا. پیشەوەری و یادگان دیسان باسی ئالوزی بارودۆخەکەیان کرد و جاریکی تر داوای چەک و دەستوری دەست پێکردنی شەڕیکی بەربڵاو لەو شوێنانەی کە لە بەرژەوەندی دیمۆکراتەکانە دژی سوپای ئێرانیان کرد.

لەم رۆژەدا هەزاران نەفەر لە دانیشتوانی تەورێز بە بێچەک بە دروشمی شۆڕشگێرانە بە مارش خیابانەکانی ئەم شارەیان دەپێوا و ئامادەیی خۆیان بۆ پاراستنی ئەو ئازادیەی کە دەستیان کەوتوە دەرئەبری بەڵام نەبوونی چەک کارێکی نێگەتیڤانەی کردە سەر خەڵک. دیمۆکراتیکی زۆر دەیانوت کە ئێمە چەند مانگە ئەوانەمان لە هەنگاو هەڵگرتن بۆ رێکخستن و ئامادە کردنی هێزەکانیان راگرتوە و بەڵێنمان داوە کە بە نێوەنجی کردنی یەکێتی سۆڤیەت کێشەکە بە رێگایەکی ئاشتیانە چارەسەر دەکرێت. لە وتوویژ کردن لە گەڵمانا ئەوانە رایانگەیاند کە ئێمە (سۆڤیەت) نەمانهێشتوە هێرش بەرنە سەر هێزەکانی ئێران و نەمانهێشت دەست پێشخەری بکەن و شتەکە بگرنە دەستی خۆیان تەنانەت پاش ئەوەی هێرشی درندانەی هێزەکانی ئێران دەرکەوت. بەڵام ئەم دەلیلانە هیچ زەمینەیەکیان نەبوو لە بەرئەوە روون و ئاشکرا بوو کە دیمۆکراتەکان بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانن بەربەرەکانی بکەن. هۆکەشی تەنیا لە نەبوونی چەکدا نەبوو بەڵکو لە باری قورسی ئابوریشدا بوو. نەبوونی ئەفسەری پسپۆر و سوپای فێرکراو بۆ بەربەرەکانی سوپایەکی رێکوپێک و میکانیزە کراو. کێشەی گرنگ ئێستا ئەوە بوو لە چارەسەری کێشەکە زووتر بکرێت و بەربەرەکانی نەکرێت و زیانی سیاسی و فیزیکی بۆ دیمۆکراتەکان کەمتر بێت. بەڵام چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە دوا دەخرا. تەنیا لە 11ی دیکابری 1946 بوو کە ئەنجومەنی هەریمی ئازەربایجان بۆی رێک کەوت بڕیاری راگرتنی بەربەرەکانی و هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ ئازەربایجان بدات. هەر لەو رۆژە سەرۆکی ئەنجومەنی هەرێمی (مەجلیسی ئازەربایجان) شەبۆستەری و ئوستاندار جاوید بە تێلگرامێک بۆ شا و قەوام بڕیاری راگرتنی بەربەرەکانی و هاتنی هێزەکانی ئێرانیان بۆ ئازەربایجان راگەیاند. لە تێلگرامی شەبۆستەری بۆ سەرۆک وەزیران هاتوە:

"بەرێز قەوام السەلتەنە ئیمڕۆ تەلگرامەکەی ئێوە بۆ ئوستانداری ئازەربایجان دوکتۆر جاویدم پێ گەیشت، من بانگەوازی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی و نائاسایی مەجلیسی هەرێمی ئازەربایجانم کرد لە ئەنجامی هەڵویستی خێرخوازانەی من و هەروەها دوکتۆر جاوید و ژمارەیەک لە نیشتیمانپەروەر و کەسانی دیمۆکرات بە یەک دەنگی داخوازییەکانی ئێوەم سەبارەت بە دەست پێکردنی دەسبەجێ هەڵبژاردن و تەواو کردنی کارەکە پەسەند کرد دەستور درا کە بواری هیچ تێكهەڵچونێک کە ببێتە هۆی براکوژی نەدرێت و هەروەها ئوستانداری ئازەربایجان بە دامودەزگاکان دەستوری داوە کە رێگا بۆ ئاسانکردنی بارودۆخی هاتنی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان بدرێت بۆ ئەوەی یەکێتی و سەربەخۆیی و تەواویەتی ئەرزی ئێرانی خۆشەویست بپارێزێت، هیوادارین کە بەرێزتان هەروەها دەستور بدەن کە لە هەر چەشنە کردەوەیەک کە بە پێچەوانەی ویستی ئێوە بێت دورەپەرێزی بکەن".

سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان شەبۆستەری

ناوەرۆکی تەلگرامەکانی شەبۆستەری بۆ شا و هەروەها جاوید بۆ شا و سەرۆک وەزیران وەک ناوەرۆکی تەلگرامی سەرەوەن.(کە لێرەدا ئێمە لە دوپات کردنەوەیان خۆ دەپارێزین....نوسەر)

قەوام لە وەڵامی تەلگرامی ئازەربایجانیەکان دەنوسێت:

"بەرێزان شەبۆستەری و جاوید تێلگرامەکانی ئێوە گەیشت. هەنگاوەکانی ئێوە بۆ راگرتنی هەر چەشنە بەربەرەکانیەک بۆبە هۆی رەزامەندی ئێمە. پێویستە تەواوی دانیشتوانی ئازەربایجان هەموو بزانن کە مەبەست لە ناردنی سوپا و هاتنی بۆ ئازەربایجان جگە لە خێرخوازی و دابین کردنی هێمنایەتی و بەڕێوەچونی کاروباری دەوڵەت بە شێوەیەکی رێکوپێک بەتایبەتی مسۆگەر کردنی هەڵبژاردنی ئازاد هیچ مەبەستێکی تر نیە، دانیشتوانی تەواوی ئازەربایجان بە میهرەبانی و دڵ ئاواڵەیی و نیاز پاکی دەوڵەت دڵنیا بکەن و ئەرکی نیشتمانپەروەری خۆتان بەجێ بگەێنن و بەرپرسایەتی خۆتان بەرامبەر بە جێبەجێ کردنی بریارەکانی دەوڵەت نیشان بدەن".

سەرۆک وەزیران ئەحمەدی قەوام

بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمی (پارلەمانی) ئازەربایجان سەبارەت بە کۆتایی هێنانی بەربەرەکانی و هاتنی سوپای ئێران لە لایەن دانیشتوانەوە وەک تەسلیم (خۆ بە دەستەوە دان) بوون وەرگیرا یا لە قەڵەمدرا. تێگەیاندن و روونکردنەوەی ئەم بڕیارە بۆ دانیشتوانی ئازەربایجان لە لایەن رێبەرانی پارتی دیموکراتی ئازەربایجانەوە زۆر زەحمەت بوو لە بەر ئەوە تا ئەم کاتە دوایە دا ئەوانە بانگەوازی خەڵکیان دەکرد کە بەرەنگاری بکەن و خەڵکیان بۆ خەباتێکی سەخت و یەکجاری لە پێناوی پاراستنی ئازادی ئازەربایجان دژی سوپای ئێران دەکرد. بڕیارێکی وا کتوپڕ بوو بەهۆی سەرسورمان و سەرلێشێواوی و پەرۆشی ئەندامە چالاکەکانی پارتی دیموکرات کە ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی هەرێمی ئازەربایجانیان بە سەرەتای مردنی پارتی و لەناوچونی تەواوی دەسکەوتەکانی گەلی ئازەربایجانیان زانی بۆیە لەم بارەوە لە ناو ئەندامانی چالاکی پارتی شڵەژاوی دروستبو و بەرەبەرە دانیشتوانیشی گرتوە. بۆ ئەوانە تەجروبەی زەنجان ئاشکرای کرد کە ئەم هێرشەش سەرکوتکردنی دیموکراتەکان و لایەنگرەکانیان بەدواوە دەبێت، سەرەرای ئەو بەڵێنانەی کە سەبارەت بە دڵفراوانی و لەخۆ بردنی دەوڵەتی قەوام دا بۆیان. پیشەوەری و پادگان کە 11ی دیکابر بۆ ئێوارەکەی پۆستەکانی خۆیان بەجێهێشت و رۆیشتن بۆ یەکێتی سۆڤیەت و بە دوای ئەوانە رێبەرانی تری پارتی دیموکراتی ئازەربایجان و دامودەزگاکانی تری خۆجێ رۆیشتن. لە رێبەران تەنیا شەبۆستەری و جاوید و بیریا و ئیبراهیمی و ویلایی و کەبیری و هتد مانەوە.

لە کۆبوونەوەیەکی بەپەلە کە لە لایەن ئەندامانی چالاکی پارتی دیموکراتی ئازەربایجان رێکخرا رێبەرایەتی کۆمیتەی ناوەندی ئەم پارتە خرایە سەر ئەستوی بیریا و ویلایی کە پێکەوە لەگەڵ شەبۆستەری و جاوید بڕیاری هەنگاو هەڵگرتنیان بۆ هێور کردنەوەی ئەندامانی چالاک و دانیشتوان لە ئەستو گرت. کۆمیتەی ناوەندی پارتی بە ئیمزای بیریا بانگەوازێکی دەرکرد کە تێدا داوای لە خەڵک کرد لە سەرخۆیی خۆیان بپارێزن و بە هاتنی هێزەکانی ئێران بەرەنگاری نەکەن و هاتنەکەی ئەوان بۆ ئازەربایجان بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی ئێران دەبێت.

ئێواره کاتژمێری 5 له بەردەم بارەگای کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکرات میتینگ پێکهات کە تێدا بیریا سەبارەت بە بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمی ئازەربایجان لە سەر ڕێگادان بە سوپای ئێران ڕوونکردنەوە و قسەی کرد و تەواوی بەشدارانی بانگ کرد کە هێمنایەتی خۆیان بپارێزن و لە کاری ئاسایی خۆیان بەردەوام بن. لە کاتژمێری 7ی ئێوارەش بیریا لە سەر ڕادیۆ قسەی کرد.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەنگاوانەی سەرەوە کە هەڵیانگرت شڵەژاوی و ترس و پەرۆشی ئەندامانی چالاک و دانیشتوان هەر بەردەوام بوو تا ئێوارەی درەنگ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی چالاکی پارتی و بەرپرسانی دامودەزگاکان دەهاتنە کۆنسوڵخانەی ئێمە و ئاماژەیان بە یاسای بنچینەی (دەستور یا قانونی ئەساسی) سۆڤیەت دەکرد و داوای ناردن و ڕۆشتنی خۆیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەکرد تا بەو چەشنە لە هێرش و سەرکوتکردنی لە لایەن کۆنەپەرستانی ئێرانەوە کە لافاوی بەرەبەرە نزیک دەبێتەوە خۆ بپارێزن.

ئەندامانی چالاکی پارتی پەردە پۆشییان دەکرد و ژمارەیەکی زۆریش تەنانەت بە شێوەیەکی ئاشکرا نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە ئێمە دەرئەبری. ئێمە کە دەستورمان بۆ بەرێ کردنیان بۆ سۆڤیەت نەبوو ئاموژگاریمان دەکردن کە بمێننەوە و لە جێ بەردەوامی کاروباری خۆیان بن.

ترس و شڵەژاوی و سەرگەردنی و بێدەرەتانی ئەندامانی چالاکی حیزب بووبە هۆی تێکچونی ژیانی ئاساییان. سوپای ئازەربایجان و بەشێک لە فیدایەکان لێک بڵاو بوون و هەڵوەشانەوە. ئەفسەرەکانیان بەرەو سنوری سۆڤیەت کەوتنە ڕێ.

لە ئەنجامی لێک بڵاو بوونی کەرتەکانی سوپای چەک دەکەوتە دەستی لوم پێنەکان کە لە ژێر سەرکردایەتی کۆنەپەرستانی خۆجێیی و لە تارانەوە نێردراو لە بەرەبەیانی 12ی دیکابرەوە لە شار دەست بەکار بوون و خەریکی دەستور دان بوون، ژیانی ئاسایی شار بە تەواوی لە کار کەوتبوو. باندەکان لە سەر جادە و شەقامەکان کۆببوونەوە و ماڵ و فرۆشگای دیمۆکراتەکانیان تالان دەکرد. خەڵک هێندە زۆر بەرەو سنورەکانی ئێمە ریزی بەستبوو کە بە درێژایی ڕێگاکان لە تەورێزەوە تا جولفا خەڵک ریزی

بەستبو کە لە ناویاندا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەران و سەربازان و فیدایەکان دەبیندران و لە ناویان بوون.

ئەو رێبەرانەی وەک شەبۆستەری، جاوید، بیریا و هتد کە لە شار مابوونەوە لەگەڵ دەستە دیمۆکراتە چەکدارەکان بە زەحمەت توانییان تا رادەیەک بارودۆخەکە لە شار راگرن. بەڵام هەوڵدانی ئەوانە ئەنجامێکی پۆزەتیڤانەی نەبوو. کۆنەپەرستان زیاتر گوشاریان ئەخستە سەر دانیشتوان. سەرکردایەتی کردنی پارتی و سوپای ئازەربایجان لە دەستی دیمۆکراتەکان دەرچو پارتی دیمۆکرات و هێزە چەکدارەکان لێک بڵاو بوو. دەسەلات لە شار کەوتە دەستی باندیدەکان بە سەرۆکایەتی کۆنەپەرستان و نۆکەرەکانیان.هەر ئەو کارەساتەیش بەسەر شارەکانی ئەردەویل و رەزائییەو خۆی و شارەکانی تری ئازەربایجان هات.

نائارامی زیاتر پەرەی دەسەند. تالان و گرتنی بە کۆمەڵی دیمۆکراتەکان زیاتر پەرەی سەند لاشەی کوژراوەکان لە سەر شەقامەکان دەبیندران. هەر ئەو باندانە دەستیاندایە هێرشهێنان بۆ سەر دامودەزگاکانی سۆڤیەتی لەم رۆژە هێرشکرایە سەر ناوەندی پەیوەندیەکانی کولتوری لەگەڵ ئازەربایجان (ڤوکس) و گاراژەکانی ئێران سوڤ ترانسپورت و هەوڵیانئەدا برۆنە ناو نەخۆشخانەی سۆڤیەت و هتد ...

لە کاتژمێری 17ی رۆژی 13ی دیکابر هێزەکانی ئێران بە سەرۆکایەتی ژێنراڵ هومایونی هاتنە ناو شاری تەورێزەوە. بە چاوپۆشی کردنی ژێنراڵ هاشمی تاقمە تاوانبارەکان و سەربازەکان بە شێوەیەکی بێبەزەیانە و وەحشیانە دەستیاندایە گرتن و راونانی دیمۆکراتەکان.

14ی دیکابر ئێمە یاداشتێکمان نارد بۆ ئوستاندار جاوید کە تێدا داوامان لێکرد کە بۆ کۆتایی هێنان بەو دەستدرێژیانە دژی دامودەزگاکان و خەڵکی سۆڤیەتی هەنگاو هەڵگرێت. مەبەستمان لە نوسینی ئەم یادداشتە بەرز کردنەوەی ئافتەرینەیتی جاوید وەک نوێنەری دەوڵەتی ئێران لە ئازەربایجان بوو و هەروەها دەست نیشانکردنی ئەو فاکتانە بوو کە دوای هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ ئازەربایجان زیاتر بووە. لە یاداشتەکەدا هەروەها ئەو دەستدرێژیانەی کە لە ئێمە دەکرێت دەست نیشانکران. لە هەمان رۆژدا ئێمە چوینە لای جاوید و شەبۆستەری لە ئوستانداری ئازەربایجان لەم چاوپێکەوتنە دا

ئەوانە لە سەر تاوانی کار بەدەستانی نیزامی ئێران لە شاری تەورێز و هەروەها گرتنی ئەو دیمۆکراتە ناسراوانە وەک بیریا، پاڵکۆڤینک، مورتەزەوی و داداشی تەقیزادە و هتد لە لایەن رژێمەوە باسکرا.

جاوید و شەبۆستەری زۆر پەرۆش و نیگەران بوون و دەیانوت ئامادە و پێیان خۆشە بگیردرێن و هەڵواسرێن بەڵام ئەوە نەبینن کە چۆن دۆست و هاورێکانیان لە پێش چاویاندا ئازار دەدرێن. لەم بارەوە شەبۆستەری باسی بەسەرهاتی خۆی کرد کە چۆن دەستەیەکی کۆنەپەرستی خۆجێیی بە سەرۆکایەتی سەرنوسەری رۆژنامەی "شاهین" ئاغازادە هاتونەتە ژوورەکەی و پاش سوکایەتی پێ کردن چەند گوپالیشیان لێداوە.

بۆ رۆژی دوایی جاوید و شەبۆستەری دەگیردرێن و دەیانبەن بۆ تاران. بە دەستوری هاشمی باند و سەرباز و ئەفسەرەکانی رژێم کە لیستەی ناوی دیمۆکراتەکانیان پێ دەبێت ماڵ بە ماڵ و گەرەک بە گەرەک بۆ گرتنی دیمۆکراتەکان و ئەوانەی کە لە سۆڤیەتەوە نێردراون دەگەران. ئەم تاوانبارانە خەڵکیان لە سەر جادە دەکوشت لە سەر شەقامەکانی تەورێز لاشە پەرش و بڵاو کرابوون.

لەم رۆژانە دا فاکتێکی زۆر سەبارەت بە قارەمانیەتی دیمۆکراتەکان روویدا کاتێک کە هەندێک لە دیمۆکراتەکان لە دامودەزگا و ماڵەکاندا جێگر ببوون پاڵەوانانە بەرامبەر بە سەرکوتکەران لەو پەری توانایانەوە بەرەنگاریان کرد و خۆیان نەدا بەدەستەوە. لە بەشی حەوتەمی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس چوار دیمۆکرات کە چوبونە سەربانی بینایەکە 3 شەو و رۆژ شەڕیان کرد و لە شەڕێکی نابەرابەردا کوژران. هەروەها دەستەیەکی فیدایی کە لە قوتابخانەی فیردەوسی سەنگەریان گرتبوو دوای 2 رۆژ بەربەرەکانی قارەمانانە لە بەر تەواو بوونی تەقەمەنی خۆیان فرێدایە بیری ئاوەوە و هەموو پێکەوە مردن و تەسلیمی دوژمن نەبوون.

دەستەیەکی تری فیدایی کە لە بینای قوماندیر خۆیان شاردبووە قارەمانانە پاش شەرێکی گران خۆیان لە گەمارۆی سەربازەکان رزگار دەکەن و خۆیان حەشار دەدەن.

فەرمیدونی ئیبراهیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان لەگەڵ چوار هاورێ جوامێرانە شەو و رۆژێک پارێزگاری لە بارەگای کۆمیتەی

ناوەندی پارتی کرد. بە تەواو بوونی تەقەمەنی‌یان بە یارمەتی پاسەوانەکانی جاوید لە بینایەکە رزگار دەبن و خۆ دەشارنەوە بەڵام پاشان ئیبراهیمی دەدۆزنەوە و دەیگرن، هەروەها نابێ باسی خۆراگری دوکتۆر جاوید و شەبۆستەری نەکرێت کە تا دەستگیر کردنیان بە پاکی ئیشوکاری خۆیان بەڕێوەدەبرد و هەوڵی زۆریان دا کە هێمنایەتی بارودۆخەکە لە شار رابگرن و هاورێکانیان رزگار بکەن. خۆراگری ئەوتۆش لە لایەن بیریا و ویلائیەوە کە دوای رۆیشتنی پیشەوەری رێبەرایەتی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجانیان بە دەستەوە بوو نیشاندرا. ئەوانیش هەوڵی زۆریان دا کە نەهێڵن بارودۆخەکە تێک بچێت بەڵام پاشان کە دەکەونە گەمارۆی باندیەکانەوە بە زەحمەت رزگاریان دەبێت و پاشان خۆدەشارنەوە. فاکتی زۆریش لە سەر قارەمانیەتی و خۆراگری هەندی ئەندامی پارت دیمۆکرات کە جیاجیا بەربەرەکانی‌یان کردوە بەدەستەوەیە.

کۆنەپەرستانی ئێران و تاقمە نیزامیە دەسەڵاتدارەکانی پاش 3ی رۆژ سەرکوتکردنی ئاشکرای دیمۆکراتەکان ئەمجار دەستیاندایە تیرۆر و راونانی ئازادیخوازان بە شێوەیەکی رێکوپێک و رێکخراو و بەربڵاو تا کۆتایی مانگی دیکابر تەنیا لە شاری تەورێز زیاتر لە 1500 نەفەریان لە زیندانەکان کردوە. بارودۆخی زیندانەکانیش تابڵیی خراپ و نامرۆڤانەیە. ژمارەیەکی زۆر لە بەر برسیەتی و سەرما مردوون. ژمارەیی‌کی زۆریش بە بێ‌دادگایی کردن گولە باران یا هەڵواسراون. فاکتی زۆر بە دەستەوەیە کە شەوانە ماشێنە بارکێشەکان لاشەی گولەباران کراوەکان و مردووەکانی ناو زیندان گواستویانەتەوە بۆ دەرەوەی شار.

لە ناو هەڵواسراوەکاندا دیمۆکراتی ناوبانگ وەک کەبیری و مورتەزەوی و پالکوڤینک قولی سولجی و جاوید و قومانداری تەورێز ئەژدەر وهتد دەبیندران.

دەسەڵاتدارانی نیزامی بە سەر کردایەتی ژێنراڵ هاشمی لە یەکەم رۆژانی هاتنی خۆیان خوێندن و نوسینیان بە زمانی ئازەری لە قوتابخانەکان یاساخ کرد. تەواوی چاپەمەنیەکانیان کە بە زمانی ئازەری نوسرا بوو سوتاند. زمانی بیانی فارسییان وەک زمانی زگماگی و تاقە زمانی رەسمی راگەیاند.....

راست نیە ئەگەر بڵێین کە توێژی دیمۆکراتەکان هیچ بەرەنگارێکی کۆنەپەرستانیان نەکرد. ئەوانە بەربەرەکانێکی پاسیڤیان دەکرد و چاوەرێی بارودۆخێکی لەباریان دەکرد بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتێکی نوی دانیشتوان. سەرەرای زۆڵم و زۆر و سەرکوتکردن ژمارەیەکی زۆر لە دیمۆکراتەکانیان حەشارداوە. لە شار زۆرجار بەیان بڵاو دەبێتەوە. جوتیارەکان دژی زۆڵم و زۆری دەرەبەگەکان پرۆتێست دەکەن.

هەموو ئەمانە ئەوە ئەگەێنن کە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی ئازەربایجان رەگ و ریشەی لە ناو کۆمەلانی خەڵکدا کوتاوە و ئەم بزووتنەوەیە لە بارودۆخێکی لەبار دیسانەوە سەر هەڵدینێتەوە.[1]

## لە راپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز سەبارەت بە بارودۆخی پەروەردە و بارهێنان لە هەرێمی ئازەربایجان1946

دەوڵەتی ئێران لە سەرتاسەری ئازەربایجان سیاسەتی ئێرانیزاسیانی (ئێرانی کردن) زمانی فارسی بەرێوە دەبەن گەرچی 90% دانیشتوانی هەرێم تەنیا بە زبانی ئازەری دەدوێن و زمانی ئێرانی هیچ نازانن. دەوڵەتی ئێران بەکار هێنانی زمانی ئازەری نەتەنیا لە خوێندگەکان بەڵکو لە نێوان قوتابیانیشی یاساخ کردوە و جەریمەشیان دەکەن. هەروەها قسە کردن بە زمانی ئازەری لە دامودەزگاکانی ئازەربایجان و شاهیددان لە دادگاکان بۆ خەڵک یاساخ کراوە.

سەبارەت بە هەبوونی نوێنەرایەتی و دامودەزگا وڵاتە بێگانەکان لە تەورێز کونسوڵ دەنوسێت کە وەک ساڵانی پێشو ئێستاش هەرماون: کۆنسوڵخانەی ئینگلیس و تورکیا و ئەمەریکا و عێراق، بەشی بانگی ئیمپریالی ئینگلیس لە تەورێز نەخۆشخانەی ئەمەریکا، کۆمەڵەی میسیونێری کەنیسەی پروتیستانەکانی ئەمەریکا، نوێنەرایەتی کەنیسەی کاتالوکی فەرانسا.

کارس کۆنسوڵی ئەمەریکا زۆر باسی کوردستان دەکات دەتوانین لە قسەکانی وا بۆی بچین کە ناوبراو لایەنگری کوردستانێکی سەربەخۆیە.

---

[1] ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی روسیای فیدراتیفی فۆندی094کۆپیەی38دۆسیەی64کارتۆنی365 ل1- 28

گاگارین راوێژکاری ئاتاشەی(مولحەقی عەسکەری) نیزامی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا کە کوری یەکێک لە گاردە سپیەکانی روسیای قەیسەری یا تیزارییە زۆر جار سەفەری ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستان دەکات و زۆرتر لەگەڵ کۆنەپەرستان و رێبەرانی عەشایری کورد وەک عومەر خان چاوپێکەوتنی هەیە. [1]

**سەبارەت بە توتن:**

پلانی کرینی توتن لە لایەن نوێنەرایەتی بازرگانی ئێمەوە لە وەرزی دووهەمی 1946 دوهەزار تون و لە وەرزی چوارەم هەزار تۆن بووە. لە کرینی توتنی وەرزی دووهەم بە پێی پەیمانێک بوو کە لەگەڵ شیرکەتی "تەرەقی" "پروگرس" بەسترا بوو بەڵام دووهەزار تون کە بریار بوو لە وەرزی دووهەم بدرێت کەمتر بوو و 1670 تۆن بوون. [2]

1 هەمان سەرچاوە ل 54

2 هەمان سەرچاوە ل 84

## هەواڵەکانی دەرەوە "تایبەتە بۆ ناوخۆ" لە لایەن ئاژانسی هەواڵدەری تاسەوە / روونکردنەوەیەکی ورد لە سەر تێکشکانی بزووتنەوەی دیمۆکراتی لە ئازەربایجان ئێران

## /نامەی هەوالدەری تاس لە تەوریز مەمەدوڤ/

لە ماوەی شەو و رۆژێک لە ئێوارەی 11ی دیکابری 1946وە بزووتنەوەی نیشتمانی دیمۆکراتیک لە ئازەربایجان ئێران بە یەکجاری لە ناوچوو. فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان هەبوونی خۆی لە دەستداو هەڵوەشا، هاوکات تەواوی دەسکەوتەکانی فیرقە وەک دابەشکردنی زەوی، بەکارهێنانی زمانی ئازەری، دروستکردنی زانکو تیئاتر فیلارمونیا، موزە، چاپەمەنی لە دەستچوون. مەجلیسی ئازەربایجان هەڵوەشایەوە و ئۆتۆماتیکی پەیماننامەی قەوام و ئازەربایجان هەڵوەشێنەرایەوە.

روداوەکان بەپەلە و تراژیدیا نەبوو ئەویش پاش ئەوەی کە قەوام بریاری ناردنی سوپای ئێرانی بۆ ئازەربایجان دا /بۆ دابین کردنی هێمنایەتی و بەڕێوەبردنی ئازادی هەڵبژاردن/. بۆیە دیمۆکراتەکان یەکسەر تێگەیشتن و بریاریاندا کە چەک بەدەست لە دەسکەوتەکانی خۆیان پارێزگاری بکەن، سەرکوتکردن و کردەوەی وەحشیانەی کاربەدەستانی ئێران لە زینجان بۆ ئەوە بەس بوو کە چاوەڕێ خراپترین شتی تر بکرێتەوە.

باشترین و گەورەترین شوێن بۆ بەربەرەکانی و پارێزگاری دولی قافلانکویان (نێوان زەنجان و میانە) هەڵبژارد کە شوێنێکی لەبارە و بە هێزێکی کەمەوە هێرشی دوژمن راگرن و هەر لێرەش بوو کە یەکەم تێکهەڵچون نێوان حیزبەکانی سوپای ئێران و دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان روی دا. هێزەکانی تاران لەم شەرەدا تانک و تۆپ و خۆمپارە و پێنج فرۆکەیان بەکارهێنا. هێزەکانی ئازەربایجانی نەیانتوانی بەرامبەر بەم تەکنیکە لەشکەریە جگە لە تفەنگ و تیربار ئەوەش بە ژمارەیەکی کەم لەم چەک و تەقەمەنیە بەکاربێنی هیچ نەبوو کە ئەو خەڵکەی پێ چەکدار بکەن کە ئامادەی بەربەرەکانی و رۆیشتن بۆ بەرەکانی شەڕ بوون.

هێزەکانی دەوڵەتی بە شەڕ بە ناو چومی قافلانکو تێپەر دەبن و دەگەنە شاری میانە. بەم چەشنە یەکێک لە شوێنە هەرە ستراتیژی و گرنگەکان بۆ دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان لە دەستچوو.

لە 10ی دیکابر پیشەوەری رایگەیاند کە دژی هێزەکانی ئازەربایجان چل تانک بەرێکەوتوون جگە لەوە بڕیارە 150 فڕۆکەش کە لە ئەمەریکاوە هاتوون کە لە ناویاندا فڕۆکەی بۆمب هاوێژی بەهێزیان تیایە بکەونە شەڕەوە و سەرەڕای نابەرابەری هێزەکان سەرباز و فیدایەکانی ئازەربایجان ئامادەی بەربەرەکانی و شەڕ بوون لە بەر ئەوەی هیچ رێگایەکی تریان بۆ نەمابووە.

11ی دیکابر ئوستانداری ئازەربایجان دوکتۆر جاوید و سەرۆکی مەجلیسی ئازەربایجان شەبۆستەری لە بروسکەیەک بۆ شا و قەوام راگرتنی بەربەرەکانییان راگەیاند و ئامادەیی خۆیان بۆ پێشوازی کردنی سوپای ئێران بۆ تەورێز دەربڕی. هەر لەم رۆژەش دا پیشەوەری وازی لە سەروکایەتی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان هێنا و ئەم بەرپرسیاریەتیەی دایە دەستی بیریا.

هەر لەم رۆژەدا بیریا لە مێتینگێک لە پێش بارەگای کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی ئازەربایجان رایگەیاند کە بەربەرەکانی ناکرێت و داوای لە خەڵک کرد کە لە جێ و شوێنی خۆیان بمێننەوە و هێمنایەتی خۆیان بپارێزن.

هەر لەم ئێوارە بوو کە تراژیدیا کە دەستی پێکرد. لە باتی ئەوەی کە هێزەکانی پۆلیس و پاسەوان و لەشکەری خۆیان بۆ دابینکردنی هێمنایەتی بارودۆخەکە بهێڵنەوە و ئامادەیان بکەن و دەست بەکار بن و ئەندامانی چالاکی حیزبیش بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنن. رێبەرانی ئازەربایجان دەستیان دایە گواستنەوە و دەستبەجێ تەورێزیان بەجێ‌هێشت.

شار کەوتە دەستی باندە چەکدارەکان کە بە هیچ کەس رانەدەوەستان و کۆنترۆڵ نەدەکران. ئەم باندانە لە لایەن کۆنەپەرستانی خۆجێیە و ئەوانەی کە تایبەت لە تارانەوە نێردراون رێبەرایەتی دەکرێن. هێزەکانی فیدایی و پۆلیس کە بێ سەرکردە و فەرماندە مابوونەوە چەکەکانی خۆیان فرێ دەدا و بۆ پاراستنی خۆیان رایاندەکرد. لە سەر جادە و خیابان و جۆگەکان بە دەیان چەک فرێ درابوو.

باندیدەکان کەوتبوونـە راوە دیمۆکرات و لـە بـەر ئـەوەی بـە تاکەتاک نـەیان‌دەتوانی بەربەرەکانی بکەن هەر لەجێی خۆیان گولە بارانیان دەکردن یا دەیانبردنە پۆلیس.

گرووپێک لەو باندتیانە هێرشیان کردە سـەر پـالکوڤێنکی ئـازەربایجان بـە نـاوی ئـارام کـە **پـاش** چـەند کـاتـژمێر شـەڕ و تـەقـەکردن. ئـارام لـەگـەڵ هاورێکـانی بـەرشـاش بەرگریـیان لـە خۆ دەکرد و تـەنیا شـەو ئـارام لـەگـەڵ هاورێکـانی توانیـان خۆ رزگـار بکەن.

چوار نیشتیمانپەروەری قارەمان بە سەرۆکایەتی دادستانی ئـازەربایجان فـەرمیدونی ئیبراهیمی و ژورنالیستی بەناوبانگ کە ماوەیەک لەمەوبەر بەشداری کۆنفرانسی ئاشتی پاریس بۆ پارێزگایان لە بارەگای کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیمۆکرات کرد. ئـەم گروپـە بۆ ماوەیەکی زۆر بەرەنگاری ئەو باندیدانەیان کرد تا ئەو کاتەی کە گولەیـان پـێ نـەمـا . ئینجا شوێنەکەی خۆیان جێدەهێڵن و لە جێگایەکـی تـر خۆیـان حـەشـار دەدەن. تـەواوی مەقەرەکانی حیزبی و مالی رێبەرانی حیزبی تالان و تێکوپێک دراوە.

دوکتۆر جاوید ئوستانداری ئازەربایجان لەگەڵ شـەبۆستەری لـە مـاوەیـەکـی زۆر لـە ژووری کارکـەی مابوونـەوە. ئـەویـش بـە بـێ هـیچ پاسـەوانێـک. پاشـان جاویـد تـوانی دەستەیـەکـی پاسـەوان لـە پیـاوە بـاوەڕپێکراوەکـانی خۆی بۆ پاراستنی دامـودەزگاکـانی سۆڤیەتی کە لە مەترسیدا بوون رێک دەخات.

باندیدەکان هەر بە تیرۆری دیمۆکراتەکان رانـەوەستان و دەستیاندایە چـالاکی دژی دامـودەزگـاو هاوولاتیـانی سـۆڤیەتـی. دەسـتەیـەک لـەو باندانـە شوشـەی نـاوەنـدی پەیوەندیەکـانی کولتوری سۆڤیەت لـەگـەڵ ئێرانیـان شـکاند و چوبوونـە ژوورێ. جگـە لـە سوکایەتـی و تێکدانی ئـەدەبیـاتی کلاسیکی ئێـران و روسیا سـوکایەتیـشیان بـە وێنـەی رێبەرانی یەکێتی سۆڤیەتی کردوە. تەقەیان لە فەرمانبەرانی ناوەندی کولتوری کردوە و جێ سەرسورمانە کە کەس نەکوژرا بوو و تەنیا شۆفیری ماشێنێک کـە خـەڵکـی ئێرمیـە بریندار بووە.

هەروەها هێرشیان کردە سەر نوێنەرایەتی بازرگانی ئێمە و تـەقـەیـان لـێ کردوە. بـە نـاو ماڵـەکـانی خـەڵکـی سـۆڤیەت گـەراون بـە مـەبـەسـتی تـالان و گـرتن و کوشـتنی دانیشتوانی.

عیسایڤ شۆفیری ماشێنی ئێران سوڤتراسپورتیان لە ماڵ هێناوەتە دەرێ و لە سەر جادە گولەبارانیان کردوە. پێشتریش دوو شۆفیری تری ئەم شەریکەیان کوشتبوو. چوونەتە ماڵی لیسنوڤ و داویانە بە یەکا وسەعاتی زێریان لێ سەندوە و لیسنیوڤیان بردوتە پولیس، کاتێک کە ئازادی دەکەن تەقەی لێ دەکەن.

ماشینی ژمارە 453 کە شەکری پێ بووە و نێردراوە بۆ تەورێز تالآن دەکرێت و پاشان دەفرێندرێت و کاتێک کە بە دوای ماشێنەکەدا دەگەرێن و دەیدۆزنەوە لە گاراژ دەبێت و پڕ لە خوێن و پارچە میشک لە ناویا دۆزراوەتەوە. قەوام کە بەڵێنی سەقامگیر کردنی هێمنایەتی و ئاشتی دابوو. پیاوە بکوژەکانی دەستیاندایە تالآن و کوشتنی دانیشتوان و ئەمەریکایەکانیش چەپڵەیان بۆ لێ ئەدان. جاوید نەیتوانی چیتر چاولێکەری ئەو روداوانە بێت و دەبویست بگرێت .....

ئەمە دوایین چاوپێکەوتنی ئێمە لەگەڵ جاوید بوو کە بێگومان مرۆڤێکی جوامێر و پاک بوو. هەندی پێنەچوو کە جاوید و شەبۆستەری رۆیشتن بۆ تاران. پالکوڤینک زەنگەنە بە فەرمانداری نیزامی تەورێز لە لای دەسەلآتدارانی تارانەوە دیاریکرا. ئەو زەنگەنەیە کە لە ورمی دڕندانە جولابۆیەوە و دیمۆکراتەکان گرتبوویان و ویستیان لە تەورێز دادگایی بکەن و حوکمی لە سێدارەدانی بدەن. /سۆڤیەتەکان نەیانهێشت و بەریان دا.( هەورامی). ئاشکرا بوو کە زەنگەنە چۆن لەگەڵ ئەو دیمۆکراتانە ئەجولێتەوە. ناوبراو لە قوتابخانەیەک دەستوری دابوو ئاگر بکەنەوە و تەواوی پەرتوکی وانەی منالآن و نوسراوەکان بە زمانی ئازەری دەسوتێنن. / ئەویش پاش قسە کردنی زەنگەنە ئەم کارە دەکەن/. ئەم کردەوە و کردەوەکانی تری کۆنەپەرستانی ئێران کۆپیەی فاشیستەکانە.

ئێستا دەتوانین بڵێین کە تەواوی بزووتنەوەی دیمۆکراتیک لە ئازەربایجان نوقمی خوێن کراوە و تیرۆرێکی خوێناوی بەردەوامە.

کۆنەپەرستان دەستیانداوەتە پروپاگەندەی دژی سۆڤیەتی بۆ وێنە بڵاویان کردوتەوە کە لە سۆڤیەت کودەتای لەشکەری کراوە. هەروەها وتویانە ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت پیشەوەریمان تەحویل نەداتەوە ئێمە یەکێتی سۆڤیەت بومباران دەکەین و .......

بزووتنەوەی دیمۆکراتیک لە ئازەربایجانی ئێران کە بە ساڵان دروست بووە لە ماوەی چەند کاتژمێرێک دا نەما. حەماقەتی ئەو فاشیستانە گەیشتە رادەیەک کە بە دوکاندارەکان دەستوریان داوە نان بە سۆڤیەتیەکان نەفروشن. دەسەلاتدارانی تاران و سۆڤیەتی بە رێگای رادیۆ و بەیان و ئاگاداری‌یەوە بە فروکە بە سەر شارەکاندا بڵاو دەکەنەوە ئەم کردەوە دژ بە سۆڤیەتیانە بە هێزتر و و گەرمتر دەکەن و رادەگەیەنن ئەم ئاژاوەی کە لەم ساڵانەی دوایی دروست بوو بە دەستی ئەو موهاجیر و ئاوانتوریستانەوە دروست بوو کە لە سۆڤیەتەوە هاتبوون.

لێدان و تیرۆر دژی هەموو ئەوانەی کە لە سۆڤیەتەوە هاتوون بەتایبەتی ئەرمەنی و ئاسوری زۆر توند و بێبەزەیانە و زیاترە.

لە 12ی دیکابر جاوید رۆیشت بۆ بوستان‌ئاباد بۆ ئەوەی هاتنی بێ‌شەر و کێشەی هێزەکانی ئێران بۆ تەورێز دابین بکات. ژێنراڵ هاشمی هەوڵیدا کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ناوبراو نەکات. بەڵام جاوید هەر لە سەر بۆچونی خۆی پێی‌دادەگرێت. پاشان دەرکەوت کە هاشمی باوەری بە جاویدو راگەیاندنەکەی نەکردبوو و پێشان هەندێ خەڵک بۆ ناو شاری تەورێز دەنێرێت تا بزانێت ئایا کەس بەرەنگاری هێزەکانی ئێران لە ناو شار ناکات. ئەوە بوو پاش تاقی کردنەوە نزیکەی کاتژمێری 17 رۆژی 13ی دیکابر تاقمێک لە هێزەکانی ئێران دێنە ناو شارەوە. بەڵام لە حساب و پێشبینی خۆیان کە لە ماوەیەکی کەم دەتوانن بە بێ‌گێرە و کێشە دەست بە شاردا بگرن بە هەڵە چووبوون.

14ی دیکابر 1946 من لەگەڵ سکرتاری کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت چوینە لای جاوید کە لەگەڵ شەبۆستەری لە کابینەکەی خۆی بوو و وتی هاورێ میدویدوڤ: ئەم هەموو بەزمەتان پێ خۆشە؟ ئەبێ چەندیان پێ خۆش بێت؟ بەڵام ئەمە پرسیار نەبوو بەڵکو دانپێنان بە روداوی تراژیدیا بوو: "دۆستەکانمان گولەباران دەکرێن و من ناتوانم هیچ شتێکیان بۆ بکەم. بۆ من ژیان بەنرخ نیە ... ئازار ئەچێشم ..." پرسیارێکە و جێ خۆیەتی کە بکرێت: چۆن ئەم تراژیدیایە وا رویدا؟ ئەگەر تەنیا پیشەوەری لەم بارەوە تاوانبار بکرێت هەڵەیە. ئەم پرسیارە دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و هەمەلایەنەی لەسەر بکرێت. تەنیا ئاماژە بە چەند هەڵەیەک دەکەین. راستە کە هەموو هەڵەکانی ئەم

تراژیدیانە ناگرێتە خۆ. یەکەم و گەورەترین هەڵە ئەوە بوو کە نەدەبوایە بەربەرەکانی چەکدارانە بکرێت کاتێک پتانسیلی (پارسەنگی) هێزەکانی ئازەربایجان زۆر کەم بوو. دەبوایا هەموو لە جێ خۆیان مابانەوە و هێزەکانی دەوڵەتی هاتبانە ناو شار کە ماوەیەکی زۆری دەویست تا پەیمانی ئازەربایجان و تاران هەڵوەشێندرابا یا هەروەها ئەنجومەنەکان و تەواوی ریفۆرمەکانیش یەکسەر لە ناوچوبایە. بە هەرحاڵ بواری لە ناوبران و لێدانی دیمۆکراتەکان و تیرۆری باندەکان نەدەبوو. هەرچەند فاکتی تێکهەڵچوون بە دەستەوە بوو بەڵام نەدەبوایە بواری ئەوە بدرێت کە رێبەرانی ئازەربایجان بە شێوەیەکی سەرسامهێنەر و ترسنۆکانە رابکەن. پیشەوەری دەیتوانی 13ی دیکابر بروات واتە بۆ ماوەیەکی کەم تا هاتنی سوپای ئێران. ناوبراو هێندە مرۆڤی باوەر پێکراوی لە بەر دەست دابوو کە ژیانی وی بپارێزن. جگە لەوە دەبوایا تەواوی فەرمانبەرانی تر لە جێ خۆیان مانیان گرتبایا. هەڵەی هەرە گەورە ئەوە بوو کە حزبیان دایە تاقە کەسێک واتە بیریاوە. تیرۆریستەکان بە ئاسانی و زوو ئەم شتە تێگەیشتن و ئەوە بوو کە یەکەم زەربەیان بەرەو روی بیریا کردەوە و تەقەیان لە ماشێنەکەی کرد ئەویش کاتێک بەناو خیابانەکاندا دەگەرا و سەرئەنجام بیریا ناچار بوو خۆی بشارێتەوە. لە بەر ئەوە ناوبراو بە تەنیا هیچی پێ نەدەکرا و نەیدەتوانی دژی ئەو باندیدانە راوەستێت. هەواڵی راکردنی رێبەرانی ئازەربایجان دەسبەجێ لە ناو خەڵکدا بڵاو کرایەوە و حیزب و سوپا و پۆلیسی ئازەربایجان درایە دەستی چارەنوس و ترس و پەرۆشی لە ناو ئەوان و خەڵکدا بڵاوبووە.

بە درێژایی دەسەلات و چالاکی خۆیدا پیشەوەری رایگەیاندوە: "ئێمە بە خوێن ئازادیمان بە دەست هێناوە و بە خوێنیش پارێزگاری لێ دەکەین". جگە لەوە ئاشکرایە کە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بە بێ خەباتێکی زۆر بەدیهات بۆیە نەیتوانی خەڵک بە باشی ئامادە بکات و حیزب بەهێز بکات. جگە لەوە خودی پارتی پێگەو شانەیەکی لە ناو چینی کرێکاردا نەبوو./گەرچی چینی کرێکار لە ئازەربایجان ژمارەی یەکجار کەمە/ و پاڵپشتی پارتیش کە زۆربەی لە سەر تاجری بچوک و فەرمانبەر و رووناکبیر بوون و رێکخراوەکانی پارتیان لە شارەکان پێکهێنابوو نەیانتوانی ببنە جێ هیوا و خزمەتێکی راستەقینە. هەر بۆیە کاتێک کە رێبەرانی ئەم

پارتیە رۆیشتن دەسبەجێ هەڵوەشایەوەو مرۆڤێکی وای بەخۆوە نەدیت کە رێبەرایەتی بکات. پیشەوەری لە سیاسەتی خۆیدا توشی شکان بوو و مانوری نەدەدا و ، ناوبراو بە تەواوی پشتی خۆی بە یارمەتی دەرەوە بەستبوو .

لە یەکەم رۆژی دروستبوونی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان هیچ هەوڵێکی بۆ نزیک بوونەوە لەگەڵ پارتی تودە و پارت و رێکخراوە نیشتمان پەروەرەکانی تری ئێران نەدا. نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو لە پارتە پێشکەوتوەکان پارتی تودەی ئێران و دیمۆکراتەکانی تەورێز و مەهاباد سیاسەتی تایبەتی خۆیان بەڕێوە دەبرد و بەرژەوەندی خۆیان لە بەرچاو بوو.

یەکگرتنی پارتەکان پێش هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێران نەیتوانی بلوکێکی ئۆرگانێکی بێت و زیاتر بلوکێکی دەستکرد و نائاسایی بوو هەر بۆیەش دروشمی شەڕی ناوخۆو شۆڕش سەراسەری بۆ ئێران کە لە لایەن پیشەوەریەوە هەڵگیرابوو لەم رۆژانەی دوایی لە هەوادا هەڵواسرا.

ئازەربایجان هەروەها لەگەڵ کوردەکان بۆ مەبەستێکی یەکگرتوهاوکار نە بو و پیشەوەری تەنیا لە رۆژانی پڕ لە مەترسیدا هەوڵی نزیکبوونەوەی لەگەڵی داون و تا ئەوکاتەش ئەو کوردەکانی وەلاخستبوو. پیشەوەری بە هەڵە وای بیر ئەکردەوە کە ئەو سەرکردەی تەواوی بزووتنەوەی دیمۆکراتی ئێرانە و ئەوەندە بەسە کە بە قسەیەکی وی دین بە هانایەوە و بە قسەی دەکەن. ئەمە گومرا کردن بوو کە دەورێکی زۆرێکی لە دروستکردنی ئەو روداوە قورسانەی بینی.[1]

1946 دیکابری EA.—B 03/01/17

---

[1] ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی روسیای فیدراتیڤی فۆندی 56 کۆپیەی 10کارتۆنی231 ، دۆسیەی 273 ل.ل 29-35

26ی دیکابری 1946

بۆ سەرۆکی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراستی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی

لەگەڵ ئەمەش پەیامی پیشەوەری و پادگان و شەبۆستەری و پەناهیان بۆ دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتتیان بۆ دەنێرم کە بە زمانی ئازەری نوسراوە.

وەرگیراوی ئەم پەیامەمان لە رێکەوتی 7ی دیکابری 1946وە بە تەلگراف بۆمان ناردن.[1]

کۆنسۆڵی سۆڤیەت لە تەورێز . کراسنیخ

[1] ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی روسیای روسیای فیدراتیڤی فۆندی 094کۆپیەی 38 کارتۆنی 364دۆسیەی 49ل.ل1-7

## لەرێگای بەرێز کراسنیخ کونسوڵی یەکیەتی سۆڤێتەت لە تەوریز بۆ دەوڵەتی سۆڤێت

ئێوە زۆر باش دەزانن کە دوای گەرانەوەی نوینەرانی ئیمە لە تاران چاپەمەنیەکانی راستڕەو و کۆنەپەرستی ئەوێ بۆ لەناوبردنی ئازادی و هەمودەسکەوتەکانی بزوتنەوەی دیموکراتی ئێمە بەزمانێکی زۆر جیدی و گەرم پێویستی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئازەربایجان بڵاودەکەنەوە، قەوامیش کە پێشتر لە ناردنی هێزی لەشکری بۆ مسۆگەرکردنی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد دەدوا، لە تەلگراف(بروسکە) و راگەیەنراوەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئاشکرا و رەسمی رایگەیاند کە بۆ کۆتاییهێنان بە بزوتنەوەکەی ئیمە و سەرکردەکانی هێرش دەکاتە سەر ئازەربایجان و ئەوەبوو کە هەڵویستی ناوبراو لە وتە و نووسراودا سنوردار نەکراو لە کاتژمێری حەوتی ئێوارەی رۆژی سێهەمی ئەم مانگە, هێزە نارەواکانی لە ناوچەی رەجعین بۆ ماوەی دوانزە سەعات پۆست و پێگەکانی فیدایی ئێمەیان ئاگرباران کرد و هەوڵی داگیرکردنی ناوچەکانی ئێمەیان دا، جگە لەوە بەپێچەوانەی پەیماننامەی مۆرکراوی نێوانمان هێزی لەشکەری ناردووەتە زەنجانەوە و بەپێچەوانەی ئەو نامەیەی کە جێگرەکەی قەوام واتە موزەفەرەی فەیروز کە بە رەسمی بۆ ئیمەی نوسیوە دەرەبەگی فیودالی بەناو بانگ واتە زولفەقاری و کەسانی تری نەتەنیا لە زەنجان دورنەخستووەتەوە بەڵکو پلەی سەرهەنگیشی (عقید) پێ داوە و چەکداری کردووە و ناردویەتی بۆ رووبەرووبونەوە لەگەڵ ئێمەدا.

ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەن کە قەوام هەر ئەو کەسەیە کەهێشتا مۆرەکەی (رەنگی) ئیمزای ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ ئێمە بەستوویەتی و ناردویەتی بۆ دکتۆر جاوید پارێزگاری ئازەربایجان وشك نەبوەتەوە بەوپەری بێ شەرمیەوە هەمووی لە ژێر پێ ناوە و بەم **چەشنە** مەبەستی پیسی خۆی ئاشکراکردووە وادیارە کە ناوبراو بیر لەو سۆز و بەڵێنە رەسمیانەی کە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان بە نوێنەرانی دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤێتی داوە ناکاتەوە لەم بارودۆخەدا تەنیا یەک رێگە

لەبەردەم گەلی ئازەربایجان دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە کە بەهێزی چەکی خۆی و پاڵەوانیەتی لاوەکانی پارێزگاری لە ئازادی خۆی بکات .

گەلی ئێمە بە باشی تێگەیشتووە کە مسۆگەر کردنی ئازادییەکەی تەنیا رێکەوتننامە و نووسراوە و پەیماننامە و تیلگرافەکان نییە، بەڵکو تەنیا هێزی باسک (دەست) و چەکەکەیەتی.گەلی ئێمە ناتوانێت ئەو لەشکەر هێزە چەکدارانەی کە قەوام دوای ئەو نامانەی کە بۆ چارسەری ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان بۆ دوکتۆر جاوید ناردویەتی یا دەنێرێت ، نەبینێت . قەوام لە دەستی دێت و دەتوانێت هەر دەقیقەیەک کە بیەوێ بەم کردەوەیە هەڵسێت و هیچ بە ڵگە وپێکهاتنێك ناتوانێت پێشی ئەم کردەوە خائینانەی ئەو بگرێت.

ئێمە هەشت مانگی تەواوە کە بە پێچەوانەی هەست و هەڵویستی گەلەکەمان و بە پێچەوانەی ویست و مەیلی ئەندامە چالاکەکانی حیزبەکەمان بۆ بەرەو پێشچوونی کاروبار و چارسەری ئاشتییانەی ناکۆکییەکان و بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی جیهانی دۆستی گەورەمان واتە یەکیەتی سۆڤیەت و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ناوبژیکردنی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت لە نێوانمان، هەوڵمانداوە کە رومەتی قەوام وەک مرۆڤێکی دیمۆکراتیک و پێشکەوتوو پیشان بدەین و تەنانەت هەندێکیش بە پێچەوانەی بیروباوەری خۆیان بەشان و باڵی ناوبراوەمان هەڵوتوە و مەبەستیش ئەوەبووە کە ئیشوکارەکان لە لایەن ئێمەوە گێرەوکێشەیان بۆ دروست نەکرێت، تەنانەت سەردەمێکیش کە فیداییەکانی ئێمە توانای داگیرکردنی قەزوین و رەشت و تارانیان بوو، ئێمە بەکەڵک وەرگرتن لە دەور و کاریگەری خۆمان ، پێش ئەوانمان گرتووە تا بیانوو نەدرێتە دەستی ناوبراو .

ئەم گوزەشت و چاولێپۆشیانەی ئێمە لای دنیا ئاشکرایەو ئێوەش باشتر لە هەمووان ئاگاداری ئەم شتەن.

ئێمە لەجێبەجێکردنی ئەم پەیمانە (پێکهاتنە)، حکومەتی میللی(نەتەوەیی)خۆمان هەڵوەشاندەوە و مەجلیسی خۆمانمان گۆری بە ئەنجومەنی ئەیالەتی و دەستەی فیداییەکانمان بە هێزی پاسەوان گۆری و،ئامادەی ئەوە بووین کە دەسەڵات و سەرکردایەتی هێزی لەشکەریمان بدەینە دەستی ئەو و دەستمان بەوە کرد کە هەموو

داهاتی خۆمان تەسلیمی خەزێنەکەیان واتە بانکی میللی وئەمە هەمووی بۆ ئەوە بوو کە بیانوویەک نەدرێتە دەستیان.

قەوام بە بینینی ئەم پاشەگەزانەی ئێمە رۆژ بە رۆژ خواستەکانی خۆی زیاد کرد و سەرئەنجام کارەکەی گەیاندووتە ئەوەی کە دەیەوێ بە هێرشێک کۆتایی بە ئازادی بێنێت .

ناوبراو بەو مەبەستە کێشەی نەوتی هێنایە گۆڕێ کە دەرچوونی سوپای سوور لە ئێران مسۆگەر بکات وبزوتنەوەی نیشتمانی ئازەربایجان سەرببڕێت .

گومان لەوەدا نییە کە ناوبراو ئەم کارانەی بە دەستوری ئینگلیز و ئەمریکا کە چاویان بڕیوەتە سەروەت و سامانی ئێران ، جێبەجێ دەکات . قەوام پێیوایە کە دەتوانێت هەمیشە کاری خۆی بە فریودان و درۆ بباتە پێش، ئەوە پێی وایە کە هەروەک چۆن ئازەرییەکانی فریودا ، دەتوانێت دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەتیەتیش غافڵگیر بکات و کێشەی نەوتیش بە درۆ و دەلەسە و فڕوفێڵی هەمە رەنگ کۆتایی پێ بێنێت. ئێمە ئازەربایجانییەکان زۆرباش دەزانین کە ئینگلیز و ئەمریکیەکان هەوڵ دەدەن کە کێشەی نەوت بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە هەر قیمەتێک بووە چارسەر بکەن و قەوامیش نۆکەری ئەوانەیە. یەکەم هەروەک دەبینین ئەوە ئامادە نییە کە تەنانەت یەک نەفەرئازادیخواز بچێتە(بێتە نوێنەری ) مەجلیسی ئێران ئەمە بۆ خۆی هەنگاوێکی راستەوخۆیە دژی وڵاتی شوراکان (یەکیەتی سۆڤیەت) کە مەجلیسێک کە لە کۆنەپەرستان پێکبێت بە هیچ شێوەیەک ئامادەی ئەوە نابێت کە نەوت بدرێتە یەکیەتی سۆڤیەت .

قەوام یا بە بیانوی دەنگدانی مەجلیسەوە بەڵێنەکەی خۆی لە ژێر پێ دەنێ و یا بە خۆ لە کارکێشانەوە(ئیستقالە)خۆی لە سەرۆک وەزیری خۆی رزگار دەکات و ئەودەم دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەتیش ناتوانێت لە بەڵێن و قسەکانی قەوام وەک بەڵگە و دیکۆمێنتێکی رەسمی کەڵک وەربگرێت و لەم چەشنە رووداوانەیش(فروفێڵ)لە مێژووی ئێراندا، زۆر بووە.

دوای شەڕی جیهانی یەکەم وسوق الدولە برای قەوام پەیمانیکی لە گەڵ ئینگلیزان بەست کە دوای ئەوەی ئەم پەیمانە لە لایەن شاو مەجلیسی ئێرانەوە رەتکرایەوە ئەوانە

تەنانەت نەیانتوانی ئەو پارەیەی کە بە وەزیرانی دەوڵەتی ئێران وەک نوسرەت الدولە باوکی فەیروز دابوویان وەربیگرنەوە، کەواتە کێشەی نەوت کێشە یا مامەڵەیەکی زۆر گرنگە کە دەوڵەتی سۆڤیەت بە بێ ئەوەی لایەنگری لە مەجلیس و کۆمەڵگای ئێران هەبێت لە وەرگرتنی یا دەستخستنی سەرکەوتوو نابێت.نیازپاکی یا بەڵێن و قسەی قەوامیش ناتوانێت مسۆگەرکردنێکی بەهێزبێت ، لە بەر ئەوە ناوبراو لە کێشەی ئازەربایجان چۆنیەتی ئەم نیازپاکییەی نیشان دا.

کێشەی نەوت، کاتێک لە بەرژەوەندی یەکیەتی سۆڤیەتدا چارەسەر دەکرێت کە هێزەکانی کۆمەڵگا لە پشتی بن و ئەم هێزانەش هەر ئێستا لە سەرانسەری ئێران بە شێوەیەکی نەدیتراو لە سەر کوتکردن و لە ناوچوندان، بەڵام هێشتا ئەم هێزانە بە تەواوی لە ناو نەچون، هێزی ئێمە لە ئازەربایجان هێزێکی گرنگە . ئێمە توانایەکی جددیمان بۆ گوشار خستنە سەر حکومەتی تاران هەیە وئەم توانا و ئیمکاناتەی ئێمە دەتوانێت هێزەکانی ئازادیخواز و دیموکراتیکی شوێنەکانی تری ئێران بەهێز بکات . بە داخەوە ئەگەر رەوتی رووداوەکان بەم چەشنە بچێتە پێش هێزەکانی ئێمەش بە خێرایی لە دەست دەچن. ئەو کاتە قەوام و کۆنەپەرستانی تر ئەوەی کە دەیانەوێ بەبێ ئەوەی هیچ کەندوکۆسپێک لەسەر رێگایاندا هەبێت جێبەجێدەکەن. بە گشتی دەبێت دان بەوە دابنرێت کە حسابکردن لە سەر نیاز پاکی قەوام یان کاربەدەستێکی تری دەوڵەتی کارێکی هەڵەیەو لایەنگری راستەقینە سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت، بەشی پێشکەوتوو و ئازادیخوازی گەلە و هەر ئەم هێزەیش دەبێ بە هێز پشتیوانی لی بکرێت، بۆیە دەبێ بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئازەربایجان بمێنێتەوەو پارێزگاری لێ بکرێت.

ئەم خاڵەش دەبێ لە بەرچاو بگیرێت لە ئێران ، وڵاتی بیانی (خاوەن بەرژەوەند)دەور و هێزی خۆیان قەت لە دەستنەداوە بە تایبەتی ئینگلیزەکان کە بۆ بەهێز کردنی لایەنگرانی خۆیان پشتیوانییان لێدەکەن ، لە کاتی پێویستدا کەڵکیان لێ وەربگرن بۆ وێنە هێرشی قەشقایەکان لە بەرچاو بگرن و باش دەزانن کە ئێستا چەند جار راپەرینی گەورەیان دژی دەوڵەت رێکخستووە . سەرەڕای ئەوەش ئینگلیزەکان تا ئێستا بواریان بە دەوڵەتی ئێران نەداوە کە تەنانەت یەک چەکیشیان لێ بسێنێتەوە لەوێ ئەوان

و بەختیارییەکان و خێڵ و هۆزەکانی باکووری ئێران وەک رابردووچەشنی قەڵای ئینگلیزەکانن ئەوانیش رۆژبە رۆژ ئەم هێزانە زیاتر و بەهێزتر دەکەن .

ئێوە باش دەزانن کە کۆمەڵانی گەل هەمیشە ناتوانرێت راپەڕێنرێت یا راپەڕین رێکبخرێت و هەموو کاتێکیش زەمینە بۆ ڕاپەڕینێکی گەورەی جەماوەری ئامادە ناکرێت یا نارەخسێت ، دەزانن کە لە ئەنجامی گەلێک هۆ و خۆبەختکردنێکی مەزن هێزێکی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتی لە ئێران و بزوتنەوەیەکی گەورەیش لە ئازەربایجان پێکهات . ئەم بزوتنەوەیە پشتیوانی راستەوخۆی دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت و سیاسەتی ئەم دەوڵەتە لە ئێرانە .

ئەم هێزە مەزنە چەکێکی کاریگەرە بۆ پێشبردنی سیاسەتی سۆڤیەت و بە هۆی ئەم هێزەوە یەکیەتی سۆڤیەت وەک گەلانی ئێران دەتوانن کاری زۆر گەورە بکەن. ئەم هێزە هێزێکە کە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئامادەی خۆبەختکردنێکی زۆرە کە ئەگەر لە دەست بچێت بەم زووانە هێزێکی جیددی پێکنایەت.

ئێمە لەوە تێناگەین کە بۆچی کۆمەڵانی چەوساوە لە یۆنان و ئەندۆنوزیا و یا شوێنەکانی تر دەتوانن بەچەکەوە لە پێناوی ئازادی خۆیان خەبات بکەن . بەڵام ئێمە دەبێ بە دەستی خۆ خۆمان تەسلیمی جەلادان بکەین . ئەمە تەنیا ئێمە نایڵێین ئەمە قسەی گەلەکەمان و ئەندامی چالاکی حیزبەکەمانە کە بە ئاشکرا دەیڵێن. حیزبەکەمان و گەلەکەشمان پێمان دەڵێن کە دوای ئەم هەموو بەڵگە و دەلیلانەی کە بەدەستمانەوەیە چیتر باوەڕ بە وتە و نوسراوە ناکەین و متمانەمان بە قەوام و ئەوانی تر نەماوە. قەوام دەروات و یەکێکی تر دێتە جێی. ئەگەر ئێمە بە هێزە چەکدارەکانمانەوە، کۆنەپەرستان سەرکوت نەکەین هیچ کاتێک سیاسەت لە بەرژەوەندی ئێمەدا ناسورێت.هیچ چەشنە گەرەنتییەک بۆ ئێمە نەماوە بۆیە ناتوانین خۆشمان فریو بدەین. ئیمکانێك ئەمرۆ هەیە نابێ لە دەستی بدەین مێژوو بۆ هەمیشە ئێمە مەحکوم دەکات . لە دنیادا هیچ گەلێک خۆی بە دەستی خۆی هێزەکەی لە ناو نەبردووە و ئێمەش نابێ ئەم کارە بکەین .

هێرشی خائینانەی هێزە نێردراوەکەی قەوام بۆ سەر ئێمە شێوەیەکی توندی لە ناو خەڵکی ئێمەدا دروست کردووە . خەڵک دەستە دەستە سەردانی حیزبی ئێمە (فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان )دەکەن و بۆ پارێزگاری لە ئازادی چەکیان دەوێ، ئەمە

نیشانەی جیدی رۆحیەتی گەلی ئێمەیە. رۆحیەتی چەند فیودال و یا چەند کابرایەکی کۆنەپەرست وەک ئەمیر نەسرەتی ،ئەسکەندەری جەمالی ئیمامی ،سەرلەشکەر موقەدەم و زولفەقاریەکان ناتوانێت بەیانگەری(نیشاندەری)روحیەی گەلی ئێمە بێت. مەبەستی ئەوانە ئاغایەتی ودەسەڵاتە و ئێستا دەسەڵات و زەوییەکانیان لە دەست داوە، شتیکی ئاشکرایە کە دەبێ خاوەن چ (ورەیەک)بن بەلام کۆمەڵانی شارو گوندنشین کە ئازادی و زەوینیان بە دەستهێناوە، ئامادەن هەموو شتێکی خۆمان لە پێناوی ئەو شتانەی کە دەستیان کەوتووە بەخت بکەن ئەگەر ئێمە ئەمرۆ بواری ئەوە بدەین کە ئازادی خۆیان لە دەست بدەن ئێتر راپەراندیان مومکین نیە ئەوانە چیتر متمانە و باوەریان بە کەس نامێنێت کۆمەڵانی خەڵک نەتەنیا لە ئێمە بەڵکو لە تەواوی ئەو هێزانەی کە بە دروشمی ئازادی دێنە مەیدانەوە نائۆمید و بێ هیوا دەمێنێتەوە، هێز و وزەی ئێمە لە ئیمان و باوەری خەڵکەکە بە ئێمەیان داوە .

گەلی ئازەربایجان رێبەر و سەرکردەکانی فیرقەی ئازەربایجان، چاوەرێی دوو شتن لە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت:

یەکەم مادام کە سنوورەکانمان کراوە و ئازادن و هێزی نیشتمان پەروەریشمان لە جێی خۆی ماوە، هەندێک چەکمان پێ بدەن لە بەر ئەوە ئەگەر رووداوەکان بەم ئاکارە بچنە پێش، ئێتر بواری ئەوە نامێنێت، ئێمە بە ئاسانی دەتوانین ئەم چەکانە بە نهێنی بگەیەنینە دەستی هێزەکانی خۆمان وبە چەشنێکیش کە دوژمنانمان ئاگایان لێ نەبێت، دوای دەست پێ کردن و پەرەسەندنی تێکهەڵچوون و شەر، جێبەجێکردنی ئەم کارە زۆر زەحمەت دەبێت ئیمە چەکی زۆرمان ناوێت مەبەستی ئێمە ژمارەیەکی چەکی کەمە تاکو فیدایەکانمان ناچار نەبن بە دەستی بەتاڵەوە رووبەرووی دوژمن بێنەوە.

دووهەم ئێستا کە قەوام دەستی بە شەر کردو و خوێنی براکانی ئێمە دەرێژێت، ئێزنمان پێ بدەن ئێمەش لە هەموو لایەکەوە تەنگاوی بکەین ، تاکو بەم چەشنە بواری راپەرینی ئازادی خوازان لە سەرانسەری ئێران دروست بکەین و بزوتنەوەیەکی گەورە لە سەرانسەری ئێران دەستپێبکەین و بە لە ناوبردنی حکومەتێکی دیمۆکرات لە جێی دابنین.ئەگەر ئەم کارەش بە باش نازانن ئێجازەمان پێ بدەن کە لە گەڵ تاران بە

یەکجاری پەیوەندی بپچڕێنین .سیاسەتی ئێوە (سۆڤیەت)هەرکام لەم دووڕێگەیە بەباش بزانیت ئیمە دەتوانین شەرافەتمەندانە جێبەجێ بکەین وسەرکەوتنی بەدەست بێنین .

قەوام پێش ئەوەی سەرکردایەتی (فەرماندەیی)هێزە چەکدارەکانی ئێمەبگرێتە ئەستۆ دیمەنی راستەقینەی خۆی نیشان دا، کە ئەمە جێی خۆشحالیە، ناوبراو ئەگەر ئەم کارەی دواتر بە ئەستۆ گرتبایە،ئێمەی بەیەکجار لە ناو دەبرد.

گەلی ئازەربایجان لەو هێرشەی ئەمرۆی ئەو هەست بە شادمانی دەکەن ناوبراو دەیتوانی ئەم کارە کاتێک ئەنجام بدات کە ئێمە توانای هیچ هێزێکی بەرەنگاوبوونەوەمان نەبێ، لە کاتێکا ئێستا ئێمە ئەو بوارەمان هەیە کە پارێزگاری لە خۆمان بکەین ، و ئەگەر بێتو لەم توانایەمان بە باشی کەڵک وەربگرین ، ئێمە دەتوانین بگەینە خواستەکانمان، بەڵام ئەگەر هەندێک لەم بارەیەوە کەمتەر خەمی بکەین یا دوای بخەین،گومانمان لا درووست ببێت، ئەم ئیمانەش لە دەست ئەدەین .وەک پێشتر وترا خەڵک دەترسن و نائومێد دەبن و کۆنەپەرستان هێزی ئازادیخواز لە ناو دەبەن و ئەمەش بە واتای لە دەستدانی دەور و ئەو هێزەیە کە یەکیەتی سۆڤیەت لە ئەنجامی ساڵانێکی دوور ودرێژ خەبات وهەوڵی بۆ داوە وبە دەستی هێناوە، سەرەنجام ئێران بە گشتی دەکەوێتە باوەشی ئینگلیزو ئەمریکاوە و،زوڵم و زۆری لە سەردەمی رەزاشا لە ئێران فراوانتر دەبێت و سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت چیتر لە ئێران باوی نامێنیت وناچێتە پێش و لەو کاتەیشدا ئیتر باسکردن لە نەوت لە ئێران بێ کەڵک دەبێت ، واتە یەکیەتی سۆڤیەت کێشەی نەوت بە یەکجاری ئەدۆڕێنێت و لەم بارەیشەوەهیچ گومانێک نییە.

شکستی سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت لە کێشەی نەوت لە ئێران بە واتای شکستی سیاسەتی پێشکەوتنخوازانەیە لە ئێران ئەم شکستە گورزێکی گەورەیە کە لە بزوتنەوەی دیمۆکراتیەکانی رۆژهەڵاتدا دەکەوێت چونکە هەروەک چۆن بزووتنەوەی ئازەربایجان دەورێکی کاریگەر و مەزنی بۆ خۆی بە جێهێشت، شکستەکەیشی دەورێکی نێگەتیڤی بەدواوە دەبێت . ئێمە دیسان دوپاتی دەکەینەوە کە کار لەوە ترازاوە کە بە وتووێژ و پێکهاتنەکان چارەسەر بکرێت.

ئەوەندەی کە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ئاشتی و چارسەری ئاشتیانە هەوڵ ئەدات، دەوڵەتانی ئینگلیز و ئەمریکا سەد ئەوەندەی دەوڵەتی ئێران بۆ شەرو خوێنرشتن هان ئەدات و ئیمکانات و پێویستیەکانی ئەم شەر و خوێنرشتنە ئامادە دەکەن ، وەرگرتنی پارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەمریکا لە لایەن قەوامەوە ئەفسانە نییە، لافاوی چەکی ئەمریکا و وڵاتانی تری کۆنەپەرست بۆ ئێران بەردەوامە،ئەو چەکانە بۆیان نێردراون راستەوخۆ هێنراونەتە زەنجان و لەوێ دایان گرتوون ودژی ئێمە بەکاریان دەهێنن.ئێمە دوای یارمەتیەکی زۆر لە یەکیەتی سۆڤیەت ناکەین، ئێمە دەڵێین بیانو نەدرێتە دەست داردەستەی دژی سۆڤیەت، ئێمە پێمان باشە کە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت دەتوانێت وا نیشان بدات کە ئیتر هیچ کارێکی بە سەر ئێمەوە نیە بەڵام ئێستا کە دەوڵەتی ئێران چیتر نایەوێ کە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت ناوبژیکەری کێشەکە بێت. ئێمەش دەمانەوێ کە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت هەروەها ئیمکانات بە ئێمە بدات و ئێمەش لەگەڵ دەوڵەتی تاران بەو چەشنە هەڵسوکەوت بکەین کە ئەو گرتوویەتیە بەر.

ئێستا قەوام و ئینگلیز و ئەمریکیەکان دەڵێن کە کێشەی ئازەربایجان کێشەیەکی ناوخۆی ئێرانە ، ئێمە بە شتێکی باشی دادەنێین و دەڵێین کە وایە، با کاتێک کە هێرشدەکەنە سەر ئازەربایجان فیدایەکانی ئازەربایجان سەریان لە بەرد بدەن و ئێمەش دەڵێین کە کێشەی ئازەربایجان کێشەیەکی ناوخۆییە و ئێمە بۆ خۆمان ئەم کێشە ناوخۆییە چارسەر دەکەین، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە کە لە شورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان یا لە وڵاتێکی تری بێگانە دژی یەکیەتی سۆڤیەت هەرا و هوریا بکات.

هەروەک لە سەرەوە وتمان ئەگەر یارمەتی یەکیەتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی نهێنی بێت، ئەودەم ئەگەر بێتو دەوڵەتی ئێران هانا بۆ شورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرێت بەڵگەیەکی بە دەستەوە نابێت.

لە کۆتاییدا جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە کە چیتر وتووێژو پێککهاتن کەڵکیان نابێت چاوی ئومێدی هەموو گەل لە فیرقە و سەرکردەکانی، براوەتە یارمەتی وڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت و رزگاری خۆی لەم یارمەتیەی ئێوە دەبینێت.ئەوەی کە پێویستە ئێوە بیکەن تەنیا یارمەتی هەندێک چەک بە ئێمەیە.

ئێستا دەیان هەزار جوتیار تەنیا چەکیان دەوێت و ئەگەر ئێوە ئەم یارمەتیە بە ئێمە بدەن، هەم ئازادی گەلی ئێران و هەم سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت لە مەترسی رزگاری دەبێت. ئەگینا مەترسی زۆرە و زۆریش گەورەیە. دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە لەوانەیە قەوام بۆ ماوەیەکی کورت هێرشەکەی خۆی رابگرێت و نابێ فریوی ئەم کارەی بخۆین و ئەم کارەی جگە لە مانۆرێک هیچی تر نییە، ئێمە تۆزقاڵێک شک و گومانمان لەوەدا نییە کە قەوام خۆی بۆ لە ناو بردنی بزووتنەوەی ئازەربایجان ئامادە دەکات. هەر بۆیە رێگایەکی تر بۆ ئێمە نەماوەتەوە. مەترسی سەرگەردانی و بارودۆخە نادیارەکەی پتر لە هێرشەکەیەو ئەم بارودۆخەیش بەرەبەرە ئێمە دەسوتێنێت و لاواز دەکات و لە کۆتایی لە ناو دەبات .

بێ سەبرانە چاوەرێی یارمەتیەکی بچووکی ئێوە دەکەین .

لە گەڵ رێزێکی دۆستانە و گەرممان.

پێشەوەری، پادگان شەبستەری ، دوکتۆر جاوید، غولامی دانیشیان.

تورالراتفاقی نین تبریز ژنرال قونسوی آقای قراسنیخ واسطیه سویت ---------

سیز اوزونیز چوق گوزل بیلیر سیز که بیزم نمایندهلریمیز تهراندان مراجعت ایتدیکدن صرلر تهرانین ساع رارتجاعی مطبوعاتی چوخ جدی و حرارتلی لحن ایله بیزم آزاد لیعمیزی پوزماق و دموکراتیک نهضتمیزین آثارینی تمامیله اورتادان آپارماق ایچون آذربایجان قوشون یریتم تبلیغ ایدیر دیلر. قوام السلطنه ایسه اول انتخابات ایچون قوای تامینیه کوندومک بهانه ایله نهایت آچیقدان آچیقا آذربایجان نهضتی لغو ایدیب اونین باشچیلا رینی محوایتمک شعاریله اوزریمیزه حمله ایده جگینی رسمی صورتده اوزبنین تلگرافلار بنده و بیانیهلرینده دنیایه بیلدیرمیشدی نهایت ایش سوز و یازی ایله قورتا و مایوب همین آیین اون اوچونده کون اورتادان قاباق ساعت یدی ده اونین گوندردیکی مسلح قوملر رجعین منطقه سینده بیزم فدائی پوستلا ریمیزی 12 ساعت تمام تفنگ مسلسل توپ و تانک واسطه سیله آتشه دوتمونی بو واسطه ایله یول آچوب توپراقیمیزه سوخولماقه چالیشمیشدر. بوندان علاوه موافقت نامه میزین خلافینه اولا راق زنجانا مسلح قوه گوند ریلمه سی ورسمی صورتده اونین معاونی مظفر فیروزین بیزه یازدیقی نامهیه باخه یاراق مشهور فئودال ذوالفقارینی و سایر لوینی زنجان اوزاقلا شدیر مامیش حتی اونی سرهنگ درجهسی و بردیکدن خونرا مسلخ ایدیب اوزربیزه کوندرمیشدر، بونلار اثبات ایدیر که قوام بیزیم ایله باغلا دیقی سازشینی اوزبنین آذربایجان والیس دکتر جاویده یازدیقی نامه لرینین مرکبی قورومادیغی بیر جالده حیا----- اونی پوزماغا باشلاییب اوزبنین سوقصدینی آشکارا چیقارمیشدر.

گورونور اواوزونی بیزیم سازش ایچون واسطه قرار و بردیکی سووت نمایندهلرینه ایتیدیکی رسمی وعده یعنی آذربایجان مسئله ستین صلح یولی ایله حل ایدیلمه سینی عملی ایتمک فکرینده دگل بیله اولدیغی حالده آذربایجان خلقی ایچون واحد بیریول قالیر اودا اوزسلاحنین گرجی اوزجوانلا رینین قهرمانلیغی ایله آزاد لیغیندان مدافعه ایتمکدن عبارتدر. خلقمیز جوق بیر صورتده آنلا میشدرکه اونین آزاد لیغتین ضامنی سازشلر کاغذلار موافقنامه و تلگراف دکل بلکه اونین قولی نین کوجی و سونکوسنین قدرتی اولا بیلر بیزیم خلقمیز قوامین دکتر یازدیعی سازش مکتوبنین آردینجه ------ قوشون و سلاحلی قوملرین ایلیه بیلمز کورمه قوام بوایشی هر دقیقه گوره بیلر و هیچ بیر کاغذ

و موافقنامه اونین خائنانه حرکتنین قاباغینا آلابیلمز. بیز سکزای تمام داکه خلقمیزین احساساتی و فرقه عصولریمیزین آرزولری و فرقه آکتیونین میلی تین خلافینه اولا راق ایش خاطرسی و اختلافین صلح و سازش یولی ایله حل ایدیلمه سی و بویال دوستومیز شورالراتفاقی نین دنیا سیاستینی کوزلمک همچنین شورا دولتنین اورتامیزده واسطه اولماسینی نظره آلوب قوامین ارتجاعی سیما سینی دموکراتیک ومترقی کوسترمکه چالیشمیشیق حتی بعضا اوز فکر و عقیدهمیزین خلاقینه اولا راق اونی تعریف و تمجید دخی ایتمیشیک که ایش بیزیم طرفمیزن پوزولماسین، حتی فدائیلریمیزین قزوین – رشت و تهرانی کوتورمک امکانلا ری اولدیقی حالدا اوز نفوذ و حرمتیمیزی صرف ایدوب اونلارین قاباغلارینی ساخلامیشیق که اونین الینه بهانه دوشمهسین.

بیزیم بویوک کنشتلریمیزی بوتون دنیا بیلدیکی کیمی سیز داها کوزل بیلیر سیز بیز بوسازد یولوندا ملی حکومتمیزی لغو ایتدیک ملی مجلسمیزی ایالت انجمنینه دوتدزدیک فدائی دسته لرینی نگهبان تشکیلاتینه تبدیل ایتدیک ملی قوسونمیزین اختیارینی و فرماندهلیکینی اونلارین الینه تاپشیرماغا حاضر لانديق بوتون عایداتمیزی اونلارین خزینه سینه یعنی ملی بانکه و پرمکه باشلادیق. بونلارین هاموسی اوندان ارثری ایدی که اونلارین اللرینه دستاویز ویرمه ------- قوام ------ کوردیکده هر گون طلباتینی آرتیروب آخرده ایشی اوبره کتیریب چینارد وب کماستیر ناگهانی بیر حمله ده آزاد لیغمیزه بیر دفعه لیک خاتمه ویرسین. اوتفت مسئله سینی قاباغا چکمیشدی که قزیل اوردونین ایراندان چیخماسینی، تامین ایتسین و آذربایجان ملی نهضتینی اورتادان آپارسین.

بو آیدین بیر مسئلهدر که اوبوایشلری ایرانین تروتینه گوزتیگن انگلیس و آمریکا دولیلرینین گوستریشن ایله اجرا اینمکده در. او فکر ایدیر که همیشه حقه ازلیق و بالا نچیلیق ایله ایتدیکینی ایلیه بیلر آذربایجانلیلاری آلداتدیغی کیمی سوومت دولتینی ده اغفال ایدوب نفت مسئله سینی دمجور یجور حقهلر ایله باشدان سالا بیلر. بیز آذربایجانلیلار چوق یاخشی آنلامیشیق که انگلیسلر و آمریکا لیلر هر قیمته اولور اولسین نفت مسئله سینی اوز منفعتله حل ایتمکه چالیشیرلار قهام ایسه اونلارین نوکری

در. او اولا نیجـه کـه گورورسـیز مجلـسه بیـر نفـر دەاولـسین آزادیخـواهلاردان یـول و یرمـک ایـسته میـر بوایـسه مـستقیما شـورالر علیهنـه اولان بیـز تـدبیر در. مرتجعلـردن تویلانان بیر مجلس قطعا نفتیان شورا لره و بریلمه سینه راضی اولمیاجاقدر. قوام ایسه مجلـسی بهانـه ایـدیب اوزینـین ویردیکـی سـوزدن قاچـاق و یـا خـود اسـتعفا و یرمکلـه یاخاسینی قورتاراجا قدر سوومت حکومتی ایسه قوامین ویردیکی وعدەن قـانونی بیـر سند و رسـمی بیـر مـدرک کیمـی استفاده ایده بیلمیـه جکدر. ایـران تـا توکیمـی حادثەلر چوق اولمیشدر بیرینجی دنیا محاربـه سیندن ------ قەام السلطنه قارداشـی وثوقالدولـه انگلیسلر ایله بیر معاهده بـاغلا میشدی بـو معاهدەنـی شـاه و مجلـس رد ایتـدی انگلیسلر ایسه حتـی دولتـین وزیرلرینـه مثلا مظفـر فیـروزین آتاسـی نـصرتالدولـه و غیرلرینـه رسـمی صـورتده و بردیکـی پـولی دەگیـری آلا بیلمـه دی. دیمـک نفـت امتیـازی مـسئله اولدیقجـه نـسیه بیـر مـسئله در کـه سـوومت دولتـین مجلـسده و جامعـەده طرفـدارلاری اولماسی اونی الده ایده بیلمیـه جکدر. قوام السلطنه نـین (حسن نیتـی) ایسه محکم بیـر قارانتی اولا بیلمز چونکه او آذربایجان مسئله سینده حسن نیتنین نه اولدیغینی `چیق بیـر شکلدا گوسترمکدەدر.

نفت مسئله سی اووقت سوومتلر نفعیته حل اولا بیلر که اونین آرخاسینده اجتمـاعی قوەلر اولسین ایرانین آیری یرلرینده ایسه بو قوەلر فوقالعاده بیر صـورتده یسخیلیب ازبلوب اورتادان گیتمکده در. ولی تماملیه اورتادان کیتمه میشدر. آذربایجانده ایسه بیزم قومیز اهمیتلی بیز قوه حساب اولونا بیلر ایمدی بیزیم تهران حکومتینه بویوک فشار -- ------ امکـانیمیز واردر بیزیم بـو امکـانمیز ایـرانین آیـری یترلرینده اولان آزادیخـواه و دموکراتیک قوەلری ده تقویت ایده بیشر متاسفانه ایش بیمـه کیدەرسـه بیزیم کوجومیز دەچوق تیز بیر زماندەالدن چیخا بیلر. اووقت قوام و سـایر مرتجعلـر هرنـه ایسته سەلر مانعسیز ایـدەبیلـه عمومیتلـه کـرک اعتـراف ایتـەک سیاسـته قـوام ویاشـقه بیـر دولـت آرامینینـی حـسن نیتـه باغلامـاق بیرایـشدر سـوومت سیاسـتنین جـدی طرفـداری خلقـین مترقـی و آزادیخـواه طبقـەی درکـه اونـی کـرک تقویت ایـدیبالـده سـاخلا مـاق واونـدان اوتـری آذربایجـان نهضتنین قـدرتینی ----- ایتمـک اونـی قورومـاق لازنـدر. بـونی ده نظرده دوتماق لازمدر که ایراندا سیاست ایله اولان خارجی ئولکەلر هیچوقت اوز نفوذ

و قوه لرینی الده و یرمه میشلر خصوصا انگلیسکر که لارینی همیشه گوجلی ساخلا ماقله اونلارین اعتمادینی قازانوب ایسته دیکلری وقت استفاده ایده بیلمیشلر مثلا قاشقای حادثه سینی گوتورمک سیز کوزەل بیلیر سیز که اوراده دولت نیچه دفعه بویوک مسلح عصیان اوفموش در بونونلە بیلە بو گونه دک انگلیسلر امکان ویرمیوبلر دولت اونلاردا بیر قبضه ده اولسا اسلحه آلاپیلسین اورا و یا بختیاری و یا جنوبین باشقا طایفەلری تین انگلیسلرین محلم قلعەلری حالینده قالماقدادر واونلار ایسه بوقوملری گرندن گونه آرتیریرلار. سیزه چوق یاخشی معلومدر که خلقی هر وقت آیاغا قالدیرماق اولماز و هر گون یارادیلماز هر زمان بوپوک خلق حرکتی ایچون زمینه اولماز چوق علتلر و بویوک فداکار لیقلر نتیجه سینده ایرانده نظریمیزی جلب ایدەن اجتماعی مترقی قوملر و آذربایجانده بویوک بیر نهضت وجوده کلمیشدر. بو نهضت مستقیما سووەت دولتنین ایرانده اولان کویچی سی و سووەت سیاستنین پشتیبانی در. بو قدرت سووەت سیاستی ایچون کسگین بیر سلاح درکه اونین واسطه سیله ایران خلقلری کیمی شورالراتفاقی ده بویوک ایشلر کوره بیلر بو قدرت عمومی ایش اوفروندا هر بیز فداکارلیغا حاضر اولان بیر قدرت در اونی الدەن و پرسەک بو تیز لیک ایلەینی بیر قدرت وجوده کله بیلمز.

بیز بیلمیزیک نیجه اولور که یونانستانده ایندونیزیادا و غیریر لرده مظلوم خلقلر اوز آزاد لیقلام اوعروندا مسلح بیر صورتده مبارزه ایده بیلر لر اما بیز کرک اوز المیمیز ایله جلادلره تسلیم اولان بو تک بیزیم سوزومیز دکلدر بونی خلقمیز و فرقەنین کورکملی عضولری آچیق بیر صورتده سویلمکده بیزم فرقه میز و خلقمیز بیزه دییر که بو گونکی الیمزده اولان دلیللر و مدرکلردن صونرا آرتیق سوزه و یا کاغذه اعتماد ایدیب قوام السلطنه و باشقالارینه اینانا بیلمیریک قوام کیدەرینرینه باشقاسی گلەر. هرگاه مسلح قوممیز واسطه سیله ارتجاعی ازمز سەک هیچوقت سیاست بیزیم نفعمیزه دونه بیلمز و بیزم ایجون ------ هیچ بیرقارانش یوخدرا وزوموزی ناحق ینره آلدادا بیلمریک یوکونکی امکانی الدن یوراخماق اولماز. بیله بیر ایش گورسەک تاریخ بیزی همیشه مذمت ایده جکدر دنیاده هیچ بیر ملت اوزی اوز الیله اوز قدرتینی مجوایتمه میشدر بیزده بونی ایتمه ملی‌ییک.

قوامین اوزیەیزه گوندردیکی قومنین خائینبه سینه حمله سی خلقمیز ایچریسبنده شدید بیز هیجان تولید ایتمیشدر خلق دسته دسته فرقەیه مراجعت ایدوب آزادلیقی افعه ایتمک ایچون اجازه و سلاح طلب ایدیرلر. بو ایسه جلقمیزین روحیه سینی جدی صورتده آشکاره چیخاردیر. بنر اوچ نفر مالک و یا ارتجاعی عنصرلرین مثلا امیر نصرت اسکندری جمال امامی سرلشکر مقدم و ذوالفقاریلرین روحیه سی خلق روحیه سینه نمونه اولا بیلمز بونلارین آقالیقلاری توپراقلاری اللریندن کیتدیکی ایچون روحیەلری ده معلوم در که نه جور اولا بیلر اما آزاد لیق توپژاق آلان کند و شهر جماعتی آلدیغینی ساقلاماق یولوندا هر بیر شیئی فدا ایتمکه حاضر در. هرگاه بیز بوکون اونلارین آزاد لیغی نین اورتادان کیتمه سینه امکان ویرسمک اونلاری بیر ده آیاقا قالدیرماق ممکن اولا بیلمز آرتیق اونلا رکیمسه یه اعتماد ایتمزلر خلق نه تک بیزدن بلکه عموم آزاد لیق شعاری ایله میدانه چیقان عموم قوه لردن نا امیر و مایوس اولا بیلر بیزیم قوه و قدرتمیز ایسه خلقین بیزه اولان اعتماد واینامینه باغلی در.

آذربایجان خلقی واونا رهبرلیک لیدمن دموکرات فرقه سی واونین باشچیلا ری نین سوومت دولتیندن ایکی انتظاری وار در.

اولا سرحدلریمیز آچیق ایکن ملی قدرتمیز موجود ایکن بیزه جزئی مقدار اسلحه ویریلسین چوق ایش بیله گیدەرسه بو امکان اولمیاجاقدر، بیز چوق آسانلیق ایله مخفی صورتده ایلیه بیلریک ویریلن اسلحەنی ملی قوملریمیزه یتیرمک مخالف قوملر اوندان مطلع اولماسین دعوا باشلانین شدتلندیکدن صونرا بو ایش چوق چتین اولا بیلر. بیز ایله چوق سلاح ایستمیریک مختصرییین مقدار دا اولسین که فدائیلر سلاحمیز دشمن قاباغینا کیتمکه مجبور اولماسین.

ایکینجی ایندیکی قوام محاربەنی باشلاییب بیزیم قارداشلاریمیزین قانینی توکمکده در اجازه و یریلسین بیزده هر طرفدن اونی مضیقەده ساخلا ماقله ایرانده اولان آزادیخواه قوملرین آیاغا قالخمالارینه امکان ویرمک بو واسطه ایله بوتون ایرانده بویوک بیر نهضت باشلاییب ارتجاعی حکومتی سرنگون ایدمک یرینده دموکراتیک بیر حکومت وجوده کتیرمک اگر بو صلاح اجازه ویریلسین تهران ایله تماملیه قطع رابطه ایدیب اوز ملی حکومتمیزی وجوده کتیرمک (ایسه بو آخرینجی تدبیره داها

آرتیق راعب در) سووەت سیاستی بوایکی تدبیردن هر انتخاب ایدەرسه بیز شرافتله اونی انجام ویریب موفق اولا بیلریک.

دیمک لازمدر که چوق یاخشی اولدیکه قوام بیزیم سلاحلی قوطریمیزین فرماندهلیکینی آلما اول اوز حقیقی سیماسینی کوستردی اکر صونرا بوایشی ایتسه ایدی بیزی تمامیله محو ایده اونین بو گون بیزه حمله ایتمه سینی آذربایجان خلقی اوزینه خوشبختلیک حساب ایدیر.

ایشی ریله بیر وقت ایده بیلردی که بیزیم مدافعەیه امکانیمیز اولماسین ایمدی ایسه بیزیم مدافعەیه امکانمیز واردر بو امکان دن دوزکون استفاده اولونارسه بیز ایسته دیکلریمیزی ایده بیلریک اکر بیر قدر تاخیر اولورسه یا ایشه تردید ایله با خارساق بو امکان اورتادان نیجه که یوخاریدا دیدیک خلق قورخار مایوس اولار ارتجاع آزادلیق قوطرینی ازوبه ایدەر. بو ایسه سووەت دولتین ایراندا ایللر بویی فعالیت و زحمت نتیجه سینده قازاند بویوک نفوذ و بویوک قدرتین اورتادان کیتمەسی دیمک در. بونین نتیجه سینده ایران تمامی انگلیسلر و آمریکالیلرین قوجاغینا دوشەر و بورا ده رضا خان دوره سیندن شدید بیردسی میدانه چیخار که ایران خلقی سووەت سیاستی هیچ بیر نوع ایله حرکت اتیک امکانینا مالک بیله بیر دوره بیله بیر شرایط ده ایران ده نفت مسئله سیندن دانیشماق بیله بیز سوز اولویت قادر و سووەت دولتی نفتی تمامیله اودوزاییلر. یونا ایسه هیچ بیر -------- یوخدر.

سووەت حکومتی نین ایراندا نفتی اودوزماسی ایسه ایرانده ترقی سیاستینی اودوزولماسی دیمکد بو ایسه یاخین شرقده دموکراتیک حرکاته نویوک بیر ضربەدر. چونکه آرتیق آذربایجان نهضتی یاخین واوزاق شرقده بویوک مثبت تاثیر باغیشلا دیغی کیمی اونین محوی ده درین منفی تاثیر باغیشلیا بیلر.

ینه ده تکرار ایدیریک ایش دانیشیقلار و سازشلر ایله حل اولماقدان کیچیشدر.

سووەت دولتی نه قدر صلح و سازشه چالیشیر سایوز او قدر آمریکا و انگلیس دولتلری ایران دولتی جنگه و داخلی محاربەیه وقان توکمکه تحریک ایدیرلر اونین ایچون بو دعوانی وجوده کتیرمکه امکانلا زیاراديزلار. بو کون قوام حکومتی آمریکا دان مقدار ده پول آلدیقی افسانه دگلدر. انگلستاندان و سایر ارتجاعی ئولکه لردن ایرانه

سلاح سیل کیمی آخوب گلمکده در دان یوکلەنن اسلحه مستقیما زنجانده واغونلا ردان آلینوب بیزیم علیهمیزه گوندریلیر. بیز سووەت حکومتیندن بویوک کومک ایستمیریک بیز بیریک شورالر علیهنه آپاریلان خائنانه سیاست بهانه ویریلمه سین و شوار حکومتی اوزینی ظاهر ده بیزه علاقمند دخی کوسترمیه بیلر اما نیجه ایران دولتی ایسته میز سووەت دولتی واسطه اولوب ایشی صلح یولی ایله ایتسین سووەت حکومتی بیزه ده امکان ویرسین بیزده تهرانین علیهینه اونین اوزکوتوردیکی یول ایله ایدمک.

ضرر یوخدر مادامیکه قوام و انگلیس و آمریکالیلر دییر لر آذربایجان مسئله سی داخلی بیر مسئله بیزده دییریک بیله بیر مسئله در.

قوی اونلار آذربایجانا هجوم ایتدیکلری زمان آذربایجان فدائیلری اونلارین باشینی اذ بیزده دییریک آذربایجان مسئله سی داخلی مسئله در بیز بو داخلی مسئلەنی اوزومیز حل ایدیریک کیمسه نین امنیت شوراسینده و یا آیری بیر خارجی ئرلکه ده شورالراتفاقی علیهینه باغیر سالماغا حقی یوخدر.

یوخاریدا دیدیکمیز کیمی اگر شورالراتفاقی نین کمکی گیزلی اولا رسه اونده ایران دولتنین سیزیک شوراسینه مراجعت ایتمکه دەالینده هیچ بیر دلیل اولا بیلمز آخردمینه ده تکرار آرتیق سازشلر انیشیقلار فایده ویرمز. خلقمیز فرقەمیز و اوتین رهبرلری هامیس فقط امید باغلییر واوندان نجات گوزلییر بو ایسه آنجاق سیزین ایده جگوز جزئی سلاح کمکینه ایندی اون مینارایله کندلی فقط سلاح طلب ایدیر و بوکومکی بیر آن اول ویرمکله ایران خلقینین آزاد لیقی و سووەت سیاستی تهلکەنن خلاص اولا بیلر وا لا خطر چوخ یاخین و چوخ بویوک دمینه قید ایدیریک ممکن در قوام قیسا بیر مدت هجومی دایاندیرسین بونا اینانماق اولما بو ساده بیر مانور اولوب قالار. اونین آذربایجان نهضتی محو ایتمکه جدا حاضر لاندیغ بیزیم درمجه شبهه میز قالما میشدر. بیزیم ایچون باشقا بیریول یوخدر.

غیرمعین وضعیتین خطری هجومدان داها آرتیق در بو وضعیت بیزی تدریج ایله یوروب سالماقله محوایده جکدر.

سیزین مختصر کومکوزین یتیشمه سینی صبر لیک ایله گوزله بیریک.

صمیمی احترام ایله

## درێژەی راپۆرتەکەی کراسنیخ کونسوڵی سۆڤیەت لە تەوریز:

18ی مارتی 1946 بروسکەیەکم بە دەست گەیشت کە بە دەستوری نارکوم* دەبێ 19ی مارت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاورێ سادچیکوڤ خۆم بگەێنمە باکۆ. ئەوە بوو خۆم گەیاندە باکۆ و هاورێ باقیروف منی بانگ کردە لای خۆی و هاورێ سادچیکوڤیش لە لای بوو. لە سەر بارودۆخی ئازەربایجانی ئێران پرسیاریان لێ کردم و منیش بە کورتی بۆم باس کردن گەرچی هاورێ باقیروف بە بێ منیش ئاگاداری بارودۆخەکە بوو.

وتەکانی من تەئید و زیاد کردن لە سەر رووداوەکان بوون. بارودۆخەکە بە راستی ئاڵوز بوو. دەوڵەتی ئێران لە شورای ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای دەرچونی سوپای ئێمەیان لە ئێران کردبوو. کێشەی ئازەربایجانیش راستەوخۆ پەیوەندی بەم کێشەوە هەیە. لە کاتی وتووێژەکانماندا دوو جار لە موسکۆوە سەبارەت بەم کێشەیە تەلەفونیان کرد. کێشەی ئازەربایجان ئەوەندە بەرچاو و ئاڵوز هاتە پێشچاو کە من بۆ خۆم کە لە تەورێز دانیشتبووم ئەوەندە فاکتی زۆرم لەو بارەوە پێ نەبوو و بەو چەشنە ئاگام لێ نەبوو. لەگەڵ هاورێ سادچیکوڤ نەمانتوانی بە گوێرەی پێویست قسە بکەین. ناوبراو زۆر ماندو بوو ئێمە بۆ کاتژمێری 4ی بەیانی لە لای هاورێ باقیروفەوە گەراینەوە هەر ئەم بەیانیە هاورێ سادچیکوڤ گەرایەوە بۆ تاران. ئێوارەکەشی من گەرامەوە بۆ تەورێز.

من دەبوایە سەر لە نوێ چاوم بە هاورێ باقیروف کەوتبایە. بەڵام ئەو زۆر سەرقاڵ بوو. من دەمویست بیرورای خۆم لە سەر ئیشوکاری هەندێ لە هاورێیان قسەی لەگەڵ بکەم و هاورێ باقیروف کاتی ماڵئاوایی کردنی لەگەڵ من و هاورێ سادچیکوڤ وتی "ئازەربایجان شانسی نیە" یا "بوی ناروات" ئەم وتانەی هاورێ باقیروف منیان هەژاند دەبێ بە راستی لە قولایی ئەم وتانە تێبگەی چەند زەحمەتێکی زۆر لەپێناوی ئەم کارە خوێناویە کێشرا.

---

* نارکوم کورت کراوەی نارودنی کومیسارتە واتە(کۆمیسەری گەل یا وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەتە). (نوسەر)

1946/3/22 جەژنی نەوروز بوو. خۆپیشاندانێکی گەورە بەم بۆنەوە لە تەورێز رێکخرا بوو. هاورێ حەسەنوفم ئاگادار کردەوە کە کاربەدەستانی سەرەوە لەگەڵ خۆپیشاندانی هێزی لەشکەری ئازەربایجانن بەڵام دەبێ بە بێچەک بکرێت. هێزەکانی ئازەربایجان بە بێچەک بەرامبەر بە تریبونالی دەوڵەتی نەتەوەیی تێپەر بوون. لە خۆپیشاندانەکە تا 40 هەزار نەفەر بەشدار بوون.

لە سەر سەفەرەکەی خۆم بۆ باکو لەگەڵ هاورێیان ئاتاکیشیف و ئیبراهیمی و حەسەنوف قسەم کرد و بیروڕای خۆم لە سەر ئەو بارودۆخە نوێیە دەربری. هاورێ ئاتاکیشیف و ئیبراهیمی وتەکانی منیان بە ئارامی و واقعی وەرگرت. بەڵام هاورێ حەسەنوف بە توندی و بە پەرۆشەوە دژی بۆچونەکانی من راوەستا و لەگەڵ لێکدانەوەکەی من لە سەر بارودۆخەکە نەبوو. ئەو دەیگوت دەکرێت تەواوی باکوری ئێران راپەڕێنین و دەیگوت لە ئێران بارودۆخی شۆڕش رەخساوە. منیش پێم وت کە ئێوە بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنن بەڵام هێزی کۆنەپەرستانی ئێران کە پاڵپشتیان ئەنگلوساکسونە هەڵناسەنگێنن. بارودۆخی نێونەتەوەیی وانییە کە یاری بە ئاگر بکرێت.

حەسونۆف چەپرەوە. ئەم بۆچونەوەی ئەو کار دەکاتە سەر پیشەوەری یا بە پێچەوانە پێشەوە کاری لەو کردوە. هەر چۆنێک بێت هەڵوێستەکانیان یەک دەگرنەوە وتەکانی ئێمەی گەیاندە قولیێف و ئەویش ئاشکرایە دەیگەیێنێتەوە لای هاوڕێ باقیروف.

1946/4/1 دەرچونی سوپای سۆڤیەت لە ئێران بۆچۆن و هەڵوێستی جۆراوجۆری بە دواوە بوو و ورەی خەڵکیش لەم بارەوە وەک یەک نیە. بەشێک لە رێبەرایەتی پارتی دیمۆکرات و داردەستەی دەوڵەتی ئازەربایجان باوەریان بەوە نیە کە بتوانن دەسەلاتی خۆیان راگرن. گەرچی زۆربەی رێبەرەکان وەک پیشەوەری و هاوبیرەکانی بە یەکجاری لەگەڵ ئەوەن کە دەبێ تەنانەت بە خەباتی چەکداریش بێت پارێزگاری لە دەسکەوتەکان بکرێت. لە کۆبوونەوەکانی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان و قسەکانی پیشەوەری و ئەوانی تر بارودۆخی جیدی پێشهاتەکان ناشارنەوە. ئەوانەی داوای یەکگرتنی خەڵک و خۆئامادە کردنیان بۆ خەبات دژی تاران دەکەن. پیشەوەری و ئەوانی تر بە دوری نازانن کە لەوانەیە رژێمی تاران هێرشی سوپائییان بکاتە سەر

و بـە وتـەی ئـەو تـاران ئـەم بڕیـارەش یـەکسەر نـادات بـەڵکو دەبـێ لـە سـەرەتـاوە هێـزە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆی ئازەربایجان ڕاپـەڕێنێت و پاشـان لـەشـکری خـۆی بـە بیـانوی سەقامگیر کردنی هێمنایەتی دەنێرێت. پیشەوەری دەڵی ئامادەیە بکەوێتـە وتـووێژ لـەگـەڵ تاران بەڵام ئەم وتووێژانە هەتا دواتر بخرێت باشترە. پیشەوەری بۆ خۆی بەرنامەیەکـی روونی سەبارەت بە شێوازی (فۆرم) پـەیوەندیـەکـانی لـەگـەڵ تـاران نیـە. ئـەو نایـەوێ و یـاخود پـێناچێت پاشـەگزە بکـات. لـە بـەر ئـەوە کێشەکە زۆر دوور کـەوتـوەتـەوە. داوا کردنـی ئۆتۆنـۆمی بـە قسەی پیشـەوەری دووایـین پاشـەکشەیـەکـە کـە دەتـوانن بیکـەن. بڕیاری دەرچونی سوپای سور بۆ زۆربـەی خـەڵـک شتێکی چاوەڕواننـەکراو بـوو. لـە بەر ئەوە دانیشتوان لـەگـەڵ سوپای سـورا هـاتبوون و دوست بـوون و شـتێکی خراپیـان پێوە نەدیبوو. بە پێچەوانە سوپای سـوریان بـە پـارێزەری خـۆ بـەرامبـەر بـە زەویـنـدار و دەسەڵاتـدارانی خـوجی دەزانـی. کاسبکار و پیشـەوەرەکـانیش مانـەوەی سوپای سـوریان پێی باشتر بوو لە بەر ئەو بە رویشتنی ئەوانە کریار و داهـاتی خۆیـان لـە دەست ئـەدەن. هەندی لە زەویندار و کاسبکار و بەشێک لە روونـاکبیران گەرچی پـێیان خۆشە سـوپای سور دەربچێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەڵێن باشترە کاتێک دەربچێت کە کێشەی نێـوان ئازەربایجان و تاران چارسەر بکرێت. ئەوانە لە هـەڵگیرسـانی شـەڕی نـاوخۆ دەترسن و هەروەها هەندی چەپرەو. ئەوانەی پـێیان وایە کە هەبوونی سوپای سور دەبێتـە هۆی ڕاگرتنی هەندی هەنگاوی توند کە لە وانـەیـە رێبـەرانـی بزووتنـەوەی دیمۆکراتیـک پێـی هەستن ئێستا بواری ئەوە هەیە لەگەڵ قەوام پێک بین بەڵام پیشەوەری نایـەوێت کـەلـک لـەم بـوارە هـەڵگرێت ئـەوانـە دەیانـەوێ بـە ئێمـە بسەلمێنن کـە تێـک هـەڵچـون شـتێکی حەتمـی‌یە. من پێم وایە پیشەوەری بۆ هەلێک ئەگەرێت کە ئەم تێکهەڵچونە ببێت.

14ی ئـاپریلی 1946 چوومـە لای پیـشەوەری بـۆ ئـەوەی جێگایـەک بـۆ وتـووێژ دیاری بکەین ئەم جار کە چاوم پێـی کـەوت زیـاتر لـە جـاران عـەسـەبـانـی‌تر بـوو. وەک هـەمیـشە لـێم پرسـی چـۆنن؟ پیـشەوەری وتـی: هـاوڕێ کراسـنیخ ئێـوە زۆر بـاش لـە بارودۆخی ئێمە ئاگادارن، تەواوی کارەکان دەروخێن. من بۆ خۆم ئامـادەم هـەر چـەشنە سوکایەتێک قەبووڵ بکەم بەڵام گەلەکەم توش ئـەبێت ئـەو خـەڵکـەی کـە تـامی ئـازادی چێشتوە و هیوای بـە داهاتویـەکـی باشـترە. مـن ئامـادەم لـەگـەڵ قـەوام بکـەومـە وتـووێژ و

رازیم بەو شتەی کە ئێمە هەمانە، بەڵام لە پێشان دەزانم کە بە رێگای وتووێژدا ئێمە زۆر لە یەک دورین. بارودۆخەکە داوای پاشەگزەمان لێ دەکات کە بۆ ئێمە ئەوش زۆر گران تەواو دەبێ. قەوام ئەو شتە ئەدات کە دەتوانێت لە چوارچێوەی یاسای بنچینەیی ئێران بێت و بۆ ئێمە ئەو شتە قوناغێکە کە بریومانە. چۆن ئەو خەڵکە تێبگەینم کە ئێستا من بە مەیلی خۆم داوتەڵەبانە پاشەگزە و تەنازول دەکەم. ئەو کاتە من بە ئاوانتوریست دادەنێن. من کە دەڕۆم بۆ وتووێژ دەبێ بیری لێ بکرێتەوە و بەپەلە پلانی پاشەگزە ئامادە بکرێت و خەڵکەکە تێبگەینین بۆ ئەوە پرستیژی یا سومعەی ئێمە و یەکێتی سۆڤیەت نەیەتە خوارێ. دەبێ هەوڵبدرێت کە وتووێژەکان تا دەرچونی سوپای سور لە ئێران دەست پێ بکرێن. من بۆ وتووێژ نارۆمە کەرج و تاران. پیشەوەری وتی: "من باوەرم بە قەوام نیە هەر کە سوپای سور رۆیشت زۆری پێ ناچێت قەوام تەواوی توانا و وزەی خۆی بۆ خنکاندنی دیمۆکراتیەت و بزووتنەوەی دیمۆکراتیک لە ئێران بەکار دێنێت".

دیمۆکراتیەت لە ئێران کاتێک بەهێزە کە ئازەربایجانی دیمۆکرات هەیە. بەڵام کاتێک دیمۆکراتیەتی ئازەربایجان سەر و خوار کرا لە ئێرانیش دیمۆکراتیەت سەرکوت دەکرێت. پیشەوەری لە درێژەی قسەکانی وتی: "من بەڵێنیتان پێ ئەدەم ئەگەر ئیجازەیان دابایام راپەرینم لە گیلان و مازندران رێکخستبایا و چەکیان پێی دابایام تارانم دەگرت و دەسەلاتێکی دیمۆکراتیم لە ئێران سەقامگیر دەکرد".

لەم کاتەدا بروسکەیەکیان هێنایە ژوور کە تێدا باسی دابەزاندنی دوو فرۆکەوانی ئێرانی لە زینجان تیا بوو. پیشەوەری وتی ئەوەتا دەبینن تاران چ سوپایەکی هەیە، من سەرنجم داوەتە پیشەوەری کەش و هەواکە بۆ بەڕێوەبردنی وتووێژ ئالوز ئەکات. من پێم وایە بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی ئازەربایجان دایە ئەویش ئەوەیە کە بە رێگای وتووێژدا دەکرێت هەندی لە دەسکەوتەکان بپارێزێت. پیشەوەری وتی: "ئێوە بە هەڵە دەچن هاوڕێ کراسنیخ، ئێوە خراپ قەوام دەناسن".

18ی ئاپریلی 1946 چومەلای پیشەوەری ئەویش بە بۆنەی ئەو تێلگرامەی کە لە تارانەوە هاتبوو تێدا قەوام داوای کردبوو کە نەهێڵین پادپالکوڤینک زەنگەنە ئیعدام بکەن. ناوبراو بە تاوانی بەرەنگاری کردنی لە ورمی دژی دیمۆکراتەکان دادگایی

کرابوو. پیشەوەری رایگەیاند کە دادگایی کردنی زەنگەنە بەردەوام دەبێت. ئێمە هەوڵ ئەدەین کە ئیعدام کردنی زەنگەنە بکەین بە زیندانی. من لە هەمان کاتژمێردا باڵیۆزی خۆمان لە تاران و هەروەها مۆسکوم ئاگادار کردوە کە مەترسییەک بۆ زەنگەنە نیە.

دادگا دەیەوێت حوکمەکە جێبەجێ بکات بەڵام دەست تێوەردانی ئێمە زەنگەنەی لە مەرگ رزگار کرد. گەرچی ئەو لایقی کوشتن بوو. گەرچی پێیان وتین کە ئێمە بەڵێنمان بە زەنگەنە دابوو ئەگەر خۆی تەسلیمی دیمۆکراتەکان بکات ژیانی دەپارێزرێت و ئەم نوسراوەیەش لە کاتی گرتنی ناوبراو پێی بووە.

20ی ئاپریلی 1946 پیشەوەری هاتە کۆنسوڵخانەی ئێمە بۆ ئەوەی بە رەسمی هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر هێزەکانی ئازەربایجان لە ناوچەی شاهیندژ رابگەیێنێت. هێزەکانی ئازەربایجان وەڵامێکی توندیان دانەوە. کوژراو و بریندار هەیە. پیشەوەری داوای کرد کە بە بالیۆزمان سادچیکوڤ بڵێین کە ئەگەر قەوام دەیەوێ وتوویژ بکات بۆ فەرماندەکانی لەشکەری دەستیان داوەتە هێرش. لەوانەیە قەوام نەزانێت وئاگادار نەبێت و ئەمە کاری ئەفسەرانی کۆنەپەرست بێت. بەڵام سەرەرای ئەوە داوا دەکەم لە رێگای بالیۆزەوە پێی بلێن کە ئێمە نیازی هێرش کردنمان نیە و بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشیش هێزی ئەوەندەمان هەیە، پاشان پیشەوەری رایگەیاند کە قەزوین و ناوچەکانی تری نزیک بە ئازەربایجان هێزەکانی ئێران کۆدەکرێنەوە و موڵگە دەدرێن و لە جموجوڵن. ئەم شتانە بۆەتە هۆی ئەوەی کە پیشەوەری باوەری بە قەوام نەمێنێت. بۆچونێکی وا ناکرێت پشتگوێ بخرێت و لە بەرچاو نەگیردرێت.

1946/4/20 پیشەوەری هێرشی هێزەکانی ئێران وەک تاقیکردنەوەی هێزەکانی ئازەربایجان و سیگناڵێک بۆ هێرشی کۆنەپەرستان لە قەوام دەدات.

بە وتەی پیشەوەری قەوام ناشێ ئاگای لە ئامادە کردنی ئەم هێرشە نەبوو بێت.

پیشەوەری باوەری تەواوی هەیە کە قەوام بیروڕایەکی کۆنەپەرستانەی هەیە و نیاز خراپە.

چۆن دەکرێ باوەر بە قەوام بکرێت ئەگەر تا دەست پێی کردنی وتوویژ هێرشی کردوە.پیشەوەری پێی خۆشە کە لەم بارودۆخەدا وتوویژەکان کۆتاییان پێی بهێنرێت.

پیشەوەری دەڵێت کە ئێمە دەمانتوانی تاران بگرین ئەگەر ئیجازەیان پێی دابایان.

1946/4/22 لـه وەڵامـی سـەردانـەکـەی نوێنـەری پێشوی مـەجلیسی ئێران هـی دەورەی 14هەم بە ناوی ئیپکچیان چاوم پێی کەوت و داوای لـێ کردم کـه لـه نـاردنی هـەرچـی زووتـری دەستەی نوێنـەرایـەتـی دیمۆکراتیـەکـانی ئـازەربایجـان بـۆ تـاران بـۆ وتووێژ هاوکاری بکەم. ئیپکچیان وتی کە وتووێژەکان دەبێ هەتا سوپای سور لە ئێرانـه کۆتاییان پێی بێت. ناوبراو هەڵوێستی بەرامبەر بە دیمۆکراتەکانی ئـازەربایجـان باشـه. منیش بەڵێنی هاوکاریم دا.

ناوبراو وتی کە قەوام پێویستی بـه پشتیوانی دیمۆکراتـەکـان و هێزە پێشکەوتوەکـان هەیە. من پێم وایە کە قەوام لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ پیشەوەری داوای پشتیوانی لـه دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان دەکات.

قەوام پشتیوانی لە بزووتنەوەیەک دەکات کە لایەنگری گۆڕینی سیستەمی پاشـایەتـی بێـت و بـۆ ئـەم مـەبـەستەش دەیـەوێ بزووتنـەوەیـەکـی کۆمـاری دەسـت پـێ بکـات و سیستەمی پاشـایەتـی لـە نـاو بـەرێت و بـۆ خـۆی ببێتـه سـەرکۆمـاری ئێران. لـەم پلانـه دوورودرێژە قەوام هەوڵ ئـەدات کـه پشتیوانی پیشەوەری و هاوڕێکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. لـەم بـارەوە ئیپکچیـان لـەگـەڵ ئـەوەیـه کـه سـوپای ئـازەربایجـان بمێنێتـەوە و زۆربەی ئەندامانی کۆمیسیۆن لە پێشنیارێکی ئـەوتۆ پشتیوانی دەکەن. من پێم وایـه کـه ئـەم بیـرەی ئیپکچیـان لـه لایـەنێکـەوە دیکتـه کـراو بـەڵام مـەبـەستی جـارێ زەحمـەتـه بزانرێت. دوای ڕۆیشتنی ئیپکچیان پەیوەندیم بە ئاتاکشیڤەوە کرد و جەختم لـه سـەر ئـەوە کرد کە دەبێ ناوبراو لەم بارەوە کار بکاتە سـەر پیشەوەری و هـەر ئیمڕۆ دەستەیـەکـی نوێنـەرایـەتـی هـەر بـه سـەرۆکایـەتـی پیشەوەری خـۆی پێـک بێنێت و شـوێنێکی وا بـۆ بەڕێوەبردنی وتووێژەکان دیاری بکات کە پێی باشترە.

پاشان من لە سەر دەستوری بالیۆز چوومەلای پیشەوەری تاکو پێی بسەلمێنم کـه بـۆ خـۆی بچێـت بـۆ وتـووێژ و پێـی لـه سـەر شـوێنی وتـووێژەکـانیش لـه چوارچێـوەی ئازەربایجان بگرێت. بـەڵام پیشەوەری بـه یـەکجـاری دژی بـەشداری کردنـی خـۆی لـه وتووێژەکان بوو و پەڵپ و بیانوی زۆری دەگرت بـۆ ڕۆیشتنەکـەی. بـەڵام ئـەم هێنـان و بردنانـه بـۆ نـەچوونـەکـەی بـەس نـەبـوو. پاشـان دەرکـەوت کـه ئـەو لـه کوشتنی خـۆی دەترسێت. منیش لەم بارەوە پێم وت کە ئێمە لە ڕێگای سەفارەتەوە و هەروەها قەوامـەوە

هەموو هەنگاوێک بۆ پاراستنی گیان و هێمنایەتی گەرانتی دەکەین. لە کاتی ئەم وتووویژەماندا پیشەوەری وتی کە بڕیارە قەوام دەستەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی تێکهەڵچوونەکە نێوان سوپای تاران و فیدایەکان بنێرێت بۆ ئێرە. پیشەوەری دژی ئەوەیە کە پێکەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بەشداری ئەو لێکولینەوە بێت. لە کۆتایی وتووێژەکەدا بە پێی ئەو بروسکەیەی کە لە مۆسکووە هاتوە وتی کە ئێستا ئێمە بە هیچ شێوەیەک نامانەوێ پەیوەندیەکانی ئازەربایجان و تاران ئاڵوزتر ببێت. گەرچی بە بێئەوەش هەر پەیوەندیەکان ئالوزن. بەتایبەتی دەبێ دەست لە هەڵسوکەوتی توند بهێنرێت وەک ئەوەی لە سەر زەنگەنە وهتد کرا بوو.

23-4-1946دووبارە ئیبکچیان هاتە لام پاش سوپاس لەو هاوکارییەی کە من کردم ناوی ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی و شوێنی وتووێژەکەی وت. شوێنی وتووێژەکە تاران دیاری کرابوو، بەڵام پیشەوەری ئامادە نیە بچێتە تاران و بە بێ ئەویش دەستە نوێنەرایەتیەکە ئافتەریتەیتی نیە و قەوامیش ئامادەی وتووێژ نابێت. منیش بەڵێنمدا ئەوەی کە لە دەستم دێت بۆ رازی کردنی پیشەوەری و چونی بۆ تاران بیکەم. ئێوارەی هەمان رۆژ پیشەوەری و پاشان ئاتاکیشیڤ هاتنە لام. نزیکەی دوو کاتژمێر پێکەوە دووابن، سەرئەنجام بڕیار درا شوێنی وتووێژەکە لە تاران بێت. پیشەوەری سەرئەنجام ئامادە بوو بچێت بە مەرجێک کە قەوام دەعوەتی شەخسی بنێرێت بۆی. پاشان پیشەوەریمان ناچار کرد کە بچێت بۆ تاران.

1946/4/24 ئیبکچیان هات و بروسکەی قەوامی هێنا، شوێنەکە تاران بێت و ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی بە سەرۆکایەتی پیشەوەری پەسەندی کردبوو و جەختی لە سەر رۆیشتنی پیشەوەری بۆ تاران کردبوو.

1946/4/25 دوبارە چوومەلای پیشەوەری ئەمجار بە بۆنەی بروسکەی هاوڕێ سادچیکوڤ سەبارەت بە رۆیشتن کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە لە سەر تێکهەڵچونی سوپای ئێران و فیدایی ئازەربایجان. جەختم لە سەر ئەوە کرد کە پێویستە و دەبێ پیشەوەری خۆی بچێت بۆ تاران. بەزەحمەت دیسان ناچارم کرد کە بچێت. پیشەوەری گەرم داهات و وتەکانی پێشوی دوپات کردوە کە ئامادەیە دژی تاران راوەستێت و دەیگوت دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان لە کۆنەپەرستان بەهێزترن. ئیمکاناتم پێ بدەن گیلان و

مازیندەرانتان بۆ رادەپەڕێنم و تاران دەگرم. پیشەوەری خۆی هەر بە تەنیا نیە. هاوڕێ حەسەنۆڤیش هەر لەو بروایەدایە پیشەوەری یەکجار زۆری پێ ناخۆشە کە قەوام لە رێگای سەفارەت و کۆنسوڵخانەی ئێمەوە پەیوەندی لەگەڵ دەکرێت و دەڵێت لە قەوامی تێبگەێنن کە لێرە دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەیە و سەربەخۆیانە و بۆ خۆی کێشەکان چارەسەر دەکات. من داوا لە ئیپکچیان دەکەم کە بەڵگەی ماندانی بۆ وتوویژ ئاراستە بکات. من داوام لێ نەکرد بۆ ئەوەی کۆسپ و ئاڵۆزی نەیەتە سەر رێگای وتوویژەکان. زۆر زەحمەتە ئەو کابرایە هەموو دەسەلاتێکی بۆ پەیوەندی کردن و وتوویژ هەبێت.

پیشەوەری هەندە گەرم ببوو کە دەیگوت سەفارەتی سۆڤیەتی لە کاروباری ئازەربایجان ئاگادار نیە و بە شێوەیەکی ئەبیکتیوس یارمەتی قەوام ئەدات تا گوشار بخاتە سەر پیشەوەری.

ئا لەم جێگایەدا من قسەکانی پیشەوەریم بری و پێموت جەنابی پیشەوەری ئێوە زۆر هەڵەن پێتان وایە بۆ کێشەی ئازەربایجان ئێمە کەمتر لە ئێوە بە پەروشین. ئەگەر ئێوە پێتان وایە و جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کە سەفارەتی ئێمە یارمەتی قەوام ئەدات و گوشار ئەخرێتە سەر ئێوە. من ناچارم دەبم بە رەسمی وەزارەتی دەرەوە و سەفارەتی خۆمان لەم بارەوە ئاگادار بکەمەوە. ئێمە زۆر پەروش و نیگەرانی کێشەی ئازەربایجان و گێرە و کێشەی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجانین. جیاوازی ئێمە لەگەڵ ئێوە ئەوەیە کە ئێمە لە سەر هەخۆ تەماشای کێشەکە دەکەین بەڵام ئێوە بە گەرمی و تورەییەوە کە لە ئەنجامدا لێهاتویی و توانای خۆتان لە لێکۆلینەوەی روداوەکان و ئەو بارودۆخە بە لەسەرهەخۆیی تەماشای ناکەن و بە بێ بەرپرسیاریەتی دەست دەکەن بە قسە کردن. تەواوی ئاموژگاریەکانی ئێوە لە بەرژەوەندی ئازەربایجاندایە کە دەبێ بارودۆخی سیاسی ئێستا لە بەرچاو بگرن.

پیشەوەری وتی: نا من زۆر راستگۆم و هاوڕێیانە دەمەوێ هەموو شتێک بلێم ئەوەی کە ئازارم ئەدا. هاوڕێ کراسنیخ ئێوە دەبێ تێبگەن کە بۆ ئێمە زەحمەتە پاشەگزە بکەین.

پاشان پیشەوەری بە دەنگیکی نەرم و هێمنانەوە بەڵێنیدا کە نوێنەرانی خۆی بنێرێت بۆ بەشداری لە کاری کۆمسیۆنەکە، بەڵام پاشان دەرکەوت ئەوانەی کە لە تارانەوە هاتبوون دەستوری دابوو لە فروکەخانە تەفتیشیان بکەن. کارتیان لێ دەستێنن و دوکتۆر پزشکپور بە بیانوی ئەوەی کە لەگەڵ ئەندامانی کۆمسیۆن چاو پێکەوتنی هەبووە دەگرن. پزشکپور ئەوانەی وەک دۆست و ناسراوی کۆن چاوی پێکەوتبوون و ئەوانەی لە هوتێلەوە بانگ کردبوویەماڵی خۆی. بەڵام پاشان هەموو شتەکان چارەسەر کرا و کۆمیسیون چووە جێ خۆی. پیشەوەری کاتی ماڵئاوایی کردن وتی کە لە سەر سەفەرەکەی لەگەڵ هاوڕێیان باس و ڕاوێژ دەکات.

1946/5/5 بە دەرچوونی دوایین کەرتی سوپای سور تەواوی دانیشتوانی تەورێز ڕژابوونە سەر خیابان. ماڵەکان بە قالی و بە ئالاّ رازا بوونەوە. جادە و کۆلانەکان خاوێن کرابوونەوە. ماشینەکانی سوپای سور کە تێپەر دەبوون گوڵباران دەکران و ئەوانە لە دورەوە وەکو کۆمەڵەی گولیان لێ هاتبوو کە دەجولاّنەوە. لە مێژو شتێکی ئەوتۆم نەبیستوە کە سوپایەکی بێگانە بەو چەشنە لە وڵاتێکی بێگانە بەرێ بکەن.

1946/5/6 دیزفولی ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخراوی حیزبی تودە لە رەشت هاتە لام. ناوبراو وتی کە پارتی تودە لە گیلان لە ئەنجامی گوشاری کۆنەپەرستان و پەرەسەندنی پارتی "جەنگەڵ" پارتەکەی ئێمە بەرەو نەمان و هەڵوەشانەوە دەچێت. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پارتەکەمان لە زیندانەکان گیراون. جوتیارەکان لە تودە دور ئەکەونەوە و دەچنە ریزی پارتی جەنگەڵەوە. تەواوی زەویندارەکان چونە ناو پارتی جەنگەڵەوە. پارتی جەنگەڵ بە پرۆگرامی چەپی خۆیەوە بوەتە حیزبێکی راستڕەو و کۆنەپەرست.

دیزفولی باسی چەکی هێنایە گورێ. منیش پێموت کە ئادرەسەکەی لەم بارەوە هەڵەیە. کۆنسولخانە قورخانەی چەک و تەقەمەنی نیە، جەنابی دیزفولی من حەز ناکەم لەم بارەوە لەگەڵتان قسە بکەم و لەوەولاش داواتان لێ دەکەم لەم بارەوە چیتر داوای شتی ئەوتو لە من نەکەن.

1946/5/7 لەگەڵ راوێژکاری لەشکەری (ئاتاشە) سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران بە ناوی گاگارین لەگەڵ ژنەکەی وتووێژمان کرد. گاگارین گەنجە خەڵکی روسیایە،

سیخورەو پەروەردەی گاردی سپی سەربە روسیای قەیسەرییە. وا نیشان ئەدات بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤیەت هەڵویستی باشە.

1946/5/22 چاوم بە کۆنسوڵی ئەمەریکا روبیر روسو کەوت.

روسو گلەیی دەکرد کە گوایا ناتوانیت بە ئازادی بە ئازەربایجاندا بگەرێت. منیش وتم ئێوەش وەکو ئێمە دەسەلاتدارانی خۆجێیی ئاگادار بکەنەوە. ئەو کاتە بە بێ هیچ گیروگرفتێک دەتوانن بۆ هەموو شوێنێک برون. روسو هەواڵدەری "ئاسوشیتیدپریسی" بە ناوی گودووین و "یونایتیدپرسی" بە ناوی ئەسیەرسوکی لەگەڵ خۆ هێنا بوو.

گودووین پرسیاری ئەوەی کرد کە چەند نەفەر خەڵکی سۆڤیەت لە ئازەربایجانی ئێرانە منیش وتم زۆر نین. فەرمانبەرانی کۆنسولخانە، نوێنەرانی توجاری و ترانسپۆرت و قوتابخانە و نەخۆشخانە و ... ناوبراو دەیویست بزانێت سوپای سور لێرە نەماوە.

لە شەوی 27ی مانگی مای لە مارالان (داچی کۆنسولی سۆڤیەتی) یا (ویلانی کۆنسولی سۆڤیەت) چاو پێکەوتنی ئێمە لەگەڵ پیشەوەری، شەبۆستەری، پادگان، جاوید سەبارەت بە ئاشنا بوونی پێشەکی لە سەر گەلاڵەی پەیمانی رێککەوتنی ئازەربایجان لەگەڵ دەوڵەتی تاران کە لە 27ی مانگی مای بە دەستمان گەیشت باس و وتوویژی لە سەر بکەین.

لە لایەن ئێمەوە من (کراسنیخ) و هاورێیان عەلییف و قولییف بەشدار بوون گەلاڵەکە لە لایەن منەوە خوێندرایەوە و بۆ شەبۆستەریش وەرگێرایە سەر زمانی ئازەری بەتایبەتی بەتوندی و یەکدەنگ دژی خالی حەوتەمی پەیمانەکە راوەستان. کە بە پێی ئەم خاڵە دەبێ فیدایەکانی ئازەربایجان لە ناو ژاندارمێری ئێران بتوێنەوە یا ببنە ژاندارم و فەرماندەی ئەو هێزەش دەبێ لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دیاری بکرێت.و ئەگەر بەم بارودۆخە بروات لە داهاتووی نزیک ژاندارمیری دەکەوێتە دەستی کۆنەپەرستانی وەزارەتی ناوخۆ و ئیدارەی بەرێوەبەرایەتی ژاندارمێری کە لەوانەیە کاریگەریەتێکی راستەوخۆ و خراپ بکاتە سەر هەڵبژاردنەکەی دەورەی 15ی مەجلیسی ئێران دابنێت. رێبەرانی بەشدار لەگەڵ ئەوە بوون کە هەوڵبدرێت فەرماندەی ژاندارمێری لە لایەن ئەنجومەنی (مەجلیسی) خۆجێییەوە دیاری بکرێت.

لەسەر خاڵی چواری پەیمانەکە سەبارەت بە هێزی خۆجێیی و خزمەتی سوپای بەگشتی پەسەندیان کرد ئەویش بەو هیوایەی کە هەندێ پاشەکشێ لەم بارەوە لە لایەن کۆمسیۆنی هاوبەشەوە بکرێت. گەرچی خالی 4 لەگەڵ خاڵی 10 دژایەتی زۆر بەدی دەکرێت بەتاییەتی لەو شوێنەی کە دەڵێن: "دەوڵەت ئێستا داوای پەسەند کردنی ئەم پەیمانە ئوستاندار و فەرماندەی هێزەکان دیاری دەکات" واتە تا تەواو بوونی کاروبار کۆمیسیون فەرماندەی هێزەکان دیاری دەکات.

خالی 8 سەبارەت بە دابەشکردنی زەوین روون نیە و ریفۆرمی گەورەی ئەرزی ناکرێت و سەبارەت بە زەویندارانی گەورە بێدەنگە. پیشەوەری وتی کە قەوام سەبارەت بە کێشەی زەوی هیچ بەڵێنێک نادا. بەڵام بەشدارانی کۆبوونەوە وتیان کە بۆ قەوام ئەم پرسیارە زەحمەتە.

بەگشتی ئەوەی کە وتراوە دەتوانین بەم چەشنە باسی بکەین:

پیشەوەری لە روانگەیەکی خۆشباوەرانەوە (پسی میزم) دەروانێتە گەڵاڵەی ئەو پەیمانەوە. گەرچی ئەم جارە زۆر خوێن سەرد بوو. پیشەوەری وتی: "تەواو هەمووی بە مەجلیسی دورەی 15 بەستراوەتەوە و ئەو مەجلیسەش بە بڕوای من کۆنەپەرستەکان لە ناویا کۆدەبنەوە ئەو کات ئازەربایجانی دیموکراتیکیش لە ناو دەچێت. قەوام سیاسەتێکی ئەوتو دەبات بەرێوە کە کێشەی ئازەربایجان بەگشتی نەهێڵێت. ئەو لە مەجلیس هەوڵ ئەدات کە سوپای سور لە ئێران بچێتە دەرەوە و بۆشی ئەچێتە سەر و لە سایەی سەری ئەو سیاسەتەوە قەوام هەم کێشەی ئازەربایجان و هەم کێشەی نەوتیش لە ناو دەبات و قەوام هەر بۆ خۆی دەمێنێت. دیارە ئەو نایەوێت کێشەکەمان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات. من ئەو شتانە کە دەڵێم مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە واز لە وتووێژ دێنین. ئێمە درێژە بە وتووێژەکان دەدەین و ئامادەی مۆرکردنی هەموو مەرجەکانین ئەگەر بێتو پێویست بێت. من ئەو شتەی دەڵێم کە هەیە و وایش دەبێت".

هەڵوێستی ئەوانی تر بەگشتی هەر بەو چەشنە بوو و بە تێگەیشتنێکی تەواوە دەروانینە بارودۆخەکە. ئیمڕۆ گەڵاڵەی پەیمانەکە وەرگێری زمانی ئازەربایجانی دەکرێت و دەدرێتە پیشەوەری کە بەڵێنی داوە بۆ ئێوارە هەڵوێستی خۆی بە نوسین دەرببرێت. ئێمە "سۆڤیەتیەکان" بە پێویستمان زانی کە رێیەرە دیموکراتەکانی

ئازەربایجان ئاگادار بکەینەوە کە دەوری ئێمە لەم بارەوە نیاز پاکی و ناوەنجی کردنە. ئێمە دەمانەوێ کە ئەوانە بۆ خۆیان رێگایەکی باش و ئاشتیانەیان بۆ چارەسەر کردنی مەسئەلەکە،دۆزیبایەوە ئەویش لە داهاتویەکی نزیک و بەبێ ئاڵۆزبون و تێکچونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و بە بێ دواخستنی وتووێژەکان گەرچی دوریش نیە کە قەوام ئامادە بێت پاشەگزەیەکی زۆر بکات ئەوەش لە چوارچێوەی پاشەکشەیەک لە قەوام بەشێوەیەکی ئەبێلتیوی دەتوانێت بیکات.

13ی ئەیون پەیمانەکەی نێوان فەیروز و پیشەوەری مۆر کرا. راگەیاندنی پەیمانەکە راگیراوە بۆ کاتێکی تایبەتی و جێژن چۆنیەتی وتووێژەکە لەگەڵ فەیروز و نێوەنجیکردنی ئێمە دەبێ بە جیا لە سەری بنوسێت.

ئێنفورماسیای ئێمە لەم بارەوە بۆ مۆسکو و تاران بەش ئەکات (زۆرە) نێوان مۆر کردن و جێبەجێ کردنی پەیمانەکە یەکجار زۆردەبێت.

20ی ئەیولی 1946 سەردانی ئوستاندار جاویدم کرد. لە وتووێژەکەدا جاوید وتی کە کۆمسیۆنی هاوبەش کە بە پێی پەیمانەکە لە سەر کێشەی سوپای ئازەربایجان کە دروست کراوە لە سەر چەند پرسیار و خاڵ بە یەکگەیشتون بەڵام پالکوڤینک عەلەوی ئەو خالآنە مۆر ناکات کە لە سەری هەردوولا پێکهاتوون. عەلەوی دەڵێت کە ئەو لە لایەن دەوڵەتەوە نوێنەرایەتی و دەسەلآتی ئەوەی پێ نەدراوە کە مۆری بکات. واتە کۆمسیۆنی عەلەوی دەسەلاتێکی لە لایەن دەوڵەتەوە پێی نەدراوە گەرچی بە پێی پەیمانە کە دەبوایا هەبیوایا ئەم پێشهاتە ئاشکرایە کە دەبێتە هۆی شک و گومانی رێبەرانی ئازەربایجان بەرامبەر بە دەوڵەت لە داهاتودا ، سەبارەت بە کێشەی فیدایەکان کۆمسیۆن هێشتا دەستی بە کار نەکردبوو.

گەرچی بە پێی بریاری ئەنجومەن هێزەکانی فیدایی کراونەتە هێزێکی پاسەوانی (نیگەبان) کە ئەویش هەر لە ستروکتوری گشتی ئێران دەچێت. فەرماندەی ئەم هێزە پاسەوانیە ژێنرال غولام یەحیا دانراوە.

سەبارەت بە کێشەی چەندایەتی ئەو کەلوپەلە بۆ کوردەکان دیاری کراوە و لەم رۆژانە هەمووی کە بۆیان دیاریکراوە وەردەگرن.

لە وەڵامی پرسیاری من کە لە سەر پۆستی نوی چ هەستێکت هەیە و کاروبارت چۆنە و هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان لە پەیوەندی لەگەڵ کاروبارەکەت دا چۆنە؟

ناوبراو وتی کە پەیوەندیەکان خەریکە دادەمەزرێتەوە گەرچی کاروباری بەرپرسیایەتی نوێ من لەگەڵ پیشەوەری چاوەرێ دەکرێت باش بێت. پیشەوەری بەردەوامە لە دەستوردان و کۆبوونەوە بە بەرپرسیارانی دامودەزگاکان دەکات و دەستوری راستەوخۆیان پێ ئەدات تەنانەت جاویدیش لەم بارەوە ئاگادار ناکاتەوە بەدواخستن و درێژەدان بە وتووێژەکان بۆتە هۆی مەترسی. تاکتیکی قەوام لە سەر ئازەربایجان جێی شک و گومانە. عەلەوی وەک وی خەریکی سیخوری و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر هێزەکانی سوپای ئازەربایجان و بارودۆخی ناوچەکەیە.

1946/2/15 لەو رۆژانە جاوید ئوستانداری تەورێز لە کاتی لێکۆلینەوەی کێشەی یارمەتیدان بە کوردەکان بە تورمیەوە وتی: "من چ دەتوانم بکەم کاتێک کە دەستوری من هەڵدەوەشێندرێتەوە."

ئاشکرایە جاوید مەبەستی پیشەوەری بوو کە دەستورەکانی وی هەڵدەوەشێنێتەوە. پەیوەندی نێوان رێبەرانی دیمۆکراتی ئازەربایجان چاوەرێ دەکرێت باشتر بێت. پەیوەندی پیشەوەری و بیریا تەنیا بە روالەت ئاساییە. بەڵام لەراستیدا پیشەوەری بە باشی لەگەڵ بیریا هەڵناکات. بیریاش هەروا.

پیشەوەری هەمیشە شکات لە بیریا دەکات لە بەر ئەوەی کە بیریا نایەوێ بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیمۆکرات جێبەجێ بکات و سەندیکاکانی دژی پارتی هانداوە، دەتوانین بڵێین کە دەوری ئۆپۆزیسیون دەگیرێت و سەندیکاکان بەرەو سەندیکالیزم دەبات.

لە ئامادەکردنی ساڵ رۆژی پارتی دیمۆکرات پیشەوەری رایگەیاند کە پارتی بە بێ سەندیکاکان دەتوانێت کار بکات. بیریاش دەڵێت کە سەندیکاکانیش بۆ خۆیان سەربەخۆن و ئەوانیش دەتوانن ساڵرۆژی خۆیان بکەنەوە. بیریا بە دەستەیەکی

دیمۆکرات وێنەی گەورەی خۆی پێشکەش ئەکات و وێنەی پیشەوەریشی بە قەد فۆتۆکارتێک بوو.

یەکێک لە شاعیرەکان شیعری بۆ پیشەوەری دانابوو. بیریا ئەم شاعیرە بانگ دەکاتە لای خۆی و سەرکۆنەی (سەرزەنشت) دەکات کە بۆچی لە سەر پیشەوەری شیعری داناوە لە کاتێکا ئەو شتێکی لە پیشەوەری کەم نیە و ئەویش رێبەرە لە ئەنجامدا شاعیر ناوی بیریایش دەخاتە ناو هەڵبەستەکە. پیشەوەریش زۆری پێ ناخۆشە کە بیریا گەورە بنوێنێت و ناو دەر بکات.

ئەم شتە لە جێژن و بۆنەکان، لە کۆبوونەوەی ئەندامانی پەیوەندییەکانی کولتوری بەرچاو کەوت. پیشەوەری پێ ناخۆش بوونی خۆی لە کاتی چەپڵە لێدان بۆ بیریا نەشاردەوە. جارێکیان پیشەوەر بە منی وت: "بۆ ئەوانە چەپڵەی بۆ لێ ئەدەن بۆ کام خزمەتی لە وانەیە ئەو وەک شاعیر باش بێت بەڵام لە باری کۆمەلایەتی و سیاسیەوە کەسایەتێکی خراپە. ئەو تێگەیشتنێکی لە پارتی و سەندیکا نیە. هاورێ قولییف رایگەیاند کە گوایا پیشەوەری وتویەتی جاوید بەرتیلی لە قەوام وەرگرتوە. جاوید و شەبۆستەری و پادگان و بیریا لە پیشەوەری رازی نین، بەڵام نارازی بوونەکەیان هەڵگرتوە بۆ داهاتوو لە بەر ئەوەی ئێستا بزووتنەوەی دیمۆکراتیک بەرامبەر بە کۆنەپەرستان لە مەترسیدایە. بارودۆخەکە ئاڵوزە و هەڵوێستی ئێمەش لە بەرچاو دەگرن و دەزانن کە ئەگەر دژی پیشەوەری راوەستین ئێمە پشتیوانییان لێ ناکەین. ژنی ژێنراڵ کاویان بە ئاژودانەوە واتە بە پاسەوانەوە هاتبووە سینەما. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجانیش لە لوژی سینەماکە دانیشتبوون. ئاژودانەکان و ژنەکەی کاویان جنێویان بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دابوو و داوای چوونە دەرەوەیان لە سینەماکە کردبوو. پیشەوەری چەند جار کاویانی بۆ روونکردنەوە بانگ کردوە بەڵام کاویان نەرۆیشتوە.

30ی سێپتامبەری 1946 چوومەلای سەرۆکی میسیوی کاتالیکەکان فرانسیز. ناوبراو لە دایک بوی هۆڵەندە. تەمەنی لە شەست زیاترە بەڵام لەسەرخۆ و بیر و وتەکانی رون و ئاشکران.

لە وتووێژەکە دا فرانسیز لە سەر باروودۆخی کوردستان دوا و هەروەها شەڕی ناوخۆی هۆزەکانی کوردی بەتایبەت نێوان نوری بەگ و رەحیم بەگ کرد. لەم رۆژانە پیاوەکانی رەحیم بەگ یەکێک لە کوردەکانی خێڵی نوری بەگیان گرتوە و گوێیان بڕیوە. تالانکردن پەرەی سەندوە. لە رێگای شاهپور کوردەکان پۆستیان داناوە و لەو خەڵکەی کە لەوێ تێپەر دەبن باج دەستێنن. بە وتەی فرانسیز قازی موحەمەد ئافتەریتەتێکی گەورەی نیە بەڵکو گەورەیان کردوە. بە رای فرانسیز بیروڕای کوردستانی مەزن زۆر بەربڵاو و پەرەی سەندوە. ئەگەر کوردەکان یەک بگرن دەبنە هێزێکی یەکجار گەورە و پڕ لە مەترسیە. من زۆر هەوڵمدا بزانم کێ بۆ ئەم بیروباوەرە واتە دروستکردنی کوردستانی مەزن پروپاگەندە دەکات بەڵام فرانسیز وتی ئەو بیر لە چاوگەی ئەم پروپاگەندە ناکاتەوە لە بەر ئەوە بە قسە وتی زۆر حەز لە سیاسەت ناکات.

ریش سپی (فورانسیز) درۆ دەکات. مەقەر یا بارەگای سیخوری ئەمەریکا لە ورمی لە ماڵەکەی ئەو دایە و بۆیە هاتوەتە لای من بۆ ئەوەی بیر و باوەری من سەبارەت بە کوردستان بزانیت.

1946/11/19 بۆ راپۆرتدان بە بالیۆزی خۆمان هاورێ سادچیکوڤ سەبارەت بە باروودۆخی ئازەربایجان بە فرۆکە چوومە تاران هەر ئەو رۆژە چوومە لای ئیڤان واسیلوویچ سادچیکوڤ. ناوبراو دوای عەمەلیات لە نەخۆشخانە کەوتبوو. لە بەر ئەوە وتووێژەکانمان درێژ خایەن نەبوو. باروودۆخی سوپایی – سیاسی لە ئازەربایجانی دیمۆکراتیک لای ناوبراو بە بێ راپۆرتەکەی منیش هەر ئاشکرا بوو. لە راپۆرتەکەی ئێمە لای سەفارەت کەموکوریێک نەبوو. سەرنجی زیاتر درابویە سەر تاکتیکە هەڵەکانی پیشەوەری کە دردنایەتی قەوام بەرامبەر بە ئازەربایجان بەهێز دەکەن. بڕیارمان دا کە من راپورتێک سەبارەت بە ئاتمۆسفیری (کەش و هەوای) تاران سەبارەت بە ئازەربایجان کە تێکچووە ئامادە بکەم. چاپەمەنیە کۆنەپەرستەکانی تاران داخ لە دڵن.

1946/11/20 لەگەڵ هاورێ عەلیێف وتووێژم کرد و لە سەر باروودۆخی ئازەربایجان بیر و رای وەک منە واتە قەوام ئەگەر ئێستا هێرشی لەشکەری

بۆلەناوبردنی ئازەربایجانی دیمۆکراتیک دەست پێ نەکات بێگومان پاش هەڵبژاردنی مەجلیس بەم ئەرکە هەڵدەستێت. راپۆرتێکم لە سەفارەت نوسی کە بەم چەشنە بوو:

**سەبارەت بە بارودۆخی ئازەربایجان:**

پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان و ئەندامانی کۆمیتە ناوەندیەکەی دوای بەستنی پەیمان لەگەڵ قەوام پیر یستوکانی (بینا کردنەوەی نوی) سیاسەتی خۆیان نەکردوە. سیاسەتێکی نەرمی پێویستیان نیشان نەدا کە بارودۆخەکە داوای دەکرد و راستەوخۆیش سەرچاوەکەی لە پەیمانە هاوبەشەکەی تاران - ئازەربایجانەوە بێت.

بە رواڵەت شورای وەزیران و مەجلیسی ئازەربایجانیان هەڵوەشاندەوە. وەزارەتخانەکان دیسانەوە ناوی بەڕێوەبەرایەتیە کۆنەکانیان پێ درایەوە. بەڵام ئیشوکارەکانیان قەت بە پێی پەیمانەکە نەبوو واتە ئالوگۆریان تیا نەکرا و بە پێی پەیمانی تاران – تەورێز کار بکەن. ئەوانە وەک رابردو هەستیان بە سەربەخۆیی خۆیان دەکرد و بە وەزارەتخانەکانی دوڵەتی تارانیش هەنگاو بە هەنگاو خۆیان و تەنانەت لە سەر شتی بچوکیش ئۆتۆنۆمیەکەی خۆیان نیشان ئەدا. ئەنجومەنی (مەجلیسی) ئازەربایجان یاسای وای دەرکردوە کە تەنیا لە سەلاحیەتی دوڵەت یا مەجلیسی ناوەندی ئێراندایە. بۆ وێنە یاسایەکیان دەرکردوە کە ئەگەر جوتیاران گەنم و دەخل و دانی خۆ بە دوڵەت نەدەن ئیعدام چاوەرێیان دەکات.

دەسەلاتی ئوستانداری زۆر نسبی (سنوردارە)یە. دوکتۆر جاوید تورەیی خۆی بەرامبەر بەو دەستورانەی کە پیشەوەری یەک لە دوای یەک دەیانگۆرێ یا هەڵیاندەوەشێنێتەوە. پیشەوەری بە بێ ئاگاداری جاوید کۆبوونەوە دەکات لە رێبەرایەتی ئوستانداری تەورێز لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجانەوە و خودی پیشەوەری هیچ نهێن کاریکیان نەهێشتوەتەوە لە سەر ئەم زەمینەیە کە نێوان پیشەوەری و جاوید تێكچووە. پەیوەندی نێوان پیشەوەری و شەبۆستەری و پادگان و بیریا و کاربەدەستانی تر نزیک بە ئەوان ئاسایی نیە. جێی سەرنجە کە ئەم جیاوازیەی نێوان هیچ شتێکی جیدی یا پرنسیپی نیە. گەرچی پرسیار و کێشەیەکی زۆر هەیە کە پێویست بوو ئەوانە بە بەرپرسیاریەتیەوە باسیان لێوە کردبایا.

بارودۆخی کشتوکاڵ لە ئازەربایجان ئەوەیە کە بە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئابوری نێوان زەویندارەن و جوتیاران و هەروەها نەبوونی فۆرمێکی بۆ ئەم پەیوەندییانە بۆتە مەترسێکی گەورە بۆ بەرهەمی کشت و کاڵی پاییز و بەهاری ئەمساڵ. هەندێک لە زەویندار و جوتیاران بۆ خۆیان پێکهاتوون. هەندێک چاوەڕێ دەکەن کە یاسایەک پەسەند بکرێت کە پەیوەندییەکانی نێوان زەویندارەن و جوتیاران دیاری بکرێت. هەندێک بۆ تاران رادەکەن. ئەو جوتیارانەی کە زەوینیان وەرگرتوە نە وام (قەرز) و نە توو یا دانەوێڵەو نە کەرەسەی تریان وەرگرتوە. ئەوانە ناچار بوون کە داوای یارمەتی لە زەویندارەکان بکەن و یا خۆ واز لە زەوینەکەی خۆیان بنێن کە پێیان دراوە. دابەشکردنی زەوی بە تەنیا دەوڵەتی بەڵکو ئەو زەوینە گەورانەی کە زەویندارەکان لە دەوڵەتیان کڕیوە بەردەوامە. لە ئازەربایجان سیستەمی فرۆشتنی گەنم و دانەوێڵەی زیادی بە دەوڵەت لە لایەن جوتیارەکانەوە رێکخراوە. لە رابردوودا ئەم شتە لە لایەن زەویندارانەوە دەکرا. کۆکردنەوە و فرۆشتنی گەنم لە لایەن جوتیارانەوە بە دەوڵەت بە ئاسانی بەڕێوە ناچێت و زۆر زەحمەتە کە ئەم گێرەوکێشەیە چارەسەر بکرێت. گەنم زۆربەی دەبرێتە عێراق و تورکیا،زەخیرە یا زاپاسی گەنم لە ئەمبارەکانی تەورێز بۆ 3 تا 4 مانگی تر بەش ئەکات جوتیارەکان گەنمی خۆیان بەو قیمەتە کەمە کە دەوڵەت دیاری کردوە بە دەوڵەت نافرۆشن (بۆ هەر تونێک دووسەد تمەن) بۆیە لەم بارەوە دیمۆکراتەکان دەبێ بکەونە شەڕ و ئاژاوە لەگەڵ جوتیارەکان لە ئازەربایجان لەم کاتەدا پرۆسەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە فئودال و زەویندارە گەورەکان وەلا دەنرێن پێی لادەچن. ئەم پروسەیە دژایەتیکی راستەوخۆی لەگەڵ پەیوەندییەکانی کۆمەلایەتی شوێنەکانی تری ئێراندا هەیە هەر بۆیە بۆتە هۆی رق و تووڕەیی کۆنەپەرستانی ئێران لە سەرەوەی هەموویان قەوام کە بۆخۆی کابرایەکی زەویندارى گەورەیە. کێشەی زەویی بێگومان دەبێتە هۆی گوشار بۆ سەر ئازەربایجان هەم لە ئێستا و هەم دوای ئەوەی کە مەجلیسی دەورەی 15می ئێران پێکهات.

وەستانی توجارەت و بازرگانی بە هۆی زیاد بوونی گومرگ بۆتە هۆی کۆچ کردنی ژمارەیەکی زۆر لە زەویندار و توجاری گەورە لە ئازەربایجان و لەم دوایانەش تاجر و پیشەوەرەکانیش باریان کردوە، پیشەوەری بەرامبەر بەم پرسیارە جیدی نیە.

بەم چەشنە ئەو کێشانەی کە بۆتە هۆی رەخنە و بیانوی دەوڵەتی ئێران لە دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان و ئەمانەن:

1- بزووتنەوەی ئەرزی لە ئازەربایجان مەترسی خستوەتە سەر زەویندار و فئودالەکانی ئێران و بەتایبەتی قەوام کە چی تر تاقەت و تەحەمولی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجانی نیە.

2- تێکدانی پەیوەندی و شێوازەکانی بەرێوەبردنی ئازەربایجان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و هەروەها پەسەند نەکردنی زمانی فارسی وەک زمانی دەوڵەتی ئازەربایجان.

3- دور کەوتنەوەی ئازەربایجان لە تاران بەردەوامە دانانی سنور و کەمکردنەوەی دەسەلاتی تاران لە تەورێز و ...

4- تێکهەڵچوونی بەردەوام لە کوردستان و هەوڵدانی کوردەکان بۆ جیابوونەوەیان لە ئێران. ئێستا کاتێک کە هێرشی سوپای قەوام بۆ سەر ئازەربایجان روون و ئاشکرایە تەنانەت ئەگەر ئەم هێرشەش ببێتە شەڕی ناوخۆی پێویستە (ئەگەر درەنگ نەبێت) بە بروای من دەبێ ئەم هەنگاوانە هەڵبگیردرێت:

1- دەسبەجێ سیاسەتی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان وا بگۆردرێت کە بە پێی یا خۆ وەلأمدەرەوەی ئەو پەیمانە بێت کە لەگەڵ قەوامدا بەستراوە.

2- پێشنیار بکرێت ژمارە ناوێک بۆ کاندیدای مەجلیسی داهاتوی ئێران ئامادە بکرێت کە لە نوێنەرانی زۆربەی چین و توێژی دانیشتوانی ئازەربایجان بن.

3- ئوستاندار دەبێ دەسەلاتێکی تەواو و دیاریکراو بەرامبەر بە تاران بنوێنێت و لە هەموو دەست تێوەردانی پێشەوەری و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجانی ئێران دەبێ سنوردار بکرێت و ئاشکرا نەبێت.

4- دەبێ دیمۆکراتەکان خۆیان دژی لادان لە یاسای زەوین راوەستن و فەرمانێک دەربکەن کە دژایەتی لەگەڵ پەیمانی نێوان تاران و تەورێز دا نەبێت و بەم جۆرە پێشی هێرشی زەویندارانی گەورە و فیئودالەکان بگرن و کاتێک کە مەجلیسی نوێ پێک دێت دیمۆکراتەکان دەتوانن لە سەر پرۆگرامەکەی خۆیان جەخت بکەن.

5- کۆتایی هێنان بەو بارودۆخە ناشیرینەی سیستمیماڵیاتی کە لە چوارچێوەی یاسا چۆتە دەر و زیان بە زۆربەی دانیشتوانی شار و بۆرژوازی بچوک ئەگەێنێت کە لەراستیدا دیمۆکراتەکان هیوا و پالپشتیان بەوانە.

6- پێویستە کە کارتێکردنێکی (کاریگەری) زۆر بکرێتە سەر پیشەوەری کە نەیدەویست و نایەوێ ئەو پێویستیە گرنگە تێبگات کە دەبێ لە سەر هەموو خاڵەکان لەگەڵ قەوام رێک بکەوێت. من شکم لەوەدا نیە کە پیشەوەری لە داهاتودا لە هەموو شکست و سەرنەکەوتنەکان ئێمە تاوانبار دەکات. لە بەر ئەوە ناوبراو هەمیشە ئێمە ئاگادار ئەکاتەوە و دەست نیشانی دەکاتەوە کە قەوام کێیە هەندە گەورەی دەکەن، پیشەوەری هەر لە سەر ئەو بیروباوەرەیە کە کێشەی ئازەربایجان تا هاتنی قەوام بۆ سەر دەسەلات دەبوایا بە رێگای چەکدارانەوە چارەسەر کرابایا.

جێی شک و گومان نیە کە ئەگینتەکانی(سیخورەکانی) قەوام بە یارمەتی ئینگلیسەکان ئاگاداری بارودۆخەکەن و زانیارییان لە سەر هێزەکانی دیمۆکراتی ئازەربایجانیان هەیە بۆیە قەوام بەو ئاسانیە هەنگاوی بۆ دروستکردنی شەڕی ناوخۆ ناوە. ئازەربایجانیەکان دژی هاتنی سوپای ئێرانن و دیانەوێ بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەوانە هێندە هێزیان هەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگری لە خۆیان بکەن. بەڵام هێندە هێز یا تەقەمەنییان نیە کە بە چەک تا ئاخر بەرگری لە دەسکەوتەکان بکرێت. ئایا دەکرێت پێشی ئازەربایجانیەکان بگیردرێت؟ دەبێ ئەو ئاسەوارە رەش و خراپانەی کە پاش هاتنی سوپای ئێران بۆ ناوچەکە بە دواوەی دەبێت لە پێشچاو بگیردرێت.

1946/11/21 دوای نیوەرۆ بوو کە زانیم دەوڵەتی تاران بریاریداوە بۆ دابین کردنی هێمنایەتی لە کاتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی مەجلیسی دەورەی 15 سوپای خۆی بنێرینە ئازەربایجان.

پرسیار ئەوەیە ئایا ئازەربایجانیەکان دەبێ بەرگری لە خۆیان بکەن یا بە بێ کۆسپ رێگا بدەن سوپای ئێران بێتە ئازەربایجانەوە. هەر کامیان بێت بە مانای کۆتایی هاتن بە تەمەنی ئازەربایجانی دیمۆکراتە، بە بێ کۆسپ و تەگەرە رێگادان بە سوپای ئێران دەبێتە هۆی شەڕی ناوخۆیی دوو سەربازگەی (پادگان) لەشکەری دژ بە یەک لە یەک شاردا ناتوانن پێکەوە بە ئاشتیانە بژین، کۆلەکەی پێنجەم کە کۆنەپەرستان بۆ یارمەتیدانی سوپای ئێران ئامادەیان کردوە و ئامادەی دەکات بە هاتنی سوپای ئێران ئەیانەوێ دەوری خۆیان بگۆرن و شەڕ بنێنەوە.

بالیۆزخانەی ئێمە زۆر پەرۆشی روداوەکانن. هەندێک لە ئاستی روداوەکان خۆش بینن. بەڵام لە هەمان کاتدا غەمگین و پەرۆشن، هێز و کارێکی زۆری دەوێ و مرۆڤ دەبێ خۆراگر بێت .

1946/11/22 قەوام بەیانێکی لە سەر داگیر کردنی زەنجان لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەرکرد. بیانوی قەوام بۆ ئەم هێرشە گوایا بەربەرەکانی دیمۆکراتەکان بەرامبەر بە سوپای ئێران و جێبەجێ نەکردنی چۆڵنەکردنی زەنجان لە لایەن هێزە دیمۆکراتیەکانەوە بوو. قەوام ناجوامێرانە و بە فروفێڵ ئەو بەڵێنانەی کە بۆ چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان دا بوو لە ژێر پێی نا. بەم کردەوەیە قەوام هیچ شک و گومانێکی بۆ تێكهەڵچونی چەکداری و داگیرسانی شەڕ نەهێشتوە.

1946/11/23 چاوم بە ئیڤان واسیلیڤیچ سادچیکوڤ (بالیۆزی سۆڤیەت لە ئێران) کەوت و پێی وتم کە دەبێ بگەڕیەوە بۆ تەورێز بۆ ئەوەی لە سەر "لوتکە" چاودێری پەرەسەندنی روداوەکان بێت بەڵام سەبارەت بەوەی کە چی بکرێت وتی کە دەستور و رێنوێنی لە موسکۆوە دێت.

فروکە نەبوو و بانگی هاوڕێ دانیلوڤی کرد و فروکەیەکی تایبەتیان بۆ ئامادە کردم. 11/24/ رۆیشتم بۆ فرۆکەخانە هاوڕێ ماتوییڤ .ف.م بەرێی کردم و وەک کۆنسولی پێشوی سۆڤیەت لە تەورێز دەنگوباسی ئازەربایجانی لێ پرسیم. لە مەشهەد لای هاوڕێ ماتوییڤ هێمن و ئارامە. کەش و هەوای تاران ئەو رۆژە باش بوو بەڵام هی تەورێز لە بەر نزم بوونی هەورەکان نیشتنەوەی فرۆکەکان زەحمەت بوو. دوو کاتژمێری تەواو چاوەڕێمان کرد گەراینەوە. رۆژی یەک شەممە بوو پیاو وەرز دەبوو لەگەڵ هاوڕێ ئاشوروڤ دەستمان دایە بیلیارد کردن ناوبراو زۆر پسیفیزم (خۆشبین) بوو. ناوبراو بگرە زیاتر لە هەمووان فریوی هیوای بە قەوام خواردوە.

1946/11/25 کەش و هەوای تاران باش بوو. فروکەکەمان هەستا و من لە کابینەی فروکەوان دانیشتم و تەماشای رێگاکانم دەکرد. دەمویست پێشرەوی و جموجوڵی سوپای ئێران لە زینجان بەرەو میانەوە بزانم بەڵام تەنیا دوو کەرت سوپامان بینی هەر کام 5 تا 6 ماشێن بوون نە زیاتر. رێگاکە چۆڵ بوو هەر دەڵێی چاوەڕێی روداوێکی دەکرد. دوای دوو کاتژمێر فرۆکەکە لە فروکەخانەی تەورێز نیشتەوە و تاقە موسافیری (کە من بووم) دابەزیم. دیمەنی تەورێز گرژاو و سارد بوو. لێرە بە پێچەوانەی تاران سەرما زووتر دێت.

## لە یاداشتەکانی رۆژانەی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەوریز

پاش گەرانەوەم لە تاران لە 1946/11/26 دەبوایا چاوم بە پیشەوەری کەوتبایا. بەڵام چۆن ببینم؟ ئەگەر بە ئاشکرا ببینم ئەویش پاش گەرانەوە لە تاران دەسبەجێ دەب بە بیانو و قسە و لێدانەوەی زۆری بە دواوە هەڵدەبەسترا ئەوە بوو کە بە بۆنەی رێککەوتێکەوە ئەم چاوپێکەوتنە پێکهات ئەویش لە کاتی نیشاندانی فیلمی "سویند" "کلیاتڤا" چووینە سینەما. ئەم فیلمە پربایەخە دەورێکی گرنگی لە سەر ورەی خەڵک لە کاتی روداوەکان کردە سەر دیمۆکراتەکان. ئەم فیلمە بینەرانی زیاتر بۆ خەبات هانئەدا و هەروەها خۆراگری بەرامبەر بە سەختیەکان فێری بینەر ئەکات.

وتوویژی من و پیشەوەری لە سینەما دا زۆری نەخایاند. ناوبراو نەترسانە ، خۆی بۆ خەبات دژی قەوام ئامادە کردوە. پیشەوەری وتی ئێرانیەکان دەتوانن 30هەزار لەشکەر دژی ئێمە بەکار بێنن و ئێمە دەتوانین 20هەزار نەفەری چەکدار بەرامبەریان راوەستین ئێمە بە پێچەوانەی ئەوان خەڵکمان لە پشتە ئەگەر تەنیا ئێمە چەکمان هەبێت. بە بێ توپ و چەکی دژی تانگ و رەشاش ئێمە بەهێز نابین.

پاشان پیشەوەری پلانی بەرگری کێشا: لە لای میانەوە دیفاع بکرێت و لە ناوچەی کوردستان دەست بە هێرش بکرێت لە هەمان کاتیشدا لە گیلان و تورکمەنیستان راپەرین ساز بکرێت. لە سەر تێبینی من سەبارەت بە وتەکانی پیشەوەری پێم وت ئایا ئێوە بایەخێکی زۆر بە بارودۆخی شۆڕش لە ئێران نادەن و یاخود هەڵوێستتان لە بارودۆخی شۆڕش لە ئێران نادەن؟ پیشەوەری بە گەرمی وەڵامی دایەوە و وتی نا ... تەنیا چەکمان پێ بدەن.

منیش وتم لەوە دەترسم کە بارودۆخی نێونەتەوەیی بواری ئەم شتە نەدات.

پیشەوەری وتی سیاسەت و دیپلۆماتیەت ئیشی ئێوەیە بەڵام ئاخر خەڵکی ئازەربایجان لە ناو دەچێت. بوچی ئێمەتان کێشایە ناو ئەم شتەوە؟ وشەی خۆفروشیان بە ئێمەوە نوساندوە. خەڵک نە ئێوە و نە ئێمە لە سەر ئەم شتە دەبەخشن.

راستی زۆر لەم قسانە دا هەیە. بەڵام بە داخەوە نەدەکرا یارمەتی بکرێت.

لە 1946/12/9 پێشەوەری و پادگان لام بوون باسی بارودۆخەکەیان کرد کە بە تەواوی تراژدیانەیە. سوپای ئێران بەرەو میانە پێشرەوی دەکات. دواخستنی دیاریکردنی تاکتیکێک مەترسییەکەو،و کە هەرەشە لە ناوچونی دیمۆکراتەکان دەکات. لەو کاتەوە کە سوپای ئێران بە سەرۆکایەتی هاشمی هێرشی کردە سەر لەشکەری دێمۆکراتەکان. نیگەرانی لە ناو ریزەکانیاندا رۆژ بە رۆژ زیاتر ئەبێت. پێشەوەری هەندی جار غیرەت ئەیگرێت دروشمەکانی وەک پێشان توندوتیژن وەک خەبات تا دوایین دڵوپی خوێن. بەڵام ئەو باوەری بە توانا بوون لە بەرگری درێژخایەن بە بێ پشتیوانی دەرەوە دژی کۆنەپەرستان نیە. ئیرادە و ئازایەتی ناوبراو بۆ ئەو ئەرکە مەزنە کەمە. دوو رۆژ لەمەو بەر پێشەوەری بە منی وت کە ئەگەر یارمەتی مان نەدرێت دوای دوو رۆژی تر سوپای ئێران دیتە ناو تەورێزەوە و کۆنەپەرستان تەواوی دیمۆکراتەکان لە ناو دەبەن. کار لەوەدا نیە کە یارمەتی بدرێن یا نەدرێن بەڵکو لەوە دایە کە دیمۆکراتەکان رەگ و ریشەیان لە ناو خەڵک دانەکوتاوە واتە لە ناو زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک وەک جوتیاران و زەحمەتکێشان و هەروەها بەشێک لە دانیشتوانی شارەکان. لەم بارەوە ساڵێک بۆ ئەوانە دەکرێ بڵێن کە بە بێ بەرهەم تێپەر بوو. هیوادار بوونی پێشەوەری بە هاوسێکانی /سۆڤیەت، (هەورامی) رێبەری دیمۆکراتەکانی لەخۆبایی کرد. ئەوانە بە سەرکەوتنەکانی 12ی ئازەر پێشچاویان گیرا و نەیانتوانی بیر لەوە بکەنەوە کە بزانن هۆکانی ئەو سەرکەوتنە مەزنانە کێ بوون و چی بوون و نەیانتوانی لە سەر بەرنامەکەی خۆیان بە پێی هەلومەرجی نوێ بجوڵێنەوە.

لە 1946/12/19 دیسان پێشەوەری و پادگان هاتنە کۆنسوڵخانە. پەرۆش و بێهیوا دیار بوون. پێشەوەری وتی کە لە لای میانە و سوپای ئێران بە 25 تانگ و 8 فرۆکەو تۆپخانەوە هێرشی کردوە. سوپای ئێمە ناتوانێت بەرەنگاری تانگ و تۆپخانە بێت. دوای دوو سێ رۆژی تر سوپای ئێران دەتوانێت بێتە ناو تەورێزەوە. ناوبراو هیچ هیوایەکی بە بەخشەندەیی قەوام و کۆنەپەرستان نیە. پێشەوەری هیچ شک و گومانی لەوە دانیە کە ئەوانە دیمۆکراتەکان بە شێوەیەکی فیزیکی لە ناو دەبەن.

تا ئێستا هیچ وەڵامی ئەو بروسکانە (تێلگرام) نیە کە دەبێ چی بکەن. بەرەنگاری بکەن یا نا؟ ئەگەر ناکرێ و نابێ بەرەنگاری بکرێت ئایا دەبێ لە جێ خۆیان بمێننەوە.

ئاشکرایە بیریکی ساکارانەیە ئەگەر بگوترێت کە ئەگەر سوپای ئێران بێتە ئێرە. بێلایەنانە و ئاشتیانە چاودێری هەڵبژاردن بکات. هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی پێشی پێی ناگیرێت. لە بەر ئەوە دوو پادگانی لەشکەری دژ بەیەک کە لە باری دەروونیەوە لە لای یەکتر بێگانەن و ناتوانن پێکەوە لە تەوریز بژین.

پیشەوەری وتی من شکم لەوەدا نیە کە رژیمی ئێران لە ئازەربایجان ستونی پێنجەمی (کۆڵەکەی پێنجەم یا لایەنگر و جاش) هەیە. هەڵوێستی خاوەن موڵک و کاسپەکان لە بەرژەوەندی دیموکراتەکان دا نیە.

دوو بروسکە (تێلگرام) مان نارد: یەکێک لە سەر وتووێژمان لەگەڵ پیشەوەری ئەوی تر لە سەر بارودۆخی گشتیە. داوای وەڵام دەکات. وە درەنگ خستنی وەڵام ئەنجامێکی مەترسیدار و چاوەڕواننەکراوی بە دواوە دەبێت.

1946/12/11 بارودۆخەکە ئالوگوڕێکی تیا نەکراوە. بەڵام بەرەو ئاڵوزی دەچێت. بەڵێنەکانی قەوام هێشتا لای هەندێ کەس هیوا و خەیاڵێکی هێشتوەتەوە و پێیان وایە کە قەوام دەست بە سەرکوتکردنی دیموکراتەکان ناکات. بەڵام خستنە خوارەوەی بەیاننامە لە فروکەکانەوە کە هەرشە لە خەڵک دەکەن. هەروەها هەڵسوکەوتی سوپای ئێران و باندەکانی زولفەقاری لە زینجان جێ هیچ شک و گومانێکی نەهێشتوەتەوە کە فێڵبازی قەوام سنور ناناسێت. لەم رۆژەدا 11ی دیکابری ئوستانداری ئازەربایجان جاوید و سەرۆکی ئەنجومەنی ئازەربایجان شەبۆستەری بە تیلگرام ئاگاداری شا و قەوامیان کردوتەوە کە بۆ پێشگیری لە شەڕی براکوژی و بۆبەرژەوەندی پاراستنی یەکێتی، ئازادی و سەربەخۆیی ئێران بڕیاردرا دژی هاتنی سوپای ئێران نەکرێت.

کاتێک کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوە بیریایان وەک سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد بەڵام پیشەوەری رۆیشت بەرەو سۆڤیەت و رێبەرانی تری پارتی دیموکراتی ئازەربایجانیش یەک لە دوای یەک بە دوایا رۆیشتن. شار شلەژابوو خەڵک هەڵدەهات کە نەدەکرا پێشیان پێی بگیردرێت.

تراژیدیا و لە یەک بڵاو بوونی پارتی دیموکرات و سوپای ئازەربایجان کە نەدەکرا پێشی بگیردرێت دەستی پێ کرد.

من هەوڵمدا کە دەنگوباسی بارودۆخەکە بگەیێنمە مۆسکۆ و تاران بەڵام تەلگرافخانە لە کار کەوت و پەیوەندیەکانی ئێمەش کۆتاییان پێهات. خەڵک هەر بۆ کۆنسولخانەی ئێمە هەڵدێت و داوای ئازاد کردن و پاراستنی خۆیان لە ئێمە دەکەن. لە بەر ئەوەی ئەوان هیچ هیوایەکیان بە بەزەیی هاتنەوەی کۆنەپەرستان ناکەن. لە بەر دەرگا تووشی شاعیرە میدیما گولگونم بینی تەنیا کیفیکی بچوکی پێ بوو، ئەو ئافرەتە دەگریا، لە سینگی خۆی دەدا و دەیگوت جەنابی کۆنسوڵ هەموو لە دەست چوو ئێمە فەوتاین ... منیش وەڵامێکم بۆ هێمن کردنەوەی ئەو نەبوو. هاورێ قولیێف لای کابرایەک جێی کردەوە پاشان نێردرا بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

بە تاریک داهاتن (ئێوارە) لە شار تەقە دەست پێی دەکرد دەڵێن کە ئەو چەکانەی کە لە لایەن دیمۆکراتەکانە فرێدراوە لە لایەن خەڵکی گۆمانلێکراوە کو کراونەتەوە و دژی دیمۆکراتەکان خۆیان بەکاردێت. بۆ بەرەو دەمی بەیانی تەقە ئەوەندە زۆربو کەوا هەست ئەکەی شەڕی توندوتوڵ رویداوە.

1946/12/12 تەنیا بەرە بەیانی خەوم لێ کەوت. بەڵام هێندەی پێی نەچوو کە پەیامبەری پاسەوانەکەمان واتە چەبانوڤ رایگەیاند کە خەڵک لە دەوروبەری کۆنسوڵخانە کۆبونەتەوە و داوای پەنا بردن و خۆ حەشاردان دەکەن ئەوانی تر هاوار دەکەن و تێ ناگەین دەڵێن چی بەڵام هەڕەشەیان پێوە دیارە. دەستەیەکی بچوک توانییان بێنە ژورێ . ئەوانە نایانەوێ لە کۆنسوڵخانە برۆنە دەرێ. دەسەڵاتێک لە شار نییە. خیابانەکان لە دەستی ستونی پێنجەم و باندەکاندایە. واتە لە ترسی زۆربەی ئەوانە لە تارانەوە تایبەت نێردراون بۆ ئێرە. هەواڵی کوشتنی دیمۆکراتەکان دەگاتە دەستمان. دوکتۆری کیشکی نەخۆشخانەی سۆڤیەت عەلیێف و سەرۆکی ناوەندی کولتوری (ڤوکس) و سەرۆکی ئێران سوڤتراس (شەریکەی ترانسپۆرتی ئێران – سۆڤیەت) رادەگەیەنن کە لە دەوروبەری ئەم شوێنانە کۆمەڵێک کۆبوونەتەوە و هەڕەشە دەکەن کە بە بیانوی خۆ حەشاردانەوەی دیمۆکراتەکان لە نەخۆشخانە دەیانەوێ هێرش بکەنە سەرمان.

چەند نەفەر بریندار و نەخۆشیان هێناوەتە نەخۆشخانە تاکو خۆیان بشارنەوە. سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان بیریا و فەرمانبەری

کۆمیتەی ناوەندی ویلایی بۆ گەڕاندنەوەی هێمنایەتی چوون بۆ شار بەڵام تاقمێکی چەکدار کە بە دوایان دەکەون و هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکەن لە ترسا ئەوانیش پەنا بۆ نەخۆشخانەی سۆڤیەت دێنن. ئەم نوسراوەی خوارەوەشم لە نەخۆشخانە پێی گەیشت کە بە شێوەیەکی بێپارێزانە درایە دەستم:

## بۆ بەڕێز کۆنسۆلی سۆڤیەت لە تەوریز هاوڕێ کراسنیخ

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە سەر لە بەیانی ئیمڕۆ بە تەلەفۆن پێمگەیشت. ناوبراوانی سەرەوە هێشتا لای ئێمەن. من لە هەراوهوریا و تێکهەڵچون دەترسم. دەرکردنی ئەو 4 نەفەرە چەکدارە تا ئێستا سەری نەگرتوە. جگە لەوە ماشێنەکانیشیان شکاون و لای دەرگای ئێمە راگیراون و زیاتر بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی خەڵک بۆ ئەو شوێنەی ئێمە زیاتر راکێشاوە. سەمەدف هەروەها تا ئێستا دیارنیە. جاوید لێرە بوو. چاوی پێی کەوتوە. بەڵێنیداوە رزگاری بکات. بەڵام تا ئێستا هێشتا یارمەتیک نیە. کۆنسوڵی ئەمەریکاش لێرە بوو و بولای بیریا هاتبوو. منیش وتم کە سەر لە بەیانی بوو و رۆیشت. لەگەڵ دوکتۆر عەلیاوی ئیش دەکەم. هیچ دەستورێک نیە کە لەمەولا چی بکەین. داوای رێنوێنی و دەستور ئەکەم. بارودۆخی من زۆر ئالوزە. لە تۆڵە سەندنەوەی سەربەخۆیانەی ئەو تاقمە دەترسم کە لە لای نەخۆشخانە کۆبوونەتەوە. تکایە دەستور بە ب /لەوانەیە هەر بیریا بێت هەورامی/ بدەن و پێی بلێن هەوڵبدات ماشێنە شکاوەکەی لەوێ لابەرێت. هاوڕێیان عەلیێف پەیتا پەیتا بریندار دەهێننە لامان.

قەرەبالخەکە هەرەشە لە نەخۆشخانەکە دەکەن. بەڵام هێشتا بڕیاری هێرشیان نەداوە. ماشێنەکەی بیریان بە دەستوری من لە لای نەخۆشخانە لابرد و بە پارچە کردن لایان برد.

بەرپرسی ناوەندی کولتوری سۆڤیەت لەگەڵ ئێران لە تەوریز (ڤوکس) هاوڕێ شریفلی بڕیار ئەدات کە لەگەڵ فەرمانبەرانی بچن بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ. کاتێک ئەوانە لە بیناکە دینەدەر قەرەبالخەکە بە زۆر دەرژێنە ناوەوە و دەستیاندایە تێکوپێک دان و تاڵان کردن. تەقەیان لە ماشینەکە کرد و رانەندە /لێخوری/ ماشێنەکەیان بریندار کرد. شەریفلی دەستی دایە شایعە و درۆ و دەلەسە بڵاوکردنەوە و وتویەتی کە لە

دەوروبەری ناوەندی کولتوری 5 هەزار نەفەر کۆبوونەتەوە. ناوبراو زۆر ترساوە و پێموت کە لە ترسانا سەدقات شتەکەت گەورە کردوە. لەگەڵ جێگری کۆنسوڵخانە بە دوو ماشێن چوینە ناوەندی کولتوری. چاومان بە کۆمەڵێک باندید کەوت کە بە بینینی ئێمە رایانکرد. هەندێک لە هاوڕێیانی ئێمە دوایان کەوتوون و راویاننان. با بزانن0هێرش کردن بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەت بێ وەڵام نامێنێتەوە. زیانێک کە بە ناوەندی کولتوری گەیشتوە زۆر نیە. کاتێک لە ناوەندی کولتوری هاتمە دەر و سواری ماشێن بووم چاوم بە ژمارەیەکی چەکداری زۆر کەوت کە بەرەو ماشێنەکەی ئێمە دێن و چەکەکانیشیان بەرەو رووی ئێمە راگیراون. بارودۆخەکە وا بوو ئەگەر ماشێنەکەمان رۆشتبایا تەقەیان لێ دەکردین. ماشێنەکەم راگرت و بە هاوڕێیانم وت ئێوەش وەرنە خوارێ من بەرەو رۆیان چووم و ئەوانیش چەکەکانی خۆیان کە بەرەوروی ئێمە ڕاگرتبو دایان گرتن و تەنانەت پاشەگزەیشیان کرد. سەرکەوتنی ئێمە شتێکی چاوەروانەکراو بوو. لێم پرسین چیتان دەوێ؟ یەکێکیان لە وەڵاما وتی ئێمە وا بیرمان دەکردەوە کە لێرە خەڵک دەکوژن. منیش وتم کە هەموو شتێک ئاسایی‌یە و پێویست ناکات لێرە بن. من گەرامەوە بەرەو لای ماشین و ئەوانیش گەرانەوە دواوە. بە ناو شاردا گەرام خەڵکێکی زۆر بە سەلام کردن و تەنانەت لە ماڵەکانیش بە چەپڵە لێدان پێشوازییان لێ کردین. گەرچی لە شار تەقە بوو و هەندی دەستەی چەکدار خەریکی شەڕ بوون بەڵام نە ماشین و نە ئێمە خۆمان توشی هیچ زیانێک نەبووین. بە پێچەوانە پەیدا بوونی ئێمە لە ناو شار کارێکی زۆری کردە سەر خەڵک. هەر شوێنێک کە دەرۆیشتین هێمنایەتی دەگەرایەوە بۆ ئەو شوێنە. نوێنەری بازرگانی ئێمە هاوڕێ زینین رایگەیاند کە تەقە لە ناوەندی توجاری ئێمە کراوە لە بەر ئەوە کە 3 دیمۆکرات رایان کردبووە لای ئێمە، زینین داوای یارمەتی لە ئێمە کرد بەڵام ئەو زۆر ساکارە. من چ یارمەتێکی ئەو دەتوانم بدەم لە کاتێکا هیچ دەسەلاتێک لە شار نیە و هیچ هێزیکی پاسەوانیشم لە بەردەستدا نیە. ئامۆژگاریم کرد کە دیمۆکراتەکان بە خۆشییەوە دەربکات. هەڵبدات ئەوەی لە دەستی دێت بۆ دابین کردنی ژیانیان بیکات و بواری ئەوە نەدات کەس بێتە ژورێ سەرئەنجام لەگەڵ نوێنەری توجاری رێککەوتین. گەرچی ئەو قەرەبالغي و دەستانە شوێنەکەیان بەجێ نەدەهێشت بەڵام بە ئاشکرایش هەولێ هێرش

کردن و چوونە ناوەوەشیان نەدەدا بەڵکو چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی دیمۆکراتەکانیان دەکرد. 3کاتژمێر قەرەبالغیەکە بەردەوام بو.

دیسانەوە خەڵک لە دەوروبەری ناوەندی کولتوری کۆبوونەوە. لەم کاتەدا ئوستاندار جاوید هات و توانی پۆستێکی پاسەوانی لەوێ دابمەزرێنێت. هەوڵدانی باندیدەکانیش بۆ هێرش هێنان بۆ سەر شەریکەی ترانسپۆرتی ئێران – سۆڤیەت سەرکەوتنێکی نەبوو. پاسەوانی ئەوێ دیارە ئازا بوون. بەڵام باندیتەکان لە سەر خیابان دەستیان بە سەر دوو ماشێنی "ئێران – ترانس سۆڤیەت" گرتوە و دوو لێخوری ماشێنەکانیشیان کوشتوە و پاشان فەرمانبەرانی ئێران – ترانس سۆڤیەت دیتویانە کە بەیەکێک لەو ماشێنانە لاشەی کوژراوەکانیان گواستوەتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێمە بە ترس و پەرۆشییەوە بە چەمەدان و کۆڵەوە بۆ ناو کۆنسوڵخانە هەڵدین بەشێک لەوانە لە ماڵی فەرمانبەرانی کۆنسوڵخانە جێگرکران و ئەوانی تر دەستوریان پێدرا کە لە شوێن و جێگای کاری خۆیان لە بەڕێوەبەریتەکان بمێننەوە.

لە بەر ئەو مەترسیەی کە رووبەرووی کۆنسوڵخانە بۆتەوە بەتەواوی فەرمانبەرانی کۆنسوڵخانە دەستور دراوە کە لە بارودۆخی ئامادە بوونی سوپا بن. فەرمانێکی تایبەتیش لەم بارەوە بە پێی ئەرکی هەرکامیان بۆجێبەجێ کردنی دەرچووە. ماشێنەکان وا دانرا بوون کە ئەگەر باندینەکان ویستبایان هێرش بهێنین بە هەڵکردنی چرای ماشێنەکان ئەوانە کوێر دەبوون و ئێمە لەم کاتە دا دەمانتوانی ژمارەیەکی زۆر لەوانە بکوژین. هێرشی سەد و دووسەد نەفەرانەی ئەوانە تێکبشکێنین و لە لایەکی ترەوە سەرکەوتن هەربۆ ئێمە بوو لە بەر ئەوە ئێمە خۆمان بۆ نەمان ئامادە کردبوو.

چەند جار تەلەفۆنم بۆ دوکتۆر جاوید کرد بەڵام دەستم نەکەوت بۆ ئێوارە توانیم پەیوەندی پێوە بکەم تا ئەو جێگایەی پێمکرا دڵخۆشی و دڵگەرمیم دایەوە. بۆ شەو تێکهەڵچون و تەق و تۆق پەرەی سەند کە بە دوایدا کوژراو و تالانێکی زۆرکرا. تەواوی پیاوەکانی فەرمانبەری کۆنسوڵخانە و ئەوانی تر کە پەناهەندی کۆنسوڵخانە بوون نەنوستن و لە حەوشەو و لە بەر دەرگا پاسەوانی‌یان ئەدا.

من بۆ خۆم لە ژوورەکەم دانیشتبووم و چاوم لە یەک نەناوە و پەیتا پەیتاش سەردانی پاسەوان و کێشکچییەکانم دەکرد. ورەم بەرز دەکردنەوە و تەنانەت هەندێکشیانم فێری بەکار هێنانی چەک ئەکردن.

هەوالدەری تاس هاوڕێ میدویدوڤ لە بۆچونی خۆی سەبارەت بە بارودۆخەکە دەستیدایە نیگەران کردنی ئێمە و باسی گریبایەدیڤی وەبیر هێنایەوە/کاتی خۆی ئەم دیپلوماتە لە لایەن ئێرانیەکانەوە گیرا و کوشتیان هەورامی/ ناوبراو تەنانەت پێشنیاری کرد کە بە بروسکە داوای ناردنی پاسەوان و پارێزە بکرێت. بەڵام من هەندێک ورەم پێی بەرز کردەوە. بەگشتی دەتوانم بڵێم هاوڕێیان ورەیان لە دەستنەداوە. گەرچی هەموو وایان بیر دەکردەوە کە مێژوی ئێران لەم بارەوە واتە هێرش بردنە سەر نوێنەرایەتی دیپلوماسی فاکتی زۆرە. بۆیە دەبێ ئامادەی هەموو شتێکی چاوەڕوانەکراوبێت.

ڕەشایی و سەرلێشوایی کە خەڵکی ئازەربایجانی داگیر کردوە زۆرتر بووە. نە تەنیا لە تەوریز بەڵکو لە ناوچەکانی تری ئازەربایجان گرتن و کوشتنی دیمۆکراتەکان بەردەوام لە پەرەسەندن دایە. چووم سەردانی هەندێ لە دامودەزگاکانی خۆمانمان (سۆڤیەتی) کرد و بە ناو خیابانە گەورەکانی شاریش گەرام و هەواڵدەری تاسیشم دەعوەت کرد کە لەگەڵم بێت بەڵام نەهات. ناوبراو دەنگوباسەکانی بە پێی ئەو (شایعە و وتنانەی خەڵک) و هەروەها ئەو دەنگوباسانەی کە ئێمە پێمان ئەدا ئامادە دەکرد و لە کۆنسوڵخانە نەیدەوێرا بچێتە دەرێ. تەقە و بارانی گولەکەم نەدەبووە. هاتوچۆ لەو کاتەدا ئاسان نیە. لە هەموو شوێنێک ئاسەواری تالآنی دوکانەکان و دامودەزگاکانی فیرقەی دیمۆکرات بەرچاو دەکەوێت. ڕۆیشتم بۆ نەخۆشخانە. لە بەر ئەوە دوکتۆر سەمەدوڤ ئاگاداری کردم کە دیسانەوە کۆمەڵێک لە دەوروبەری نەخۆشخانە کۆبوونەتەوە و دەیانەوێ هێرش بکەن جگە لەوە سەمەدۆڤ هەرشەی ئەوەی دەکرد کە ئەگە بێتو لە کۆنسولخانەوە کەس فریای نەکەوێت نەخۆشخانە جێ دێڵێت. منیش سەمەدوڤم ئاگادار کردەوە کە ئەگەر بێتوو نەخۆشخانە جێ بیلێت داوای دادگایی کردنی بۆ دەکەم و بە توندترین شێوە موحاکمە بکرێت. پێشنیارم بە جێگری کۆنسوڵ هاوڕێ قولیەف کرد کە بچێتە ئەوێ بەڵام ئەویش نازانم بۆ ئامادە نەبوو بچێت.

بێگومان ناوبراو دەترسا. ژمارەیەک لە هاوڕێیان بە هیچ شێوەیەک بە بێ من نەدەوێران بڕۆن. ماوەیەک لەمەوبەر ئەوانە خۆیان بە نەترس و قارەمان نیشان دەدا. ئێستا ئەوەندە ترساون کە باس ناکرێت. لە نەخۆشخانە هێمنایەتی‌یە لە دەرگای هاتنە ژوورەوە یەک گیاندار نابیندرێت. دەڵێن ڕۆیشتون لە بەر ئەوە پێیان وتوون کە کۆنسوڵ ڕۆیشتوە.

بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ جاوید ڕۆیشتم تەنیا شەبۆستەریم بینی وتیان جاوید ڕۆیشتوە. بۆ پێشوازی سوپای ئێران کە دەبێ بۆ ئێوارە بێنە ناو شار. لە گەرانەوەمدا نزیکەی نوێنەرایەتی توجاری ئێمە لەگەڵ ئێران قەرەباڵغییەکەم بینی. خەڵکێکی هەمووجۆرەیان تیا بوو پۆلیسیش لە ناویاندا بوو تەقەیان لە ناوەندی بازرگانی دەکرد بۆ دەقیقەیەک ماشێنەکەم ڕاگرت، دەرکەوت لە نوێنەرایەتی بازرگانی سۆڤیەتەوە سێ نەفەر دیمۆکرات کە لەوێ خۆیان حەشار دابوو ڕابکەن بەڵام لە ڕۆیشتنەکە دا دوا دەکەون و لە لایەن ئەو قەرەباڵغییەوە غافڵ دەکرێن.

ئەوە بو دوو نەفەریان دەکوژن و یەکێکیان ڕادەکات.

هەموو ئەمانە لە داهاتوو دەبێ ببێتە بەڵگە و ڕەخنە بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران.

کاتژمێری 17ی ئیمڕۆ سوپای ئێران کە کەرتی تانگەکانیان کە لە پێشەوەیان "قارەمانی" زینجان ژێنەراڵ هاشمی بوو هاتنە ناو شار. لە ڕێگای سکرتێرە وەسەنگینوف بڕیارە کاتژمێری 20 چاو پێکەوتنیان هەبێت. شاهیدەکان دەڵێن کە سوپای ئێران لە لایەن کۆمەلانی خەڵکەوە پێشوازی لێ کراوە بەڵام ئەوانە نوێنەرانی دانیشتوانی تەورێز نەبوون. زۆربەی ئەوانە کە چوونە پێشوازی تەنیا بۆ تەماشا کردن و بۆ ئەوەی بزانن چۆنە. شتێکی ئاشکرا بوو کە خەڵک چاوەڕێی هاتنی سوپای ئێرانیان دەکرد. ئەویش وەک شتێک بۆ گەڕاندنەوەی هێمنایەتی و کۆتایی هێنان بە ئاژاوەنانەوە و نارێکوپێکی‌یە.

سەربازەکانی سوپای ئێران بە دەمووچاویاندا دیارە بەرامبەر بە ڕوداوەکان بێتەفاوتن و تێناگەن. ئەگەر دوو پولک (هەنگ)ی جەنگاوەر بە 3ی تانگەوە و دوو تۆپ هەبوایە بۆ دەرەقەت هاتن و بەربەرەکانی ئەوانە واتە ئەو هێزە سەرکوتگەرانە بە

سەرۆکایەتی هاشمی کە هێرشیان بۆ ئازەربایجان هێنا بەس بوو و وا دەشکان کە دەبوون بە خاک و خۆڵ.

کاتژمێر 20 چوومە لای ژێنراڵ هاشمی. روحێکی مردو باڵی بە سەر خیابانەکان کێشابوو و بێ دەنگێکی سامناک بوو. هەموو چاوەڕێی هەڵسوکەوتی دواتری سوپای ئێران بوون. هاشمی بە شێوەیەکی نیوەرەسمی و نیوەئەدەبانە پێشوازی لێ کردم. دەی‌ویست بڵێت بەسە کە چیتر لەگەڵ دیمۆکراتەکان خاوەنی ئێرە بن.

مـن هاشـمیم لـە سـەر ئـەو فاکتانـەی کـە زیانیـان بـە دامـودەزگاکـانی سـۆڤیەت و هاوولاتیانی سۆڤیەتی هێناوە ئاگادار کردەوە و داوام لێ کرد کە هەنگاو بۆ پێشگیری کردن لەو کردەوانە هەڵبگرێت و ئاگادارم کردەوە کە لەمەولا هەر دەستدرێژییەک و زیانێک کە لە دامودەزگاکانی سۆڤیەتی و خەڵکی سۆڤیەت بگەێندرێت فەرماندەی هێزەکانی ئێران (هاشمی هەورامی) و دەسەلاتدارانی خۆجێیی بەرپرسیار دەبن. هاشمی هەندێ قسەی سەر پێیی کرد سەبارەت بە دۆستی نێوان ئێران و سۆڤیەت و بەڵێنیدا کە پۆستی پاسەوانی بۆ دامودەزگاکانی سۆڤیەتی دابنێت واتە بۆ نەخۆشخانە نوێنەرایەتی بازرگانی، شەریکەی ترانسپۆرتی ئێران – سۆڤیەت، ناوەندی کولتوری‌و...

پاشان ئەو هەموو خەتاکەی خستە سەر موهاجیرەکان. وتم تێناگەم مەبەستت کێیە؟ وتی مەبەستم لەو کەسانەیە کە دژی سۆڤیەتن.

1946/12/14 تەق و تۆق کە دەمەو ئێوارە لە شار کەمتر ببووە سەر لە بەیانیەکەی بە هێزی نوێ دەستی پێ کردەوە. باندیتەکان بە سەرۆکایەتی کۆنەپەرستان و ئەوانەی کە لە تارانەوە نێردرابوون کاتێک زانی‌یان کە سەرکوتکردنی وەحشیانەی دیمۆکراتەکان هەمووی لە لایەن هاشمی و کاربەدەستانی تارانەوە سەرچاوە و پشتیوانی لێ دەکرێت. زیاتر دژی دیمۆکراتەکان هارکرابون و هێرشیان دەبردنە سەر. کوشتن و گرتن و تالانکردن زیاتر لە رابوردو پەرەی سەند و شێوەیەکی بەردەوام و رێکخراویی بەخۆوە گرت و بێبەزەییانەتر دەکرا. بە پێی ئەو هەوالانەی کە بەدەستمان گەیشت فەرماندە نیزامیەکان سوپاسیان لەو کەسانە کردوە کە پێشوازی گەرمیان لێ کردوون و بەرخ و گایان بۆ سەر بریون. بەڵام ئەوانە زۆر لەوە نارازین کە لە شار دیمۆکراتی و

موهاجیری کەمیان سەر بڕیوە. هەروەها هەوالمان پێ گەیشت کە لە تەواوی شارەکانی ئازەربایجان کۆنەپەرستان بە دڵی خۆیان دەجولێنەوە. لە ورمێ دەستیان داوەتە تالانکردنی گوندە ئەرمەنی و ئاسوریە نشینەکان. شتێکی ئاشکرایە لە بەر ئەوە ئەرمەنیەکان لە ناو ئەوانە پێشکەوتووترین مرۆڤ هەیە و لە ناونیشاندا دیمۆکرات زۆرە.

گرتن و ئازاردانی خەڵکی سۆڤیەت و ئەوانەی کە لایەنگری سۆڤیەتن بە هاتنی سوپای ئێران پەرەی سەندوە. هاشمی بەڵێنەکەی خۆی بەجێ نەگەیاند پۆستەکانی پاسەوانی بۆ ناوەندی کولتوری، ئێران سوڤ ترانسپورت، نەخۆشخانەی سۆڤیەت دانەنا کە هەموو رۆژی گەمارۆ دەدرێن و دەیانەوێ بێنە ژورێ و داگیریان بکەن و خەڵک بکوژن و تالان بکەن. هەرەشە کردن لە خەڵکی سوڤیەت زیاتر بووە. هێندێک گروپی باندێت دەستیان داوەتە خۆپێشاندان دژی سۆڤیەت. لەم پەیوەندیە دا یاداشتێکم بۆ ئوستاندار جاوید نارد. لەم یادداشتە دا دەست نیشانی ئەوەم کرد کە بە هاتنی سوپای ئێران هێرش و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی یەکێتی سۆڤیەت زیاتر بووە و هاشمی ئەو بەڵێنانەی کە لە پێش چاوی ئوستاندار دابیوو بەجێی نەگەیاند. وەڵامدەر یا بەرپرسی ئەو هەموو کردەوانە بە ئەستوی فەرماندەی هێزەکانی ئێران و کاربەدەستانی خۆجێیی یە.

دوای نیوەرۆ بە مەبەستی سەر لێدان لە دامودەزگاکانی خۆمان چوومە ناو شار بۆ جارێکی تر سەردانی ئوستاندارم کرد. لە شار تالان بەردەوامە لاشە لە سەر خیابانەکان کەوتوون نزیک بە بارەگای پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان ئاگر کراوەتەوە لە وانەیە ئارشیوەکەی ئەم پارتیە بسوتێنن. ئەگەر وا بێت باشترە رژێم کەمتر لە چالاکی ئەم پارتیە دەزانیت و خەڵک کەمتر توشی گرتن و کوشتن دەبن.

پێیان راگەیاندین کە جاوید و شەبۆستەری بە پاسەوانەوە دەنێردرێن بۆ تاران. بەڵام لە ئەنجامدا هەر توانیم ئەوانە ببینم. ئەوانە هێشتا لە ئوستانداری بوون. چاوپێکەوتنێکی ناخۆش بوو. من شتێکم نەبوو بۆیان کە دڵخۆشیان بدەمەوە، جاوید و شەبۆستەری بەروالەت ئارام و لە سەرخۆ بوون، بەڵام زۆر پەرۆش بوون، جاوید کاتێک لە سەر کوژران و گولەباران کردنی هاوڕێیانی خۆی لە ناو پارتی دەدوا فرمێسک بە چاویا

دەهاتە خوارێ. فروفێڵ و درۆ و دەلەسەی شا و قەوام دوای ئەو هەموو حیکایەت و بەڵێنانەی کە دابوویان بێشەرمانە و جێ سەرسورمان بوو.

1947/2/19 ئیمڕۆ لە مەیدانی شاری تەورێز دوو دیمۆکراتیان هەڵواسی قومانـدانی(فەرماندەی) پێشوی شاری تەورێز و ئەوی تریان کاپیتانی سوپای ئازەربایجان و ئەرمەنییە. شوێنی لە دار دانەکەیان نزیکی پەیکەرەکەی شا بوو /پەیکەرەکەی شایان کاتی خۆی لابرد بوو و لە باتی وی پەیکەری ستتار خانیان دانا بوو. پاش گرتنەوەی تەورێز کۆنەپەرستان پەیکەرەکەی ستتار خانیان تێکوپێک دا و پەیکەرە کەی شایان هێنایەوە جێ/.

لە دار دانی ئەو دوانە لە تەنیشت پەیکەری شا شتێکی سیمبولی بوو. بەڵام مێژو دەزانێت کە جێگایان دەگۆردرێت بە لە داردانی کەبیری و ئەوانی تر تاقمی کۆنەپەرست و لایەنگرانی فاشیزم زۆر ترساون. کاتێک دەبینم لە سەر بڕیاری کوشتنی کەسانێک وەک فەریدونی ئیبراهیمی و موحەمەد و سەدری قازی دەدرێت ئەمن پێم وایە کە چیتر مرۆڤێکی بە کولتور و پێشرەو ناتوانێت لە ئێران بژێت و هەناسە بکێشێت.

پالکوڤینک باتمانقولیچ کە پێشان خۆی بە ئاڵمانیای فاشیست فرۆشتبوو و ئێستا لە خزمەتی ئەمەریکایەکانە شەرم ناکات و مامەڵە دەکات کە بۆ ئازاد کردنی دەستگیرکراوێک نەفەرێک چەندی بدەنی. پاشان دوبارە هەر ئەو ئازاد کراوانە دەستگیر دەکرێتەوە تا بە بەرتیلیکی تر ئازاد بکرێنەوە.

1947/2/18 چوومە لای سوتوون کۆنسوڵی ئەمەریکا لە تەورێز /لە وەڵامی هاتنەکەی لە1947/2/14/ وتوویژەکانمان گشتی بوو بەڵام لە کۆتایی قسەکانماندا سوتوون باسی کوردستان هێنایە کایەوە بە بیروڕای ئەو کێشەی کورد دەکرێ چارەسەر بکرێت ئەویش بە یەکخستنی کوردی ئێران و عێراق و تورکیا و کوردەکانی تر لە دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی.

وەک ئاشکرایە فیکرەی کوردستانی مەزن لە لایەن ئینگلیسەکانەوە پشتیوانی لێکرا و دەکرێت مەبەستی سەرەکی ئەم بیرۆکەیە بۆ بەکارهێنان دژی ئازەربایجانی دیمۆکرات و دژی دەوری ئێمە لە باکوری کوردستان بوو.

لە وتەکانی سوتوون زەحمەت بوو تێبگەین ئایا ئەمەریکایەکان پشتیوانی لەم فیکرە دەکەن یا نا؟ هەروەها بە روونی نازانم بیرورایەکی یەکگرتوویان بە ناو "کوردستانی مەزن" نێوان ئینگلیسەکان و ئەمەریکایەکان هەیە.

لە سەر ئەم شتە من بە گشتی بیرورای خۆم وەک تاکە کەس بەم چەشنەی خوارەوە دەربڕی:

1- بە بۆ چۆنی من زۆر زەحمەتە باسی "کوردستان مەزن" وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەویش لەم بارودۆخە سیاسی – ئابوریە و ئاستی کولتوری کوردان بکرێت.

هیچ هەلو و مەرجێک بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە واتە نە شروتی مێژوویی و نە ئابوری نیە. ئاخر نابێت ئێستا لەم قۆناغە پێشکەوتنەی مێژو بە جیدی باسی یەکگرتنی کوردەکان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و یەکگرتو بکرێت ئەویش ئەو عەشایر کوردە کوچەر و وەحشیانەی کە پاشماوەی تایفەگەرییان پاراستوە.

هەندەی پێ نەچوو پاش ئەو چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ جاوید و شەبۆستەری ناوبراوان لە ژێر حمایە بەری کران بۆ تاران لە 1946/12/15 بارودۆخەکە وەک دوێنی بوو. هاوولاتێکی ئێمەیان بە ناوی ئەبولفەز عەباسوفیان گرتبوو. لە سەر داخوازی ئێمە ئازادیان کرد.

بۆ رزگارکردنی سکرتێری کۆنسولخانە سەنگینوف و هەوالدەری تاس مەمەد دوقم لەگەڵ برای عەباسۆف ناردە پۆلیسخانە بۆ ئەوەی لەوێش هەوڵبدەن بزانن دەنگوباسی ئەوی چییە و تەماشا بکەن لەوێ چ باسە. بە گوێرەی گێرانەوە خەڵکێکی یەکجار زۆر گیراون و نزیکی پۆلیسخانە ژمارەیەکی زۆر لە کەس و کاری ئەوانە کۆبوونەتەوە. هەروەها دەرکەوت کە ماڵی هاوولاتی ئێمە بە ناوی سەرکیسیان تالان کردوە و تا دووسەد هەزار ریاڵ زیانی لێ کەوتوە.

لە 1946/12/16 شار هەندێک ئەهوەن بۆتەوە، تەق و تۆق کەم بۆتەوە بە ئاشکرا خەڵک ئازار نادەن بەڵام گرتنی خەڵک یەکجار پەرەی سەندوە. دەنگوباسی وا لە سەر گرتنی هەندێ ناوداری دیمۆکرات گەیشتوە وەک فەریدونی ئیبراهیمی، دوکتور میهتاش، بازرگانی و هتد.

له 1946/12/17 به رواڵەت هێمنایەتییە. چاوەڕێ دەکرا فەرمانبەران و خەڵکی سۆڤیەتی دانیشتو لە تەورێز دەست بە کاری ئاسایی خۆی بکەنەوە بەڵام بۆ ئێوارە هاوڕێ ئەبولوڤ فەرمانبەری ئێران سوڤ ترانسپۆرت لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە سینەما واتە لە نزیک کۆنسوڵخانە هێرشی دەکرێتە سەر و زۆری لێ ئەدەن. فەرمانبەرانی کۆنسوڵخانەکە گوێیان لە هاوار و گریانی کوری ئەبولوڤ دەبێت رادەکەن و بە هانایەوە دەچن و 3 نەفەر لەو پێنج باندانەی کە هێرشیان کردبووە سەر **دەگرن**. بۆ ئەوەی لە دەستیان دەرنەچن دەیانهێننە ناو کۆنسوڵخانەوە. هەتا تەحویلی فەرماندەی هێزەکان دەدرێنەوە ئەوانیش باشیان کوتا بوون. فەرماندەی هێزەکانی ئێران هاشمی باندیدەکانی بە لێدانی هەزار دار سزا دا. گەرچی ئەم سزادانە ناوەرۆکێکی سیمبولی یا رواڵەتی هەبوو. ئێمە گەرچی باوەرمان بە هاشمی نەکرد. دوای چەند رۆژ ئێمە ئەوانەمان لە سەر خیابان دیت و زۆریش بە دەماخ بوون. هەندێک وای بۆ دەچوون کە هێرشیش بۆ سەر من ئامادە کرابوو. لە بەر ئەوەی کە من و ئەبولوڤ لە یەک دەچین.

1947/2/18 لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆنسوڵی تورکیا خەشەک و جێگرەکەی سەلیم بەگ ناوبراوان لە بارودۆخی ئازەربایجان رازی نین. دەیویست شت لە بارەی بارودۆخی کوردستانەوە بزانێت و دەیگوت کە لەوێ کوردەکانی دژی سوپای ئێران بەربەرەکانی دەکەن.

هەر لەم رۆژە بە دەستوری هاوڕێ ویشینسکی چوومەلای ئوستانداری نوێ عەلی مەنسور و پێم وت لە رەزائیە تابلوی کۆنسولخانەی ئێمەیان هێناوەتە خوارێ. بەڵێنیدا لەم بارەوە هەنگاوی پێویست هەڵگرێت.

بزووتنەوە لە پێناوی "کوردستانی مەزن" بێگومان ئەنجامەکەی دەبێتە بزووتنەوەیەکی جیاخوازانە( سیپاراتسیتانە) لە ناو خێڵەکانی تری کورد و هەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستانە لە ناو کوردەکانی دانیشتوی ئێران و زیان ئەگەیەنێتە ئێران و دەبێتە هۆی لاواز بوونی دەوڵەتی ئێران. لە بەر ئەم هۆیانە ئێران و دەوڵەتانی کە کوردیان تێ دەژین ناتوانن لەگەڵ یەکگرتنی کوردەکان بن. بۆ دروستکردنی

دەوڵەتی کوردی لەم کاتەدا ململانێکی چارەسەر نەکراو نێوان ئەو دەوڵەتانە هەیە کە کوردیان تیا دەژێت.

ئایا بەراستی میستەر سوتوون باوەری بەوە هەیە کە دەوڵەتی کوردی دەتوانێت وەک دەوڵەتیکی سەربەخۆ دروست ببێت. خۆش باوەری یا باوەرێکی وا ساکارانە جێی رێزە. بەڵام لە پراکتیکدا جێبەجێ ناکرێت. کوردستان حەتمەن دەبێ بە یەکێک لە زلهێزەکانەوە ببەسترێتەوە.[1]

کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز

کراسنیخ . ئا.

## لە یادداشتەکانی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز کراسنیخ ژمارە 19

29ی یانوری 1947 لە وەڵامی سەردانەکەی کۆنسوڵی ئینگلیس کارس منیش چوومەلای. کارس چەند پرسیاری لە سەر ئازەربایجان هێنایە گورێ. وتی کە ئوستانداری تەورێز و فەرماندەی هێزەکانی ئێران نیگەرانی ئەوەن کە نەیانتوانیوە و ناتوانن ئەو چەک و تەقەمەنیەی کە لای دانیشتوان هەیە کۆبکەنەوە و دانیشتوانیش خۆیان چەک تەسلیم ناکەنەوە و هەروەها تا ئێستا نەیانتوانیوە دیمۆکراتەکان هەموویان بگرن(؟!) منیش بەراستی سەرنجی ئەوەم داوە کە فەرماندەی هێزەکانی ئێران جاروبار بە رادیۆ داوا لە خەڵک دەکات کە چەکەکانی خۆیان تەسلیم بکەنەوە و هەروەها دیمۆکراتەکانیش بناسێنن بە کاربەدەستانی دەوڵەت و تەحویلیان بکەنەوە. بەڵام ئێوە جەنابی کارس دەزانن کە چەند زەحمەتە دەوڵەتی ئێران چەک لە دانیشتوان کۆ بکاتەوە. بۆ وێنە لە عەشایری باشوری ئێران و کوردەکان وهتد. من پێم وایە کۆکردنەوەی

[1] ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی روسیای فیدراتیفی فوندی 094دۆسیەی 49پاکەتی369 کۆپیەی 44 ل ل 6-60

چەک لەم لایەنانەش ئاسانتر لەوانەی ئازەربایجان نیە. بەڵام سەبارەت بە گرتنی(؟!) تەواوی دیمۆکراتەکان کێ ژمارەی ئەوانە دەزانێت کە چەندن؟

کارس لەم بارەوە باسی پراکتیکی خۆیان لە هێند کرد کاتێک کە دەسەڵاتداران دەیانویست لە گوندێک چەک لە خەڵک بستێننەوە کە سەرکەوتو نەبوون. پاشان کارس باسی دەست پێکردنەوەی بەرتیل و مەوادی موخەدری کرد کە کاربەدەستانی ئێران لەگەڵ خۆیان هێناویانن.

سەبارەت بە تالان کردنی ماڵە ئەرمەنی و ئاسوریەکانی لە ناوچەی ورمی کرد و وتی لە وانەیە هۆکەی جیاوازی ئایینی بێت. منیش وتم پێم وا نیە زەمینەی ئایینی هەبێت و ئەگەریش وا بێت تەنیا ئەم هۆیە یا هۆی سەرەکی نیە. لە بەر ئەوە لەم چەند ساڵانەی دوایی هیچ گێرە و کێشەیەکی ئایینی لەم ناوچەیە نێوان دانیشتوانی ئەوێ روی نەداوە و لەمێژە شەڕی نێوان ئایینەکان نەماوە. من پێم وایە تالان کردن و تەنگ پێ‌هەڵچنینی ئاسوری وئەرمەنی لە ناوچەکە هۆی سیاسی هەیە. لە بەر ئەوە ئەو گەلە لە باری پێشکەوتن و دیمۆکراتیەتەوە پێشرەوترن. هەر بۆیە ئەوانە بوونەتە قوربانی کۆنەپەرستان و خەڵکی دواکەوتوو و فاناتیزمیان دژی ئەوان هانداون.

کارس وتی کە هەوالم پێ‌گەیشتوە کە لە عێراقەوە برای مەلا مستەفا عەشایری نوێ بۆ یارمەتی دانی ناوبراوی هێناوە و خۆیان بۆ بەربەرەکانی ئامادە کردوە لە بەر ئەوە کوردەکانی عێراق لە چاو کوردەکانی ناوچەی (ئێران) دڵنیا ترن.

من بۆچونێکی وام بۆ دروست بووە کە پەرسەندنی بەربەرەکانی کوردەکان دژی سوپای ئێران بە دەستی ئینگلیسەکان بێت. هەروەها وا بیر دەکەمەوە کە ئینگلیسەکان خەریکن لە ناو کوردەکانا جێ پێی خۆیان بەهێز بکەن و هەوڵ ئەدەن کە نەتەنیا لای رژێمی ئێران چەک لای کوردەکانی ئێران بهێڵنەوە بەڵکو زیاتر چەکداریان بکەن. دوور نیە کە هاتنی باوک ژنی مەلا مستەفا لە عێراقەوە بە یارمەتی ئینگلیسەکان بووە. شک و گومان لەوەدایە کە نە عێراق و نە ئینگلیسەکان تا ئێستا هیچ هەنگاوێکیان بۆ ئەو هاتنە خودسەرانەی عەشایری نوی کورد لە عێراقەوە بۆ ئێران هەڵنەگرن. هەر چەند کە سەروکۆلە مەزاج دیمۆکراتەکانی عەشایری کورد گیراون و دەوری ئێمە ئێستا لە ناو کوردەکان نەماوە و تێکچووە.

**وتووێژی ئیوانۆڤ.ن ڕاوێژکاری باڵیوزی سۆڤیەت لە ئێران**
**لەگەڵ پیرنیا جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێران**
**25ی یانوری 1947 ژمارە 83**

لە لایەن سەفارەتەوە چوومەلای لە تەلاری (قەسری)گوڵستان و سەبارەت بە سەفەرەکەی بۆ ئازەربایجان روونکردنەوەیەکم ویست هەروەها لە سەر کاروباری دەوڵەت لە ئازەربایجان پرسیارم کرد. لە سەر ئەنجامی ئەو لێکۆلینەوەیە کە بڕیار بوو کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران لە ئازەربایجان ئەو کەسانە سزا بدەن کە هێرشیان کردبووە سەر دامودەزگاکانی سۆڤیەتی و خەڵکی سۆڤیەتی هەروەها قەرەبو کردنەوەی ئەو زیانانەی کە لەو دامودەزگا و خەڵکی سۆڤیەت لە دیکابری 1946 لە ئازەربایجان کەوتوە. پیرنیا وتی کە هەر چەن زیانتان پێگەیشتوە تا 14ی دیکابری 1946 ئێمە بەرپرسیار نین واتە تا هاتنی سوپای ئێران بۆ تەورێز. منیش وتم ئەو زیانەی کە بە ئێمە گەیشتوە 2200000(دوو ملیۆن ودووسەد هەزار) ریاڵی ئێرانیە.[1]

**راپۆرتی کراسنیخ کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز**

13ی دیکابر کاتژمێری 17 سوپای ئێران هاتە ناو تەورێزەوە. فەرماندەی ئەم هێزە ژێنراڵ هاشمی‌یە کە بۆ کاتژمێری 20 هەمان رۆژ هاتە لای من و بەڵێنی پێدام کە هەموو هەنگاوێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هاوسی مەزن و دۆستی ئێمە واتە یەکێتی سۆڤیەت هەڵگرێت و بەڵێنی دا کە پۆستی پاسەوانی بۆ نەخۆشخانەی سۆڤیەتی ناوەندی بازرگانی، ناوەندی کولتوری، ئێران سوفترانسپۆرت وهتد نزیک بە کۆنسولخانەدا بنێت. ناوبراو وتی کە ئامادەیە نزیک بە کۆنسولخانە پۆستی پاسەوانی دابنێت. منیش وتم سوپاس بۆ کۆنسولخانە پێویست ناکات. لەم چاوپێکەوتنەدا ئوستاندار جاوید و سەرۆکی پارلەمانی ئازەربایجان شەبۆستەری بەشدار بوون. چواردەی دیکابر تێکهەڵچون لە شار پەرەی سەندوە هێرش بۆ سەر داموودەزگاکانی سۆڤیەتە و خەڵکی سۆڤیەتی بەردەوامە. ئوستاندار لە سەر ئەم روداوە بە شێوەیەکی رەسمی پرۆتیستی

---

[1] ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی روسیای فیدراتیڤی فۆندی 094 کۆپیەی 38 دۆسیەی 49 ل4

خۆی بۆ ژێنراڵ هاشمی راگەیاند. هەمان رۆژ من چوومەلای جاوید و شەبۆستەری بەڵام لەراستیدا ئەوان گیراون و دەست بەسەرن. 13ی دیکابریش کەبیری دەگرن.

21ی دیکابر کۆمسیۆنێک بە سەرکردایەتی پیرنیا هاتە تەورێز. لە 22ی دیکابر لە سەر داخوازی وی چوومەلای پیرنیا. پیرنیا وتی من لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو زەرەر و زیانەی کە بە سۆڤیەت و خەڵکی سۆڤیەت کەوتوە هاتومەتە تەورێز.[1]

(لە کۆمەڵە بەڵگەیەکی تر باسی تالانکردنی سەروسامانی خەڵکی سۆڤیەتی و داموودەزگاکانی لە ئازەربایجان دەکات تەنانەت هێرش بۆ سەر ماڵەکانیان لە تەورێز و شارەکانی تر گرتن و دار لێ دانیان لە لایەن پاسەوانەکانی رژێم کە بە پێویستم نەزانی دووپاتیان بکەمەوە) (نووسەر)

ئینگلیسەکان هەوڵ ئەدەن لە ئازەربایجانی کوردستان خۆ بەهێز بکەن. لە رێگای کوردەکانەوە وەک عەشایرەکانی باشوری ئێران ئەوانە هێز و پالپشتی خۆیان ئەدۆزنەوە کە دەوڵەتی ئێرانیش ناچارە لە سەر ئەم هێزە حساب بکات. بەڵام وادیارە ئینگلیسەکان نایانەوێ دەوری خۆیان لە کوردستان لەگەڵ ئەمەریکایەکان بەش بکەن. هەر بۆیە ئەمەریکایەکان بۆ جێ پێ قایم کردنی خۆیان لە کوردستان زوو زوو هاتوچۆی ئەوێ دەکەن.[1]

لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کۆنسوڵی تورکیا کازم خەستک لە 30ی یانوری 1947 کازم بەگ پەروشی خۆی بەرامبەر بە روداوەکان دەربری و گوایا بە قسەی ئەو ئازەربایجانیەکان لە سەرەتاییترین مافی خۆیان بێبەشن. وتی: لە هیچ وڵاتیکی دونیا شتی وا نەبووە کە چەند ملیۆن مرۆڤ مافی ئەوەیان نەبێت بە زمانی زگماکی خۆی بدوێت و لێی یاساخ بکرێت. نابێ گەلێک ناچار بکرێت کە زمانی خۆی لە بیر بکات.

---

[1] هەمان سەرچاوە... ل 55

[1] هەمان سەرچاوە ل 71 – 70

ئـەویـش ژمـارەیـەکـی وا زۆر. لوبنـان و هـەنـدێ وڵاتـی تـر کـە ژمـارەیـان لـە ئازەربایجانیەکان کەمترە سەر بەخۆیی خۆیان هەیە. *

کازم خەستک لە درێژەی قسەکانی وتی کە پێویستە ئازەربایجانیەکان سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان هەبێت. پاشان لە سەر بێبەزەیی کاربەدەستانی ئێران و کوێرەوەری گەلی ئازەربایجانی قسەی کرد و وتی: ئاشکرایە کە بارودۆخێکی ئاوا ناتوانێت زۆر درێژە بکێشێت و لە ئازەربایجان بزووتنەوەی نوی سەر هەڵدەدات.[2]

**چاوپێکەوتنی سکرتێری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز سەنگینوڤ لەگەڵ بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و بارهێنان سادقی نەجات(نەژاد)**

لەگەڵ هاورێ عەلی عەسکەروڤ سەرۆکی قوتابخانەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە 3ی فیورال 1947 چوینە لای نەجات. وتم کە ئێمە (سۆڤیەتیەکان) لە 1944 قوتابخانەمان لێرە (ئازەربایجانی ئێران) دروست کرد تا ئێستا 320 قوتابی تێدا دەخوێنن کە زۆربەی لەوانە ئازوری و ژمارەیەکی کەمیان ئەرمەنیە. خوێندن بە زمانی ئازەرییە و لە پولی سێهەمەوە خوێندن بە زمانی فارسی دەست پێدەکات. /پەرتوک و قەڵەم و کاغەزیان لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە بۆ هاتووە.[3]

**راپورتی کراسنیخ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز سەبارەت بە بارودۆخی موهاجیر یا پەناهەندەی دانیشتوانی ئازەربایجان پاش هاتنی سوپای ئێران بۆ تەورێز**

تەنیا لە شاری تەورێز زیاتر لە دە هەزار موهاجیر هەیە کە زۆربەیان ئازەری و روس و ئوکرائینی و تاتارە ئەمانە هەموویان دانیشتوانی ئێران بوونە و تەنیا لە 1942 3هەزار نەفەر لە وانە داوای پەناهەندگیان لە ئێمە (سۆڤیەت) کردوە و لە نێوان

---

* رژیمی تورکیا لە کاتی پێگرتن و پەرسەندنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی ئازەربایجان لە ئێران لە هیچ پیلان و دژایەتیێک درێغی یان نەکردووە و لە باتی ئەوەی یارمەتی یان بدەن لە گەڵ رژێمە داگیرکەرەکەی ئێران بۆ لە ناو بردنی ئەم بزوتنەوەیە ئەو پەری هاوکارییان کرد کەچی پاش نەمانی دەسکەوتەکانی ئازەربایجان فرمێسکیان بۆدەرژێنن.(نووسەر)

[2] هەمان سەرچاوە ل 73

[3] هەمان سەرچاوە ل 71 – 70

1946 – 1945 2هەزار نـەفـەری تر لـە کۆنسوڵخانـەی ئێمـە داوای پـەناهـەندەگییـان کردو و داخوازیان نوسیوە بەڵام وەڵامیان وەرنەگرتوەتەوە. ئەگەر لـە رابوردو دا هۆی گەرانەوەیان بۆ سۆڤیەت لە بەر بێکاری بوو بـەڵام ئێستا تـەنـگ پـێ‌هـەڵچنین و زوڵم و زۆر و گرتن و کوشتن لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بۆتە هۆی داخوازەکە گوایا لـە بزووتنەوەی ئازەربایجان بەشداری چالاکانەیان کردوە.

لە داخوازییەکی بە کۆمەڵ کە دە نەفەر ئیمزایان کردوە لـە رێکـەوتـی 15ی یـانوری 1947 دەنوسن:

"پیاوەکانمان کوژراون ئێمـە لـە برسیەتـی و سـەرمـا دەژین، منداڵـەکانمـان لـە برسـانا دەمرن، تەواوی سەروسامانیان تالان کراوە، لە ناو دەچین، رزگارمان بکەن".

لە 4ی فیورالی 1947 دەستەیەک لە ژنانی موهاجیر رادەگەیەنن:

"ئێمە روسین و ئافرەتی چارەرەشین لە بەر منداڵ و مێردەکانمـان کـەوتینـە وڵاتێکـی بێگانـە واتـە ئێـران دوای هـاتنـی سوپای ئێـران بـۆ ئـازەربایجـان بـاری ژیانمـان هـەنـدە ناخۆش و پڕ لە کولەمەرگی‌یە کە لە نوسیندا نایەت. لە هـەمـوو شـوێنێـک راومـان دەنێن و دوامان دەکەون. سوکایەتیمـان پـێ دەکـەن. بـێ‌کـار و برسیین. ئێمـە بـە بـێ‌پشتیوان بـە شێوەیەکی سووک لە ناو دەچین. ژیانی ئێمە و منداڵەکانمـان لـە دەستـی ئێوە دایـە. دەستـی نیشتمانی بەهێزە. ئێمـە بـەڵێن و پـەیمـان بـە دایکـی نیشتمان سۆڤیەت و باوکمـان ستالین دەدەیـن کـە بـە پـاکی خزمـەت بکـەیـن و فێـر بـین بـۆ بـەرژەوەنـدی نیشتمانمان یـەکێتـی سۆڤیەت".

کراسنیخ چەند وێنەیەکی تر لەم بارەوە دەهێنێتەوە:(نووسەر)

"لـە نامـەیـەکـی تـر بـە ئیمـزای 48 نـەفـەر دەنوسـن کـە گاڵتـە بـە ئێمـە دەکـەن، خۆشەویستەکانمان، کوران و پیاوانمان دەگرن و دەکوژن، لـە بـازار و دوکـانـەکـان هیچ شتێک بە ئێمە نافرۆشن، لە ماڵەکانا دەرمان ئەکەن. کاربەدەستانی ئێرانی ژمارەیەک لـە خەڵک کە روون نەبوو بە تاوانی سیخوری بۆ سۆڤیەت زیندانی دەکرێن. ژمـارەیـەک لەو خەڵکە دوای شۆرشی ئۆکتوبەر 1917 و هەنـدیـک لـە 1938 ژمـارەیـەک لـە بـەر کار و یا خۆ پێکەوە نانی بنەماڵە یا خۆ کار کردن لە دامودەزگاکـانی سۆڤیەت لـە ئێران هەڵگیرساونەتەوە.

کراسنیخ دەنوسێت ئێمە وەزارەتی دەرەوەی خۆمان لەم بارەوە چەند جار ئاگادار کردۆتەوە بەڵام وەڵامێک نیە نە پۆزەتیڤ و نە نێگەتیڤانە.[1]

راپۆرتی کراسنیخ بۆ بالیۆزی یەکێتی سۆڤیەت و بەرپرسی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراستی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت سیچیڤ لە 13ی 1947.

نامەی خوارەوەتان ئاراستە ئەکەم کە لە لایەن هاوڕێ شەریف لێیەوە کە نوێنەری ناوەندی پەیوەندیەکانی کولتوری سۆڤیەت لە ئازەربایجانی ئێرانە و لە 10ی فیورالی 1947 نوسراوە.

"بە پێی ئەو بریارەی کە پێکەوە دامان لە 1947/12/9 چوومە ماڵی سەرۆکی بەشی پەیوەندیەکانی کولتوری سۆڤیەت لەگەڵ ئازەربایجان سەفوەت. جەنابی سەفوەت هێشتا هەر نەخۆشە و لە سەر جێ کەوتوە و زۆر نارەحەت بوو بە سەردانەکەم پێی دەکەنی و دەگریا لە خۆشی یانا. بەم چەشنە دەستیکرد بە قسە کردن: "دوای هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ تەورێز هەندێ چەکدار رژانە ناو ماڵەکەم و دەستیان بە لێدان و تێکوپێک دانی ماڵەکە کرد. هەموو سەروسامانیانمی تالان کرد. جگە لە فەرشێک کە بە دیوار دا هەڵواسرابوو.

کاتێک لێیان ئەدام دەیانگوت "دەبخۆ" بەلشەویک تۆ پاداشت وەرگرت، کۆمۆنیست".

بە قۆنداخ لە سەریان دام و برینداریان کردم کە تا ئێستاش ساریژ نەبووە. دوای لێدان منیان بردە پۆلیس. لەو رۆژەوە تا ئێستا نەخۆشم و هەست بە لاوازی دەکەم. سەرەرای ئەوەی کە ناوی ئەو کەسانە لای کاربەدستانی خۆجێیی ئاشکرایە تا ئێستا هیچ هەنگاوێکیان بەرامبەریان هەڵنەگرتوە و لە سەروسامانەکەی من هیچیان نەگێراوەتەوە و تاوانبارەکان سزا نەدراون ناوبراو وتی کە ئەم تاوانە کاتێک روی دا کە سوپای ئێران و دەسەڵاتداران لە شار بوون.

هاوڕێ سەفوەت داوای زۆری کرد کە ئەم بە سەرهاتە بگەێننە هاوڕێیان کامینوڤ و میرجەعفەر باقیروڤ. ناوبراو زۆر لەو بارودۆخەی ئێستا تەورێز

[1] لە هەمان سەرچاوە........لاپەرەی76- 78

نارازییە. خۆدسەری کۆنەپەرستان، گرتن، کوشتن و راونان و بەدوا کەوتن، ترساندنی خەڵک کە لە هەلومەرجێکی ئاوا مرۆڤ ناتوانێت هەست بە ئارامی و سەلامەتی خۆی بکات و لە دواییدا وتی "شتێکی وا باشتر لەوانە چاوەروان نەدەکرا".

ژیانی مادی وی باش نیە، ناوبراویان لە کار دەرکردوە و هیچ شتێکی نیە پێی بژێت.[1]

## لە یادداشتنامەی رۆژانەی کۆنسوڵی سۆڤیەت کراسنیخ لە تەورێز 14ی فیورالی 1947 ژمارە 27

10ی فیورالی 1947 سەردانی دوخیرم کرد کە لە تارانەوە هاتوە کە بۆ شێوەیەکی کاتی هاتوە و جێگری سوتوون کۆنسوڵی ئەمەریکا لە تەورێزە. دوخیروتی کە ئەو ئێستا لە سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران کار دەکات و ئیشوکاری لە سەر عەشایری باشوری ئێران و کوردەکانە. ناوبراو لەم رۆژانە لە ورمی بووە پرسیارم لێ کرد. دەنگوباسی ورمی چییە ئایا لەوێ هێمنایەتییە؟

دوخیر وتی: "ئێستا لەوی هێمنایەتییە بە روالەت، بەڵام لەراستیدا هێشتا وانیە راونان و ئازاری دانیشتوانی ئەرمەنی و ئاسوری بەردەوامە بەڵام ئەو پێی وایە کە دوای گەشتەکەی بۆ ئەوێ ئێستا ئەو ئازار و زوڵم و زۆرە کەم بۆتەوە. دوخیر هەروەها وتی بەداخەوە لە ئێران سیاسەتی دەوڵەت لە توندرەویکەوە بۆ توندرەوێکی تر دەگۆردرێت هەر چەند دوخیر لە کوردستان بووە. من پرسیارم لێ کرد کە مەزاج (دەنگوباس یا روحیەی) سەرۆکەکانی کورد چۆنە، دوخیر وتی کە باروەدۆخی کوردستان هێشتا دیار نیە و ناوبراو بە شێوەیەکی نێگەتیڤیانە.

سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە قازی موحەمەد هەڵسەنگاند و وتی کە قازی موحەمەد پێشکەوتوترین مرۆڤە لە تەواوی کوردستان. لێرە من ئەوەم بۆ ئاشکرا بوو کە مرۆڤێک لە بەر ئەوەی کە پێشکەوتوانە بیر دەکاتەوە بە مەرگ تاوانبار بکرێت و ئەمە شتێکی ترسناک و سەرسام هێنەرە. دوخیر وتی بەڵێ قازی موحەمەد تاوانێکی نەکردبوو بەڵام ئەوەشی وت کە لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ عومەر خان ناوبراو (عومەر

[1] لە هەمان سەرچاوە.....ل 81 و **82**

خان) وتی کە "یەک موو لە سەر قازی موحەمەد ناکەوێت و ئەگەر بێتوو بە پێچەوانە بێت تەواوی کوردستان رادەپەڕێت". لەم هەموو وتنانە من بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئەمەریکایەکان بۆ گۆڕینی بڕیاری لە داردانی قازی موحەمەد و براکەی هەنگاو هەڵدەگرن و ئەو حوکمە جێبەجێ نەکرێت. [1]

**نامەیەک لە لایەن سەرۆکی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراستی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بۆ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز کراسنیخ و بالیۆزی سۆڤیەت لە ئێران سادچیکوڤ 15 مارتی 1947**

**لە سەر وتووێژی ئێوە لەگەڵ کۆنسوڵی تورکیا لە تەورێز کازم خەستک لە رۆژی 1947/1/30**

بۆچونی ئێوە سەبارەت بە چالاکی تورکەکان لە ناوچەکەدا لەوانە ئاژاوە نانەوە لە نێوان گەلانی ناوچە و بڵاوکردنەوەی بیروباوەری پانتورکیزم لە ناو ئازەربایجانیەکاندا راستە. هەر بۆیە دەبێ بایەخێکی تایبەت بەم کێشەیە بدەن و ئێمە لە سەر چالاکی تورکەکان لە ئازەربایجانی ئێران ئاگادار بکەنەوە. سەبارەت بە راگەیاندنی کازم خەستک کە وتویەتی ئەو بارودۆخەی ئازەربایجان لەوانەیە ببێتە هۆی بزووتنەوەیەکی نوێ ئاشکرایە شتێکی پراڤاکاسیونانەیە. ئێوە دەبوایا لە دەربرینی بیروباوەری خۆتان دورەپەرێزیتان کردبایا نەک پشتیوانیتان لە راگەیاندنی وا کردبایا لە بەر ئەوە وتنەکانی ئێوە سەبارەت بە "سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نوێ و دیمۆکراتیک لە ئازەربایجانی ئێران" لەوانەیە بە مەبەستی کەلک وەرگرتن لە چالاکی دژی سۆڤیەتی بێت. [1]

## راگەیاندنی کراسنیخ 18ی مارتی 1947 ژمارە 53

سەبارەت بە دەربرینی دوژمنانەی هەندی خوێندکار کە لە باکو گەراونەتەوە و لە چاپەمەنیەکانی ئێران بڵاو بوونەتەوە.

---

[1] لە هەمان سەرچاوە....ل 83

[1] هەمان سەرچاوە....ل84

بڵاو كردنەوەی ئەم شتانە لە زمانی ئەو خوێندكارانەوە كە لە باكۆ گەڕاونەتەوە لە لایەن كۆنەپەرستانی خۆجی بۆ بڵاو كردنەوەی پراڤاكاسیای جۆراوجۆر و بوختان كردن دژ بە سۆڤیەت كەڵكی لێ وەرئەگیرێت. چاپەمەنیەكانی تەورێز یەك لە سەر یەك وتار و چاوپێكەوتنی دژی سۆڤیەتی ئەم خوێندكارانە بڵاو دەكاتەوە. ماوەیەك لەمەو بەر دەسەڵاتداران داخوازی دایكانی ئەو خوێندكارانەی كە كورەكانیان لە باكو خەریكی خوێندن بوون بۆ قەوام بڵاو دەكەنەوە و داوای لێ دەكەن كە بۆ گەڕاندنەوەی كورەكانیان لە باكۆ بۆ وڵات هەوڵ بدات.

هەروەها رۆژنامەی "اختر شمال" لە 16ی مارتی 1947 وتاری یەكێك لەو قوتابیانە بە ناوی كەریمی گول عەباس بڵاو كردبووە. ناوبراو لە باكۆ گەڕابویەوە. تێدا دەڵێت كە ئەو خوێندكارە دیمۆكراتانە لە باكۆ دەستور لە پیشەوەری وەردەگرن و جێگا و ئیمتیازی تایبەتیان لە پەیمانگەكان یان لە ئەنیستیتوكانی ئەوی و هەروەها لە خەوگا (قیسمی داخیلی) هەیە و دەسەلاتیان بە سەر قوتابیەكانی تری ئێرانیدا هەیە، نوسەری وتارەكە هەروەها بە دڵ رەشی باسی ژیانی دیمۆكراتەكانی ئازەربایجان لە باكۆ دەكات. رۆژنامەكە كە ئەم وتارەی بڵاو كردوتەوە لە سەر دێرەكەی و ناوەرۆكەكەی ئێرانیەكان لە داهاتوی پیشەوەری ئاگادار ئەكاتەوە. دوێنی رۆژنامەی "نهضت" وتووێژی یەكێك لەو كوردانەی بە ناوی حەبیب الله قاسملو كە لە باكو گەڕاوەتەوە لە چاپداوە و لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەوانەكە دەڵێ كە رۆیشتنی كوردەكان بۆ خوێندن بۆ باكو لە لایەن و بە دەستوری ژێنراڵ سۆڤیەتی ئاتاكیشیڤ بووە، پاشان نوسەر باسی خراپی ژیانی خوێندكاران لە باكۆ دەكات و باسی نانی رەش دەكات كە خواردویانە، ناوبراو هەروەها دەڵێ كاتێك كە خوێندكاران دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ ئێران و لە كاربەدەستانی باكۆ داوایان كردبوو وەزیری پەروەردەی ئازەربایجانی دێت و هەڕەشەیان لێ دەكات. دوای ئەوەی ناوبراو دەگرن و لە سایەی سەری دەست تێوەردانی كۆنسوڵی ئێران ناوبراو ئازاد دەكرێت و دەگەڕێنەوە ئێران. قاسملو هەروەها باسی چارەرەشی و خراپی ژیانی دیمۆكراتەكانی ئازەربایجان دەكات.[1]

---

[1] هەمان سەرچاوە....ل88

## بارودۆخی زیندانەکانی تەورێز وتووێژ لەگەڵ زیندانی ئازاد کراو لە تەورێز 25ی مارتی 1947

یوسف عەباس عەلی‌یڤ خەڵکی ئێران و فەرمانبەری ناوەندی کولتوری لە 11ی فیورالەوە بۆ 18ی مارت لە زیندانی تەورێز بووە دوای ئازاد بوونی عەلی‌یڤ باسی زیندانەکانی تەورێزی بەم چەشنە کرد:

لە تەورێز دوو زیندانی هەیە یەکێک سەربە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ئەوی تریان لە دەرەوەی شارە و بە زیندانی گەورە یا "شهر نو" بەناوبانگە.

12ی فیورال کاتێک منیان بردە زیندانی شار زیاترلە چوارسەد نەفەر گیراویان لە هۆڵی گەورە زیندان کۆکردبۆوە. بۆ هەر گیراوێک نیو میتر جێگای ئەدەنێ لەم جێگایەدا ئێمە دادەنیشتن، خواردنمان دەخوارد، دەنوستین و کاتمان دەبردەسەر. جگە لەوە لە ناوگیراوەکاندا توجارمت بە جێگاکانیش دەکرا. هەندێک جێگای خۆیان بە 15 تا 30 ریاڵ دەفرۆشت و بۆخۆیان شەورۆژ لە سەر پێ رادەوەستان. بە گیراوەکان جگە لە دووسەد گرام نان و هەندێک پەنیری سوێر و ئاوی گەرم هیچی تریان پێ نەئەدان. زۆربەی ئەو گیراوانە کە کەسوکاریان لە تەورێز نیە لە بەر تێر نەبوون و برسیەتی هەڵماسیون. هیچ شتێک بۆ بارودۆخی تەندروستی گیراوەکان ناکرێت نەخۆشەکان لە ناو زیندانیەکان کەوتوون و جیا ناکرێنەوە. خوێندن و نوسین بۆ زیندانیەکان بەربەست کراوە. تەنیا رێگا بە خوێندنەوەی رۆژنامەکانی "اطلاعات" و "شاهید" ئەدەن. بەرتیل و رەشوە وەرگرتن لە ناو کاربەدەستانی پۆلیسی زیندان باو و لە پەرسەندندایە، بۆ وێنە بۆ رێکخستنی دیداری گیراوەکان لەگەڵ کەسوکاری خۆیان کە لە پەنجا ریاڵەوە تا سەد ریاڵ رەشوە وەردەگرن. بۆ زیاد رۆیشتنی تەوالیت (ئاودەس) دە تا بیست ریاڵ بەرتیل وەردەگرن.

لە کاتی پرسینەوە لە گیراوەکان کە ئایانەوێ دان بەو تاوان و بوختانانەی کە بۆیان دروست کردون، پۆلیسەکان تا لە هۆش چۆن لێیان ئەدەن.

رۆژانە 10 تا 15 گیراو ئەهێننە ئەو زیندانە. لە زیندانی شاری ئەوێش هەروا بە بۆنەی ساڵی نوێوە لەم زیندانە هەموو گوێزرانەوە بۆ زیندانی گەورە و هەندێکیش

ئازاد کران. هەموو گیراوەکان بە سیخوری روس ناودەبەن یەکەم پرسیاریان لە وانە ئەوەیە کە چەندە لەگەڵ روسەکان ئیش دەکەن و سیخوریەیان بۆ دەکەن؟

لە منیان پرسی بۆچی لەگەڵ روسەکان کار دەکەی؟ و پێیان وتم ئەگەر دان پێی نەنێیت گولەبارانت دەکەین. ماوەیەک لەمەوبەر ژێنرال زەرغامی سەردانی زیندانی کرد بەڵام نەهاتە هوڵی گەورەوە.

ئوستانداری پێشوی تەورێز دوکتۆر میهتاش و رێبەرانی تری پارتی دیمۆکراتی ئازەبایجان وەک دوکتور ئەورەنگ عەلی ماشین چی و رەحیمی بە جیا لە زیندان راگیراون و لە ژێر ئەشکەنجە دان. من کە مانگێک زیاتر لە زیندان بووم ورەی گیراوەکان یەکجار زۆر باشە. هەموویان یەک دەنگ هاوار دەکەن کە دیمۆکراتەکان لە ئازەبایجان کار و خزمەتی گەورەیان کردوە و دەڵێن کە زەمانێکی تر دێت دوبارە کیانی دیمۆکراتی ئەگەرێتەوە. [1]

سکرتێری کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت لە تەورێز

سەنگینوڤ

## لە یاداشتەکانی رۆژانەی کراسنیخ لە تەورێز

لەیەکی ئاپریلی 1947 ئالین سەفیری ئەمەریکا لە ئێران هاتە تەورێز. کۆنسوڵی ئەمەریکاش سوتوون بۆ سبەینێ بەم بۆنەوە ئێمەی بۆ چا خواردنەوە بانگ کرد. لەم بانگ کردن و قسە کردنانە بەو ئەنجامە گەیشتم:

1- چاوپێکەوتنی ئالین لەگەڵ بەرپرسیارانی لەشکەری (ژاندارمێری ئێران لە دەستی ئەمەریکایەکانە) بۆ راکێشان و پشتیوانی لە ئەمەریکایە.

2- ئالین دەچێتە ورمی و ژێنراڵ رەزمئارایش لەوێیە. واپێی دەچێت کە ئالین لەگەڵ سەرکردە کۆنەپەرستەکانی کورد بۆ بەشداری کردنیان دژی بەربەرەکانی بارزانیەکان کۆکردبێتەوە. نائارامی لە کوردستان لە بەرژەوەندی ئەمەریکایەکان نیە.

---

[1] هەمان سەرچاوە....ل92

3- سەرنج ڕاکێشەر ئەو فاکتەیە کە لە سەردەمی هاتنی ئالین قازی موحەمەد و سەدری قازی لە دار دا. گەرچی سوتوون و کۆنسوڵی پێشوی ئەمەریکا دوخیر بڵاویان کردبووە کە ئەوان واتە ئەمەریکایەکان هەولئەدەن حوکمی ئیعدامی قازی بگۆرن.[1]

## بۆ هاوڕێ سیچیڤ 23ی ئاپریلی 1947

لە لایەن کراسنیخەوە سەبارەت بە ناوەندی پەیوەندییەکانی کولتوری سۆڤیەت لە ئازەربایجانی ئێران "ڤۆکس" کە لە 1944 لە تەورێز کراوەتەوە لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ چالاکێکی زۆری بۆ ناساندنی کولتوری سۆڤیەتی لە ناو دانیشتوانی ئازەربایجانی ئێران کردوە یارمەتی گەشە پێدانی کولتوری ئازەربایجان بەتایبەتی زمانی ئازەری، بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی بڵاو بوونەوەی بزووتنەوەی دیمۆکراتیک کردوە. بە یارمەتی ناوەندی کولتوری هەندێ دامودەزگای کولتوری وەک زانکۆی تەورێز، تیئاتر، فیلارمونیا، موزە، باخچەی منداڵان، وهتد دروستکرا. بە هاتنی سوپای ئێران تەواوی ئەم دەسکەوتانە لە ناو چوون و داخران لە سەردەمی دەسەڵاتی دیمۆکراتەکان کاروباری ناوەندی کولتوری بە زمانی ئازەری بوو. هەر بۆیە لە ناو دانیشتواندا سەرکەوتنی زۆری هەبوو. لە روداوەکانی 2 تا 16 دیکابر تەواوی چالاکیەکانی ڤۆکس راگیران.

تەنیا پاش ماوەیەکی زۆر ڤۆکس بە نیشاندانی فیلمی سەفەری شەهبانو بۆ سۆڤیەت دەستی بە کاروباری خۆی کردەوە.[2]

---

[1] هەمان سەرچاوە...ل96

[2] هەمان سەرچاوە...ل 101

**لە یادداشتەکانی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەوریز کراسنیخ دەی ئۆگەستی 1947**

17ی ئەیولی 1947 لەگەڵ سەعیدزادە جێگری کۆنسوڵی چوینە ورمی. سەردانی ئوستاندارمان کرد و سەبارەت بە دواخستنی دەست پێکردنەوەی ناوەندی کولتوری پرسیارم لێ کرد. ناوبراو وتی کە لە بەر هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێران و گەشتەکەی شا زۆر سەرقاڵە. فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە کوردستان (لەشکەری 4) سەرلەشکەر هومایونی کە هاتبوە ورمی باسی ئەوەمان لەگەڵ کرد کە کاربەدەستانی سوپای سەر بە وی لە ناوچەی سەقز بەرگرییان لە ماشێنێکی ئێمە (ماشێنی ئێران سوڤترانسپۆرت) کردوە. هومایونی بەڵێنیدا کە ئەم روداوە روون بکاتەوە و هەنگاو بۆ بەردانی هەڵبگرێت ولەم بارەوە دەستوری پێویست بە بەرپرسیارانی نیزامی لە کوردستان ئەدات. هومایونی لە سەر کوردان پرسیاری لە ئێمە کرد و وتی: دەنگوباسی کوردەکانی بارزانی چییە کە ئێستا لە یەکێتی سۆڤیەتی دان. هەروەها سەبارەت بە وەڵام یا ئەنجامی ئەو نامەیەی کە بۆ کۆنسوڵی ماکو نوسیویەتی پرسیاری کرد. ئێمە لە وەڵاما وتمان کە هیچ شتێکی فەرمی (رەسمی) لە سەر کوردە بارزانیەکان نازانین. بەڵام بە پێی راگەیاندنی رۆژنامەکانی تاران ئێمە زانیمان کە ئەوانە پاش شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ئێران لە ناوچەی ماکو گوایە چونەتە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە. جگە لەوە من سەرسورمانی خۆم سەبارەت بەوەی کە بارزانیەکان توانیویانە سنورەکانی 3ی دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا ببرن و پاشان ئەم هێزانە بواری بدەنێ خۆ بگەێنینە سەر سنورەکانی سۆڤیەتی دەربری. سەبارەت بە نامەکەی وتم کە گەیەنراوەتە دەوڵەتی ئێمە.

پاشان هومایونی سەبارەت بە پاراستنی سنورەکانی ئێمە و ئێرانی کرد کە رەزامەندی خۆی دەربری کە تا ئێستا هیچ روداوێکی خراپ نەقەوماوە. بە وتەی ژێنراڵ سنورەکانی عێراق و تورکیا بە باشی ناپارێزرێن هەر بۆیە زۆرجار روداوی سنور برین(بەزاندنی) ناقانونی بەتایبەتی لە لایەن کوردەکانەوە دەقەومێت.

ئەم شتە بۆ ژێنراڵ سەرئێشانێکی زۆری دروست کردوە و هەر بۆیە بە دوای چارسەر کردنیدا دەکەوێت. بەتایبەتی ناوبراو ناچار بووە بۆ ماوەیەکی کاتی فرۆکە

بنێرێتە سەر سنورەکان کە بە رێگای بۆمباران پێشی هاتنی کوردەکانی عێراق بۆ لەوەرگاکانی کوردستانی ئێران بگرێت.

لەم بارەوە دژوارترین بارودۆخ بۆ کوردەکانی عێراق و کۆچەرەکان بەتایبەتی عەشیرەی هەرکی دەمێنێتەوە و تووشی ناخۆشی دەبن. چونکە ئەوانە هەموو ساڵێک هاوینان بە مەر و ماڵاتی خۆیانەوە دەهاتنە کوردستانی ئێران. ئەگەر بێتو کاربەدەستانی سوپای ئێران وەک هومایونی دەڵێت هەنگاوی وا هەڵگرن دەبێتە مەترسی کە هەرەشەی لە ناوچونی ئاژەلی عەشایری هەرکی دەکات.

لە ورمی هەروەها چاومان بە کۆنسوڵی تورکیا نەجیب بەگ لەم شارە کەوت. ناوبراو پێی وتین کە سەرۆکی گشتی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە بەر لاواز خۆپیشاندانی هومایونی لە شەڕ بەرامبەر بە کوردەکانی بارزانی نیشانەیەکیان یا دەرەجەیەکیان(ژێنراڵ هومایونی) لێ سەندۆتەوە. هەروەها دەرەجەیەکی ژێنرال ئەسناریان هێناوەتە خواری و کردویانە بە سەرهەنگ. لە لایەکی ترەوە دەرەجەی فەرماندەی پادگانی شنۆیان هێناوەتە خوارێ. هەنگاوی وا لەوانەیە لە بەر ئەوە بووبێت کە لە کاتی چالاکی سوپای ئێران بۆ لە ناوبردنی بارزانیەکانی فەرماندەی ئەو هێزانە بەتایبەتی لە کاتی چونیان بۆ عێراق لەوانەیە چاویلکەیان پاک یا سربیێتەوە. نەجیب بەگ هەروەها وتی کە ئەفسەرانی ئەمەریکایی ئێستا بۆ دەرکردنی مەلا موستەفا بۆ عێراق یارمەتی سوپای ئێرانیان دا بەربەرەکانی مەلا مستەفا کە لە وانەیە عەشایری تری کورد بۆ یارمەتیدانی بارزانی بێنە ریزیانە هێندە جیدییە کە ئەمەریکایەکان شوێنێکیان بۆ دروست کردنی فرۆکەخانە لە ناوچەی ورمی دیاری کردوە.

کۆنسوڵی تورکیاش خەستەک چالاک بووە و پەیوەندی بە وتەکانی ترومینەوە هەیە کە وتویەتی یارمەتی تورکیا و یۆنان ئەکات. ناوبراو زۆر جار لەگەڵ کۆنسوڵی ئەمەریکا سوتوون چاوپێکەوتن ئەکات.[1]

مەبەستی شا لە گەشتەکەی بۆ ئازەربایجان لە مانگی ئەیونی 1947 نیشاندانی پاتریاتیزم (نیشتمانپەرستی) و شاپەرستی خەڵکی ناوچەکە و هەروەها وەفادارییان بۆ شا و بۆ ئێران بوو. شا هەندێ جار بۆ وەرگرتنی داواکاری خەڵک (عریضه) ماشێنەکەی

---

[1] هەمان سەرچاوە ...........ل 157- 162

رادەگرت و بە پۆلیس دەستوری دابوو کە نابێ پێشی ئەو خەڵکە بگرێت کە "هەستی خۆی دەرئەبرێت" شا چوار رۆژ لە تەورێز بوو و سەردانی شارەکانی مەرەند و خوی و ماکو و شاپور و ورمی و مەهاباد و مەراغەی کرد. لە چواری ئەیول گەرایەوە بۆ تەورێز پاشان لەوێوە چوو بۆ سەراب و ئەردەویل و ئاستارا و لەوێشەوە بۆ پەهلەوی سەفەری کرد. لە1947/2/2 سەردانی خوی وماکۆو شاپورومەهابادی کرد شا چاوپێکەوتنی لە گەڵ نوێنەرانی عەشایری کوردی هەبوو. لە ماکو ناوبراو کوردەکانی عەشیرەی جەلالی "بەخشی" و "ئازادی پێدان" چاپەمەنیەکانی لەم ماوەیەدا زۆر جار ناوی مەنسور لەگەڵ ناوی شا دینن و ناوی قەوام نابەن.

لە کاتی گەشتەکەی شا گرتن و راونان و کوشتن بۆ ماوەیەک راگیرا بەڵام بە رۆیشتنی وی دوبارە دەستی پێی کردەوە. لە 10ی ئەیونی 1947 دەستوری شا سەبارەت بە هێنانە خوارەوەی یا کەم کردنەوەی ماوەی تاوانی زیندانیەکان لە کوردستان و ئازەربایجان دەرچوو. لە راپورتی کراسنیخ لە تەورێز 10ی ئەیونی1947 . [1]

وتووێژی جێگری کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز سەعیدزادە لەگەڵ سەرۆکی بەرێوەبەرایەتی ئوستانداری ئازەربایجان مووسەق 19 ئەیون چوومە لای. ئەویش بە بۆنەی ئەو داواکاریەی کە ماوەیەک لەمەوبەر مووسەق سەبارەت بە کوردە بارزانیەکان رایگەیاند کە بەشێک لە بارزانیەکان لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە ناوبراون و بەشێکیانیش چوونەتە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە. منیش وتم کە ئاگام لە راگەیاندنی ئەوتۆ نیە. بەڵام ئیمرۆ لە رۆژنامەی "فریاد" خوێندمەوە کە کوردەکانی بارزانی* لە ناوچەی ماکووە گەمارو دراون و ئێستا نێوان کوردەکان و سوپای ئێران شەرە. [2]

---

[1] هەمان سەرچاوە ..........ل 164 – 165

* خوێنەران دەتوانن بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەربەرەکانی بارزانیەکان لەو ریپێوانە مەزنەدا تەماشای پەرتوکی "بارزانی نەمر لە هەندی بەڵگە و دیکۆمینتی سۆڤیەتیدا" کە لە لایەن نوسەری ئەم بەرهەمەوە ساڵی 2003 کە لە هەولیر بە چاپ گەیەندراوە.

[2] هەمان سەرچاوە ..........ل 162 – 157

## بە کۆمەڵ کوشتن و لێدانی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان لە یادداشتەکانی کراسنیخ یانوری 1947

بە پێی بریاری دادگای نیزامی – سەحرایی ئەفسەرە دیکتاتۆرەکانی رژێم لە سێی یانور حەمزە ئەفسەری سوپای میللی ئازەربایجانیان گولەباران کرد. هەموو ئەوانە لەو کەرتە ئەفسەرانە بوون کە بریاری مەجلیسی ئازەربایجانیان "کە بەربەرەکانی نەکرێت و رێگا بە سوپای ئێران بدرێت بێتە ئازەربایجانەوە" جێبەجێ کرد. ئەوانە هەڵواسران و گولەباران کران. ئەفسەرانی بەناوبانگ وەک ژێنرال کەبیری، ژێنرال ئەعزەم، پالکوڤنیک قولی سوبحی و ... لە ریزی ئەو گولەباران کراوانە دان.

هەر رۆژ دەیان نەفەر لە زیندانەکانی رژێم بە هۆی برسیەتی و نەخۆشی و ئەشکەنجە دەمرن.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوە زیندانیەکان لە بارودۆخێکی نامرۆڤانە و ترسناکدا دەژین. رۆژانە لە زیندان خەڵک لە برسیەتی و نەخۆشی جۆراوجۆر بە دەیان نەفەر دەمرن. هەروەها فاکتی واش بە دەستەوە کە لە ئەنجامی بارودۆخی دوور لە تاقەت (غیرقابل تەحەمل) گیراوەکان خۆیان داوا دەکەن کە گوللە بارانیان بکەن.

فەرماندەی فیدایەکانی شاری مەرەند میرکازم بە رووتی لە ژێرخانی شێیدار (نمناک) کە دڵۆپەی کردوە راگیرابو داوای تیرباران کردنی خۆ دەکات تا لەو ئازار و ئەشکەنجەدا رزگاری بێت. لە 4ی مای 1947 میرکازم لەگەڵ هاورێ فیدایی خۆی عەلی ئەکبەری سابیری لە شاری مەرەند هەڵواسران. هەر لەم رۆژە دا فەرمانبەری پۆلیس لە تەورێز ----- رەحیم ئەڵڵا وەردی ئیعدام کرا. 5ی مای مایور ئەنساری و پینەچییەک بە ناوی ئارتون و یەکێک لە دیمۆکراتە کۆنەکان داداشی تەقی‌زادە کە دوو ساڵ لە زیندان بوو و تەنیا بە هاتنی سوپای سور ئازاد کرا هەموویان لە دار دران. لە سەردەمی هاتنی شا بۆ تەورێز فەریدونی ئیبراهیمی دادستانی گشتی ئازەربایجان کە یەکیک لە کەسایەتیەکانی سیاسی و فەرهەنگی بوو گوللە باران کرا.

3ی یانوری 1947 لە تەوریز نوینەری توجاریمان لە مەهاباد بە ناوی ئەسەدوف لە لایەن پۆلیسەوە گیرا بوو. لە سەر داخوازی وی کە نوینەری کنسولخانەی ئیمە بۆ پۆلیس بانگ بکەن. لە وەڵاما وتیان "ئیوە بە کۆنسولخانە مەمانترسینن".

بازرگانێکی زۆر لە تەوریزەوە کۆچیان کردوە بۆ تاران و شارەکانی تر. ئەوانە دەترسن کە تەوریز ببێتە مەیدانی شەڕ و پێکدانان و دیسانەوە دیمۆکراتەکان بگەڕێنەوە و ببێتە شەڕ لەگەڵ سوپای ئێران و یا خۆ سۆڤیەت دەست تێوەردان بکات و ... [1]

## لە راپۆرتی کراسنیخ سەبارەت بە چالاکی بێگانەکان لە ئازەربایجان 3ی ئەیونی 1947

دوای شکانی دیمۆکراتەکان بێگانەکان پەیتا پەیتا دێنە تەوریز و ئازەربایجان بەتایبەتی سەفەری کوردستان دەکەن. هەم لە ئێران و هەم لە تورکیاوە خەڵک دێنە ئەم ناوچەیە. ئەمەریکایەکان لەم بارەوە زۆر چالاکن. لەوانە میسیۆنیری ئەمەریکایی کەنیسەی پرۆتیستان بە ناوی کولیر، کوفیر، گوگو، میلیر، لیونیگ ستون بیتلی کە بەتایبەت لە ناو ئاسوریەکان چالاکی دەکەن. بیتلی و میلیر چەند جار سەفەری ورمێیان کردوە بۆ رێکخستنی میسیۆنیکی پرۆتیستانی. جێگری کۆنسولی نوێ ئینگلیس گاریس.ل کە 36 تا 38ساڵ تەمەنیەتی هاتۆتە تەوریز.

لە سەرەتای فیورالی 1947 گود خەڵکی ئەمەریکا و راوێژکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژاندارمێری ئێران ئەندامی ئەو کۆمیسیونەیە کە بۆ لێکولینەوەی کاروباری ژاندارمێری هاتوتە ورمێ.

لە سەرەتای فیورالدا نوینەری پاپای فاتیکان لاردو و رۆژنامە نوسی فەرەنسی لێ کولیپ هاتنە ورمێ و شاپور و مەبەستی سەرەکی ئەوانە چالاکی لە ناو ئاسوریەکان بووە.

8ی فیورال 1947 سکرتێری سەفارەتی ئینگلیسی لە ئێران داربیشکار و هەروەها سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی ژاندارمێری شوارتسکپوف و سەرۆکی ستادی ژاندارمێری پالکوڤینک گال پیر هاتنە تەوریزی. هەروەها لە 31ی مارتی 1947 بالوێزی

[1] هەمان سەرچاوە........ل 126-129

ئـەمـەریکا لـە ئێران جورج ئـالین هاتوتـە تـەورێز و لـەویشەوە چوتـە جولفا و خـوی و شاپور و ورمـی.

مەبەسـتی سـەفـەری ئـەوانـە لێکولینـەوەی بـارودۆخی ناوچـەکـە بـە تاییـەت پاراستنی سنورەکان و هەڵبژاردنی رێگاوبانەکان و ستراتیژی پاراستنی ناوچەکە وهتد بووە.

7ی مانگی مای کۆنسوڵی ئەمەریکا لـە تـەورێز سوتوون چۆتـە تورکیا و وا بڵاوە کە ناوبراو بۆ ئامادە کردنی گـەڵاڵـەی رێگایـەکی ستراتیژی‌یـە کـە بۆ ئـەوەی بتوانرێت سوپای تورکیا بتوانێت لـە رێگای ئێرانـەوە لـە کاتی پێویست دا بێتـە سـەر سنورەکانی ئێران و سۆڤیەت. هەروەها وابڵاوە کە چاوپێکـەوتنی شـا و عیسمەت یونیون لـە سـەر سنور بێت ئەم چاوپێکەوتنەش پەیوەندی بـەو گـەڵاڵـەوە هـەیـە. پاشـان دەرکـەوت کـە شـا بۆخۆی نەرویشتوە بەڵکو یەکێک لە راوێژکەرەکانی ناردوە.

لە سـەرەتای مـانگی یـانوەردا ئـەمـەریکایی و ئینگلیسەکـان خـەریکی لێکۆڵینـەوەی بارودۆخی کوردستانن کە ئەویش پەیوەندی بـە بیرۆکـەی کوردستانی مـەزنـەوە هـەیـە. ئێمە هەندێ بەڵگەمان بە دەستەوەیە کە ئەوانە هەوڵی زۆریان دا کـە موحـەمـەد و سـەدر و حوسێنی قازی بۆ لای خۆیـان رابکێشن. ئـەویش بـەو نـەرخـەی کـە ئـەمـەریکایـەکان هەوڵ ئەدەن عەفوویان بۆ وەرگرن. هەروەها بەڵێن ئەدەن کە بە مەلا مستەفا بلێن واز لە بەربەرەکانی بێنێت. بەڵام لەم کارە دا سەرکەوتوو نـەبوون چونکـە برایـانی قـازی لـە سەر دەمی گەشتەکەی بالیۆزی ئەمەریکا ئالین بۆ ناوچە لە دار دران و مەلا مستەفایش کـەوتـە بـەربـەرەکـانێکی تـەواو دژی هێزەکـانی ئێـران. ئـەفسەرانـی ئـەمـەریکـایی لـە رێکخستنی تێکشـکاندنی بـارزانی پـەیتاپـەیتـا هـاتوچۆی کوردسـتان دەکـەن و لـەگـەڵ ئێرانیەکان دەیانەوێ هێزیکی لەشکەری لە کوردەکان دروست بکەن. بە وتـەی نـاوبراو ئەم هێزانە لە لایەن ئەمەریکایی و کوردەکانەوە رێبەرایەتی دەکرێن.

هەر سەربازێکی کورد مانگانە دووسەد تومان موچە وەردەگرێت. نـەجیب بـەگ وتـی گوایا ئەفشار بە تاوانی چالاکی پان تورکیستانە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە گیراوە.

**ئەنجامەکان:**

ناوچەکە میلیتاریزە کراوە، کۆڵەکەی پێنجەم (ستون پنجم) سەر بە دەوڵەت ئاشکرا دەبیندرێن و چالاکی دەکەن ژمارەیەکی زۆر مەلا و پیاوی ئایینی بەر چاو دەکەون و خەریکی پروپاگەندەی دژی سۆڤیەتین. نوێنەرانی چین و توێژی کۆمەڵگەی ناوچەکە دەترسن سەرمان لێ بدەن و لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێمە رادەکەن. کاربەدەستانی دەوڵەتیش هەروەها بە شێوەیەکی رەسمی (فەرمی) نایەنە لامان. تەواوی کارەکانمان تەنیا لە رێگای ئوستانداریەوە بەرێوە دەچێت.[1]

## لە وتووێژی راوێژکاری بالیۆزی سۆڤیەت لە ئێران ئیوانۆڤ ئیڤانوڤ لەگەڵ نێردراوی چوکوسلوڤاکی لە ئێران کودرەت /4ی ئوکتوبری 1947/

ناوبراو وتی ماوەیەک لەمەوبەر سپهر لام بووە و گلەیی کردوە کە سادچیکوڤ سەردانمان ناکات و هەروەها کودرەت وتی گوایا سەرۆک وەزیران قەوام السەڵتەنە لە سنور دارانی ئێرانەوە هەوالی پێگەیشتوە کە سوپای سۆڤیەت لە سەر سنوری سۆڤیەت – ئێران مۆڵگەی داوە. هەر بۆیە هەوالی هێرشی سوپای سۆڤیەت و داگیرکردنەوەی ئێران لە ناو دەسەلاتدارانی ئێران بە هێز بووە. گوایا سۆڤیەتیەکان وتویانە کە ئێمە بە پێی مادەی 6ی پەیمانی 1921 لەگەڵ ئێران مافی داگیر کردنی ئێرانمان هەیە چونکە ئێران لە لایەن ژێنراڵ گروئو و شوارتسکپوفی ئەمەریکاییەوە بەرێوە دەچێت و بوتە پێگەی ئەمەریکا و دژی سۆڤیەت. بۆیە سۆڤیەت بۆ پێشگیری لە مەترسی ئەوتۆ دەستی داوەتە ئەم مۆڵگەدانە. کودرەت هەروەها پرسیاری کرد ئایا راستە کە سادچیکوڤ ماوەیک لەمەوبەر سەردانی قەوامی کردوە و پێشنیاری نوێ سەبارەت بە کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێران – سۆڤیەتی پێی کردوە. منیش وتم راست نیە. ئەمە پروپاگەندەی رۆژنامەکانی ئێرانە.

لە کۆتایی وتووێژەکەدا کودرەت پرسی ئایا راستە کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەستیان داوەتە گرتن و کوشتن و دوور خستنەوەی ئەو موهاجیرانە کردوە کە لە سۆڤیەتەوە

---

[1] هەمان سەرچاوە......... ل 229 -239

هاتوون بۆ ئێران و دەڵێن ئێستا دوور خراونەتەوە بۆ باشوری ئێران. منیش وتم راستە و وتم ئەمانە ئێرانین کە لە سۆڤیەتەوە هاتوون و ئەمە کارێکی ناوخۆی ئێرانە. [2]

**لە یاداشتەکانی سکرتێری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز نیکیتین.ئا.پ 20ی ئۆکتوبەری 1947**

7ی ئوکتوبری 1947 هاوولاتێکی سۆڤیەتی دانیشتوی ئێران میلیک خۆش ئەبایف.یو.ی هاتە لام و رایگەیاند: پێنج رۆژ لەمەوبەر بۆ ئیش نێردرابووم بۆ مەهاباد دوو ماشینی ئێرانی – سوڤنەفت (شەریکی نەوتی ئێران – سۆڤیەت)مان پێی بوو. کوردیک لەگەڵ من کەوتە وتووێژ. ناوبراو زانی کە من سۆڤیەتیم و وتی: "من ناوم عەبدوللا مودەبیرە خەڵکی سنەم لە دایک بووی 1890 زمانی فەرانسوی دەزانم. نەچوومەتە سۆڤیەت بەڵام لە 1943 لەگەڵ فەرمانبەرانی پاراستنی سۆڤیەتی قولی‌ییف و کومسیاروف کە لە رەشت و پەهلەوی زۆر بەباشی یەکتر ناس دەکەین".

دوای سەرکوت کردنی بزووتنەوەی دیمۆکراتیک لە ئازەربایجان و کوردستان پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێ قولی‌ییف برا، ئێمە بۆ خەبات دژی رژێمی ئێران خۆ ئامادە دەکەین. بەتایبەتی لە ناوچەی مەهاباد کە دەتوانین تا 20 هەزار نەفەر بۆ ئەم خەباتە رێکبخەین. زوڵم و زۆر دژی ئێمەی کورد زۆر بووە. بۆ وینەماڵیات و باج لە کورد زیاتر دەستێنن و ماڵیاتی ئەو سێ ساڵەش کە لێرە نەبوون ئەوەشیان دەوێت بۆیە ئێمە ناتوانین بەرامبەر بەو چەوساوەیە بێ لایەن نین. ئێمە چاوەری سیگناڵ یا ئیشارەیەک بۆ راپەرین دەکەین بەتایبەتی لە هاوڕێ قولی‌ییف. چەکمان پێویست نیە. ئێمە چەکمان هەیە. کەس لە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەم بارەوە ئاگایان لێ نیە و شک و گومانیشیان لێ نەکردووین و لە رابردوی پەیوەندی من لەگەڵ هاوڕێیان سۆڤیەت نازانن. ئێستا من لە مەهاباد دوکانێکی بچوکم هەیە و توانیومە بەم چەشنە خۆم پەنا بدەم و بشارمەوە. براکانم بەشداری بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی کوردستانیان کردوە. ئێستا ئەوانە لە من دوور کەوتوونەتەوە ئەویش لەبەر ئەو هەڵوێستەی کە من باوەرم پێی هەیە. لە کۆتاییدا عەبدوللاً مودەبیر عەبدولرەزاق یادداشتێکی پێی دام و وتی کە ئەم ئیمزایەی من لای

---

[2] هەمان سەرچاوە......... ل 308 – 309

هاوڕێ قولییف بە باشی ئاشنایە و بیگەێننە کۆنسولی سۆڤیەت لە تەوریز. منیش ئاموژگاری میلیک خۆش ئەبالقم کرد کە لەمەو دوا لەگەڵ کەس باسی شتی ئەوتۆ نەکات. یادداشتەکەی عەبدوللا مودەبیرم وەرگرت و گەیاندمە کۆنسوڵخانە.[1]

کراسنیخ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەوریز دەنوسێت کە بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوە تا دوینەیاری 1947، 6442 نەفەریان لە ئازەربایجانی ئێران دوور خستوەتەوە.[2]

لە وەرمی ژێنراڵ زەنگەنە دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستانی خۆجێیی ناز ناوی پالەوانی رەزائیەیان پێی داوە و خیابانی فیردەوسی یان بە ناوی خیابانی زەنگەنەوە گۆرییەوە. دەسەڵاتی روالەتی لە شار لە دەستی ئوستاندار شایانە بەڵام بە بێئیجازەی زەنگەنە ناوێرێت هەنگاوێک بهاوێژی.[3]

## راپۆرتی کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت لە تەوریز لە نوسینی سەعیدزادە مای — ئەیونی 1948

لە مانگی مای — ئەیونی 1948 بارودۆخەکە لە ئازەربایجان ئێران وەک رابردو ئاڵۆزە. لە شاری تەوریز و شارەکانی تر دەنگوباسێکی زۆردەبیسترێت کە گوایا لەوبەری روباری ئاراسەوە هێزیکی زۆر لە دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان و دەستەکانی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی بۆ هێرش هێنان بۆ ئێران ئامادە دەکرێن. ئەم دەنگۆکانە بە فاکتی ئەوتۆ کە گوایە هەندێ گروپی چەکدار هاتونەتە ناو ئێرانەوە و تەنانەت لە چەند جێگا دا لەگەڵ هێزەکانی ئێران تووشی تێکهەڵچونی بوونە بە هێزدەکرێن.[4]

---

[1] هەمان سەرچاوە........... ل 317- 318

[2] ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی روسیای فیدراتیڤی فۆندی094 کۆپییە44 دۆسییەی 49 کارتۆنی 369ل 76

[3] هەمان سەرچاوە...........

[4] هەمان سەرچاوە...........213

**لە راپۆرتەکانی کۆنسوڵخانەی سۆفیەتی لە تەوریز – سەعیدزادە**

یەکەم تا 15ی ئاگوستی 1948 فەرماندەی سوپای ئێران لە ئازەربایجان ژێنراڵ شا بەختی گەشتی بۆ شارەکانی مەرەند و خوی و ماکو و رەزائیە و نەغەدە و مەهاباد و بانە و سەقز و سەردەشتی کردوە.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوە شا بەختی لە گەشتەکەی بۆ کوردستان لەگەڵ سەرکردەی عەشایرەکانی کورد کۆبوونەوەی کردوە و ئەوەی وەبیر هێنا و نەتەوەکە ئەوانە بەشداری بزووتنەوەی دیمۆکراتی‌یان کردوە و ئاگاداری کردنەوە بۆ داهاتوو کە بەشداری چالاکی نەبن و ئیمزای لێ وەرگرتوون کە هیچ چالاکیکی دژی دەوڵەتی و دژی شاهەنشاهی نەکەن. لە گەشتەکەی شابەختی پروپاگەندیستی بە ناوبانگ و کۆنەپەرستی ستارزادەی لەگەڵ بووە. لە 7ی ئۆگەست لە شاری رەزائیە پەیکەری شا کرایەوە. لە 25ی ئۆگەست پەیکەری "سەربازی ون" کە لە رزگار کردنی ئازەربایجان شەهید کراون دانرا.

کردنەوەی پەیکەری "سەربازی ون" بو بە پروپاگەندەی دژی سۆڤیەتی و رۆژی کردنەوەکەی 3ی شەهریور واتە 25ی ئۆگەست رۆژی هاتنی هێزەکانی سۆڤیەتی بۆ ئێران هاوکات بوو.[1]

---

[1] هەمان سەرچاوە...........247

**راپۆرتی مانگی مارتی1947 روسۆڤ سکرتێری دووهەمی بالیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران**

لیستی ئەو دیمۆکراتە ئازەربایجانیانەی کە پۆلیس وەدوایان کەوتوون و ئێستا خۆی شاردۆتەوە /ئەم زانیاریانە لە لایەن دوکتۆر جاویدەوە کە تازە لە زیندان ئازاد کراوە واتە 1947/9/10 دراوە بە ئێمە/.

- عباس علیپنبە /فەرمانداری شاهپور بە 15 ساڵ زیندان مەحکوم/ لە زیندانی تەورێزە.

- تقی طهماسبی /بەرپرسی سیاسی لە پۆلیس کاروباری تاوانکاری کراوە بە 10 ساڵ/ لە زیندانی تەورێزە.

- میرمحمد عالمخدا /ئەفسەر – مایور بە زیندانی هەمیشەیي سزا دراوە/ لە زیندانی تەورێزە.

- اعتماد /بەرپرسی بەشی تاپو/ 10 ساڵ/ تەورێز.

- قیصر خانم معتمد /بەرپرسی بەشی ژنان/ 2 ساڵ.

- علی گنگ /فەرمانبەری رێگای ئاسن/ 10 ساڵ زیندان لە لایەن سۆڤیەتیەکانەوە میدالی پێ درابوو.

- رضا حمیدیان /بەرپرسی ئەمباری نیزامی/ 10 ساڵ/ لە تەورێز.

- اسماعیل زمان /بەخشداری عجبشیر 15 ساڵ لە زیندانی تارانە.

- شیرزاد داودی /15 ساڵ/ لە تەورێز.

- اکبر طفیلی، حسین قولی، غلامحسین رضایی، چنگیز همایونپور، ناصر کاظمی( به مدتهای مختلف در زندان تهران محکوم شدەاند)بە زیندانی جۆراوجۆر تاوانبار کراون

- سۆنیاقربان گیزی /لە بەشی ژنان کاری کردوە، 5 ساڵ زیندان لە تاران.

- زولفعلی سەرۆکی پۆلیس / حوکمی هەمیشەیی، لە تارانە.

- عسکر کسروی، 2 ساڵ زیندان لە تارانە.

- داری 10 ساڵ زیندان لە تاران.

- حاجی حسین جعفری سەرۆکی ئەنجومەنی میانە، 2 ساڵ زیندان لە میانە.
- عەلی اکبر حسنزادە، ئەندامی فیرقەی دیمۆکرات لە زیندانی تەورێزە هێشتا بۆی نەبراوەتەوە.
- حسین جودت، وەزیری کاری ئازەربایجان زیندانی ئەبەد، لە تارانە.
- رحیم جدنیکو، لە زیندانی تارانە سزاکەی هێشتا دیاری نیە.
- تقی کریمزادە، وەزیری مالیەی ئازەربایجان، 3 ساڵ زیندان لە تەورێزە.
- دیبایان، وەزیری پەروەردە لە زیندانی تەورێزە هێشتا دیاری نیە سزاکەی.
- محمد کبیری، فەرمانداری ماکو، دیار نیە چەندە سزاکەی لە تارانە.
- ابراهیمزادە لە بەشی رێکخراوی ژنان.
- دوکتور میهتاش، وەزیری کشت و کاڵ و فەرمانداری تەورێز بە 2 ساڵ زیندان.
- علی ماشینچی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی فیرقە لە زیندانی تاران.
- میرهاشم آریان، سکرتێری کۆمیتەی حیزبی لە تەورێز ئێستا لە تاران زیندانیە.
- آژیر، فەرمانبەری پۆلیس گولەباران کراوە.
- فولاد شهبازی، فەرمانبەری پۆلیس لە خەلخال کوژراوە.
- امیر شهبازی، فیدایی کوژراوە.
- بابا عەزیزی، بەرپرسی ژاندارمیری خەلخال، ئیعدام.
- سەرتیپ عظیمی ژێنراڵ، ئیعدام.
- آذرپادگان، فەرمانداری ئەردەویل، ئیعدام.

- قولی سوبحی_پالکۆڤینک ئیعدام.
- جاویدان، فەرمانداری مەراغە، ئیعدام.
- یزدانی ئەندامی ئەنجومەنی ئازەربایجان، کوژراوە.
- انصاری، کوژراوە.
- شکیبا، ئەندامی ئەنجومەنی ئازەربایجان، کوژراوە.
- آزادوطن، بەرپرسی حیزبی ورمی، کوژراوە.
- بهرام، بەرپرسی سەندیکاکان لە ورمی، کوژراوە.

- عمرانی، ئەندامی ئەنجومەن، کوژراوە.
- جەلالی، بەخشداری میانە لە تاران نهێنییە.
- بهمن نونهال، فەرمانبەری حیزبی لە تەوریز نهێنییە.
- قادری بەرپرسی حیزبی لە ئەهەر نهێنییە لە تەوریز.
- عادلیان، کارمەندی بانک، نهێنییە لە تەوریز.
- اخگری، فەرمانبەری حیزبی لە تەوریز لەوێ نهێنییە.
- کورشیان، بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی توتن لە تاران نهێنییە.
- حەمیدی، فەرمانبەری حیزبی لە تەوریز نهێنییە.
- رسام، ئەندامی ئەنجومەنی ئازەربایجان لە تاران نهێنییە.
- دکتر بهبود، بەرپرسی بەشی تەندروستی سوپای ئازەربایجان لە تاران نهێنییە.
- جواد کریمزادە، بەرپرسی خەزێنە لە تاران نهێنییە.
- کاظم هاشمیان، ئەندامی ئەنجومەنی ئازەربایجان لە تەوریز نهێنییە.
- علی روشنگر، نیزامییە و ئێستا لە سۆڤیەتە.
- الوندی، بەرپرسی پۆلیسی ئازەر شەهر، لە سۆڤیەتە.
- دانایی، بەرپرسی حیزبی لە ئازەر شەهر، لە سۆڤیەتە.
- نیوە نهێنییەکان، مظفر تورابزادە /وەزیری ناوخۆ/ حسین فهیمی معاون وەزیری ڕێگاوگەیاندن، ادیب جێگری وەزیری پەروەردە. رامی فەرمانداری رەزائیە و جێگری سەرۆکی مەجلیس یا ئەنجومەنی ئازەربایجان، حبیب الهی بەرپرسی سەرژمێری، مرندی بەرپرسی چاپەمەنی و راگەیاندنی حیزبی لە ورمی. مکافات ئەندامی کۆمیتەی حیزبی ورمی، دکتر رحمانی بەرپرسی حیزبی مەرەند، حسن نونهال بەرپرسی حیزبی لە ورمی.
- خاکپور فەرمانداری ئەردەویل و ئەهەر[1]

سادچیکوڤ لە نامەیەکدا لە 3ی ئۆکتوبەری 1947 ژمارە 491 بە سیچیڤ بەرپرسی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراستی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت داوا دەکات کە بەوانە یارمەتی دراوی بکرێت.[2]

[1] هەمان سەرچاوە ل 304
[2] هەمان سەرچاوە ل 305

**راپـۆرتی بـاڵیۆزی یـەکێتـی سـۆڤیەت لـە ئێـران بـۆ سـەرۆکـی بـەشـی رۆژهەڵاتوناوەراستی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت**

هاوڕێ سیچیف.س.ی یانوری 1947

ئەم راپۆرتە لە لایەن سکرتێری دووهەمی سەفارەتی یەکێتی سۆڤیەتەوە هاوڕێ ڤارونین ئامادە کراوە و لە سەر چاپەمەنیەکانی تاران سەبارەت بە هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و سەرکوت کردن و تەنگ پێ هەڵچنینی هێزە دیمۆکراتیەکانی ئێرانە.

بارودۆخی سیاسی ئێران لە دوامانگەکانی ساڵی 1946 و ئێستاش ئەوەیە کە کۆنەپەرستان لە سیمای دەسەڵاتدارانی ئیمڕۆی ئێران و پشتیوانەکانیان واتە ئینگلیس و ئەمەریکا دەستیان بە هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر بزووتنەوەی دیمۆکراتی لە ئازەربایجانی ئێران کردوە و زیان و زەربەیەکی هەست پێکراویان لە هێزە دیمۆکرات خوازەکانی کۆمەڵگای ئێران داوە. هاوکات شان بە شانی ئەمە لەم ماوەیەدا کۆنەپەرستان هەوڵێکی زۆریان داوە کە پەیوەندیەکانی نیوان یەکێتی سۆڤیەت و ئێران تیکتر بدەن و رەنگدانەوەی ئەم کردەوانە لە چاپەمەنیەکانی تاران بەرچاو دەکەوێت.

1- هەنگاوەکانی ئامادە کردن بۆ هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان

بۆ هیچ کەس شاراوە نەبوو کە دەسەڵاتدارانی ئێران هیچ کاتێک وازیان لەو بیر و نیازە نەهێنا بو کە بزووتنەوەی دیمۆکراتیخوازی ئازەربایجان کە دەبێ سەرکوت بکرێت. رۆژنامە دەستەراستیەکانی "تهران مصور" و "آتش" و ئەوانی تر بە درێژایی ساڵی 1946 شاهیدی ئەو راستیەن کە ئەم رۆژنامانە هیچ کاتێک دانیان بە پەیمانی موزەفەری فەیروز و پیشەوەری نەهێناوە کە لە 13 ئەیونی 1046 لە نێوانیان دا مور کرا. هەموو کاتێک لە سەر ناردنی هێزی لەشکەری ئێران بۆ سەر ئازەربایجان سور بوون و لەسەری جەختیان دەکردوە. گەرچی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی ئێران نەیانتوانی لە مانگەکانی ئۆگەست و سێپتامبەر بەم کردەوەیە هەستن لە بەر ئەوە لەو کاتە دا هێشتا بیروڕای خەڵک لە سەر بەستنی ئەم پەیمانە زیندوونوێ بوو و بە پێی ئەم

پەیمانە بزووتنەوەی ئازەربایجان بە رەسمی بە بزووتنـەوەیـەکـی رەسمی ناسێندرا بـوو. لە بەر ئەوە لەو سەردەمە دا کۆنـەپـەرستان هێشتا ناچـار بـوون تـەحـەمولی رێبـەرانـی حیزبی تودەی ئێران وەک وەزیر لە ریزەکانی کابینەی دەوڵەتی ئێران بکـات لـەو کاتـەدا هێشتا کۆنەپەرستان بە تەواوی فریا نەکەوتبوون هێزەکانی خۆیان لـە پـارتی دیمۆکراتی ئێران کۆبکەنەوە.

لەو سەردەمەدا لە ژێر ئالای حیزبی تـودە و رێکخـراوەکـانی سـەندیکاکان، لاوان و ژنان کە پێوە بەسترا بـوون و لـەپـاڵیدا بـوون و ژمـارەیـان نزیکـەی یـەک میلیون نـەفـەر دەبوو کە بە پێی (راگەیاندنی کامبەخش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تـودەی ئێران لە سەرەتای ئۆکتوبەری 1946).

شتێکی ئاشکرا بوو تا هێرش بردن بۆ سەر ئازەربایجان کۆنـەپـەرستان بڕیاریـان دا رێگای خۆیان بۆ ئەم هێرشە دەبێ پاک بکەنـەوە و پێشەکـی ئـەو کـەنـدو کۆسپەی سـەر رێگایان لابەرن.

یەکەم هەنگاویان لەم بارەوە هەڵوەشاندنەوەی کابینەی هاوبەندی (ئیئلافی) قەوام بـوو کـە تەمەنی ئەم کابینەیە لە سەرەتای ئۆگـەست تـا. 17ی ئۆکتوبـەری 1946 بـوو. لـە کابینـەی نـوی واتـە کابینـەی سێیەم قـەوام کـە لـە 19ی ئۆکتوبـەری 1946 رێکیخست نوێنـەرانـی حیزبـی تـودەی ئێـران و پـارتی ئێرانـی تیـا نـەبوو. بـەڵام کـەسـانی تـر لـەگـەڵ نوێنـەرانـی (ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی) پارتی دیمۆکراتی ئێران واتە فەرمانفەرمایان و موسویزادە و سادقی چوونە ناو کابینە نوێکەوە. بەم چەشنە زەمینەیەکی لە بار لـە نـاو کابینـەکـەدا دروست بوو بۆ ئەوەی بە یەک دەنگی لە سەر کێشەی ئازەربایجان بڕیار بدەن.

لـەم پـەیوەندیـەدا بـەیـانی شـەرمـەزارانـەکـەی ژێنـراڵ زاهیدی لـە 15ی ئۆکتوبـەری 1946 دەرچوو کە تێدا یاخیبوونی خانە کۆنەپەرستەکانی قـەشقایی بـە بزووتنـەوەیـەکـی نیشتمانی و نەتەوەیی ناسێندراو و ئەم بەیانیەیەش بە بێ موافقە یا دەنـگ دانـی ئـەندامانی وەزیـری حیزبـی تـودەی ئێـران بـووە. بـوو بـە هۆی ئـەوەی کـە چـی تـر حیزبـی تـودەی ئێران بەشداری کابینەی قەوام بێت. جگە لەوە حیزبی تودەی ئێران نـەیتوانی بـەرامبـەر بە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی دیمۆکراتی ئێران و هەروەها دروست کردنی کۆمسیۆن

بۆ کاروباری هەڵبژاردن لە لایەن وەزیری ناوخۆی ئێرانەوە کە خوازیاری تەواوی ئەندامانی ئەم کۆمسیۆنە ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی ئێران بێدەنگ و بێلایەن بێت.

رۆژنامە راستڕەوەکان بە گەرمی پێشوازییان لە هەڵوەشانەوەی کابینە هاوبەندەکە کرد و بە دڵەوە و بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیاندایە بەدناو کردن و بوختان لە سەر ئازەربایجان.

رۆژنامەی کەیهان لە 1946/10/21 نوسیبوی کە قەوام گەراوەتەوە بۆ سیاسەتی "تەوازون". ئێستا دەتوانێت هێزی لەشکەری بنێرێتە سەر ئازەربایجان کە دەیەوێ لە ئێران جیا بێتەوە.

ئورگانی رەسمی دەوڵەتی حیزبی پارتی دیمۆکراتی ئێران بە ناوی "دمکرات ایران" دوای چەند هێرش بردنە سەر پارتی تودەی ئێران لە وتاری رۆژی 1946/10/29 کە بە بۆنەی رژەی (سان) سوپای ئێران لە جێژنی لە دایکبوونی شا نوسیویەتی لەو وتارە"بیر هێنانەوەیەک" دا دەڵێت کە "سەربازە دلێرەکانی ئێران کە بۆ یارمەتیدانی برا ئازەربایجانیەکان خۆیان پەلەیان کردبوو لە شەریف ئاباد (نزیک بە قەزوین) بەرەو رووی تانگ و سەرنێزەی بێگانەکان بوونەوە و ناچار کران بگەرێنەوە".

رۆژنامەکە بزووتنەوەی ئازەربایجانی کە بە بزووتنەوەیەکی نیشتمانی ناو دەبات و پرواکاسیونانە نوسیویەتی کە "ئەم بزووتنەوەیە یارمەتی و چەکی لە دەرەوە وەرگرتوە". هەر لەو رۆژەدا رۆژنامەی "مهر ایران" پرسیار دەکات: "بۆ لەشکەرە بەهێزەکەی ئێمە بۆ سەقامگیر کردنی هێمنایەتی و ئازادی و رێکوپێکی نانێردرێن بۆ ئازەربایجان". بە پێی راگەیاندنی رۆژنامەی "رهبر" رۆژنامەی لەندەنی "تایمز" پێشوازی لە گۆڕینی کابینەی وەزیرانی ئێران دەکات و رایگەیاندوە کە ئینگلستان لە قولایی دڵەوە کردەوەی قەوام لەم بارەوە پەسەند ئەکات". نەهێنان یا بانگ نەکردنی نوێنەرانی حیزبی تودەی ئێران بۆ بەشداری کردن لە کابینەی نوی ئەنجامی نەتەنیا داخوازی فیئودال و خانە قەشقایەکانە بەڵکو هەموو دارودەستەی دەسەڵاتدارانی ئێران و "پشتیوانە گەورەکانیان" لە سیمای باڵیۆزەکانی ئینگلیس و ئەمەریکایە کەلە ریگای قەوام و شاوە کاریان کرد.ئەم رووداوانە سیگنالیک بو کە کۆنەپەرستان دەست

بەهێرش ئەکەن و تەنیا چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە "کۆتایی" بەهێزە دیمۆکراتیە ڕاستەقینەکان و لە پێشەوەی هەموویان حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان و سەندیکاکان بنێن.

بە بیانوی "جێبەجێ کردنی یاسا" ئەو مووچەخۆرانە (فەرمانبەر) کە لە وەزارەتخانەکانی سەربە پارتی تودەی ئێران بوون یا لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبران دەستیاندایە بە کۆمەڵ دەرکردنیان و تەنانەت ئەوانەش کە بێلایەن بوون دەرکران و ئەندامانی پارتی دیمۆکراتی ئێران لە جیاتی ئەوان دانران. و بایەخی تایبەتی درا بەو فەرمانبەر و مووچەخۆرانەی کە کاتی خۆی لە ئازەربایجان رایانکردبووە تاران. هەروەک رۆژنامەی "مهر ایران" لە 21ی ئۆکتوبەر دەنوسێت: "شورای وەزیرانی ئێران بڕیاریدا تەواوی فەرمانبەرانی وەزارەتخانەکانی کار و پروپاگەندە بۆ دەرکراوەکانی ئازەربایجان بن".

تێکدان و سوتاندنی کلوب و کۆمیتەکانی حیزبی تودەی ئێران لێدانی کرێکاران و دەرکردنی ئەندامانی تودە و سەندیکاکان، گرتن و دوور خستنەوە وهتد دەستی پێکرد. لە هەموو شوێنێک بە یارمەتی دەزگاکانی دەوڵەتی دەستیاندایە دروستکردن و چاندنی کلوب و کۆمیتە بۆ پارتی دیمۆکراتی ئێران و هەروەها رێکخستنی نوێ "سەندیکای کرێکاران". لەم بارەوە چەند نموونەیەک دێنێتەوە.

رۆژنامەی "رهبر" لە 1946/10/22 رایگەیاند کە گەرمسار (لە نزیک تاران) 150 نەفەر تودەییان خستوتە زیندانەوە کە ژمارەیەکی زۆریش لە وانە لە کاتی هێرشی باندیدەکانی کۆنەپەرست سەر بە حیزبی دیمۆکراتی ئێران بریندار کراون.

بە گوێرەی نوسینی رۆژنامەی "ظفر" لە 1946/10/31 لە مەلایر سەد نەفەر لە ئەندامانی حیزبی تودەی ئێرانیان گرتوە. هەر ئەم رۆژنامەیە لە 1946/10/24 نوسیویەتی کە کرێکارێک بە ناوی خاس میر کە لایەنگری لە بەهمن شیر کردوە دژی دروست کردنی "سندیکای" دەستگیرو لە (لایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە)و لە باوک و مامی ناوبراویشیان داوە. باندەکە لە لایەن شێخ یاسین ناویکەوە سەرکردایەتی کراوە.

"شەهباز لە 1946/10/25 دەنوسێت کە لـە گۆلابخانـە بـە ئـاژاوە نانـەوەی فیئـودال کۆنەپەرست شوجاعوالسەڵتەنە بینـای کۆمیتـەی حیزبـی تـودەی ئێـران سوتێندرا. رۆژی دواتـر بـە گـوێرەی رۆژنامـەی "رهبـر" کلـوبی پـارتی تـوده لـە مازینـدەران تێکوپێـک دراوە، هەر بەو چەشنە کلوبی توده لە شاری ساری و پەهلەویش پاش تێک دان تـالان کـراوە. رۆژنامـەی "جبهـه" لـە 1946/11/1 رایگـەیانـد کـە کۆمیتـەی پـارتی تـوده و پـارتی ئێـران لـە مـەلایـر بـە دەسـتوری دەوڵـەت داخـراوە و لێپرسـراوەکانیـشیان دوور خراونەتەوە.

لە بروسکەی بەرپرسی رێکخراوی پارتی توده بـە نـاوی فیداکار کـە لـە رۆژنامـەی رەهبەر لە 1946/11/10 بڵاو کراوەتەوە دەڵێت کە لە 8ی نەیابری سـەرۆکـی کلـوپی پـارتی تـوده بـە نـاوی عـەلـی کـەیـانی لـە نزیـک سـەد کـوژراوە و سـەرەرای ئـەوەش باندیەکانی حیزبی دیمۆکرات زکیشیان هەڵدڕیوە.

لە 10ی نەیابری لە تاران ئەندامی سەندیکای هێلـی شـەمـەنـەفـەر کرێکار بـە نـاوی بـەراتعەلـی کـوژراوە و 8 کرێکاری تر لـەگـەڵیا بریندار بـوون. ئـەم هێرشـە لـە لایـەن ئـەنـدامانی حیزبـی دیمـۆکراتی ئێـران و پۆلیسەوە کـە لـە وەڵامـی رەخنـەی کرێکـاران سـەبـارەت بـە گرتنـی سـێ ئـەنـدامی چـالاکی ئـەم سـەندیکایـە بـووە کـراوە و پـۆلیس دەستڕێژی لێکردن و کوشتوونی جگە لەوە زیاتر لە دووسەد نـەفـەر کرێکـاری هـێڵـی شەمەنەفەریش گیراون.

21ی نەیابر کلوبی حیزبی تودەی ئێران لـە بـابول وێـران کـراوە. هێرشبەرەکـان لـە لایەن پۆلیس و ژاندارمەوە پارێزگاریان لێ کراوە. (رهبر 1946/11/25)

بە پێی راگەیاندنی رۆژنامەی "آتشبار" لـە 1946/12/9 لـە شـاری شـاهی تـا ئێستا زیاتر لە پێنج سەد کرێکاری ئازەربایجانی دەستگیر کراوە. شێخ حوسەینی لەنکەرانـی و برای وی کـە بیروبـاوەری پێشکەوتخوازانـەیـان هـەیـە گیـراوە ئـەویش لـە کاتێکـا کـە وتووێژی ئاشتیانە بۆ چارسـەر کردنـی کێشەی ئـازەربایجـان دەکـرا و بـە درێژایـی ئـەو ماوەیە لە زیندان بوو و پاشان دوور خراوەتەوە بۆ کرمان.

رۆژنامـەی رەهبـەر و زەفـەر بـە لـەبـەر چـاو گرتنـی ئـەو فاکتانـە دەنوسـێت کـە کردەوەکانی حیزبی دیمۆکراتی ئێران لـە حیزبێکـی فاشیست وەک حیزبـەکـانی ئیتـاڵیـا و

ئاڵمانیا دەچێت و چەکدارەکانی لە ئیس ئیسەکانی پارتیەکەی هیتلر دەچێت. و پارێزەر و دار دەستی قەوامالسەڵتەنە ن . قەوام کە لە رابوردو دا دەیگوت کە جێ شەرمەزاریە بۆی ئەگەر بێتوو سیاسەتی سەدر و حەکیمی درێژە پێی بدات بەڵام ئێستا ئەو روی سیاسەتی روخاوەکەی ئەوانی سپی کردوە. سیاسەتی ناوە و دەرەوەی قەوام لە لایەن رۆژنامەکانی "تهران مصور" و "آتش" وە پروپاگەندەی بۆ دەکرێت. گەرچی ناوبراو دانی بە دیمۆکراتی بوونی بزووتنەوەی ئازەربایجان ناوە بەڵام ئێستا لە پەیمان نامەکەش لەگەڵ ئازەربایجان لایداوە دەستوری داوە کە سوپای ئێران بۆ سەرکوتکردنی ئەم بزووتنەوەیە بنێردرێتە ئازەربایجانەوە. رۆژنامەکە پاشان دەنوسێت کە هیچ جیاوازیەک لە نێوان سیاسەتی قەوام و کابینەکانی پێشو نیە.

رۆژنامە دیمۆکراتیەکان بە لە قاودانی ئەو سیاسەتانە بەردەوامن و بەتایبەتی کاتێک کە ئالین بالوێزی ئەمەریکا بە بۆنەی دەست پێکردنی کاری خۆی لە تاران سەبارەت بە ناردنی لەشکەری ئێران بۆ ئازەربایجان رایگەیاندبوو کە "هەنگاوێکی بە جێ و ئاسایە" کە دەوڵەتی ئێران پێی هەڵساوە.

رۆژنامەی رەهبەر 1946/11/28 دەنوسێت "بۆ هەمووان ئاشکرایە کە قەوام و پشتیوانەکانی واتە برا ئەمەریکایەکانی بڕیاریاندا دوایین قەڵای دیمۆکراتیەت لە ئێران واتە ئازەربایجان بروخێنن و ئێران بکەنە کۆلۆنیای ئینگلیس و ئەمەریکا و دیکتاتۆریەت لە ئێران سەقامگیر بکەن و شوێنەواری ئازادی نەهێڵێت. ئێستا دەرکەوت ئەوانەی کە تا ئێستا دەیانوت هەڵوێستیان بەرامبەر بە بزووتنەوەی دیمۆکراتی ئازەربایجان باشە لەراستیدا خۆیان بۆ لەناو بردنی ئامادە دەکرد لەو کاتەدا کە نوێنەرانی پارتە ئازادیخوازەکانیان بۆ بەشداری لە کابینەی هاوبەندی (ئیئتیلافی) پیلانی گەمارۆدانی ئازەربایجانیان ئامادە دەکرد. لەو کاتەدا کە چاوپێکەوتنەکانی رەسمی نێوان موزەفەری فەیروز جێگری قەوام و دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بزووتنەوەی دیمۆکراتی ئازەربایجان بە رزگارکەری تەواوی ئێران ناویدەبرد هەر ئەم لایەنانە بە یارمەتی دۆستانی بێگانەیان خائینانە پلانی هێرشبردنە سەر ئازەربایجانیان دانا. ئەوانە هەر بۆ خۆیان یاخی بوونی عەشایرەکانیان لە فارس رێکخست. بزووتنەوەی کرێکارییان لە باشور خنکاند و هەوڵیان دا رێکخراوی پارتی تودەی ئێران لە ناوەند و

رۆژئاوا و رۆژهەڵات بەتایبەتی لە مازیندەران و گیلان لە ناو بەرن و هەوڵی جێ پێ قایم کردنی پارتەکەی خۆیان واتە پارتی دیمۆکراتی ئێران سەربە دەوڵەت کە لە کۆنەپەرستان پێکهاتوە لەو شوێنانەیان کرد. ئیمپریالیزی ئینگلیس و ئەمەریکا کە قەوام تەسلیمیان بووە دەیانەوێ کودەتای 1921 لە ئێران دوپات بکەنەوە و ئێران دوبارە بکەنەوە پێگەیەکی خۆیان بۆ دژایەتی کردنی یەکێتی سۆڤیەت. یەکێک لەو هەنگاوە ئامادە کراوە پێش هێرش بۆ سەر ئازەربایجان ناردنی نامەیەک بوو کە سەفیری ئێران لە ئەمەریکا بۆ شورای ئاسایشی نارد و تێدا دەگوترێت کە دەوڵەتی ناوەندی هیچ دەسەڵاتێکی لە ئازەربایجان نیە و یەکێتی سۆڤیەت هەروا لە دەست تێوەردان لە کاروباری ئێرانەوە بەردەوامە. بە وتەی رۆژنامەی بشار کە لە باتی رۆژنامەی رەهبەر دەردەچێت لە 1946/12/9 دەڵێت کە دەوڵەتی ئێران بەم هەنگاوەی جارێکی تر باروذۆخی ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانی ئالوزتر کرد و داخوازەکانی ئیمپریالیزمی ئەنگلوساکسونەکانی بەدی هێنا و ...

لە سەرەتای دیکابری 1946 رۆژنامەکانی رهبر، "بشار"، رزم، کارودانش، بیداری ما، ظفر، آتشبار، شهباز، جبهه، نبرد امروز، ایران ما، و ... داخست. لە هەمان کاتدا رۆژنامە کۆنەپەرستەکان درێژەیان بە کمپانی هاندانی هێرش بۆ سەر ئازەربایجان دا و وا نیشان ئەدەن کە بە بێ رزگار کردنی ئازەربایجان هەڵبژاردنی ئازاد دابین ناکرێت. لە ریزی ئەم رۆژنامە کۆنەپەرستان دەتوانین ئەم ناوانە بەرین وەک کوشش، مهر ایران، آتش، وجدان، شهریار، کیهان، اقدم، مرد امروز، تهران مصور، کسری، زندگی، پیکار روز، ستاره، آغاز، سرباز، بازپرس، جدال وهتد ...

لە مانگی نیابر و دیکابری 1946 ئەم رۆژنامانەی خوارەوە کە بە دژایەتی کردنی ئازادی و دیمۆکراتیەت و یەکێتی سۆڤیەت و پارتی تودە و فیرقەی ئازەربایجان بە ناوبانگ بوون و پێشان داخرا بوون ئازاد کران و سەر لە نوێ درێژەیان بە ریبازی کۆنی خۆیان دایەوە. وەک رۆژنامەی ادیب، کاروان، شهریار، نامە آزاد، قانون، کشور، نسیم صبا، خاور، صدای ایران، سپیده دم، ایران نو، مهر میهن، اقدم وهتد ...

هاوکات بە لێدانی هێزە دیمۆکراتیەکان و کەسایەتیە پێشکەوتخوازەکان کۆنەپەرستان و سەرکوتکەرەکانیش ئازادکران بۆ وێنە ژێنراڵ ئەرفەع سەرکوتکەری

کرێکاران لە سەردەمی سەدر و حەکیم، پالکوڤینک لە عالی مایور دەوڵەتشاهی کە بە سەرکوت کردنی کرێکارانی نەوتی ئابادان لە ئەیولی 1946 بەناوبانگە، هەروەها فەرماندەی لەشکەری خوزستان پالکوڤینک حیجازی کە لە سەر روداوەکانی ئەسفەهان تاوانبار کرا ئێستا وەک بەرپرسی بەشی سێهەمی ستادی گشتی هێزەکانی ئێران دیاری کراوە.

مورتەزا قولی خان و دوو کوری، سەرنوسەری رۆژنامەی کۆنەپەرست میهن بە ناوی شیروانی، هەروەها کۆنەپەرستی بەناوبانگ و ئەندامی پێشوی مەجلیسی ئێران ئێمامی و دەوڵەت ئابادی و عەبدولقاسمی کاشانی کە بە تاوانی ئاژاوەنانەوە گیرابوون ئازاد کران وهتد.

هەروەها وابڵاوە کە سەید زیائەدینی کۆنەپەرستیش ئازاد دەکرێت و یا خۆ بۆ دەرەوەی ئێران دوور ئەخرێتەوە.

روالەتێکی تری کۆنەپەرستان بۆ هێرش بردنە سەر ئازەربایجان لە هەڵوێستی پیاوانی ئایینی دا سەبارەت بە کێشەی هەڵبژاردندا دەرئەکەوێت. رۆژنامەی "جبهە" لە 13ی نەیابر نوسیویەتی کە موجتەهید بروجردی لە قوم بە نوێنەری دەوڵەتی وتوە کە ئەگەر تا سەقامگیر بوونی سوپای ئێران لە ئازەربایجان هەڵبژاردن بەرێوەبچێت دژی دەوڵەت فتوا بە خەڵک رائەگەێنێت.رووحانیکی تر بە ناوی بیهبەهانی لە تاران هەرەشەی کردوە کە ئەگەر بێتوو دەوڵەت پێش ئازاد کردنی ئازەربایجان هەڵبژاردن بەرێوە ببات کفن لە بەر ئەکات و دەچێتە سەر خیابانەکان و دژی دەوڵەت رادەوەستێت.

هەروەها دەڵێن کە سەدهەزار بەیانیە لە لایەن رێبەرانی ئاینییەوە ئامادە کراوە و تێدا هاتوە کە روحانیەکان تا رزگاری کردنی ئازەربایجان دژی هەڵبژاردنن ئەمەش جگە لە حەلقەیەک لە زنجیری ئەو پیلانە گشتیە کە بۆ ئامادە کردنی بیروڕای خەڵک پێش هێرش بردن بۆ سەر ئازەربایجان نیە. رۆژنامەی ئیستیقلال لە 15ی نەیابر دەنوسێت کە ئەم هەنگاو و راگەیاندنانەی رێبەران و پیاوانی ئایینی بە دەستوری خودی دەوڵەت بەرێوە دەچێت و بەم چەشنە دەیەوێ بیانویەکی بۆ تێگەیاندن لە بەرامبەر روسەکاندا هەبێت. شان بە شانی ئەم پیلانە گەورەیە لە رێگای دامودەزگاکانی لەشکەریشەوە وەک وەزارەتی جەنگ، ستادی ئەرتەش و ژاندارمیری زەمینەی هێرشیان ئامادە کرد. 12ی

نەیابر رۆژنامەی ئاتەش رایگەیاند کە 10ی نەیابری 1946 شا سەرۆک وەزیر قەوام و وەزیری شەڕ ژێنراڵ ئەحمەدی و سەرۆکی ستادی ئەرتەش ژێنراڵ رەزمئارای بۆ کۆبوونەوە بانگ کرد و شا بە ئامادە بوانی وتوە کە دەیهەوی هەرچی زووتر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لە ئازەربایجان سەقامگیر ببێت.

هەر ئەم رۆژنامەیە دەنوسێت کە لەو کۆبوونەوە دا بڕیار دراوە دژی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان ئەگەر بێتوو تەسلیم نەبن "هەنگاوی بەهێز" توند هەڵبگیردرێت. 15ی نەیابر وەزیری شەڕ ژێنرال ئەحمەدی لە کلوبی ئەفسەران رایگەیاندوە کە سوپای ئێران بە هێزی خۆیەوە توانای هەیە هێمنایەتی و پاراستنی ئەم ناوچەیە دابین بکات و ئەو ئامادەیە لە یەکەم هەلی لەباردا رەگ و ریشەی ئەو درکانە لە خاکی ئێران هەڵکەنێت. دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ پێشگیری کردن لە جوڵانەوە و چالاکی حیزبی تودە بۆ نە ناردنی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان و دژایەتی سیاسەتی دەوڵەت و هەروەها بە مەبەستی سنوردار کردنی چالاکی ئەم حیزبە لە داهاتودا فەرمانداری نیزامی تاران بەیانێکی لە 1946/11/16 بڵاو کردەوە و تێدا هاتوە کە بە پێی مادەی 10ی یاسای تایبەتی بە بارودۆخی نیزامی لەمەولا هەر چەشنە میتینگ و خۆپیشاندان لە دەرەوەی کلوبەکان بۆ تەواوی هێزە سیاسیەکان یاساخە هەروەها کۆبوونەوە و میتینگ بۆ کرێکاران لە ناو کارخانە و فابریکە و دەزگاکان دا ممنوعە. هەموو ئەو کەسانەی کە چەکیان هەیە دەبێ تا 26ی نەیابر تەسلیمی کاربەدەستانی نیزامی بکەنەوە.

کاتێک ئەم هەموو هەنگاوانە و هەنگاوی تر بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابوو و بەڕێوە دەچو قەوام لە 19ی نەیابری 1946 بە گەرانەوە لە لاهیجان بۆ تاران لە بەرامبەر بەو کەسانەی کە پێشوازیان لێ کردبوو دەڵی . "من هیوادارم کە کێشەی ئازەربایجان بەم زووانە چارسەر دەکرێت و پاش دوو رۆژی تر لە 21ی نەیابر بیانیەک لە لایەن دەفتەری قەوامەوە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێران بۆ دەورەی پانزدەهەم بڵاو کرایەوە. کە تێدا هاتوە بۆ ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لە تەواوی ئێران بەڕێوە بچێت پێویستە کە هێزی لەشکەری و ژاندارم بۆ دابین کردنی هێمنایەتی بنێردرێنە ناوچەکان  هاوکات رۆژنامەی رەسمی دەوڵەتی ئیتلاعات لە 21 و

23 نـەیـابری 1946 لـە وتـارە سـەرەکیـەکـانی دژی دیمۆکراتـەکـانی ئـازەربایجـان نوسیویەتی. لەم وتارانە دا گوایا تەنیا بۆ پەرچدانـەوەی وتـەکانی رۆژنامـەی "پراڤدا" و "ترود" کـە نوسیویانە کۆنـەپـەرەستان لـە ئێـران خۆیـان بـەهێـز کـردوە. رۆژنامـەکـە دەنوسێت کە بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن لە کەش و هەوایەکی ئـازاد و هێمنانـە پێویستە کە دەوڵەتی ناوەندی هێزێکی زۆر بۆ ئـەم مـەبـەستە بنێرێتـە ئـازەربایجـان تـا دەرچـونی بەیانی قەوام واتە لە 21ی نـەیابری 1946 هێزەکانی ژاندارم و لـەشـکەری ئێران لـە 15و16 نەیابردا زەنجان داگیر دەکەن. زەنجان لە لایەن دێمۆکراتەکانی ئازەربایجانـەوە بـەجـێ هێشترابوو و ئـەویش بـە پێـی ئـەو پـەیمانـەی کـە نێـوان دەوڵـەتـی نـاوەنـدی و دیمۆکراتـە ئـازەربایجانیـەکـان بـوو کـە ئـەوێ دەبـێ چـۆڵ بکرێـت بـە هـاتنی هێـزە سـەرکوتکـەرەکـانی تـاران بـۆ زینجـان دەسـبەجـێ دەسـتیاندایە هێـرش بـردن و سـەرکوتکردنی ئـەندامانی فیرقـەی دیمۆکراتی ئـازەربایجـان. رۆژنامـە کۆنـەپـەرستی ئێتلاعـات لـەم بـارەوە نوسـیویەتـی کـە دانیـشتوانی زەنجـان بـۆ خۆیـان لایـەنگـری دیمۆکراتـەکانیـان وەدەرنـا و مـەلا موحـەمـەدی خـۆیی کـە لایـەنگری دیمۆکراتـەکـانی ئـازەربایجـان بـوو سـزایاندا. پالکوڤینـک حـشمەت رایگـەیانـد کـە دیمۆکراتـە ئازەربایجانیـەکان لـە سـەر رێگـای شـەمـەنـەفەری نێوان قەزوین و زینجانیان مینیـان چانـدبوو. تـەواوی رۆژنامـە راسـترەوەکـان لـە سـەرەوەی هـەموویـان ئێتلاعـات هـەراوهوریـای بـە نـاو "کوشـتاری بـێبـەزەییانـە و وەحشیانەی دانیشتوانی زەنجـان بـە دەستی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان" پێکناوە و سەبارەت بـە "پرۆتێستی دانیشتوانی" لـە شـارەکـانی ئـازەربایجـان دژی دیمۆکراتـەکـان شـت دەنوسـن. کـردەوەی بانـدەکـانی زولفـەقـاری بـەتایبـەت لـە دەست درێـژ کردنیـان بـۆ سـەر ژن و کچـان بـێشـەرمانـە هەموویان خستوەتە ئۆبالی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان. 27ی نەیابر سـەرۆکی ستادی سوپای ئێران ژێنرالّ رەزمئـارا لـە تارانـەوە چو بۆ زینجـان. بـە گـوێرەی رۆژنامـەی کۆنـەپـەرستی "ئاتـەش" نـاوبراو لـە سـەر کوشتاری "وەحشیانەی" خـەڵکـی زینجان بـە دەست دیمۆکراتەکان قسەی کردوە و دوای قسەکانی چەند ئـەفسەرێک گوایـە هاواریـان کردوە و وتوویانە "دەرفەتمان پێ بدەن بۆ ماوەی 10 رۆژ تـا تـەورێز ئـەروین". وەک

رۆژنامەی رەهبەر دەنوسێت ئەم نوسراوانەی ئیتلاعات و ئاتەش پێش رۆیشتنی سوپای ئێران لە تارانەوە بۆ زینجان ئامادە کرا بوون.

زۆر بروسکەش لە لایەن خەڵکەوە سەبارەت بە کوشتاری بێبەزەیانەی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان ئامادە کرا بوون ئەم نوسراو و بروسکانە پێشتر لە قەزوینەوە ئامادە کرا بوون و هەر لەوێشەوە نێردرا بوون. دەسەڵاتداران لەشکەری لە زینجان چەند رۆژنامەنوسێکیان لە تاران هەڵواسیوە و گوایا ئەم شوێنە بارەگای کۆمیتەی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان بووە. سەرەڕای ئەم شتە دەستکردە رۆژنامەنوسانی کۆنەپەرستی ئەو چاپەمەنیانە نوسیبویان کە ئەم وێنانە نیشاندەری خۆفرۆشی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجانە. هەر ئەو رۆژنامانەش تەواوی ئەو نوسینانەی کە لە نێوان قەوام و جاوید شەبۆستەری سەبارەت بە هاتنی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان ئاڵوگۆر کراوە بە پێچەوانە و نێگەتیڤانە لە سەر هەڵوێستی دیمۆکراتەکان دەنوسن و تەفسیری دەکەن.

9ی دیکابری 1946 بەیانی قەوام دژی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان بڵاو کرایەوە و تێدا هاتوە کە "گەلی ئێران و دەوڵەتەکەی بە هەر نرخێک بووە بۆ دابین کردنی تەواویەتی ئەرزی و سەربەخۆیی ئێران پێشرەوی دەکات و هەنگاو هەڵدەگرێت قەوام هەروەها داوای لە دانیشتوانی ئازەربایجان کردوە کە لەگەڵ هێزەکانی ئێران بۆ ئەم مەبەستە هاوکاری بکەن و بەڵێنی دا کە پاراستنی ماڵ و گیانیان مسۆگەر بکات.هاوکات بەیانی ستادی گشتی سوپای ئێران بۆ ئەو ئەفسەرانەی کە لە ئازەربایجانن دەرکردوە و داوای لێ کردون کە بێنەوە ریزی سوپای ئێران و هەڕەشەی لێ کردوون کە ئەگینا وەک ئەوانەی کە چەکدارانە دژی دەوڵەتی ئێران یاخی بوون لەگەڵیان ئەجولێنەوە.

رۆژنامەکانی ئیتلاعات و میهری ئێران و رۆژنامە دەستەراستیەکانی تر رایانگەیاندوە کە 7ی دیکابر فرۆکەکانی دەوڵەتی بەیاننامەیان بە سەر دانیشتوانی ئازەربایجان فرێ داوەتە خوارێ و داوایان لە دانیشتوان کردوە کە هاوکاری سوپای ئێران بکەن و دژی دیمۆکراتەکان راپەرن و چەکەکانیان لێ بستێنن و تەواوی دیمۆکراتەکان هەڵواسن و لەناویان بەرن لە بەر ئەوەی ئەوانە تاوانبار و ولات فرۆشن و دەستدرێژییان لە سەر ناموس و شەرەف و سەروسامانی خەڵک کردوە. هەروەها

لەم بەیانە داوا لە دانیشتوان کراوە کە چەکەکانی خۆیان تەسلیمی هێزەکانی ئێران بکەن ئەگینا وەک دژی شۆڕش حسابیان لەگەڵ ئەکرێت.

بەم چەشنە کۆنەپەرستانی ئێران کۆتاییان بە کابینەی دەوڵەتی هاوبەندی (ئیئتیلافی- یاکەلسیونی) هێنا و زۆر ڕێکخراوی حیزبی تودەی ئێران و سەندیکاکانیان لە ناو برد. هەر ڕۆژنامە و چاپەمەنیە پێشکەوتوخواز و دیمۆکراتەکانیان داخست و هەموو زەمینەیەکی مادی و مەعنەویان بۆ ڕێگا خۆش کردن بو لە هێرشەکەیان بۆ سەر ئازەربایجان ئامادە کرد و ئاشکرایە کۆنەپەرستانی ئێران و شا بە پشتیوانی ئینگلیس – ئەمەریکا بڕیاریان دا هێزی لەشکەری بنێرنە ئازەربایجان.

## هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ ئازەربایجانی ئێران و سەرکوت کردنی بزووتنەوەی دیمۆکراتی ئازەربایجان

وەک ئاشکرایە ڕێکخراوە دیمۆکراتەکانی ئێران واتە حیزبی تودەی ئێران, شورای ناوەندی سەندیکاکان، فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان /ناوی پارتی دیمۆکراتی کوردستان هەر نیە. هەورامی/ و ڕۆژنامە پێشکەوتخوازەکانی تاران ئەوەی کە لە دەستیان هات هەوڵیان دا تاکو دەوڵەتی قەوام ڕازی بکەن بەڵکو هێزی لەشکەری دەوڵەتی ناوەندی نەنێردرێتە ئازەربایجان و بە پشت بەستن بە ڕێککەوتن نامەی دەوڵەتی ناوەندی و ئازەربایجان بە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکەیە. بەڵام دەسەلاتدارانی تاران ئەم ئامۆژگاری و هەولدانانەیان خستە پشت گوێ و پەسەند نەکردنی ، و ڕێگای سەرکوتکردنی بزووتنەوەکەیان گرتەبەر. ئەو بزووتنەوەیەی کە کاتی خۆی ناچار بوون وەک بزووتنەوەیەکی پێشکەوتوخواز و دیمۆکراتی ناساند بوویان.

11ی دیکابری 1946 ڕادیۆی تەوریز ڕایگەیاند کە ئەنجومەنی هەرێمی (ئەیالەتی) ئازەربایجان لە کۆبوونەوەی تایبەتی خۆیدا بڕیاریدا کە بە مەبەستی خۆپاراستن و بەرگری کردن لە خوێن ڕشتن و شەڕی براکوژی گۆێرایەڵی فەرمانی دەوڵەتی ناوەندی دەبێت و بە بروسکە ئێمەیش بە پێی ئەم بڕیارە بە ناوی ئوستانداری

ئـازەربایجـان بـەڕێـز دوکتـۆر جاوید و سـەرۆکـی ئـەنجومـەنـی (مـەجلیسـی) هـەرێمـی ئازەربایجان قەوام و شامان لەم بارەوە ئاگادار کردوە.

قەوامالسەڵتەنە سەبارەت بە گەیشتنی ئەم بروسکەیە بۆ ئەو و بۆ شـا ڕایگەیـانـدنی ئازەربایجانی کە "بەربەرەکانی ناکەن" بە بڕیارێکی ژیرانە ی لە قەڵەمدا و وتـی کـە بـە سوپای ئێران دەستور دراوە "کـە تـەنیـا بـۆ سـەقـامگیر کردنـی هێمنایـەتـی و ئـازادی و دیـسیپلین بـۆ دانیشتوان بـە پێـی یاسـای وڵات بـە تایبـەتـی سـەبـارەت بـە بـەڕێـوەبردنـی هەڵبژاردنی ئازاد هەولبدەن" قەوام هـەروەهـا وتـی کـە ئـەو خـەڵکـەی کـە لـەم بـارەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستە یارمەتی بدەن دەوڵەت خزمەتەکەیان لە بەرچاو دەگرێت.

10ی دیکابری 1946 بەشێک لە سوپای ئێران لە سێ قۆڵەوە بـەرەو ئـازەربایجـان دەکەونە رێ و رۆژی 11ی دیکابر دەگەنە میانە و لە 13ی دیکـابر تـەورێز دەگرن و لە مـاوەی 17 – 14 دیکـابر سـەراب و مـەرەند و خـوی و مـاکو و رەزائیـە و جولفـا و ئاستارا دەگرن. لەو شوێنانە هەموویان بارودۆخی تایبەتی سوپایی (حکومـەتـی نیزامـی) ڕائەگەینن و دادگای نیزامی و سەحرایییان دامەزراند و کۆمیتەکانی پـارتـی دیمۆکراتی ئازەربایجان و رۆژنامە دیمۆکراتە خوازەکانیان بەربەستکرد.

فـەرمانـدەی هێـزە نێـردراوەکـان بـۆ ئـازەربایجـان ژێنـراڵ هاشـمی لـە تـەورێـز ڕاگـەیانـدنێکی بـڵاو کردۆتــەوە کــە تێـدا دەڵێـت: "رێبــەرانــی دیمـۆکرات، فیـدایی، فـەرمانبـەران و پـەنابـەران /مـەبـەسـت لـە پـەنابـەر ئـەوانـەی ئـازەربایجـانی سـۆڤیەتن. هـەورامـی/ کـە چـەکیـان هـەیـە داوایـان لـێ دەکرێـت تـەحویلیـان بکـەنـەوە و خۆیـان بـە کاربـەدەستان بناسێنن و بـەم چـەشنە لـە مـەترسـی خۆیـان رزگـار بکـەن". ئـەو خـاوەن ماڵانەی کە لە وانـەیە ئـەم کـەسانە پـەنـا و حـەشـار بدەن ئاگادار ئـەکرێنـەوە ئـەگـەر ئـەم دەستورە جێبەجێ نەکەن بە توندترین شێوە سزا دەدرێن.

ڕۆژنامەی ئاتەش دەنوسێت کە لە ڕادیۆی تـەورێز بـەیـانێکی تری ژێنـراڵ هاشـمی بڵاو کردوتەوە و تێدا ژێنراڵ وتویەتی کە تەواوی ئاوانتوریستەکان تاوانبـارن و تاوانیـان قورسـە و دەبـێ دەسبـەجێ بدرێنـە دادگـای نیزامـی و لـە مـاوەی 48 سـەعاتدا حـوکمی تاوانـەکـەیان دیـاری بکرێـت و هـەر لـە جێ بڕیـاری دادگایـان بـە سـەریانـدا جێبـەجێ

بکرێت. بە پێی فەرمانی شا و مادەی 114ی کودیکسی نیزامی تاوانباران مافی شکات کردن و پێداچوونەوە لە سەر بڕیارەکانی دادگا یان پێ نادرێت.

قەوام لە 18ی دیکابری لە رادیۆی تەورێز بۆ یەکەم جار دیمۆکراتە ئازەربایجانیەکانی بە ئاوانتور ناو برد و بە لادان لە یاسا و کوشتنی خەڵکی بێتاوان، دزی سەروسامانی دانیشتوان و تەنگ هەڵچنینی بە دانیشتوانی فارس زمان تاوانباری کردن.

بە پێی راگەیاندنی رۆژنامەی داد فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان ژێنراڵ هاشمی لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوێنەرانی دانیشتوی تەورێز بە رەسمی هەڵوەشانەوەی پەیمانی نێوان دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان و دەوڵەتی ناوەندی راگەیاند. گرتن و کوشتنی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان بە شێوەیەکی وەحشیانە بەڕێوە دەچێت و تەنانەت رۆژنامە راستڕەوەکانیش نەیانتوانی ئەم تاوانە بشارنەوە. بۆ وێنە رۆژنامەی کوشش لە 1946/12/12 دەنوسی کە تەنیا لە تەورێز زیاتر لە شەش سەد دیمۆکراتی ئازەربایجانی کوژراوە. رۆژنامەی ئاتەش لە 1946/12/18 دەنوسێت کە نزیکەی حەوت سەد نەفەر لە تەورێز گیراون. هەر ئەو رۆژنامەیە دەنوسێت کە تا گەیشتنی هێزەکانی ئێران بۆ ئەردەبیل شاهسوەنەکان زیاتر لە 40 نەفەر دیمۆکراتیان هەڵواسیوە و ژمارەیەکی زۆریشیان گولەباران کردوون وشاهسوەنەکان هەر بە گوێرەی ئەم رۆژنامەیە شاری ئەردەبیلیان تالان کردوە.

رۆژنامەی ئیتلاعات 6ی یانوری 1947 هەواڵی گولەبارانی 23 ئەفسەری سوپای ئێرانی لە لایەن دادگای نیزامیەوە بڵاوکردوەتەوە و دەنوسێ گوایا تاوانیان ئەوە بووە کە ئەوانە چونەتە ریزی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجانەوە و بۆ رۆژی دوایی یەکێک لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی بزووتنەوەی ئازەربایجان بە ناوی کەبیری گولەباران دەکرێت. هەر ئەو رۆژنامەیە بە شانازی و خۆشحالیەوە هەوالی تێکوپێک دانی دوو پەیکەری کەسایەتی ناوداری ئازەربایجان واتە ستارخان و باقیرخانی بڵاو کردوتەوە. هەروەها سوتاندنی کتێب و رۆژنامە بە زمانی ئازەری بڵاو کردۆتەوە.

کردەوەی ئەم کاربەدەستانە نازیەکانی ئاڵمان بە بیر دێنێتەوە. زۆر ئابروبەرانە ئەم کردەوانە بە "هەستی نیشتمان پەروەری دانیشتوانی تەورێز لە قەوام ئەدا". ئوستانداری

پێشوی ئازەربایجان دوکتۆر جاویدیان هێناوەتە تاران و سەرۆکی ئەنجومەن (پارلەمانی) هەریمی ئازەربایجان شەبۆستەری‌یان گرتوە و خستویانەتە زیندانی پۆلیسەوە. بە پێی راگەیاندنی رۆژنامەی داد قازی موحەمەد و سەیفی قازی و لەگەڵ چەند سەرکردەی تری کورد دەدرینە دادگای نیزامی – سەحرایی بە تاوانی ئەوەی کە نەتەنیا ناوبراوان بەرهنگاری هێزەکانی دەوڵەتی‌یان کردوە بەڵکو گوایە دەیانویست کوردستان لە ئێران جیا بکەنەوە و سەربەخۆیی کوردستان رابگەیێنن و گوایا سەرۆک کۆمار و کابینەی وەزیرانیشیان بۆ ئەو دەوڵەتە دیاری کردوە. پارتی دیمۆکراتی دەسەلاتداری قەوام و رۆژنامە لایەنگرەکانیان لە هەموو بارێکەوە هەوڵ ئەدەن کە وا نیشان بدەن قەوام و حیزبەکەی بە ئازاد کردنی ئازەربایجان و چارسەری ئەو کێشەیە "ئێرانیان رزگار" کرد.

لە پەیوەندی لەگەڵ تەسلیم بوونی ئازەربایجان کۆمەڵەی رۆژنامەنوسانی ئێران لە 24ی دیکابر کۆبوونەوەیەکی رێکخست کە تێدا وەزیری شەر ژێنراڵ ئەحمەدی و وەزیرەکانی تر، سەرۆکی ستادی سوپای ئێران ژێنراڵ رەزمئارا و هەوالدەری تر بەشدار بوون. ژێنراڵ رەزمئارا لەم کۆبوونەوە دا رایگەیاند کە دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان دەیانویست تەواوی ئێران داگیر بکەن و بۆ ئەم کارش چەک و جبەخانەیەکی زۆریان ئامادە کردبوو و زیاتر لە سەدهەزار نەفەریان مەشقی نیزامی یان پێکردون. ئەوانە تەنانەت بۆ ئەم کارە خەڵکیان بۆ فێر بوونی کاروباری سوپایی ناردبووە دەرێ. رەزمئارا لە درێژەی قسەکانی وتی ئەگەر ئەو بارودۆخە 2 ساڵی تر درێژەی کێشابایا لەوانە بوو بتوانن تەواوی ئێران داگیر بکەن. بە پێی راگەیاندنی رۆژنامەی ئیتلاعات سوپای ئێران لە تەواوی ئازەربایجان تا 27ی دیکابری 1946 شەش ملیۆن فیشەک و 20هەزار تفەنگ و ژمارەیەکی زۆر چەکی قورس و دووسەد ماشێنی باری‌یان کۆکردۆتەوە.

بە بۆنەی "سەرکەوتنی پرشنگدار" لە ئازەربایجان شا لە نامەیەکی تایبەتی بۆ قەوام و سەرۆکی ستادی سوپای ئێران ژێنراڵ رەزمئارا (لە سیمای ئەویشەوە بۆ سوپای ئێران) سوپاسی لێ کردوون.

سەرۆكی باندە كۆنەپەرستەكانی كە ئەركی خەبات دژی دیمۆكراتە ئازەربایجانیەكان بە ئەستۆ گرتبوو وەک زولفەقاری، یەمینی، ئەسلەحەدار باشی و 20 ئەفسەری تر نیشان و میدالیان پێی دراوە و یا خۆ پلە و پایەیان بەرز كردونەتەوە. ستادی ئەرتەش بە بۆنەی خەباتی شاهسوەنەكان كە بە درێژایی ساڵێک بەردەوام بوون سوپاسی لێ كردن. لە 22ی دیكابر لە تاران رژەی سوپای ئێران بەڕێوەچوو كە ئەو رێ و رەسمە لە لایەن دارودەستەی زولفەقاریەوە كرایەوە و وەک "پاڵەوانی نیشتمانی" ناسێندران. بە بۆنەی "سەركەوتنی پرشنگدار" لە سەركوت كردنی ئەو یاخی بوونە لە ئازەربایجان میدالی "زولفەقاری" و فەرماندەی گشتی هێزەكانی ئێران واتە موحەمەد رەزا شای پەهلەویيان پێی درا. فەرماندەی ستادی سوپای ئێران ژێنرال رەزمئارا لە نامەیەكی تایبەتی سوپاسنامەیەكی ئاراستەی فەرماندەی هێزەكانی ژاندارمیری ئێران ژێنراڵی ئەمەریكایی شوراتسكپوڤ كرد و هەروەها بۆ خۆی لە نزیكەوە سوپاسی شوارتسكپوڤ و تەواوی ئەفسەرانی ژاندارمیری و هەموو بەشدارانی كرد كە پێكەوە هەموویان لەگەڵ سوپای ئێران لە ئازاد كردنی ئازەربایجان بوون. سەیر ئەوەیە كە بۆ یەكەمجار لەم سوپاسنامەیەدا موشاویرێكی نیزامی ئەمەریكایی لە ئیدارەی بەڕێوەبەرایەتی ژاندارمیری ئێران بە "سەرەكی ژاندارمێری ئێران"

ناوبراوە، بەم چەشنە دەركەوت ژاندارمێری ئێران نەتەنیا بە كردەوە بەڵكو بە رەسمیش بەتەواوی خراوەتە ژێر كۆنترۆڵ و سەركردایەتی ئەمەریكایەكانەوەو بۆتە ئامراز- یا داردەستێكی "قانونی" سیاسەتی ئیمپریالیستانەی ئەمەریكا لە ئێران.

بە مەبەستی بوژاندنەوەی "هەستی نەتەوایەتی" و رێكخستنی شەپۆلی "نارەزایی" دژی دیمۆكراتەكانی ئازەربایجان سەفەری خوشكی شا ئەشرەفی پەهلەوی بۆ زینجان و میانە (دوای گرتنەوەی ئەو شارانە) رێكخرا. لە راپۆرتەكەیدا بۆ شا دوای گەڕانەوەی كە لە رۆژنامەی ئیتلاعات لە 21ی دیكابری 1946 بڵاو كراوەتەوە دەگوترێت: "تاقمێک" خوانەناس و بێ بیروبڕوا لە ماوەی ساڵێكی تەواو باشترین ناوچەكانی ئێرانیان تالان كردوە و خەڵكی ئەو ناوچانەیان چەوساندۆتەوە. شارەكان بە بێ قوتابخانە و نەخۆشخانە و دوكتۆر و دەواو دەرمان ماونەتەوە. مامۆستاكان گوایە لە هەموو كەرەسەی ژیان بێ بەش كرا بوون، ئەشرەف هەروەها رایگەیاند كە بە ناوی

شاوە و لە لایەن ئەوەوە جل و بەرگ و مانو فاکتوری لە ناو خەڵک دا بڵاو کردوتەوە. بەڵام پێداویستی بۆ ئەو خەڵکە رزگار کراوە لە برسیەتی و سەرما و نەخۆشی ئەوەندە زۆرە دەبێ بە زووترین کات و دەستبەجێ فریایان بکەون و دەستبەجێ یارمەتییان بدرێت. "ئەشرەف دەنوسێت بەداخەوە ئەم بارودۆخە تەواوی ئازەربایجانی گرتوتەوە".

رۆژنامەی "میهری ئێران" لە 1946/12/30 دەنوسێت کە زیانی دانیشتوانی ئازەربایجان لە ئەنجامی رووداوەکانی ئازەربایجان دووسەد ملیۆن تمەنە و زیانی دەوڵەتیش زیاتر لە سەد ملیۆن تمەنە. رۆژنامەکە هەروەها دەنوسێت گوایا پیشەوەری سێسەدهەزار تمەنی بۆ خەرجی تایبەتی خۆی لە بانکی کشتوکاڵی تەورێز و هەروەها شەش‌سەد هەزار تمەنیشی لە بانگی تەورێز و دانیشتوان بردوە، هەندێ رۆژنامە و لە سەروەی هەموویان ئیتلاعات داوا لە دەوڵەتی ئێران دەکەن کە بۆ گەراندنەوەی پیشەوەری و غولام یەحیا و ئەوانی تر لە سۆڤیەت هەوڵبدات و وا نیشان ئەدەن کە ئەوانە تاوانباری جینائین نەک پەنابەری سیاسی و بەم چەشنە ئەوانە شمولی تەسلیم کردنەوە دەبن ...

رۆژنامە کۆنەپەرستەکانی (آتش) و (تهران مصور) بە ئاشکرایی داوای لە داردانی رێبەرانی پارتی تودەی ئێران ئەسکەندەری، رادمنیش، روستا و دوکتۆر کشاوەرز دەکەن هەروەها داوای سزادانی توندی رۆژنامە دیمۆکراتەکان دەکەن. لە 13ی دیکابری 1946 هێرشیان کردە سەر کلوبی ناوەندی پارتی تودە لە تاران و کۆمیتەی ئەم حیزبەیان لە قەزوین تێکوپێک و تالان کرد. لە تاران و دەوروبەری نێوان 19 و 18 دیکابر زیاتر لە پێنجسەد نەفەر لە ئەندامانی چالاکی تودە و سەندیکاکان گیراون. شورای ناوەندی سەندیکاکانی ئێران کاتێک دەیەوێت سەبارەت بەم گرتنانە بۆ فیدراسیونی جیهانی سەندیکاکان لوئی سائیان بروسکە بنێرێت لە تێلگرافخانەی تاران ناهێڵن. رۆژنامەی "جیهانی پاک" لە 16 دیکابر 1946 دەنوسێت کە کلوبی حیزبی تودەیان لە ئەراک تێکوپێک داوە و 9ی یانوری 1947 رۆژنامەی مەردوم هەواڵی دەرکردنی ئەندامانی پارتی تودە لە بارەگای ئەم حیزبە لە رەشت لە لایەن

دەسەڵاتدارانەوە ئەدات. تیرۆری ئازادیخوازان بە شێوەیەکی نهێنی و بەربڵاو بەردەوامە.

7ی دیکابر لە شاری زیرئاب 148 کرێکاریان بە تاوانی هێرش بردن بۆ سەر سەربازان گیراون و دراون بە دادگای نیزامی – سەحرایی لە ئەنجامدا سێ نەفەر بە ئیعدام و چوار نەفەر بە حوکمی هەمیشەیی و دوو نەفەر بە 5 ساڵ زیندان و 70 نەفەریان بە دوورخستنەوە سزا دران و 23 نەفەریان هێشتا بە تەواوی مەحکەمە نەکراون و 46 کەسیشیان بەردراون. حوکمی ئیعدامی ئەو سێ نەفەرە لە 8ی دیکابر جێبەجێ کرا.

رێبەرانی حیزبی تودە لە مەترسی راونان و کوشتن خۆیان شاردۆتەوە وەزیری کار و پروپاگەندە بە ناوی ئارامش لەم بارەوە رایگەیاند کە ئەوانە لە ترسی "قینی خەڵک" خۆیان شاردۆتەوە.

17ی دیکابر رۆژنامەی "اخبار ایران" نامەی دوکتۆر کشاوەرز وەزیری تەندروستی وئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بڵاو کردوە تەوە کە تێدا بەرپەرچی ئارامش ئەداتەوە و دەڵێ کە من وەک رابردو لەماڵی خۆم دەژیم و لە چارسەر کردنی نەخۆشان لە بنکەی تەندروستی بەردەوامم. من هیچ ترسێکم لە گەلی ئێران نیە گەرچی لەوانەیە ئەو رێکخراوەی (مەبەست حیزبی دیمۆکراتی ئێرانە) کە ئارامیشی تیایە چەند کەسێک بە پارە بەکرێ بگرن و دژی ئێمە چ لە ماڵ و چ لە دەرەوە هێرشمان بکەنە سەر و پاشان بڵێن ئەمە توڵەی خەڵکە یا خود دوور نیە بوختانێکمان بۆ بکەن و بەوەش تاوانبارمان بکەن بۆ ئەوەی ئافتەریتەیتی ئێمە بشکێنن.

## چاپەمەنیەکانی تاران لە سەر پەیوەندی یەکێتی سۆڤیەت و ئێران لە کاتی روداوەکانی ئەم دوایانەی ئێران

رۆژنامە کۆنەپەرستەکانی تاران هەر لە سەرەتای روداوەکانی ئازەربایجانەوە تا ئێستا سوکایەتی دەکەن بە دیمۆکراتە ئازەربایجانیەکان و ئەوانە بە "مشتێک خۆفرۆش" "موهاجیری لە قەفقازەوە هاتوو" "ئەگینتەکانی روسیا" وهتد ناویان دەبەن. هەر بەو چەشنەش حیزبی تودەی ئێران دەخەنە بەر لافاوی بوختان و لە هیچ شتێک بۆ بەدناوکردنیان دەست ناپارێزن و حیزبی توده بە "هێزێکی سەربە بێگانە" "دەستەموی موسکو" "گوێڕایەڵی مۆسکۆ" و ... دەناسن. هەر لە پاڵ ئەم بوختان و دژایەتی کردنەدا دژی یەکێتی سۆڤیەتیش شت دەنوسن بەتایبەت لە ماوەی دواخستن یا درەنگ دەرچونی ناچاری سوپای سور لە ئێران تا ئێستا هەر بەردەوامن. بۆ وێنە رۆژنامەی "سپیدەدم" لە 1946/10/30 کاریکاتێرێکی کێشاوە کە مەبەستی دژایەتی کردنی یەکێتی سۆڤیەت و هاوڕێ ستالینە.

رۆژنامەی "شەهریار" 46/11/4 بە دوو وتاری دوورودرێژی دژی سۆڤیەتی دەنوسێت کە یەکێتی سۆڤیەت لە ئاستی ئێراندا سیاسەتی ئیمپریالیستانە دەبا بەڕێوە و سیاسەتی خۆی بۆ دابەش کردنی ئێرانە و ...

رۆژنامەی "وجدان" 1946/11/7 وتارێکی دژی سۆڤیەتی لە ژێر سەردێڕی "دەست تێوەردانی کریملین لە کاروباری ناوخۆی ئێران" بڵاو کردۆتەوە و نوسیویەتی کە سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت "دابڕینی" ئازەربایجان لە ئێرانە.

رۆژنامەی "تهران مصور" لە سەرەتای نەیابردا دەنوسێت کە "لە مۆسکۆوە دەستور دراوە تا لە ئێران حیزبی کۆمۆنیست دابمەزرێنن" و لە ئازەربایجانەوە بۆ قەزوین "لە تانکەری گواستنەوەی بەنزین کە سەر بە شەریکانی بێگانەیە چەک بۆ تاران دەگوازرێتەوە".

رۆژنامەی "آراس" لە 1946/11/27 دەنوسێت کە بەم زووانە شەڕ دەست پێ دەکات کە تێیدا ئەمەریکا و ئینگلیسەکان بۆمبی ئەتۆمی بەکار دێنن و بە سەر یەکێتی سۆڤیەت دا سەردەکەون. کێشەی ئازەربایجان لە وانەیە ببێتە بیانوی دەست پێ کردنی شەڕ".

رۆژنامەی "آتش" بە شێوەیەکی پراڤاکاسیونانە دەنوسێت کە ئێستگەی کەش ناسی (هەوا شوناسی) سۆڤیەت لە زینجان ئیزگەی رادیۆیی و کاروباری سیخوری لە بەرژەوەندی ئازەربایجانیەکانیان دامەزراندوە.

رۆژنامەی "میهن" لە ورێنەکانی خۆیدا دەنوسێت کە دەبێ شانزدە شاری قەفقاز کە دانیشتوانی بە رەگەز، خوێن وداب و نەریتیان ئێرانیە بگێردرێنەوە بۆ ئێران چونکە ئەم شارانە تەنیا لەم سەد ساڵەی دوایی کەوتونەتە ژێردەسەلات و چەوسانەوەی بێگانەکان ئەو شارانە پێشان سەر بە ئێران بوون.

رۆژنامەی "آتش" و "میهن" و هی تر لە سەرەتای مانگی یانور دا دەنوسن کە "بە رێگای دەزگای تایبەتی زانراوە کە پیشەوەری لە پیلان و هێرش کردنی خۆیدا دژی گەلی ئێران و دەوڵەتەکەی بەردەوامە و بارەگاکەی لە نزیک ئێریوانە.

رۆژنامەی "مەشروتیەت" لە 1947/1/2 دەنوسێت کە "یەکێتی سۆڤیەت دوژمنی سەربەخۆیی، ئازادی، ئایینی و نەتەوەی ئێرانە و بە سیاسەتی ئیمپریالیستانەی خۆی لە ئاست ئێران درێژەی دەدات و داوای قەرەبو کردنی ئەوزەرەروزیانانە دەکات کە لە دەوڵەتی ئێران لە ئازەربایجان کەوتوە.

لە بەرامبەر ئەو هەموو بوختانەی کە دژی سۆڤیەت دەکرێت تەنانەت هەندێ رۆژنامەی کۆنەپەرست و راسترەو وەک "ایران" و "کیهان" دەنوسن کە یەکێتی سۆڤیەت هیچ دەست تێوەردانێکی چەکداری لە روداوەکانی ئازەربایجان نەکردوە و دژی ناردنی هێزەکانی ئێران بۆ ئازەربایجان نەبووە. بە بۆچونی ئەم رۆژنامانە ئێران دەبێ پاش گرتنەوەی ئازەربایجان واتە ئێستا هەوڵی باش کردنی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بدات و کاتیشی هاتوە. دژایەتی کردنی سۆڤیەت لە چاپەمەنیەکانی ئێران وەڵامدەری بەرژەوەندیەکانی هەردوولا و لە پێشەوەی هەموویان ئێران نیە.

لە لایەکی ترەوە کێشەی نەوت دوبارە هاتوەتە ناو باسی رۆژانەوە. سەرەرای راگەیاندنی چەند جارەی قەوام و فەیروز کە چەند جار بەڵێنیان داوە و سورن لە سەر ئەوەی کە دەوڵەتی ئێران گەڵاڵەی پەیمانی دەرهێنانی نەوتی ئێران نێوان دوو وڵات (ئێران – سۆڤیەت) بۆ پەسەند کردن دەدەنە مەجلیسی ئێران (مەجلیسی دەورەی 15

واتــە نــویێ) بــەڵام ئــەو سیاســەتــە دژی ســۆڤیەتیانــەی کــە ئیمــڕۆ کاربــەدەســتانی ئێــران بەڕێوەی دەبەن لەگەڵ ئەو قسانە یەک ناگرنەوە بەڵکو بە پێچەوانە دژی ئەو پەیمانەیە و بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکەیە. وێنەیەکی لەم بارەوە:

17ی دیکـابر رۆژنامـەی کۆنـەپـەرستی "شـەهریار" لـە وتارێکدا دەڵێـت: "یـەکێتـی سۆڤیەت کە هەوڵی ئەدا نەوتی ئێران وەربگرێت لـە سیاسـەتـی خـۆی توشـی شکستێکی گەورە بوو لەم بارەوە سەر نەکەوت".

گرنگترین ئالقەی ئەم شکستە ئازەربایجان بـوو کـە دیمۆکراتـەکـانی ئـەوێ شکستیان هێنا و روخـان. ئاشـکرایە ئـەم شکستە زیـانێکی گـەورەی لـە ئافتـەریتـەیتـی سۆڤیەت لـە ئێران و لای گەلی ئێران دا دوور نیە کە نەیارەکانی سۆڤیەت زەمینەیان بـۆ ئـەم شکستە پێکهێنـا کـە تـەواوی هـەوڵ و تـەقـەلای خۆیـان بۆسـەر نـەگرتنـی سیاسـەتـی سۆڤیەت لـە ئێران بەکار هێنـا. رۆژنامـەکـە دەنوسێت کـە بـۆ گـەڕاندنـەوەی ئافتـەریتـەیتـی (سـمعەی) خۆی لە ئێران یەکێتی سۆڤیەت دەبێ واز لە نەوتی ئێران بهێنێت".

13ی دیکـابری رۆژنامـەیـەکـی کۆنـەپـەرستی تـر بـە نـاوی "عقیـدە" دەنوسـێت کـە دەستەیەک لە ئەندامانی پـارتی حیزبـی "عـەدالت" کـە سـەردانـی یـەکێـک لـە ئـەندامانی ئـەم حیزبەیان بە ناوی جەمال ئیمـامی لـە زینـدان کـردوە. وتووێژێکیـان لـەگـەڵ کـردوە. ئیمـامی وتوویەتی کە ئەو و لایـەنگرانـی لـە رابـردو دژی قـەوام بـوون لـە بـەر ئـەوەی کـە قـەوام بـە پێچەوانەی یاسای ئێران دەجولایەوە کە لەوانە بوو بە لە ناوچونی ئێران تەواو بوایە. ئەویش ئەوە بوو کە لەگەڵ یـاخی بـوەکـانی ئـازەربایجان پـەیمـانی بـەسـت و یـاخی بوونـەکـەی ناونـا بزووتنـەوەی دیمۆکراتیـک. هـەروەهـا بـە پێچـەوانـەی ئـەو یاسـایەی کـە مـەجلیسی ئێـران پەسەندی کردوە لەگـەڵ سـەفیری یـەکێتـی سۆڤیەتیش سـەبارەت بـە نـەوتـی ئێران پـەیمـانی بەست.

لە لایەکی ترەوە بڕیاری چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجانی دا. قـەوام ئەو شکاتەی ئێرانیش کە درابوو بە شورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوە یـەکگرتـوەکـان وەرگرتـوەتـەوە سـەرەرای ئـەوەی کـە ئـەم شـکاتە بناغـەیـەکـی راسـتی هـەبـوو و بـە وەرگرتنەوەی شکاتەکە یارمەتی خۆفرۆشان درا. پاشان رۆژنامەکان داخران و هـەنـدێ کەس بە بیانوی ئەوەی کە رێبەری رێکخراوە سیاسیەکـان بـوون گیـران وهتد. هـەمـوو

ئـەمانـە مـەترسـییەک بـوو لـە سـەر پارچـە پارچـە کردنـی وڵات و مـەترسـی لـە سـەر تەواویەتی ئەرزی و سەربەخۆیی ئێران. ئەگەر ئێستا دەرکەوتوە کە قەوام لە هەڵەکانی خۆی تێگەیشتوە و بڕیاری گەڕاندنەوەی ئازەربایجان بۆ بنەماڵەی و باوەشی ئێرانی دا و هەڵبژاردنی لەو ناوچەیە بە بێگوشاری دەوڵەت و ئـازاد بەڕێوە برد. ئێمە نەتەنیا دژی قەوام ناوەستین بەڵکو لە هەموو بارێکا هەموو چەشنە پشتیوانێکی لێ دەکەین. ئـەوە بـوو کـە پـاش سـی رۆژ لـە بڵاوبوونـەوەی قسەکـانی جـەمـاڵ ئیمـامی واتـە لـە 1946/12/15 ئازاد کرا.

پاشـان رۆژنامـەی کۆنـەپـەرستی ئاتـەش لـە20ی دیکـابر دا دەنوسێت کـە لـە بـەر کێشەی نەوت سۆڤیەت هیچ سیاسەتێکی لـە سـەر ئـازەربایجان و پـارتی تودەی ئێران نییە واتە لە بەر نەوت باسی ئەوانە چیتر ناکات.

"کاتێک کە بالیۆزی سۆڤیەت لە ئێران ئامۆژگاری دەوڵەتی ئێرانـی کرد کـە سوپای خۆی نەنێرێتە ئازەربایجان دەوڵەتی ئێران راستەوخۆ پێی راگەیاند کـە ئـەگەر سۆڤیەت دەیەوێ ئیمتیازی نەوتی ئێرانی بدرێتێ پێویستە کە مەجلیسی نوێی ئێران هەڵبژێردرێت واتە دەبێ یەکەم هەڵبژاردن ببێت ئەویش بەو مـەرجـەی هـەڵبژاردنـەکە لـە ئـازەربایجان بەڕێوە دەچێت کە سوپا بنێردرێتە ئەوێ ئەگەر بێتو نەهێڵن سوپا بنێردرێتـە ئـازەربایجان هەڵبژارنەکە دوا دەکەوێت لە ئـەنجامدا پـەیمانی بـەستراوی نێوان سۆڤیەت و ئێران لـە لایەن مەجلیسەوە پەسەند ناکرێت. بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن /لە ژێر پشتیوانی سوپای ئێران. هەورامی/ هەم کێشەی ئازەربایجان چارسـەر دەکرێت و هـەم دەستەمووکـان و دژی شوڕش لە گۆڕەپانی سیاسیدا دور ئەکەوتەوە. پەیمانی ئێران و سۆڤیەت سـەبـارەت بە نەوت دەبێ زۆر بە وردی لە مەجلیسی ئێران لێکۆڵینەوەی لـە سـەر بکرێت لـە سـەر داوای سەفارەتی سۆڤیەت دەوڵەتی ئێران بۆ ڕێگا خۆش کردن و نیاز پاکی بەرامبەر بە سۆڤیەت چەند رۆژنامەی دژی سۆڤیەتی وەک "آتش" "شهریار" "نهضت"یـان داخست بەڵام هەندەی پێ نەچوو "مانگێک — دوو" سەر لە نوێ ئازاد کرانەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی کاربەدەستانی دەوڵـەتی ئێران و کـەسـایەتـی تری ئێرانـی لـە رێبازی دژی سۆڤیەتیان هاوڕێیی ئیوانۆڤ هـەواڵدەری تـاس لـە رێکـەوتـی 7ی یـانوری

1947 ژمارە 9 بە تێلگراف مۆسکۆی ئاگادار کردەوە و لێرە پێویست بە دووپات کردنەوەیان نی‌یە.

**ئەنجامەکان:**

1- تاقمی دەسەڵاتدارانی ئێران لە کۆتایی 1946 هێرشی ئاشکرای خۆیان بۆ سەر هێزە دیمۆکراتیەکانی ئێران دەست پێکرد و لێدان و سەرکوتکردنی بزوتنەوەکانی دیمۆکراتیک لە ئازەربایجانی ئێران و سەرانسەری ئێرانیان جێبەجێ کرد. چاپەمەنیە کۆنەپەرستەکانی ئێران دەورێکی نێگە تیڤانەیان لە ئامادە کردنی گەڵاڵەی ئەم پیلانە گێڕا و تا ئێستاش بەردەوامن.

2- چالاکی کۆنەپەرستان لەو کاتەدا پەرەی سەند کە تاقمی دەسەڵاتدار خۆیان بۆ هەڵبژاردن بۆ دەورەی 15ی مەجلیسی ئێران ئامادە کردبوو و بایەخێکی زۆریان پێ ئەدا لە بەر ئەوە چۆنیەتی پێکهاتەی مەجلیس بۆیان زۆر چارەنوس و گرنگە.

3- بە لەبەر چاو گرتنی بارودۆخی سیاسی ئیمڕۆی ئێران حیزبی تودە کە وانەی لە ئەزمونەکانی هەڵەی پێشوی خۆی وەرگرتوە هەنگاوی بۆ پاراستنی رێکخستنەکانی خۆی و پەیوەندی‌یان لەگەڵ خەڵک وەردەگرێت. ئەویش وا بە ئاسانی و سەرکەوتوانە نی‌یە. (بۆ وێنە دەرکردنی بەیانی بانگەوازی کۆمیتەی رێبەرایەتی کاتی تودەی ئێران لە 5ی یانوری 1947).

4- لە کۆتایی1946 کۆمپانیای دوژمنایەتی کردنی یەکێتی سۆڤیەت لە لایەن رۆژنامە کۆنەپەرستەکانی تاران بە هێز بوە و مەبەستی سەرەکیشیان تێکدانی زیاتری پەیوەندیەکانی سۆڤیەت و ئێرانە و بۆ ئەوەیە کە نەهێڵن مەجلیسی دەورەی 15 پەیماننامەی سۆڤیەت – ئێران سەبارەت بە نەوت پەسەند بکەن.

5- لەم بارودۆخە دژوارەدا هێزە دیمۆکرات و رۆژنامە پێشکەوتخوازەکان کە زۆر کەم و ئەویش بە پارێزەوە چالاکی خۆیان دەنوێنن ناچارن بە داوا کردن و پاڕانەوە و ئامۆژگاری و بانگەوازی بۆ قەوام لێ بخوازن کە ئازادیە دیمۆکراتیەکان و ئازادی هەڵبژاردن بو مەجلیسی خولی 15 لە ئێراندا دابین بکات.[1]

---

[1] ئارشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی روسیای فیدراتیفی فۆندی4و5 کۆپیەی 38دۆسیەی 49کارتۆنی364 ل 1-30 .

سکرتێری دووهەمی سەفارەتی سۆڤیەت
لە ئێران ڤارونین

ڕونوس بۆ
1 -هاوڕێ دیکانزوڤ
2- هاورێ سیلین
3-هاورێ سیچیڤ
4-وەزارەتی کاروباری دەرەوە

## لە ڕاپۆرتی کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز کراسنیخ 18ی دیکابر 1946 / سەبارەت بە ئازەربایجان

.... ڕێبەران و ئەندامانی چالاکی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان هەستیان بە مەترسی و لە نیازی دەوڵەتی قەوام تێگەیشتبوون. لە وتوویژ و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێمە (سۆڤیەتیەکان) و هەروەها لە نامەکانیان بۆ ئێمە ڕایانگەیاند کە مەبەستی قەوام لە ناردنی سوپا بۆ ئازەربایجان لە ناو بردنی تەواوی دەسکەوتەکانی گەلی ئازەربایجانە.

بۆیە لەم بارەوە ئازەربایجانیەکان سورن لە سەر ئەوەی کە بەرامبەر بە هاتنی سوپای ئێران بەربەرەکانی بکەن. گەرچی ئەوانە ئەو ڕاستیە ناشارنەوە کە هێزەکانی دەوڵەت لە زۆر بارەوە دەستێکی بالایان بە سەر سوپا و هێزەکانی ئازەربایجاندا هەیە. بە بیروڕای دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان تاقە ڕێگای ڕزگاریان بە دەست پێ کردنی چالاکی سوپایی دژی لەشکەری ئێران تا گەیشتنیان بۆ ئازەربایجانە و مەبەستیشیان ئەوەیە کە ئەوانە بۆخۆیان دەسپێشخەر بن و زاڵ بن بە سەر بارودۆخەکە دا و بوار نەدەن کە دوژمن هێزی خۆی بۆ هێرشهێنان بۆ سەر ئازەربایجان ڕێک و کۆ بکاتەوە. هەر بۆیە لەم بارەوە ئەوانە داوای یارمەتی واتە چەک ئەویش ژمارەیەکی کەمیان لە ئێمە کرد.

بڕیاری ئەوانە واتە ئازەربایجانیەکان لە سەر دەست پێی کردنی چالاکی و دەست پێشخەریان لە سەر ئەو بنچینەیە کە قەوام بە لادان لەو پەیمانە بەستراوە دا ویستی

شارەکانی سەردەشت و تیکاب نەداتە ئازەربایجانیەکان و دوای بخات، هەر بۆیە زیاتر هێزی بۆ ئەم ناوچانە نارد بۆ ئەوەی لە داهاتودا هێرشیان پێ بکات.

لە بڕیاری خۆیان بۆ هەستان بە چالاکی و بەربەرەکانی دژی هاتنی لەشکەری ئێران بۆ ئازەربایجان ئەوانە تەنانەت دەڵێن کە ئەگەر بێتو داواکاریەکەیان سەبارەت بە یارمەتی چەک و تەقەمەنی لە لایەن ئێمەوە (واتە سۆڤیەت) بەرپەرچ بدرێتەوە هەر لە سەر بڕیاری خۆ سورن. ئەوانە کە لەوپەری باوەڕدا بوون کە قەوام بۆ لە ناوبردنی بزووتنەوەی ئازەربایجان دێت ڕێبەرانی ئازەربایجان ڕایانگەیاند کە ئامادەن لە گۆڕەپانی خەباتدا بمرن بەڵام خۆ بە دەستەوە نەدەن و پارتەکەشیان کە هیوای گەلەکەیانە بە گورگ خواردنی قەوام و باندەکانی لە سیمای سوپای سەرکوتکەری ئێراندا نادەن.

پێویستە ئەو ڕاستیەش بگوترێت کە خەڵکی ئازەربایجان بە ڕاستی ئامادە بوو و سور بوو لە سەر بەربەرەکانی سوپای ئێران تا ئەو جێگایەی کە پێی دەکرێت.

ئێمە لە سەر بڕیاری دیمۆکراتەکان و وره و بیروباوەری خەڵکی ئازەربایجان وەزارەتی کاروباری دەرەوە و بالیۆزخانەی خۆمانمان پەیتا پەیتا ئاگادار کردۆتەوە.

لە 4ی دیکابری 1946 لە لای میانە و تیکابەوە سوپای ئێران دژی دیمۆکراتە ئازەربایجانیەکان دەستیاندایە چالاکی سوپایی. ئازەربایجانیەکان کە لەم ناوچانە بەرەنگاریان بوون هاوکات هێزە دیمۆکراتەکانی تر چ کورد و چ ئازەریش لە وانە بارزانیەکانیش لە بەرەی سەقز کەوتنە جموجوڵ و خۆ ئامادە کردن بۆ هێرش بردن و دەستوشاندن لە سوپای ئێران. بە بیروڕای ئازەربایجانیەکان ئەنجامی ئەم شەڕانە دەبوایە چارەنوسی پاشەڕۆژی ئازەربایجانی دیاری کردبایا. بڕیار درا بوو لە 12ی دیکابری هێرشی ئازەربایجانیەکان لە لای خەلخالەوە بۆ سەر میانە دەست پێ بکرێت.

بەیانی 11ی دیکابری بروسکەیەک لە لایەن قەوامەوە بو ئوستانداری ئازەربایجان دوکتۆر جاوید دێت کە ئەمە ی دوایان (واتە چوارەمین) تێلگرامی قەوام دەبێت و تێدا سور بوونی دەوڵەت لە سەر بڕیاری خۆی بو ناردنی سوپا بو ئازەربایجان دووپات ئەکاتەوە و پێشنیاری کردوە کە هیچ کەندوکۆسپێک نەخەنە سەر ڕێگایان لە بەر ئەوە ئەوانە بو پاراستنی هێمنایەتی لە کاتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن دێن. ئازەربایجانیەکان

دەیانویست وەڵامی ئەم بروسکەیەی قەوام نەدەنەوە و درێژە بە بەربەرەکانی خۆیان بدەن. بەڵام ئێمە هەر ئەو رۆژە بە پێی ئەو تێلگرامەی کە لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە (هی سۆڤیەت هەورامی) بۆمان هاتبوو هەڵوێستی ناوەندمان (مۆسکۆ- هەورامی) گەیاندە ئازەربایجانیەکان واتە "پێویستە بەرامبەر بە سوپای ئێران بەربەرەکانی نەکرێت و بوار بدەن بێتەگەرە و کۆسپ سوپای ئێران بێتە ئازەربایجان". سەرەرای ئەوە ئێمە بەڵێنمان پێدان کە قەوام دژی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان زوڵم و زۆر و تەنگ پێی هەڵچنین بەکار نایێنێت چونکە قەوام لەم بارەوە بەڵێنی بە بالیۆزی ئێمە داوە. بەڵام ئازەربایجانیەکان بەرامبەر بەم ئاموژگاریە نا بەدڵ وبێ باوەر بوون. ئەوانە جارێکی تر پێیان وتین کە باوەریان بە قەوام نیە. بەڵام بە پێی ملدان بۆ بریاری ناوەند /مۆسکۆ هەورامی/ پێشنیارەکەی ئێمەیان پەسەند کرد و هەر لەو رۆژە بە پێی بریاری ئەنجومەن و پاشان ئەو تێلگرامانەی کە نێردران بۆ شا و قەوام کە کۆتایی بە بەربەرەکانی سوپای ئێران دێنن جێبەجێ دەکرێت و تێلگرامی بریاری ناوبراو بە ئیمزای شەبۆستەری سەرۆکی ئەنجومەنی ئازەربایجان و جاوید ئوستانداری تەورێز بووە.

به پێی ئەو بریارەی ئەنجومەنی شەر هەر لەو رۆژە لە لایەن ئازەربایجانیەکانەوە راگیرا. چالاکەکانی پارتی دیمۆکرات، ژێنرالەکان و ئەفسەرانی سوپای نیشتمانی ئازەربایجان ئەم بریارەیان بە نابەدڵی وەرگرت و وتیان پەسەند کردنی وەک خۆ بە دەستەوە دان یا تەسلیم بوون بە قەوامە. هەندێک لەوانە هاتنە کۆنسولخانەی ئێمە و پرۆتێستی خۆیان دژی ئەم بریارە دەربری. کاتێک ئێمە ئامۆژگاریمان دەکردن کە دەبێ مل بە بریاری ئەنجومەن بدەن و سەر بە ئەو بن. ئەوانە ئامادە بوون دەست لە بەرەنگاری بەردەن و ئێمەیان ئاگادار دەکردەوە کە لە ئازەربایجان نامێننەوە و دەرۆن بۆ یەکێتی سۆڤیەت. هەر ئەو رۆژە ئێوارەکەی پیشەوەری و پادگان و چەند ئەندامی تری سەرکردایەتی و چالاک و نزیک بە هەموو ئەفسەرانی پادگانی تەورێز برەو سنورەکانی ئێمە کەوتنە ری. ئەم روداوە بوو بەهۆی شلەژاوی و ترسی ئەندامانی چالاک و دانیشتوان و هەروەها لە ریزەکانی سوپا و فیدایانی ئازەربایجان. ئەوانەی کە ملیان بۆ بریاری کۆمیتەی ناوەندی دا و لە سەر جێگا و پۆستەکانی خۆیان مانەوە شەبۆستەری و جاوید و بیریا و ویلایی و ئیبراهیمی بوون.

تاقمە کۆنەپەرستەکان بە کەڵک وەرگرتن لەو شڵەژاوی و ترسەی کە لە ناو ئەندامان و دانیشتوان پێش هاتبوو شەوانە هەندێ باندی تاوانبار و خوێریان لە دەوروبەری خۆ کۆدەکردەوە ولە پڕدا دەستیاندایە هێرش کردن بو سەر پادگانەکان و ئەو سەربازانەیان کە بە بێ فەرماندە مابوونەوە چەک دەکرد. ئەم باند و خوێریانە کە چەکیان وەچنگ خستبوو بەسەر کردایەتی کۆنەپەرستەکانە دەستیاندایە سەرکوتکردنی دیمۆکراتەکان ئەو سەرکردە دیمۆکراتەیش کە مابوونەوە تا هاتنی سوپای ئێران بە زەحمەتێکی زۆر توانییان هێمنایەتی لە شار رابگرن.

لە هەمان کاتدا فرۆکەکانی ئێران بەیانیان بە سەر شارا ئەخستە خوار و تێدا داوایان لە دانیشتوان دەکرد کە بێبەزەیانە تەواوی دیمۆکراتەکان سەرکوت و لە ناو بەرن. ئەوانەیان بە نۆکەری بێگانە و وڵات فرۆش لە قەڵەم ئەدا.

بە هاتنی هێزەکانی ئێران سەرکوتکردنی بێبەزەیانە و وەحشیانە و تەنانەت بێشەرمانە و هەروەها تالان کردنی بێسنوری شاریان دەست پێکرد. تاقمە تاوانبارەکان لەگەڵ سەربازان بە ئاشکرا دیمۆکراتەکانیان لە سەر خیابان دەکوشت. تەنانەت ئەوانە مالانیش دەگەران و دیمۆکرات و ئەوانەی کە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە هاتبوون بە کۆمەڵ لە مالان دەدۆزییەوە دەستگیردەکرد .

هێرشی خودسەرانە، گرتن و تالان کردنی ئەو چەکدارانە تەنانەت هەندێ خەڵکی سۆڤیەت و دامودەزگاکانیشی گرتبووە. لەم بارەوە بەروونی وبەوردی ئێمە ئاگادار کراوینەتەوە و فاکتی زۆریش لەم بارەوە هەیە، ئێستا لەم کاتەدا فەرماندەی هێزەکانی ئێران بە نهێنی فەرمانی داوە کە بە بێ هەراوهوریا و تەقە کردن کوشتاری تەواوی دیمۆکراتەکان و ئەو کەسانەی کە بە ئێمە نزیکن بکەن. ژێنراڵ هومایونی فەرماندەی هێزەکانی ئێران تاقم و باندێکی زۆری رێکخستوە و لیستەی ناوی دیمۆکراتەکانی پێداون و ئەوانیش گەرەک بە گەرەک دەگەرێن و هەر لە جێ دیمۆکرات و بنەماڵەکانیشیان دەکوژن، ناوی چەند بنەماڵە تا ئێستا بۆ ئێمە ئاشکرا بووە کە بە شێوەیەکی وەحشیانە بەو چەشنە کوژراون. بە دەستی ئەو سوپایەی کە بۆ هێمنایەتی و بەرێوەبردنی هەڵبژاردن هاتوون بۆ ئازەربایجان، دیمۆکراتە هەرە چالاکەکان لە زیندان

گولەباران دەکرێت و شوێنەواریشیان دەسڕنەوە. تەواوی زیندانەکان پڕن لە دەسگیر کراو. تەنانەت لە چەند جێ کامپیان ئۆردوگاش بۆ زیندانیەکان دروست کردوە.

دوای هاتنی هێزەکانی ئێران دەسبەجێ سەرکوتکردنی دیمۆکراتەکان دەستی پێکرد و ژمارەیەکی کەمیش لە دیمۆکراتە چەکدارەکان کە لە شار زیندومابونەوە بەرامبەر بە باندەکانی قەوام دەستیان دایە بەربەرەکانێکی قارەمانانە. هەندێ فاکتی تریش بە دەستەوەیە. کاتێک کە ئەو دیمۆکراتانەی لە بینا دەوڵەتیەکان و ماڵەکان پەنایان گرتبوو تا ئەو جێگایەی کە پێیان کرا خۆیان راگرت و تەسلیمی جەلادەکانی قەوام نەدەبوون. چوار دیمۆکرات کە چووبونە سەربانی مالآن سێ شەو و رۆژ قارەمانانە بەرەنگاریان کرد و لە شەڕێکی نا بەرابەردا شەهید بون.

دەستەیەکی بچوکی فیدایی کە لە قوتابخانەی فیردوسی بەرەنگاریان دەکرد دوای دوو رۆژ بەرەنگاری قارەمانانە کاتێک کە تەقەمەنیان پێ نامێنێت هەموو پێکەوە خۆیان خستە ناو بیری ئاو و تەسلیمی سەرکوتکەران نەبوون. پێنج خەباتگێری سوپای میللی ئازەربایجان کە خۆیان لە تاقی روخاوی قەلایەک شاردبووە سێ رۆژی تەواو بەرەنگاری قارەمانانە بە دروشم دانی نەتەوایەتی و بانگەواز بو ئازادی و تۆڵە سەندنەوە شەهید کران.

ژمارەیەکی فیدائیش کە لە مەقەری سەرکردایەتی سەنگەریان کردبوو پاش بەرەنگارێکی قارەمانانە لە کاتێکا گەمارۆیان دابوون ئەلقەی گەمارۆکە دەشکێنن و خۆیان رزگار دەکەن.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان دادستان فەرەیدونی ئیبراهیمی لەگەڵ چوار هاوڕێ شەو و رۆژێک قارەمانانە بەرگریان لە مەقەری کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجانیان کرد. بەڵام کاتێک کە تەقەمەنیان پێ نامێنێت بە تەلەفون داوای یارمەتی و تەقەمەنیان لە ئێمە کرد. کاتێک کە زانیان ئێمە ناتوانین یارمەتیان پێ بکەین داوای یارمەتیان لە جاوید کرد کە ئەویش پاسەوانەکانی خۆی نارده یارمەتیدانیان. سەرئەنجام ئیبراهیمی دەدوزنەوە لە لایەن فەرماندەی سوپای ئێرانەوە دەگیرێت.

17ی دیکابر فیئوداڵ و توجاری بەناوبانگ عەسکەر بەقاڵ موحسنی کە ئێستا سەرکردەی هەندی باند دەکات. بە سەرسورمانەوە لە سەر هەڵسوکەوتی ئیبراهیمی لە داپرسینەوە بۆ دادگایی کردنی وتی:

"کاتێک کە نوێنەری فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان لە دادگا لە ئیبراهیمی پرسیاریان دەکرد بۆچی ئەو وەک دادستانی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان خەڵکی هەڵواسیوە ئیبراهیمی لەوەڵامدا وتی ئەوانەی کە هەڵواسراون دوژمنانی ئازەربایجان بوون و بە پێی ئیرادەی دەوڵەتی نیشتمانی من دادگایی کراون. لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە تۆ باسی چ دەوڵەتێک دەکەیت لە کاتێکا لە ئێران دەوڵەت هەبوو و ئێستاش یەک دەوڵەت هەیە و ئەویش لە تارانە ئیبراهیمی دەڵێت کە من باسی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان واتە ئازەربایجان دەکەم کە هی ئازەربایجان بوو و هەر پایەداریش دەمێنێتەوە.

دەبێ ئەو خۆراگریەی دوکتۆر جاوید و شەبۆستەری لە بیر نەکرێت کە تا دەستگیر کردنیان لە لایەن قەوامەوە لە سەر پۆست و سەنگەری خەباتگێری خۆیان مانەوە. ئەوانە وەک رولەی بە ئەمەکی گەلەکەیان لە رۆژانی هەرە دژوار و پر لە مەترسی دەجولانەوە و لە ئیش و کاری خۆیان بەردەوام بوون و لە دەستە لێکدابراوەکانی فیدایی دەستەی پاسەوانیان بۆ هێمنایەتی و پاراستنی شار لە دەستی باندە تالانکەر و پیاو کوژەکان رێکخست. دوکتۆر جاوید و شەبۆستەری کە سەرکردایەتی دەستەی پاسەوانیان دەکرد لە ناو شار دا دەگەران و هاورێ چەکدارەکانی خۆیانیان بەسەردەکردەوە دەپاراست و هەروەها پاراستنی دامودەزگاکانی شاریان لە هێرشی باندە پیسەکان بە ئەستۆ گرتبوو (وەک ناوەندی کولتوری) نەخوشخانە سۆڤیەت، شەریکەی ترانسپۆرتی ئێران سۆڤیەت واتە ئێران سۆڤ ترانسپورت و هتد.

کۆمەڵێکی تاوانبار کە ناوەندی کولتوری ئێمەیان گەمارۆ دابوو بلاوەیان پێ دەکەن و چوار فەرمانبەری سۆڤیەتیان لە کوشتن رزگار کرد.

دوای رۆیشتنی پیشەوەری، بیریا و ویلایی کە رێبەرایەتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان بە ئەستۆ دەگرت بە درێژایی شەو و رۆژی 12ی دیکابر سەردانی زور شوێنیان دەکرد و داوایان لە خەڵک دەکرد کە لە سەرخۆ بن و هێمنایەتی

و رێکـوپێکی بپارێزن. پاشان دەکەونە گەمارۆی دوژمنان و زۆر بـە زەحمـەت خۆیـان لە گەمارۆکە رزگار دەکەن و ناچار دەبن خۆیـان بشارنەوە. ئـەم فاکتانـە کـە ئێمـە لـەو بابەتانە زۆر کەممان بە دەستەوەیە نیشاندەری ئەوەن کە کورە بـە ئـەمـەك و بـەوەفاکانی خەڵکی ئازەربایجان ئامادەن تا ئاخر لە دەسکەوتەکانی خۆیان بەرگری بکەن.

نیزامیەکانی ئێران و ئەو کەسانەی کە قەوام بـەتایبـەت هەڵبیـژاردون و نـاردونی بۆ ئازەربایجان لەگەڵ سـەرکوتکردنی بـە کۆمـەڵی تـەواوی دیمۆکراتـەکان و لایـەنگرانـی سۆڤیەتـی هـەنگاویـشیان بـۆ لـەنـاو بردنـی دەسـکەوتـەکـان و ئاسـەواری بزووتنـەوەی رزگاریخوازی ئازەربایجان ناوە وەک:

1- یاساخ کردنـی فێر بـوون و وتنـەوەی زمـانی ئـازەری لـە قوتابخانـەکان. لـە پێش چاوی خەڵک تەواوی ئەو پەرتوکانەی کە بە زمانی ئازەری بۆ قوتابخانـەکان لـە لایـەن دیمۆکراتەکانەوە لە چاپ درابوون سوتاندیان.

2- لە ناو بردنی تەواوی چاپەمەنی بە زمانی ئازەری.

3- هێنانـە خـوارەوەی تـەواوی ئـەو تـابلۆ و نوسـراوانەی کـە بـە زمـانی ئـازەری هەڵواسراون.

4- نەهێشتنی موزەی نیشتمانی و پەیکەری تەواوی قارەمانەکانی گەلی ئازەربایجـان وەک ستارخان و باقرخان و خیابانی وهتد.

5- نـەهێشتنی تیئـاتری فیلارمونیـای نـەتـەوەیـی و گۆڕینی تـەواوی بـەرنامـەکـانی رادیۆیی بە زمان فارسی.

6- بەهێز کردنی پروپاگەندەی بێشەرمانە بو رەت کردنەوەی پێنـاس و هەبوونی گـەلـی ئـازەربایجـان وەک نـەتـەوە و داسـەپانـدنی زمـانێکی بێگانـە واتـە فارسـی وەک زمانێکی "زگماکی" بە سەر گەلی ئازەربایجان.

7- بەکارهێنانی ئایینی ئیسلام وەک کەرەسەیەک بە پروپاگـەندەی دژی سۆڤیەتـی و دژی ئازەربایجان. لە هەموو شوێنێک ئەو پروپاگەندە بەهێز دەکرێت کـە بـەڵشەویـەکان لە رێگای دیمۆکراتەکانی ئازەربایجانەوە ئاتەئیزمیان لە ناو دانیشتواندا بلاوکردۆتەوە.

پێویستە بگوترێت کە تەواوی هەنگاو و چالاکیەکانی تاقمی نیزامی و باندە کۆنەپەرستەکان هاوکات بۆ سرینەوە و تێکدانی دەوری ئێمە (یەکێتی سۆڤیەت) لە ناو ئازەربایجانە.

لە پەیوەندی لەگەڵ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی دیموکراتیک کۆنەپەرستان جێژن و سەرکەوتنی خۆیان ئەگرن بەڵام لە ناو دانیشتواندا سەبارەت بەم رووداوانە بیروڕای وا هەیە:

ئەو خەڵکەی کە بە ئێمە نزیکن دەڵێن کە بە لە دەستدانی بزووتنەوەی دیموکراتی ئازەربایجان پرستیژی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ساڵانی دوورودرێژ لە تەواوی ئێران زیانێکی گەورەی پێ ئەگات. لە هەمان کاتدا هەندێک لەوانە بە دووری نازانن کە بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان بە پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت لە وانە (ئەگەر بێتو ئەم پشتیوانیە لە داهاتوویەکی نزیکدا بکرێت) دوبارە زیندوو ئەبێتەوە.

بەشێک لە بۆرژوازی و رووناکبیران کە هەڵوێستیان بێلایەن بوو لە سەر ئەو بارودۆخەی کە هاتوتە پێش دەڵێن کە بۆچی یەکێتی سۆڤیەت وا بە ئاسانی جێ پێی خۆی لە ئازەربایجان لە دەست دا یا دەستی لێ کێشا و وازی لە پشگیری بزووتنەوەی دیموکراتیک هێنا لە کاتێکا بە بەشداری و یارمەتی و پشتیوانی سۆڤیەت ئەم بزووتنەوەیە رێکخرا. بە رای ئەوان ئەو هەڵوێستەی کە روسەکان بەرامبەر بەو رووداوانەی دوای ئازەربایجانی ئێران گرتیانە بەر بۆتە هۆی بێباوەڕی خەڵک بەرامبەر بە روسەکان و سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت هەم لە لایەن دیموکراتەکان و هەم لە لایەن تەواوی پێشکەوتخوازەکانی ئێرانەوە بە پێی بیروباوەڕی تەواوی نوێنەرانی ناسراوی کۆمەڵگای ئازەربایجان لە ناوچونی بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان نیشاندەری سەرکەوتنێکی مەزنی ئینگلیسەکانە لە ئێران. هەر بۆیە لەم بارەوە دەڵێن کە یەکێتی سۆڤیەت قەت ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی ئێرانی وەچنگ ناکەوێت. بە بۆچونی ئەوان قەوام بە بەڵین دانی نەوت بە روسەکان مەبەستێکی هەبوو ئەویش بێلایەن کردنی یەکێتی سۆڤیەت لە سەر کێشەی ئازەربایجان بوو تاکو بەم چەشنە دەستی بۆ لەناو بردنی خنکاندنی بزووتنەوەی ئازەربایجان ئاوالە بێت.

بێگانەکان بەتایبەتی ئەمەریکایەکان کە زوو زوو سەردانی کەسایەتیە ناودارەکانی دەکەن هەوڵ ئەدەن پێیان تەلقین بکەن و بسەلمێنن کە روسەکان لە دۆستایەتی کردندا تا

سەر نارۆن. ئەوانە پروپاگەندەی وا دەکەن کە روسەکان خۆیان بزووتنەوەی دیمۆکراتیکیان پێکهێنا بەڵام لە کاتی تەنگانەدا پشت لە دۆستانی خۆیان دەکەن واتە دیمۆکراتەکانیان دایە دەستی چارەنوس.

لە لایەن هەندی لە نوێنەرانی کۆنسولخانەکانی ئەمەریکا بەڵگە بە دەستەوەیە کە هەوڵیان ئەدا هەندێ لە رێبەران و فەرمانبەرانی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان بخەنە ژێر باڵی خۆ و پەنایان بدەن. ئەوانە بەم کردەوانە بێگومان مەبەستیان ئەوەیە کە لە ناو چین و توێژی پێشکەوتوی دانیشتوان لایەنگر بە دەست بێنن و دەوری "پارێزەرانی راستەقینەی دیمۆکراتیت" ببینن. [1]

کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز - کراسنیخ

جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز – سەعید

رونوس بۆ

1 - هاوڕێ مولەتوف

2- هاوڕێ سادچیکوف

3-لای خۆمان

---

[1] ئارشیڤی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی روسیای فیدراتیڤی فوندی 094کۆپیەی38دۆسیەی a364 ل.ل7-1

# بۆچوونی نوسەر لەسەر بەڵگەکان
# و
# چەند بەڵگەیەکی تر

وتوویژەکانی دەسەلاتدارانی تاران لەگەڵ ئازەربایجان زیاتر و لە چاپەمەنیەکانی ئێران دەنگی‌یان داوەتەوە و دەوڵەتی ئێرانیش چەند جار لە سەر رێککەوتنەکانی نێوانیان بە رەسمی بەیانیان دەرکردوە بەڵام لەگەڵ کوردستان نا و لە هەموو بارێکەوە هەوڵدراوە کێشەی کورد نەهێندرێتە کایەوە و بە رەسمی باس نەکرێت و لە سەری نەنوسرێت گەرچی نێوان کورد و تارانیش وتوویژ کەم یا زۆر هەبووە.

کوردستانی ئازەربایجان وشەیەکەو لە چەند جێگادا لە لایەن کاربەدەستانی ئازەربایەوە بە کار هێنراوە.

سەرانی ئازەربایجان لە وتوویژەکانیاندا لەگەڵ تاران هەر بە نهێنی و بە دزی خۆیان نەکردوە خاوەنی کوردستان بەڵکو بە ئاشکراش لە وتاری سەرکردە و چاپەمەنیەکان بەتایبەتی رۆژنامەی ئازەربایجان بەئاشکراو بە ڕەسمی دەریانبڕیوە بۆ وێنە کاتێک دەنوسن ئازەربایجان لە ئوستانەکانی 3 و 4 پێک دێت واتە سنورێکیان بو کورد یا کوردستان دانەناوە و سەرانی کوردیش هەڵویستیکیان لەم بارەوە نەبوە.

وەک لە راپۆرت و بەڵگە و دیکۆمێنتەکاندا هاتوە ناوەندی کوردی واتە مەهاباد بایەخیان بە ناوچەکانی ورمی و خوی و ماکو و سەڵماس نەداوە جگە لەوە هاتنی نوێنەرانی ئەو ناوچانە بۆ مەهاباد و گلەیی و رەخنەیان لە سەرکردەکانی کورد کە دراونەتە دەستی قەزاوقەدەر راستییەکی ترە ونارەزایی دانیشتوانی کورد لەم بارەوە دەردەبڕێت. سێهەم دەست بە سەر داگرتنی دەسەلاتی ئازەری لە لایەن کاربەدەستانی ئازەریەوە بە سەر ئەو ناوچانە بە بێئاگاداری مەهاباد فاکتێکی ترە کە لاساری و بێ بەرپرسیاریەتی رێبەرانی کورد نیشان ئەدات خۆ ئیتر باسی سنە و کرماشان و ئیلام و شوێنەکانی تر ناکرێت لە لایەکی ترەوە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵ کۆماری مەهاباد هێندە بەرین و فراوان نەبووە تا پیاو پاکانەیان بۆ بکات و بڵێن پێی رانەگەیشتوون و گێرەوکێشەیان زۆر بووە کوردەکانی ئەو ناوچانە هەموو توانایەکیان بۆ دەسبە سەر داگرتن و حکومەتی ئەو ناوچانە هەبووە.

وەک لە بەڵگەکان دا دەردەکەوێت ئەوانە واتە دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەر چاوەڕێی دەستوری مەهاباد بوون و پێشبینی ئەوەشیان کردوە کە ئازەرییەکان خەریکە ئەو ناوچانە ئەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و تەنگ بە کوردەکان هەڵدەچنن و هەر چەند بە ناردنی نامە و نوێنەر و تەنانەت هاتنی خۆیان بۆ مەهاباد کە فریایان بکەون و هەوڵی زۆریان داوە پیلانی ئازەرییەکان پوچەڵ بکەنەوە بەڵام بێ کەڵک دەبێت و ئەوە بوو کە پاش ئەوەی ئازەرییەکان دەسەلاتی ئەو ناوچانە ئەگرنە دەست ئینجا مەهاباد بەخەبەر دێت بەڵام درەنگ دەبێت. دەسەلاتدارانی تاران کە بە زۆر بەشێکی کوردستانیان ناو نابوو ئازەربایجانی رۆژ ئاوا ئازەرییە بە ناو دیمۆکراتەکانیش بە هۆی سیاسەتی رەگەز پەرستانەی خۆیان بەتایبەتی نوسەرەکانیان ئیمڕۆش وەک فاکتەرێکی تر ناوی لێ دەبەن و دەیانەوێ بیسەلمێنن کە بەڵێ ئەو ناوچانەش سەربە ئازەربایجانن و لە ساڵی 1946 لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتی ئازەربایجان بووە.

ئەگەر کورد لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی ئەو ناوچانەی گرتبایا دەست دەبو بە فاکتەرێکی حاشا نەکراو نە تەنیا بەرپەرچی دەسەڵاتدارانی تاران دەدرایەوە کە بە زۆر ئەو ناوچانە کراون بە ئازەربایجانی رۆژئاوا بەڵکو بەرپەرچییەکیش بوو بۆ سەرانی ئازەربایجان و نەیاندەتوانی پاشتریش و هەتا ئیمڕۆش چیتر ناوچە ناوبراوەکان بە عەجەم بکەن و دەبو بە هۆی ئەوەش کە عەجەمەکانیش بەرەبەرە بوشوێنی پێشوی خۆیان بگەڕێنەوە یا خۆیان وەک هاوولاتیکی کوردستان حەساب بکەن و ئازەری داوای مافی خۆی لە کوردستان بکات. لە لایەکی ترەوە ئەگەر ناوچە ناوبراوەکان لە ژێر دەسەلات و کۆنترۆڵی کورد بوایا دەبو بە فاکتەر یا بەڵگەیەک لە دەستی کورد کە شەرت و شروتی خۆی هەم بە سەر دەسەڵاتدارانی تاران و هەم بە سەر دەسەڵاتدارانی تەورێزدا بسەپێنێت و کێشەی کورد قورساییەکی تری دەبو و دەسەلاتدارانی تەورێز نەیاندەتوانی بە ناوی کوردەوە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران وتوویژ بکەن.

سەیر ئەوەیە پێشمەرگەی کورد لە ئازاد کردنی ئەو شارانە بەتایبەتی ورمی دەستی بالایان هەبووە دەبینین کە لە ئازاد کردنی ورمی لە باتی دەسەلات وەرگرتن یا هیچ نەبێت کورد لە دەسەلاتی ورمی بەشدار بکرێن سۆڤیەتیەکان و ئازەرییەکان بە دوو یا سێ ماشێن چەک و تەقەمەنی کە لە هێزەکانی ئێران پاش رزگار کردنی ئەو شارانە بە

دەست هاتبوون بەشی کورد ئەدەن و سەرگەرمیان دەکەن ئەمەش هەر ئەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی بەرنامە و لێنەهاتوویی سەردانی ئەودەمەی کورد پێش ئەوەی ئەو ناوچانە لە دەست دەسەلأتداریەتی ئێران پاک بکرێنەوە پەیمانێک لەنێوان سەرکردەکانی کورد و ئازەری و سۆڤیەتیەکانیش /کە دەوریان لە ئازاد کردنی ئەو ناوچانە هەبووە/ ئیمزا نەکراوە یا پاش ئازاد کردنیان سەرانی کورد هیچ گەڵاڵەیەکیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە ئاراستە نەکردوە تا وای لێ دێت کە هاتوچۆی کوردەکان تەنانەت بۆ ورمێ یاساخ دەکەن /بەڵگەی کۆنسوڵەکانی سۆڤیەت لەم بارەوە زۆرە کە بە جیا بلأو دەبنەوە/ و گرتن و کوشتنی کوردان دەست پێ دەکات و ڕێگای هاتوچۆیان لە ماکو و خوی بە بێئیجازەی دەسەلاتدارانی ئازەری پێی نادرێت کورد پێش ئەوەی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان پێک بێت /لە کوتایی 1945/ و ئازەریەکان خواستی نەتەوایەتی خۆیان بێنە کایەوە کورد نزیکەی 4 ساڵ بوو لە زۆر ناوچەدا دەسەلأتی هەبوو و لەو ماوەیەدا زۆرجار نێوان کورد /لە سەردەمی ژێکاف/ و دەوڵەتی تاران وتووێژ کرا بوو تەنیا کێشەی کورد لە ئارادا بوو و لەو سەردەمەدا هێشتا کێشەی ئازەربایجان سەری هەڵنەدا بوو.

لە لایەکی ترەوە ئەو ناوچانە زیاتر لە مەهابادەوە نزیک بوون تا تەورێز. جگە لەوە ناوچە ناوبراوەکان هەمیشە بە درێژایەتی مێژو چاوگەی سەرهەڵدان و ڕاپەرینی کوردان بووە بەتایبەتی شۆڕشەکانی شۆکاکان و جەلالیەکان و هتد نمونەی زیندوون.

لە جێگایەکی تر بە پشت بەستن بە بەڵگەکانی سۆڤیەتی بە وردی ئاماژەم بە دەوری گلأوی نوێنەرانی سۆڤیەتم لەو ناوچانە کردوە کە کوردەکان چەند جار ویستویانە ئەو ناوچانە بخەنە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیان /نێوان 1941 – 1945/ و تەنانەت چەند جارێکیش گەمارۆی ورمێ ئەدەن. بە مەبەستی داگیر کردنی. بەلأم نەتەنیا سۆڤیەتیەکان ناهێڵن بەڵکو هەرەشەشیان لێ دەکەن و پاشتریش کوردەکان لە هەوڵدانێکی تر کە دیسانەوە ورمێ گەمارۆ ئەدەن. کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران لە ورمێ و تاران دەست بە داوێنی سۆڤیەتیەکان ئەبن کە بکەونەوە نێوان ئەوان و کوردان و ئەنجامەکەی مۆر کردنی پەیمانێک /بە بەشداری نوێنەرانی سۆڤیەت/ نێوان دەسەلاتدارانی ئێران و کوردان دەبێت و کوردەکان داخوازەکانی خۆیان بەرامبەر بە

شکانی گەمارۆی ورمی بە سەر کاربەدەستانی ئێران دەسەلمێنن بەڵام وەک هەمیشە ئێرانیەکان بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن و جارێکی تر نیوەنجی کردنی سۆڤیەتیەکان ئەبێتە خەنجەرێک کە پاش چەند ساڵ لە پشتی کورد ئەدرێت و کۆنترۆڵی شار ئەدرێتە دەستی ئازەریەکان. سەرانی کورد وزەیان لێوە نەهات و بەداخەوە هەندی نوسەری ناشارەزا یا خود ئەوانەی کە ناوچەگەری ئەکەن هەوڵیانداوە مێژوی بزووتنەوەی کورد لە ناوچەیەکی بچوک وەک مەهاباد یا موکریان قەتیس بکەنەوە لە کاتێک بزووتنەوەی کوردان ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی ورمی سەریهەڵدا و مەبەستیان ئازاد کردنی ورمی و سەرئەنجام کردنی ئەو شارە وەک ناوەند یا پایتەختی کوردستان بووە کەچی ئەو بە ناو نوسەرانە دەنوسن ئەو بزووتنەوەیەی کوردەکان لەو ناوچانە عەشایری و تەنانەت بە تالان کەر و بێ مەبەست لە قەڵەمیانداوە /دەقی ئەو پەیمانەی کە نێوان ئێران و کوردان بە نێوەنجی کردنی نوێنەرانی سۆڤیەت مۆر کراوە و لە گۆڤاری ڕابوون دا بلاوبۆتەوە ئەو ڕاستیە دەرئەخەن واتە ناوەرۆکی پەیمانەکە نیشان ئەدات ئامانجی ئەو سەر هەڵدانە چی بووە.

خۆ ئەگەر ناوچەکانی ماکو و خوی و ورمی و هتد لە مەهابادوە نزیک بوون و دەسەلاتی دەوڵەتی ناوەندی لەوێ کز و لاواز بووە و چالاکی کوردەکان بەهێز بووە و دەسەلاتی کوردی بەو چەشنەی کە ڕاپۆرتەکان باس دەکەن بەرنامەیەکی یا هەنگاوێکی بۆ هەڵنەگرتوون( دیارە کە بەرنامەیەکیش بو ئەو ناوچە دورانەی وەک سنە و کرماشان وهتد نەبووە و ئەگەر بووە هەر بە قسە بووە). شتێکی تر کە لە بەڵگەکاندا هاتوە ئەوەیە کە لە وتووێژەکانی نوێنەرانی کورد و ئێران سنوری کوردستان دەست نیشان نەکراوە کەچی ئازەریەکان نەتەنیا ئوستانەکانی 3و4یان واتە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوا بەڵکو زەنجانیشیان خستە ژێر کۆنترۆڵ و چوارچێوەی ئازەربایجانەوە. کاتێک کە کوردەکانی خوی و ماکو و ورمی ئاگاداری بارودۆخی ڕوداوەکانی ناوچەی موکریان و بڕیار و هەڵسوکەوتی ڕێبەرانی کورد لەگەڵ تاران ئاگادار نین و چاپەمەنیان پێ ناگات و ڕێنوێنی و ئامۆژگاری سەرکردایەتیان پێ ناگات و لێیان ناپرسنەوە کە بارودۆخی ناوچەکانیان لە چ

بارێکدایە ئینجا چون( لە بۆکان بەرەو خوار دانیشتوانی کورد هیچ زانیارێکیان لە ژیانی سیاسی مەهاباد هەبووبێت.

هەر بۆیە یەک نەفەر لە ناوچەکانی تری کوردستان واتە لە شارە گەورەکان وەک سنە و کرماشان یا نوێنەری خێڵ و هۆزەکانی ناوچەکانی تر لە دامودەزگا بەڕێوەبەرایەتی کوردی نابینرێت و نە دەستەیەکی نوێنەرایەتی دەسەلاتداریەتی کوردی هاتوچۆی ئەو ناوچانەی کردوە بۆ راکێشانی خەڵک و هاوکاری کردنیان و بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و دلگەرم کردنیان وهتد.

پێویستی بە ناردنی چەکدار یا هێرش کردن بۆ سنە و کرماشان و شارەکانی تر نەدەکرد بەڵکو پێویستی بە رێکخستن و بەسەرکردنەوە بوو بە پێی هەندێ بەڵگەی تر کە لە شوێنێکی تر بلاو دەبنەوە هێزی چەکداری کورد بەتایبەتی لە ناوچەکانی کرماشان و مەریوان و قەسری شیرین و لورستان هێندە زۆر بووە کە تەواوی سوپای شاهەنشاهی ئەو سەردەمە نەیوێراوە بەرەنگاریان بێت و هەموشی پاش داگیر کردنی ئێران لە لایەن سۆڤیەت و بریتانیاوە هێزەکانی سوپای ئێرانیان چەک کردبوو و هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی ئەو ناوچانە بەهێز بووە و زەمینەی رێکخستنیشیان زۆر بووە چونکە زۆربەی سەرکردەکانی ئەو خێڵ و هۆزانە بە دەستی رەزاشا یا کوژرا بوون یا زیندانی کرابوون و هەندێکیشیان دور خرابوونەوە و یا پاش خەرمانان 1320(1940) ئازاد کرابوون و دژی رژێمی پەهلەوی بوون. ئەوەی لە چاپەمەنیەکانی سەردەمی کوماری مەهاباد هەیە و تێکرای ئەو شتانەی کە لە سەر کۆماری مەهاباد نوسراوە دەبینین بانگەوازێک یا پەیامێکی بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە نیە و تەنانەت بۆ دامەزراندنی ح.د.ک وراگەیاندنی کۆماری کوردستان بانگی هەندێ پیاو ماقول و نیشتمانپەروەر و ناسراوی ئەو ناوچانەش بۆ مەهاباد نەکراوە و یا شاندێکی دەوڵەتی کوردی بۆ ئەو ناوچانە نەنێردراوە کە دەیانتوانی بۆ کۆماری مەهاباد لە باری مادی و لەشکەری و سیاسیەوە گەورەترین پاڵپشت بن بۆ دەسەلاتی کوردی و ئەوسا کێشەی کورد لای تاران و زلهێزەکانەوە بایەخ و سامێکی تری هەبوو و دوور نەبوو رەوتی روداوەکان بە شێوەیەکی تر بوایە و هیچ نەبوایە ئاسەواری خۆی لە سەر هەستی نەتەوایەتی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بو هەمیشە دادەنا و چالاکانەتر لە ئیمڕۆ

بەشداری بزووتنەوەی کوردیان دەکرد و بزووتنەوەی کورد قورسایی تری دەبو. لە بەڵگەیەک قازی موحەمەد کێشەی کرماشان و سنەی هێناوەتە کایەوە بەڵام کاتێک کە نە ئەو ناوچانە ئازاد کراون و نە دانیشتوانی بەشداری بزووتنەوەی ئەو سەردەمەیان کردوە و نە رێکخراوی حیزبی و نە دەوڵەتی لەوێ خۆی نواندوە و هەماهەنگێک و هاوکارێک لەنێوان ئەو ناوچانە و مەهاباد دا نەبوەو نییەو.

نوێنەرانی ئەو ناوچانە لەسەرکردایەتی حیزبی و دەوڵەتی مەهاباد نیە و لە وتووێژەکانی نوێنەرایەتی کورد لەگەڵ تاران نوێنەرانی ئەو ناوچانە بەشدار نەکراون ئینجا چۆن رژێمی ئێران ئامادە دەبێت ئەو ناوچانە لە چوارچێوەی کوردستان بن؟ واتە بە دەستی بەتاڵ لەگەڵ رژێمێکی شۆڤینی و دوا کەوتوی ئێران کە جگە لە زمانی زور ئامادەی وتووێژ نابێت و هەڵەیەکی گەورەیە. بەڵام دەبینین سەرانی ئازەربایجان لە روی واقیع و هێز و فاکتەوە دەکەونە وتووێژ لەگەڵ تاران و جگە لە گێرە و کێشەیان لە سەر زەنجان رژێمی ئێران ئامادە دەبێت دان بەو شارانە و ناوچانەی ئازەربایجان بنێت چونکە لە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ئازەربایجانیەکان دەبێت.

ناکۆکی سەرەکی نێوان ئازەربایجان و تاران لە سەر سنوری تریتوریا ئازەربایجان نەبووە بەڵکو لە سەلاحییەتی (رادە یا پلەی دەسەلاتداریەتی) دەوڵەتی ناوەندی و تەورێز بووە لە لایەکی ترەوە دەبینین کە زۆرجار وتووێژی نێوان دەستەی نوێنەرایەتی کورد و تاران لە سەد پادگان و هێزەکانی ئێران لە سەردەشت و بانە و سەقز بوو و رژێم ئامادە نەبوو ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەلاتی کوردی بن و داوا لە کوردەکان دەکات کە رێگا بدەن خوادەمەنی و چەک و تفاقیان بۆ بچێت یا داوای ناردنی سوپا بۆ سەر سنور لەگەڵ عێراق دەکات یا لە وتووێژەکان نوێنەرایەتی کورد داوای پارە بو کاروباری لەش ساغی و پەروەردە بو ناوچەی مەهاباد دەکات یا گۆرینی فەرماندەی سوپای هێزی سەرکوتکەری ئەرتەشی ئێران لە چەند ناوچەی کوردستان دەکرێت یا داوای جیا کردنەوەی مەهاباد لە ورمی /واتە واز هێنان لە ورمی و .../ یا ئوستانی چوار دەکات و دەیەوێ کە راستەوخۆ سەر بە تاران بێت قەتیس کردنی دەسەلاتی کوردی لە ناوچەی مەهاباد ئەویش ناوچەیەکی بچوک کە لە لای سەقز و بانە و سەردەشتەوە

هەمیشە لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە کەوتۆتەوە بەر مەترسی بووبە هۆی لاوازی هەڵوێستی کوردی هەم بەرامبەر بە تاران و هەم تەورێز. ناوچەیەکی وا بچوک کە لە لای سەقز و بانە و سەردەشتەوە بە هۆی هەبونی سوپای ئێران و لە لایەکی تر ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەلاتی ئازەربایجان بوو و نەیاری کورد بوون لە گەمارودا بووە هەر بویە کێشەی کورد هەم بۆ تاران هەم بۆ تەورێز و هەم بۆ سۆڤیەتیەکان وەک کێشەی ئازەربایجان بایەخدار نەبووە و نەیتوانیوە داخواز و مەرجەکانی خۆی دیکتە بکات. گەرچی بە پێی ئەو فاکتانەی کە لە بەر دەستدان کورد لە چاو ئازەریەکان لە سەرەتای دەست پێ کردنی دەسەلاتی ئازەر بەهێزتر بووە.

ئەنجامی کەمتەرخەمی ناوەندی کوردی واتە مەهاباد سەبارەت بە چارەنوسی ناوچەکانی خوی و ماکو و سەڵماس و قوتور و ورمێ بەتایبەتی پاش دەسبەسەرداگرتنیان لە لایەن ئازەربایجانەکانەوە ئەو هەموو تەنگوچەڵەمە و تراژیدیانەی بە دواوە دەبێت کە لە راپۆرتەکان هاتوە واتە نە بوار ئەدرێت کورد دەسەلاتی سەربەخۆ هەبێت و وەک جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت سەلومین لە ماکو دەڵێت تەنانەت ئازەریەکان نوێنەرانی کورد بۆ بەشداری لە دەسەلات و بەرێوەبردنی ئەو ناوچانە بگرە کاریشیان پێ نەداون گەرچی پێویست بوو لانی کەم بەرێوەبەرایەتێکی هاوبەش لەو ناوچانە لە لایەن کورد و ئازەریەوە بەرێوە بچێت کوردەکانی ئەو ناوچانە بانگ ناکرێن و بگرە یەک پۆستی سیاسی وەک فەرماندار و شارەدارو بەرپرسی پەروەردەیی و ماڵی و...لە کورد هەڵنەبژێردراوە یا دانەنراوە نەتەنیا بێبەش لە دەسەلات بوون بەڵکو کەوتونەتە بەر گوشار و تەنگ پێ هەڵچنینی دەسەلاتدارانی ئازەری و ئەوە دەبێت کە کوردەکان بەرامبەر بە بەو سیاسەتە رەگەزپەرستانەی بەرێوەبەرایەتی ئازەری رادەوەستن و دەسەلاتدارانی تەورێزیش بۆ بەربەرەکانی و سەرکوتکردنی کوردان هێزێک لە تەورێز و شارەکانی تری ئازەربایجانەوە بو ماکو و خوی بەرێ دەکات کە لێرەدا پێویست بە دوپات کردنەوەیان ناکات و لە بەڵگەکاندا هاتوە.

کاربەدەستانی ئازەری و فەرمانبەرانی سۆڤیەتیش لە ناوچەکە کە بەفیتی باقیروف جولاونەتەوە پاش ئەوەی کوردەکان بەرامبەر بە سیاسەتی دەسەلاتدارانی ئازەری بە

خۆوە دێن و هەڵویستیان دەبێت بۆ بەدناو کردنی کوردەکان لە هیچ شتێک درێغیان نەکردوە و هەزارویەک تاوانی نارەوایان خستوەتە پاڵیان جگە لە تاوانی راووروت کردن و دژی بە نۆکەری تورکیا و کۆنەپەرستانی ئێران و ئینگلیس دایان دەنێن و گوایە خەریکی کوشتن و تالآنکردنی ئازەریەکانن و دژی دەسەلاتی دیمۆکراتەکانن وهتد. دەیانەوێ کێشەی سیاسی کوردەکان لەگەڵ کاربەدەستانی ئازەری بە پێچەوانە و بە شێوەیەکی تر لە قەڵەمی بدەن و بە کاربەدەستانی سەرەوەی سۆڤیەتی بناسرێت و دەیانەوێ راستی رووداوەکان ئاوەژو و کێشەکەیان بە ئاژاوەی کوردەکان لە قەلەم بدەن.

بگرە لە هێندێ راپۆرتدا کوردەکانیان بە دژی سۆڤیەت تاوانبار کردوە و گوایا بە دەستوری کاربەدەستانی تورکیا ئەجولێنەوە لە لایەکی ترەوە ئەو کوردانە کە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان ناوەندی کوردی لە مەهاباد ئاگادار ئەکەنەوە.

بەوەش تاوانبار دەکرێن کە بە پێچەوانە رێبەرایەتی کوردیان لە مەهاباد تێگەیاندوە و قازی موحەمەدیشیان بە هەڵە بردوە و لە هەندێ راپۆرتیشدا قازی موحەمەدیش بەوە تاوانبار دەکرێت کە گوایە هەموو ئاژاوە کە لە ژێر سەری ئەودایە و هەر ئەوە کە هانی کوردەکانی داوە دژی دەسەلاتی ئازەری راوەستن.

شتێکی سەرنج راکێشەرێکی تر لە بەڵگەکان کە دەرئەکەوێت ئەوەیە کە فەرمانبەرانی سۆڤیەتی ئاگاداری رووداوەکان بوون و دەیانتوانی پێشی ئەو رووداوانە بگرن و نەهێڵن ناکۆکی نێوان کورد و ئازەری دروست ببێت و دەسەلاتی هاوبەش دابمەزرێنن لە بەر ئەوە بە بێ پرس و رازی نەبوونی فەرمانبەرانی سۆڤیەتی وەک کۆنسوڵەکان و فەرماندەکانی سوپای سور و هەروەها کۆمیسەرەکانیان لەو ناوچانە دەسەلاتدارانی ئازەری نەجولآونەتەوە. فەرمانبەرانی سۆڤیەتی باش دەیانزانی کە ئەنجامی هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی ئازەری بە کوێ دەگات و دەبێتە هۆی نارازی بوونی کوردەکان و جێ پەسەندیان نابێت و هەر وەک هاتوە دەبێتە هۆی تێکهەڵچوونی کورد و ئازەری. نوێنەرانی کورد چەند جارێک بۆ زانین یا وەرگرتنی هەڵوێستی فەرمانبەرانی سۆڤیەتی و هەروەها نێوەنجی کردنیان سەردانی کۆنسولخانەکانی سۆڤیەت دەکەن. بەڵام زۆر نامرۆڤانە و نادوستانە هەروەک لە راپۆرتەکاندا هاتوە دەڵێ کونسوڵی سۆڤیەت هیچ وەلامێکی پۆزەتیڤانە و باشمان

نەدانەوە. لایەنگری فەرمانبەرانی سۆڤیەت لە ئازەریەکان و هەڵوێستی دژی کوردیان و پێشێل کردنی مافی ئەو گەلە چەوساوە و رەش و روتەیان نەشاردۆتەوە تا کورد ویستی لە ماکو و خوی و ورمی دەسەلات بگریتە دەست بە هەزار بر و بیانوی پوچ بەرگرییان لێکرد یا ئاموژگاری کوردەکانیان لێ دەکرد کە نابی بەم کارە هەڵسن یاخود دەکەونە نێوەنجی کردنی کورد و کاربەدەستانی ئێرانی و هەر کاتێک کوردەکان تەنگیان بە دەسەلاتی ئێران هەڵدەچنی کاربەدەستانی ئێرانی دەست بە داوێنی فەرمانبەرانی سۆڤیەتی دەبوون و دەسەلاتدارانی ئێرانیان لە مەترسی کوردان رزگار دەکرد.

بێئەنجامی وتوویژەکانی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ تاران و هەڵسوکەوتی رێبەرایەتی ئازەربایجان لە گشت بوارەکاندا /وەک لکاندنی ئەو شارانەی کوردستان بە ئازەربایجانەوە/ وتوویژەکانی نوێنەرانی ئازەربایجان لەگەڵ تاران کە خۆیان بە خاوەن کێشەی کورد زانیوە و بە ناوی کوردیشەوە قسەیان کردوە هەڵوێستی خراپی فەرمانبەرانی سۆڤیەت لە ئاستی کورد، هەروەها ئەنجامی وتوویژەکانی قەوام و سۆڤیەتیەکان لە مۆسکۆ کە تەنیا کێشەی ئازەربایجانیان هێنا بویە کایەوە و نە ناوی کورد و نە کوردستانیان لە رێککەوتننامەکە دا هێنابوو یارمەتی نەدانی دراوی و چەک و تەقەمەنی سۆڤیەت بە کوردان ئەمانە و چەند فاکتەرێکی تر زەنگی خەتەر بوو بۆ سەرکردایەتی کورد کە لە سۆڤیەتیەکان دورە پەرێزی بکات یا لانی کەم بێدەنگ نەبوایە بەرامبەریان. سەرکردایەتی کورد باش دەیزانی کە ئەنجامی ئەو سیاسەت و پیلانانە بەرەو کوێ دەچن و ئاسەواریان دیارە و پێویست بوو لاگری /سمتگیری، رێباز/ خۆی کە هەر پشت بەستن بە سۆڤیەت بوو بگۆرێت و هەروەک گوترا بە دەرکردنی بانگەواز یا بەیانێك کۆمەلانی کورد و وڵاتانی رۆژئاوای لەم بارەوە ئاگادار کردبایەوە لە لایەکی ترەوە کاربەدەستانی ئازەربایجان و سۆڤیەتیان ئاگادار کردبایەوە کە گەلی کورد و حدک و دەولەتی کوماری کوردستان پەروش و رەخنەی لەو هەڵوێستانە هەیە و ....

تاوانێکی تری نارەوا کە خراوەتە پاڵ کوردەکان و بۆ ئەوەی کێشە سەرەکیەکە داپۆشرێت و بە شتی بچوک و بێبایەخ هەراوهوریایەک دروست بکەن ئەوەیە کە

گوایە کوردەکان بە زۆر عەجەمەکانیان کردوە بە ئەندامی حدک یا ماڵیاتیان لە ئازەریەکان وەرگرتوە یا پەنای عەجەمە پیاو کوژ و دز و ریگریان داوە /لە چەند راپۆرتدا هاتوە/ ئەم درۆ و دەلەسە هەڵبەستراوانە وەک درو و دەلەسەکانی تر کە داگیرکەرانی کوردستان تا ئێستا خەباتی گەلی کوردیان پێی بەدناو کردوە زیاتر لە لایەنی پیاوەکانی باقیروفەوە لە ناو کونسولخانەی سۆڤیەتەوە هەڵدەبەسترا و ئەو کوردانەی کە ئامادە نەبوون بچنە ژێر دەسەلاتی ئازەریەکانەوە و رەخنەیان لە سۆڤیەتیەکان کردوە کەوتونەتە بەر هێرشی فەرمانبەرانی سۆڤیەتی لە ناوچەکە و هەروەها دەسەلاتدارانی ئازەری و دەیان تاوانی نارەوایان پێوە نوساندوون و تەنانەت بو دورخستنەوە و گۆرینی ئەو ولات پارێزە رانە کاریان کردوەتە سەر سەرکردایەتی کورد لە مەهاباد و ژمارەیەکیان دەگۆرن. بەڵگەی حاشا نەکراویش بۆ ئەم شتە ئەوەیە کە کورد لە ناوچەکەدا لە دەسەلات بێبەش کرا بوو ئینجا چۆن کورد بەو کارە هەڵدەستێت چەند ساڵێک لەمەوبەر کۆمەلە وتار و بەڵگەنامەم لە سەر پارتی ژێکاف و سیاسەتی چەوتی سۆڤیەتی لە ئاست ژێکاف و کێشەی کورد لە گۆڤاری رابوندا بلاو کردەوە کە نامەوێ لێرە ئاماژەیان پێ بکەم لەم بەڵگەنامانەشدا هەروەها جێ پێی سیاسەتی نامرۆڤانەی سۆڤیەتیش لە سەر ژێکاف و کەسایەتێکی ناسراو و تێکۆشەر وەک عومەرخان شەریفی (شۆکاک) دیارە. گەرچی کورتە باسێکیان لە سەر ژیانی پڕ لە خەبات ئەو مرۆڤە ناسراوە لەگەڵ بەڵگەکان دا لە لایەن کاربەدەستانی سۆڤیەتیەوە نوسراوە. لە راپۆرتێکدا دەڵێ کە لە ئەنجامی چالاکی کۆنسولخانەی ئێمە هەولدانەکەی عومەرخان /بۆ رێکخستنی پارتی ژێکاف و کۆکردنەوەی کوردەکان/ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و نەمانهێشت. گەرچی عومەرخان شەریفی لە کۆبوونەوەی کوردەکانی ناوچە سۆڤیەت بە دۆست و پالپشتی کورد دادەنێت. هەر لەم راپۆرتەشدا هاتوە کە ژمارەی ئەندامانی حدک لە ناوچەی ماکو دەگاتە هەشت هەزار نەفەر کە ئەمە خۆی زۆر شت ئەگەێنێت و هێزێکی یەکجار زۆر و پارسەنگێکی گەورە لە ناوچەکە دا بووە و چالاکی و دلسوزی کوردەکانی ئەوێ دەگەێنێت/ ئەمە جگە لە ژمارەی چەکداری کورد کە لە چەند جێگا دا ئاماژەیان پێ کراوە/.

سەبارەت بە دەستەمۆیی بوونی ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی سۆڤیەتی کە پیاوی باقیروف بوون و زۆر نارێکوپێک جولاّونەتەوە راپۆرتێک لەم بارەوە هەیە کە لە لایەن خودی فەرمانبەرانی سۆڤیەتیەوە نوسراوە و پێویست بە شی کردنەوەی نیە.

لە بەڵگەنامەکاندا هەروەها ئاماژە بە چەند کەسایەتی کورد کراوە کە گوایە لە عێراق ژیاون یا لە تورکیا یا کوردی پارچەکانی تری کوردستان هاتونەتە ناوچە /بۆ بارزانیش هەروا بوو/ و بەشداری ژیانی سیاسی کوردستان دەکەن و تەنانەت بو هێندێکیشیان دەڵێن کە لەگەڵ کاربەدەستانی تورکی یا ئینگلیس پەیوەندییان هەیە و جێ گومان و شکن بەڵام باسی رێبەرایەتی ئازەربایجان و کادر و پسپۆرەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی ناکەن کە چەند هەزار نەفەریان لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە هێنا بوو دەبینین لە هەموو لایەکەوە هەوڵدەدرێت بەدناوی بۆ کورد دروست بکەن.

لە بەڵگەیەکی تردا فەرمانبەرانی سۆڤیەتی باسی هاتنی نوێنەرانی کۆنسوڵەکانی ئینگلیس و ئەمەریکا بۆ ناوچەکە دەکەن کە گوایە لەگەڵ سەرۆک عەشایر و هۆزەکانی کورد و کۆنەپەرستانی ناوچە کۆدەبنەوە کەچی دەیان جار نوێنەرانی ئینگلیس و ئەمەریکا لەگەڵ کاربەدەستانی ئازەری بەتایبەتی پیشەوەری کۆبۆتەوە و راپۆرتێک لە سەر ئەو چاو پێکەوتنانە نیە بەڵام بۆ کوردەکان یەکسەر مۆری شک و گومان و پیلانی گلاّویان داوەتە پاڵیانەوە. هاتنی نوێنەرانی وڵاتانی ئەمەریکا و ئینگلیس بو کوردستان کە ئەو دەم هێشتا لەگەڵ سۆڤیەت هاوپەیمان بوون لە لایەن کاربەدەستانی سۆڤیەتیەوە لە کوردستان گێرە و کێشەی زۆریان بو دروست دەکرد و تەنانەت دەبێتە هۆی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نوێنەرانی ئەمەریکا و ئینگلیس لە لایەک و لەگەڵ سۆڤیەت لە لایەکی تر و بالیۆزانی وڵاتانی رۆژئاوا لە تاران لەم بارەوە چەند نوتی توند ئاراستەی دەوڵەتی سۆڤیەت دەکەن و پاشان لە ئاستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و ئینگلیس رەخنە لە سۆڤیەت دەگرن و داوا لە کاربەدەستانی سۆڤیەتی دەکەن کە هۆی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە گشتی نوێنەرانیان بۆ کوردستان و ئازەربایجان و باکوری ئێران لە ماوەی چەند ساڵ دروست دەکەن روون بکەنەوە لە بەرامبەر دا نوێنەرانی سۆڤیەت لە گشت هاتوچۆیان بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکا و ئینگلیس ئازاد بووە. سەرئەنجام سۆڤیەت ناچار ئەبێت کە چیتر کۆسپ

نـەخاتـە سـەر ڕێگایـان. هـاتنی نوێنـەرانـی کۆنسوڵخانـەکـانی ئـەمـەریکـا و ئینگلیس بـۆ کوردستان و پەیوەندییـان لـەگـەڵ کـورد و ئاشنا بوونیـان لـە بـارودۆخی کوردستان لـە چەند ڕاپۆرت و بەڵگەنامە ڕەنگی داوەتەوە و پاشانیش لە لاپـەڕەکـانی ئـەو ڕۆژنامـەیـە کە لە ڕۆژنامەی ئازەربایجان بە ناوی کوردستان لە باکو دەرئەچو ڕەنگـی داوەتـەوە کـە هەموویان هۆی هاتنەکەیان بۆ پیلانگێران دژی سۆڤیەت و ئـازەربایجـان دادەنرێت کـە لەم پیلانەدا هەندێ سەرۆک کوردی کۆنەپەرست لەگەڵیان هاوکاری دەکەن و هەروەها گوایە نیازی دروستکردنی کوردستانی مەزن بە پشتیوانی ڕۆژئاوایان هەیـە و دوو سـێ سـاڵێکیش ئـەم درۆ و دەلـەسـانە ببـوو بـە بنێشتە خۆشـەی ڕۆژنامـەی ئـازەربایجـان و لاپەڕەیەکی کە بە ناوی کوردستانەوە بوو ئەمە جگە لەوەی کە فەرمانبـەرانـی سۆڤیەتـی سـەرکردەکـانی کورد ئاگادار ئـەکـەنـەوە کـە خۆیـان لـە پـەیوەندی گرتن بـە نوێنـەرانـی ئینگلیس و ئەمەریکاوە دور بپـارێزن و هـەر ویستویانە بـە بـێپرس و پـەسـەند کردنـی ئەوان سـەرانـی کـورد پێوەندییـان لـەگـەڵ وڵاتـانی ڕۆژئـاوا نـەبێت کـە ئـەمـە زیـانێکی گـەورەی گـەیانـدە بزووتنـەوەی کـورد و دەرگـای بـەڕووی کێشە کـوردەوە بـەستبوو کـە هاوار و خواستی نـەگاتـە لای وڵاتـانی ڕۆژئـاوایی و هیچ نـەبێت لـە لایـەن ئـەوانیشەوە ئەگەر یارمەتیکیان نەبێت دوژمنایەتی کوردیش نەکەن. لە یەکێک لـە بـەڵگـەکانـدا هـاتوە کـە دەسـتـەیـەکـی هونـەری ئینگلیس سـەردانـی مـەهابـاد دەکـەن و هـەر بـە ئـاژاوەی فەرمانبەرانی سۆڤیەتی ژمارەیەک لە خەڵکی مەهاباد دژیان هان ئەدەن و بەردبارانیـان ئەکـەن و تـەنانـەت دوربین (کامێرای) سینەمایـەکـەیـان دەشـکێنن. جگـە لـەوە لـە ترسـی فـەرمانبـەرانـی سۆڤیەتـی سـەرکـردە و بـەرپرسـیارانی کـورد نـەیـانوێـراوە هـاتوچۆی کۆنسولخانەکانی وڵاتـانی ئوروپـایی بکـەن یـا بۆ کوردستان دەعوەتیـان بکـەن گـەرچـی هەڵوێستی نامرۆڤانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایش بەرامبەر بە کێشەی ڕەوای کورد بەو شتانە پینە ناکرێت بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ ئەم هەڵسوکەوتانـەی فـەرمانبـەرانـی سۆڤیەت و کاربـەدەسـتانی کـورد لـە هـەڵوێـستی ڕۆژئاوایـەکـان بـەرامبـەر بـە کۆمـاری مـەهابـاد بێکاریگەر نەبووە.لەکاتێکدا دەبینین کە دەستەی نوێنەرایەتی کورد لـە تـاران و تـەورێز و ورمی سەردانی کۆنسولخانەکانی سۆڤیەت دەکەن بەتایبەتی کاتێک قازی موحەمەد لە تاران پێش و پاش چاوپێکەوتن لـەگـەڵ شـا و قـەوام هـاتوچۆی بالیۆزخانـەی سۆڤیەت یـا

کۆنسولەکانیان دەکات و لە چۆنیەتی وتوویژەکان و روداوەکانی کوردستان ئاگاداریان ئەکاتەوە.(ئەویش لە پێش چاوی نوێنەرە دیپلۆمات وسیخوریەکانی ڕۆژئاوا) کەچی سەردانی نوێنەرایەتی ولاتێکی رۆژئاوا ناکات بۆ گەیاندنی کێشەی رەوای کورد و روداوەکانی کوردستان بە ولاتانی رۆژئاوا کە ئەودەمیش هێشتا لەگەڵ سۆڤیەت هاوپەیمان بوون و هێشتا شەڕی سارد دەستی پێی نەکردبوو جگە لەوە شای ئێران کە ئەو دەم لە ژێر پشتیوانی ولاتانی رۆژئاوا بوو و بە دەستوری ئەوان شا و قەوام دەجولانەوە ئەوان زیاتر ئەیانتوانی گوشار بخەنە سەر رژیمی ئێران. جگە لەوە سەرکردایەتی کورد دەبوایە نیشان بدات.

کە مەهاباد نەبەستراوەتەوە بە مۆسکۆ بەڵکو کێشەی کورد بە یارمەتی زلهێزەکان و یارمەتی رۆژئاوایش چارسەر دەکرێت.(واتە کۆمەڵگای نیونەتەوەیی)

رێککەوتنی تاران و مۆسکۆ لەسەر کێشەی نەوتی ئێران و خۆ کشانەوەی سۆڤیەت لە یارمەتی دانی مادی و مەعنوی لە کێشەی کورد و ئازەربایجان و تەنانەت بێدەنگ بوونی سۆڤیەت هەموویان دیکتەی ئەوەیان دەکرد کە رێبەرایەتی کورد دەبێ لە سیاسەت و هەڵوێستی خۆی ئاڵوگۆرێک پێک بێنێت و لە لایەکی تر ئەو لایەنەی کە رژێمی شا پاڵی پێوە دابوو و پشتیوانییان لێ دەکرد رۆژئاوایەکان بوون و هەر ئەوانیش ئەیانتوانی رژێمی شا ناچار بکەن لانی کەم بۆ کوردستان هەندێک ریفۆرم بکەن و گەرانتی لە ناو نەبردنی سەرکردایەتی کورد بن.

کاتێک لە مەهاباد و بۆکان چەندجار خۆپیشاندان و میتینگ رێکدەخرێت کە کورد خوازیاری دانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە سۆڤیەتە یا کاتێک وێنەکانی ستالین و لنین بە ئالای سورەوە هەڵدەواسرین و هەر بە ئاژاوەی فەرمانبەرانی سۆڤیەتی هەراوهوریای دژی رۆژئاوا لە کوردستان سەر هەڵدەدات و بە ئاشکرا لە سۆڤیەت پشتیوانی دەکرێت و بە دۆست و تەنانەت بە تاقە دوست دەژمێرێت و خوازیاری هەموو پەیوەندێک لەگەڵ سۆڤیەتن.

ئەمانە و زۆر فاکتەری تر کە لێرە دا جێیان نیە باس بکرێت لە رەوتی روداوەکان بگرە لە چارسەری کێشەی کورد بێکاریگەر نەبووە و دەوریان لە سەر هەڵوێستی ولاتانی رۆژئاوا بەرامبەر بە کێشەی کورد هەبووە.

وەک ئاشکرایە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەییە و مێژووی سەرهەڵدان و خەباتی ئەو گەلانە بۆ وەرگرتنی مافی خۆیان مێژوویەکی دوور و درێژ و خوێناوی هەیە کە رژێمی رەزا شاش دەستێکی بالای لە قەلاچۆ کردن و چەوسانەوەی ئەو گەلانە هەیە بەخستنی رەزاشا و هەڵهاتنە بێشەرمانەکەی ئەو گەلانەش کەم یا زۆر دەستیان دایە پێچانەوەی دامودەزگاکانی رژێم و پێگە و هێزەکانی ئێرانیان وەک کوردستان چەک کرد و بۆ خۆیان دەسەلاتیان گرتە دەست و زۆر رێبەر و کەسایەتی ئەو گەلانەش وەک کورد کە لە زیندان و یا دورخرا بوونەوە یا دەست بەسەر بوون پاش روخانی رەزاشا کەوتنە جموجوڵ و تەنانەت بەڕێوەبەرایەتی هەندێ ناوچەیان گرتە دەست و داوای مافی رەوای خۆیان لە چوارچێوەی ئێران دەکرد. رژێمەکەی حەمەرەزا شاش وەک باوکی بەناردنی هێز و پیلان گێران کەوتە سەرکوت کردنیان بەڵام زیانێکی یەکجار گەورە لە هێزەکانی لەشکەری شا کەوت و هەروەک لە راپۆرتەکان هاتوە لە چەند شەڕێکدا قەلاچویان بە هێزەکانی تاران کرد رژیمی شا بە ناچاری کەوتە وتوویژ لەگەڵیان بەڵام بەڵێنەکانی خۆی وەک لەگەڵ کوردستان و ئازەربایجان بەجێ نەهێناوە و وەک چۆن سۆڤیەت دەستی لە کاروباری ئازەربایجان و کوردستان دا و سەرئەنجام بە نەوت هەرەسی پێهێنان. ئینگلیسەکانیش هەر هەمان دەوریان لە ناو گەلان و عەشایری بەختیاری و قەشقایی و عەرەب وهتد هەبوو و بە پاڵپشتی ئەوان واتە ئینگلیسەکان دەجولانەوە و ئینگلیسەکانیش بە روالەت پشتگیرییان لە مافی ئەو گەلانە لە باشور و باشوری رۆژئاوای ئێران دەکرد و مەترسی ئەوەیان هەبوو سۆڤیەت لە ئازەربایجان و کوردستان پێگەیەک بۆ خۆی دروست بکات و بەرەبەرە تەنگ بە ئینگلیسەکان هەڵچنێت و سەرئەنجام دەستیش بخاتە نێو کاروباری ئەو گەلانەی ناوچەی کۆنترۆڵی ئینگلیس و بەرژەوەندی ئینگلیسەکان بخاتە مەترسیەوە. ئەویش لە ناوچەیەکی ستراتیژیکی و دەوڵەمەند لە نەوت و گاز کە شەریکایەتی ئینگلیسی لێ بوو.

هەر بۆیە فەرمانبەرانی سۆڤیەتیش خوازیاری سەرکوتکردنی ئەو خێڵ و هۆزانە دەبن کە گوایە بە پشتیوانی و بە دەستوری ئینگلیسەکان دژی رژێمی ئێران راپەریون دەکات و هانی دەسەلاتدارانی ئێران ئەدات کە پێویستە کۆتایی بەو راپەرینانە بێنێت و لە رێگای حیزبی تودە یشەوە کۆمپانیایەکی بەربلاوی پروپاگەندە دژی ئەو گەلانە

ڕێكدەخات. حیزبی تودەش بە بێ ڕەچاو كردنی داخوازی ڕەوای ئەو گەلانە شان بە شانی ڕژێمی ئێران داوای چەك كردن و سەركوت كردنی ئەو گەلانە ئەكات.

وەك چۆن ئینگلیس و ئەمەریكایەكان داوای گەڕانەوەی دەسەلاتی ئێرانیان بۆ كوردستان و ئازەربایجان دەكرد و پالپشتی ڕژێمی ئێران بوون سۆڤیەتیش داوای گەڕانەوەی دامودەزگاكانی ڕژێم بۆ باشوری ئێران و كۆتایی هێنان بە ئاژاوەی بەختیاری و عەرەب و قەشقایی و ... دەكرد و ئینگلیسەكان بە هەڵگیرساندنی ئاژاوە دژی ڕژیمی ئێران و تەواوی ئەرزی ئێران تاوانبار دەكرد.

سەرئەنجام ڕژێمی ئێران دەكەوێتە ژێر كۆنترۆڵ و جۆگەی سیاسەتی ڕۆژئاوایەكان و ئەوانیش لە پشتیوان كردنی ئەو گەلانە واز دێنن و تراژدیای ئەوانیش وەك كوردستان و ئازەربایجان بە شێوەیەكی تر دوپات ئەبێتەوە. مێژونوسان و سیاسەتمەدارانی ئێرانی بایەخیان بەم كێشەیە و بەراورد كردنی سیاسەتی سۆڤیەت لەگەڵ ڕۆژئاوایەكانیان نەداوە.

گومان لەوە دا نی یە كە لە داهاتودا لە سەر ئەم كێشانە و ڕوداوانە شتی زۆر دەنوسرێت خۆ سۆڤیەت و ڕۆژئاوایەكان دەیانتوانی لە سەر ناوچەكانی ژێر كۆنترۆڵی خۆیان و ئەو گەلانەی كە هیوا و پالپشتیان بە هەردوولا بوو و دژی ڕژێمی پاشایەتی ئێران داوای مافی خۆیان دەكرد پێك بێن و ڕژیمی ئێران ناچار بكەن كە هیچ نەبێت ریفۆرمێكی كولتوری بۆ تەواوی گەلانی ئێران دروست بكات گەرچی ئینگلیسەكان لە كۆنفرانسی مۆسكۆ لە دیكابری 1945 گەڵاڵەیەكی ئەوتۆی پێشكەشی كۆنفرانسەكە دەكەن كە نوێنەرانی سۆڤیەت دژی ڕاوەستن و لە بەر ئەوەی ئێران نەوتەكەیان بداتێ ڕادەگەینن كە ئەمە دەست تێوەردان لە كاروباری ئێرانە. ڕژێمی ئێرانیش لەگەڵ حیزبی تودە و داروودەستەی موحەمەدی موسەدیق لە هەڵوێستی سۆڤیەت لەم بارەوە پێشوازی دەكەن و سوپاسی خۆیان ئاراستەی دەوڵەتی سۆڤیەت دەكەن /لەم بارەوە وتارێكی دوورودرێژم نوسیوە هیوادارم ئەویش بلاو بێتەوە/.

بەشێكی تر لە بەڵگەكان چاوپێكەوتن و وتووێژی كاربەدەستانی سۆڤیەت لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئێرانە كە سەبارەت بە كێشەی نەوت و پەسەند كردنی پەیمانەكە لە

لایەن مەجلیسی ئێرانەوە هەیە کە کاربەدەستانی ئێران بە دواخستن و هەروەها بیانو و بەڵێن و سوێند خواردن سۆڤیەتیەکان رازی دەکەن پاش دەرچونی سوپای سور باسی ئازەربایجان /کوردستان کە هیچ/ باسی حیزبی توده و ئازادیخوازان و ئەوانەی کە بەخۆپیشاندان و کۆکردنەوەی تومار گوشاریان خستبوە سەر دەوڵەتی ئێران ئیمتیازی نەوت بدات بە سۆڤیەت ناکرێت و هەموو هەوڵدانێکیان بووە دەست خستنی نەوتەکە بوو و کێشەی نەتەوەکان و ئازادی و مرۆڤایەتی باس ناکرێت گریمان نەوتەکەش درابایا ئایا سۆڤیەت پاڵپشتی گەلانی چەوساوە لە سەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی رژێم بە دەنگ دەهات؟ بێگومان نا چونکە نەوتەکەش نەدرا هەر بە بیانوی ئەوەشەوە وەخەبەر نەهات. نیازی ستالین و رژیمەکەی ئەوە بوو پاش بەستنی پەیمانی نەوت لەگەڵ ئێران پەیمانی لەشکەریش لەگەڵ ئێران ببەستیت چەک و تەقەمەنیان پێ بفروشێت و بواری خۆشکردنی ئەم پەیمانە و راکێشانی شا و ئەفسەرەکانی هەندێ چەک و ماشێنی جەنگی ئەدەن بە شا و ستالین دیاری تایبەتی دەنێرێت بۆ شا و میدال و نیشانەیەکی زۆری سۆڤیەتی ئەدرێت بە ئەفسەرانی سەرکوتکەری لەشکەری ئێران و بە نیشانەی دۆستی و باوەر پێکردن پێشنیاری مەشق کردن و پەروەردە کردنی پاسەوانە تایبەتیەکانی شا لە لایەن سۆڤیەتەوە دەکرێت و لە بەرامبەر ئەم هەموو پێشنیار و خزمەتانە سۆڤیەت داوای هەڵوێستێکی دژی ئینگلیسی لە رژێمی شا دەکات و ئامادە دەبێت هەم تەواوی ئەرزی ئێران و هەم ئێران لە هێرشی دەرەکی بپارێزێت و گرنگ نەبوو رژێمی شا لە ناوخۆی ئێران چ سیاسەتێک بەرێوە دەبات /وەکو رژێمەکەی بەعس لە عێراق یا لە سوریا/ ئەگەر بە گشتی ئاورێ لە روداوەکان بدەینەوە و چاو لە هەندێک لە بەڵگەکان بکەین بۆمان دەرئەکەوێت کە کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە چاوپێکەوتنەکانیاندا بە تەواوی بارودۆخی ئێران و سیاسەتی رژێمی شایان هاتوەتە دەست و بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی دەردەبرن وەک لە ئێران پروپاگەندەیەکی دژی سۆڤیەتی دەستی پێ کردوە و رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێت وەزیرانی دۆستی سۆڤیەت لە کار لادەبرێن دژی توده و ئازادیخوازانی تر هێرش دەستی پێ کردوە رژێمی تاران چارسەری کێشەی ئازەربایجان ناکات پەسەند کردنی پەیمانی نەوتی ئێران – سۆڤیەت هەردوا دەخرێت واتە زەمینەی تەواو بو نەگەیشتن بە

هیچ یەک لە ئامانجەکانی سۆڤیەت دروست کرابوو. ئینجا بۆ دەبی دەستور بە سەرانی ئازەربایجان و تودە بدرێت کە نابێ دژی رژێم بەرەنگاری بکرێت و پارێزگاری دەسکەوتەکانیان نەکەن. تۆ بڵێی کاربەدەستانی سۆڤیەتی نەیانزانیبێت کە مسۆگەر کردنی نەوت یا هەر بەرژەوەندییەکی تری لە ئێران پێویستی بە پێگەیەکی جەماوەری یا هێزێکی سیاسی هەیە. سۆڤیەتیەکان هەر بە دەستی خۆیان پێگەی جەماوەری خۆیان بەتایبەتی لە ئازەربایجان و کوردستان لە دەستداو هێزە سیاسیەکانیشی بێ ئیرادە کرد دوای ئەمانە ئاشکرا بوو کە نەوتەکەش نەتەنیا بە سۆڤیەت نادرێت بەڵکو ئێران دەبێتە پێگەیەکی دژی سۆڤیەتی.

فەرمانبەرانی سۆڤیەتی لە ئازەربایجان و بە گشتی لە ئێران سەبارەت بە بارودۆخەکە و بیروڕای خەڵک و بەتایبەتی سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئازەربایجان کۆمەڵە وتار و راپۆرتێکیان بۆ کاربەدەستانی بەرزی سۆڤیەتی ئامادە کردوە کە پێویست بە شیکردنەوەیان نیە بەڵام ئاماژە بە چەند خاڵێکیان پێویستە:

1- رژێمی ئێران ئامادەی چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان.

2- سەرکردایەتی ئازەربایجان سەرەرای درۆ و دەلەسەی کاربەدەستانی ئێران هەر ئامادەی وتووێژن.

3- رژێمی ئێران لە ناردنی سوپا و هەرەشە لە ئازەریەکان هەر بەردەوامە.

4- قەوام دەیەوێ بە بەستنی پەیمانی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت دەستی خۆی بۆ هێرش کردن بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان ئاواڵە بکات.

5- ئەگەر بێتو وتووێژەکان بە ئاکام نەگەن هیچ رێگایەکی تر بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانیان جگە لە بەربەرەکانی بەرامبەر بە سوپای ئێران نامێنێت.

6- سەرکردایەتی ئازەربایجان هەموو هەنگاوێکی بۆ خۆ ئامادە کردن بەرامبەر بە هێرشی سوپای ئێران ئامادە دەکات.

7- سەرکردایەتی ئازەربایجان زۆر جار لە کاربەدەستانی سۆڤیەتی داوای چەک و تەقەمەنی دەکات.

8- سۆڤیەت نەتەنیا ئامادەی یارمەتی دانی بزووتنەوی ئازەربایجان نابێت بەڵکو لە سەر سەرکردایەتی ئازەربایجان گوشار و تەنانەت هەرەشەیان لێ دەکات کە نابێ

بەرامبەر بە سوپای ئێران بەربەرەکانی بکرێت و دەستوری خۆ بە دەستەوەدانیان پێ ئەدات.

9- ئەنجامی ئەو سیاسەتەی سۆڤیەت وەرنەگرتنی نەوتی ئێران، هەرەس هێنان بە بزووتنەوەی ئازەربایجان و کوردستان و لێدانی حیزبی تودە و هێزە ئازادیخواز و دیمۆکراتەکانی ئێران و گرتن و کوشتن و تالآن کردن و سوکایەتی بە سۆڤیەتیەکانی دانیشتوانی ئازەربایجان بوو.

جێ سەرسورمان و روون نیە کە لە وتوویژەکانی مانگی ئاپریلی 1946 نێوان تاران و تەورێز ناوی موحەمەد حوسینی کورد هاتوە دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی پیشەوەری دەبێت و بریتی دەبن لە شەش نەفەر . واتە 5 نەفەریان ئازەری و 1 نەفەریان کورد دەبێت، ئەویش موحەمەد حوسێنی سەیفی قازی دەبێت و پلە و پایەی لە بەڵگەکەدا نەنوسراوە و تەنیا نوسراوە کورد گەرچی ناوبراو وەزیری شەڕی کۆماری مەهاباد بووە و هیچ نەبوایە دەبوو وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یا نوێنەری کوردستان نوسرابایا لە کاتێکا پلە و پایەی ئازەریەکان نوسراوبو دەبێ لە 6 نەفەر 1 نەفەر کورد بێت و بۆ دەبێ بە ناوی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان لە تەورێز بەرەو تاران بەرێ بکەون و بۆ دەبێ ناوی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان و کوردستان نەبێت. ئایا ئەمە /واتە ناردنی موحەمەد حوسێنی خانی سەیفی قازی بە دەستوری رێبەرایەتی کومار لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بەرێ کەوتوە. ئەی کوا گەلآڵەی هاوبەش یاخود خواستەکانی گەلی کورد بۆ لە بەڵگە و چاپەمەنیەکانی ئێران و ئازەربایجان تەنیا باسی وتوویژەکانی ئازەربایجان و تاران دەکرێت و ناوی کورد و کوردستان لە کولەکەی تەردا نیە. ئایا ئەمە پیلانێکی تری دژی کورد و یا لاساری سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد نەبووە کە خۆ بخەیتە چوارچێوەی ئازەربایجان. ئایا موحەمەد حوسێن خان تەنیا بانگ کراوە بۆ تەورێز لەو پێشەوە لەگەڵ خۆیان خستوە تا بە کاربەدەستانی ئێرانی تێبگەینن کە کێشەی کوردیش لە چوارچێوەی ئازەربایجان چارەسەر دەکرێت ئایا پێشەکی لە سەر ئەو وتوویژانە کە بریارە بکرێت

سەرکردایەتی کورد ئاگادار نەکراوەتەوە تا خواستەکانی خۆیان لەگەڵ دەستەیەکی نوێنەرایەتی لە مەهابادەوە یا بەرەو تاران یا بەرەو تەوریز بەری بکەوێت ئەی بۆ ...

لەولاوە بە فروفێڵ و کەڵەگایی دەستیان بە سەر ورمی و خوی و ماکو و ... گرت و کردیانە سەر ئازەربایجان و لەم لایشەوە کوردێک لەگەڵ دەستە نوێنەرایەتی خۆیان بۆ تاران دەبەن و لە یەکیک لە بەڵگەکانی تر دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان لەگەڵ تاران رێکدەکەون کە سەقز و سەردەشت بخرێتە ژێر دەسەلاتی ئازەربایجان و سەیر ئەوەیە کە ئەم پیلانانە شاراوە نەبوون و لە چاپەمەنیەکانی ئێران و ئازەربایجانیش دەنگیان داوەتەوە.

لە وتووێژێکی تری کاربەدەستانی ئازەربایجان لەگەڵ تاران دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان ناردنی سوپای ئێرانی بۆ هەندێ شوێنی کوردستان پەسەند دەکات بە بێ ئەوەی رێبەرایەتی کورد ئاگادار بێت یا ئاگادار بکرێتەوە یا نوێنەرێکی کورد لەگەڵ ئەو دەستە نوێنەراتیەی ئازەربایجان بێت.

بە پێی پەیمانی تەوریز و تاران شارەکانی سەقز و سەردەشت دەبێ لە هێزەکانی ئێران چۆڵ بکرێت و بدرێتە دەستی هێزەکانی ئازەربایجان و بۆ ئەم مەبەستەش تەوریز هێزێک بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکات و چەند ئەفسەرێکیش لەگەڵ ژێنراڵ عەلەوی بۆ ئەو مەبەستە دێنە ناوچەکە. هاتنیان بە رواڵەت بۆ هاوکاری لەگەڵ هێزی کوردستان و بەرەنگاری هێزەکانی ئێران بووە بەڵام لەراستیدا بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پیلانە هاوبەش بووە کە بەداخەوە رێبەرایەتی کورد ئاگاداری نەبوو. سەرکردایەتی ئازەربایجان باش دەیزانی کە کوردەکان جێگر کردنی سوپای ئازەربایجان لە باتی سوپای ئێران لە سەقز و سەردەشت و بانە و ... قبوڵ ناکەن و دەبێتە هۆی شەڕی نێوان کورد و ئازەری و ئەنجامی بە بەرژەوەندی تاران تەواو دەبێت و زەمینەی هێرش سوپای ئێران بۆ سەر هەردوولا دەبێت ئاڵوزی نێوان کورد و ئازەری لە شارەکانی ورمی و خوی و ماکو و هەندێ ناوچەی تر لە تەقینەوەدا بوو. لە لایەکی تر سەرکردایەتی ئازەربایجان باش دەیزانی کە کورد هەبوونی سوپای ئێرانی لە جیاتی ئازەریەکان پێ باشترە و کورد ناچێتە ژێر ئەم پیلانە گلاوەوە.

دەسەڵاتدارانی ئازەری بە ئاگاداری و ڕێنوێنی کاربەدەستانی سۆڤیەتی بەم هەمووە پیلانە پڕ لە مەترسیە دەجولانەوە لە لایەک خوی و ماکو و ورمەیان گرتوە و داویانەتە دەستی ئازەربایجانیەکان و لە لایەکی تر سەقز و سەردەشت بە فروفێڵی ئاوا دەیانەوێ داگیریان بکەن و بۆ سبەینێش قەرەپاپاخەکانی سولدوز (نەغەدە) دژی کورد هان ئەدەن و تەنیا ناوچەی ژێر دەسەلاتی کورد واتە مەهاباد و بۆکان دەکەوێتە گەمارۆیانەوە بەو نیازە کە تەسلیمی ئازەربایجان بن و کوردستان بخرێتە چوارچێوەی ئازەربایجانەوە. بەڵام هێرشی بەربلاوی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان( بە بواردانی دەسەلاتدارانی سۆڤیەتی لە بەرامبەر وەرگرتنی نەوتەکە) هێڵی بە سەر ئەو پیلانە هێنا و ئیتر بواری جێبەجێ کردنیان نەما. گەرچی کوردەکان نەیاندەهێشت هێزی ئازەری لە شارەکانی سەقز و سەردەشت جێگیر ببێت و هەروەک چۆن لە خوی و ماکو و تا رادەیەکیش لە ورمی کوردەکان کەوتنە جموجوڵ و دەسەڵاتی ئازەربایجانیان بە رەسمی نەدەناسی و بەرهەنگاری ئەو پیلانە گەورە بوونەوە و هەروەک لە راپۆرتەکاندا هاتوە دەسەڵاتدارانی ئازەری نەیانتوانی بە سەر کوردەکان دا حوکم بکەن و تەنانەت بەهێنانی هێرش لە تەورێزەوە نەیانتوانی پاشەگزە بە کوردەکانی ئەو ناوچەیە بکەن. چونکە کورد لە باری دانیشتوان و هێزی چەکدار و زۆر فاکتەری مێژووی تردەوری سەرەکییان لە گۆرەپانی بارودۆخی ناوچەکەدا ئەدی و ئەوەبوکە بەرهەنگاری ئەو پیلانە گەورانەی رەگەز پەرستانی ئازەری و لە سەروەی هەموویان باقیروف سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجان سۆڤیەت بوون. لێرەدا پیشەوەریشی و تەواوی سەرکردەکانی ئازەری کە ئامادەی جێبەجێ کردن و یاخود دانەری تەواوی ئەو پیلانانەی دژی کورد بوون لەگەڵ فەرمانبەران و دەسەلاتدارانی سۆڤیەتی بەرپرس و تاوانباران. بەستنی پەیمانی ئازەربایجان و کوردستانیش بو کەم کردنەوەی ئالوزی و پێشگیری لە راپەرینی کوردەکان دژی پیلانی ئازەربایجانیەکان و مانۆرێک بوو کە لە لایەن تاقمی تەورێز – باکۆوە بەرامبەر بە کاربەدەستانی ئێران رێکخرا بوو و جگە لە هەڵخەڵەتاندنی کورد و پیلانگێران دژی گەلی کورد شتێکی پێوە نەبوو لە بەر ئەوە دەسەلاتدارانی ئازەربایجان ئەوەی کە دەیانویست بە کردەوە جێبەجێیان کرد نە بەرێوەبەرایەتیکی (ئیدارەی) هاوبەشیان لەگەڵ کورد دانا و نە کورد لە ژێر دەسەڵاتی

ئەواندا خاوەن مافێکی سەرەتایی بوو بەڵکو کەوتنە بەر گوشار و تەنگ پێ هەڵچنین و تەنانەت رێگای هاتوچۆیان لێ زەوت دەکرا. دەبینین لە پەیمانی ئازەربایجان و کورد باسی مافی کولتوری و خوێندن بۆ کوردی دانیشتوانی ئازەربایجان دەکرێت یا بەپێچەوانە یا باسی بەرەنگاری هاوبەش بەرامبەر بە هێرشی سوپای ئێران و هتد دەکرێت کەبەداخەوە ئەمانەش لە لایەن دەسەلاتدارانی ئازەریەوە هیچ زەمینەیەک بۆ جێبەجێ کردنیان چ پێش بەستنی و چ پاش بەستنی پەیمانەکە نەهێشتبۆوە و بە کردەوە دژی بەندەکانی پەیمانەکە دەجولانەوە. وەک لە راپورتێک کە پاش هەرەسهێنانە کە نوسراوە دەلی کە رێبەرایەتی ئازەربایجان لەگەڵ کوردەکان نیازی هاوپەیمانی و مەبەستێکی یەکگرتوانەی نەبوو و پیشەوەری تەنیا لە رۆژانی پڕ لە مەترسیدا هەوڵی نزیکبوونەوەی لەگەڵ داون و تا ئەو دەمە کوردەکانی وەلاخستبو. ئەگەر دەسەلاتداریەتی ئازەری سەقامگیر بوایان دەبێ چ پیلانێکی تریان دژی کورد گیرابایا؟؟؟

چۆنیەتی یا سیناریۆی روداوەکانی ئازەربایجان و کوردستان پاش هێرشی سوپای ئێران بۆ ئەو دوو هەرێمە لە راپۆرتەکاندا بە وردی هاتوە و پێویست بە شیکردنەوەیان ناکات کە هیوادارم لە داهاتودا بکرێت بە فیلمێکی سینەمایی چونکە کارساتێکی زۆر دڵتەزین و پەیوەندی بە چارەنوسی گەلان و دەست پێکردنی شەڕی سارد و سیاسەتی زلهێزەکان و لە سەروەی هەموویان یەکێتی سۆڤیەتەوە هەیە. پیشەوەری لە یەکێک لە دانیشتەکانی لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت کە داوای چەکیان لێ ئەکات و سۆڤیەتیەکانیش داوای خۆبەدەستەوەدانی لێدەکەن دەڵێ خەڵکەکەی ئێمە خەریکە لە ناو دەچێت بۆچی ئێمەتان کێشایە ناو ئەم شتەوە وشەی خۆفرۆشیان بە ئێمە نوساندوە خەڵک نە ئێوە و نە ئێمە لەم بارەوە دەبەخشن.

لە بەڵگەکاندا هەروەها کاربەدەستانی سۆڤیەتی دان بەوە دادەنێن کە تەورێز واتە رێبەرایەتی ئازەربایجان بە ناپاکی لەگەڵ مەهاباد و سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد جولاوەتەوە یارمەتی بەڵێندراوی سۆڤیەتیان نەگەیاندوەتە مەهاباد و لە لایەکی تر ئەو هەموو تونتەی کە لە کوردستانەوە چووە بۆ سۆڤیەت هێشتا پارەکەی نەدراوەتە دەسەڵاتی کوردی و قازی موحەمەد وەک لە راپۆرتێکدا هاتووە بۆ چەند جارێک

داوای پارەی ئەو توتنە لە کاربەدەستانی سۆڤیەت دەکات کە بە پێی راپۆرتەکە و رەوتی روداوەکان دیارە ئەم پارەیەش هەر نەدراوە.

جێ سەرنج راکێشە ئەوەیە کە نوێنەرایەتی و کەسایەتی دیپلۆماتیکی سۆڤیەتی و دامودەزگاکانیان و تەنانەت ژن و منالانیشیان کە بە پێی یاسای نێونەتەوەیی لە هەر چەشنە هێرش و دەست درێژیێک دەبێ بپارێزین و مەسونیەتی دیپلۆماسیان هەیە کەوتونەتە بەر شالاوی هێزەکانی ئێران بە تایبەتی لە تەورێز و ورمێ.

جگە لەوە سەرەرای بەڵێنی دەسەڵاتدارانی ئێران بە بەشێک لە سەرکردە تەسلیم بووەکانی ئازەربایجان و بە فەرمانبەران و بگرە بەکاربەدەستانی بەرزی سۆڤیەتی کە سوپای ئێران هیچ دەست درێژیێک نەکاتە سەریان و بگر و بکوژ نەبێت دەبینین وەک لە راپۆرتەکاندا هاتوە چ سوکایەتیێک بە هەموو لایەنێک کراوە و چۆن خەڵک هەڵواسراوە و گولەباران و دەستگیر کراون کەچی سۆڤیەت نەهەڵوێست و نە هەنگاوێکی بو بەرگری لەم سیاسەتە فاشیستیانە نەکردوە. خۆ ئیتر باسی گرتن و کوشتنی سەرکردەکانی کورد ناکرێت کە دەکرا ژیانیان بپارێزێت یا لانی کەم زیندان بکرێت و لەدارنەدرێت. ئەو زلهێزە گەورەیەی کە سەرکەوتوانە لە شەڕی جیهانی دووهەم سەرکەوتوانە پرستیژی لە تەواوی دونیا رۆژ بە رۆژ بەرز دەبووە و بە نوت یا یادداشتێکی توند بو دەسەڵاتدارانی ئێران دەیتوانی پێش ئەو کارەساتانە بگرێت. ئا لێرەدایە بەربەرەکانی لە کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر هەزاران نەفەری لە کوشتن گرتن رزگار کرد و رژێم نەیتوانی ئەو توندوتوڵیە و ئەو قین و میتودە فاشیستیانەی لە بەر نەبوونی بەربەرەکانی لە تەورێز کردی لە کوردستان دوپاتی بکاتەوە.

لەوەی کە هاوکات لەگەڵ ئازەربایجانیەکان لە هەندێ ناوچەی کوردستان بەتایبەتی لە خوی و ماکو و ورمێ لەگەڵ بارزانی نەمر چەکەکانی خۆیان تەسلیمی سەرکوتکەرانی رژێمی ئێران نەکرد و هەربۆیە نەیانتوانی دەست بە گرتن و کوشتنی خەڵک بکەن لە یاداشتێک لەم دیکۆمێنتانە هاتوە دەڵێ کە کوردەکان چارەنوسی تەسلیم بووانی ئازەربایجانیان لە پێشچاوە بۆیە رژێم دەترسێت کە توندوتیژی بەکار بێنێت و ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر تا هاتنی بارزانی نەمر بۆ سۆڤیەت لە رۆژی خۆبەدەستەوە دانی سەرانی ئازەربایجان و کوردستان نزیکەی 8 مانگی کێشا هێزەکانی

ئێران خەریکی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوان بوون و نەتەنیا زەرەر و زیانێکی گەورەیان لێ کەوت بەڵکو کاربەدەستانی ئێران پەیتا پەیتا بەپارانەوە و بانگەواز داوایان لە کوردەکان دەکرد کە چەکەکانی خۆیان تەسلیم بکەنەوە و جگە لەوە بەرۆشتنی بارزانی لەگەڵ هاورێیانی بۆ سۆڤیەت مەترسی گەرانەوەی بۆ کوردستان و بەرپا کردنی شۆڕش سەر لە نوێ لە ئێراندا بڵاو ببووە. کە ئەمەش بوو بەهۆی ئەوە کە نەوێرن توندوتیژی بەکار بەرن. پاش ئاش بەتاڵ و ریسوا بوونی سۆڤیەت لە ئێران و داگیر کردنەوەی ئازەربایجان و کوردستان لە لایەن سوپای ئێرانەوە گەشتی دیپلومات و سیخور و پسپورە نیزامیەکانی وڵاتانی رۆژئاوا /ئەمەریکا و ئینگلیس/ بۆ ئەو هەرێمە دەست پێ دەکات و فەرمانبەرانی سۆڤیەتی گەشتی نوێنەرانی وڵاتانی رۆژئاوا بۆ کوردستان کە هاوکات لەگەڵ بەربەرەکانی بارزانی نەمر بوو و هاتنیان زیاتر بۆ کێشانی پیلان و نەخشە و لەناو بردنی بارزانی و هاورێیانی و یارمەتیدانیان بە سوپای ئێران بوو کەچی دەبینین هەڵوێستی سۆڤیەتیەکان لەم بارەوە بە پێچەوانەیە و دەڵێن کە بەربەرەکانی کوردەکان دژی سوپای ئێران بە دەستی ئینگلیسەکانە و لە جێگایەکی تر دەڵێن بە دەستی ئەمەریکایەکانە و دەیانەوێ کوردستانی مەزن کە هەموو پارچەکانی کوردستان بگرێتەوە دروست بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندییان بە سەرۆکە کۆنەپەرستەکانی کوردەوە کردووە و چەک و دراویان پێ ئەدەن و ... کە مەترسی ئەخاتە سەر سۆڤیەت چونکە سۆڤیەت هاوسێی کوردستانە بەڵام راپۆرت نوسەکە کە فری بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەوە نابێت نازانێت کە ئینگلیسەکان پاڵپشتی رژێمی ئێران بوون و هەر ئەوان بوون شکستیان بە شۆڕشی کورد لە کوردستانی باشور هێناو تا ناو خاکی کوردستانی رۆژهەڵات بارزانیەکانیان بە ماڵ و منداڵەوە بۆمباران کرد و تەنانەت ئینگلیسەکانیش پاش کەوتنی کۆماری مەهاباد بەدەمیش گەرانتی گەرانەوەی بارزانیەکانیان بۆ باشوری کوردستان نەدا و نە پەنابەریشیان پێدان و نە لە کوردستانی ئێرانیش رژێمی شایان ناچار کرد کە بمێنێتەوە.

لە لایەکی ترەوە پروپاگەندەی وڵاتانی رۆژئاوا و کاربەدەستانی ئێرانی لەو سەردەمەدا لە سەر بەربەرەکانی بارزانی نەمر ئەوە بوو کە گوایە چەک و تەقەمەنیان لە لایەن سۆڤیەتەوە بۆ دێت و بە شەو فرۆکەکانی سۆڤیەت ئەو چەک و تەقەمەنیانەیان

بۆ فریێ دەدەنە خوارەوە. نازانێت کە بارزانی بە زۆر بە نابەدڵی کاربەدەستانی سۆڤیەت بە بێئیجازەی مۆسکۆ خۆی ئاودیوی سنوری سۆڤیەت کرد /لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژیش لەم بارەوە ئاراستە دەکرێت/ پاشان لە ئازەربایجان دوور دەخرێتەوە و دەس بە سەر دەکرێت.

لە یەکێک لە بەڵگەکاندا کۆنسولێکی سۆڤیەت لەگەڵ کۆنسولی تورکیا لە تەورێز کە مانگونیوێک بە سەر کەوتنی دەسەلاتی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجان و کوردستان تێپەڕیوە چاوپێکەوتنیان دەبێت مەبەستی کۆنسولی تورک وەک لە راپۆرتەکانی تردا هاتوە زیاتر پەرۆشی دەوڵەتەکەی لە سەر باروەۆخی کوردستانە و دەیەوێ هەڵوێستی نوێی سۆڤیەتیەکان لە سەر ئازەربایجان و کوردستان بزانێت کۆنسولی تورک پەرۆشی خۆی بۆ ئازەربایجانیەکان دەردەبرێت کە چەند ملیۆن مرۆڤن و لە هەموو مافێک بێ بەش و دەوڵەتیان نیە و زۆر گەل لە دونیا دا هەن کە لەوانە کەمترن و دەوڵەتیان هەیە بەڵام نە باسی کوردەکانی ژێردەسەلاتی خۆیان دەکات و نە ئەوەشی لە بیر چۆتەوە کە هاوکاری دەوڵەتەکەی لەگەڵ رژێمی ئێران دژی هەردوو بزووتنەوەی کورد و ئازەری لە ماوەی چەند ساڵی رابوردا و هەروەها راکردنی ئەفسەران و لەشکەریانی سوپای ئێران لە کوردستانەوە بۆ تورکیا /لە کاتی داگیرکردنی ئێران لە لایەن سوپای سێ زلهێزەوە و هەروەها ئەوانەی کە لە کوردستان چەککران/ پروپاگەندەی چەند ساڵەی تورکیا دژی هەردوو بزووتنەوە کە گوایە سەر بە سۆڤیەت و دیانەوێ رژێمێکی کۆمۆنیستی لە ئێران پێکبێنن هەروەها هاوکاری سوپای وڵاتەکەی لەگەڵ سوپای عیراق و ئێران دژی خۆ بەدەستەوە نەدانی بارزانیەکان و هتد بوو.

خاڵێکی تر لە بەڵگەکاندا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە ئەو هەموو یارمەتیەی کە سۆڤیەت داویەتی بە ئازەربایجان لە دروستکردنی قوتابخانەکانەوە بگرە تا زانکۆ و نەخۆشخانە وهتد و ناردنی ژمارەیەکی زۆر لە زانا و لە پسپۆر و کادرەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ئازەربایجانی ئێران کە چی بۆ کوردستان زەحمەتە لە سەدایەکی ئەو شتانە کرابێت.

لە یەکێک لە بەڵگەکانی تر کاتێک کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز سەردانی کۆنسولی ئەمەریکا دەکات سەبارەت بە گرتنی قازی موحەمەد کۆنسولی ئەمەریکا ناخۆشبینی خۆی

دەرئەبرێت و دەڵێ کە قازی پێشکەوتوترین مرۆڤە لە تەواوی کوردستانە و لە بەر ئەوەی کە پێشکەوتوانە بیر دەکاتەوە بە مەرگ تاوانبار دەکرێت و ...

لە زمانی عومەرخانی شەریفی (شکاک)یەوە دەگێڕێتەوە کە ئەگەر بێتو قازی لە دار بدرێت تەواوی کوردستان رادەپەرێت. کۆنسوڵی سۆڤیەت لە دەربرینی قسەکانی کۆنسوڵی ئەمەریکی دەڵێت کە بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئەمەریکایەکان بۆ گۆڕینی بڕیاری لە داردانی قازی موحەمەد و براکەی هەنگاو هەڵدەگرین ...

خۆزگە وا بوایە و ئەمەریکا هەوڵی دابایا و دەیانتوانی بەو ئەرکە هەڵسێت بەڵام ئەم راپۆرتە و راپۆرتەکانی تر نوێنەرانی سۆڤیەت دەیانەوێ بڵێن کە ئەمەریکایەکان خەریکی جموجوڵە لە ناو کوردەکان و پلانی سەربەخۆیی کوردستانن کەوا نەبووە و بە بێ هیچ بەڵگە و نیشانەیەک ئەو قسانە دەکرێت پاش ئاش بەتاڵی سۆڤیەت لە ئێران و دامرکاندنی بزووتنەوەی کورد نوێنەرانی سۆڤیەت ئەو مافە بە کورد نادەن کە تەنانەت لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی رۆژئاوا پەیوەندیکیان هەبێت و ئەگەریش هەیانبێت بە مەترسییەک بۆ خۆیان و بەپێچەوانە لە قەڵەم دەدرێت بۆ وێنە ناوی عومەرخان لە چەند جێگاوە هاتوە و بە پیاو خراپ ناسراوە کە چی هەڵوێستی ئەو مرۆڤە ئازا و نیشتمانپەروەرە لە هەموو شوێنێک خوی نواندوە. پروپاگەندەی ئەوتۆ لە ئاستی عومەرخان لە لایەن بەناو چەند نوسەر و بەناو لێکۆڵێنەوەوە بێ ئەوەی ئاماژە بە بەڵگەیەک بکەن بە خراپ هاتوە. لە درێژەی راپۆرتەکانی تر دەبینین کە لە کاتی هاتنەکەی ئالین بۆ ورمی و ناوچەکە قازی موحەمەد لە دار دەدرێت و پەیوەندی ئەمەریکا و ئینگلیسەکان بە هەندێ سەرۆک عەشیرەی کورد بۆ هاوکاری کردنیان لەگەڵ سوپای ئێران بۆ بەربەرەکانی دژی بارزانی بووە نەک هاندانی کوردان بو سەربەخۆیی کوردستان و دژایەتی سۆڤیەت.

چەک و پسپۆری لەشکەری وڵاتانی رۆژئاواو یارمەتی ئابوری و سیاسی و دیپلۆماسیان بۆ رژێمی ئێران شتێکی شاراوە نیە و دەبینین کە بە هاتنی ئالین بالیۆزی ئەمەریکا بۆ کوردستان قازی لە دار دەدرێت و هێرشی سوپای ئێران دژی بارزانی پەرە دەسێنێت.

خاڵێکی تر کە لە بەڵگەکاندا دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە هێزە سیاسیەکانی ئێران و کەسایەتی و رۆژنامە دیمۆکراتەکان لە کاتی هێرش بۆ ئازەربایجان و کوردستان هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرتوە نە بە رێکخستنی خۆپیشاندان نە بە مانگرتن و میتینگ هاودەنگی و پشتیوانی خۆیان دەربرن و رژێم ریسوا بکەن. بەڵام بەپێچەوانە کۆنەپەرستان و سوڤێتیستەکان چالاکانە دەور دەبینن بەتایبەتی فتوای هەندێ پیاوی ئایینی و بانگەوازیان بۆ خەڵک کە ئامادەی کفن لە بەرکردن و هاتنیان بۆ کوژاندنەوەی بزووتنەوەی دیمۆکراتیک لە ئازەربایجان و کوردستان کردوە.

دەوری سۆڤیەت لە خۆبەدەستەوەدانی سەرانی ئازەربایجان /دوریش نیە بە دەمی یا بە نوسراوە هەر ئەم پەیامە بە سەرانی کورد راگەیەندرابێت و یا خۆ رانەگەیەندرابێت/ لە یەکێک لە بەڵگە هەرە گرنگەکانە کە کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز دانی پیانـاوە و ئەویش ئەوەیە کە کۆنسوڵ لە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرانی ئازەربایجان پەیامی مۆسکۆیان پێ رادەگەیێنیت. گەرچی زۆربەی سەرانی ئازەربایجان بریاری بەربەرەکانییان داوە کە دژی سوپای ئێران راوەستن و دەسکەوتەکانیان بپارێزن بەڵام کاربەدەستانی سۆڤیەتی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی و گومانی تێدا نیە کە لە ناویان خۆفرۆش و ترسنۆک دەبن دەتوانن چەند نەفەرێک لەگەڵ بریاری گشتی پەشیمان بکەنەوە. بەڵام جەماوەری خەڵک زۆربەی لەگەڵ بریاری گشتی دەبن واتە بەربەرەکانی بکرێت و بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنەی کە سۆڤیەتیەکان بەرامبەر بە وەرگرتنی نەوت بە رژێمی ئێرانیان داوە کە سەرانی ئازەربایجان رازی بکەن بەربەرەکانی نەکرێت و ئەوە دەبێت کە دەستورەکەی مۆسکۆیان لەم بارەوە بە رەسمی پێ دەدرێت و دەبێ جێبەجێ بکرێت و دەڵێت:

بەڵام ئێمە هەر ئەو رۆژە واتە 11ی دیکابر بە پێی ئەو تێلگرامەی کە لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە بومان هاتبوو دەبێ ئازەربایجانیەکان بەربەرەکانی نەکەن و بوار بدەن سوپای ئێران بێتە ئازەربایجانەوە. بەڵام پێی رازی نەبوون. سەرئەنجام ملیاندا و ئەوە بوو هەر ئەو رۆژە بە پێی بریاری ئەنجومەنی (پارلەمانی ئازەربایجان) بە ئیمزای شەبۆستەری سەرۆکی ئەنجومەن و جاوید ئوستانداری تەورێز کۆتایی بە بەربەرەکانی بە شا و قەوام راگەیەندرا.

واتــە دەســتوری مۆســکۆ بــەڵام بــە نــاوی پارلــەمــان (مــەجلیسی) ئــازەربایجانــەوە رادەگەیەندرێت تا بەرپرسیاریەتیەکە نەکەویتە ئەستۆی سۆڤیەت و ...

ئینجـا نـاردن و راکردنــی ســەران و ئــەفسەران و خــەڵکــی ئــازەربایجــان بــەرەو سنورەکانی سۆڤیەت دەست پێ دەکات و پرسیاری خەڵک لە کاربەدەستان و نوێنـەرانـی سۆڤیەت لـە تـەورێز و داوای پـەنابـەری کـردن و رەخنـە گـرتن و پرۆتێستی ئاشـکرا بەرامبەر بە سۆڤیەت لە راپۆرتەکەدا دەرئەکەوێت و تراژیدیای کوژرانی ئـەوانـەی کـە لە سەر بەڵێنی سۆڤیەتیەکـان مابوونـەوە کـە گوایـە ئـەگـەر بـەربـەرەکـانی نـەکرێت قـەوام بەڵێنی داوە کـەس توشـی ئـازار و لێدان و گـرتن نـەبێت دەست پـێ دەکـات. تـاوانی ئـەو هێزە سەرکوتکەرەی شا کە بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن و سـەقامگیرکردنی هێمنایـەتـی هـاتبوون و پـاش ئـەو هـەمـوو تاوانـە کـە بـە بـێ بـەربـەرەکـانی هاتنـە ئـازەربایجـان و کوردستان کرا بە رۆژی "رزگاری ئازەربایجان" و بو بـە جێژنێکـی رەسمی لـە ئێـران کە تا روخانی رژیمی پاشـایەتـی سـاڵانە ئـەم جێژنـە بـە هـەراوهوریـا و بـەسـەروسامانی خەڵک جێژنیان ئەگرت.

کۆنسولـی سۆڤیەت لـە لاپـەرەی دوایـی راپۆرتـەکـەی خـۆی چـەند راستییەکـی تـر دەردەخات و دەڵێت ئەو خەڵکەی کە لە ئێمەوە نزیکن دەڵێن پرستیژی یـەکێتـی سۆڤیەت بۆ ساڵانی دووررودرێژ لـە تـەواوی ئێران زیـانێکی گـەورەی پـێ دەگـات ... خـەڵـک لـە ئاستی رووسـەکـان بـێبـاوەر بووەودەڵێن کـە لـە نـاوچوونی بزووتنـەوەی دیمۆکراتیکی ئازەربایجان سەرکەوتنی ئینگلیسەکانە یەکێتی سۆڤیەت قەت ئیمتیازی نەوتی ئێرانی پێی نادرێت ...

## ڕوونکردنەوەیەک لە سەر وتووێژەکانی قازی موحەممەد لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران

یەکەم سەفەری قازی موحەممەد بۆ تاران و چاوپێکەوتنی لەگەڵ شا و کاربەدەستانی ئێرانی کە چوار مانگ درێژەی کێشاوە بە پێی ڕاپۆرتەکەی قولیەف جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز دەبێ لە ناوەڕاستی مانگی 10ی 1944 بوو بێت. واتە تا ئەوکاتە چەند جارێک نوێنەرانی ڕژیمی تاران سەردانی کوردستان دەکەن و لە نزیکەوە لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە ورمی و پاشان مەهاباد وتووێژ دەکەن و داخوازی کوردەکانی ئەو ناوچانەیان پێ دەدرێت و جارێکیان لە مەهاباد کۆمەڵەی ژێکاف گەڵاڵەیەکی گشتی بۆ کێشەی کورد لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەم ئاراستەی نوێنەرانی دەوڵەتی تاران دەکات و وەک لە دەربڕین و ڕاگەیاندنەکانی ژێکاف دەردەکەوێت ئامانجی کۆمەڵەی ژێکاف لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەم تا کۆتایی شەڕ ئۆتۆنۆمی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان بوو و کێشەی چارسەری و هەروەها سەربەخۆیی کوردستانی بۆ پاش شەڕ هێشتبوو.

لە وتەکانی قازی موحەممەد بۆ قولیەف دیارە کە قازی و هاوڕێیانی نە بە نوێنەرایەتی کومەڵەی ژێکاف /کە تاقە هێزی سیاسی کورد ئەو سەردەمە بووە/ سەفەری تارانیان کردوە و نە داخوازەکانی قازی موحەممەد لە شا و دەوڵەتەکەی سیاسی وکێشەی کورد نەبوە /داوا کردنی پارە بۆ ڕاگرتنی ژاندارمی کورد و لەش ساغی و پەروەردە ئەویش تەنیا بۆ مەهابادە و نە گەڵاڵەیەکی گشتی بۆ هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاراستەی دەوڵەتی ناوەندی کردوە و جیا کردنەوەی مەهاباد لە ورمی و ڕاستەوخۆ بەستنەوەی بە تارانەوە لەگەڵ ئامانجی ژێکاف و خواستی گەلی کورد بووە واتە چاوپۆشی کردن لە ورمی و شوێنەکانی تری کوردستان ئەکات و باسێک لە خوێندن و فێر بوونی زمانی کوردی و لەش ساغی بۆ هەموو کوردستان و .... نیە سەردانی قازی بۆ تەورێز بۆ لای کاربەدەستانی سۆڤیەتی و پاشان لەگەڵ کاربەدەستانی

ئـازەری و دووسـەفـەرمکـەشـی بۆ بـاکو نـە بـە نـاوی کومـەڵـەی ژێکافـەوە بـووە و نـە نوێنەرانی پارتی ژێکافی لەگەڵ بووە.

ئایـا مانـەوەی قـازی لـە تـاران بۆ مـاوەی چـوار مانـگ تـەنیـا دەسـکەوتـی گۆڕینی فەرمانداری مەهاباد بـووە یـا داوا کردنـی گۆڕینی هوشـمەنـدی ئـەفشار کـە هـەرشـە لـە مەهاباد ئەکات ئەی شار و شوێنەکانی تری کوردستان ئـەی نوێنـەرانـی کوردی ورمـی کە ئەو دەمە چەندجار گەمارۆی ورمـێیان دابوو و دەیانویست دامودەزگاکـانی دەوڵـەتـی لەو ناوچەیە هەڵپێچنـەوە و دەسـەلاتێکی کوردی دابمـەزرێنن و دەیـان کـەسـایەتـی وەک عومەرخانی شۆکاک و زیرو بەگ و تاهیر خان و هتد کە رێبەرایەتی ئـەو راپـەرینـەیـان دەکرد یا خواستی کوردەکانی جەلالی کە پاش شەهریوەری 1320 گەرابوونەوە جێ و شوێنی خۆیان هەر ئاماژە پێ ناکرێت. لـە لایـەکـی ترەوە جگـە لـە سـەدری قازی کـە نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی ئێران بوو زۆر نوێنـەری تری کوردی تر لـە مـەجلیسی ئێـران بـوون. وەک نوێنـەرانـی سـنە و کرماشـان کـە هـەمـوو نـاودار و لـە بنـەمـاڵـە ئەریستوکراتیەکانی کوردستان بوون و زۆر جار لـە مـەجلیسی ئێران کێشەی کـورد و خواستەکانی گەلـی کوردیـان هێنـا بوویـە کایـەوە بۆ دەبـێ لـەگـەڵ دەستەی نوێنـەرایـەتـی کورد بۆ وتووێژ بەشدار نەکرابایان و دەیان کەسایەتی کورد کە بە راکردنی رەزاشـا لـە زینـدان ئـازاد کرابـوون یـا لـە دور خستنـەوە گـەرابونـەوە کوردستان. کاتێـک سـەیری رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی ئێران دەکەین یا خۆ نوێنەرانی کـوردی دەورەی 13و14 مەجلیسی ئێران دەکـەین دەبینین نوێنـەری نیشتمانپەروەری کوردستان لـە ناویانـا زۆر بوون لە بنەماڵەکانی ئەردەلان، ئاسەفەکان، قوبادیانەکان و سەنجابیەکان وهتد.بۆ دەبێت لە وتووێژەکاندا بەشدار یا ئاگادار نـەکرێنـەوە بـە داخـەوە ئـەم رێبـازە دواتر هەر رەچاو کرا و کێشەی کورد و دەستەی نوێنەرایەتی کورد لـە چوارچێوەی مـەهابـاد یـا موکریـان قەتیس کرایەوە و کێشـەی کـوردی لای دەسـەلاتدارانی تـاران و لـە لای زلهێزەکـان کـە ئەو دەمە لە ئێران بوون بێبایەخ نیشاندرا.

نوێنەرانی چینی ئەریستوکراتی کورد و بنەمـاڵـە ناسراوەکـان کـە لـە دامودەزگاکـانی دەوڵـەتـی بـوون و پـەیـوەنـدیـیـان بـە ئینگلیسەکـان و بگـرە دەرباریـشەوە هـەبـوو و هەندێکیشیان بە ئەمەریکایەکانەوە هەبوو و ئافتەرێتەێت و قورسایییان هەبوو دەکرا بۆ

گەورەکردنی کێشەی کورد لە ژیانی سیاسی کوردستان بەشدار بکرێن و لانی کەم وەک ئوستاندار و فەرمانداری شارە کوردنشینەکان کەڵکیان لێ وەربگیردرێت.

لە باتی داخوازی جیاکردنەوەی مەهاباد لە ئوستانی چوار و سەر بە تاران یا سنە بێت بۆ دەبێ داوای گۆڕینی ئوستانداری ئەو ئوستانە کە ورمێ و خوی و ماکو و چەند شاری تر ئەگرێتەوە نەکرێت و ئوستاندارێکی کوردیان بۆ دانابایا کە ئەودەمە کێشەی ئازەربایجان هەر لە گۆڕێدا نەبوو و هێشتا هەرێمی حیزبی تودەیان لە ئازەربایجان نەکردبوو بە فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان. ئەنجامی بێموبالاتی یا بەرەڵا کردنی ورمێ و خوی و ماکو و باس نەکردنیان کە سەر بە کوردستان بوو ئەوە بوو کە ئازەرییە رەگەزپەرستەکان کە چوار ساڵ پاش کورد خواستە نەتەوایەتییەکانی خۆیان هێنایە پێش مرخیان تێوە چێت و بیخەنە سەر ئازەربایجان. ئایا نەدەکرا ئەو دەمە سەرانی کورد داوای گۆڕینی ناوی ئازەربایجانی رۆژئاوا بکەن کە زۆرینەی کورد و بەشێکی جیانەکراوی کوردستانە. دەبینن پاش ئەوەی ناوچەکانی ورمێ و خوی و ماکو لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئازەرییەوە دەستیان بە سەردا دەگیردرێت و مافی کورد زەوت دەکەن و کوردەکان توشی راونان و لێدان و کوشتن دەبن. سەرکردایەتی مەهاباد ناچار ئەبێت لەگەڵ کاربەدەستانی ئازەری بۆ چارسەری گێرە و کێشەی کوردەکان بکەوێتە وتووێژەوە کە ئەنجامەکەشی بێئاکام دەبێت ئایا باشتر نەبوو لەگەڵ کاربەدەستانی تاران لە سەر ئەو ناوچانە لە تاران وتووێژ بکرێت تاکو لەگەڵ فەرمانبەرانی ئازەری. سەیر ئەوەیە پێش و پاش راگەیاندنی کۆماری مەهابادیش بۆ ئەم ناوچانە هەنگاوێک هەڵنەگیرا. هەر بۆیەش سەرانی ئازەربایجان وێرایان دەستیان بە سەردا بگرن لە کاتێکا زەمینەی دەسبە سەر داگرتنی ئەو ناوچانە بۆ کورد لە چاو ئازەرییەکان لە بارتر بوو.

خستنە ژێر دەسەڵاتی ناوچەکانی ماکو و خوی و ورمێ و بە گشتی ئازەربایجان رۆژئاوا لە لایەن تاقمی فەرمانرەوای تەورێز بە هاندانی باقیروف و پشتیوانی سۆڤیەتییەکان کە سەرەتاییترین مافیان بۆ دانیشتوانی کوردی ناوچەکە نەهێشتبووە ئەگاتە ئەوپەری ئاڵوزی و ناخۆشی تا ئەو جێگایەی کە کوردەکان بە کۆکردنەوەی هێز مانورێک بۆ ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتدارانی ئازەری ساز ئەکەن کە تەنیا ناوەندی کوردی لە مەهاباد دەتوانێت پێشی تەقینەوە و دەست پێکردنی شەڕی نێوان کورد و

ئازەری بگرێت دیارە دەسەلاتدارانی ئازەری هێز و توانای ئەوەیان تا ئەو دەمە نەبووە کە کۆنترۆڵی کوردەکان بکەن یا سەرکوتیان بکەن.

رۆیشتنی قازی موحەمەد بۆ ئەو ناوچانە بێگومان دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی وورەی کوردەکان و ئاگادار کردنەوەی دەسەلاتدارانی ئازەری بەڵام رۆیشتنەکەی قازی لە هەلومەرجێکی درەنگ و ناسک واتە دەمەو هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان بوو و رژێمی ئێرانیش هەر بەتەمای هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان کورد و ئازەری بوو کە هەلی بۆ هەڵکەوێت و هێرش بکات بەڵام شەڕ نابێت هەر بۆیە قەوام بۆ ئەوەی ناکۆکی نێوان ئازەربایجان و کوردستان ئاڵوز بکات و لایەنی کوردی بەرەو لای خۆی راکێشێت لە تێلگرامێک دا داوا لە قازی دەکات کە بۆ سەقامگیر کردنی هێمنایەتی و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی مەجلیس هاوکاری هێزەکانی ئێران بکات. قەوام باش دەیزانی کە دەسەلاتی ناوچە بە روالەت لە دەستی ئازەریەکانە و دەبێ لە ئەوان داوای یارمەتی بکات بەڵام قازی وەڵامێکی بەجێ ئەداتەوە و پیلانی قەوام پوچەڵ ئەکاتەوە.

بەڵام دیسانەوە جێی داخە کە کاربەدەستانی سۆڤیەتی وەک سکرتێری کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت لە ماکو لەباتی چارسەر کردنی مرۆڤانە و برایانەی کێشەکانی نێوان کورد و ئازەری ئەم پێشنیار و رێنوێنیە بێجێیانە ئەکات.

1- راکێشانی هەندێک کوردی بە ناوبانگ دیمۆکراتی کورد بۆ ئیشکردن لە دامودەزگاکانی دەسەلاتی خۆجێیی /واتە دەسەلاتی ئازەری و هیچ پێوانەیەک بۆ دابەشکردنی دەسەلات یا دەسەلاتی هاوبەش پێشنیار نەکات/.

2- دانیشتوانی کوردی ناوچەکە لە باری بەڕێوەبردنەوە بە تەواوی بخرێتە ژێر دەسەلاتی ناوچەکە /واتە دەسەلاتێکی کوردی دامودەزگایەکی کوردی لە هیچ ناوچەیەک نابێ هەبێت و دەڵێ بە تەواوی دەبێ بخرێتە ژێر دەسەلاتی ئازەریەکان/.

3- رێکخستنی دەستەکانی پاسەوانی کورد بۆ بەربەرەکانی دژی تالآنکەرانی کورد و پێشگیری لە ناهێمنایەتی لە ناو کوردان کە لە ژێر دەسەلاتی ئازەربایجاندا بن /واتە دەبێ بە دەستوری هەر ئەو دەسەلاتە بجوڵێنەوە کە مافی کوردیان زەوت کردوە و بە

دروست کردنی جاشی کورد دانیشتوانی کورد سەرکوت بکەن و دژایەتی بخەنە ناو خودی کوردان ئەویش بەبێ پرس و ئاگادار کردنەوەی دەسەلاتی کوردی لە مەهاباد/.

4_ دوورخستنەوەی هەندێک سەرکردەی کورد کە رێکخەری تالأن و دزیین /هەر وەک لە راپۆرتەکان هاتوە ناوی زۆر سەرکردەی هۆزوخێڵی کورد کە دژی دەسەلاتی ئازەری بوون بە چەتە و رێگر و .... و پیاوی ئینگلیس و تورکیا و کۆنەپەرست هاتوە.

لە لایەکی تر ئەو کوردانەی کە لە سەردەمی رەزاشا دوور خرابوونەوە و پاش شەهریوری 1320 گەرابونەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان کە زۆربەی زەوتکرابوو. وەریدەگرنەوە ئەوانیش لە ریزی ئەوانە دادەنرێت. لە لایەکی تر دەسەلاتیک کە ماف بە دانیشتوان نەدات و دەسەلآتیکی کوردی لە ناوچەکەدا نەبێت و ئازەریەکانیش نەیانتوانیوە کۆنترولی زۆر ناوچە بکەن بێگومان دزی و تالان لە هەموو کومەڵگایەک ئەوتۆ دەبێت. بەڵام ئەم شتانە لە چاو شتی سەرەکی زۆر بچوکن و سکرتێری کۆنسولی سۆڤیەت وەک سەردەمی رەزاشا پێشنیاری دوورخستنەوەی هەندێ نارازی خۆیان و دەسەلأتدارانی ئازەری بەبیانوی دزی و رێگیری لە ناوچەکە دەکات.

5- کردنەوەی چەند قوتابخانەی کوردی لە ناوچەکەدا /کاری راست بێت ئەمەیان پێشنیارێکی باشە/.

بەڵگەیەکی تر کە لەناو دیکۆمێنتەکانەوە وەرگیراوی رۆژنامەی ئیتلاعات چاپی تارانە کە لە زمانی حاجی بابا شێخەوە دەگێریتەوە کە باقیروف لە باکو داوا لە قازی موحەمەد ئەکات کوردستان لە چواچێوەی ئازەربایجان بێت بەڵام قازی زۆر بە توندی دژی ئەو هەڵوێستەی باقیرۆف دەبێت و قازی دەڵێت کە ئەگەر بریارە کوردستان سەر بە ئازەربایجان بێت باشترە سەر بە تاران بێت و حاجی بابا شێخ دەڵێت قازی موحەمەد هەندە لە ژێر گوشار دەبێت تەنانەت ئامادە بوو خۆی ژەهر خوارد بکات، ئەمەش فاکتێکی حاشا نەکراوی سیاسەتی رەگەزپەرستانە و گڵاوی باقیروف نیشان ئەدا. مەبەستێکی تری باقیروف لە بانگ کرانی کوردەکان بۆ باکۆ ئەوە بوو کە داوا لە کوردەکان بکات هاوکاری و پشتیوانی لە ئازەریەکان بکەن و هیچ گەڵاڵە یا کیانێک بۆ گەلی کورد پێشنیاری میوانە کوردەکانی ناکا.

## ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" 15ی بانەمەڕی 1325 (15ی مای 1946) پەیمانی نێوان حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و گەلی کورد[1]

گەلانی ئازەربایجان و کوردستان هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشی لە قازانج و زیانی یەکتر هاوبەش بوون و هەروەها تا ئیمڕۆش هەردوو گەل بە شێوەیەکی یەکسان و وەک یەک تووشی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری داگیر کەران و چەوسێنەران بونەتەوە. گەلی ئازەربایجان هەمیشە بۆ ئازادی هەموو ئێرانیەکان لە پچراندنی زەنجیرەی زۆرداران و دیکتاتۆرەکان خەباتی کردوە. هەروەها گەلی کوردیش بە خۆبەختکردنی بو ئازادی خۆی خەباتی کردوە و قوربانی زۆری داوە.

بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەستدرێژی کردن لە لایەن دەلالانی ئاژاوە گێرەوە بوبە هۆی ئەوە کە ئەم دوو گەلە ئازادیخوازە نەگەنە مەبەستی خۆیان. بەڵام بە دەست پێ کردنی شەڕی جیهانی دووهەم و هێزی دەوڵەتانی ئالا هەڵگری ئازادی کە فاشیزمیان شکست پێهێنا و ئەم دوو گەلەش بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلومەرجە هێزەکانی خۆیان یەکخست و شان بە شانی یەکتر دژی پاشماوەکانی فاشیزم دەستیان دایە خەباتەوە و ئالای ڕاستەقینەی ئازادی و دیمۆکراتیەتیان هەڵگرت. ئەم دوو گەلە دەستی یارمەتیان بۆ یەکتر درێژ کرد و نەتەنیا بۆ ئازادی خۆیان بەڵکو بۆ ئازادی هەموو ئێران.

بۆ ئەم مەبەستەش لە 3ی بانەمەڕی 1325 واتە لە ڕۆژی شەمە (23ی ئاپریلی 1946) کات ژمێری 5ی ئێوارە لە شاری تەورێز لە بینای مەجلیسی میللی ئازەربایجان ڕێبەرانی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد بریتی لە بەڕێز قازی موحەمەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و ڕێبەری هوزی شۆکاک بەڕێز عومەرخان شەریفی وەزیری هێزەکانی میللی کوردستان بەڕێز موحەمەد حوسێن سەیفی قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و

---
[1] AB..............

نوێنەری هۆزی هەناره بەڕێز ڕشیدبەگی جەهانگیری و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و نوێنەری هۆزی هەرکی بەڕێز زیرو بەگی بەهادوری و نوێنەری کوردەکانی ئەشنو بەڕێز قازی موحەممەدی خانزی لە لایەک و ڕێبەرانی دەوڵەتی میللی ئازەربایجان، سەرۆکی مەجلیسی ئازەربایجان بەڕێز میرزا عەلی شەبۆستەری و سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی میللی ئازەربایجان میرجەعفەری پیشەوەری و جێگری سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی ئازەربایجان بەڕێز سادقی پادگان و وەزیری ناوخۆی ئازەربایجان بەڕێز دوکتۆر سەلامولا جاوید، وەزیری پەروەردە و بارهێنان بەڕێز موحەممەدی بیریا لە لایەکی ترەوە بە مەبەستی بەهێزکردنی دۆستایەتی زیاتر نێوان دوو گەلی برا واتە ئازەری و کورد ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دا کە هەردوولا لەمەولا جێبەجێیان ئەکەن:

1- نوێنەرانی هەر دوو گەل لەو شوێنانەی کە پێویستە پەیوەندی لازم دەبەستن و نوێنەرانی خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن.

2- لەو ناوچانەی ئازەربایجان کە دانیشتوانی کوردی تیا دەژین و هەروەها لەو شوێنانەی کوردستان کە ئازەربایجانییان تیا دەژین دەوڵەتانی هەردوو گەل دەبێ ئاسایش بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە دابین بکەن و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگاکانی دەوڵەتی بەشدار بکرێن.

3- بۆ چارسەر کردنی کێشەکانی ئابوری هەردوو گەل کۆمسیۆنێکی هاوبەشی ئابوری ڕێک دەخرێت و بڕیارەکانی ئەم کۆمسیۆنە دەبێ بە هەوڵدانی هەردوو دەوڵەت جێبەجێ بکرێن.

4- بە مەبەستی دابین (مسوگەر کردنی) هاوکاری لەشکەری نێوان دوو دەوڵەتی بڕیاردەر دەبێ لە کاتی پێویست دا بەهێزەکانی خۆیان یارمەتی یەکتر بدەن.

5- هەر چەشنە وتووێژێک لەگەڵ دەوڵەتی تاران و کاربەدەستانی دەبێ بە ئاگاداری و پرسی دەوڵەتانی هەردوو گەلی ئازەربایجان و کوردستان بێت.

6- دەوڵەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بە پێی توانای خۆی هەوڵی پێویست بۆ گەشە پێدانی پێشکەوتنی نەتەوایەتی و کولتوری ئەو کوردانەی کە لە ئازەربایجان دەژین هەڵدەگرێت و بە نۆرەی خۆی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیش بە گوێرەی توانای هەوڵی

پێویست بۆ گەشە پێ دانی و پێشخستنی زمانی نەتەوەیی و کولتوری ئازەربایجانیەکانی دانیشتوی کوردستان هەڵدەگرێت.

7- ئەو کەسانەی کە زیان بە دۆستایەتی و برایەتی دیمۆکراتیانەی هەردوو گەل دەگەیەنێت بە پێی بڕیاری هەردوولا سزا دەدرێن.

وەرگێر لە ئازەربایجانیەوە بۆ روسی حاجییێف

تێبینی: ناوی بەشدارانی ئەم پەیمانە بە جیا جیا کە پەیمانەکەیان مۆر کردوە لە کۆتاییدا هاتوە و سەر لە نوێ نوسراوەتەوە. تەنیا ناوی قازی موحەممەدی شنۆ نەهاتوە. بەڵام ناوی سەید (سەعید) عەبدوللا گەیلانی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هاتوە.*

## هەندێک تێبینی تر لە سەر ئەم پەیمانە

گەرچی وەرگێراوی ئەم پەیمانە لە رۆژنامەی ئازەربایجان وەرگیراوە و رۆژنامەکەش لە بەر دەستدا نیە تا بەراورد بکرێت. هەروەها رۆژنامەی کوردستانیش کە ئەم پەیمانەی بلاو کردۆتەوە لە بەر دەستدا نیە. منیش بەو شێوەیەی کە لە ناو دیکۆمێنتەکانی تر هاتوە وەرمگێراوە لە لایەکی تر ئەم پەیمانە لە زۆر نوسراوەی کوردی و ئازەری و روسیدا هاتوە کە دەبێ بەراورد بکرێت لەگەڵیان.

ئەوەی کە لێرەدا پێویست بە ئاماژە کردنی هەیە سەردێری پەیمانەکە نوسراوە واتە پەیمانی نێوان حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و گەلی کورد. نازانم وەرگێر ناوی حکومەت یا دەوڵەتی کوردی وەک ئازەربایجان نەنوسیوە و بە وردی وەرینەگێراوە یا بە ئەنقەست نەینوسیوە دەبێ روون بکرێتەوە. گەرچی پاشان نێوی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان هاتوە. بەڵام بە پێی یاسا دەبێ لایەنی پەیمانەکە بە تایبەتی لە سەردێری پەیمانەکە بە تەواوی و بە رونی بنوسرێت.

---

* ئارشیفی وەزارەتی دەرەوەی روسیای فیدراتیڤی فوندی56کۆپیەی34دۆسیەی93لاپەرەکانی14-17

لە لایەکی ترەوە ناوی هەندێ ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی کورد هەم وەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە سەرۆک عەشیرە نوسراوە یا یەکێک وەک قازی موحەمەد خانزی وەک نوێنەری کوردی شنو هاتوە کە ئەمە بە مەبەست بوبێت یا بێ مەبەست لە ناوەرۆکی پەیمانەکە و کەسایەتیە کوردیەکان کەم ئەکاتەوە چونکە ئەوانە بە ناوی دەستەی نوێنەرانی گەلی کوردەوە واتە بۆ هەموو کوردستان لە داهاتو دا ئیمزایان کردوە. لە کاتێکا لایەنەکانی ئازەربایجان هەرکام نوێنەری خەڵکی شارێک بگرە لە خێڵ و هۆزێکی ئازەری یاخود خەڵکی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوون کە چی ناوی ئەوانە بەو شێوەیە نەهاتوە.

ئەو تێبینیانەی سەرەوە لە ناوەرۆک و گرینگی پەیمانەکە کەم ناکاتەوە بەڵام وەرگیراوی ئەم بەڵگەیە لە وانەیە بە بێ بەراورد کردن لەگەڵ سەرچاوەکانی تر بۆچونی تری هەبێت یا چون هاتوە بلاًوی بکاتەوە.

بە پشت بەستن بە رەوتی روداوەکان کە لە بەڵگەکانی تردا هاتوە دەبینین کە یەک بەندی پەیمانەکە جێبەجێ کراوە و هەمووشی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئازەریەوە پێشێل کراوە و دەتوانین پەیمانەکە بە مردویی لە دایک بوو و هەر لە سەرەتادا لایەنی ئازەری نەتەنیا هەنگاو بەڵکو زەمینەشی بو جێبەجێ کردنی هیچ بەندی پەیمانەکە دروست نەکرد و بە کردەوە دەرگای بە سەر هەموو بەندەکانی پەیمانەکە داخستبوو کە هیچی جێبەجێ نەدەکرا و بۆ لایەنی ئازەری بەستنی ئەم پەیمانە قازانجی هەبوو واتە هێور کردنەوەی کوردەکان و کەمکردنەوەی ئاڵوزی و فریودانیان بوو. ئەگەر بە پێی بەندی پەیمانەکە شیکردنەوەیەک بکرێت دەتوانین بڵێین:

- لە بەندی یەک هیچ نوێنەرایەتیێک لە هیچ ناوچەیەک و بگرە لە ئاستی تەورێز مەهابادیش ئاڵوگۆر نەکراوە.

- لەو ناوچانەی کە ئازەریەکان دەسەڵاتدار بوون کورد دەژیان و بە پێی بەڵگەکانی پێشو دەسەڵاتدارانی ئازەری نەتەنیا هیچ مافێکیان پێی رەوا نەبینی و کورد لە دەسەڵات بەشدار نەکرا بەڵکو کەوتنە بەر گرتن و تەنگ پێ هەڵچنین. لە کاتێکا کورد هیچ ناوچەیەکی بە دەستەوە نەبوو کە ئازەری تیا بژیت و مافیان پێ شێل بکات.

واته بۆ ئازەریەكان زەمینەی جێبەجێ كردنی خاڵەكانی 2و6و7 هەبوو بەڵام كوردی نەدەگرتوە تا بڵێن جێبەجێی نەكرد.

- پێشێل كردنی خاڵ یا بەندی پێنجی پەیمانەكە نابێ بە بێ ئاگاداری و پرس كردنی هەردوولا دەوڵەت و پەیمان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی یا دەسەلاتدارانی نەكرێت واتە بە زیانی یەكتر پەیمان نەبەستێت. لایەنی ئازەری بە پێی تەواوی بەڵگەكان بەپێچەوانەی ئەم خالە جولاونەتەوە واتە: 1- چەند جارێک بە نهێنی لە تاران و تەورێز دەوڵەت كراوە. 2- ئەویش خالی رێک كەوتنەكانیان یا كوردستانیان خستوتە چوارچێوەی ئازەربایجان یا بەرێوەبەرایەتیەكەی دەبێ لە لایەن ئازەربایجانەوە بێت و بە بێ بەشداری نوێنەرانی كورد دەوڵەت كراوە.

یەكێک لەو شتانە ئەوە دەبێت كە بە پێی پەیمانی ئازەری و تاران دەبێ هێزەكانی ئازەربایجان جێ هێزەكانی تاران لە سەقز و سەردەشت و بانە بكەنەوە. كۆنترۆڵی لە لایەن ئەوانە دەبێت و لایەنی ئازەری سنوری ئازەربایجانی بە ئوستانەكانی 3و4 داناوە و لەگەڵ رژێمی تاران رێكدەكەون كە بەم چەشنە بەشێكی كوردستان واتە ئازەربایجانی رۆژئاوا سەر بە ئازەربایجان كەوت و تەواوی كاربەدەستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا لە لایەن تەورێزەوە یاخود بە پێی بریاری تاران و تەورێز دیاریكران و پاش بەستنی پەیمانەكەش (پەیمانی كوردستان و ئازەربایجان) هەنگاو یا زەمینەی جێبەجێ كردنی خاڵی پەیمانەكە وەرنەگیرا.

جگە لەوەش لایەنی ئازەری پەیمانشكێنانە تەسلیم بوون یا رایانكرد یا تەسلیمیان پێ هێنان كە ئەمەش پێشێل كردنی پەیمانەكە بوو.

هەڵوێستی نادۆستانەی سەرانی ئازەربایجان هەروەک كاربەدەستانی سۆڤیەتی لە بەڵگەكاندا دانیان پێداناوە وە پشتگوێ خستنی كوردەكان و نەناردنی ئەو یارمەتیەی سۆڤیەت بۆ مەهاباد بووە دژایەتی كردنی دەسەلاَتدارانی تەورێز لە مانەوەی بارزانی و هەڤالانی لە كوردستانی رۆژهەلات لە كاتێكا دەیان هەزار كادر و پسپۆری هەمە جوری ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ یارمەتی ئازەربایجانی ئێران هاتبونە ئێران كە چی رەخنەیەک لە لایەن كوردەوە لە وانە یا لە سۆڤیەت نەگیراوە.

دورخستنەوەی بارزانیش پاش هەرەسی بزووتنەوەی کورد و ئازەری لە ئازەربایجانی سۆڤیەت بە دەستی دارو دەستەی باقیروف و هاوبیرانی هەر ئەو قینە کۆنە و سیاسەتی شۆڤینیانەی سەرانی ئازەری بوو کە هەندێکیان لە تەورێزەوە هەڵهاتبوونە باکو.

## ئاژانسی هەواڵنێری رویتێر لە سەر پەیماننامەی نێوان ئازەرییەکان و کوردەکان

لەندەن 6ی مای 1946: لێکۆڵێنەری دیپلۆماسی ئاژانسی رویتێر دەنوسێت کە گەرچی دەرچونی سوپای سۆڤیەت لە ئێران بڕیار بوو 6ی مای کۆتایی پێ بێت کە تا ئێستا شتێکی خۆشبینانە (ئاپتیمیزم) بوو بەڵام ئێستا بە بەستنی پەیمانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان بارودۆخی نێوخۆی ئێران ئاڵوز دەبێت. پەیمانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان لە باری یاسای نێونەتەوایەتیەوە ئیعتێبارێکی نیە لە بەر ئەوە هیچکام لەو لایانە لە لایەن هیچ دەوڵەتێکەوە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەرەسمی نەناسراون.

ئەو پەیمانە لە کاتێکا ئاشکرا کراوە کە دەبوایە وتووێژەکانی ئازەربایجان و دەوڵەتی ناوەندی سەبارەت بە چارەنوس (کیان و ستاتوس)ئازەربایجان لە تاران بەردەوام بێت. هەڵسوکەوتی رێبەرانی ئازەربایجان بە بەستنی ئەم پەیمانە لای دەوڵەتی ئێران بە ئاشکرایی ئەوە دەردەخات کە سەرانی ئازەربایجان هەوڵی سەربەخۆیی ئەدەن و بۆ وێنە کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەوە کردن و هەبونی هێزی لەشکەری تایبەتی بە خۆیان.

ئەم پەیمانە هەروەها کێشەی کوردی ناسیۆنالیزمیش ئەخاتە پێشەوە کە ئەمە لەوانەیە دەوڵەتی ئێران نەتوانێت بەرەو رووی کێشەکانی ناوخۆ ببێتەوە بەتایبەتی پاش ئەوەی وتووێژەکانی لەگەڵ ئازەربایجان تەواو کرد و چارەسەری کرد کە ئەو کاتەش ناچارە لەگەڵ کوردانیش بکەوێتە وتووێژەوە و ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە هاوسێکانی ئێران دەبێ بیر لە ئاڵوز بوونی سەر لە نوێ کێشەی کورد بکەنەوە. هێشتا سنوری کوردستان لە لایەن دەوڵەتی کوردیەوە دیاری نەکراوە و وەک رابوردو دوور نیە. ناسیۆنالیزمی

کوردی پێی خۆی بۆ بەشەکانی تری کوردستان لە تورکیا و عێراق و سوریا درێژ بکات. [1]

تێبینی: هەڵوێستی ئەمەریکا و تورکیا و عێراق و هەندێ وڵاتی تر لەگەڵ دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە بەستنی پەیمانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان دوژمنانە و هیچ مافێک بۆ نوێنەرانی دوو گەل نادەن کە لە سەر بچوکترین کێشە پەیمان و پەیوەندی ببەستن. وە لە چاپەمەنی و هەڵوێستی رەسمی دەوڵەتەکانیان هانی ئێران ئەدەن کە ئەم پەیمانە بە هیچ شێوەیەک قبووڵ نەکەن.

## چاپەمەنیەکانی وڵاتانی رۆژئاوا بەرامبەر بە رێککەوتنامەی ئازەربایجان و کوردستان

بێگومان چاپەمەنیەکانی رۆژئاوا هەڵوێستی وڵاتەکەیان دەرئەبڕن لێرەدا کورتەیەک لەو نوسراوانە کە لە لایەن هەواڵدەری تاسەوە کۆکراوەتەوە باس ئەکەین.

لەندەن 6ی مای 1946: هەواڵدەری رۆژنامەی تایمز لە تاران سەبارەت بە رێککەوتنامەی نێوان دەوڵەتانی ئازەربایجان و کوردستان کە بۆ بیست ساڵ نێوانیان مۆر کراوە دوای بەستنی پەیمانی تاران و تەورێز سەبارەت بە چارسەری کێشەی ئازەربایجان بەستراوە. پەیماننامەی نێوان ئازەربایجان و کوردستان بە پشتیوانی روسەکان بەستراوە. لایەنگرانی بەستنی ئەم پەیمانە لە ناو کوردەکاندا هێشتا دیار نیە. پەیمانی ناوبراو وەک پەیمانێک نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆ بەستراوە و لە سەرەتادا بە نهێنی بووە و تەنیا پاش بەسەرچونی یەک هەفتە کە پێشەوەری بۆ درێژەی وتووێژەکان نەهاتە تاران ئاشکرا بووە و بێ ئاگاداری دەوڵەتی ناوەندیش بەستراوە.

وادیارە پاش دەرچونی هێزەکانی روسی لە ئێران دەوڵەتی ئازەربایجان نایەوێ خۆی بە دەستەوە بدات و پیشەوەری دەیەوێ کۆنترۆڵی خۆی لە سەر ئازەربایجان بپارێزێت. وا پێ دەچێت بارودۆخی باکوری ئێران بەرەو ئالوزی دەچێت و ئەم پەیمانە پاشماوە و میراس یا جێ پێی هێشتنەوەی سیاسەتی روسیا پاش دەرچونیان لە ئێرانە.

[1] ئارشیفی وەزارەتی دەرەوەی روسیای فیدراتیڤی فوندی $^{B}$56 کۆپیەی 9 پاکەتی 115 نوسیەی 178 لاپەرەی 232

بەستنی ئەم پەیمانە ناراستی و بێوەفایی لایەنی ئازەربایجانی نیشان ئەدات کە درێژە بە وتووێژەکانی لەگەڵ تاران نادات.

## هەڵوێستی رەسمی دەوڵەتی بریتانیا سەبارەت
## بە بەستنی پەیمانی نێوان ئازەربایجانیەکان و کوردەکان

لەندەن 6ی مای 1946 (تاس)

نوێنەری رەسمی دەوڵەتی بریتانیا رایگەیاند کە لە بەر ئەوەی دەوڵەتی بریتانیا هیچکام لە دەوڵەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ رەسمی نایانناسێت بەستنی ئەو پەیمانەش بە رەسمی ناناسێت لە بەر ئەوە بەستنی ئەم پەیمانە ستاتوس (شێوەیەکی) رەسمی وەک دوو دەوڵەتی جیاواز بەخۆوە گرتوە بۆیە بریتانیاش ناتوانێت دان بەو رێککەوتنە بێنێت. نوێنەری دەوڵەتی بریتانیا وتی گەرچی پەیمانەکە 23 ئاپریل مور کراوە بەڵام ئێستا راگەیەندراوە و ئاشکرا بووە و نێوان دەوڵەتانی ئێران و بریتانیاش لە سەر ئەم پەیمانە هیچ وتووێژێکیش نەکراوە.[1]

## لە سەرنامەکەی ستالین بۆ پیشەوەری

پاش ئەوەی کە قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران لە تاران و مۆسکۆ بەڵێنی ئیمتیازی نەوت بە سەرانی سۆڤیەت ئەدا بەرامبەر بە دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ئێران بە تایبەتی پشت بەردانی سۆڤیەت لە یارمەتیدانی ئازەربایجان و حیزبی تودە ستالین بۆ پاکانەی سیاسەتە ئابروبەرانەکەی دەوڵەتەکەی لە نامەکەیدا بۆ پیشەوەری زەمینەی وازهێنان لە پشتگیری ئازەربایجان دەرئەبڕێت و بە قسەی نازانستیانە و گێل خەڵەتاندن بۆ پیشەوەری دەیەوێ ئاشبەتاڵ بە بزووتنەوەی ئازەربایجان بکات. پیشەوەری مرۆڤێکی بێئەزموون نەبووە. ناوبراو یەکێک لە بەشداران و کاربەدەستێکی بزووتنەوەی گیلان بووە و بیرەوەرێکی تاڵی لە سەر تاوانی سۆڤیەت لە پشت بەردانی کۆماری گیلان لەگەڵ بەلشەویکەکان هەبوو کە لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی جەنگەلیەکان لە گیلان بەڵێنی یارمەتی پێ دان بەڵام پاشان لەگەڵ رەزاخان(شای ئێران)

---

[1] ئارشیفی وەزارەتی دەرەوەی روسیای فیدراتیڤی فوندی56B کۆپیەی9 پاکەتی115دۆسیەی172لاپەرەکانی211-213

رێک کەوتن و شۆڕشی گیلانیان تووشی هەرەس کرد. بڕیار بوو لە ڕێگای شۆڕشی گیلانەوە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی ئێران بهێنرێت و نیزامێکی سۆسیالیستی لە ئێران دابمەزرێت و ئێران ببێتە دەروازە و پێشرەوی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات. دەبینین لە 1946 تراژیدیای گیلان لە ئازەربایجان و کوردستان دا دوپات ئەکرێتەوە.

لە نامەکەی ستالین بۆ پیشەوەری بۆ وێنە هاتوە کە هاوڕێ پیشەوەری بارودۆخی ئێرانی لە بەر چاو نەگرتوە و لە ئێران بارودۆخی شۆڕشگێرانە نیە جوتیارانی ئێران هێشتا خویان نەنواندوە و ....

بۆ کەس شاراوە نیە کە ئێرانی ئەو سەردەمە نوقمی قەیران بوو بەتایبەتی لە باری لەشکەریەوە زۆر لاواز بوو و شیرازەی سوپای شاهد شاهی پاش خەرمانانی 1320 /دوای داگیر کردنی ئێران لە لایەن هێزی هاوپەیمانانەوە ئاگوستی 1940/ هەڵوەشابووە.

حیزبی تودە خاوەن هێزیکی یەکجار زۆر بوو جگە لە بزووتنەوەکانی ئازەربایجان و کوردستان لە باشوری ئێرانیش سەرهەڵدانێکی بەربڵاو لە لایەن هۆز و خێڵەکانەوە دژی حکومەتی ناوەندی دەستی پێ کردبوو.

مانگرتنی کرێکارانی نەوت و خۆ پیشاندانەکانی تاران و ئەسفەهان و هەروەها جموجوڵێک کە لە باکوری ئێران دەستی پێ کردبوو هەموو ئەمانە ڕژێمی تارانیان هەژاندبوو.

ستالین باش دەزانیت کە بزووتنەوەیەک وەک بزووتنەوەی ئازەربایجان یا کوردستان لە قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی یا خۆناساندن بووە نەک بزووتنەوەیەکی چینایەتی. خەباتی ئەو قۆناغەی کورد و ئازەر بۆ پشگیری لە تواندنەوە و ئاسیمیلاسیون بووە خەبات بۆ خۆ بەڕێوەبردن و گەشەدان و زیندو کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و خوێندن بە زمانی خۆیان بووە خۆ کرێکار و جوتیاری ناوچەکانی تری ئێران ڕاناپەرن کە ئۆتۆنۆمی بدەنە گەلی کورد و ئازەری.

لە لایەکی ترەوە ستالین بارودۆخی 1905و1917ی ڕوسیا باس دەکات کە پێم وانی‌یە هیچ پەیوەندیەکی نە بە ئێران و نە بە کێشەی ئازەربایجانەوە هەبێت. جگە لەوە

پیشەوەریش خۆبایی ئەوەندەی زانیوە کە تاکتیکەکانی لینین بۆ ئێران و بۆ ئازەربایجان نابن ئەو دەیەوێ لە چوارچێوەی ئێران ناسنامەیەک بۆ گەلەکەی بە دەست بهێنێت چونکە هیوای بە شۆڕشی سەرتاسەری لە ئێران بە پاڵپشتی سۆڤیەت نەمابوو و تەنیا پێی لە سەر داخوازەکانی گەلی ئازەربایجانی دانابوو.

لە لایەکی ترەوە بۆ پیشەوەری دەنوسێت کە ئەگەر سوپای ئێمە لە ئێران مابایەوە ئێوە دەتانتوانی حسابمان لە سەر بکەن و لە شۆڕشەکەتاندا سەردەکەوتن بەڵام ئێمە چیتر ناتوانین لە ئێران بمێنینەوە پرستیژی ئێمە لە دونیادا خەوشدار ئەبێت. ئەی بۆ سۆڤیەت لە وڵاتانی ئورووپای شەرقی لە کۆریا و لە ئاڵمان مایەوە و تەنانەت سەرەرای گوشاری رۆژئاوایش هێزەکانی خۆی لەو وڵاتانە هێشتەوە. ئاڵمانیا و کۆریاش بوون بە دوو بەش سەرانی ئازەری و کورد داوای مانەوەی سوپای سوریان نەدەکرد کە ئەگەریش کردبایان یا کردبێتیان بە شتێکی هەڵە دانانرێت. هەر گەلێک بۆ رزگاری نیشتمانەکەی مافی ئەوەی هەیە کە داوای یارمەتی یا دەست تێوەردانی زلهێزێک یا دەوڵەتێک بکات.

مەبەست ئەوەیە کە سوپای سور دیار بوو دەبێ خاکی ئێران بەجێ بێلێت و سۆڤیەت لەباتی هێشتنەوەی سوپاکەی دەیتوانی هەڵوێستێکی سیاسی و ئاشکرای هەبێت و جەخت لە سەر چارسەری کێشەی ئازەربایجان و کوردستان بکات و ببێتە گەرانتی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێن و رێک کەوتن نامانەی نێوان تاران و کورد و ئازەری بێت و گوشاری سیاسیش بخاتە سەر ئێران نەک لە رێککەوتنامەکەی مۆسکۆ نێوان قەوام و دەوڵەتی سۆڤیەت کێشەی ئازەربایجان بە کێشەیەکی ناوخۆی ئێران دابنرێت و پاشانیش هەر باسی نەکرێت.

ستالین کێشانەوەی سوپای سوری لە ئێران بە نەهێشتنی بیانو لە دەست وڵاتە رۆژئاوایەکانەوە دادەنێت تا ئەوانیش هێزی خۆیان لە میسر و سوریا و ئەندونزیا و یونان و چین و ئیسلەند و دانیمارک ببەنە دەر مێژوی مانەوەی هێزەکانی ئینگلیس و ئەمەریکا لەو وڵاتانە دووردرێژە ئەوانە کاتێک لەو وڵاتانە دەرچون کە جێ پێی خۆیان قایم کرد و مانەوەی سوپای رۆژئاوایەکان لەو وڵاتانەی کە ناویان هاتوە وەک مانەوەی سوپای سۆڤیەت لە ئورووپای رۆژهەڵات بوو. واتە پەیمانێک نێوان ئینگلیس و

ئەمەریکا و سۆڤیەت سەبارەت بەو وڵاتانە وەک ئەوەی ئێران 1942 نەبەسترابوو. دەس بەجێش نەچونە دەر بەڵام بەپێچەوانە سۆڤیەت لە ئێران کە دەرچوو بە بێ دەست کەوت دەرچوو لە لایەکی ترەوە خۆ گوشاری ئەمەریکا و ئینگلیس لە سەر سۆڤیەت کە هێزەکانی خۆی لە ئوروپای شەرقی بکێشێتەوە لە چاوگوشاریان لە سەر ئێران بەراورد ناکرێت و سۆڤیەت هەر نەکشایەوە تا کاتی هەڵوەشانەوەی.

ستالین هەروەها باسی ریفۆرمخوازی قەوام و تێکهەڵچوون و دژایەتی ناوبراو لەگەڵ ئینگلیسەکان ئەکات بەڵام باسی ئەوە ناکات کە قەوام ئەمەریکای بەهێزتر لە ئینگلیس لە پشتەو بە قسەی ئەوان ئەجوڵێتەوە لە لایەکی تر قەوام بۆ ستالین و بەلشەویکەکان هەر لە کۆنەوە ناسرابوو بەتایبەتی کاتێک کە ئوستانداری خۆراسان بوو و هەڵوێستی دژی سۆڤیەتی هەبوو و گوی لە مستی ئینگلیسەکان بوو و پاشانیش کە دەبێتە وەزیر و چەند جاریش سەرۆک وەزیرانی ئێران هەر تێکدەری پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئێران بووە و قاتلی هەزاران رزگاریخواز و نیشتمانپەروەری ئێران بووە بەڵام چونکە ئیمڕۆ بۆتە ریفۆرمخواز و دژی ئینگلیس و شای ئێران دەبی کەڵکی لێ وەربگیردرێت و تەنانەت دەستوریش ئەدرێت کە دەبێ لەم بارەوە پشتیوانی بکرێت.

لە چەند بەڵگەدا نیاز ناپاکی سەرکردایەتی ئازەربایجان بەرامبەر بە کێشەی کورد نیشاندرا بەڵام پیلانی تەورێزی هاوپەیمانی مەهاباد زۆر لەوە گەورەتر و بەربلاوتر و نەخشەدارێژراوتر بووە کە ئەگەر بەوردی و بە کورتی لە چەند خاڵدا باسیان بکەین بەم چەشنەیە:

1- بە دروستبوونی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان لە کۆتایی 1945 سۆڤیەت تەواوی کاروباری ئازەربایجانی ئێران و کوردستانی ئێران درابویە دەستی باقیروف و دەسەلاتدارانی ئازەربایجانی سۆڤیەت.

2- باقیروفیش بە پێی رێنوێنەکانی خۆی بە دەسەلاتدارانی تەورێز کاروباری کوردستان ئەخەنە ژێردەستی خۆ و پەیوەندی کردنی کورد لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە ئێران دەبوایە لە رێگای تەورێز و پاشان بە پێشنیار و ئامۆژگاریەکانی تەورێز – باکۆ وەڵامی کورد دەدرابایەوە.

3- هاتوچۆ و وتوویژی کورد لەگەڵ رژێمی تاران دەبوایە بە ئاگاداری تەورێز (پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆنسوڵی سۆڤیەت و سەرانی ئازەربایجان) بوایە پاشانیش لە تاران دەبوایە بالیۆزخانەی سۆڤیەت پێش وتوویژی سەرانی کورد لەگەڵ کاربەدەستانی تاران ئاگادار و رێنوێنیەکانی لە پێشچاو گیرابایا و پاش وتوویژ و چاوپێکەوتنەکانیش دەبوایە ئەنجامی وتوویژ و چاوپێکەوتنەکان لە تاران بە بالیۆزی سۆڤیەت و لە تەورێز بە کۆنسولی سۆڤیەت و سەرانی ئازەربایجان لەتەورێز راگەێندرابایا. تەنانەت رێگا نەدەدرا و یا لە لایەن فەرمانبەرانی سۆڤیەت و کاربەدەستانی ئازەربایجانەوە هاتوچۆی تاران بە رێگایەکی تر بکرێت و نەدەکرا بکرێت و ئەگەر کرابایا بە مانای لادان بوو شک و گومانیان لە سەرانی کورد دروست دەکرد.

4- ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانی سەرانی کورد لەگەڵ بالیۆز و کۆنسوڵەکانی سۆڤیەت بێگومان راستەوخۆ دراوە بە باکۆ و تەورێز. کەواتە لە نیاز و خواستی نوێنەرانی کورد ئاگاداری تەواویان هەبوو کەواتە دەبێ هەنگاو بۆ تێکدان و سەرنەگرتنی بەرنامەی کوردەکان هەڵبگیردرێت.

5- هیچ بەڵگە و دیکۆمێنت و نوسراوێک نیە کە جارێک سەرانی ئازەری پرسیان بە سەرانی کورد کردبێت و لە سەر وتوویژەکانی خۆیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران چ لە تاران و چ لە تەورێز ئاگادار کردبێتەوە.

6- لە وتوویژی سەقز کە بەرەی شەڕی کورد و لەشکەریانی تاران بووە بۆ چارەسەر کردنی گوایە ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بە سەقز و بانە و سەردەشت هەبووە دەستەیەکی نوێنەرایەتی ئازەری خۆی دەقوتێنیتە ناو وتوویژەکان بە بێ ئەوەی بەرەیەکی ئازەربایجان یا دانیشتوانی ئازەری لەو ناوچە بێت خۆیان تێکەڵی وتوویژەکان دەکەن. وەکو ئەوەیە بڵێین کە گێرە و کێشە کاتێک لە نێوان تەورێز و تاران لە سەر کێشەی زینجان دروست بوو و کەوتنە وتوویژ. دەستەیەکی نوێنەرایەتی کورد چوبایا و بەشداری وتوویژەکانی کردبایا کە نەتەنیا هیچ لایەنێک نەیدەهێشت کورد بەشدار بێت بەڵکو شتێکی جێ پێکەنین بوو. وتوویژی سەقز هەروەک پێشتر باسکرا مەبەستی رژێمی ئێران ئەوە بوو کە گەرانتی لە کورد وەربگرن. هێرش نەکەن بۆ سەریان. کەلوپەل و چەک و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی ئێران بچێت بۆ ئەو شارانە، ئەو شارانە لە

ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی تاران یا بە پێی ڕێککەوتنامەی تەورێز و تاران کۆنترۆڵی ئەو شارانە بدرێتە دەستی ئازەرییەکان. ئەو دەستە نوێنەرایەتییەی تەورێز کە بەشداری وتووێژەکەی سەقز نێوان کورد و تاران کرد گرنگ نییە بە پێی پەیمانی تاران و تەورێز بوبێت یا تەورێز ئەم چەند نەفەرەی لە وتووێژەکان تیقوتانە بێت بە ڕەزامەندی و ئاگاداری مەهاباد ئەم شتە کراوە یا نەکراوە ڕواڵەتی ئەم پیلانە ئەوەیە کە ئازەرییەکان دەیانەوێ بە کاربەدەستانی تاران نیشان بدەن کە ئێمە ئەوەین و مەهاباد لە چوارچێوەی ئازەربایجانە، کورد بە بێ ئێمە وتووێژتان لەگەڵ ناکا.

لە لایەکی تر بێباوەری تەورێز بە مەهاباد دەگەیێنێت وتووێژەکان لە ئاستێکی بەرزدا نەبووە و لە ئاستی ناوچەدا بووە و پەیوەندی بە شەڕ و ئاشتییەوە هەبوو و بەرەی کوردستانەوە هەبوو. ئازەربایجان نە هێزی لەوێ هەیە و نە دانیشتوانی ئازەری لەو ناوچانە دەژین. سەرکردایەتی کورد دەیتوانی بە پێی پەیمانی ئازەربایجان و کوردستان پێش وتووێژەکانی سەقز و پاشان ئەنجامی وتووێژەکانی تەورێزی ئاگادار کردبایەوە.

مەبەستی تەورێز و تاران لەو وتووێژانە ئەوە بوو کە ئەو شارانە نەکەونە ژێردەسەڵاتی کورد، ئەگەر وتووێژەکان سەریان نەگرت و کوردەکان گوشاریان هێنا کۆنترۆڵی ئەو شارانە بدرێتە دەستی هێزەکانی ئازەربایجان ئەوسا دەسەڵاتدارانی کورد یا ناچارن پەسەندی بکەن یا دەبێتە شەڕی نێوان کورد و ئازەری لایەنێکی تر وتووێژەکانی سەقز ئەوە بوو کە کورد بە وتووێژ لە سەر سەقز و بانە و سەردەشت سەرگەرم بکەن بۆ ئەوەی هێز و دەسەڵاتی کوردی لە بۆکان بەرەو خوار نەتەنێتەوە. دیسان پێویست بە بیر هێنانەوەیە کە کاتێک کە ئازەرییەکان دەست بە کار بوون تەواوی شارەکانی ئازەربایجانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆ و هەموو دەسەڵاتی تارانیان ڕامالی کەچی ئامادە نین سەقز و سەردەشت و بانە بکەونە ژێر دەسەڵاتی کوردی و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کورد دەکەن کە نابێ بیانگرن یاداگیریان بکەن و بە ناوی کوردیشەوە هەم لە سەقز و پێشتریش لە تاران و تەورێز لەگەڵ ڕژێمی ئێران پەیمان مۆر دەکەن و خۆیان کردۆتە نوێنەرو وەکیلی کورد. دەسەلاتدارانی تەورێز ئامادە

نەبوون کۆنترۆڵی هیچ شار و ناوچەیەکی ئازەربایجان بخەنە ژێر دەسەڵاتی ئێرانی یا هێزەکانی ئێرانی تیا جێگیر ببن.

لە لایەکی تر دەبێ چ باوەڕێک یا پەیمانێک لەگەڵ کابرایەکی یا چەند ئەفسەرێکی تاران کە بۆ هێرش و سەرکوتکردنی گەلی کورد بۆ کوردستان نێردراون و رابردوییان رەش و دەستیان چەند جار بە خوێنی رۆڵەکانی گەلی کوردەوە خوێناوی بووە بکرێت. وەک هومایونی و رەزمئارا و ...

شا و سەرۆک وەزیرەکەیان قەوام لە تاران لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی کورد هیچ رێک کەوتنیکیان مۆر نەکرد بۆ دەبێ باوەر بە ئەفسەرەکانیان بکرێت کە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە. من لێرە تاووتوێ کۆبوونەوەکە و ئەنجامەکانی ناکەم و تەنیا مەبەستم رونکردنەوەیەک لە سەرخۆ تێقوتاندنی ئازەریەکان لە وتووێژەکانە و بەس

7- سیناریۆی رووداوەکانی کوردستان بەپێچەوانەی ئازەربایجانن. ئازەربایجان بە یارمەتی و پیشتوانی و پەسەند کردنی سۆڤیەت لەگەڵ هێزی کورد و ئاسوری و ئەرمەنی هەموو شار و ناوچە و بەگشتی خاکەکەیان یەک لەدوای یەک لە ماوەیەکی کەم ئازاد دەکرێن و دەسەڵاتی تەورێزیان لی جێگیر دەکرێت. بەڵام لە کوردستان بارودۆخەکەی پاش خەرمانان کە خەڵک و بە پشتیوانی ژێکاف مەهابادیان لە دەسەڵاتی چەند فەرمانبەری تاران و هەندی هێزی نیزامی پاک کردوە. وەکو خۆی ماوەتەوە و لە شوێنەکانی تر وەک بۆکان و نەغەدە و شنۆ فەرمانبەر و ژاندارمەکانی ئێران لە ترسا هەڵهاتن و ئازاد کران. نە سەقز و نە سەردەشت و نە بانە و سنە و کرماشان و مەریوان و خوی و ماکو و ورمی کە هەر باس ناکری ئازاد بکرێن و پلانیش نەبووە کە ئازاد بکرێن یا دانیشتوانی هان بدرین کۆتایی بە دەسەڵاتی فەرمانبەر و ژاندارمیری بێورە و دزەکان بێنن. نە پادگانی سنە و کرماشان لە هی تەورێز و ورمی بە هێزتر و دەسەڵاتی رژێمیش پاش خەرمانان نەتەنیا لە کوردستان بەڵکو لە تەواوی ئێران هەر قەوارە و ناوەکەی مابوو. رژێمی ئێران بە پێی بیرەوەریەکانی ئەفسەرانی شا و دیپلوماتەکانی سۆڤیەت و ئینگلیس کۆنترۆڵی خۆیان بە سەر سوپای ئێران لە دەست دابوو. هێزی نیزامییان بۆ کۆنەدەکرایەوە لەبەر ئەوە بە بێئیجازە زۆربەیان چۆبونەوە ماڵی خۆیان و یا خۆیان شاردبۆوە.

بۆ ئەوەی دور نەکەونەوە بێنەوە سەر مەبەستەکە، هێزی کورد جەنگاوەری و ئازایی لە چاو هێزی ئازەریەکان لە سەرەتاوە لە هەموو بارێکەوە بەراورد نەدەکرا. هێزی کورد دەستی بالای هەبوو. کورد فەرماندەیەکی وەکو بارزانی نەمر و ئەفسەرانی شەهید و پێشمەرگەی دڵسۆز و بە ئەزمونی کوردستانی باشوری هەبوو یاخود عومەرخانی شۆکاک و هۆزەکەی. شارێکیان پێ ئازاد نەکردن رێک نەخران بۆئەم مەبەستە و هان نەدرانبا ئەوان دەست پێشخەری ئازەریەکان بوایان. گریمان سۆڤیەت نەیدەهێشت یا سەرکردایەتی کورد دودڵ بوو و نەیدەویست و تووشی هەڵە بوو ئەی پاش ئەوەی ئازەریەکان تەواوی ئازەربایجانیان ئازاد کردبو دەبێ کورد لە دودڵی و بۆچون و رێبازی دیکە دەست نەکێشێت و چاو لە ئازەریەکان بکات و ئەویش بۆی هەیە. پێشمەرگەی کوردستان کە یارمەتی ئازەریەکانی دا لە رزگار کردنی شارەکان بۆ دەبی ئەوانیش بۆ رزگار کردنی شارەکانی کوردستان بانگ نەکرێن.

بۆ رێبەرایەتی تەورێز و سۆڤیەتیەکان پێشنیاری ئازاد کردنی شارەکانی کوردستانیان بە سەرکردایەتی کورد نەکردوەو هانیان نەدان. بۆ کوردستان هەموو شتێک بڤە بووە بەڵام بۆ ئازەربایجان نا. نەپەیوەندی تەورێز لەگەڵ تاران تێکچو بەڵکو تەورێز دیکتەی بە تاران دەکرد چونکە لە روی هێز و دەسەلاتەوە لەگەڵ تاران دەجولایەوە و بگرە نوێنەرانی دەوڵەت زیاتر بۆ تەورێز دەهاتن و زۆرتر بۆ تاران بانگ دەکران(لەچاوکورد هەربەراورد ناکریت) کە ئازەریەکان بە ئازاد کردنی وڵاتەکەیان هەڵسان خەمی ئەوەیان نەبوو ئێران و ئەمەریکا و ئینگلیس رەخنە لە سۆڤیەت بگرن و هەراوهوریای نێونەتەوەیی دروست ببێت و پەیوەندیان لەگەڵ سۆڤیەت تێک بچێت و سۆڤیەت بە پێشێل کردنی هەموو بەڵێن و پەیمانەکانی لەگەڵ هاوپەیمان و دەوڵەتی تاران تاوانبار بکرێت. بەڵام کەچی بۆ کورد هەزارویەک بروبیانو و کۆسپ دروست دەبێت.و ناهێڵن هێزی کورد جموجۆڵ بکات و شارێک و ناوچەیەک ئازاد بکات.

ئەگەر چاوێکی خێرایی بە وتووێژەکانی تەورێز و مەهاباد لەگەڵ دەسەلاتدارانی تاران بکەین هەر بەراورد ناکرێن. تەورێز سنوری وڵاتەکەی دیاریکردوە و تارانیش دانی پیاناوە رژێمی تاران ئامادەیە حکومەتی تەورێز بە رەسمی بناسێت بەڵام دەبێ

ناوی مەجلیسی ئازەربایجان بگۆرن بە شورای ئەیالەتی و وەزارەتخانەکان بکەن بە بەڕێوەبەرایەتی (کە لە ژێر گوشاری سۆڤیەت بۆ ئەوەی نەوتەکەی دەست کەوێت ڕێبەرایەتی تەورێز ئەو پێشنیارانە پەسەند دەکات) لە پەیمانەکەیش لە سەر سنوری دەسەلاتی دەوڵەتی ناوەندی و تەورێز ڕێککەوتوون بەڵام کێشەیەک کە لە سەری ڕێک نەکەوتن چارەنوسی سوپا و هێزی ئازەربایجان بوو.

دەوڵەتی ئێران ئازەربایجان وەک کوردستان داوای لێ نەکردوە هێزی خۆی بنێرێت بۆ شارەکانی، بەڵام کوردیان ماوەیەک بەوەوە خافڵاند کە لە بەرەی سەقز نە دەوڵەت و نە کورد هێرش بکەن. هەر لایەک بۆ چەند کیلۆمیترێک پاشەگز بکات، خواردەمەنی بچێت بۆ پادگانەکانی سەقز و بانە و سەردەشت. لە هاتوچۆی هێزەکانی ئێران پ.م کورد پارێزگاری‌یان لێ بکەن هاتوچونی فروکە بۆ ئەو ناوچانە ئازاد بێت، ئێران داوا دەکات ئەو سەربازخانانە بەهێزتر بکرێن و بارودۆخەکە هەروا دەمێنێتەوە تا کەوتنی مەهاباد.

ڕێبەرایەتی داهاتوی کورد بە سەرکردایەتی قازی موحەمەد لە چەند قۆناغ و هەڵوێست ئاقتەریتەیتی خوی و هەڵوێستی خۆی لاواز کرد:

1- هەر لە سەرەتای خۆنواندنی لە سەفەرەکانی بۆ باکو و تاران هەبوونی پارتیکی سیاسی کورد وەک ژێکافی یا خوی وەک نوێنەری ژێکاف نەکەوتە مامەڵە و وتوویژ کردنەوە.

2- هەڵوەشانەوەی پارتی ژێکاف.

3- دەورانی دەسەلات لە شارە کوردنشینەکان وەک ورمی، خوی و ماکو کە کەوتنە دەستی ئازەریەکان.

4- بواردان بە ئازەریەکان کە لە وتوویژەکانی خۆیان لەگەڵ تاران ناوچەی ژێردەسەلاتی کوماری مەهاباد بخەنە چوارچێوەی ئازەربایجانەوە.

5- داخوازەکانی قازی بۆ ناوچەی موکریان تەرخان کرابوو. وەک ئازەربایجانیەکان داوای نەکرد کە دەوڵەت و پارلەمان و سنور و سوپاکەی بە رەسمی بناسرێت.

6- هیچ هەنگاوێک یا چالاکیێک لە ناوچەکانی تری کوردستان نەکرا و ئازاد نەکران.

ئەمانە هەموویان سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی لە دیمەنی قازی موحەمەد هەم لای تاران، هەم لای تەورێز و هەم لای مۆسکۆ و گرنگتر لە هەموویان لای کەسایەتی و نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی تری کوردستان لاواز کرد شل بوون و نەزانی و نەتوانی سەرکردایەتی کوردیان نیشان دا و ئەوە بوو لە هەموو لایەکەوە بە لاوازی لەگەڵی دەجولانەوە و هەموو ئەو لایەنانە تا پێیان کرابایا سیاسەتی خۆیان دیکتە دەکرد و بایەخیان بە کوردی لاواز نەدەدا.

7- وتووێژ کردن ئەویش لە سەر ئاستی ناوچەیی (لە سەقز) و لە ئاستی کەسایەتی (فەرماندەی هێزەکانی ئێران) کە لە ماوەی پێنج ساڵ یەک لە دوای یەک هێرشیان هێنا و تێشکان و هەر هێزیان هێنا لە باتی ئەوەی 1- وەک شارەکانی ئازەربایجان چەک بکرێن یا داوای تەسلیم بوونیان لێ بکرێت. 2- یا خود داوای دەرچوونیان بکرێت کەچی وتووێژ لە سەر ناردنی هێزی پشتیوان بۆ بانە و سەقز و سەردەشت و میرەدێ دەکرێت. 3- هیچ نەبێت بۆ کەم کردنەوەی مەترسی لە سەر پایتەختی کۆمار واتە مەهاباد کە ئەو شارانە دوور لە مەهاباد نزیک بوون.

8- کۆکردنەوەی هێز لە ناوچەی سەقز هێرش هێنانیان، بەهێزتر کردنیان، هێشتنەوەی هێز لە سەردەشت و بانە تەنانەت پێش راگەیاندنی کۆماریش گەمارۆدانی ئەو شوێنانەی کە کورد کۆنترۆڵی دەکردن و سەر ئەنجام هێرشێکی هەمەلایەنە کە لە سەردەمی کۆمار هەر لەو ناوچانە جێبەجێ کرا.

9- گرتنی ئەو پێگە و پادگانانەی سەقز و بانە و سەردەشت سەرچاوەیەکی گرنگ بوو کە هێزی لەشکەری کوردی پڕ چەک و زیاتر دەکرد و ئازەریەکان نەیاندەوێرا مامەڵەیان لە سەر بکەن.

10- چەند جار کە پلانی هێرش و ئازاد کردنی ئەو شارانە دارێژراوە. قازی موحەمەد پێشگیری لە جێبەجێ کردنی گرتوە.

11- گرتنی ئەو شارانە کە جگە لەوەی سوک و ئاسان بوو وەک گرتنی شارەکانی ئازەربایجان.شارێکی وەکو سنە هەمیشە مەترسی هێرشی کوردانی لە سەر بووە و

راپۆرتی کۆنسوڵەکانی سۆڤیەت و ئینگلیس شاهیدی ئەم راستیەن. مەریوان و ناوچەی هەورامان هەر لە سەرەتای خەرمانانی 1320 تا 1325 واتە تا کەوتنی کۆماری مەهاباد ئازاد و لە ژێر کۆنترۆڵی کورد دا بوون. چەند جارێکیشیان هەوڵی ئازاد کردنی سنەیان داوە و تەنانەت ناوی بەگەکانی مەریوان و رەزاو و دزلی و هەورامان وهتد هاتوە. لە لایەکی ترەوە حەمە رشید خانی بانە کە ئەویش هەوڵی ئازاد کردنی چەند ناوچەیەکی داوە بەڵام هەموو جارێ ئینگلیسەکان پێشی پێ دەگرن و سەرئەنجام هێزی کۆماری مەهاباد بەتایبەت بارزانی نەمر واتە سنە لە گەمارۆ و مەترسی کوردا بووە و ئەم هەموو هێزە رێک خرابایا نەتەنیا سنە بە بی تەق و توق ئازاد دەکرا بەڵکو مەسئەلەی کرماشان ئەو دەم دەهاتە کایەوە.

12- بەپێچەوانەی ئازەربایجان ئەو ناوچانە هێزە سۆڤیەتی و ئینگلیسی‌یان تیا نەبوو تا رژێمی ئێران و رۆژئاوایەکان رەخنە و پرۆتێستی خۆیان ئاراستەی سۆڤیەت بکەن یا سۆڤیەت تاوانبار بکەن کە ئێوە هانی کوردەکانتان داوە. ئیتر پێویستی نەدەکرد کە قازی موحەمەد لە سەردەمی برەوبونی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەی موکریان دا وا لە دەوڵەتی ئێران بکات مەهاباد و سەقز سەر بە سنە یا جیاواز و سەربەخۆ بێت و سەر بە ورمی نەبێت و یا خود داوا بکات دەوڵەت بیکاتە ئوستانداری سنە. کە سنە ئازاد کرابایا یا سەقز نەدەبوون بە بابەت.یا پێخوری وتووێژەکان، ئەو دەم قەوام داوای لە قازی ئەکرد کەسێک بکات بە ئوستانداری یا پێویستی بە مامەڵە کردن لە سەر سەقز و بانە و سەردەشت نەدەکرد و ئەو دەم دەکرا بەرەزامەندی قازی و قەوام ئوستاندارێکی(پارێزگاری) کوردیان کردبا بە ئوستانداری سنە. هەروەک پێشتر وترا گەلێک لە بنەماڵە و کەسایەتی ناودار و ئەریستۆکراتیەت و نیشتمانپەروەری کورد لە سنە دەور و قورسایی‌یان هەم لە لای حکومەتی تاران هەم لە لای ئینگلیسەکان و هەم لە ناو دانیشتوانی ناوچەکەدا هەبوو.

بە رێگای ئەوانەوە کێشەی کورد گەورەتر دەکرا تاران و نوێنەرانی ئینگلیس ناچار دەبوون بە چاوێکی تر تەماشای کێشەی کورد بکەن. ئینگلیسەکانیش ناچار بوون گوشار بخەنە سەر رژێمی تاران و لە لایەکی تر پێیان خۆش بوو ئەوانیش وەک سۆڤیەت پێگە و دەستێکیان لە کوردستان هەبێت و هیچ کاتێک نەیاندەویست رێگای

ستراتیژی خۆیان کە بە ناو کوردستاندا بوو (واتە رێگای بەسرە - خانەقین – مەندەلی – قەسری شیرین – کرماشان – هەمەدان) بخەنە مەترسیەوە چونکە دەیانزانی ئەگەر بێتو کوردەکان ئاژاوە بنێنەوە ئەو رێگایەیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت.

لە کاتێکا دەوڵەتی ئێران کۆنترۆڵی بە سەر ئەو ناوچانە نەبوو ئینگلیسەکان لە بەر بەرژەوەندی خۆیان بۆئەم مەبەستە هاتن یەکێتی عەشایریان دروست کرد چەک و تەقەمەنی و دراویان پێ دان. پلە و پایەی دەوڵەتیان پێ دان و ئەویش تەنیا بۆ پشتیوانی خۆیان و پاراستنی ئەو رێگا و بانە و سەرئەنجام قوت کردنەوەیان بەرامبەر ئەو دوو دەسەڵاتەی کە لە لایەن سۆڤیەتەوە لە تەورێز و مەهاباد دروستکرا بوون. ئینگلیسەکان کە یەکێتی عەشایریان دروستکرد لە بەر بۆشایی دەسەڵاتی ئێران بوو. ئەگەر ئێران هێزێکی ئەوتۆی هەبوایە کە کۆنترۆڵی ناوچەکە و رێگا و بانەکان بکات ئەو هێزەیان دروست نەدەکرد. ئەو هێزانەی ئێرانیش لە سنە و کرماشان متمانەیان پێ نەبوون و جگە لەوە کاربەدەستانی کرماشان و سنە بگرە نوێنەرانی مەجلیسی ئەو هەرێمانەیش لە لایەن ئینگلیسەکانەوە دادەنران و لە ژێر دەستی ئەوان بوون و بە رواڵەت سەربە تاران بوون.

فەرمانبەرانی سۆڤیەت هەر نەیانهێشتوە دەسەڵاتی کوردی پەرە بستێنێت نەوەک پیاوە کوردەکانی سەر بە ئینگلیس لە دەسەڵاتی کوردی بەشدار بن و کۆنترۆڵی تەورێز و مەهاباد هەر دەبێ بەدەستی خۆیان بێت تا لە کاتی پێویست وەک کارتێک (وەرەق) بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بێنێت. ئەم وتانەی من بە پشت بەستن بە کومەڵە بەڵگە و دکۆمێنتێکە کە کاتی خۆی فەرمانبەرانی سۆڤیەتی لە سەر ناوچە و کەسایەتەکانی سنە و کرماشان راپۆریان داوە. دەسەڵات لە کرماشان بە کردەوە پاش خەرمانانی 1320 لە زۆر بارەوە لە دەستی کوردەکان بووە ئینگلیسەکان کە کۆنترۆڵی ناوچەکەیان دەکرد. هێندە بە ئەزمون و ژیرانە جولانەوە تەواوی کاربەدەستانی بەرزی ناوچەی کرماشانیان لە کورد دانا وەک ئوستاندار و فەرماندار و بەخشدار و شارەدار و نوێنەرانی مەجلیسی کە ژمارەیەکی زۆریان پاش خەرمانانی 1320 لە زیندانی رەزاشا هەر بە هۆی ئینگلیسەکان بەر بوون.

سەرکردایەتی کورد لە مەهاباد باش دەیزانی کە زۆربەی کوردستان لە ناوچەی کۆنترۆڵ و نفوزی ئینگلیسەکانە. ئینگلیسی هاوپەیمانی سۆڤیەت و پاڵپشتی ئێران دەتوانێت لە چارسەری کێشەی کورد دەور ببینێت. چالاکی کردنیش لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵ و نفوزی ئینگلیس بە بێ پەیوەندییەکی رێکوپێک و هەمیشەیی ئاسان نەبو و پێویست بوکە نەتەنیا لە ناویان چالاکی کرابایا و ناوچەکان ئازاد کرابایا بەڵکو کەسایەتی و ناسراو و نیشتمانپەروەرانی ئەو ناوچانەش دەبوایە لە رێبەرایەتی دەوڵەتی و حیزبی و لە وتووێژەکان لەگەڵ رژێمی بەشدار بکرێن راپۆرت و دیکۆمێنتەکانی سۆڤیەتی و ئەمەریکایی زۆر شتیان لەو بارەوە ئاشکرا کردوە.

1- زۆرجار ئەمەریکا و ئینگلیسەکان لە کاربەدستانی بەرزی سۆڤیەت لە تاران و مۆسکۆ گازندە و شکات دەکەن کە فەرمانبەرانی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز ئیجازەی گەشت (سەفەر) کردنیان بۆ مەهاباد و کوردستان و ئازەربایجان نادەن واتە کە هاتوچۆ نەبێت پەیوەندیش نیە لە یەکێک لە بەڵگەکاندا دەگوترێت کە بالیۆزی ئەمەریکا دەیەوێ بچێت بۆ مەهاباد و چاوی بە قازی بکەوێت. ئیجازەی پێ نەدراوە.

2- قازی لە بەر سۆڤیەتیەکان یا نەیوێراوە یا خۆ بۆخۆی نەیویستوە یا نەیهێشتوە پەیوەندییەکی رەسمی و پێویستی لەگەڵ ئینگلیس و ئەمەریکایەکا ندا هەبێت.

واتە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ سەربەخۆیی فیکری و بریار دانیان لە سەر کردایەتی کورد زەوت کردوە. پێویست بە بیرهێنایەوەیە کە ئەگەر بەرگری بەرەی سەقز و تێکشکانی یەک لە دوایەکەکانی سوپای تاران نەبوایە داگیر کردنی مەهاباد شتێکی ئاسان بوو و رژێمی تاران و دەسەلاتدارانی تەورێزیش نەدەکەوتنە وتووێژەوە.

3- خاڵێکی تر کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت سەرکردەکانی ئازەربایجان وەک کورد لەگەڵ ئەفسەرانی سەرکوتکەری رژێم لە ناوچەدا نەکەوتونەتە وتووێژەوە و خۆیان بچوک نیشان بدەن.

4- جیاوازییەکی تر کە لە ئاخاوتن و بۆچونی سەرکردایەتی ئازەری و کورد بەدی دەکرێت. ئەوەیە کە سەرانی کورد هەمیشە باسی حوسنی نەزەری قەوام دەکەن (بە چاویلکەی مۆسکۆ) گوایا دەربار و ئەفسەرانی سوپای ئێران و هەندێ لە ئەندامانی کابینە یا ئەمەریکا و ئینگلیسەکان نەیانهێشتوە قەوام لەگەڵ کوردستان و ئازەربایجان

پێک بێت. قەوام وەک پێشتر باسکرا رابوردویەکی رەش و پیسی هەبوو بەتایبەتی لەگەڵ کورد لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمیش جارێک نەبوو لەگەڵ کورد پێک بێت و هەڵویستێکی مرۆڤانە بگرێت یا خاڵێک لە داخوازەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکات. کابرایەکی سەرۆک وەزیر کە ئەوەدەم تەواوی دەسەلاتی ئێرانی خرابویە ژێردەست و شا وەک دیکۆرێک دانرابوو و کەس نەیدەوێرا لە ژێر قسەی قەوام دەربچێت گوایە خەڵکی تر نەیانهێشت قەوام لە ئێران بە گشتی و بەتایبەتی لە کوردستان و ئازەربایجان هەندێک ریفۆرم بکات.

حیزبی تودەش بە چاویلکەی مۆسکۆ تەماشای قەوامی دەکرد کەچی سەرکردایەتی ئازەری بە پێی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان قەت بروایان بە قەوام نەکردوە و بە کابرایەکی خوێنرێژ و دیکتاتۆر و کۆنەپەرست ناویان بردوە و بگرە لای دەسەلاتداران سۆڤیەتیش ئەم شتەیان نەشاردۆتەوە.

## ئاوردانەوەیەکی تر لە سەر پەیوەندییەکانی کورد و ئازەری

لە یەکێک لە وتووێژەکانی تاران و تەورێز کە دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی پیشەوەری دەچنە تاران (شەش نەفەر دەبن 5 ئازەری و 1 کورد ئەویش موحەممەد حوسێن سەیفی قازی بووە و سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی ئێران تێکەڵی دەستەی نوێنەرایەتیکە ناکرێت) چاپەمەنیەکانی رژیمی ئێران و بەڵگە و دەیکۆمێنتەکانی سۆڤیەتی و رۆژئاوایی هەر باسی وتووێژی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان و تاران دەکەن و ناوی کورد لە گۆرێدا نیە.

پێش رۆیشتنی دەستەی نوێنەرایەتی تەورێز گەڵاڵەیەکی 33 خاڵی لە لایەن رێبەرایەتی ئازەربایجانەوە ئامادە دەکرێت کە خواستی ئازەربایجانی تیا دەبێت. ئەم گەڵاڵەیە بە بێ بەشداری و پرس کردن بە کورد ئامادە دەکرێت و وەک پێشتر شیکردنەوەیەکم لە سەر کرد خواستی کوردەکانی لە ناودا نیە. سەیفی قازیش کە بانگهێشتنی تەورێز دەکرێت بە بێ گەڵاڵە و خواستی کورد تێکەڵ بە دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان دەکرێت و لە کاتی وتووێژەکەشدا لە تاران /هەر بە پێی بەڵگە و نوسراوەکان/ گەڵاڵەیەکی داخوازەکانی کوردی تیا نیە و لە کاتی وتووێژدا

چاپەمەنیەکانی رژێمی تاران و تەورێز چەند بەیان و راگەیاندنێکیان دەرکرد و هەر ناوی وتووێژیا رێککەوتنامەکانی تاران و تەورێز یا ئازەربایجان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی یا پیشەوەری قەوام ناو دەبرێت.

وتووێژەکان گەرچی بێئەنجام بوون و بڕیار دەدرێت کە بەردەوام بن موحەمەد حوسێنی قازی وەزیری جەنگی کوردستان کە دەگەرێتەوە مەهاباد و رۆژنامەی کوردستان (1946/5/27 ژمارە 50) وتەکان و ئەنجامی سەفەرەکەی بۆ تاران بلاو دەکاتەوە. لەباتی لە قاودانی ئەم پیلانەی دەسەلاتدارانی ئازەربایجان کە بەپێچەوانەی پەیمانی ئازەربایجان و کوردستان بووە باسی 33 خاڵ دەکات /بڕوانە 33 خاڵەکە چەندیان پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە/ و دەڵێ داواکان هی ئازەربایجان و کوردستان بوون و پاشان دەڵێ قەوام نەزەری موساعید بووە و گوشاری وەزیرەکانی کابینەی قەوام نەیانهێشتوە بە رێککەوتن بگەن و تەنیا لە سەر 14 مادە پێک هاتوون و ئەم چوادە خالەش کە پێشتر شیکرایەوە کێشە و خواستی کوردی نەگرتوتەوە بەڵکو کوردستان خراوەتە چوارچێوەی ئازەربایجانەوە. لە لایەکی وتووێژی موزەفەری فەیروز جێگر و هاوکاری قەوام یا راوێژکاری کە بە نوێنەرایەتی دەوڵەتی ناوەندیەوە دێتە تەورێز بۆ درێژە پێ دان بە وتووێژەکان و پێکهاتن هەر لە سەر خالەکانی پێشو باس دەکرێت و هەر بە ناوی وتووێژەکانی دەوڵەتی تاران و تەورێزەوە ناوی لێ دەبرێت. بەیانە رەسمیەکانی هەردوولاش هەر بەو ناوەوە هاتوە بگرە ئەم جار تەورێز بە بێ بەشداری کورد و بە بێ ئاگاداری کورد وتووێژەکانی خۆی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی تاران دەکات و تەنانەت موزەفەری فەیروز سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی دەوڵەتی تاران لە رێگای فەرمانبەرانی سۆڤیەتیەوە داوای چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ قازی موحەمەد یا بەشداری قازیش لەو وتووێژە دەکات.

کە ئەویش دیسان لادانی ئازەریەکان لە پەیمانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان بووە کە بێ ئاگاداری یا بەشداری کورد وتووێژەکان بەردەوامە لە لایەکی تر 33 خاڵی گەلاڵەی ئازەربایجان پێ شێل کردنی مافی کورد لە لایەن ئازەریەکانەوە بوو و دەبوایا لە قاو درابایا و پرۆتێستی مەهاباد ئاراستەی تەورێز کرابایا و گەلاڵەیەکی نوێ هاوبەش لە لایەن ئازەربایجان و کوردستانەوە پێشکەشی دەوڵەتی ئێران کرابایا و لە

سەر ئەم گەڵاڵە تەوریز و مەهاباد کۆمسیۆنێکی هاوبەشیان پێک هێنابایا و وتوویژەکان (ئەگەر بریار درابایا کورد و ئازەر پێکەوە لەگەڵ تاران وتوویژ بکەن) ناونرابایە وتوویژەکانی ئازەربایجان و کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی یا گەڵاڵەی هاوبەشی ئازەربایجان و کوردستان یا گەڵاڵە یا خود وتوویژەکانی پیشەوەری قازی لەگەڵ قەوام و لەو بابەتەوە، بەڵام کاتێک وتوویژەکانی بە ناو هەردوو لایەن لەگەڵ تاران بە ناوی ئازەربایجان و تاران یا قەوام و پیشەوەرییەوە بلاو دەبێتەوە. ئەمە خۆی زۆر ئەگەرێنێت و کورد بۆخۆی بواری داوە پیلانی و فروفێڵەکانی دەسەلاتدارانی تەوریز سەربگرێت و کوردستان بخرێتە چوارچێوەی ئازەربایجان و ئەو کاتە رژێمی تاران لە بەرچاو نەگرتنی کێشە و خواستی کورد بەرپرس نەدەبوو و دەسەلاتدارانی تەوریزیش پاش تەواو بوونی وتوویژەکان و پێکهاتن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بۆیان هەبوو بڵێن نوێنەرێکی کورد لەم وتوویژانە بەشدار بووە و نوێنەری حکومەتی کوردستان بووە و پەیمانەکە ئەگەر ئیمزا کرابایا، ئەویش یەکێک لە ئیمزاکەرەکان دەبوو و کاروباری کوردستان دەبوایا لە ریگای تەوریزەوە بەرێوە بچێت.

هەڵەیەکی تری سەرکردایەتی کورد ئەوە بوو کە ئەگەر بریارە کوردستان و ئازەربایجان پێکەوە لەگەڵ تاران وتوویژ بکەن دەبێ ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی هەردوولا وەک یەک بن. ئەگەر جارێک سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی بە ناو هەردوو گەلی کورد و ئازەری لە تاران پیشەوەری بووە دەبوایا بو جاری دووهەم سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی قازی موحەمەد بێت. ئەگەر بریارە شوێنی وتوویژەکان جارێک لە تاران و جارێک لە تەوریز بێت بۆ جاری تر دەبێ لە مەهاباد بێت بۆ ئەوەی هەم رژێمی ئێران هەم دانیشتوانی کوردستان و ئازەربایجان و تەواوی گەلانی ئێران و زلهێزەکانیش بزانن کە وتوویژ و کێشەی دەوڵەتی ناوەندی هەر لەگەڵ ئازەربایجان نیە بەڵکو کێشەیەکی تر هەیە کێشەی کورد و کوردستانە دەوڵەتێک و کۆمارێک لە کوردستان هەیە. خالێکی تر گرنگ کە پێویستە ئاماژەی بکرێت. کورد و سەرکردایەتیەی بەرامبەر بە گەلی ئازەربایجان و سەرکردایەتی نیاز پاک و هەوڵی بۆ دۆستایەتی و برایەتی و هاوکاری داوە و لە هەموو بارێکا ئەم نیازپاکییەی خۆی نیشانداوە بۆ وێنە قازی لە جێژنی پێکهاتنی فیرقەی دیمۆکرات بۆ پیرۆزبایی و

نیشاندانی هەستی کورد سەردانی تەورێز دەکات. قازی و سەرکردەکانی تری کورد لە سەفەرەکانیان بۆ تاران و گەرانەوەیان یا بۆ کاروباری تر سەردانی تەورێز دەکەن و چاویان بە سەرانی ئازەری دەکەوێت کەچی جارێک پیشەوەری یا سەرکردەکانی تری ئازەربایجان بەشداری رێکخستنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان یا بانگەوازی کۆماری یا نیشاندانی هەستی دۆستایەتی و هاوکاری و برایەتی سەردانی مەهاباد ناکەن. سەرەرای ئەوەی دەسەلاتدارانی ئازەری دەستیان بە سەر شارەکانی خوی و ماکو و ورمی گرتبوو و سەرەرای ئەوەی لە وتوویژەکانیان لەگەڵ تاران کوردستانیان خستبوە چوارچێوەی ئازەربایجان سەرەرای ئەوەی یارمەتیەکانی سۆڤیەت (بەشی کوردستانیان) نەگەیاندبووە مەهاباد و خراپتر لە هەمووی دەستدرێژی کردن و پێشێل کردنی مافی کوردەکانی ژێر دەسەلاتی ئازەربایجان کە پێویست بوو سەرانی ئازەربایجان زیاتر سەر لە مەهاباد بدەن و دڵدەی کوردەکان بدەن و هەڵەکانی خۆیان راست بکەنەوە بەڵام شۆڤینزم و هەست بە خۆ زلزانین لەگەڵ نیازناپاکی بە دەسەلاتدارانی ئازەری بەرامبەر بە هەستی برایانە و خۆ بە بچوک زانین کورد و چاوپۆشی کردنی کورد لە پیلانی ئازەریەکان هەمیشە بە لاوازیەوە سەیری کوردیان کردوە و سەیر ئەوەیە و جێ داخە کە زۆربەی ئەم هەڵسووکەوتانەی سەرانی ئازەربایجان بە پرسکردن و ئاگاداری فەرمانبەرانی سۆڤیەت کراوە.

خاڵێکی گرنگی تر کە هەر چەند لە هەندێ شوێن و لێکۆڵینەوەدا ئاماژەم پێ کردوە. ئەوەیە کە هەندێ نوسەر بە نارەوا و بە درۆ ناوی چەند کەسایەتی و نیشتمانپەروەری کورد و بگرە هەندێ هۆز و خێڵی کوردیان بەدناو کردوە و گوایە هاوکاری رژێمی ئێرانیان کردوە یا پردی فلان جێگەیان تەقاندۆتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی نەگات بە هێزی کورد یا چونەتە پێشوازی سوپای تارانیان کردوە و لەگەڵ سوپای ئێران کەوتوون و هێرشیان بۆ سەر کۆمار کردوە یا دەنوسن هەندێکیان پێش هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر کوردستان و ئازەربایجان ریزەکانی کۆماریان جێ هێشت و ... و لەو بابەتانە و بۆیە کۆمار شکستی هێنایا بەربەرەکانی سوپای ئێران نەکرا و هتد.

لێرە من لە ناو هێنانی ئەو نوسەرانە لەگەڵ ئەوانەی مۆری تاوانیان پێوە نراوە خۆدەپارێزم. بەڵام ئەگەر رەوتی روداوەکانی کوردستان و رێباز و هەڵسوکەوتی

سەرکردایەتی کورد تاووتوێ بکەین دەبینین سەرکردایەتی کورد هەر بە تەمای پێکهاتن لەگەڵ رژێمی تاران بووە و قەد شەڕخواز نەبووە و بگرە نەیهێشتوە شارەکانی تری کوردستان ئازاد بکرێت و دەسەلاتی کورد و پانتایی کورد لە چوارچێوەی ناوچەکانی موکریان تێپەڕێت. ئەم رێبازە تا هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێم بۆ سەر تەورێز و مەهاباد رەچاو کرا بڕیارەکانی 5-7ی مانگی 1946/12 لە مزگەوتی عەباس ئاغا و پاشان شورای لەشکەری و کۆبوونەوەکانی ئەندامانی دەوڵەتی و حیزبی پاش مشتومڕێکی زۆر ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە نابێ بەرامبەر بە هێرشی سوپای ئێران بەرهەنگاری بکرێت و سەیر ئەوەیە ئەم بڕیارەش بە کۆمەلان و دانیشتوانی کوردستان راناگەیێندرێت. بێگومان کەسایەتیەکانی کورد، سەرۆک و پیاوە زاناکانی هۆزوخێڵی کورد کە هەست بە رانەگەیاندنی ئەم بڕیارە دەکەن و بە کردەوەش دیارە هێزەکانی کۆمار بۆ بەرهەنگاری خۆ ئامادە ناکەن چونکە دەستوریان پێ نەدراوە. واتە دەبی سەرۆک عەشیر و خێڵەکانی کورد کە فەرماندەی هێزەکانی خێڵی خۆیان بوون چارەسەرێک بۆ خۆ بدۆزنەوە واتە هەرکەس بۆ خۆی دەبێ بڕیارێک بدات ئەوە بوو هەندێکیان لەگەڵ بارزانی دەکەون و بەربەرەکانی دەکەن.

هەندێک بۆ خۆیان پەیوەندی بە فەرماندەکانی رژیمەوە دەبەستن کە ئامادەن چەک تەسلیم بکەنەوە. هەندێک لەگەڵ قازی موحەمەد و سەرکردەکانی تر خۆ ئامادە دەکەن کە پێشوازی لە سوپای ئێران بکەن و ئەمان نامە وەربگرن و بەو بیانوە گوایە بۆ بەرگری لە کوشتار و هەندێ نوسەر دەنوسن بۆ ئەوەی پێشی تالان و دزی کردنی ئەو کوردە عەشایرانەی کە لەگەڵ سوپای تاران کەوتبوون بگرن. دەبێ لە وەلامی ئەو نوسەرانە بدرێتەوە کە یەکەم دەستوری بەرگری نەدراوەو بەرگرییەکیش نەبوە تا ریزی خۆفرۆش و خزمەتکاران جیابکرێتەوە.

سەرکردایەتی کورد خۆی دەستپێشخەری ناردنی نوێنەرو پیاو ماقوڵ و...بۆلای فەرماندەی هێزەکانی تاران بووە و پاشانیش بۆخۆیان دەچن بۆپێشوازی وگەرانتی بەربەرەکانی نەکردن ئەدەن و لەپێش هێزەکانی تاران دێنە ناو شاری مەهابادەوە دەبێ ئەوکەسایەتیە یا سەرۆک عەشیرە کەخۆی تەسلیم کردبێت و بگرە بە رواڵەتیش بەڵێنی یارمەتی بە رژێم دابێت چ تاوانێکی کردبێت ئەویش پاش خۆبەدەستەوەدانی

سەرکردایەتی کورد ئایا مەبەستی ئەوانەش وەک ئەو نوسەرانەی پاکانە بۆ سەرکردایەتی کورد دەکەن بەرگری لە کوشتارو پاراستنی ژیانی ئەندامان وژن ومآڵ و گوزەرانی هۆز یا خێڵ یا بنەماڵەکەیان نەبووە هەرئەوانەی کە بە چەک و ماڵ گیانی خۆیان دەیان جار هێرشی سوپای ئێرانیان تێکشکاندو پارێزگارییان لە کۆماری مەهاباد کرد.

هەرئەوانەی کەئەگەر دەستوری بەرەنگاری درابایا ئامادەی جێبەجێ کردنی دەبوون.

یاسای هەموو شۆڕشێک وکۆمەڵگاکان ئەوەیە کە هەموو کەسێ لەگەڵ شۆڕشدا بێت لەکاتی هێرشی سوپای ئیران بۆ سەر کوردستان هەندێ چەکداری کورد لە هۆزو عەشایرەکانی کورد لە باشوری کوردستانی ڕۆژهەڵات بەداخوازی خۆ یا بەزۆر یا بە پارە تیکەڵاوی سوپای ئێران دەکرێن لەگەڵ ژمارەیەک لە هۆزوعەشایرەکانی کورد کە نەیاری سەرکردەکانی کورد بون دەکەوت. ئەمانە نەتەنیا دەوری دیاریکراویان نەبینیوە بەڵکو شتی بچوکن. دروستکردنی یا هێنانی هەندێ کوردی باشوری کوردی ڕۆژهەڵات زیاتر ئەنجامەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ بۆشایی دەسەلاتی کوردی لەو ناوچانەو نەبونی ڕێکخراو چالاکی و سەرئەنجام نەبونی هیچ پەیوەندییەکی مەهاباد لەگەڵ ئەوان بووە کە تا هێرشی هێزەکانی ئێران ئاورێکیان لینەدرایەوە.ئەگەر سیناریۆی سەردەمی خۆئامادەکردنی هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر کوردستان تا ڕۆژی هەڵهاتنیان بۆ مەهاباد جارێکی تر وەبیربهێنیتەوە کورتەکەی بەم جۆرەیە: قەوام پەیام بۆ قازی دەنێرێت کە سوپای ئێران بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن دەنێردرێنە ناوچەکەو داوا لە قازی دەکات کە هاوکارییان لەگەڵ بکا . قازی وەڵامێکی دیپلۆماسیانە و جوان ئەداتەوە کە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن هێز پێویست نیە و ئێمە ئەوەندە هێزمان هەیە کە پارێزەری بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بن و....واتە قازی دژی ناردنی سوپای ئێرانە کە ئەگەریش بێت ناراستەوخۆ وەلامی دراوەتەوە کە بەرەنگاری دەکرێت.

پاشان کۆبونەوەی مزگەوتی عەباس ئاغا وکۆبونەوەکانی تر دەبیت کەبەرواڵەت سورن لەسەرئەوە دەبی لە دەسکەوتەکانی کۆمار پارێزگاری بکرێت و تەنانەت سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆمار دەڵێت کە تا ئەو جیگایەی من سوپای ئاری بناسم لە

کوردستان سەرکەوتن بەدەست ناهێنیت پاشان تا دەگاتە دەستوری 12ی مانگی دیانر (31ی سەرماوەزی1325). بە دەستوری سەرکردایەتی کورد هێزی پ.م کوردستان دەبێ لە بەرەکانی سەقز و بانە و سەردەشت بکشێنەوە و رێ بۆ سوپای ئێران چۆڵ بکەن. پاش دوو رۆژی تر واتە 23 دیسەمبەر میرزا رەحمەتی شافیعی شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، عەلی ئاغای ئەمیر عەشایری و چەند کەسێکی ناسراوی تر دەنێردرێن بۆ میاند و ئاو بۆ پێشوازی هومایونی و هێزەکەی کە بەربەرەکانی ناکرێت و بێن و بۆ دڵنیا کردنی هومایونی پاش دوو رۆژی تر لە 25ی سەرماوەز قازی سەرۆک کۆمار و سەیفی قازی وەزیری بەرگری و حاجی بابا شێخ سەرۆک وەزیران و چەند کەسێکی تر بە ماشێن دەچنە گوندی حەمامیان بۆ لای هومایونی (دەبێ رەنگدانەوەی لە ناو خەڵک و ورەی خەڵک چی بوبێت و چ ئافتەرتیەت (سومعە) و قورساییەکی لای هومایونی و دەسەلاتدارانی ئێرانی پەیدا کردبێت) ئایا قازی نەیدەتوانی نوێنەرێکی خۆی لە ئاستی هومایونی بنێرێتە لایان خۆ هومایونی داوای هاتنی قازی و سەرکردەکانی کۆماری نەکردبوو. خۆ قازی دەیتوانی بە پەیامێک بۆ قەوام و شا بڕیاری بەرەنگار نەکردنی کۆمار بە هاتنی هێزەکانی ئێران رابگەیێنێت و لە هەمان کاتیشدا کاربەدەستانی ئینگلیس و ئەمەریکاش بە رێگای کۆنسوڵخانەی ئەوانەوە لە تەورێز و ورمی یا بالیۆزەکانیان لە تاران یاخود بە رێگای سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە تاران بە شێوەیەکی قورس و دیپلۆماسیانە ئاگادار بکاتەوە کە ئێمە شەرناکەین و داوای پاراستنی گیان وماڵی بەشداربوانی بزوتنەوەکە بکەن.

بۆ رۆژی دواتر واتە لە 26ی سەرماوەز (17ی دیسەمبەری 1946) قازی موحەمەدی سەرۆک کۆمار لەگەڵ ژمارەیەکی تر کە سەرکردەکان لە 13 کیلۆمیتری رێگای مەهاباد – بۆکان پێشوازی لە سوپای داگیر کەر دەکەن و بۆ ناو شار پێشیان دەکەون. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە پەیامەکانی شا و قەوام و ستادی سوپای ئێران بەتایبەتی هومایونی پەیتا پەیتا لە رادیۆ و رۆژنامەکانیاندا ئەوپەری هەڕەشە و سوکایەتی بەسەرکردەکانی کورد دەکرا کە ناوچە لە دەستی بێگانە پەرستان پاک کراوەتەوە و باسی تەفروتونا کردنی سەرانی کورد و دژی شۆڕش و تەحویل دانەوەی

چەک و سەرکەوتنی سوپای ئێرانیان رادەگەیاند کە بە بێ تەقە و کۆسپ و بە پێش کەوتنی سەرانی کۆمار ئەو هەموو حەماسە و ئازایەتی‌یان نواند و سوپای شاهەنشاهی کە ئابرووی لای کەس نەمابوو سەرکەوتوانە جارێکی تر ئێرانی رزگار کرد.

تراژیدیای هەرەس پێهێنانی کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی فانتازی و چاوەڕواننەکراو و بەو چەشنە کۆتایی پێ دێت و هومایونیش کە میوانی قازی دەبێت و رادیۆی تاران دەکەنەوە /لە ماڵی قازی/ و هومایونی لە تەنیشت قازی دەبێت هەواڵی گرتنی قازی و سەرانی کورد لە زمانی هومایونیەوە بڵاو دەکاتەوە. مەهاباد کوشتاری ناکرێت و قازی لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دەمێنێتەوە ئەی شوێنەکانی تر، ئەی چارەنوسی گەلی کورد و پ.م لە ماکو و خوی و ورمی و سەردەشت و ...چی؟

ئەی سوێندەکەی قازی لە کاتی راگەیاندنی کۆمار و بەڵێنەکانی بە گەلی کورد، ئەی چارەنوسی بارزانیەکان و ژن و منداڵەکانیان هیچ تەکبیر و گەرانتییەک بۆ ئەوانە لە لایەن سەرکردایەتی کورد و رژێمەوە کرابوو.

ئایا تاقە رێگا یا باشترین رێگا خۆ بە دەستەوەدان بوو؟ ئەویش بەو چەشنەی کە باسی لێوە کرا؟ ئایا هەموو رێگاکانی تر گیرا بوون؟ ئایا و ئایا و دەیان پرسیاری تر ....

رەوتی رووداوەکانی ئەو سەردەمە پێش دەرچونی سوپای سۆڤیەت بەتایبەتی پاش دەرچونی سوپای سۆڤیەت و هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر بە کێشەی کورد روون و ئاشکرا بوو، سۆڤیەت خۆی لە قەرەی کێشەی کورد نادات ئەو پشتوانیە رواڵەتیەش کە لە کوردی دەکرد بە حوکمی ئەوەی لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵ یا ژێر نفوزی خۆیەتی و دەیزانی کە کوردەکان نارازی رژێمی ئێران و هەمیشە لە راپەرین دا بوون و مەیلی سەربەخۆیی‌یان هەیە ئەگەر سۆڤیەت خۆی لە قەرەیان نەدات. رۆژئاوایەکان دێنە گۆرەپانەکەوە و کوردیش لە سەردەمی شەڕی جیهانی پێویستی هاوپەیمانان بەتایبەتی سوپای سور لە ناوچەکە بۆ پشتیوانی و پاڵپشتیان هێزێکی گەورە و باوەر پێ کراون و لە هێزەکانی ئێران باشترن کە چاوەڕێی نزیکبوونەی ئەڵمانیای فاشییان دەکرد و هاوکاری بکەن و هێرش بکەنە سەر سۆڤیەت.

لە لایەکی تر مەبەستی دووربینانەی سۆڤیەت لە ئێران گوشار خستنە سەر رژێمی ئێران (لەگەڵ تودە و فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان) بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی

بەتایبەتی نەوت و ئەگەریش بۆی لوا ئەوا رژێمێکی سەربەخۆی واتە دۆستی سۆڤیەت بە یارمەتی ئەو هێزانەی سەرەوە بهێنێتە سەر کار لە ئێران.

شەڕی جیهانی دووهەم کۆتایی پێ هات و کورد بە نیشتمان و سەروسامانەکەی لە خزمەتی بەرەی دژی فاشیزم بەتایبەتی سۆڤیەت و ئینگلیس بوون. سۆڤیەت داوای نەوتی باکوری ئێران دەکات ئێران و ئەمەریکا و ئینگلیس نایانەوێ سۆڤیەت نەوتی ئێرانی بدرێتێ سۆڤیەت بە هێشتنەوەی سوپاکەی خۆی لە ئێران پەلپ بە ئێران دەگرێت و جاروباریش کێشەی ئازەربایجان (نەک کوردستان) وەک گورز ئەوەشێنێت و ئێران و رۆژئاوایەکانی پێ دەترسێنێت. مەبەستی سۆڤیەت روون و ئاشکرایە تا نەوتەکەی پێ نەدرێت نە سوپاکەی خۆی دەکشێنێتەوە و نە واز لە ئازەربایجان دێنێت. قەوام بە رێنوێنی رۆژئاوایەکان ئامادەی بەستنی پەیمانی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت دەبێت. بەو مەرجانەی هێزەکانی خۆی بباتە دەرێ لە ئێران و واز لە کێشەی ئازەربایجان بێنێت. سۆڤیەت بەڵێنەکانی خۆی سەر ئەنجام ئەباتە سەر. بەڵام قەوام نا مەبەست لە هۆنینەوەی ئەم پێشەکیە ئەوەیە کە رێبەرانی کورد و ئازەری بۆیان دەرکەوت کە پشتیوانەکەیان واتە سۆڤیەت ئەگەریش بیەوێ بێتە جەواب لە سەریان /خۆ ئیتر باسی یارمەتی هەر نابێ بکرێت/ ناتوانێت کە واتە پەیمانی نەوتەکە دەکەوێتە مەترسی و هەڵدەوەشێتەوە واتە سۆڤیەت فریایان ناکەوێت.

ئەوە هیچ کە فریایان ناکەوێت سۆڤیەت زۆربەی چەکەکانیشی لێ سەتاندۆنەتەوە و ئامۆژگاریشی کردون کە بەرگری نەکەن و تەنانەت لە قەوام بەرامبەر بە ئیمپریالیزی ئینگلیس و کۆنەپەرستی وەک شا پشتیوانی بکرێت.گوایا جگە لە قەوام ئیمرۆ هێزێکی تر نیە کە ئەو خەباتە بکات . لێدانی دۆستەکانی سۆڤیەت واتە تودەیەکان دەست پێ دەکات، وتووێژەکانی سەرانی ئازەربایجان و کوردستان لەگەڵ تاران ئەنجامێکیان نیە. رژیمی تاران هێزی خۆی بۆ هێرش هێنان بۆ سەر کوردستان کۆدەکاتەوە و ئامادەی دەکات و هەڕەشە لە دوای هەڕەشە بەردەوامە. هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێم بەرەو کوردستان و ئازەربایجان رۆژبەرۆژ نزیک دەبنەوە و ئەمەریکا و ئینگلیسیش بە ئاشکرا لە هەموو بارێکەوە هاندەر و پشتیوانی رژێمی ئێرانە. رژێم تەنانەت ئامادە نابێت قازی موحەمەد ببێتە ئوستانداری ئوستانێکی ئێران /خۆ چیتر باسی

خودموختاری هەر ناكرێت/ واتە رەوتی ئەم روداوانە كە چەند مانگێكیان خایاند دیاربوو بەرەو كوێ و ئەنجامەكەیان دەكرا پێشبینی بكرێت كەواتە دەبوایە لەو ماوەیە بڕیارێكی گونجاو دەرابایا و هەندێ هەنگاو هەڵگیرابایا و تاقیكردنەوەی ئەو هەنگاوانە نەتەنیا زیانبەخش نەدەبوون و دور نەبوو ئەنجامێكی باشیان هەبێت و هیچ نەبێت سەركردایەتی كوردی بەرامبەر بە مێژو بە شێوەیەكی تر قەزاوەتی لە سەر دەكرا مەبەست پەیوەندی كردن بە وڵاتانی رۆژئاواوە بوو كە وەك نێوەنجیكەر نێوان كورد و ئازەربایجان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی یا لە رێگای ئەوانەوە گوشار بخرێتە سەر دەوڵەتی تاران كە بە پێی یاسای ئێران /لە چوارچێوەی یاسای بنچینەیی/ هەندێ ریفۆرم لە باری ئابوری و كولتوری و دەسەلاتی خۆجێیی وهتد لە ئازەربایجان و كوردستان بگرە بۆ گەلانی تریش وەك بە لوچ و توركەمەن و عەرەب بكرێت زەمینەش بۆ ئەم پێشنیارە هەبوو كە ئینگلیسەكان لە كۆبونەوەی مۆسكۆ مانگی دیسەمبەری 1945 گەلاڵەیەكی گشتییان بۆ چارسەری كێشەی ئێران ئاراستە كرد كە بە دژ بوونی سۆڤیەت ئەم گەلاڵەیە بڕیاری لە سەر نەدرا /لە جێگایەكی تر بە وردی باسی لێوە دەكەین/ دیارە دەوڵەتی تاران لە ئاستیكا نەبوو بتوانێت دژی پێشنیاری ئەوتو راوەستێت و لە ژێر قسەیان دەرچێت و هیچ نەبێت سەركردایەتی كورد لە روداوی تیرۆر و كوشتن بپارێزن لە پاشەرۆژدا. واتە هێشتنەوەی بەشێك لە سەركردایەتی و ئەگەریش بڕیار بدرێت بەرەنگاری نەكرێت یا ببنە چاودێر یا گەرانتی تەسلیم كردنەوەی چەك و بەكارنەهێنانی چەك و گرتن و كوشتن لە كوردستان و ئازەربایجاندا.

سۆڤیەتیەكان لە ئێران نەمابوون هەندێ راوێژكاریان لە ئازەربایجان و كوردستان مابوون كە مەترسییان لێ نەدەكرا ئەگەر بێتو پیشەوەری و قازی پەیوەندییەكی ئەوتۆیان لەگەڵ رۆژئاوایەكان بەستبایا. لای رۆژئاوایەكانیش روون و ئاشكرا بوو كە سۆڤیەت پشتی لە كوردستان و ئازەربایجان كردوە و نۆرەی ئەوانە بێنە ناو گۆرەپانی یارییەكەوە و هاتنیشیان بەرژەوەندی ئەوانی تیابوو. هەم كۆنترۆلی دەوڵەتی ئێرانیان دەكرد و هەم ئازەربایجان و كوردستانیان دەكردە گۆرەپانی خۆیان و هەم بۆ بەدناو كردنی سۆڤیەتیش ئامادەی ئەم كارە دەبوون بەلام سەركردەكانی ئازەربایجان و كوردستان دڵی هەر پابەندی لایەنگیری و دۆستایەتی و ئامۆژگارییەكانی سۆڤیەت

بوون. تۆ بـڵێی هەردوو سەرکردە نەیانزانیبێت سۆڤیەت چیتر لە ئێران دەوری نەماوە و تاقی کراوەتەوە با لایەنەکەی تریش تاقی بکرێتەوە. هەوڵدانێکە سەری گرت گرتی نەیگرت. بەرپرسیاریەتی ئینگلیس و ئەمەریکا بەرامبەر بە چارەنوسی ئەو دوو گەلە چارە رەشە گەلێک لەوەی زیاتر بوو کەلە سەریان نوسراوە و تاوانیان زۆرتر و مێژو بەرامبەر بەو شتە زیاتر بەدناوی دەکردن. چەند مانگێکیش بۆ ئەم کارە کات هەبوو و سەرانی کورد و ئازەری دەیانتوانی کۆمەلانی گەلانی خۆیان لە دەوری پۆزەتیڤ و یا نێگەتیڤی ئینگلیس و ئەمەریکا ئاگادار بکەنەوە. هیچ بەڵگەیەک لەم بارەوە تا ئێستا ئاشکرا نەبووە کە هەوڵێکی ئەوتۆیان دابێت.

ئەو هەنگاوە هەڵنەگیرا و دابنێن هەڵگیرابایا و شان بە شانی ئەوە بۆ گوشار خستنە سەر رژێمی ئێران و ئاڵوزکردنی بارودۆخی ئێران و لە لایەکی تر نیشاندانی هێز و ورەی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد و خەباتە رەواکەی دەبوایە لە حاڵەتی بەرگری کەوتبایا حاڵەتی هێرش بۆ رزگار کردنی بەشەکانی تری کوردستان و رۆژهەڵات هیچ نەبێت ئازاد کردنی سەقز و بانە و سەردەشت کە زەمینەی راپەرینی شارەکانی تری کوردستانی پێکدەهێنا و رژێمی تووشی قەیران و ئاڵوزی و شکستی زیاتر دەکرد و ناچار هەم ئێران و هەم پاڵپشتەکانی /ئەمەریکا و ئینگلیس/ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک دەست بە وتوویژ بکەن. لە لایەکی تر سەرکردایەتی کورد کە کاتی خۆی لە ئازاد کردنی شارەکان یارمەتی ئازەربایجانیەکانی دابوو.

بە پێی پەیمانی هەردوولا دەبوایە داوای یارمەتی لە ئازەربایجان کردبایا بۆ ئەوەی کوردستانیش وەک ئازەربایجان ئازاد کرابایا کە زۆر زەحمەت بوو سەرکردایەتی ئازەربایجان ئامادەی یارمەتییەکی ئەوتۆ بوایە بەڵام ئەمە تاقیکردنەوەیەک بوو. پاککردنەوەی هێزەکانی تاران لە سەقز و بانە و سەردەشت چەند لایەنی باشی بە دواوە بوو:

1- مەترسییەک کە لە لایەن دوژمنەوە لە چەند لاوە /سەقز و بانە و سەردەشت/ بۆ سەر ناوچەی موکریان واتە مەهاباد دەکرا کەمتر دەبووە و لانی کەم دوو رێگای هێرشی هێزەکانی تاران /دوبەرەی شەڕ/ نەدەمان.

2- وەلأم دانەوەیەکی رژێم بو کە نایەوێت بە وتووێژ کێشەکە چارسەر بکات و سورە لە سەر هێرشهێنان.

3- بە رژێمی تاران و دەوڵەتانی ئەمەریکا و ئینگلیس نیشان دەدرا کە کورد داوای مافی خۆی دەکات و بە دەرچونی سۆڤیەت لە ئێران و پشتگیری نەکردنی لە بزووتنەوەی کورد کێشەی کورد هەر ماوە و کورد خەباتی بۆ دەکات و بە سۆڤیەتەوە بەستراوە نیە.

4- چەک و تەقەمەنییەکی زۆر دەکەوتە دەستی پ.م کورد کە بۆشایی نەدانی چەکی لە لایەن سۆڤیەتەکانەوە پڕ دەکردەوە.

5- شوێنی ستراتیژێکی باش دەکەوتە دەستی پ.م کە ساڵهاش پ.م دەیتوانی رایگرێت و یا پێگە و باوشی شەڕی پارتیزانی بێت.

6- هێزی لەشکەری کوردستان زیاتر دەبوو.

7- زەمینەی ئازاد کردنی سنە و کرماشان زیاتر دەبوو. ئەوش بوترێت کە سەرکردایەتی کورد قەت ئیجازەی نەداوە کورد لە پشتەوەی هێزی دوژمن چالاکی لەشکەری بکات بۆ وێنە لە سەقز بەرەو دیواندەرە و سنە کە چەند جار بەو رێگایە دا دوژمن هێزی پشتیوانی بۆ بەرەی سەقز و بانە و سەردەشت ناردوە.

هەموو رێگاکانی تر دەبو بەلأم ئەمەیان نا. دابنێن بریاری خۆ بەدەستەوەدان و بەرگری نەکردن درابایا بەلأم بەو شێوەیە بچی بۆ پێشوازی و پاشانیش وەپێشیان کەویت. ئەمە کردەوەیەکی رێبەرێک نیە و پێش رۆیشتنەکەی قازی دەستەیەکی نوێنەرایەتی لە لایەن سەرکردایەتی کورد و دانیشتوانی لە مەهاباد نێردرا بوون بۆ لای هومایونی و دیارە هەم بۆ خۆیان یا لە رێگای هومایونیەوە پەیامی بەرگری نەکردن و خۆ بەدەستەوەدانی کومار بە شا و قەوام گەیەندراوە واتە ئیتر شتەکە روون بۆتەوە خۆ نە هومایونی و نە شا و قەوام داوایان لە قازی کردوە کە بێتە پێشواز و یا پێش سوپای ئێران بکەوێت دەکرا تەسلیم کردنەوەی چەکەکان بە چەند شێوە جێبەجێ بکرێت:

1- هاتنی دەستەیەکی نوێنەرایەتی سوپای ئێران بۆ وەرگرتنیان چ لە ناو شاری مەهاباد و یاخود لە دەرەوە.

2- یا بردنیان بۆ شوێنێکی دیاریکراو.

3- هاتنی خودی هومایونی یا دەستەیەکی نوێنەرایەتی تاران بۆ مەهاباد و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرکردەکانی کورد بۆ ئەوەی بە ئاشکرا و بە رەسمی هەڵوێستی سەرانی کورد نەتەنیا بۆ تەواوی گەلانی ئێران بەڵکو بۆ وڵاتانی رۆژئاواش ئاشکرا و تەنانەت بە بەشداری نوێنەرانی رۆژئاوایەکان لەم پرۆسەیەدا ئەرکێکی ئەخستە سەر شانیان و بەرپرسی روداوی ناخۆش وەک گرتن و کوشتن لەوانە رژێم بەو ئاسانییە نەیدەتوانی قازیەکان بگرێت و بە بێ ئاگاداری موحاکمەیان بکات چونکە پێی رۆژئاوایەکان هاتبوە کایەوە و ئەوان نەیاندەهێشت رژێم بەو کارە هەڵسێت.

لە مێژوی کورد شتی وا روینەداوە، ئاشبەتاڵ کراوە بەڵام سەرکردەکانی خۆیان نەهاویشتۆتە بن دەستی دوژمن. شکستی زۆربە سەر شۆڕشدا هاتوە. زۆر سەرکردەی کورد بە نامەردی و بە فروفێڵ یا بە تیرۆر کوژراون یا گیراون یاوازیان لە شۆرش هێناوە یا شۆرشیان راوەستاندوە. بەڵام ئەوەی سەرکردایەتی کورد لە سەردەمی کۆماری کردی سوکایەتی بە گەل و شۆڕشەکەی و کیانەکەی و لە پێشەوەی هەموویان بە کەسایەتی خودی قازی بوو. پێشوازی کردنی سەرۆک کۆماریک لە شا یا لە قەوام دەکرا بەڵام لە ئەفسەرێکی ملهور تەنانەت ئەگەر پێشوازیەکەش نەکرابایا و کوشت و کوشتاریشی بەدواوە بوایا کە نەدەکرا لە بەرئەوە ئەوانە خواخوایان بوو هێرش نەبەنە سەریان و بە بێ تەقە بێنە ناوچەکە.

ئایا لەو کاتەدا سەرانی کورد دەبوایە لە ناو شاری مەهاباد بونایەو بەشداری پێشوازی هومایونی بونایە ئایا باشتر نەبوو بەشێک لە سەرکردایەتی بەتایبەتی قازی لە دەرەوەی شار تا کۆتایی هاتن بە پرۆسەی چەک دانەوە لە ناو شاری مەهاباد نەبوایە و بۆ کەسایەتی خۆیان و خۆ قورس راگرتن یا بۆ ئەوەی بەشێک لە سەرکردایەتی ژیانیان بپارێزرێت ئەگەر هاتوو نیوەکەی تری کوژران و گیران. ئایا ئەگەر نیوەی خۆ تەسلیم نەکردبایەوە رژێم نەیدەوێرا نیوەکەی تر بگرێت و لە زیندان و یا لە سێدارەیان بدات. بیر لەوە نەکرابویەوە کە بەشێک لە سەرکردایەتی هەر دەبێ بۆ درێژە پێدانی خەباتی کورد دەبوایە حەشار و پەنا درابایا. نابێ هەموویان بکەونە ژێردەستی دوژمن.

قازی و سەرکردەکانی تر چۆن ئەو بریارەیاندا بەراستی ئەمان بۆ نامە وەرگرتن بۆلای هومایونی چو بوون و بۆ ئەوەی پێشی کوشت و کوشتار بگرن. ئایا دەبوایە ئەم

کارە هەر بە رۆیشتنی سەرۆک کۆمار جێبەجێ کرابایە و بە ناردنی نوێنەری و بە ناردنی نامە و پەیامی رەسمی نەدەکرا؟ دابنێین بەڵێنەکانی هومایونی و ئەمان نامەکانی ئایا ئیعتیبار و بایەخێکیان هەبوو بگرە هی شا و قەوامیش بە بێ ئاگاداری ئەمەریکا و ئینگلیس ئیعتیباریان نەبو نەدەبوایە باوەری پێ کرابایە. قازی ترادیسیای سیاسەتی رێبەرانی ئێرانی کە یەک لە دوای یەک بە میرات بۆیان مابوەوە دەزانی جەعفر ئاغای شوکاکیان بە دەعوەت و تەنانەت قورئانیشیان بۆ نارد و لە پشتەوەی قورئانەکەش سوێندیان خواردبوو کەچی بە نامەردی کوشتیان یا سیمکۆی شوکاک لە وتووێژی شنو زۆربە نامەردی ئەویشیان کوشت. واتە قازی و سەرانی کورد دەیانزانی چارەنوسیان لە وان باشتر نابێت کەواتە قازی و هاورێیانی ئەگەر لە ناو نەبرایان یا زیندانی یا لە کوردستان دوریان دەخستەوە.

ئەوە گرنگ نیە کە سەرکردەیەک چ بریارێک بۆ خۆی ئەدات و ئامادە بێت خۆی بکاتە قوربانی و روبەروی مەرگ بێتەوە بەڵام ئەو بریارە چی بە دواوە دەبێت و چارەنوسی شۆرش و گەلەکەی بەرەو کوێ دەروات. ئەو خەڵکەی کە بروایان پێ کردوە و هەموو بریار و شتێکیان داوەتە دەستی کەوابوو دەبێ رێگایەکی وا هەڵبژێرێت کە بەرامبەر بەو گەلە و مێژوەکەی بەرپرسیار بێت (لێپرسینەوە و رای گشتی دانیشتوانی کوردیش لە بەرچاو نەگیراوە و بریارێک و بەڵگەیەکیش بە دەستەوە نیە هەروەها بەڵگەیەکیش بە دەستەوە نیە کە ئایا ئەم بریارە لە لایەن زۆربەی سەرکردایەتیەوە دەنگی پێ دراوە) من نالێم دەبوایە شەر کرابایا و شەری جەبهەیی کرابایا بەڵام شەری پارتیزانی و بگرە بواری لە کەمین خستنی هێزە شەرو شەقەکەی شا و بە دیل گرتنی هەزاران نەفەر لە سوپای ئێران نێوان رێگاکان دەکرا و چۆکیان بە رژێمەکەی تاران دەهێنا. لەم بارەشەوە بەڵگەی زۆر و حاشا نەکراو بە دەستەوەیە. ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی رژێم کە بەرەو کوردستان دەنێردرێن لە ترساندا خۆیان دەخستە خوار و یا هەڵدەهاتن. ئەگەر بە وردی سەرنجی کتێبەکەی نەجەف قولی پەسیان "از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس" بدێنەوە کە نوسەر لەگەڵ سوپای ئێران لە کاتی هێرشەکە لەگەڵیان بووە شتی زۆرمان بۆ روون دەبێتەوە. پەسیان باسی شپرزەیی سوپای ئێران و خراپی و کۆن بوونی چەکەکانیان دەکات باسی خراپی

ڕێگاکان و نەبوونی خواردەمەنی و سەرما و سۆلە و هەروەها باسی دەرنەچونی ماشێنەکانی سوپای ئێران لە بەر قور و باران دەکات و دەڵێ سەرەڕای ئەوەی کە کوردەکان هاتبوونە پێشوازی سوپای ئێران دەترساین کە برۆینە ناو شاری مەهاباد و پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد و وەرگرتنی زانیاری تەواو ئینجا بڕیاردرا ژمارەیەک لە دانیشتوانی مەهاباد (سەرکردایەتی) پێش سوپای ئێران بکەوێت و بە سەرسورمان و بە بێ باوەرییەوە چوینە ناو شاری مەهاباد و دانیشتوانی مەهاباد بەپێچەوانەی دانیشتوانی تەورێز پێشوازییان لێ نەکردین و هەر دەترساین کە پیلانێک لە گۆریدا بێت کتێبەکانی ئەرتەشبود، فەردوست و تەفریشیان و ... لەو بارەوە هەروەها شەرەکانی بەرەی سەقز و ئەو شەڕانەی کە بارزانی نەمر بە ژمارەیەکی کەم کوشندەترین زیانی بە سوپای شا گەیاند بەڵگە و وێنەی زیندووی ئەو راستیانەن. جگە لەوەش فەسڵی زستان بوو و ڕێگا و بان بۆ ناوچەکان و شوێنە ستراتیژیەکان نەبوو و مەبەستی رژێمیش تەنیا شارەکان بوو و خواخوایان بوو خەڵک چەک تەسلیم بکەنەوە و شەڕیان پێ نەفرۆشن. سوپای ئێرانیش هێشتا هێزێکی هەوایی ئەوتۆی نەبوو و چەکی وڵاتانی رۆژئاوای پێنەگەیشتبوو و ماوەیەکی زۆری دەویست تا چەکیان بگاتێ و زانیاری بەکار هێنانی فێر بن. جگە لەوە کورد خاوەن فەرماندەیەکی وەک بارزانی بوو کە ساڵەها دەیتوانی لە ناوچە سەر سنوریەکان رێبەرایەتی شۆڕشێکی پارتیزانی کردبایا. خۆ ژمارەی کەمی سوپای ئێران بە گشتی لەو سەردەمەدا بەتایبەتی ئەوەی کە نێردرابو بۆ ئازەربایجان و کوردستان لە ژمارەی هێزەکانی هەردوولا کەمتر بوون و روحیەی جەنگی سوپای ئێران گەلێک لە خوارەوە دەبێت.

قازی و هاوبیرەکانی دەیانتوانی لە سەرکردایەتی بزووتنەوەکە لاچن یا رایانگەیاندبایا کە چیتر سەرکردایەتی بەئەستۆ ناگرن و بە خەڵکی تر بوار درابایا یاخود وەک تاکتیکێک بەشێک لە کادر و سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی پاراستبایا. واتە بەشێک تەسلیم نەبونایەنەوە، مەرج نەبوو شەڕیان کردبایا، سەیر ئەوەیە و جێ پرسیارە هەر لە رۆژی یەکەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە (کە قازی موحەمەدیش وەک سەرۆک کۆمار سوێندی خوارد بیپارێزێت) تا هەفتەیەک پێش تەسلیم بوونی سەرکردەکانی کورد بڕیار ئەوە بوو کە لە دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە

کۆمار و ئامانجی شۆڕشەکەی بەرەنگاری بکرێت. چۆن کتوپڕ بەپێچەوانە بڕیار دەدرێت دیارە شا و قەوام لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی بەڵێنیان وەرگرتبوو کە سۆڤیەت چیتر پشتگیریان لێ ناکات و وەک کێشەیەکی ناوخۆی ئێران لە لایەن سۆڤیەتیەکانەوە لە قەڵەم دەدرێت. سوپای سۆڤیەتیش چوبووە دەرێ و چەکە قورسەکانیشی لێ سەندبوونەوە و گەڕانەوەی سۆڤیەتیش نییە کەواتە هیچ کۆسپێک بۆ هێرش لە سەر ڕێگا نییە. ئەگەر سۆڤیەت ئولتیماتومێک یا پەیامێکی بۆ دەسەلاتدارانی ناردبایا دوور نەبوو ئێران هێرشی نەکردبایا.

بەڵام دیارە کە قازی و پیشەوەری بەو بەڵێنەی کە بە سۆڤیەتیان دابوو جێبەجێیان کرد و ئەم بەڵێنە ئایا لە کەناڵەکانی سۆڤیەتی چ لە ئێران و چ لە دەرەوە گەیەندرابێتە سیخورەکانی رۆژئاوا و ئەوانیش بە ئێرانیان گەیاندبێت /بروانە نامەکەی ستالین بۆ پیشەوەری هەروەها لە بەڵگەکانی تر کە سەرکردایەتی ئازەربایجان و فەرمانبەرانی سۆڤیەت لە تەورێز لە سەر بڕیاری مۆسکۆ کە نابی بەربەرەکانی بکەن/ ئەگینا ئێران نە بارودۆخی سیاسی نە لەشکەری نە ئابوری نە کۆمەلآیەتی بواری بڕیارێکی ئەوتۆ کە بە شەر بتوانێت ئازەربایجان و کوردستان داگیر بکاتەوە نەبیوو. /بارودۆخی ئەو دەمەی ئێران زۆر ئاڵوز بوو و جگە لە کوردستان و ئازەربایجان رژێمی

ئێران هێشتا نەیتوانییوو کۆنترولّی خۆی بە سەر ناوچەکانی وەک شیراز و ئەسفەهان و باشوری ئێران و شۆڕشی قەشقایی و بەختیاری و لورستان سەرکوت بکات مەترسی لە هێزە دیمۆکراتیەکانی ئێران کە گیرە و کێشەی زۆریان بۆ رژێم دروست کردبوو و هەروەها مان گرتنی کرێکارانی نەوت و سەرهەڵدانی ئەفسەرانی خۆراسان هێشتا بنبر نەکرابوو لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگەڵیەکان و کۆمەڵەی تەبەرستان و ..../

سەرانی کورد و ئازەری دەبوایە نیشان بدەن کە شۆڕشەکەیان گوێ لە مستی سۆڤیەت نیە و سۆڤیەت ئەگەر وازی لە پشتگیرییان هێناوە ئەوانە بۆ ئامانجە رەواکانی گەلەکەیان کۆڵ نادەن و لە دونیای ئەو سەردەمەشدا بزووتنەوەی رزگاریخواز لە برەودا بوو و گەلێک دەوڵەتی نوێ پاش شەڕی جیهانی دروست بوون.

من لەگەڵ ئەوەدا نەبووم کە قازیش وەک پیشەوەری بچێت یا ببرێتە سۆڤیەت یا لە روی ناچاریەوە وەک بارزانی پەناهەندە بێت /کە هیچ بەڵگەیەکیش بە دەستەوە نیە

پێشنیاری ئەوتۆ بە قازی کرابێت/ لە بەر ئەوە چارەنوسی قازیش لە هی پیشەوەری و بارزانی باشتر نەدەبوو. پیشەوەری و هاورێیانی کە لە سۆڤیەت دەبن و رەخنە لە سیاسەتی سۆڤیەت دەگرن بە شێوەی جۆراوجۆر زۆربەیان لە ناو دەبرێن یا زیندانی یا دوور دەخرێنەوە و بارزانی و هاورێیانیشی تا مردنی ستالین کە پەناهەندەی سیاسی بوون بەڵام وەک دیلی شەڕ رەفتاریان لەگەڵ کردن و ساڵی 1958 کە دەرفەتی گەرانەوەیان دا ئیشیان پێ بوو کە وەک هێزێک لە عێراق و ناوچەکە بۆ بەرژەوەندییان بەڵکو بەکاری بێنن.

وەک لە بەڵگەکاندا هاتوە سۆڤیەتیەکان نە تەنیا پێشنیاری خۆ بەدەستەوەدانی سەرانی ئازەربایجان دەکەن بەڵکو گوشارێکی زۆریش ئەخەنە سەریان. پیشەوەری و ژمارەیەک لە هاوبیرەکانی ئامادە نابن بچنە ژێر باری سیاسەتی سۆڤیەتەوە ئەوە بوو راپێچیان دەکەن و بەرەو سنورەکانی سۆڤیەت نەوەک دەست بە بەربەرەکانی لەگەڵ سوپای ئێران بکەن و کۆسپ بخەنە سەر رێگای مۆر کردنی پەیماننامەی نەوتەکە. پیشەوەری و هاوبیرانی لەگەڵ چەند هەزار کادر و ئەفسەری فیرقەکە دەچنە سۆڤیەت بەو هیوایەی دەست بە رێکخستنەوە و خۆ ئامادە کردن بۆ شۆڕشێکی نوێ دەکەونە جموجوڵ بەڵام بواریان پێ نادرێت و دەبێ دوبارە خۆیان لە ناو حیزبی تودە بتوێننەوە و بە ناوی تودەوە ئیش و کار بکەن ئەویش بە گوێرەی سیاسەتێکی دیکتەکراوی سۆڤیەت و یارمەتی و کاروباریان هەر دەبێ بە رێگای تودەوە جێبەجێ بکرێت.

یەکێکی تر لە مەترسیەکانی فەرمانبەرانی سۆڤیەت لە ئێران بادانەوەی رێبەرایەتی کورد و ئازەری بوو کە دوور نەبوو بەربەرەکانی بکەن و پەیوەندی بە رۆژئاوایەکانەوە بکەن و هەر دوو بزووتنەوەکە بە ناوچەکەوە بکەونە ژێر کاریگەرییەتی رۆژئاوا کە لە ئەنجامدا دژی بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەت دەبێت و رۆژئاوایەکان ئەوسا هەم کۆنترۆڵی رژێمی تارانیشان دەکرد و هەم جێ پێیەکیان لە کوردستان و ئازەربایجان بۆ خۆ دەکردەوە و دوور نەبوو هەندێ ریفۆرمیش لە باری کولتوریەوە بە پێی گەڵاڵەی کۆمیسیونی سێ لایەنەیش بەپێی کۆبوونەوەی مۆسکۆ دیکابری 1945 و قازی و پیشەوەریش دوور نەبوو دەکران بە ئوستانداری کوردستان

و ئازەربایجان و قەوامیان ناچار دەکرد کە لە چوارچێوەی یاسای بنچینەی ئێران هەندێ ریفۆرم بکات.

ئەوەی کە باسکرا چەند رێگایەک بوو کە دەکرا هەوڵی تاقیکردنەوەیان درابایا ئەوپەری شۆڕشی کورد گریمان تووشی شکست بوایە بەڵام نەک ئەو شکستە و نە بەو چەشنە دەبوو.

هەرەس پێهێنانی کۆمار و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئاسەوار و مێژوەکەشی لە دەست دەدرێت:

1- تەنانەت هەندێ بەڵگە و دیکۆمێنتیش نەپارێزران بۆ مێژوی کۆماری مەهاباد بۆ لێکۆڵینەوە و روونکردنەوەی روداوەکان بۆ دەرس وەرگرتن و کەڵک وەرگرتن لە ئەزمون و لاوازیەکانی شۆڕش.

2- قازی نە بیرەوەریەک و نە پەیام و نە وەسیەتێکی بەجێ‌هێشت.

3- رێبەرانی تریش هیچ نوسراوە و بیرەوەرییەکیان نەنوسی.

4- بەڵگە و ئارشیو و بیرەوەریەکان دەکرا بشاردرێنەوە و بە مرۆڤیک بسپێردرێن یا رەوانەی کوردستانی باشور بکرێن.

5- لە زمانی قازی و سەرکردەکانی ترەوە چۆنیەتی پەیوەندی کورد لەگەڵ سۆڤیەت، تەورێز و تاران، بارزانی، حەمە رەشیدخانی بانە و عومەرخان و زۆر کەسایەتی تر، پەیوەندی کردن لەگەڵ ئینگلیس و ئەمەریکا چاوپێکەوتن لەگەڵ باقیروف و ئاپاپلان و پەیوەندیک لەگەڵ شوێنەکانی تری کوردستان وەک سنە و کرماشان و هەورامان و مەریوان هەبووە و بۆ هەولی ئازاد کردنی شوێنەکانی تری کوردستان نەدراوە و پێگەکانی دوژمن لە سەقز و سەردەشت و بانە هەر ماونەتەوە ئایا بە راستی سۆڤیەت نەیهێشتوە یاخود هۆیەک هەبوە.

6- ئەوەی وتراوە و نوسراوە لەم بارەوە بە بێ سەرچاوە و زۆربەی هەڵبەستراوەیە و لەگەڵ روداوەکانی ئەو سەردەمە ناگونجێت.

7- گومان لەوەدا نیە کە بەشێک لە بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی ئازەربایجان و کوردستان لە لایەن فەرمانبەرانی سۆڤیەتیەوە بردراون بۆ سۆڤیەت، بەشێک لە ناوبراوە، بەشێک کەوتونەتە دەسەلاتداران ئێران و لای کاربەدەستانی

ئەمەریکایی و ئینگلیسی بەتایبەتی لای کۆنسوڵەکانیان لە تەوریز کە هیچکامیان تا ئێستا روناکی‌یان نەبینیوە.

8- ئەو قوتابیە ئازەری و کوردانە کە لە سۆڤیەت بوون لەگەڵ ئەوانەی کە پاشان هەڵوەدای وڵاتانی سۆسیالیستی بوون و دوور بوون لە گۆڕەپانی رووداوەکان بە بێ بەڵگە و دوور لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە بە پێی سیاسەتی ترادیسیونانەی بەڵشەویکی کە میتۆدەکەی گشتی و بۆ بازارەکانی سۆڤیەت نوسراوە هەندێ شتیان لە سەریەک وەسەرناوە و پاشانیش دەرخواردی خەڵکیان داوە وەک:

1- هەموو تاوانەکان خرایە سەر شانی ئەمەریکا و ئینگلیس (ئیمپریالیستەکان) هەر ئەڵێ پێش دروست بوونی وشەی ئیمپریالیزم و هاتنی رۆژئاوایەکان بۆ ناوچەکە هەرچی شۆڕشی کورد بووە لە لایەن کاربەدەستانی تورک و فارسەوە پێشتر عەرەبەوە سەرکوت نەکراوە. ئەزمونی کولونیالیستانەی عەرەب و فارس و تورک مێژوی لە هی وڵاتانی رۆژئاوا کۆنترە و خوێناویترە عەرەب و فارس و تورک چەند گەلیان لە ناو برد و نیشتمانی چەند گەلیان داگیر کرد و ئەنفال و قەلاچۆی چەند گەلیان کرد کۆلۆنیالیستەکانی رۆژهەڵات سەرئەنجام نەیانتوانی وەک ئەوانەی رۆژئاوا نە شارستانیەت و پێشکەوتن و نە سەربەخۆیی و ئازادی بە گەلان بدەن.

2- گوایە سەرکردایەتی حیزب و کۆماری بێ ئەزموون بوون و لە ئێران بەرەیەکی یەکگرتو نەبوو (هەبوو بەڵام دەستەمۆ بوو) یا دەڵێن سەرکردایەتی کۆمار یەک دەست نەبوو و لە ئاغا دەرەبەگ و تاجر و پیاوی ئایینی پێکهاتبوو یا کێشەی زەوی و جوتیاران چارەسەر نەکرابوو و گەلێک لەو بابەتانە کە نامەوێ وەلامیان بدەمەوە بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە ئەزمونی خەباتی تەواوی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی دونیا نیشان ئەدا کە لە قۆناغی رزگاریخوازدا هەموو چین و وتوێژ و بیروباوەرێک تێدا بەشداری‌یان کردوە و دەکەن و ئەو تاجر و ئاغا و دەرەبەگانەی کوردیش هیچکامیان پشتیان لە کۆمار نەکرد و هەر وەک وترا ئەوانە بە هەموو توانا و وزەی خۆیانەوە لەگەڵ کۆمار بوون.

بێ ئەزمونی سەرکردایەتی کۆمار و حیزبیش جێ خۆی نیە. 5 ساڵ ئەزموون پاش خەرمانانی 1320 و ئەزمونی شۆڕشەکانی پێشوی کورد کەم نەبوو /ئەمە و جگە لە راوێژکارەکانی وڵاتێکی زلهێزی وەک سۆڤیەت کە لە پشتیان بوون/.

3-هەندێک هەرشەی ئەمەریکا و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دژی سۆڤیەت باس دەکەن /واتە سۆڤیەت نەیتوانی پشتگیری لە کورد و ئازەربایجان بکات/ بەڵام هەر ئەو سۆڤیەتە ترساوە ئوروپای شەرقی داگیر کرد و ئاڵمانیشی کرد بە دوو بەشەوە لە هەرشەکانی ئەمریکا بۆبەکارهینانی چەکی ئەتۆمی نەترسا یا دەڵێن سۆڤیەت پاش شەڕی جیهانی دوهەم ماندو ببوو و باری ئابوری باش نەبوو و ... بەڵام بۆ ئوروپای شەرقی نە ماندو و نە ئابوریشی خراپ و تێکچوو بوو.

ئەمانە و گەلێک شتی ناراست لەم پەرتوکەوە بۆ ئەو پەرتوک تا ئێستاش دەگوازرێنەوە. ئەگەر نوسەرێکی سۆڤیەتی یا پان ئێرانیستیکی شۆڤینی یا تودەیەک ئەم شتانە بنوسێت و پاکانە بۆ سۆڤیەت و رابردوی خۆیان بکەن هەندە رەخنە و گازندەی لی ناگیرێت بەڵام بۆ کوردێک کە کوێر کوێرانە و بێ لێکۆڵینەوە دوپاتیان بکاتەوە خزمەت ناکات.

تراژیدیای هەرسهێنانی بزووتنەوەی کورد بە هەڵوەشاندوەی کۆماری کوردستان کۆتایی پێ نەهات بەڵکو زیاتر لە 40 ساڵ پاش روخانی کۆماری مەهاباد بزووتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی بەتایبەتی حدک لە رۆژهەڵات خرایە ژێر سیاسەتی سۆڤیەت و بەرەوروی رۆژئاوا کرایەوە و تێئوری دوکترینەکانی سۆڤیەت بەتایبەتی سیاسەتی دەرەوەیان بە سەر بزووتنەوەی کورد داسەپێندرا.

گونجاندنی تێئوری سۆسیالیزم (مۆدێلی سۆڤیەت) پەیرەو و پرۆگرامی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کورد، بە پاڵپشت زانینی سۆڤیەت و ئۆردوگای سۆسیالیستی خەبات و دوژمنایەتی بزووتنەوەی کورد دژی رۆژئاوا (لە ژێر دروشمی ئیمپریالیزم) و هتد کە لە پەیرەو و پرۆگرام و رێبازی حیزبەکان رەچاو کرا. ئاکامەکەی زیانێکی قەرەبوو نەکراوی بۆ گەلی کورد بە دواوە بوو و تا سۆڤیەت و ئۆردوگاکەیان هەڵنەوەشایەوە هەر لە سەر ئەو رێبازە بوون (تەنانەت ژمارەیەکیشیان هەتا ئێستا هەر بەو قەوانە سواوە سەما دەکەن). ئەویش سەرچاوەکەی ئەگەرێتەوە بۆ پاش نەمانی

کۆماری مەهاباد. ئەگەر بەراستی سیاسەتی سۆڤیەت و تودە و ڕێبەرایەتی کورد تاووتوێ کرابایا. نە ئەو حیزبە و نە حیزب و ڕێکخراوی پارچەکانی تری کوردستان دەکەوتنە چاڵەوە. ئەو ئاوەیان لە هاوەن نە دەکوتا و جگە لەوەش ئەو هەموو پارچە پارچە بوونە لە ناو هێزەکانی کورد دروست نەدەبوو. مێژووی حدک ئێرانی بە کەسایەتی و ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم حیزبە بە هەموو لق و باڵ و ناوەندەکانی (باکۆ – پراگ – بولغاریا پاشان بەغدا، بەیروت و کوردستانی عێراق و سەرئەنجام کوردستانی ئێران) نەتەنیا نەیانتوانی خۆ لە ژێر سەرکردایەتی تودە و کاریگەریەتی سۆڤیەت رزگار بکەن بەڵکو هەتا پێش شۆڕشی ئێران 1979 لە چەند قۆناغدا و لە ژێر ناو و بیانوی جۆراوجۆردا ئەم حیزبە تووشی چەند بەرەکی و تەنانەت دژ بە یەک و سەرئەنجام دەبێتە هۆی لە ناو چون و بێسەر و شوێن بوونی ژمارەیەک لە ئەندام و کادری ناوەندییان بەرەو ڕووبوونەوەی دوو هێزی سیاسی کورد (واتە ئەوانەی خۆیان بە حدک ئێران لە کوردستانی عێراق دەزانی لەگەڵ پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق کە ئەودەمە سەرکردایەتی شۆڕشی دەکرد) کە تراژیدیایەکی تریان خوڵقاند پاش شۆڕشی ئێران ئەو کەسایەتی و باڵانە یەکدەگرن و زۆری پێ ناچێت بەشێک لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکرات لە ڕێبازی کۆنی خۆی (سۆڤیەت خوازی) دوور دەکەوێتەوە بەڵام لایەنگرانی ڕێبازی کۆن کە هەر بە ئاماژەی تودە و سۆڤیەت لە ناو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و بە ناوی ئەم حیزبەوە کار دەکەن بەو هەموو جیا بوونەوە و پارچە پارچە کردنی حیزبی دیمۆکرات هەڵسان. بۆ وێنە ئەحمەد تۆفیق بێ سەروشوێن دەکرێت و سیاسەتی رەخنەگرانەی ئەو لە سۆڤیەت و سەرکردایەتی کۆماری کوردستان دەکەوێتە بەر دەیان تاوانی نارەوا هەر ئەو سیاسەت و ڕێبازەی کە سەرکردایەتی حدکا پاش ساڵها لە کردەوەدا تێگەیشت و لە سیاسەتی کۆن دوور کەوتەوە. ئەحمەد تۆفیق (عەبدولای ئیسحاقی) وەک سکرتێری حدکا لە نامە و پەیامەکانی خۆی بۆ سەرانی سۆڤیەت داوا دەکات کە پێداچونەوەیەک لە سیاسەتی کوردی خۆی بکات و بە یارمەتی سیاسی و مادی خوی بە بزوتنەوەی کورد هەڵەکانی رابردوی خوی قەرەبوو بکاتەوە بەڵام وەڵام نیە و بەشەکەی تری حدکا کە خۆیان بە شۆڕشگیرتر و تێگەیشتوتر و وەفادار بە سۆڤیەت و سیاسەتەکەی دەزانن بە

ئاموژگاری و رێنوێنی تودە و بە یارمەتی دراوی ئەو حیزبە پاش بێ سەروشوێن کردنی ئەحمەد توفیق دێنە گورەپانی خەباتەوە و زۆر بێبەزەیانە ئەحمەد توفیق و رێبازەکەی بەدناو دەکەن و بە راست رەوی و نزیک بوونەوە بە ئیمپریالیزم و دژی سۆڤیەت و سیستەمی سۆسیالیستی و دژی هاوکاری تودە و سەرئەنجام بە دیکتاتوری و پیاو کوژی وهتد تاوانبار دەکرێت و هەتا ئێستاش لە سەری لێکۆڵینەوە و باس ناکرێت.

ئەگەر سیستەمی بە ناو سوسیالیستی نەدەروخا و دیمەنی راستەقینەی وەدەر نەئەکەوت. دیسان جیا بوونەوە و تاقم بازی نەتەنیا لە ناو حدکا بەڵکو لە ناو حیزب و رێکخراوەکانی تر بەردەوام بوو و دیسان حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بەرەوروی دونیای رۆژئاوا و واتە ئەو سیستەمەی کە ئیمرۆ بە ناوی دونیای شارستانیەت و دیمۆکراسی و ئازادی ناو لێنراوە دەبوونەوە و بزووتنەوەی کورد هەروەها گوشەگیر و پشتگوێ دەخرایەوە. سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد ئەو راستیەیان دان پێ نەنا و یا نەیاندەویست بزانن کە دیپلۆماسیەت و ئابوری و دەنگی وڵاتانی رۆژئاوا لە ئاستی نێونەتەوەیی و جیهانی دەوری سەرەکی و چارەنوس سازیان لە سەر هەموو کێشەکاندا هەبوە و هەیە و بەرەو رووبونەوەیان جگە لە زیان هیچێکی تر بە کورد ناگەیێنێت و توانای ئەوەش نیە بەربەرەکانیان بکرێت و دژایەتی کردنیان هەر بە قازانجی ئەو رژیمە داگیرگەرانەی کوردستانە کە رۆژئاوا پشتیوانیان لێ دەکا و بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەپارێزن و نەتەنیا خۆیان لە کێشەی کورد نادەن بەڵکو دژیشی دەبن. دیارە مەبەست پاکانە کردن بۆ تاوانەکانی رۆژئاوا بەرامبەر بە گەلی کورد نیە چونکە ئەوانە ئەگەر پلان و پرۆژەیەکیان بۆ کێشەی کورد هەبوایە بە بێ لە پێشچاوگرتنی رێباز و هەڵویستی رێکخراو و حیزبەکانی کوردستان گوشاریان ئەخستە سەر رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و ئەگەر یارمەتی ئەوان بەو رژێمە داگیرکەرانە نەبوایە زەحمەت بوو بتوانن دژی کورد شەڕێکی دوورودرێژ رابگەیەنن و کوردستان کاول بکەن و کۆنترۆڵی کوردستان بکەن.

ئەنجامی خۆنوساندن بە بلۆک یا بەرەیەکی شەڕی سارد ئەویش بە بلۆکێک کە دەوری لە ئاستی نیونەتەوایەتی لاوازتر بووە. زیانێکی گەورەی بە بزووتنەوەی کورد

و چارەنوسی گەیاند هۆکەشی تاوتوێ نەکردن و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر شۆڕشەکانی کورد بەتایبەت لێرە کە باسی کۆماری کوردستان دەکرێت بووە.

کاتێک لێکۆلینەوە لە سەر کۆماری کوردستان دەکرێت گەلێک پرسیار دێتە پێش. وتە و کردەوەکانی رێبەرانی کورد نەتەنیا یەک ناگرنەوە بەڵکو دژ بەیەکیشن. راگەیاندنی کیانێکی کۆماری لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی پاشایەتی کە سیستەمێکی ویراسی و بۆ هەمیشە بە (سیستەمی کۆماری بە هەڵبژاردنە) ناگونجێت تەنانەت ئەگەر ئەو کۆمارەش داوای ئۆتۆنۆمی یا فیدرالیەت بکات. دووهەم ئەگەر کۆمار داوای خودموختاری دەکات لە چوارچێوەی یاسای بنچینەی ئێران جێگای نیە واتە یاسای ئێران ئیجازە نادات نەتەنیا بۆ ئۆتۆنۆمی بەڵکو بۆ مافی کولتوریش تەنانەت هەڵبژاردنی شوراکانی ئەیالەتی و وەلایەتی کە لە یاسای بنچینەی هەیە جێبەجێ ناکرێت. بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان بە رواڵەت و بە پێی یاسا و ستروکتوری دەوڵەتی پاشایەتی ئێران واتە لایەنی کوردی هیچی تیا نەهێشتۆتەوە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەڵ تاران مامەڵە دەکات لەگەڵ سۆڤیەت بە ناو پەیوەندی بەستوە و لەگەڵ ئازەربایجان پەیمانی لەشکەری و هاوکاری مۆر کردوە، ئاڵای هەیە و سوپا وهتد و سیمبولی کۆمارەکەش وەک سیمبولی کۆمارەکانی سۆڤیەت و ..هتد.

کۆمارێکی راگەیاندوە (ئەویش مۆدێلێک لە چوارچێوەی رژێمێکی پاشایەتی کە وێنەی لە دونیادا نەبووە) پاشان بەرنامەی ئۆتۆنۆمی خۆت ئاراستەی دەوڵەتی تاران دەکەیت سەرناگرێت و ئینجا واز لە ئۆتۆنۆمی دێنێت و داوای مافی کولتوری و بوون بە ئوستانداری خۆت ئاراستە دەکەی واتە هەنگاو بە هەنگاو و پاشەگزە و سەیر ئەوەیە سیستەمی کۆمارە راگەیەندراوەکەش ناگۆردرێت بە پێی بارودۆخ و ئەو سیاسەتەی کە سەرکردایەتی کورد لە وتووێژەکانی لەگەڵ رژێمی تاران گرتویەتیە بەر.

ئەگەر بریارە سەرۆک کۆمارێک بگاتە ئاستێک بیکەن بە ئوستاندارێک و سەرئەنجام بچێتە پێشوازی سوپایەکی سەرکوتکەر دەبێ رژێم چ ترس و خۆفێکی یا بایەخێک بۆ ئەو کۆمار و سەرۆک کۆمارە دانێت. کۆمار وەکو ئازەربایجانیش نەبوو کە رژێمی ئێران مامەڵەت لەگەڵ بکا چونکە ئازەربایجان جمهوری یا کۆماری یان رانەگەیاندبوو دەسەلاتێکت (جگە لە مەهاباد و دەوروبەری) لە کوردستان نەبوو.

باسی ئەویش دەکرێت کە کۆمارێک راگەیەندراوە و گەلی کورد پشتیوانی لێ دەکات لە پاراستنەکەیدا سەرکەوێت یا نەکەوێت دەبێ پارێزگاری لێ بکرێت ئەگینا بۆ راگەیەندراوە و کومەلانی خەڵک هاندراوە پارێزگاری لێ بکات.

بە تایبەتی پاش ئەوەی کە تەواوی وتووێژەکانی سەرانی کورد لەگەڵ تاران ئەویش بەوپەری تەنازولەوە شکستیان هێنا و رژێم ئامادە نەبوو خواستێکی سەرەتایی گەلی کورد بەجێ بگەیێنێت. واتە زەمینەی هێرش بەربڵاوی رژێم لای کەس شاراوە نەبوو و بەو تەنازولانەی سەرکردایەتی کوردیشەوە رژێم بۆی دەرکەوت کە بەرەنگاری ناکەن ئەگەر بێتو هێرش بکات واتە دەبێ رێگایەکی دەرباز بوون لەو بنبەستە بدۆزرێتەوە. هەم دەکرا پەیوەندی بە رۆژئاوایەکانەوە بکرێت کە رێگایەکی مام ناوەندی و لەبار بۆ هەردوولا یاخود ئەوان هەرچی کە پێشنیار بکەن /رۆژئاوایەکان هەروەک وترا گەلاڵەی کۆمسیۆنی سێ لایەنەی ئاراستە کراوی کۆنفرانسی دیکابری 1945 بۆ چارسەری کێشەکانیان هەبوو/ لەگەڵ رژێمی تاران دا پێکهاتوە و لە هەمان کاتیشدا کورد دەیتوانی جگە لە مانۆری دیپلوماسی لە گوشاری لەشکەری خۆی بۆ سەر رژێمی ئێران دەست بەکاری هەندی چالاکی نیزامی بێت بۆ وێنە لانی کەم دەیانتوانی سەقز و سەردەشت و بانە لە دەسەلاتی سوپای ئێران پاک بکەنەوە و مانۆرێکی لەشکەری کۆمار لە ناوچەکانی سەقز بەرەو خوار دەست پێ بکات کۆنفرانس یا کۆبونەوەیەکی بەرین لە نوێنەرانی شار و ناوچەکانی باشوری کوردستانی رۆژهەلات پێکهاتبایا. بەتایبەتی پاش ئەوەی کە سەرکردایەتی کورد بە ئاشکرا بۆی دەرکەوت کە لە وتووێژەکانی تاران و تەورێز کێشەی کورد بە جیا باس نەکراوە و خراوەتە چوارچێوەی ئازەربایجانەوە و ئازەربایجانی هاوپەیمانی کورد خەریکە لەگەڵ رژێمی تاران رێک بکەوێت و پێشتریش لە سەردانەکەی قەوام بۆ مۆسکۆ تەنیا کێشەی ئازەربایجان باس دەکرێت و کێشەی کورد لابراوە و هەم چاپەمەنیەکانی تاران و هەم تەورێز ئەم هەواڵەیان بلاو کردووە. نوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندی بۆ تەورێز لە هاتوچۆدان کەچی سەردانی مەهاباد هەر ناکەن. لە لایەکی ترەوە خۆ سەرکردایەتی کورد وەک سەرکردایەتی ئازەربایجان بە سۆڤیەتەوە نەبەسترابۆوە. تەواوی دیپلۆماسیەتی سۆڤیەت لە تەورێز و تاران و مۆسکۆش خەریکی پێک هاتنی

ئازەربایجان و تاران بوون /بڕوانە بەڵگەکان بەتایبەتی کۆبونەوەی ویلاکەی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز – مارالان/ کەچی کورد بەتەنیا دەمێنێتەوە. کەواتە کورد بۆی هەبوو سیاسەت یا لاگری خۆی بگۆرێت و بە دوای پشتیوانی و یاریدەرێکی نوێ بگەرێت و پاکانەشی بۆ دەکرا. وتووێژەکانی ئەمجارەی سەرانی کورد لەگەڵ تاران دوور نەبوو بە ناوبژی کردنی رۆژئاواییەکان /ئینگلیس و ئەمەریکا/ دەست پێ کرابایا و هەر وەک وترا سەرکردایەتی کورد لانی کەم رێگایەکی ئیحتیاتی بۆ خۆ و لە ناو نەچونی مسۆگەر دەکرد و کێشەی بارزانی و دەست پێ کردنەوەی وتووێژ و یاخود گەرانەوەی بۆ کوردستانی عێراق هەر لەو کەناڵەوە قسەی لە سەر دەکرا و هەم بەرژەوەندی رۆژئاواییەکان و هەم کوردیشی تیا دەبوو. جگە لەوە هەر وەک لە نامەکەی ستالین بۆ پیشەوەری هاتوە لەگەڵ بەڵگەکانی تر سۆڤیەت داوای خۆ بەدەستەوە دان دەکات و ئەم پەیامەی سۆڤیەت چ بە دەمی و چ بە نوسراوەیی بێت دیارە بە سەرکردایەتی کوردیش راگەیەندراوە و ئەمە لە کاتێکا بوو کە چەند مانگ پێش هێرشی سوپای ئێران بارودۆخەکە بە تەواوی روون و ئاشکرا بووە و پێشبینی دەکرا بە کوێ دەگات. مەرج نەبوو ئەم پەیوەندیانەی کورد لەگەڵ رۆژئاواییەکان بە ئاشکرا و بە رێگای ئێرانەوە بوایە تاکو سەرانی تەورێز و فەرمانبەرانی ئازەربایجان هەراوهوریا نەکەن یا گیانی رێبەرانی کورد بکەوێتە مەترسیەوە دەکرا بە رێگای عێراق و تورکیا ئەم پەیوەندی و وتووێژانە بکرێت یا بە هاتنی نوێنەرانیان بۆ کوردستان هەولدرابایا. من ناڵێم ئەم پەیوەندیانە گەرانتییەک یا ئەنجامێکیان دەبوو زۆر زەحمەت بوو بەڵام دەبوایا هەولێکی جیدی لەم بارەوە درابایا. زەحمەت بوو رۆژئاواییەکان باوەر بە سەرکردەکانی کورد بکەن و بە پیلانێکی سۆڤیەتیان دانەنابایا و جگە لەوەش لە رابردودا سەرکردایەتی کورد هەولێکی جیدی لەم بارەوە نەدابوو تا زەمینەی باوەر پێ کردن هەبێت.

ئەو پەیمانەی لە نێوان ئازەربایجان و کوردستان بەسترا جێگا و هەڵوێستی ئازەربایجانی بەرامبەر بە دەوڵەتی ناوەندی بەهێز کرد بەتایبەتی لە وتووێژەکانیان لەگەڵ دەسەلاتدارانی تاران. بەڵام بۆ کورد هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد دەسکەوتی نەبوو.

لە وتووێژەکانی تاران و تەورێز بگرە مۆسکۆیش (بە ڕۆیشتنی قەوام بۆ مۆسکۆ) لـە لایـەن ئـازەربایجـان و دەوڵـەتـی ئێـران و سـۆڤیەت کێشەی کـورد لـە بـەرنامـەی وتـووێژەکـان هـەڵگیـرا بـوو و باسـی لێـوە نـەدەکـرا. بـەڵام بـە پێـی ڕاگـەیانـدن و ڕێککەوتنەکانی ئەو سێ لایەنە کێشەی کورد نـەتـەنیا وەک کێشەیـەکـی سەربـەخۆ و جیاواز ناکـەوێتـە نـاو لێکۆڵینـەوە و بـاس و بڕیـارەکانیـان بـەڵکو کوردستان لـە بـاری جوغرافیاییـەوە دەبـەسـترێتەوە بـە ئـازەربایجـان واتـە کاتێـک لـە بـەنـدێکی ڕێـک کەوتنامەکەی نێوان ئـازەربایجان و تـاران سنوری ئـازەربایجـان بـە ئوستانەکانی 3و4 دادەنرێت واتە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات واتە ئەگەر لە باری جوغرافیاییـەوە سـەر بـە ئـازەربایجـان بێت دەبـێ لـە بـاری بـەڕێوەبردنیشدا هـەر ئـازەربایجـان حوکمی بکات. (تەنانەت ئازەربایجانی ڕۆژئاوا نەتەنیا ورمی و خوی و مـاکو بـەڵکو مـەهابـاد و بۆکـان و سـەردەشـتـیش دەگرێتـەوە) و لـە پـەیمـان نامـەی ڕەسـمی تـاران و تـەورێـز نوسرابوو و سەرکردایەتی کورد نەتەنیا هەڵوێستیکی بـەرامبـەر بـەو ڕێـکـکـەوتنامـەیـە نەبوو بەڵکو بێ دەنگ بوو و نیشانەی بێ دەنگیش وەک دەڵێن ڕەزامەندییە.

هەروەک وترا هێزی کورد لە ڕاماڵینی دەسەلاتی ڕژێمی تاران لە ورمی و ماکو و خوی و سەڵماس و ... شان بە شانی فیدایەکانی ئـازەربایجـان بـوون جگـە لـەوە لـە ژێـر پشتیوانی تەواو و دارشتنی نەخشەی پسپۆرە لـەشـکـەریـەکـانی سوپای سور و چـەک و تەقەمەنی ئەوان و هەروەها بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی یـا پـەسـەند کردنـی ئـەوان هێزی هاوبەشی کورد و ئازەری لەگەڵ چەکداری ئاسوری و ئەرمەنی ئەم شارانە ئازاد کران کە لە ماوەی 4 ساڵی ڕەبەق هێزی کوردی چـەند جـار ویستیان ئـەو شـارانە بـەتایبـەتـی ورمی بگرن و سۆڤیەتیەکان نەتەنیا دژی ئازاد کردنـی ورمـی بـەڵکو کـەوتنـە نـاوەنجـی کردن نێوان دەسـەلاتدارانی ئێـران و کـورد. ئـەنجامی ئـەو پێکهاتنـەی کـورد و ڕژێمـی تـاران بـە بـەشـداری نوێنـەرانـی سـۆڤیەت پـەیمانێـک بـوو کـە ڕژێـم پاشـان بـەڵێن و بڕیارەکانی ئەم پەیمانەی بـەجێنـەگـەیاند بـەلاّم کوردەکـان گـەمـارۆی ورمـێ دەشـکێنن و هێزەکانی خۆیان دورئەخەنەوەو دەسەلاتدارانی ڕژێم لە ورمی خۆیـان بـەهێـز ئـەکـەن و بـەڵێنـی پشتیوانی سۆڤیەتیـەکـان لـە شـەڕ دژی هێـزی کـورد وەردەگـرن (لـە کاتێکـا بـوو هاتوچۆی کوردانیان بۆ ناو شاری ورمی یاساخ کردبوو) کوردەکانیش دیسان بۆ گرتنی

شاری ورمـی هێز کۆدەکەنـەوە بـەڵام ئـەم جـار بـەرەوروی هـەرەشـەی فـەرمانبـەرانـی سۆڤیەت دەبنەوە وهتد ... بەڵام کە نۆرەی ئـازەریـەکـان هـات کـە حیزب و فیدایـەکانیـان چەند هەفتەیەک نەبوو دامەزرا بوون یارمەتیشیاندان.

ناپـاکی سـەرکردایـەتـی ئـازەربایجـان بـەرامبـەر بـە کـورد جگـە لـە بـەڵگـە و دیکۆمێنتەکانی سۆڤیەتی لە ناونوسراوە و راپۆرتـەکانی نەجەف قولی پەسیان رەنگی داوەتـەوە و دەڵـێ کـە ئـازەریـەکان بـەپێچەوانـەی پـەیمـانی مۆرکراو لـە نێوانیـان بـە بـێ ئاگاداری کوردەکان لەگەڵ تاران دەکەونە وتوویژەوە و ئەمە لە کاتێکا بوو کە هێزەکانی کورد بەتایبـەتـی بارزانیەکان و بـەگ زادەکـانی فەیزولابـەگی لـە گـەمارۆدانی پادگانی میاندوئاو لەگەڵ ئازەریـەکان بـەشداری چالاکانـەیان هـەبوە و یارمـەتیکی زۆریـان بـە فیدایەکانی ئازەربایجان دا. پەسیان دەنوسێت کە هاوکاری و یارمەتی کوردەکان لـەگـەڵ فیدایـەکانی ئـازەربایجان بو بـەهۆی ئـەوەی کـە هێزەکـانی ئێران لـە پادگانی میانـدوئاو نەتوانن بەرەو شاهیندیژ پاشەگزە بکەن و ناچار کران کە لە کاتژمێری 10ی بەیانی لە 25ی سـەرمـاوەزی 1324 چـەکـەکـانی خۆیـان تـەسـلیمی دیمۆکراتـەکـان بکـەن ئـەم گەمارۆیە کە لە 12 سـەرمـاوەزی 1324 دەستی پێ کردبوو و تـا 25 هـەمـان مانـگ درێژەی کێشا و دەڵێ کە پاراستنی پردی جەغەتو خرابویە سەرشـانی چەکدارەکـانی کۆمـەڵـە. یارمـەتیـە پربایـەخـەکـانی فـەیزولابـەگیـەکـانی هاوپـەیمـانی کۆمـەڵـە بـە فیدایـە دیمۆکراتـەکان بو بـەهۆی ئـەوەی کـە پادگانـەکـانی تیکاب و مـائین بـولاغ لـە ناوچـەی هەوشار بکەونە مەترسیەوە.

مانۆرێکی تری سەرانـی ئـازەربایجـان کـە کوردستان لـە چوارچێوەی ئـازەربایجانـە دەعـوەت کردنـی 5 نوێنـەری کـورد بـۆ مـەجلیسی ئـازەربایجـان لـە رۆژی 21ی سەرماوەزی 1324 بوو (نوێنەرانی مەجلیسی ئازەربایجان بە پێی هەندێ بـەڵگـە 101 نـەفـەر و هـەنـدێ بـەڵگـەی تـریش 110 یـا 120 نـەفـەر نوسـراوە) واتـە کـوردیش لـە مەجلیسی ئازەربایجان وەک کەمایەتییەکی ئاسوری و ئەرمەنی هاتوە کە ئەوانیش لەوێ نوێنەریان هەبووە هەرچەند نەزانراوە ژمارەیان چەندە. چۆنیـەتـی رویشتنی نوێنـەرانـی کورد بۆ ئەو مەجلیسە ئایا وەک میوان یاخود بۆ پیروزبایی رۆیشتبن یـاخود بـۆ رێزنـان لەگەڵ کورد بووە یا لە بەر پەیمانی نێوان ئـازەربایجـان و کوردستان بـوو بێت تـا ئێستا

روون نەکراوەتەوە بەڵام لانی سەرانی ئازەری بەمەبەست و بە نیازێکی تر دا بووە کە نیشان بدات کوردستان و کێشەکەی لە چوارچێوەی ئازەربایجانە و نوێنەریان لەو مەجلیسی ئازەربایجان هەیە وهتد ...

سەیر ئەوەیە کە نوێنەرە کوردەکان لە مەهابادەوە نێردرابوون و خەڵکی ناوچەی موکریان بوون واتە ئەو شوێنانەی کە دانیشتوانی ئازەری لێ نەبوو یاخود خەڵکی ئەو ناوچە و شارانە وەک خوی و ماکو و ورمێ کە دانیشتوانی لە ئازەری و کورد پێکهاتبن نەبوون و پرسیارێکی تر کە لێرە دا پێویستە بکرێت ئەوەیە کە بۆچی لەو شارە ناوبراوانەدا چەند نوێنەرێکی کورد بانگ نەکران و لە لایەکی تر ئایا ڕێژەی نوێنەری کورد لە مەجلیسی ئازەربایجان دەبێ 5 بەرامبەر بە 101 یا 110 یا 120 نەفەر بێت.

